WWW.GOVARIKOCH.COM

20-21

www.iqra.ahlamontada.com
منتدى إقرأ الثقافي

کۆچ بەرو مەعریفە

کۆچ

هزرو فەلسەفە،
رەهەندە هەمەڕەنگییەکانی ئەفسانەی ئادەم

د. حەمید عەزیز

پەیوەندی سیاسی نێوان
مستەفا بارزانی و عەبدولکەریم قاسم

نیهایەت عەلی

فایلی ژمارە

میژووی ستەم و
ئومێدەکانی ئاشتی لە تورکیا

گفتو گۆگان

- د.حسین نەسر - د.سەردار عەزیز - د.شیرکۆکرمانج

کۆچ

٧

٢٠ - ٢١

کۆچ بــەرەو مەعریفە

وەرزە گۆڤــارێکی رووناکبیرییە

گرنگی بە بواری لێکۆڵینەوە ئەدات

خاوەنی ئیمتیاز

عەلی عەبدوڵلا کاکە ئەحمەد

سەرنووسەر

حەبیب محەمەد دەرویش

٠٧٧٠١٥٨٢٧٢٨ — ٠٧٥٠١١٩٩٦٩١

habeblawyer@yahoo.com
govarikoch@yahoo.com

دیزاینی ناوەرۆک

حیکمەت مەعروف نالین دیزاین

دیزاینی بەرگ

هەرێم عوسمان

نرخ: ٤٠٠٠ دینار

بۆ خوێندنەوەی سەرجەم ژمارەکانی گۆڤاری کۆچ، سەردانی ماڵپەڕی کۆچ بکە:
www.govarikoch.com

سەرنج:

هەموو ئەو بابەتانەی لەم گۆڤارەدا بڵاودەبنەوە بۆچوونی نووسەرەکانیان دەردەخەن.

بۆ ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت بابەتمان بۆ بنێرن،
تکایە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن:

١. بابەتەکان ئەگەر دەستنووس بوون، با لەسەر لاپەڕەی (A4) بێت و لەسەر یەك دیوی بە خەتێکی جوان بنووسرێت.

٢. پەراوێزەکان لە کۆتایی بابەتەکەوە بنووسرێن.

٣. سەرچاوەکان لە کاتی پێویستدا دیاری بکرێن.

٤. ئەگەر تایپکراو بوو لە ڕێگەی سیدی و فلاش میمۆری، یان ڕێگەی ئیمایلانەوە بۆمان بنێرن.

goavrikoch@yahoo.com , arsalantofiq@yahoo.com
salam_80jornalist@yahoo.com

٥. لە کاتی تایپکردندا تکایە بۆ زمانی کوردی فۆنتی (Ali_K_Sharif) و بۆ زمانی عەرەبی (Ali_A_Sharif) بەکاربهێنن.

٦. بابەتی وەرگێڕان، دەبێت دەقە وەرگێڕدراوە ئەسڵییەکەی لەگەڵ بێت.

– – –

ئاگاداری:

خوێنەرانی خۆشەویستی گۆڤارەکەمان ئاگادار دەکەینەوە کە فایلی ژمارەی ئایندە لەسەر (عەلی شەریعەتی .. بیرمەندی شۆڕش و سۆسیۆلۆژێکی ئایین) یە و دەتوانن بە بابەتەکانیان گۆڤارەکەمان دەوڵەمەند بکەن.

بۆ نووسەران و خوێنەرانی گۆڤاری کۆچ

داوای لێبووردن لە نووسەران و خوێنەرانی گۆڤاری کۆچ دەکەین، کـە لـەبـەر زۆری بابەت نەمانتوانی لەم ژمارەیەدا (فایلی شەریعەتی) و چەند بابەتێکی تری نـووسـەران بلاوبکەینەوە، بەدڵنیایی لە ماوەیەکی کەمدا و لە ژمارەی ئایندەدا بلاوەدەکرێنەوە.

ناوەرۆك

١. گفتوگۆ لەگەڵ سەید حوسەین نەسر ... و. لە فارسییەوە: ئەرسەلان تۆفیق ٥
٢. پێگەی ئەدەبی کوردی لە کرمانشان و ئیلام و قۆناغەکانی ... فەلاح شەریف / سنە ١٣

٣. دامەزراندی ئیمپراتۆرییەتی ماد و رووخانی ... هاوار حەمید ٢٥
٤. پەرستگای ئاگری بەردەکونتەی مەهاباد ... و. لە فارسییەوە: کەمال نووری مەعروف ٣٥

٥. وەهمی زەردەشت و زەردەشتییەت لە نێوان پیغەمبەربوون ... ئا: خالید دۆستی ٤١
٦. هزر و فەلسەفە، رەهەندە هەمەڕەنگییەکانی ئەفسانەی ئادەم و ... د. حەمید عەزیز ٥٧

٧. تیشکێك بۆ سەر رۆمانی " پێشمەرگە " ... رەوەند حەمە جەزا ٦٥
٨. سەرژمێری گشتی حەشیمەت و خانووبەرە ... خالید عەلیزادە ٧١

٩. رامانێك لە زانست و فەلسەفەی مێژوو ... سەباح عەلی جاف ٨١
١٠. خەباتی سیاسی و چەکداری شێخ مەحموود لە هاوکێشە و . ئەحمەد بلوەر ١١٣

١١. پەیوەندی سیاسی نێوان مەستەفا بارزانی و عەبدولکەریم... نیهایەت عەلی حسێن ١٤٥
١٢. کەلار، مێژوویەکی دێرین و جوگرافیای شارێکی زیندوو ... رزگار حاجی حەمید ١٨٩

— — —

فایلی ئەم ژمارەیە

میژووی ستەم و

ئومێدەکانی ئاشتی لە تورکیا   لاپەڕە ٢٤١

گفتوگۆ لەگەڵ
سەید حوسەین نەسر
مامۆستای توێژینەوەی ئیسلامی
لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن

و. لە فارسییەوە: ئەرسەلان تۆفیق

سەید حوسەین نەسر

دکتۆر حوسەین نەسری هەشتاساڵە، لەگەڵ ئەوەشدا لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن زۆرترینی کاتەکانی بۆ کار و چالاکییەکانی بۆ کنەکردن و لێکۆڵینەوەی ئیسلامی تەرخانکردووە، ئەو کە رۆژانێك (ئەنجومەنی حیکمەت و فەلسەفە)ی لە تاران دامەزراند، بەڵام لەدوای شۆڕشی ئێران لە ساڵی (١٩٧٩- ١٣٥٧) ئەو وڵاتەی وازلێهێنا و تائێستەش نەگەڕاوەتەوە.

ئەو زۆر بە توندی هۆگری سونەتگەرا و عیرفان و فەلسەفەی ئیسلامییە، لەم بوارەشدا کتێبی زۆری داناوە، ناوبانگی نەسر گەشتووەتە جێگەیەك کە ناوەکەی لەنێو (کۆمەڵی فەیلەسوفە زیندووەکان)دایە، کە گرنگی بە کاروباری فەیلەسوفانی ئەم سەردەمە دەدەن، دکتۆر نەسر لەم گفتوگۆیەدا دەیەوێت بەشێك لە دیدگاکانی خۆی لەبارەی ئەو شتانەی کە لەنێو دونیای هاوچەرخدا هەیە بخاتەڕوو.

- جیاکارییەکانی نێوان سونەت و مۆدێرنێتە لەنێو نووسینەکانی ئێوەدا ناوەڕۆکێکی پڕبایەخی هەیە و دێتەئەژمار، لەوجیاکارییەدا ئێوە مۆدێرنێتە بە پچڕانی پەیوەندی بە ئاسمان و فریشتەکان یاخود خوای گەورە دەزانێت، سەدەی بیستەم کۆمەڵە گۆڕانکارییەکی سەرنجڕاکێشی بەخۆوەبینی لە بوارەکانی زانست و فەلسەفە و فەرهەنگدا، مۆدێرنێتەی سەدەی بیست چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ مۆدێرنێتەی سەدەی بیستویەکەم؟

+ لەڕوویەکەوە هیچ جیاوازییەکی تایبەتییان نییە، ئەوەی کە لەم دواییانەدا ڕوویداوە، درێژەی ئەو مۆدێرنێتەیە کە بووەتە پۆستمۆدێرنیزم، پۆستمۆدێرنیزمی هەوڵدەدات هەموو گوتارەکانی مۆدێرنیزم لەنێوببات، بە واتایەکیتر، پۆستمۆدێرنیزم لەنێوبەری مۆدێرنیزمە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا بە واتای تەواوی وشەکە بەشێکیشە لە جەستەی مۆدێرنیزم و پەیوەندی پێوەی هەیە. جیاوازی دووەمیشی ئەوەیە کە لە سەدەی نۆزدەیەم و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، خەڵکی ئەکاتی قسەکردنیان لەبارەی مۆدێرنیزمەوە، لەبارەی پێداویستییەکان و تێگەیشتنی کۆمەڵایەتییەکانی و پەیوەندی بە مرۆڤەکانەوە رای خۆیان دەردەخست.

جیهانی ئیسلامی بە رۆژگارێکی سەختدا تێپەڕدەبێت

خەڵکی نەیاندەزانی و بێئاگابوون لەوەی کە مۆدێرنیزم کۆتاییەکەی بە جاڕدانی مەرگ و لەنێوبەری چواردەور و ئەو سروشتەیە کە ژیانی تێدابەسەردەبەن. تەنانەت هەنووکەش زۆرینەی خەڵکی نایانەوێت ئەو ڕاستەقینەیە قبوڵبکەن، ئەوان لە وەرگرتنی ئەو واقیعییەتە خۆیان دەدزنەوە و بەڵگەی بۆ دەهێننەوە کە (ئەمە یان ئەوەی کە باسی لێوەدەکرێت بەهۆی کاری ئەندازیاری نادروست یان نەخشە و پلان و بەرنامەڕێژی ناشی و نەفامانەیە کە بووەتە هۆی زیانگەیاندن بە سروشت) ئەمە لەکاتێکدایە کە واقیعییەت شتێکیترە، واقیعییەت ئەوەیە کە لەنێوچوون و وێرانییەکان لە ئەنجامی دیدگا و جیهانبینییەکەوە سەرچاوەیگرتووە کە نایسەلمێنێت و دانیپێدانانێت کە (سروشت) خۆی لەخۆیدا پیرۆزە و ماف و یاسای خۆی هەیە کە بەدیهێنەر خۆیداناوە.

- لەم ئەخیرانەدا کۆمەڵە بیروبۆچوون یان باسوخواسێك لە ئەورووپا و ئەمەریکا لەنێو نووسەرانێکی تایبەتدا کەوتووەتە بەرباس، بۆنموونە لەلایەن ریتشارد داوکینز، سام هریس، کریستۆڤەر هیچنس، ئەمانە جۆرە رەخنەیەکی بێپێچوپەنا و بڕاوە دەگرن، تەنانەت دەتوانرێت بگوترێت دوژمنایەتی و دژایەتی تەواوی - ئایین- پەیڕەودەکەن، گرنگی ئەم شەپۆلە لەچیدا دەبینن؟ بە رەچاوکردنی ئەو رەخنانەی کە ئێوە لەبارەی مۆدێرنێتەوە هەتانە؟

- بەبڕوای من ئەم شەپۆلە کۆتا- تیر-ی لەشکری بێخودایی و بێباوەڕ و ئیلحادی رۆژئاوایە، ئەمرۆ بەهێزبووە، چونکە پارێزەرانی دونیاگەرایی و سیکۆلاریزم بیریان بەلای ئەوەدا دەچوو کە بە نوێبوونەوەی دین ئەوان - خۆبەخۆ- لەنێودەچن یان پەراوێزدەکەون، بەڵام ئێستە لەوەتێگەشتوون کە لەواقیعدا هەموو رۆژێك ئایین بەهێزتردەبێتە، ئەمەش کارێك بوو کە ئەو سیکۆلاریزمانە بەهیچ شێوەیەك بیریانلێنەدەکردەوە، هەموویان لە رۆژئاوا، لە قووتابخانەکان فێربوون کە رەوڕەوەی مێژوو روەو جیابوونەوەی لە ئایینە و رووبە سیکۆلاریزمە، هەموو سیکۆلاریستەکانیش لەوباوەڕەدابوون کە سەرکەوتووی گۆڕەپانەکە دەبن.

پاش تێگەشتنیان لەوەی کە ئەوکارە بەوشێوەیە نییە، بووەتە هۆی ئەوەی کە زۆر دڕندانە هێرشبکەنەسەر دین، ئەمە لەکاتێکدایە کە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم، هەمووڵایەکمان شایەتی زیندووبوونەوەی بەرەو ئایین بووین، ئەو مرۆڤانەی کە ناوەکانیان باسکران، کەسانێکن بەرلەوەی خەڵکێکی هوشیارێن لوتبەرز و لەخۆباییێن، هێرشدەکەنەسەر باوەڕی هەموو ئەو خەڵکە سادەیەی کە بەرەو دین گەڕاونەتەوە، ئەوان ئەمجۆرە دینداریەیان بە ئسولییەت و بونیادگەرا ناوبردووە.

- یەکێك لەوڕەخنانەی کە ئەم نووسەرانە پەنجەی بۆ رادەکێشن و رایانگەیاندووە کە لەوباوەڕەدان کە دین یەکەمین، ئەگەر نەڵێن تەنها هۆکاری بەرهەمهێنانی توندوتیژییە، ئەوان بانگەشەی ئەوەدەکەن هەموو رووبەڕووبونەوە و ململانێی مرۆڤەکان دەتوانرێت بدرێتەپاڵ ناکۆکییە ئایینیەکان، هەر بەم پێوەرە، هەندێکیتریان باوەڕیانوایە کێشەی دنیا کێشەی رۆژئاوایە، ئایینێك کە

لەرۆژئاوادا وەك بنەمایەكی توندوتیژی بەرهەمهێن ناسراوە.. پەیوەندی دین بە توندوتیژییەوە چۆنە؟

+ **مرۆڤبوون واتە ئامادەگی** لەدونیایەكدا كە توندوتیژی بە یەكێك لە پێكهاتەكانی **دادەنرێتە توندوتیژی لە** مانا گشتییەكەیدا بە بەشێك لە ژیان هەژماردەكرێت، ژیان، **گەشەسەندن** و زیندووبوون، پێویستی بە دەستوپەنجەنەرمكردن هەیە لەگەڵ توندوتیژی، درێژەدان بە ژیان بەشێك لە توندوتیژی تێدایە، بەڵام ئەوەیە كە مایەی سەرسووڕمانە لەم دنیا و ژینەدا، سەرەڕای هەبوونی توندوتیژی، جوانی، ئاشتی و ئارامی، پێكەوەیی و هاوئاوازیی سەرسووڕهێنەرمان بەرچاوەدەكەوێت. لەڕاستیدا ئەمكارە مایەی تێڕامان و لێوردبوونەوەیە.

بەدرێژایی مێژوو - بەبێ ڕیزپەڕ-و لێدەركردن ئەوەی ناسنامەی مرۆڤی ناساندووە و شكڵی پێبەخشیوە، دینە، چونكە دین ڕێكخەری شناس و ناسنامەی مرۆڤەكان بووە و **ئائێستەش بەردەوامە، دواجار، لە شوێنی** جۆراوجۆردا ئەوەی لە كردەوەكانی مرۆڤ خۆیانەوە سەرچاوەیگرتووە، **لەنێویاندا جەنگەكان و توندوتیژی داویانەتەپاڵ** دین، ئەوە دین نییە كە بووەتە هۆی توندوتیژی.

مەبەستی من هەمان ئەو توندوتیژییانەیە كە لەنێو گروپ و تاقمە جۆراوجۆرەكاندا هەیە، هێزێكیش دەیەوێت بەسەریدا زاڵببێت و لەنێویبیبات، بەڵام ناتوانێت مەگەر پشت بەپشتبەستن بە تێگەیشتنی ئایینی و عەقیدەییەكان ببەسترێت، بەلای كەمەوە ئەم بابەتە بۆ ئایینداركان جێگەی پرسیار و گومانە، دەتوانرێت تارادەیەك دین لەنێوببرێت، بەڵام مرۆڤ ناتوانێت بەتەنها بژی، دەبێت شتێك جێگەی ئەو دینە بگرێتەوە كە لە خۆی دووردەخاتەوە، بەڵام لەئێستەدا ئێمە بینەر و شایەتیدەری چەندین ڕووداوی جۆراوجۆرین كە لێوانلێوە لە توندوتیژی كە بەبێ پاڵپشتی ئاین ئەنجامدەدرێت.

دەبێت بگوترێت، ئەو جەنگانەی كە بە پاڵنەری ئایینی نەكراون، توندوتیژی ترسناكیان لێكەوتووەتەوە، ئەو جەنگانەی كە بەهۆی ئایینێكی درۆینە و تەزویر یان لەدینچوو كە ناوی سیكۆلاریزمە و تێكەڵكراوە بە خواستی مادی و دەستخستنی دەستكەوتی ئابووری لەبەر [illegible]مەندی خودا و دین نەبووە، بەڵام ئەوانەی كە ئیسلام بە ئایینی توندوتیژی ناودەبەن، ئەوان [illegible]ڕشتەی شارستانییەتێكن كە بنچینەكەی مەسیحییەتە، ئەگەر حەقیقەت ئەوەبێت

موسڵمانان بۆیە مەسیحییەکان دەکوژن، چونکە مەسیحییەکان موسڵمانەکانیان کوشتووە، ئەوا ئەو کەسانە رووبەڕووی خراپترین جۆری تەزویر و دووڕوویی بوونەتەوە. ئەم حەقیقەتەش بۆ هەموو کەسێکی دادپەروەر و بینا و بێدارێك لە رۆژی رۆشنا روونا‌کترە، هیچ کۆمەڵگەیەك پێیخۆشنییە زیندانیبکرێت، جیهانی ئیسلامیش لەمکارەدا ریزپەڕ و بەدەرنییە، هیچ کۆمەڵگەیەك نایەوێت داگیرکراوبێت، ئەمە روونە، ئەوانەی دەیانەوێت بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەسەر خاکە ئیسلامییەکان بپارێزن و نایانەوێت بە شکستی بیانبینن، هەر ئەوانەن ئیسلام بە ئاینی توندوتیژی تۆمەتباردەکەن، ئەمجۆرە تۆمەتبارکردنە بەهێزترین بانگەشەیە لە دژی ئیسلام و موسڵمانان، بۆنموونە: سەیری پێوەرەکان بکە لە کارەساتی ترسناکی (غەززە)دا، من پێمخۆشنییە کەسێك دینەکان بە سەرچاوەی توندوتیژی ناوببات، بەڵام لەم نێوەندەدا کارە نەخوازراو و نێگەتیڤەکان تەنها دەخرێتەپاڵ ئیسلام بەبێ ئەوەی ئەو کەسانەی هۆکارەکانی پەیوەندی و راگەیاندنە بەهێزەکانیان بەدەستەوەیە شتێك لە زاریان بێتەدەرەوە.

– باسی رووداوەکەی غەززەت کرد، بەبڕوای بەڕێزتان، ریشەی ئەو ناکۆکییە لەکوێیە؟

+ ئەمە کێشەیەکی ئێجگار ئاڵۆزە، ریشەی ئەم کێشەیە لەنێو ناسیۆنالیزم و ئایدۆلۆژیای دینی و سیکۆلاریزمدایە، بونیادنەری ئەم ئایدۆلۆژیایە زایۆنیزمە، یەهودییانی بەباوەڕ و سونەتییەکان نەبوون ئەو کارەیان کردبێت، بەڵکو سیکۆلار و بەرهەمی سیکۆلارەکانی ئەوروپا بوو، ئەوکارە دەرئەنجامی-راپەڕینی یەهودییەکانی رۆژهەڵات نەبوو، بەڵکو زۆرینەی لە ئەڵمانیا و دوای ئەویش هۆڵەندا و لە سەرجەم وڵاتانی ئەورووپاوە هاتوون، بەبێ کۆکردنەوەی ئایدۆلۆژیایەك لەسەر یەك خاك یەکێکە لە شێوەکانی ناسیۆنالیزم و ئەوڵاپەرستی کە سەرچاوەکەی لە ئەورووپاوەیە. بۆئەم بابەتە پێوستە بە جیاوازیش باسی ئەو بەڵایانەش بکەین کە لە جەنگی جیهانی دووەمدا ئەڵمانییەکان بەسەر یەهودییەکانیان هێناوە، کارەساتێك کە زەمینەی بۆ داگیرکردنی فەلەستین خۆشکرد لەلایەن یەهودییە ئەورووپییەکان و پشتگیری هەموو رۆژئاواوە بوو، ویژدانی ئەورووپا بەرلەوڕووداوە لە تراژیدیای عەزابدا بوو، لەهەموو جێگەیەکدا دەستیان کورتبوو، پارەیەکیان نەبوو بیبەخشن، هەربۆیە زەوییەکانی فەلەستین کە ئینگیزەکان لە

کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەمدا پەیانی بە یەهودییەکان دابوو خراپبوونەبەرباس، چی لە ئیسرائیل و چ لەنێو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا یەهودی زۆر دیندار هەن کە دوای تێپەڕبوونی شەست ساڵ بەسەر دروستبوونی زایۆنیزمدا بە پێوەری ئایینی خۆیان سەهیۆنییەت بە بیدعەیەکی یەهودی دەزانن، هەربۆیە دەبینین کۆمەڵە ڕووداوێکی ئاڵۆز ڕوودەدەن و ئێستەش لەگەڵ واقیعییەتێکی مرۆیی ڕووبەڕووبووینەتەوە کە ملیۆنەها مرۆڤ لەئیسرائیلدا نیشتەجێکراون. فەلەستینییەکان خاوەنی کۆمەڵە مافێکن کە لە ساڵانی ڕابردوودا بەشێوەیەکی خەماوی لێیانسەنراوەتەوە، هەربۆیە ئەم بابەتە بووەتە هۆی بارودۆخێکی ئاڵۆز و پڕلەکێشە و تەنانەت قسەکردن لەوبارەیەشەوە پڕیەتی لە کێشە و سەرئێشە.

- لەم ناکۆکی وململانێیەدا دین چۆن دەتوانێت ڕۆڵی باشی هەبێت؟

+ بەندە هەموو تەمەنی خۆمم لەم ئەندێشەیەدا تەواوکردووە، تەنها بەتێگەیشتن و ڕێکەوتنی قووڵی نێوان ئایینەکان دەتوانێت ئاشتی بخاتەنێو مرۆڤەکان و بیچەسپێنێت. ناکرێت بەدوای ئارامی و ئاشتی لەسەرزەویدا بگەڕێیت، بەڵام لەگەڵ خودادا بجەنگیت، ئەمە ئەوشتەیە کە زۆر کەس دەیکەن. لە چارەسەری کێشەی فەلەستیندا وادەزانم جۆری ڕێکەوتنێک لەنێوان یەهودی و ئیسلامدا لەوسەرزەمینەدا بێتەکایەوە ببێتە بنەمایەکی سەرەکی، بەشێوەیەکی گشتی بۆ ئاشتەوایی بەرلە هەرشتێك دەبێت لەنێوان (مرۆڤ)و واقیعییەتی (خودا)دا ئاشتەواییبکرێت.

- تورکییە هەوڵدەدات بچێتەنێو یەکێتی ئەورووپا، هەندێك پێیانوایە ئەوکارە هەڕەشەیە بۆ سەرمیراتی مەسیحییەت لە ئەورووپا، پێگە و بارودۆخی مەسیحییەت ئەمڕۆ لەڕۆژئاوادا لەچیدایە؟ ئیسلام بەشێوەیەکی گشتی و تورکییە بەشێوەیەکی تایبەت لە ئاییندەی دینی ڕۆژئاواییەکاندا دەتوانن چ ڕۆڵێك بگێڕن؟

+ پێش لەهەموو شت، من خوازیارم ئەورووپا میراتی مەسیحییەتەکەی خۆی بپارێزێت، بەڕەسەندنی سیکۆلاریزم لەوناوچەیەدا لە بەرژەوەندی هیچ ئایینێکدا نییە، فەرەنسا وەك بووکی

کەنیسەی مەسیحییەکان ناودەبرا، بەڵام ئەمڕۆ یەکشەممان تەنها یازدە لەسەدیان دەچن بۆ کەنیسەکان، با واز لەم لایەنە کردەیە بهێنین، دەبێت سەیری ئەو واقیعییەتە بکەین کە چەند سەدەیەکە ئەوروپا زۆر بە توندی تێدەکۆشێت تا میراتی مەسیحییەتی خۆی سنوورداربکات و هەژاریبکات، هێرش بۆ سەر مەسیحییەت لە (زیمبابۆ)وە دەستپێنەکردووە بەڵکو ئەوروپییەکان دەستپێشخەری بوون، بۆیە مەسیحییەتی ئێستە لە ئەنجامی ئەو چەند سەدەیەی هێرشی ئەوروپییەکان تاڕادەیەکی زۆر سست و بێتوانایە. لە هێرشتی ئەوروپییەکاندا لە - مونتنی-یە و بگرە تادەگات بە - کارل مارکس-و زۆریتریان بەشداریانکردووە ئەمە واقیعییەتە.

من وەك خۆم، بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ ئەوەی کە کەنیسەی - کاسۆلیك- دەیەوێت مەسیحییەتی سوننەتی زیندووبکاتەوە، دڵم لەگەڵیاندایە و ناکۆکییەکم نییە، پێمخۆشە بیناسازییەکانی ئەوروپا لە روانگەی جوانییەوە وەك کڵێسای - چارتر- (کەنیسەیەکە دەکەوێتە شاری چارتر لە نەوەد کیلۆمەتری باشووری رۆژئاوای شاری پاریس) لەسەر شێوازی گوتیك بێت و لەبری ئەوەی مۆسیقا کلاسیکییەکان کە کراونەتە مۆدێرن و ترسناکی ئەوروپی، دەنگی ئاهەنگی وەك مۆسیقییەکانی - یوهان سباستین باخ- بگاتە گوێچکەی ئێمە.

تەنها بە تێگەشتنێکی قووڵی نێو ئایینەکان دەتوانرێت ئاشتی لەنێو مرۆڤەکاندا بچەسپێنرێت، ناکرێت لەسەر زەویدا بەدوای ئاشتیدا بگەڕێیت، بەڵام لەگەڵ خودادا بجەنگیت.

زۆرێك لە دەسەڵاتەکانی ئەوروپا، ئەو هێزانەی کە پێویستبوو کاسۆلیك بن تەنها بەناو مەسیحین و هەندێجاریش پێچەوانەی مەسیحییەت رەفتاردەکەن و سیکۆلارن، لەوە ترساون سیکۆلاریزم لەنێویانببات و ئیسلامیش بە مەترسییەکی نوێ بۆ سەر دنیابینی خۆیان دەزانن، بەلجیکییەکان پێیاناخۆشنییە ئەو نیو ملیۆن موسڵمانەیان هەیە کە رۆژانە نوێژدەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا یەکشەممان خۆیان ناچن بۆ کەنیسە، ئەمجۆرە کەسانە دەڵێن: ئەو موسڵمانانە نەخوێندەوارن، بۆئەوەی کارەکانیان سەربگرێت بۆیە دەچن بۆ مزگەوت، ئێمە خوێندنمان تەواوکردووە بۆیە پێویستناکات بڕۆینە کەنیسە، هەڵبەتە ئەم بۆچوونە هی هەموو ئەوروپا نییە، بەڵام زۆرینەیان وادەڵێن.

هەربۆیە لەوباوەڕەدا نیم تورکییە بەئاسانی بچەسپێت بە ئەورووپاوە، من بۆ خۆم زۆر باش ئەورووپییەکان دەناسم، لەوەدەترسن ئەگەر تورکییە بچێتەنێو ئەو یەکێتییە، ژمارەی موسڵمانانی **ئەورووپا** بەشێوەیەکی بەرچاو زیادبکات و هەرەشە لە فەرهەنگی سیکۆلاریست و لائیکەکان **بکات. ئەمەش** بۆ تورکەکان خەباتێکی دژواری گەرەکە. ئەوەی کە خوێندەوار و **نوێخوازەکانی تورك** بە یەکێتی ئەورووپا دەڵێن (ئێمەی موسڵمانیش تەنها بە رواڵەت موسڵمانین، **لەواقیعیشدا** وەك ئێوەی ئەورووپایی واین، بۆینباخ دەکرین و لە گەردنی دەکەین) نابێتە بەڵگەیەك بۆئەوەی لە یەکێتی ئەورووپادا جێگەیانبکەنەوە. تورکییە هەرچی لەوبارەیەوە بڵێت جیاوازیی نییە، ئەم شتانە بەسنین، تورکییە چەندین ساڵ بەهێزترین ئیمپراتۆری دونیا بووە، لەهەمانکاتدا دەبێت ئاگای لەسەروەری و ئیعتیباری خۆی بێت، نابێت تورکییە- لەبەرامبەر وەرگرتنی لە یەکێتی ئەورووپا- ئەو هەموو دابەزین و خۆهەڵسوین لە خاکە قبوڵبکات. خۆبەکەمزانین بۆ مرۆڤ کارێکی باشە، بەڵام بۆ نەتەوە و میللەتێك خاکیبوونی بێبنەما و بەڵگە، دەبێتە **هۆی لەنێوچوونی هێزوپێزی** ئەو نەتەوە و میللەتە.

- لەگەڵ ئەو ژمارە زۆرەی کۆچ بەرەو ئەورووپا، ئیسلام لەهەمووان زیاتر سەنتەری خۆی لەدەستدەدات، سەرنج و دیدگای جیاواز و فراوان هەیە لەمەڕ پێگەی ئیسلام لەئاییندەدا، ئێوە چۆن لەوئاییندەیە دەڕوانن؟

+ موسڵمانانی دانیشتوی رۆژئاوا- بیانەوێت یان نەیانەوێت- لەگەڵ واقیعییەتی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی جۆراوجۆردا رووبەڕوون، هەربۆیە پەرچەکرداری جۆراوجۆریان لێوەپەیدادەبێت، هەنووکە لەگەڵ دوو دیاردەدا رووبەڕووین، ئاراستەی بیری ئیسلامی بۆ کۆمەڵگەی ئیسلامی لە دنیای رۆژئاوادا و ئەویتریان ئاراستەکردنی بیری ئیسلامییە بۆ نێوخۆی دنیای ئیسلام، ئەڵبەتە مامەڵەی ئەو دوانەش لەگەڵ یەکدی، لەئێستەدا گۆڕەپانی فیکری ئیسلامی تائاستێکی زۆر پەژموردە و شێواو و پرکەلێنە، ئەم بارودۆخەش لە مێژووی ئیسلامدا پێشینەی نەبووە.

•••

پێگەی ئەدەبی کوردی لە کرماشان و ئیلام و قۆناغەکانی

فەلاح شەریف / سنە

ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە پێکهاتووە لە چوار پارێزگای ئیلام، کرماشان، کوردستان و بەشێکی زۆری ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، بەشێك لە نەتەوەی کوردی تێدا دەژی کە بە زمانی کوردی و بە زاراوە و دیالێکتە جۆراوجۆرەکانی قسە دەکەن. بە درێژایی مێژوو ئەم نەتەوەیە لە مافە فەرهەنگی و سیاسییەکانی بێبەش بووە و لەلایەن حکومەتەکانی زاڵ بەسەر ئێرانەوە بە فەرمی ئیزنی خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی نەدراوە کە ئەمە یەکێکە لە گرفت و ئاستەنگە فەرهەنگی و سیاسییەکانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. زمانی دایك وەك یەکەمین دیاری و توێشە کە هەر لە سەرەتای منداڵییەوە لە دایك و باب و لە داوێنی بنەماڵەوە لە ڕێگای دابونەریت، هەڵسوکەوت، خواردن، گۆکردن، ئاخاوتن و.. بۆ منداڵ دەگوازرێتەوە، هەوێن و گەوهەری پەروەردە و قاڵبگرتنی فیکر و جیهانبینیی تاکە. پەرەروەدە بە زمانی دایك و خوێندن و نووسین بەو زمانە یەکێك لە سەرەکی و ئاساییترین مافە سروشتییەکانی هەر مرۆڤێکە. زمان وەك کۆڵەکە و شادەمار و ڕۆحی نەتەوە لە پرۆسەی فەرهەنگ‌زیدا دەورێکی ئێجگار گرنگ دەگێڕێتە لەڕێگای زمانەوە مرۆڤ سەرەتا پێناسە و شوناسی فەرهەنگی و نەتەوەیی تاك وەردەگرێت و لە سنوورێکی بەبڵاوتر و لە کۆمەڵگادا شوناسێکیبیکەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیشی پێدەبەخشێت.

ئەوەی لەم وتارەدا دەمەوێ هەڵوەستەی لەسەر بکەم، وەڵامدانەوە بە چەند پرسیارێکی گشتییە لەمەڕ زمان و ئەدەبی کوردی لە دوو پارێزگای کوردنشین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەویش کرماشان و ئیلامە. مەبەست لە هەڵبژادرنی ناوچە و جوغرافیایەکی تایبەت بۆ تاوتوێی ئەم بابەتە ئەوەیە کە دوو پارێزگایدیکەی کوردنشینی ئێران (کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا) ڕەوش و بارودۆخی فەرهەنگی و زمانییان بەنیسبەت ئیلام و کرماشان جیاوازە.

ـ ئاخۆ پرسی خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە هەر چوار پارێزگاکە وەك یەکن؟ ئاخۆ زاراوە جیاجیاکانی زمانی کوردی شانبەشانی یەك گەشەیانکردووە؟ هۆکاری لاوازی و نەبوونی دەرفەت و دەرەتانی فەرهەنگی و ئەدەبییەکان لە کرماشان و ئیلام چین؟

قۆناغە جۆراوجۆرە فەرهەنگی و ئەدەبییەکان لە کرماشان و ئیلام لەکەیەوە دەستیانپێکردووە و ئێستا لەچ دۆخێکدان؟ ئەم پرسیارانە و چەندین پرسیاریدیکەی پێوەندیدار بەم پرسە لەم وتارەدا دەخەینەبەرباس و تاوتوێیاندەکەین.

ئەگەر لە روانگەی مێژووییەوە لەم بابەتە بڕوانین، بە جوانی بۆمان دەردەکەوێ کە لە هەڵکەوتەی جوغرافیایی دوو پارێزگای کرماشان و ئیلامدا هەر لە چاخەکانی کۆنی مێژووە زاراوەی کۆنی گۆران (هەورامی)، لەکی، فەیلی، لوڕی، کەلهوڕی، ئیلامی کۆن لەناو پێکهاتەی هۆز، تایفە و عەشیرە جیاجیاکاندا زمانی ئاخاوتنی جەماوەری کوردی ئەو دەڤەرانە بووە و کۆنترین دەق و بەڵگەی نووسراوی کوردی بە زاراوەی گۆران دۆزراوەتەوە کە دەربڕی بوونی ژیار و شارستانییەتێکی کۆن و دێرینە لەو ناوچانە. گەلێك بەڵگە، دەسنووس، بەیاز و دەقی حیماسی، چیرۆك و ئەفسانە و نوستوورە لە کرماشان و ئیلام سەریانهەڵداوە کە نیشانەی دەوڵەمەندی و بەهێزیی زاراوە جۆراوجۆرەکانی ئەو ناوچەیە. ئەدەبیاتی دەوڵەمەند و پڕ ناوەرۆکی زارەکی، فۆلکلۆر و پەند و قسەی پێشینان کە چەند ساڵێکە لەسەر دەستی نووسەر و لێکۆڵەرانی ئەم بوارە کۆکراونەتەوە و ئێستا لەبەردەستدان، دەربڕی بوونی پاشخان و خەزێنەیەکی ئێجگار دەوڵەمەند و پڕناوەڕۆکی کولتوور و ئەدەبی نەتەوەییە لەو ناوچانە.

جیا لە کوردبوون و پێکهاتە و تایبەتمەندییە هاوبەشە نەتەوەییەکان، لەلایەن حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانەوە کار بۆنەوە کراوە کرماشان و ئیلام لە ناوچەکانیدیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان جیابکەنەوە کە دەتوانین لەچەند خاڵدا ئاماژەیانپێبکەین کە بریتینلە:

١. بوونی مەزهەب، ئاین و ئایینزای جیاواز.

٢. گرتنەبەری سیاسەتی هەڵاواردن و دابڕان و بەرینتر و زەقکردنەوەی جیاوازییە فەرهەنگی و ئاینییەکان لەگەڵ ناوچەکانیدیکە لەلایەن سیستەمی دەسەڵاتەوە.

٣. هەوڵدان بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای سیاسیی و فەرهەنگی و ئاسیمیلاسیۆنی زمانی و فەرهەنگی.

٤. لەخشتەبردنی زمانی کوردی و قەدەغەکردن و نامۆ و ناشیرینواندن و گاڵتەکردن بە زاراوەکان.

٥. هەڵاواردنی مەزهەبی، ئایینی و پێشگیری لە بەڕێوەبردنی بۆنە و ڕێوڕەسمە مەزهەبییەکان و پەرەدان بە ناکۆکی و ئاژاوە لەنێوان مەزهەب و ئایینە جیاوازەکان.

٦. دنه و هاندانی کوردی ناوچەکانیدیکە بۆ بەگژداچوونی کوردی کرماشان و ئیلام و جێخستنیکردنی جۆرێك تێڕوانینی چەواشەی وەك "زڕە کورد" و " کوردی ڕەسەن و ناڕەسەن".

٧. ڕەواندنەوەی دەرەتان و دەرفەتە فەرهەنگی و ئەدەبییەکان لە کرماشان و ئیلام و دوورخستنەوەیان لە چەقی ڕەوتە زمانی و ئەدەبییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

٨. زاڵکردنی کولتووری غەیرەکورد لەهەموو ئاستەکان و سەپاندنی بەسەر جەماوەر و هێنانی هێزی ئابووری و ئیداریی ناخۆجێی لەباتی خەڵکی خۆجێی.

٩. پەرەدان بە ناکۆکییە تایفەیی و عەشیرەییەکان لە راستای لاوازکردنی هەستی نەتەوەیی و بەهێندنەگرتنی بەها و بایەخە نەتەوەییەکان لەلای خەڵك و سەرقاڵکردنیان بە پرسی لاوەکییەوە.

١٠. داتاشینی تۆمەتی جیاێخواز، ئاژاوەگێڕ و هەروەها هێژمۆنیی زاڵی تێڕوانی نیزامی - ئەمنییەتی بۆ ناوچەکانی کرماشان و ئیلام.

ئەو دە خاڵە و زۆر هۆکاریدیکە کەش و دۆخێکی وایانخولقاندووە کە هەم لە سەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتی و هەم لە سەردەمی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا دوو پارێزگای مێژوویی و کەونارایی کرماشان و ئیلام، دوو دەڤەری دەوڵەمەند و بەپێز لەباری مێژوو، زمان فەرهەنگ و ئەدەب و کولتووری کۆمەڵایەتی، پەراوێزبخرێن و لە ڕەهەندی مێژووی سیاسی و فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بۆ چەند قۆناغێك لەبیربکرێن و لەباتی کولتوور و زمانی ڕەسەنی خۆماڵی و گرێدان بە ناوچەکانیدیکە، کولتووری غەیرەکورد و جیهانبینیەکیدیکە زاڵبووە و لە چوارچێوە نووسین و داهێنان و بەرهەمهێنانی زمانی و ئەدەبیدا کەمڕەنگبیت و خەون و خولیا و ئاواتە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانیان بە زمانی فارسی بهێننەسەر کاغەز.

ناکرێ ئەم پرسە واڵیکبدرێتەوە کە دوو پارێزگای کرماشان و ئیلام کە بەپێی ئامارە فەرمییەکان دوو لە سەر سێ حەشیمەتی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکدەهێنن، بەدەرن لە نووسەر، ئەدیب، داهێنەر و لێکۆڵەر، بەڵکو بەپێچەوانەوە کەسانی پسپۆڕ، لێکۆڵەر، داهێنەر، کارامە و هەڵکەوتە لە دوو پارێزگای ئیلام و کرماشان و شار و شارۆچکەکانی دەوروبەری لەچاو پارێزگاکانی کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا گەلێك زۆرن. نووسەران و داهێنەرانی کرماشان لەژێر هێژمۆنیی ئەو کەش و دۆخە زاڵەی کە هەبووە و لەبەرئەو هۆکارانەی کە باسمانکرد نەیانتوانیوە بە زمانی دایکیی خۆیان واتە گۆران، کەڵهوڕی، لەکی، لوڕی، باجەڵان، گەهوارەیی، فەیلی و.. خۆدەربخەن و بەناچاری پەنایانبردووەتەبەر زمانی فارسی و وزە و توانایە هزرییەکانیان لەپانتایی

ئەو زمانەدا دەرخستووە و خەم و ئازارەکانی نیشتمانیان باسکردووە و ویستوویانە لەو ڕۆچنەیەوە سیما، ئەندێشە و فیکری کورد بخەنەڕوو کە هەوێن و گەوهەری زۆرێك لە نووسراوەکانیشیان کوردین.

بێگومان ئایین و مەزهەب لە کوردستان یەك لەو پرسانە بووە کە ڕۆڵ و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر فیکر و ئەندێشە و بەرهەمی نوخبەکانی کورد هەبووە، ئایینەکانی زەردەشت و یارسان لەبەرئەوەی جەماوەر و لایەنگرێکی زۆریان لە هەورامان، کرماشان و ئیلام هەبووە و ئێستاش هەیە، بوونەتە ڕەوت و ڕێچکەیەکی ئەدەبی و گەلێك شاعیر و ئەدیبی ناودار هەڵکەوتوون کە لە قاڵبی ئەدەبی میللی ـ مەزهەبیدا زۆر شاکاریان بە زاراوەکانی گۆرانی کۆن، لەکی، فەیلی و کەڵهوڕی لێبەجێماوە کە دەتوانین ئاماژە بە کەلام و دەفتەرەکانی یارسان و کەسانێکی وەك: "بابا سەرهەنگی دەوان، دایە تەورێز، سەی یاقوب ماهیدەشتی، پەرێشان دینەوەری" لە سەدەی چوارەمی زایینی، باباتاهیر هەمەدانی لە سەدەی دەیەمی زایینی بە زاراوەی لەکی، مستەفا بێسارانی لە سەدەی شازدەیەمی زایینی بە زاراوەی هەورامی، محەمەد کەنوولەیی لە سەدەی هەقدەی زایینی، خانای قوبادی لە نیوەی دووەمی سەدەی هەقدەیەمی زایینی، سەرهەنگ ئەڵماسخان و میرزا شەرەف دینەوەری لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەیەمی زایینی، شەیدا هەورامی لە کۆتایی سەدەی هەقدەیەم و هەروەها محەمەد وەلی کرماشانی لە سەرەتای سەدەی بیستەم، وەلی محەمەد ئومێدی، غوڵامڕەزا ئەرکەوازی و.. بکەین. زۆرێك لە لێکۆڵەر و توێژەرانی بیاڤی زمان و ئەدەبی کوردی لەو باوەڕەدان کە گەلێك دەق، حیکایەت و چیرۆکی حیماسی و ئەدەبی زارەکی لە کرماشان و شارەکانی دەوروبەری خولقاون و بەپێی بەڵگەی سەلمێنراو کە ئێستا لەبەردەستدان "شانامەی کوردی" بە ناوەڕۆکی جیاواز لە شانامەی فارسی بە زاراوەی گۆران و بە چەند گێڕانەوەی جیاواز ئێستا لەبەردەستدایە و لە زۆر باردا شان لە شانی شانامەی فیردەوسی دەدات.

یان لە بەرهەمەکانیدیکە دەکرێ ئاماژە بە "ڕۆسەم و زەنوون" شاکاری بەنرخی ئەڵماسخان کەنوولەیی بکەین، هەروەها دوو هۆنەری شاکار خولقێنی ناوچەی ئەیوان "شاکە و خان مەنسوور" جۆر و شێوازێکیترە لە ئەدەبی میلیی کوردی کە دەگمەن و بێوێنەن.

یان "برزونامە" وەك دەقی حیماسیی کوردی بەڵگەیەکی گرنگە لە بوونی ڕەهەند و ڕەوتێکی بەرین لە ئەدەبی حیماسی و میلیی لە کرماشان و ئەو دەق و چیرۆکە میللی و مێژووییانە بە چەشنێك ڕۆچوونەتە قووڵایی ژیان و کولتووری خەڵکی ناوچە جیاجیاکانی ئیلام و کرماشان کە بوونەتە بەشێکی جیانەکراوە لە پێکهاتە و شوناسی فەرهەنگی و نەتەوەییان. ئەو

کەسانەی کە لەمبارەوە گەلێك بەرهەمیان خولقاندووە بریتینلە: "سەی سالّح و سەی یاقوب ماهیدەشتی، میرزا ئەڵماسخان کەنوولەیی، تەقی خان ئازاد، ترکەمیر، مەلا نەجەف، کەیخوسرەو. پەروارە" کە بەرهەمگەلێکی وەك: برزونامە، زوحاك و کاوەی ئاسنگەر، رۆسەم و زەنوون، رۆستەم و زۆراو و شیرین و فەرهاد بەشێکی بەرچاون لە ئەدەبی حیماسیی دەوڵەمەند و بەپێزی کوردی، لە بواری هۆرەچرین و ئاواز و گۆرانییە میللی و فۆلکلۆریکەکانیش کرماشان و ئیلام مەڵبەندی سەرهەڵدان و راچەنینن کە بەرچاوترین هۆرەچڕ عەلی نەزەرە.

نووسین و داهێنان بە زمانی کوردی لە کرماشان و ئیلام لەرابردوودا بەهۆی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی هیچکات بەشێوەی رەوت و گرووپ و بەرنامە دارێژراونەبووە، بەڵکو لە چوارچێوەی کاری تاکەکەسی و بەهەستکردن بە خزمەتی زمان و ئەدەب و لەپێناو هەست و دڵسۆزیدا بووە، بەڵام کاریگەریی خۆشیان لەسەر جەماوەر بەجێهێشتووە.

ئەدەبی هاوچەرخ لە کرماشان و ئیلام:

لە ساڵانی ١٣٣٠ی (١٩٥٢ی زایینی) هەتاوی بەئەملا لەسەر دەستی کەسانێکیتر و نەوەیەکیتر شەپۆل و رەهەندێکیدیکە لە نووسین و داهێنانی ئەدەبی و بەتایبەت ژانری شیعر لە کرماشان و ئیلام سەرهەڵدەدەن و دەبنە ئاوێنەی باڵانوێنی کۆمەڵ و لەبەاری فەرهەنگییەوە پێشەنگایەتیی ئەو قۆناغە دەگرنەئەستۆ.

لەم قۆناغەدا ئیدی فەرهەنگی ئەدەبی نویسیاری، چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکان شانبەشانی رووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەودەمی ئێران و کوردستان بەئاسانی جێگیردەبن و جێگای خۆیان لە ژیانی خەڵکدا بەئاسانی دەکەنەوە و هەررۆژە بەربڵاوتردەبن. ئەوەی گرنگە و دەبێ هەڵوەستەی لەسەربکرێت و و هۆکارەکانی روونبکرێنەوە، ئەوەیە هەرچەند بزووتنەوە سیاسییە نەتەوەییەکانی ئیلام و کرماشان بەهۆی بارودۆخی سیاسیی ناوخۆیی و ناوچەییەوە نەیانتوانیوە وەك پێویست بە شۆڕش و راپەڕینە سەرکییەکانی ناوچەکانیدیکەی کوردستانەوە گرێبدرێن، بەڵام دەبێ دان بەو راستییەدا بنرێ کە هەوێن و بناغەی فیکری نەتەوەیی، ئاگایی و شوناسی نەتەوەیی لە کرماشان و ئیلام شۆڕشی فەرهەنگی و ئەدەبی بووە و لەسەر کۆڵەکەیەکی قورس و قایمی فەرهەنگی دەواری ئاسۆی نەتەوە بنیاتنراوە کە بەدووربووە لە توندوتیژی و شەڕ و شێوازی خەباتی چەکداری و بەرەنگاریخوازانە.

لەو قۆناغەدا شیعر وەك گوتاری زاڵی کۆمەڵگای کوردی و یەکەم تریبوونی هاواری راچەنینی ژان و برك و ئازارە کۆمەڵایەتی و ئینسانییەکان، دێتەمەیدانەوە و بە رەهەندێکی کۆمەڵایەتی، سروشتی، کرێکاری و تێکەڵ بە بیری چەپ بە جوانی خۆی دەردەخات.

بەرچاو و کاریگەرترین شاعیرانی ئەو قۆناغە سەرەتا "شامی کرماشانی"و دواتریش "پەرتەو کرماشانی و ئەحمەد عەزیزی و کەرەمڕەزا کەرەمی"ن کە بە زاراوەی شیرینی گۆران و کەلهوڕی دڕ بە تاریکی دەدەن و پێناسە و سیمایەکیدیکە بە شیعری کوردیی جنوبی رۆژهەڵاتی کوردستان دەبەخشن کە هەتاهەتایە رۆڵ و کاریگەریان دەمێنێتەوە. شانبەشانی ئەم رەوتە لە ئەدەبیاتی کوردی لە کرماشان و ئیلام، بەهۆی بارودۆخی تایبەتی سیاسی و ناوچەیی کۆمەڵێك نووسەر، شاعیر، چیرۆکنووس و رۆمانووس سەرهەڵدەدەن و لەژێر کاریگەریی هێژمۆنیی بیری چەپ، زوڵم و ستەمی قۆناغی دەرەبەگایەتی و فیۆدالیزم و فیکر و تێڕوانینی زاڵی ناوچەیی، شێواز و رێچکەیەکی ئەدەبی بەناوی "ئەدەبیاتی داستانیی ناوچەیی" بنیاتدەنێن، بەڵام هەموویان بە زمانی فارسی دەنووسن. لە پەخشان و مێژوونووسیدا کەسێکی وەك رەشید یاسمی، لە بواری شیعردا کەسایەتییەکی ئەدەبی و سیاسیی وەك " ئەبولقاسم لاهوتی" کە تەنانەت بە یەکێك لە رچەشکێنانی رەوتی نوێی شیعری فارسی دێتەئەژمار، بەڵام بەهۆی تێکەڵبوون بە جەریانە سیاسییەکان وەك پێویست بەردەوامنەبووە و لە رەوتەکە لایداوە. لە بواری ئەدەبیاتی داستانیدا چیرۆك و رۆماننووسگەلێکی وەك: عەلی شیرازپوور ناسراو بە "شین پەرتەو"، عەلی محەمەد ئەفغانی، مەهشید ئەمیرشاهی، عەلی ئەشرەف دەروێشیان، مەنسور یاقوتی و لاری کرماشانی حزورێکی چالاك و ئەکتیڤیان لە رەوتی بنیاتنانی ئەدەبیاتی داستانیی سەرانسەریی ئێراندا هەبووە و لە نەوەی یەکەم و دووەمی چیرۆکنووسانی ئێراندا دێنەئەژمار.

بەرای خاوەنڕا و شارەزایانی ئەدەبیاتی داستانیی ئێران کرماشان لەناو شارەکانی رۆژئاوای ئێراندا لە بواری فەرهەنگ و ئەدەبەوە لانیکەم لەکاتی لەدایکبوونی رۆمانی "مێردەکەی ئاسکە خاتوون" لە نووسینی عەلی محەمەد ئەفغانی کە بە یەکێك لە شاکارە ئەدەبییەکانی ئێران دێتەئەژمار، لەهەمووان دەوڵەمەند و چالاکترە.

لەناو ئەو نووسەرانەدا کە ناومانهێنان عەلی ئەشرەف دەروێشان و مەنسور یاقوتی لەهەمووان بەرچاوتر و حزووری چالاکتریان هەبووە و بەناوبانگترن، ئەو کەسانە لە دوو رەهەندەوە کەتوونەتەبەر رەخنە و بیروڕای جیاواز لەمەڕ ناوەڕۆك، شێواز و جیهانبینییان هەیە، یەکەم لەلایەن کۆمەڵگای کوردستانەوە ئەو رەخنەیەیان بە توندی رووبەڕووکراوەتەوە کە بۆچی ئەو هەمووە

بەرهەم و شاکارانەیان بە زمانی کوردی نەنووسیوە، چونکە ئەو بەرهەمانە بەپێی پێوەرە زمانی و ئەدەبییەکان هەرچەندە ناوەڕۆك و گەوهەری زۆریان کوردین و خەم و ئازارەکانی کۆمەڵگای کوردستانیان وروژاندووە، لەبەرئەوەی کە بە زمانی فارسی نووسراون، ناچنە خانەی "ئەدەبیاتی کوردی"یەوە.

رەخنەیەکیدیکە کە رووبەڕووی نووسەرانی کوردی فارسی نووسی کرماشان بووەتەوە، گشتییە و هەم لەلایەن بەردەنگانی فارس و کورد و رەخنەگرانەوە رووبەڕوویان بووەتەوە، ئەویش پێوەندیی بە شێوازی نووسین، گرتنەبەری رێچکەی ریالیزمی سۆسیالیستی، گوزارشتئاسا، سیاسی و چریکیبوونی ئەدەبیاتی نووسین، هاوشێوەیی و هەروەها زاڵبوونی فیکری چەپ، چینی کرێکار و گرنگی دان بە ئەدەبیاتی گوند و دوورکەوتنەوە لە کولتوور و ئەدەبی شار، خۆدوورخستنەوە لە گرێ و خەون و خولیاکانی تاك و گرنگیدان بە خەمە گشتییەکان و فیداکردنی هونەر و لایەنی ئەدەبییەتە لەبەرامبەر ناوەڕۆکدا. جیا لەهەموو ئەو رەخنە و گازندانەی کە رووبەڕووی ئەوجۆرە لە ئەدەبیاتی داستانیی نووسەرانی کوردی کرماشان بووەتەوە، پێکهاتە و گەوهەری ئەو ئەدەبە خەم و دەردەکانی ئینسانی کوردن و هاواری راچەنینی نەداری، زوڵم و ستەمی چینی چەوساوەی کۆمەڵە کە لەژێر تەوژمی سیستەم و کۆمەڵگای فیۆدالیزم و نابەرابەریدا چەوساوەتەوە کە دەکرێ وەك بەشێك لە ئەدەبیاتی بەرگری و راپەڕینخوازانە لەقەڵەمیبدەین.

قۆناغی "پیوار" (غیاب)ی ئەدەبی کوردی لە ئیلام و کرماشان:

لە دەیەی ٥٠ی هەتاوی (١٩٧٠ی زایینی) بەرەو ئەملا هەتا سەرەتای دەیەی ٧٠ی هەتاوی (١٩٩٠ی زایینی) کە جۆرێك لە کرانەوەی سیاسی و فەرهەنگی لە ئێران و کوردستان دەرەخسێ، لە کرماشان و ئیلام جیا لە کاری دەگمەن و تاکوتەرا و ناوبەناو، جموجۆڵێکی ئەدەبی و فەرهەنگیی ئەوتۆ بە زمانی کوردی بەدیناکرێت، واتە ٢٠ ساڵ بە جۆرێك بێدەنگی و پەراوێزخران و بەدووربوون لە جەریانە فیکری و رۆشنبیرییەکان باڵ بەسەر ئەو دەڤەرانەدا دەکێشێ و ئەمەش بووەتە هۆی دواکەوتن و تەریککەوتنەوەی ئەو ناوچانە و تێکەڵنەبوون لەگەڵ ناوچەکانیدیکەی کوردستان وەك: پارێزگاکانی کوردستان و ئازەربایجانی رۆژئاوا و جۆرێك لە نامۆیی، دوڕدونگی و لێکتێنەگەیشتنی رووکەش لەنێوان رۆشنبیراندا دێتەئاراوە کە دامودەزگا ئیتلاعاتی، ئەمنییەتی و فەرهەنگییەکانی دەسەڵاتیش پەرەیان بەم رەوتە داوە و بە قازانجی خۆیان کەڵکیانلێوەرگرتووە کە بە زەرەری زمان و ئەدەبی کوردی شکاوەتەوە. ئەم لێکتێنەگەیشتنە لەئاستی ئاخاوتنی ئاخێوەرانی

ئاساییشدا بەجوانی خۆی دەرخستووە. نەبوونی پێوەندیی فەرهەنگیی قووڵ و لە گشت گرنگتر زمانی پێوەر (یەکگرتووی)ی نووسین کە گرنگترین هۆکار و پردی پێوەندیی کولتوور و زاراوە جیاجیاکانی هەر زمانێکە، یارمەتیی بە لێڵی و شپرزەیی و بێناسۆیی زمان و ئەدەبی کوردی لە کرماشان و ئیلام کردووە کە هەلێمەت لەبنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆئەو تێڕوانین و سیاسەتە قەدەغە و هەڵاواردنە سیستەماتیکەی کە حکومەت لەهەمبەر زمان و فەرهەنگی کوردیدا گرتوویەتەپێش.

قۆناغی سەرهەڵدانی ئەدەبی مۆدێرنی کوردی:

هەروەك پێشتریش باسمانکرد سەرەتای دەیەی ۷۰ی هەتاوی (۱۹۹۲ی زایینی) قۆناغێکی گرنگ و گەلێك هەستیارە لە مێژووی زمان و ئەدەبی هاوچەرخی کوردی بەگشتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەتی لە کرماشان و ئیلام.

لەم قۆناغەدا کە هاوکاتە لەگەڵ شەپۆلی بیری فەلسەفی و ئەندێشە و جیهانبینیی مۆدێرن، ئەم قۆناغەی ئەدەبی کوردی لە کرماشان و ئیلام لەژێر سێبەری زاڵی فیکر و قوتابخانە مۆدێرنە و پێکهاتشکێنەکانی ئەدەبی فارسی کە لەڕێگای وەرگێڕانی دەقی بیانییەوە هاتوون، خۆی دەردەخات و لەلایەك دەیهەوێ بەتێڕوانین و ئاراستەیەکی نوێ پێناسەی کۆمەڵگا و ژیان و مرۆڤ بکات و لەلایەکیدیکەشەوە لەناو بازنەی نەریت، ئەدەب و زمانی کلاسیك و خۆماڵی و ناوچەییدا دەخولێتەوە. لەم قۆناغەدا نەوەیەك دەبێتە رچەشکێن و جڵەوی کاروانی داهێنانی ئەدەبی دەگرێتەدەست کە دوو خولیای سەرەکیی هەیە و هاوکات دەیهەوێ بە دوو زمانی جیاواز خەم و ئازار و کەتوارەکانی دەڤەرێکی گرنگ لە کۆمەڵگای کوردی لە دووتوێی ئەدەبدا بخاتەڕوو.

نەوەی داهێنەری ئەدەبی مۆدێرنی کوردی لە کرماشان و ئیلام ئەزموونی شۆڕشی گەلانی ئێرانی هەیە و نەوەیەکی خوێندەوارن و زۆرێکیان خاوەنی بڕوانامەی زانکۆ و خوێندنی باڵان و کەسانێکی جیدی و کونجکۆڵن و بە تێڕوانینێکی زانستی و ئاکادیمییانەوە لە پرسی نووسین و ئەدەبی دەروانن و بەرپرسیارێتیی ئەدەبی لەلایەن گرنگترین خەونە. نەوەی نوێ هاوکات لەگەڵ گرتنەبەری شێوازی نووسینی نوێ و خۆگونجاندن لەگەڵ ئەدەبی مۆدێرن و پۆستمۆدێرن، لەلایەکیدیکەشەوە خولیای ئەزموونەکردنی قۆناغەکانی پێشخۆی و تێپەڕین لێیان لەباری زەمانییەوە بووەتە کەڵکەڵەی و دەیهەوێ هاوسەنگییەك لەنێوان ئەم دوو فیکر و خولیایەدا دروستبکات. بۆیە "چالاکانی ئەدەبی و رەخنەگرانی شیعر و ئەدەبی هاوچەرخی ئیلام و کرماشان و لەوباوەڕەدان کە ئەدەبی کوردی لەو دەڤەرانە لە قۆناغی پۆستمۆدێرندا لەدایکبووە"، بۆیە

نەرێتێکی مێژوویی دەکەوێتە سەرشانی لەلایەك دەبێ قەرەبووی ۲۰ ساڵ نەبوونی حزور و دواکەوتن لە رەوتی گشتیی ئەدەبی کوردی بکاتەوە، لەلایەکیدیکەشەوە کەلکەڵەی داهێنان و حزووری چالاك لەناو کۆمەڵگەی ئەدەبیی کوردستان و ئێران بەشێك لە هزری داگیرکردووە.

بەرهەمی ئەم نەوەیە کە خاوەن وەها تێڕوانینێکە ئێستا گوتاری زاڵی ئەدەبیی کرماشان و ئیلامە و بەرەبەرە خەریکە رێچکە، پێناسە و فۆرمی تایبەت بەخۆی دەستەبەردەکات. ئەم نەوەیە کە زۆربەیان زمانی کوردی، واتە زاراوەکانی (گۆران، کەلهوڕی، لەکی، فەیلی و بنزاراوەکانیدیکە) دەزانن و بەرهەمی پێدەخولقێنن، هاوکات بەشێوەی زانستی لە زمان و ئەدەبی فارسی دەزانن و زۆربەیان لەناو کۆمەڵگەی ئەدەبیی فارسیشدا حزووری چالاکییان هەیە و هەندێکیان خاوەن دەنگ و سەنگی تایبەت بەخۆیانن. بەشێك لە نووسەر و ئەدیبانی کرماشان و ئیلام و شار و شارۆچکەکانی دەورووبەری بەهۆی جۆراوجۆر نیشتەجێی تاران و شارە فارسنشینەکانیدیکەی ئێران بوون و بەهۆی دووربوون لە جوغرافیای شوێنی لەدایکبوونیان و زاڵبوونی گوتاری زمان و ئەدەبی فارسی بەسەر ژیان و نووسینیاندا، بەرهەمە فارسییەکانیان لە کوردی زیاترە کە دەتوانین ئاماژە بە کەسانێکی وەك: "رەشید یاسمی، دوکتور محەممەد عەلی سوڵتانی، عەبدولجەبار کاکایی، محەممەد رەزا کەلهوڕ، فەریبا کەلهوڕ، جەلیل سەفەر بەیگی، دوکتور میرجەلالەدین کەزازی، فەریاد شیری، کورش هەمەخانی و فەرهاد حەیدەری گۆران و... " بکەین.

لە بواری شیعری کوردیدا لەناو نەوەی نوێی نووسەرانی کرماشان دەتوانین ئاماژە بەم کەسانە بکەین کە ئەمڕۆ لە مەیدانی ئەدەبیدا کە کەسانێکی وەك: "فەرشید یووسفی، کەرەمڕەزا کەرەمی، محەممەد شەکەری، ئەحمەد عەزیزی، ئەحمەد جەلالی گۆران، سولێمان داوەند، ئەمانوڵڵا خان رەشیدی، وەلی رەزایی، عەلی ئەسغەر زەعفەرانی، کەیومەرس عەباسی قەسری، عەبدوڵڵا مورادی (دلڕیش مایەشتی)، میرزا یوسف تالاَندیشی" دەبینرێن کە لە نووسەران و چالاکانی ئەدەبیی دەیەکانی ۵۰ و ٦۰ی هەتاوین (۱۹۷۰ - ۱۹۸۰ی زایینی)و چالاکانی دەیەی ۷۰ی هەتاوی (۱۹۹۰ی زایینی) ئەملا بریتینلە: "جەلیل ئاهەنگەرنژاد، عەلی نۆڵفەتی، فەریاد شیری، سەعید عبادەتیان، عەلیڕەزا خانی، عەلیڕەزا جەمشیدی، عەباس جەلیلیان، شێردڵ نیلپوور، ئەردەشیر کەشاوەرز، کورش هەمەخانی، سەلاحەدین قەرەتەپە، ئیرج قوبادی، بێهروز ئیبراهیمی، رەزا مەوزونی، پەرویز بەنەفشی، رەزا یەعقوبی، ئەمین گەجەری، سەجاد جەهانفەرد (ژیان)، مەهوەش سولێمان پوور، پەریوەش مەلەکشاهیان، عەلی محەممەد محەممەدی، میهرداد محەممەدی، ئەمروڵڵا عەزیمی، مەنووچێهر کەمەری، عەزیزی، نازەرپەیك، فەتاحیان، جەلیلیەکان، شیخی ...

تەقی رەشیدی، یەدوڵڵا لورنژاد، سەید محەممەد پەروەر و.. " لە پارێزگای ئیلام و شار و شارۆچکەکانی دەوروبەری کەسانێکی وەک: "زاهیر سارایی، ناهید محەممەدی، کامران محەممەد رەحیمی، عەبدولجەبار کاکایی، مستەفا بەیگی، ئیرج خالسی، ئیسلام ئەنساری فەر، سەید محەممەد درەخشەندە، عەلی شەهبازی، حەبیبوڵڵا بەخشوودە، دوکتور عەلی سەهامی و.. "

لەسەر دەستی ئەوەی نوێ شەپۆلێکی بەرین لە شیعر، چیرۆك، و بەتایبەت نووسینەوە و ساغکردنەوە و کۆکردنەوەی ئەدەبی فۆلکلۆر و زارەکی بە زاراوە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردی و فەرهەنگنووسی لە هەرێمەکانی کرماشان و ئیلام سەریهەڵداوە و دەتوانین وەکوو قۆناغی زێرین لە بووژانەوە زمانی ئەدەبی نویسیاری ناودێریبکەین، لەناو ژانرە ئەدەبییەکان وەکوو نەریتی باوی گشت کۆمەڵگای کوردی، ژانری شیعر گوتاری زاڵە و رێژەی دەقی نووسراو و چاپکراوی شیعر لە ژانرەکانیدیکەی وەك چیرۆك، پەخشان، رەخنە و لێکۆڵینەوە زیاترە و هەر بەم بۆنەشەوە ئەو شەپۆلە نوێخوازیی و گەشەسەندنە زیاتر بە سیما و قەڵافەتی ژانری شیعرەوە دیارە و بیروڕا جیاوازەکان زیاتر خۆیان لە قەرەی شیعر داوە و شاعیرانی ئەو دەڤەرە خەریکن بە روانینێکیدیکە و بەرینتر لە ناوچەییەوە لەناو کایە زمانی و ئەدەبییەکاندا جێگای خۆیان دەکەنەوە.

هەروەك لە شار و شارۆچەکەکانیدیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەنجومەنە ئەدەبی و فەرهەنگییەکان لە رەوتە شیعری و ئەدەبییەکاندا رۆڵیان هەبووە، لە کرماشانیش ئەو دیاردەیە هەبووە و لە پلەی یەکەمدا ئەنجومەنی ئەدەبیی "سروە" لە ئیسلامئاباد ی رۆژئاوا و دواتر ئەنجومەنی ئەدەبیی "قەڵەم" لە گیلانغەرب و پاشان ناوەندە فەرهەنگییەکانی شارەکانی ئیلام و کرماشان و بەتایبەت لەناو زانکۆکان رۆڵی بەرچاویان لە گۆڕانکاری و شەپۆلی نوێخوازیی "ئەدەبی مۆدێرنی کورد - باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان"دا هەیە و بۆ یەکەمجار بەیاننامەی شیعری مۆدێرنی کوردیی کرماشانی (کەڵهوڕی) لە ئەنجومەنی ئەدەبیی سروە سەریهەڵدا و ناوچەکانیدیکەی گرتەوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی رەخنەی ئەدەبیی چالاك و بنیاتنەر کە لەسەر بنەمای ئەدەبیات و لایەنی هونەریی دەق بەرهەمەکان هەڵسەنگێنێ، هەتا ئێستا لایەنە بەهێز و لاوازەکانی "ئەدەبی کورد - باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان " دەرنەکەوتوون و ئەمەش بۆشاییەکی مەزنە لەناو بازنەی کۆمەڵگەی ئەدەبیی کرماشان و ئیلامدا.

گرفت و کێشەیەکیدیکە کە بەرۆکی نووسەران و ئەدیبانی کوردی ئیلام و کرماشانی گرتووە، مەسەلەی رێنووس و ئەلفوبێی نووسینە کە هەتا ئێستا نەیانتوانیوە لە شێوە رێنووسیی باوی زاراوەی سۆرانی (ئارامی) کەڵکوەرگرن و ئەو هەمووە بەرهەمە ئەدەبییە کە ساڵانە چاپ و

بەدەنگیەوە، زۆربەیان لەگەڵ گرفتی ڕێنووس بەرەوڕوون. ئەمەش دوو هۆی هەیە، یەکەم بەپێی فۆنۆتیك، ریتم، واك و شێوازی گۆکردنی هەندێ پیت و دەنگ لە زاراوە جۆروجۆرەکانی ئەو دەڤەرە پێویستە هەندێ نیشانەیان بۆ دابنرێ کە لەگەڵ ڕێنووسی ئارامیدا ناگونجێن و دووەمیش دەگەڕێتەوە بۆ ئاشنانەبوونی نووسەرانی کوردی ئیلام و کرماشان لەگەڵ ڕێنووسی باوی کوردی کە ئەم پرسە هەم بۆ خوێنەر و بەردەنگی ئەو ناوچانە و هەم شارەکانیدیکەی کوردستان گرفتی سازکردووە.

لەم وتارەدا هەوڵدرا جیا لەخستنەڕووی گۆشەیەکی کەم لە ڕەوشی فەرهەنگ، زمان و ئەدەبی کوردی و قۆناغە جیاجیانی لە کرماشان و ئیلام، هاوکات هۆکارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ناوچەییەکانیش کە هەم لە گەشەکردن و هەم لە لاوازکردنی زمان و ئەدەبدا دەوریانگێڕاوە، بخرێنەبەرباس. ئەم وتارە زیاتر ڕەهەندی مێژوویی، سەرەتای سەرهەڵدان و قۆناغبەندی و هەندێ سیماکان و بەشێك لە خاڵە بەهێز و لاوازەکانی خستەڕوو. بەردەوامیی هەر ڕەوت و شەپۆلێکی ئەدەبی و فەرهەنگی لەهەر کۆمەڵگایەکدا بەستراوەتەوە بۆ کۆمەڵێك هۆکار، دەرەتان و فاکتەری گرنگ کە بەڕای من لە کرماشان و ئیلام ئەو دەرەتان و هۆکارانە یان بوونیان نییە یان ئەگەریش هەبن هێندە لاواز و بەرتەسکن کە نەیانتوانیوە ئەو شەپۆلە بەرینە فەرهەنگی و ئەدەبییەی کە لە ئاستی تاك و نوخبەکاندا سەریهەڵداوە بکەنە ڕەوت و شەپۆلێکی بەرین هەتا بتەنێتەوە و کاریگەریی لەسەر گشت کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبێت و پێناسە و مۆرکی تایبەت بە خۆی پێبدرێت کە ئەو پێویستی و هۆکارانە بریتینلە:

- نەبوونی ناوەندێکی جیدیی فەرهەنگی و ئەدەبی و ئەنجومەن و سەنتەرێکی بەردەوام کە نووسەر و ئەدیبان لە دەورووی خۆی کۆبکاتەوە و بە بەرنامە و پرۆژەوە کاربکات.
- نەبوونی ڕۆژنامەگەریی چالاکی ئەدەبی و گۆڤاری تایبەت و پسپۆڕانەی ئەدەبیات.
- گرفتی چاپ و بلاوکردنەوە و کێشەی ماڵی و بێدەرەتانیی نووسەران.
- نەبوونی یەکرێزی لەناو کۆمەڵەی ئەدیب و نووسەران کە هۆکارە لاوەکییەکان کەڵکیان لەو بۆشاییە وەرگرتووە مانا و واتایەکیتریان بە بیروڕا جیاوازە ئەدەبییەکان بەخشیوە.
- جیاوازی و بەرفرەهیی زاراوە و بنزاراوە و ئایین و ئایینزاکان کە لە زۆرێك لە کۆمەڵگاکان نیشانەی دەوڵەمەندی و شارستانییەتن، بەڵام بەهۆی دنەی دەسەڵاتدارانی حکومەتی ئێران زۆرجار لەو دەڤەرانە بوونەتە هۆی کێشە و ناکۆکی.

سەرەڕای بوونی ئەو هەموو کێشە و ناستەنگانەی کە ڕووبەڕووی داهێنەر، شاعیر و چالاکانی فەرهەنگیی دوو پارێزگای ئیلام و کرماشان بوونەتەوە لە کەش و دۆخێکدا کە رۆژنامە و گۆڤار و نامیلکە و راگەیەنی سەربەخۆ نییە و سانسۆر و سەرکوت و زەبروزەنگ سەراپای کۆمەڵگای تەنیوە، لەدۆخێکدا کە نووسەر و قەڵەمبەدەستان راوەدوودەنرێن و حوکمی زیندان و بێبەشبوون لە نووسینیان بەسەردا دەسەپێ، نووسین و داهێنان بە زمانی کوردی لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا لەهەموو قۆناغەکان زیاتربووە و کۆمەڵێك کتێبی جۆراوجۆر لە هەموو ژانرە ئەدەبییەکان لە کرماشان و ئیلام چاپکراون و ئەم رەوتە هەر بەدەوامە و لە فەزای ئەنتەرنێت و مەجازیدا چالاکییەکان بەرچاوتر و خۆدەنوێنن و کاروانی داهێنانی زمان و ئەدەبی کوردی لە کرماشان و ئیلام خەریکە ببێتە پردی پێوەندیی نێوان بەشە جیاجیکانی کوردستان.

●●●

سەرچاوەکان:

١. گۆڤاری زرێبار، فایلی تایبەت بە ئیلام و کرماشان.
٢. فەرهەنگی باشوور، عەباس جەلیلیان.

٣. وتووێژی نووسەر لەگەڵ عەلی ئۆڵفەتی و فەریاد شیری دوو شاعیری هاوچەرخی کرماشان.
٤. وتاری "شاعیرانی عەشق و رەنج و بەڕوو" لە نووسینی جەلیل ئاهەنگەرنژاد.

٥. ماڵپەڕی بەلووت "فەرهەنگ و هونەری رۆژئاوای ئێران".
٦. وتووێژی محەممەد باقر پیری لەگەڵ عەلی ئەشرەف دەرویشیان نووسەر و رۆماننووسی گەورەی کرماشان، لە وەرگێڕانی نووسەری ئەم دێڕانە ژمارە ١١٣ی گۆڤاری رامان.

دامەزراندنی ئیمپراتۆرییەتی ماد و رووخانی

هاوار حەمید

مادەکان لقێکن لە نەتەوەی ئاری کۆن کاتێ کە کۆچیانکرد بۆ ناوچەی بناری رۆژهەلاتی چیاکانی زاگرۆس لەکاتی کۆچی گەورەی ئارییەکان. مادەکان بە زمانێك قسەیان دەکرد کە راستەوخۆ داتاشرابوو لە زمانێکی ئاری سەرەتای ، لەرووی رەسەنایەتی و زمانەوانییەوە مادەکان دەگەڕێنەوە بۆ خێزانی ئاری و بەشێکی گرنگیان پێکهێنابوو، هەندێك راستی کەم هەن کە ئێمە لێیدڵنیاین، یەکێك لەوڕاستییە سەرەکییانە ئەوەبوو کە مادەکان راهاتبوون خۆیان ناوبنێن ئارییەکان، بەشێوەیەکی گشتی بەوناوەوە ناسرابوون لەلایەن دراوسێکان و هاونیشتمانییەکانەوە.[١]

نیمچەدوورگەی عەرەب توانای بەخێوکردنی خەڵکی زۆر کەمبوو، کاتێك کە ژمارەی دانیشتوان لەوڕادەیە بەرزتردەبوو کە خواردن و لەوەڕگا بەشیانبکات شەپۆلی کۆچ بەرەو باکوور دەستپێدەکرد هەروەها بەرەو کوردستانیش کە چوار شەپۆل بوون، هەر چوار شەپۆلەکەش کە بریتیبوونلە (ئەکەدییەکان، ئامورییەکان، ئارامییەکان، میدییەکان) کە هەریەك بەشێوەیەك باری دیمۆگرافی و کلتوری و ژیاری ناوچەکەیان گۆڕیووە.[٢]

نەتەوەی کوردی ئەمڕۆ سەربە خێزانی نەتەوەی هیندۆئەوروپییەکانە، کوردەکان بە زمانی کوردی قسەدەکەن کە لقێکە لە خێزانی زمانە هیندۆئەوروپییەکان (ئارییەکان) کوردە کۆنەکان هەر چۆنێك بێت نیشتەجێی هەرێمی چیاکانی زاگرۆس بوون، دەگەڕاێنەوە بۆ رەگەزی قەوقازی و بە زمانی قەوقازی کۆن قسەیاندەکرد.[٣] مامۆستا (سایس)و ژمارەیەك لە رۆژهەڵاتناسان دەڵێن: زمانی میدییەکان یان ئەم کوردییەی ئێستە بووە یا بنچینە بووە بۆی. ئەمە بەتەواوی کۆنی زمانی کوردی دەردەخات، چونکە میدییەکان لە فارسەکان کۆنترن و لەپێش ئەوانیشدا هاتوونە ولاتی فارسەوە و دەوڵەتیان پێکهێناوە.[٤]

سەرەتای دەستپێکردنی حوکمڕانی دەوڵەتی ماد

کورد ملومیەکی زۆر لەژێر چەپۆکی ئاشور و ئەکەد و عیلام و بابلەکاندا بوو، بەتایبەت ئاشوری و ئەکەدییەکان کە هەزار ساڵ زیاتردەبوو، کردبوویانە پیشە لەبەهاراندا هێرشیاندەکردەسەر میسۆپۆتامیا، کوشتوبڕ و تالانێکی زۆریان دەکرد کوردیش بەناچاری بووبوونە ملکەچ و خزمتکاری و بەردەستیان، کاروان و باری خۆیانیان بۆ دەگواستنەوە، ئەسپ و تاژەڵیان لە ناوچەی خۆیان بۆ بەخێودەکردن پێش دامەزراندنی دەوڵەتی ماد ژیانی کورد بەوشێوە پڕبووە لە ترس و چەوساندنەوە و شەڕ و ململانی نێو خێڵ و هوزە کوردەکان لەسەر لەوەڕ و دەسەلات لەنێوخویاندا، لەسەرەتای سەدەی حەوتەمی پێش زاییندا ریشسپییەکی ناودار و دەمڕاستێکی بەتوانا و حەکیمی سەردەمی خۆی (دیاکۆ، دایکو، دیوك) کوێخای ئاوایی (قزل ئوزن)بوو لە ناوچەی موکریان، غەمی لە بێکەسی کوردی ناوچەی (ماد و مانای) دەخوارد و خەلکی بۆ چارەسەری کێشەکانیان سەردانی دیاکۆیان دەکرد و ئەویش بۆی چارەسەر دەکردن ، دواتر دیاکۆ لە ماڵی خۆیان هەموو سەرۆکخێڵ و هۆزە کوردەکان کۆدەکاتەوە بەلام لەبەرئەوەی زستان بوو دیاکۆ داوایلێکردن هەموو بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان و سەروکخێلەکانیتری کورد ئاگاداربکەنەوە لەسەرەتای بەهاردا لە رۆژی نەورۆزدا لە فلان جێگا ئامادەبن، ئەوەبوو لە رۆژی نەورۆزدا هەموویان کۆبوونەوە گشتی سەرۆك هۆزەکانیان کرد و دیاکۆیان وەك سەرۆکی هەموو هۆزەکان هەڵبژارد[٥]و نزیکەی (٥٠) ساڵ حوکمیکرد، واتا ژیانی لەنێوان (٧٦٧ ـ ٦٥٤ پ.ز)دا بوو[٦].

دیاکۆ داوای دروستکردنی سوپایەکی هاوبەشی کرد لەهەموو هۆزەکان، پاشان پایتەختی حەوت شورای دروستکرد لە چەقی چوارڕیانی کاروانییان لە ناوچەی بەهار لە ئەکباتانا کە دەکەوتە چەقی ولاتی مانا و ماد، کۆشکی دیاکۆ و کۆشکی کۆبوونەوە و کارگێڕییەکانیان لەناو شورای حەوتەم دروستکرد، داوای لە کۆچەریەکان کرد کە نیشتەجێبن و دەستبدەنە دروستکردنی خانوو شار سیمای شارستانییە، ئالای دروستکرد و یاسای بۆ ولات دانا کە هەموو لایەك بگرێتەوە بەبێ جیاوازی و خەڵکی لە سەرگەردانی و بێسەروبەری و کۆچەری رزگارکرد و ولاتێکی هاوبەشی بۆ هەموو لایەك دروستکرد، ئەو رۆژە کە نەورۆز بوو کردیە سەری ساڵ و ـــــەی ولات و کات، کاروباری لەسەرئەوە رێکدەخست[٧]. ئاشورییەکان بواریان بە دیاکۆ نەدا

پەرە بە وڵاتەکەی بدات، ئەوان پەیتاپەیتا هێزیان دەناردەسەر وڵاتی ماد لەپەلامارێکدا تیگلات پیلەسەری سێیەم ٦٥ هەزار دیلی مادی راگواست و لە ناوچەی دیالە نیشتەجێیکردن، هەروەها ژمارەیەکی زۆر ئارامیشی بۆ وڵاتی ماد راگواست.(٨) دیاکۆ بەو سوپا تێکەڵە ویستی پەلاماری پایتەختی ئاشورییەکان بدات تا ماوەیەکی زۆریش رۆیشت، بەڵام سەرجوونی ئاشوری ســـــاڵی (٧١٥پ ز) سوپاکەی دەشکێنی و زۆر ناوچەی لێدەگرێت،(٩) دواتر دیاکۆ لەشەڕێکدا لەگەڵ ئاشورییەکان تێکدەشکێت و بەدیلدەگیرێت دەبرێت بۆ شاری (حەران) لەوێ دەمرێت.(١٠)

پاش دیاکۆ کوڕەکەی فراورتس (٦٧٣ ـ ٦٥٣ پ.ز) هاتەسەر تەخت، ئەخەمینییەکان تیرەیەکی خزم بوون لەگەڵ مادەکان و لە پارس دادەنیشتن هاتنە ژێر رکێفی مادەکانەوە، بەڵام تیرەیەکیتری هیندۆئەورووپی کە درەنگتر لە قەوقاسەوە هاتبوونە کوردستان و بە سکوتی دەناسران پشتگیری ئاشوریانیان کرد(١١)و زۆر ناوچەی کوردی هاتنە ژێردەسەڵاتی، سوپای رێکخست و پەلاماری ئاشورییەکانیدا، هەتا نزیك (ئەربیل)ی گرت.. ساڵی (٦٥٣پ.ز) جەنگ گەرمبوو، بەڵام مادەکان شکان و فراورتیس کوژرا،(١٢) دوای ئەو کیاکسار (کەیخسرەو)ی کوڕی هاتەسەر دەسەڵات کە لە بەناوبانگترین پاشاکانی ماد بوو، لە سەردەمی ئەودا دەوڵەتی ماد گەیشتە ئەوپەری دەسەڵات و لوتکەی گەشەکردن،(١٣) یەکەم کاری رێکخستنەوەی سوپا بوو، بەڵام بەشێوەیەکی نوێ، دەیویست سوپایەك بێت بەرەنگاری ئاشورییەکان بکات و سوپای تێکەڵکرد و بەجۆرێکیتر رێکیخستنەوە و سوارە و پیادەی لەیەکجیاکردەوە، راهێنانی زۆری پێکردن(١٤)..

لە کۆتایی ساڵی (٦١٥پ.ز) دەستیانکرد بە هێرش بەرەو سنووری خۆرهەڵاتی ئاشورییەکان هەر لەو ساڵەدا توانیان شاری (ئەرابخا) کەرکوکی ئێستا و (ئەربائیلۆ) هەولێری ئێستا رزگار بکەن، لە ساڵی (٦١٤پ.ز) بەتەواوی هێزەکانیانەوە بەرەو شار و مەڵبەندەکانی ئاشورییەکان بە رێکەوتن، لەم کاتەدا پاشای ماد (کیاکسار)و (نەبوپلاسەر)ی پاشای کلدانی پەیمانبەستنێکیان بەست بۆ لێدان و لەناوبردنی ئیمپراتۆریەتی ئاشوری ، هەردوو سەرکردە یەك ئامانجیان هەبوو ئەویش رووخانی دەوڵەتی ئاشوری بوو، لە کۆتایی ساڵی (٦١٢پ.ز)پاش گەمارۆدانی شاری (نەینەوا)ی پایتەختیان توانیان داگیری بکەن و پاشان شاری ئاشور و نەمرودیان داگیرکرد.(١٥)

دابەشبوونی تیرەکانی ماد بەسەر ناوچەکانی دەوڵەتی ماددا

مادەکان بەسەر دوو ناوچەدا دابەش بوون

١. مادی بچووك: کە ئازربایجانی ئێستا بوو (سترابوون) لە کتێبی فەسڵی (١٣)دا دەڵێت: مادی ئاتریانی تا سەردەمی حەملەی مەقدۆنیا بەشێکبووە لە مادی گەورە ساتراپ ئاتروپاتس نەیهێشت ئەم ناوچەیە بکەوێتە دەستی مەقدۆنییەکان لە پاداشتی ئەم کارەیدا لەقەبی پاشایەتی وەرگرت.[١٦]

٢. مادی گەورە بریتیبوولە ناوچە کوردنشینەکانی ئەمڕۆ وەکو (ئارەك، ئەسفەهان، رەی، خوراسان، مازندەران، خوزستان و لورستان).. هیردۆت بەمشێوەیەی خوارەوە ناوی شەش تیرەی مادی تۆمارکردووە:

١. بووزەکان: لە عێراق نیشتەجێبوون.

٢. پارتاکتەکان: لە شاری رەی و کەنارەکانی دەریای خەزەر نیشتەجێبوون.

٣. ستروخانەکان: لە شاری مەرو خوارزم نیشتەجێبوون.[١٧]

٤. ئاریزانتەکان: لە ئازربایجان و رۆژئاوای ئێران و هەندێکیشیان لە کەناری رووباری ئاراس نیشتەجێبوون.

٥. بودییەکان: کە روویانکردووەتە هیندستان.[١٨]

٦. ماژەکان: ئـــامـاژە بە شوێنی نیشتەجێبوونیان نەکراوە رەنگە بەشێوەیەکی پەرتوبلاو ژیابێتن.[١٩]

شارستانییەتی مادەکان

١. هونەری بیناسازی: لەمەڕ بیناسازی مادەکان شتێکی وا لەبەردەستی توێژەراندا نییە تەنها ژمارەیەك گۆڕی لە بەرد دروستکراو نەبێت کە پەیوەندی بەو سەردەمەوە هەیە و دەتوانن هزری لە بیناسازی ئەم سەردەمە نیشانبدەن توێژەران پێیانوایە کە مادەکان هونەری تەلارسازییان لە خەڵکانی (وان) پایتەختی ئارارات (دەوڵەتی ئۆراتۆ) وەرگرتووە.[٢٠]

٢. سەبارەت بە پۆشینی جلوبەرگ دەکرێت بڵێین جلوبەرگیان شەرواڵێکی درێژبوو لە سەرەوە تا

جۆرێوە نەشێوەی (رۆب) بوو، پێڵاوەکانیشیان شێوەی پۆستاڵی ئەمڕۆ و نەنوقەدینەوە قەیشێکی توندوتۆڵیان لە جلوبەرگەکانیان دابوو.[٢١]

کەرەسەکانی جەنگیشیان (خەنجەر و شمشێر و رم و تیروکەوان) بوو، هەروەها رەشەوڵاخیان بەخێودەکرد کە بۆ گواستنەوەی شمەك و پێویستییە جەنگییەکان بەکاریاندەهێنا زمان و نووسینیش لای مادەکان بە نووسینی دەوڵەتی ئۆراتۆ و زمانی قسەکردنیشیان شێوەزمانی ناوخۆی ئێران بوو لەگەڵ بەکارهێنانی شێوە نووسینی هێرۆگلیفی و بزماری، ئایین و لایەنی رۆحیش تا سەدەی حەوتەمی پێشزایین پەرستنی دیاردە سروشتییەکان بوو لەدوای سەدەی حەوتەمی پێشزایین لەدەرئەنجامی دەرکەوتنی زەردەشت و ئایینی زەردەشتی لەپاڵ پەرستنی دیاردەی سروشتی بوونە هەڵگری ئەو ئایینە.[٢٢]

ئایینی دانیشتوانی دەوڵەتی ماد

پێش ئەوەی کە باسی ئایینی مادەکان بکەین دەبێت ئەوش بڵێین کە بەپێچەوانەی هەندێك کەسی ناحاڵی کە دەڵێت مادەکان ئاگرپەرست بوونە، بەڵکو رێزلێنان لە ئاگر لەلایەن مادەکانەوە هیچ پەیوەندییەکی بە ئاگرپەرستییەوە نییە بایەخی ئاور و پیرۆزی ئەو لە گرنگایەتی ئاگر لە رووناککردنەوەی شەوی تاریك و عەلامەت و نیشارەتدان لە شوێنێك بۆ شوێنێکیتر لەکاتی هێرشی دوژمنان و کەلکوەرگرتن بۆ خەبەردان و ئاگادارکردنەوە.[٢٣] کۆنترین بیروباوەڕی (ئایینی) مادەکان هەمان ئایینی نەتەوەی ئاری بوو کە پێدەچێت پەرستنێکی ساکاریان بۆ چەند خوایەك کردبێت، بەواتای کۆمەڵێك خواوەندیان دەپەرست لەگەڵ چەند رۆحیانەتێك بە پلەیەکی کەمتر، زۆربەی خواوەندەکانیان بریتیبوولە هێزێکی سروشتی نەك کەسێك، وەك خواوەندی (هیترا) کە خواوەندی خۆر بوو، هەروەها خواوەندی مانگ و زەوی (ئەرمات)و (سۆما) (نیشتمان) کە خواوەندی سەرخۆشی بوو (ترساندن). خواوەندەکانیتر کە هێزەکانی شەڕ دەنوێنن وەك ئاسوامی (ئاو حراس) دە دێوەکان.[٢٤] پاش دەرکەوتنی زەردەشت لە ساڵی (٦٦٠پ.ز) لە ناوچەی (ئەترۆپاتین) لە رۆژئاوای دەریاچەی ئورمییە مادەکان لە نیشتمانە نوێیەکەیان زاگرۆس چوونەناو ئایینی زەردەشتی کە شۆڕشێك بوو دژی پەرستنی هێزی سروشتی کە ئایینی زەردەشت بوو بە ئایینی رەسمی دەوڵەتی ماد.[٢٥]

زمانی مادەکان

سەبارەت بە زمانی مادەکان بیروڕای جیاواز هەیە لە نێوان مێژوو نوسانی جیهانیدا بەڵام زۆربەی دەقە مێژووییەکان لەگەڵ ئەوەدان کە زمانی مادەکان زمانی پەهلەوی بووە ، زمانی پەهلەوی لەلایەن هەرکەسەو بەشێوەیەك لێك دراوەتەوەو بۆ لایەك ڕاکێشراوە ، بەڵام ئەوەی کە دەبێت بیڵێین ئەوەیە کە ئەم زمانە زمانی مادەکان بووە ، [٢٦] بەگەیشتنیان بۆ ئەکباتانە ، هەر شەش هۆزە کۆچەریە میدیەکان بەدیالێکتی ئاری قسەیان دەکرد کە زمانەکەیان لقێك بووە لە زمانی ئارییەکان لەلایەن نەتەوە ئارییەکانەوە قسەی پێکراوە، [٢٧] پاشماوەی نوسراوەکانی زمانی مادی کۆن لە کتێبی پیرۆزی زەند ئاڤێستا ئەدۆزرێتەوە کە لەلایەن پێغەمبەر (زەردەشت)ەوە دانراوە مێژوونوسی کورد (ئەمین زەکی بەگ) کە زەندئاڤێستای خوێند بە زمانی فارسی و ئەڵمانی لە ساڵی (١٩٨٠ز) ، دانی بەوەدانا کە دەقە ڕەسەنەکەی زەندئاڤێستا لە سەرچاوە گریکی و ئەڵمانییەکاندا بەدیدەکرێن، توێژەر و مێژوونووسەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە زمانی زەندئاڤێستا بە زمانی مادی کۆن نووسراوە هەروەها کۆکن لەسەر ئەوەی کە زمانی کوردی ئەمڕۆ پاشماوەی زیندوی زمانی کۆنی مادی ئەنوێنێ مێجەر سۆنی توێژەری بەریتانی دانی بەوەدانا کە زەندئاڤێستا هەروەك زمانی کوردی ئەمڕۆیە بەتایبەتی دیالێکتی موکریانی.[٢٨]

پاشاکانی دەوڵەتی ماد

سەبارەت بە پاشاکانی دەوڵەتی ماد و ماوەی حوکمڕانیان ڕای جیاواز هەیە کە لێرەدا بەپێی توانا و دروستی ڕاوبۆچونەکان بۆچوونی لەیەکجیاواز وەردەگرین. کۆنتر باس مێژوونوسی یۆنانی کە ماوەیەك لە بارەی ئەردەشێری هەخامەنشینی پزیشك بووە بەمجۆرەی خوارەوە ناوی پاشاکانی دەوڵەتی مادی تۆمارکردووە:

١. ئاریاکس: ٢٨ ساڵ پاشایەتی کردووە.

٢. مانداکس: ٥٠ ساڵ پاشایەتیکردووە.

٣. سوسارمس: ٣٠ ساڵ پاشایەتیکردووە.

٤. ئارتیاس: ٥٠ ساڵ پاشایەتیکردووە.

٥. اربیانس: ٢٢ ساڵ پاشایەتیکردووە.

٦. ئارسیوس: ٤٠ ساڵ پاشایەتیکردووە.
٧. ئارتەنس: ٢٢ ساڵ پاشایەتیکردووە.
٨. ئارتی بارنس: ١٤ ساڵ پاشایەتیکردووە.
٩. ئاستی براس: ٤٠ ساڵ پاشایەتیکردووە.
١٠. ئاستیاگس: ٣٥ ساڵ پاشایەتیکردووە.
١١. ئەسپنداس: ٣٥ ساڵ پاشایەتیکردووە.

کنتریاس دەڵێت ناوی دواین پاشای ماد (اسپرس ـ ئەسپرس)و نازناوی ئاستیاگس بووە، بەڵام بەپێی نووسینەکانی هیردۆت ژمارەی پاشاکانی ماد چوار پاشا بوون:

١. دیوکس: ٥٠ ساڵ پاشایەتیکردووە ناوی ئەسڵی (دیاکۆیە).
٢. فراورتیس: ٢٢ ساڵ پاشایەتیکردووە (فرەوەرتیشە).
٣. سیاکزار: ٤٠ ساڵ پاشایەتیکردووە (هۆخشتەرە).
٤. ئاستیاز: ٢٣ ساڵ پاشایەتیکردووە.

جیاوازی ژمارەی پاشاکانی ماد لەلایەن هیردۆت و کەنتریاسەوە لەوەوە هاتووە کە کەنتریاس ناوی سەرۆکهۆز و دەسەڵاتدارەکانی مادەکان و هەروەها دەشگونجێت ناوی پاشاکانی مانئائی و ئاراراتییەکانیش بەناوی پاشاکانی مادەوە تۆمارکردبێت.[٢٩]

نووسین لە سەردەمی مادەکاندا

مادەکان بیرۆکەی نوسینی هێماکانیان لە دراوسێ نوێیەکانیان وەرگرت کاتێك لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس نیشتەجێبوون، لەکاتی گەیشتنی مادەکان دووجۆر ئەلفوبێ هەبوون کە بەکاردەهاتن لە ناوچەکە، بۆیە ئاسانتربوو بۆ تازەهاتووەکان کە یەکێك لەشێوە بەکارهاتووەکان وەربگیرێت یان دەستکاریبکات و بیگونجێنێت لەگەڵ شێوازی زمانی تایبەتی خۆیان، یەکێك لەم سیستەمە پێیدەگوترێت ئەلفوبێی ئاشوری کە بەکاردەهات بۆ نووسینی زمانی قەوقازی دانیشتوانی زاگرۆس، هەردوو سیستەمی نووسینەکە ئاڵۆزبوون مادەکانیان سەرسامکرد وایان

بەباشزانی ئەلفوبێیەکی نوێ دروستبکەن (ئەلفوبێیەکی ناسراوتر) لەئەنجامدا ئەلفوبێی فارسییەکان کە ناسراوبوو کە لێرەدا دانیپێدادەنرێت کە ئەمە داهێنانێکی مادی بێت و کە بریتییەلە نزیکەی ۳٦ ـ ۳۷ شێوە کە زیاتر لە ۲۳ دەنگ ئاشکرادەکات کە لەراستیدا گوزارشت لە نزیکەی ۲۰ ـ ۲۳ دەنگ دەکاتە(۳۰) هەروەها نووسینی دەوڵەتی ئۆراتۆر شێوەنووسینی هێرۆگلیفی و بزمارییان بەکارهێناوە،[۳۱] **هەروەها ماموستا مەحمودی** حەمامیان لە کتێبی (ستارەی تابان) **دەڵێت: دوو هەزار ساڵ بەرلە مێژووی زایینی پیاوێکی** (ماد) لە دەوروبەری دەریای **خەزەر پەیدابوو بەناوی (ئاپۆنەورۆز)** جۆرە نووسینێکی داهێنا کە دەوڵەت بەو نووسینە **شتی تۆمارکردووە.** لە گوندی (کۆزەکەرێس) لە هەرێمی (شارویران) نزیك مهابادی ئێستا **گۆزەیەك** دۆزرایەوە کە پاشماوەی ئەم نووسینەی لەسەربوو وەکو بیستراوە (میستەر ریچ) ئەم گۆزەیەی بردووە.[۳۲]

رووخانی دەوڵەتی ماد

دوای مردنی (کەی ئەخسار) کورەکەی (ئەستیاگز) شوێنیگرتەوە، لەبەر خەریکبوونیشی بە رابواردن و خواردنەوە لە بەرێوبردنی ولات دوورکەوتووەتەوە،(۳۳) لە سالآنی (۵۵۳ ـ ۵۵۵ پ.ز) فارسە هەخامنشینەکان بە سەرکردایەتی (کۆرش) سەریانهەڵدا و وەکو هێزێکی نوێ لە ناوچەکە پەیدابوون، کۆرش کەوتە ململانێ لەگەڵ مادەکان و توانی بەیارمەتی سەرکردەی **مادەکان بەناوی (هارپاك) دژی ئەستیاگز بکەوێتە** جەنگەوە و شاری (ئەکباتانا) داگیر بکات و **کۆتایی** بە دەوڵەتی ماد بهێنێت.[۳٤] پاش ئەوەی دەوڵەتی ماد (۱۵۰)ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە لە ساڵی (۵۵۰پ.ز) لەلایەن پارسەکانەوە رووخا و دەوڵەتی ئەخەمین لە شوێنی دامەزرا.[۳۵]

•••

سەرچاوەکان:

WWW.Kurdishhistory.com

شاسوار.خ. هەرشەمی: مێژووی ئارامییەکان لەکوردستاندا، چاپی دووەم، سلێمانی، ۱۹۹۹، ل٦۲.

WWW.Kurdishhistory.com

د. کەمال مەزهەر: چەند لاپەڕەیەك لە میژووی، بغداد، ١٩٨٥، ل١٨.

ڕۆژنامەی باسك، ژمارە٥٢٤، ٢٠١٣، کورد گەلی زیندوو میژوویەکی ون، حەسەن **مەحمود** حەمە کەریم، ل٩.

ڕۆژنامەی باسك، ژمارە٥٢٥، ٢٠١٣، کورد گەلی زیندوو میژوویەکی ون، حەسەن مەحمود حەمە کەریم، ل٩.

هەمان سەرچاوە، ژ٥٢٤، ل٩.

شاسوار.خ. هەرشەمی: سەرچاوەی پیشوو، ل٢١.

حەسەن مەحمود حەمەکەریم: سەرچاوەی پیشوو، ل٩.

کەیوان ئازاد ئەنوەر: کورد و دەوڵەت، چاپی یەکەم، ٢٠١٠، ل٢٠.

شاسوار.خ. هەرشەمی: سەرچاوەی پیشوو، ل٢١.

حەسەن مەحمود حەمەکەریم: سەرچاوەی پیشوو، ل٩.

کەیوان ئازاد ئەنوەر: چەردەیەك لە میژووی کورد، سلیمانی، ٢٠٠٦، ل٤٨_٤٩.

حەسەن مەحمود حەمەکەریم: سەرچاوەی پیشوو، ل٩.

کەیوان ئازاد ئەنوەر: چەردەیەك لە میژووی کورد، ل٤٩.

ئیحسان نوری پاشا: میژووی ڕەگ و ڕەچەڵەکی کورد، ١٩٩٨، ل٥٢.

هەمان سەرچاوە، ل٥٢.

عەبدولسەلام محەمەدحەیدەری: چەندلایەنیکی ونبوو لە میژووی کورد، چاپی یەکەم، سلیمانی، ٢٠٠٢، ل١٩_٢٠.

ئیحسان نوری پاشا: سەرچاوەی پیشوو، ل٥٢.

ئەردەشیر خودادادیان: ئاریەکان و مادەکان، **چاپی یەکەم، سلیمانی، ٢٠٠٣، ل١٦٩.**

کەیوان ئازاد ئەنوەر: چەردەیەك لە میژووی کورد، ل٤٨_٤٩.

هەمان سەرچاوە، ل ٤٩.

حەبیبوڵلای تابانی: هاونەتەوەی قەومی کورد و ماد، چاپی دووەم، سایمانی، ٢٠٠٦، ل٣٠٨.

WWW.Kurdishhistory.com

کەیوان ئازاد ئەنوەر: چەردەیەك لە میژووی کورد، ل٤٩.

حەبیبوڵای تابانی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٠.

WWW.Kurdishhistory.com

حەبیبوڵای تابانی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٠.

ئیحسان نوری پاشا: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢.

WWW.Kurdishhistory.com

کەیوان ئازاد ئەنوەر: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩.

عەبدولسەلام محەمەدحەیدەری: سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٧.

کەیوان ئازاد ئەنوەر: چەردەیەك لە مێژووی کورد، ل

ش.م.دیاکۆنۆف: میدیا، و/ بورهان قانع، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٤٩٧-٤٩٨.

کەیوان ئازاد ئەنوەر: کورد و دەوڵەت، ل٢١.

•••

پەرستگای ئاگری بەردەکونتەی مەهاباد

و. لە فارسییەوە: کەمال نووری مەعروف

یەکێك لە پاشماوە دێرینەکانی شوێنەوار کە بە نرخ و گەورەیە و شوێنەواری حکومەتی (مانایە) لە مەهاباد بە (بەردەکونتە) ناسراوە کە مانای بەردی کونکراو دەگرێتەوە و هەزاران ساڵ بەسەر تەمەنیا رۆشتووە، وازانراوە لەمەوبەر کە شوێنی گوشینی ترێ بووبێتە بەڵام دەرکەوت کە پەرستگایەکی ئاگری کۆنی خامۆشی (بەردە کونتە)یە.

شوورەدراوی کۆنی (بەردەکونتە) دەکەوێتە نێوان سنووری (٦) شەش کیلۆمەتری باکووری شاری مەهاباد لەسەر رێگای مەهاباد- ورمێ لەنزیکیەوە گوندی (وسوکەند) (یوسفکەند) دێت. بینای (بەردەکونتە) لەدەشتدایە و وێرانەی شاروێران لەخۆیگرتووە کە دەکەوێتە (٥) پێنج کیلۆمەتری لای راستی گوندی (دەریاز) یان (دەریاس) کە (بەتلیمۆس)ی یۆنانی بەناوی (داریوسا) ناویبردووە بە ناونیشانی یەکێك لە شارەکانی (ماد) باسیکردووە کە شوێنی مانەوەی (مانایی - ماد) (٨٠٧ - ٥٠٥ پ.ز) بووە لەنزیکیەوە (فەقرەقا) یان (فەخریکا) دەروانێت بەسەریا.

پەرستگای ئاگری (بەردەکونتە) لە زەوییەکی بەردینی پلەداری هەڵکۆڵراودایە. ئەم زەوییە سنووردارە کۆنە پەیوەستە بە هەزارەی یەکەمی پ.ز بە مانا رۆژگاری پرشکۆ و بەتواناى (مانایی) لەو ناوچەیەدا.

لە رۆژگاری ئەمرۆماندا نووسینێك نەدۆزراوەتەوە یان دەرنەکەوتووە تاوەکو بزانین ناوی ئەو بینایە یان پاشماوەیە چ بووە؟ دانیشتوانی (شاروێران)یش ئەو بینایە بە (بەردەکونتە) ناودەبەن کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ پیرۆزێتی بەرد لە باوەڕی مرۆڤی ئەو سەرزەمینەدا.

(بەردەکونتە) زمانێکی لێکدراوی کوردییە لە دوو وشە پێکهاتووە، یەکەمیان بەرد و دووەمیان (کون) کە بە گشتی بەردی کونکراو یان ئەو بەردەی کراوەتە چاڵێکی قووڵ و کونکراو ئەمەش ناولێنانێکی ئاساییە. هەڵبەتە (کون) لە زمانی کوردییا دەتوانین بڵێین مانایێکی نییە.

بەڵام لەوانەیە بە مانای دێرینیش بێت. ئەم بینایە پێدەچێت لەناو بەشێك لە شوێنێکی پیرۆزی گەورەی شاری (داریوسا) یان شاروێران بووبێت، لای مرۆڤ و دانیشتووانی شارەکەش شوێنێك بووبێت سەرچاوەی رێز و پیرۆزی بووە کە بەردەوام لە رێوڕەسمە تایبەتییەکانی خۆیاندا شوێنی ئەو بۆنانە بووە.

شێوەی گشتی ئەم پاشماوەیە و ئەوانەی لەناویدا بەرچاودەکەون ئەوە دەردەخەن کە پێدەچێت پاشماوەکە شوێنی هێمای قوربانی بێت.. واتە پەرستگایەك بووبێت هاوشێوەی زەقورەی سۆمەری، پلیکانە زیرەکانیشی یادگاری بیناسازی دێرین بن، بەگشتی وێنە جۆراوجۆرەکانی پەیوەستن بە هەزارەی یەکەمی پ.ز. ئەم پەرستگای ئاگرە دێرینە چەند گۆڕێکی بەردین و گۆڕێکی شێوە ستوونی و یەکێکیتر بەشێوەی ئاسۆیی لەگەڵ بوونی چەند ریزێکی پلیکانەکە، کەمێك لەیەکتری دوورن و راکێشراون.

لەناو ئەو بینایەدا چاڵی لاکێشی دەبینرێت لە بەرد هەڵکۆڵراوە کە پێدەچێت بۆ کاتی رێوڕەسمی ئایینی بەکارهێنرابێت لەکاتی کردنەوەی ئاگری پیرۆز. لە بەشی سەرەوەی ئەو چاڵانەدا کە کەمێك لەیەکتر دوورن پلیکانە هەڵکۆڵراوەکان لە بەرد بەرچاودەکەون کە شێوەی ریزیان وەرگرتووە وادیارن بۆ دڵتیشتن و تەولوکردنی نزا و پەیوەست بە رێوڕەسمی تایبەت بە ئایینەکەیان سوودیانلێدیون. لەوانەیە ئەم پەرستگای ئاگرە خامۆشکراوە بۆ رێوڕەسم و نزای تایبەت بە ئایینەکە و قوربانی کرابێت کە پێشکەش بە خواکان یان خواوەندەکانی شار کرابێت، بەڵام ئەوە روونییە کە دانیشتووانی کۆنە شار چ ئایینێك و مەزەب و باوەڕێکیان بووبێت. لێرەدا پرسیارێك دروستدەبێت ئایا ئەم دوعا و نزایە بۆ خواوەندی پاك (ئاهۆرامزدا) بووە یان بۆ خواوەندەکانیتری ناسراوی شارە دێرینە فەرامۆشکراوەکە کراوە.

لەناو چوارچێوەی دێریننناسی مێژوو و فەرهەنگ و هونەر و ئایینی مانایدا کە سەرچاوەکەی داوەری ئایینییانە ناوەڕۆکیان لە نووسینەکانی ئاشوری لەو ناوانە بەشێکیان ئاشکرابوون.

وشەی (ئیلانی) بە مانای خواوەندەکان دێت کە لە نووسینەکانی ئاشوریدا بەرچاودەکەون. دەربارەی شێوەی پەیکەری خواوەندەکانیشیان تاوەکو سنورێکی دوور لە حەوجۆەکانی لوڕستان و دیمەنە نەخشکراوەکاندا کە هەن لەسەر ئەوانەی شاری کۆنی زێویە دەتوانین رای لەسەربدەین کە لەبەر رۆشنایی و زانیارییاندا ئەوە نیشاندەدەن کە ئایینی سەرزەمینی خۆرئاوای مادی کۆن

بەزۆری لەسەر ئایینی (خوری) (هۆری) بوون و ئاشورییەکانیش تاوەکو ئەندازەیەك لەسەر شێوەیەك بوون.

ئەوەی سەرنجڕاکێشە دانیشتووانی شاری (داریوسا) کە ئاماژەمانپێدا لەکاتی بەڕێوەبردنی ڕێورەسمی ئایینییاندا ئاگری پیرۆزیان لەپەرستگاکەدا لەبەردەم خواکانیاندا داگیرساندووە لەم کارەیاندا ئامانجیان قبوڵ نزا و نیاز قبولکردن و ئیتاعەتی ڕووناکی ئاگر و ئاو و با و خاك بووە بەو هۆیەی کە چوار توخمن و هەن.

نزیك لە ئاگری پەرستگاش چرا زۆر پیرۆزبووە و بە ڕۆشتنی هەزار و ئەوەندە ساڵ لە هاتنی ئیسلام هەتاکو رۆژگاری ئەمڕۆش لە باوەڕ و پیرۆزییەکانی کۆنی مرۆڤی کوردا ماوە. ئێستاش لەکوردستاندا کەسانێك هەن کە سوێند بە ڕوونکای یان ڕۆشنایی دەخۆن کە بەلایانەوە سەرچاوەیەکی پیرۆزە. لە ناوچەی مەنگوڕایەتی لە دەوروبەری مەهاباد کەسانێك هەن کە سوێند بە ڕووباری پڕهاژە و خرۆش دەخۆن لەناوچەکەدا. دیارە ئەوانە ڕەگوڕیشەیان لە باوەڕ و ئایینە کۆنەکان و ئەفسانەکانی ناوچەکەوە هێناوە و دەریدەخەن ڕێز و پیرۆزێتی ئاو و توخمەکانیتر لێوەیان نزیکن.

ئەگەر بەوردی سەرنج لە هەڵکۆڵینی شاخەکە بدەین دەتوانین بڵێین کە ئەم پاشماوەیە پسپۆڕێتییەکەی بەشێوەیەکی گشتی پەیوەستە بە ڕێورەسمی مەزەبی و گابەردەکەی بەرامبەریشی کە لەئێستادا جادەی مەهاباد بەنێوانیاندا دەڕوات پەیوەستە بە شوێنی شاردنەوەی لێپرسراوانی پەرستگاکە. لێرەدا دوو جۆر ڕێورەسمی مەزەبی ئەنجامدراوە یەکەمیان لە فەزای ئازاددا ئەنجامدراوە، ئەویتر بە گۆرە هەڵکۆڵراوەکەوە دیارە کە لە دڵی بەردەکەدا هەڵکۆڵراوە، بەڵام بەڵگەکان دەریدەخەن سنووردارێتی ئەم ئاسەوارە بەزۆری و بەکردە لە ئەنجامی ڕاکێشانی جادەی قیرتاو بووە کە بەشێك لە پاشماوەی ئاسەوار لەناوچووە، بەڵام ڕنینی دیواری خۆرئاوای دەستی چەپ هەتاکو ئێستاش ڕنینەکە بەرچاودەکەوێت. ئەو چەند پلیکانە شێوە بازنەییانە کە بە چەندین ڕیز دەوری بیناکەی داوە لە وێنەی سووتاندنی ئاگرەکە واتە سەنتەری بیناکە. پلیکانە زبرەکانیش هاوشێوەنین کە ژمارەیان بە مەزەندە (٨٥) پلیکانەن و لە (٣) لاوە دەوری تەپەی ناوبراویان داوە کە پێدەچێت تەپەکە شوێنی شاردنەوەی مردوو بووبێت. لە بەشی باشووری تەپەکەدا کە دەڕوانێت بەسەر گوندی (وسوکەند) کونێك هەیە بە قووڵی (٧٥)سم هەڵکۆڵراوە، کۆتاییەکەی دەگاتەوە بە ژوورێك لەناو تەپەکەدا. لەوانەیە ئەو کونە شوێنی تایبەت بە دەروازەی

ئەسڵی ئەو بینایە بوو بێت کە لەئێستادا بە گڵ داپۆشراوە و پڕبووەتەوە لەوێشەوە بە ڕێڕەوێك دەگەیتەوە بە کونێك کە پاشماوەی ئاگر و ڕەشیی بە دیوار و بنمیچەکەیەوە دیارە. وادیارە لەو ڕێڕەوەدا ژورێك بوو بێت کە بە ڕێژەیەك گەورەیەوە بەکارهێنراوە بۆ ئامادەکردنی خۆراك. لێرەش بەدواوە دەگەیتەوە بە ڕێڕەوێکیتری دەرکەوتووی نوێ کە دەتگەیەنێت بە ژمارەیەك ژووریتر و شوێنی نادیاری ناو پەرستگای ئاگرەکە لەوێشەوە ڕێڕەوەکە بەردەوامی هەیە و دەڕوات. لە دیواری باشووری تەپەکەشدا دیمەنی کەناڵێکی ئاو دیارە چووەتەناو تەپەکەوە، وادیارە لەم تەپەیەدا ئاوی بۆ ڕاکێشراوە ئەوەش بەهۆی ئاوی گوندی کارێزەوە بووە کە بەشی باشووری خۆرئاوای پاشماوەکەی گرتووە و گەیشتووە بە تەپەکە. لە بەشی خۆرهەڵاتی کەناڵی ئاوەکەدا ڕیزێك بەردیتر بەرچاودەکەون کە بووە بە بەشێك لە (بەردەکونتە)و درێژبووەتەوە و دەگاتەوە بەناو ڕووبارەکە بە گۆشەیەکی ٤٥ پلە، هەروەها بەلای خوارووی ڕووبارەکەشدا بەردەوامدەبێت لە ڕۆشتنا هەتاکو لە مەودای دە مەتردا هاوتەریبدەبێتەوە لەگەڵ جادە بەردینەکەدا کە بەشێکی تێکچووە. پێدەچێت ئەو ریزەبەردە پاشماوەی دیوارەکانی قەڵاکە بێت، یان بۆ پاراستنی شارەکە شوورەیەك بێت دانرابێت. دووریش نییە پاشماوەی بەنداوێکی کۆن بێت کە لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی مانایيدا دروستکرابێت. واتە بیناکە پاشماوەیەکی پیرۆز و گرنگی بیناسازی مانایيە کە لە شاری وێرانبووی (داریوسا)دا بووە و ڕۆژگارەکەی گەورەتر و شکۆدارتری کردووە بەپێچەوانەی ئەمڕۆ کە دەیبینین وێرانییەکە. بیناکەش لە باشترین شوێنی شارەکەدایە کە بووەتە بەشێك لە بنەمای ڕەسمی شوێنەکە و بەشەکانیتری دیارە لەژێر خاکدا شاردراوەتەوە کە یەکتری تەواودەکەن. پیاوانی ئایینی لێپرسراوانی ئەم پەرستگایە - واتە پەرستگای ئاگر - دانیشتووی بەردەوامی ئەم شوێنە پیرۆزە بوون بەڵگەش بۆئەمە لەنزیکی ئەم بینایە بینایتر دروستکراون بۆ مانەوەی هەتاهەتاییان. هەموو ئەم بەڵگانە گومان دەڕەوێنن بۆ گەیشتن بە پایەوپلە کە لەناویاندا بە میرات بۆیان ماوەتەوە، پلەوپایەش وەرگرتن هەموو چینەکانی کۆمەڵگای ڕۆژگاری مانایی گرتووەتەوە.

لەوانەیە پادشاکانی مانایی و دەربار و دانیشتووانی شارەکە و هی شارەکانیتر (ماننا) هاتوون بۆ شوێنە دیاریکراوەکان ساڵانە یان مانگانە بۆ بەجێگەیاندنی ڕێوڕەسمی ئایینی و تەشریفات و تایبەتییەکان و پێشکەشکردنی دیارییەکان بە شوێنە پیرۆزەکە کە بۆیانهێناون. ئەم پەرستگایە لە ڕۆژگاری ماد و هاخامەنشی تاوەکو کۆتایی حکومەتی ساسانی پڕشکۆیی

...دا بەردەوامیش شوێنێکی پیرۆزبووە و ماوەتەوە. پەرستگای بەردەکونتە لە بەهاری ...ی (١٣٦٤) (١٩٨٥ز) دوای کاری لێکۆڵینەوە و کنە و پشکنین تێیدا لەلایەن (محەممەتی کەرگەر) بەپێی پێشنیاری ئیدارەی فەرهەنگی گشتی ئازەربایینجانی خۆرئاوا، شوێنەوارەکە وەکو پاشماوەیەکی ئاسەواری میللی ئێران تۆمارکراوە. ئەم پەرستگا کۆنە، بیناسازییەکەی گرنگە و سنووردارە بە فەردی ئێران لە هەزارەی یەکەمی پ.ز ئومێدەوارین کنە و پشکنین و لێکۆڵینەوەی زانستی شوێنەوارناسی لە ئایندەی نزیکدا تێیدا ئەنجامبدرێت و گۆشە تاریکەکانی و شوێنە نەناسراوەکانی ئەو پەرستگایە و کۆمەڵە بەردە گەورەکانی دەربکەون بۆ خزمەتی مێژووی کۆن.

هەندێک راو بۆچوون لەسەر پەرستگاکە:

کە دێینەسەر باسی پەرستگای بەردەکونتەی ناو شاروێران لە باکووری شاری مەهاباد دەبێت ئەوە بخەینەبەرچاومان کە پەرستگای ناوبراو بەشێکە لە مێژووی پاشماوەی شوێنەوارەکە و (فەقرەقا) یان (فەخریکا)ش کە گۆڕێکی هەڵکۆڵراوی بەردینە لە هاوشێوەی قزقەبان و ئەو گۆڕانەیتری ناوچەی کرماشانە لەوانە دووکان داود، یان زیندانی زوحاکی ناوچەی هەورامانی خورماڵ. ئەو گۆڕە و پەرستگاکەش کە دەکەونە ناو شاروێران دەبنە چەند ئەڵقەیەك لەو زنجیرە گەورەیەی کە ناوی شاروێرانی لێنراوە و بەهەموویان بەڵگەن بۆ شارستانێتییەکی دێرین. ئێمە لەم راوبۆچوونەماندا دەبێت ئاماژە بەوەبدەین کە شاروێران لە رۆژگاری خۆیدا رووەو خۆر پاشماوەکانی لە خانووبەرە دروستکراون بەڵگەش بۆ ئەمە بە کەلاوە وێرانیەکانییەوە دیارن لەوانە پەرستگاکە دێت. لەم دیاردەیەدا ناوبراو هاوشێوەی شاری (حەزەر) یان (حەترا)ی شاری رۆژ دێتە ئەمەش پەیوەستە بە دابونەریتی ئاینەکە و نموونەی ئەوەش پەرستگای ئاگری (بەردەکونتە)یە و پاشماوەکەی ساڵی ١٩٨٥ز کاری کنە و پشکنینی تێداکراوە. لەئێستادا شارەکە لەبەرئەوەی کاری کنە و پشکنینی بەرێگای زانستی تێدانەکراوە ناتوانین راوبۆچوونی تەواو لەسەر پاشماوەکە بەگشتی بدەین، بەڵام بەپێی لەتەگۆزە و گڵێنەکانی کە بەڵگەن بۆئەو سەردەمانەی بەسەر شوێنەکەدا تێپەڕیون بۆیە دەتوانین بڵێین:

١. هەموو ئەو لەتەگۆزە و گڵێنانەی لەسەر پاشماوەی شاروێران و پەرستگای ئاگری بەرچاودەکەون ئەوە دەگەیەنن کە دانیشتووانی پاشماوەی شوێنەوارەکە بەردەوام شارەکەیان

ئاوەدانبووە هەر لە دوادوای چاخی هەشتەمی پ.ز بیگرە واتە لە سەردەمی مادەوە هەتاکو دەگاتەوە بە سەردەمەکانی هاخانشی و سلوکی و ئاشکانی و ساسانی کە دوا سەردەمە و لە سالّی ٦٥١ز کوتایەهاتووە کە بە دووری نازانم لەلایەن ئەعرابەکانەوە کرابێتە شارێکی وێران.

٢. شوێنی شارەکە کە رووی لە خۆرە پێوەیدیارە کە دانیشتووانەکەی خۆرپەرستبوون، بۆیە دەڵێین ئایینی خۆرپەرستی بەر لە ئایینی زەردەشتی لەناو ماناییەکاندا بلاّوبووەتەوە ئەمانە عەشیرەتێکن لەو حەوت عەشیرەتەی کە دەوڵەتی مادیان پێکهێناوە بە سەرۆکایەتی (دیاکۆ)ی مانایی. بەڵگەی بەرچاویش بۆئەو بۆچوونە ئەو نەخشونیگارانەیە کە بەسەر لەتەگۆزە و گلێنەکانەوە بەرچاودەکەون کە شێوەی چەپکە تیشکیان وەرگرتووە و بە نینۆك نەخشێنراون ئەمەش راستی ئایینەکە و سەردەمەکە بەرجەستەدەکات.

٣. پێدەچێت بەپێی پاشماوە شوێنەوارییەکەی شاروێران و قەلاّتی زێویەی ناوچەی سەقز و قەلاّیچەی بۆکان سەرەتای شارستانێتی شارنشینی مادەکان لە ناوچە گوندنشینەکانەوە دەستپێکردبێت و دواتر بەرەو شار دروستکردن هەنگاویاننابێت. سەرچاوەکانیش باس لەوەدەکەن کە (دیاکۆ) یان (دێو سپی) هەروەکو لەوەوبەر ئاماژەماندا بەردی بناغەی بۆ دەوڵەتی ماد دانابێت واتە دەسەلاّتیان لە ناوچەی گوندنشینی کوردستانی رۆژهەلاّتەوە لەوێوە بەرەو دروستکردنی شار و گەیشتن بە پایتەخت هەروەکو لە (ئەکبەتانە) یان (هەگمەتانە)دا بەرچاودەکەوێت. شاروێرانیش دەچێتەناو چوارچێوەی سنووری دەسەلاّتیانەوە کە پێدەچێت رۆڵی کاریگەری گێرابێت لە ماوەی دەسەلاّتیاندا.

٤. لەرووی ئایینییەوە پەرستگای ئاگری (بەردەکونتە) پێدەچێت بۆ هەمان دەسەلاّتی پادشای ناوبراو بگەرێتەوە کە بەلّگەی ئەوەمان پێدەدات مادەکان خۆرپەرستبوون، دیارە ئایینی زەردەشتیش دواتر لەناو هاخامەنشینەکاندا بلاّوبووەتەوە، بۆیە دەتوانین بلّێین پەرستگای ناوبراو مێژووەکەی لە پاشماوەکەی شاروێران و فەقرەقا جیانابێتەوە کە بەلّگەن بۆ دەسەلاّتی مانایی لە سەردەمی دیاکۆ کە سەرجۆنی ئاشوری (٧٢٢ - ٧٠٥ پ.ز) گرتوویە و بەدیلێتی بردوویەتی بۆ (حەما) لە سوریا بەلاّم دواتر گێراویەتیەوە بۆ دەسەلاّت.

•••

سەرچاوە:

گۆڤاری مەهاباد ژ (١٥١) سالّی ١٣٩٢ (٢٠١٣ز) بەشی فارسی ل ٥٨ - ٥٩.

وەهمی زەردەشت و زەردەشتییەت
لە نێوان پێغەمبەربوون و بەئایینبووندا

ئامادەکردنی: خالید دۆستی

تائێستا گەلێجار لە مێژووی تازەی کوردستاندا روویداوە کە هەندێ لە رووناکبیران و سیاسەتمەداران بانگەشەی گەڕانەوە بەرەو ئاڤێستا و دینی زەردەشتییان کردووە و هەوڵیانداوە ئەم بیرکردنەوەیە وەک ڕێبازێکی ئایدیۆلۆژی و سیاسی پێشانبدەن کە کلیلی چارەسەری کێشەکانی کوردی پێیە کە بەوردی تاوتوێیبکەین دەبینین ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە هەمیشە لەوکاتەدا سەریهەڵداوە کە بزووتنەوەی کوردایەتی لە قەیرانێکی فکریدا ژیاوە و کەوتووەتە بەردەم دووڕیانێکی مێژوویی و ویستوویەتی رێگایەك بۆ چارەنووسی خۆی بدۆزێتەوە، بەڵام گەر بۆ شوێنەواری دینی زەردەشت و زمانی ئاڤێستا بگەڕێین لە زمانی کوردی ئەمڕۆدا و لە سەردەمی ئەمڕۆی کورددا، بێگومان گەلێ نیشانە لەئارادایە کە پێوەندی مێژووی و زمانی کورد و ئەو دینە و ئەو زمانە جەختدەکەن، بەڵام ئەم نیشانانە لای گەلانیتری ئێرانیش بەدیدەکرێت. بنەمای سەرەکی ئایینی زەردەشت فەلسەفەی دوالیزمە، واتا باوەڕ بەوەی ئەم گەردوونە و جیهان لەبەردەم دوو هێزی دژبەیەك و نەیاردان کە ئەوانیش هێزی چاکە و هێزی خراپەن، رووناکی و تاریکی، ئەرکی مرۆڤ ئەوەیە کە پشتی یەکەمیان بگرێت.

لە سەردەمی ئەمڕۆماندا هێزی تاریکی و خراپە زۆر سەرکەوتنی بەدەستهێناوە و چاکە و رووناکی لاوازبووە، بەڵام لەدواییدا رووناکی سەردەکەوێت، ئەم باوەڕە لای گەلێ دینی تایبەتی کوردان وەك کاکەیی و یەزیدی هەیە، بەڵام بیری خودا و شەیتان و نەفس و رۆحیش لەئیسلامدا و لای دینەکانیتریش هەر رووخسارێکی ئەم بیرەیە. لە بواری زمانەوانیشدا گەلێ وشە هەیە کە لە تێکستەکانی ئاڤێستادا بەرچاودەکەوێت. ئەمڕۆ لە زمانی کوردیدا یا لە هەندێ دیالێکتیکی زمانی کوردیدا ماون و گەشەیانکردووە. ئەگەربێتو زیاتر پێوەندی کورد و ئایینی زەردەشت شیبکەینەوە ئەوە بۆماندەردەکەوێت کە بەرلەهاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، بەشێکی خەڵکی

کوردستان شوێنکەوتەی ئایینی زەردەشت بوون، دەربارەی مەسەلەی پێغەمبەربوون و نەبوونی زەردەشت هێشتا وا بەئاسانی یەکلانەبووەتەوە، چونکە هەرچەندە واپێدەچێ کە ئایینی زەردەشتی لایەنی یەکتاپەرستی پێوەدیاربێت، بەڵام ناتوانرێت بڵێین کە ئایینێکی یەکتاپەرستییە. لەڕاستیدا زۆر لایەنی تایبەت بە زەردەشت جێگای لێکدانەوە و ڕای جیاوازی جۆربەجۆرن، هەر بۆ نموونە مێژووی لەدایکبوونی زەردەشت ئێجگار تەماوی و ئاڵۆزە، مەسعود محەممەد لە کتێبی ئەلموجتەمەع ئەلبەشەری (المجتمع البشري)دا لە لاپەڕە (١٠٥)دا دەڵێ: (لە ئەفلاتۆنەوە دەگێڕێتەوە کە لە سەدەی پێنجی پێشزایین زەردەشت شەش هەزار ساڵ پێش ئەو ژیابێ و تاوەکو ئێستا گرنگیپێدانێکم بەم بابەتە هەستپێنەکردووە کە لەلایەن پێوەندیدارەکان گرنگییەکی ئەوتۆ بەم بابەتە درابێت). نووسەرێکی عەرەب کە ناوی (محەممەد حەسەن)ە لە کتێبی تەییارات ئەلفەلسەفە ئەلشەرقییە (تيارات الفلسفه الشرقيه) لە لاپەڕە (١٨)دا پشتی بەستووە بە گێڕانەوەی مێژووی زەردەشت ئاماژە بەوەدەکات کە سێ زەردەشت هەبوون یاخود سێ کەس بە زەردەشت ناسراون کە یەکەمیان (شتك) کە ئاگری دۆزییەوە، دووەمیش (زرادشت) کە ئێستا لەناو خەڵکدا بلاویئەوەکرێتە سێیەمیان (ئیبراهیمی خەلیلە) ئەگەر ئەم بۆچوونانە ڕاستبندەبێت زەردەشت نازناو بێ نەك ناو وەکو نازناوی فیرعەونەکانی میسر کە چەندین فرعەون هەبوون کە ناوی تایبەتییان هەبووە.

(ئەحمەد ئەمین) لە کتێبی فەجرولئیسلام (فجر الأسلام)دا باس لە بوونی زەردەشت دەکات و دەڵێت: (بوونی زەردەشت خۆی جێگەی گومانە لای زۆرینەی خەڵك تا لەئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی زۆر گەیشتە ئەوەی کە زەردەشت کەسایەتییەکی مێژوویییە نەك خورافیات کە لە هۆزی میدییەکان بووە، لە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی فارس دەرکەوت لە سەدەی حەوتی پێشزایین مردووە لە دەوروبەری ٥٨٣ پ.ز کە تەمەنی (٧٧) ساڵی بووە و یەکەم سەرکەوتنی بەدەستهێناوە لە شاری بەڵخ لەهەموو ناوچەکانی فارس. لە کتێبی تەئریخ ئەدیان جەهان (تأريخ اديان جهان) (عەبدولعەزیم ڕەزایی)دا کە کتێبێکی فارسییە دەڵێت: (بەرلەوەی کە قسە لەسەر دینی زەردەشتی بکەین بزانین دەربارەی زەردەشت هەندێ لە توێژەران دەرکەوتنی ئەم کەسایەتییە دەگێڕنەوە بۆ هەزارەی دووەم و سێیەمی پێشزایین)، هەروەها لە کتێبی (اديان زنده جهان)ی (رابرت ا. هیوم) باس لەوەدەکات کە شوێنکەوتوانی زەردەشت هەمیشە زەردەشتیان وەکو یەکەمین کەسایەتی مێژوویی دیار دەستنیشاندەکەن، بەڵام دەربارەی بوونی ئەو یا مێژووی ژیانی

ـە شەش هەزار ساڵ پێشزایین یاخود هەزار و چوارسەد ساڵ، یاخود هەزار ساڵ یا شەش حەوت سەدە پێشزایین ژیاوە کە ئەمە جیاوازییەکی زۆرە لە مێژووی ژیانیدا، تەمەنی پانزە ساڵ بووە وەکو سەرمەشقێکی ئایینی خۆی دەرخستووە، کاتێ کە باوکی ویستی ژنی بۆ بخوازێت پێچەوانەی ویستی باوکی دەوەستێتەوە، تەرکی ماڵەوە دەکات و خۆی بۆ بانگەوازی ئەم ئایینە یەکلادەکاتەوە. دەستدەکات بە بانگەشەی ئەم ئایینە بەناوی خۆیەوە، لەسەر دوو بنەما کە یەکەمیان ئاهورامەزدا هێزی چاکە و خێرخواز و دووەمیان ئەهریمەنە کە هێزی خراپە و شەڕە، کیتابی پیرۆزی زەردەشتیش بریتییەلە ئاڤێستا و ژمارە سورەتەکانی (٢١) سورەتە و ژمارەی هەر سورەتێك (١٠٠) وەرەقەیە و بە زمانی فارسی نووسراوە، لە بۆچونی زەردەشتیشدا مرۆڤ دوو ژیانی هەیە: ژیانی یەکەم دونیایە و ژیانی دووەمیان دوای مردنە، لە ژیانی دووەمدا ئەنجامی کارەکانی ژیانی یەکەمی وەردەگرێت. بەپێی ڕێنماییەکانی زەردەشت ڕۆژی دوایی نزیکە، کۆتایی ئەو ڕۆژە دوورنییە، ئاهورامەزدا هێزی کۆدەکاتەوە بۆ لێدانی خاوەندی شەڕ بە لێدانێکی بەهێز و ئەشکەنجەی دەدات بە دۆزەخ. لە کتێبی (الزرادشتیة تأریخا و عقیدة و شریعة)ی (خالد السید محمد الغانم)دا هاتووە کە زەردەشتییەت ئایینی فارسەکانە و دامەزرێنەرەکەی زەردەشتە کە گورزێکی کوشندەبوو لە چاکسازی ئایینی بتپەرستی فارسەکانی وەشاند. زەردەشتییەت دەڵێت: ڕووناکی و تاریکی دوو بنەمای دژیەکن ئەوانەش (ئاهورامەزدا و ئەهریمەنن) کە ئەوانە سەرچاوەی خێر و شەڕن. زەردەشتییەت بەناوێکی زۆرەوە ناسراوە وەکو: دامەزرێنەری ئایینەکە، خواوەندەکەی، کتێبەکەی کە ئاڤێستایە، بەپێی لێکۆڵینەوەی توێژەران گەیشتوونەتە ئەو ڕایەی کە بانگەشەی زەردەشتییەت چەند مەبەستێکی لەپشتبووە لەوانە:

١. باوەڕبوونێکی تەواو بە ئاهورامەزدا و پەراوێزخستنی هەموو خواوەندەکانیتر بووە لە بیروباوەڕی خەڵکدا.

٢. باوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی کە هەموو کەسێك لێپرسینەوەی بەپێی کردارەکانی لەگەڵ دەکرێتە خێر بە خێر و شەڕ بە شەڕ.

٣. ئاسوودەیی دەروونە بۆ مرۆڤەکان.

٤. کارکردن بە ئایین و بانگەشەکردن بۆی، فەرمانکردن بە دەروون بۆ کاری خێر، کارکردن بۆ کۆمەڵگا بۆئەوەی ببێتە سامانێك بۆی.

٥. زیادکردنی وەچە بە پرۆسەی هاوسەرگیری.

هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی ئایینی زەردەشت:

١. دڵسۆزی زەردەشت بۆ بانگەشەکەی.
٢. باوەڕهێنانی کوڕی **ملەی زەردەشت و پاشا کشتاسپی و هاوولاتییەکانی** و بانگەشەکردنی ئایینی زەردەشت **لەلایەن پاشاکانی فارسەوە.**
٣. کوڕانی **زەردەشت کە بووە هۆی بەرزترخاندنی ئایینەکەی و پشتگیریکردنی مەزهەبەکەی.**
٤. **کتێبەکەی کە ئاڤێستایە.**
٥. **شوێنکەوتنی** ڕێنماییەکانی زەردەشت.
٦. پشتگیریکردنی ئاگرپەرستەکان بۆ زەردەشت.

ڕەگەزە گرنگەکانی لای زەردەشت بریتینە:

ئاو و هەوا و ئاگر و خۆڵ کە چوار ڕەگەزی گرنگن لە ژیانی مرۆڤدا نابێت پیسبکرێن. بەلای زەردەشتەوە ئاگر پیرۆز نەبووە و بانگەشەی بۆ نەکردووە و نەپەرستووە، بەڵکو هێمای ئاسمانە وەکو خۆر، بەنیسبەت خۆڵیشەوە نەپەرستراوە بەڵکو لە دیدی زەردەشتییەکان خاک سەرچاوەی ڕۆزی خەڵکە لەخۆڵدا گەنم و جۆ و داری تیادادەچێنرێت، ئاویش سەرچاوەی ژیانە و هەواش هەروەها سەرچاوەی ژیانە. لای زەردەشتییەکان سەگ و گا پیرۆزبوون، چونکە لە دیدی زەردەشتییکانەوە ئاهورامەزدا گا و مرۆڤی لە یەك شت دروستکردووە و گا بۆ زەوی کێلان بەکاردێت کە سەرچاوەی بەختەوەری ژیانە، سەگیش پیرۆزبووە، چونکە بۆ پاسەوانی زەوی و مەڕ و ئاژەڵ بەکاردێت. خاڵێکیتری ئایینی زەردەشت بریتییەلەوەی خواوەندی خێر پێویستی بە مرۆڤە بۆ زاڵبوون بەسەر شەڕدا و خاڵێکیتری ئایینی زەردەشتییت بریتییەلەوەی کە مرۆڤ دەمرێت و نابێت بنێژرێت لەبەرئەوەی خۆڵ پیرۆزترە لە لاشەی مرۆڤ و نابێت لاشەکەشی بە ئاو بشۆردرێت چونکە ئاو پیرۆزە و بۆ خواردنەوە و کشتوکاڵ بەکاردێت، ئەمانەی لای خوارەوەش هەندێکیدیکەن لە بنەماکانی ئایینی زەردەشتی:

جیاوازی لە کۆمەڵگەی زەردەشتیدا لەچینێکدا خۆی دەبینییەوە بۆ نموونە دەوڵەتی ... کە لەسەر ئایینی زەردەشتی بوون چینی چوارەمی کۆمەڵگە خوێندەواربوون وتە هەموو کەسێك مافی خوێندەواری نەبوو.

٢. مرۆڤیان نەناشتووە، چونکە خاك پیرۆزە، لاشەکانیان لەسەر شوێنێکی بەرز داناوە تا باڵندە لاشەکانیان خواردووە، لەگەڵ چەندین هەڵەیتر کە ناکرێت لە هیچ ئایینێکیتری ئاسمانیدا ئەو هەڵانە هەبێت کە خوای گەورە بۆ پێغەمبەرانی ناردبێت، بۆیە دەبینین کاتێك ئەم ئایینە لەناو مادەکاندا بڵاوبووەوە زەردەشت بانگەشەی بۆ دەکرد، بۆیە (مۆغەکان) لەسەرەتادا دژی وەستانەوە و زەردەشت ناچاربوو وڵاتی خۆی بەجێبهێڵێت و پاش ئەمە چووە باشووری ئێران و دوای ماوەیك مادەکان چوونەسەر ئایینی زەردەشت و دووبارە زەردەشتییەکان توانییان دەسەڵات بۆ خۆیان قۆرخبکەنەوە، دواتر ئایینی زەردەشتی بووە ئایینی فەرمی لە سەردەمی ئەخمینەکاندا بەتایبەت لە سەردەمی دارای سێیەمدا. دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ئایینە لە وڵاتی فارسدا و دوای هەرەسهێنانی دەوڵەتی ئەخمینی لەسەر دەستی ئەسکەندەی مەقدۆنی لەساڵی (٣٣١)ی پێشزاییندا کە لێدانێکی کوشندەبوو بۆ ئەم بنەماڵە و ئەم ئایینە، دواتر ئەم ئایینە لە سەردەمی ساسانییەکاندا سەریهەڵدایەوە کە لە (٢٢٤)ی زایینی دەسەڵاتییان گرتەدەست تاکو هەرەسهێنانیان لە جەنگی قادسییە و نەهاوەند و جەلەولادا لەسەر دەستی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا. لەو ماوەیەدا ئایینی زەردەشتی بووە ئایینی فەرمی دەوڵەتی ساسانی، سیاسەتی وڵاتیان لەسەر بنەمای ئایینی بونیادنابوو کە ئایینی زەردەشتی بوو و گرنگییان بە پیاوانی ئایینی زەردەشتی دەدا و ئەم پیاوانە زۆر رەگەزپەرست بوون و رێگەیان بە هیچ ئایینێکیتر نەدەدا کە لەوڵاتدا پەرەبسێنێت، ئەو رەگەزپەرستییەش لەسەر بنەمای سیاسی بوو، ئایینی زەردەشت ئایینی راگەیاندن نەبوو، سەرکردە بانگەوازەکانی ئەم ئایینە رێگەی رزگاربوونییان نەبوو، هەربۆیە ئەم ئایینە کەوتەژێر سێبەری ئایینی پیرۆزی ئیسلام و زۆر لە ئایینزاکانی زەردەشت چوونە ناو ئایینی ئیسلام و هەندێکییان رایانکرد بۆ جەزائیر لە کەلیجی فارسەوە و دواتر بۆ هیندستان تائێستاش هەندێك لەو بنەماڵانە لە شاری بۆمبای بەناوی فارسەکانەوە دەستیان بە دینەکەیانەوە گرتووە.

زەردەشت و پێغەمبەرایەتی:

زەردەشتییەکان باوەڕییانوایە کە زەردەشت نیگای بۆ هاتووە کاتێك تەمەنی سی ساڵ بووە، پاشان ئەم نیگایە لەلایەن فریشتە گەورەکانەوە دەستپێکردووە و باگهێشتکراوە لەلایەن (فوهومانا) بۆ فێرکردنی ڕێنماییەکان. سەبارەت بەمە بەشێك لە لێکۆڵەران بەهۆی ئاڤێستای پەهلەوییەوە کە گاتاکانیان شیکردووەتەوە، بە هەڵە لە "زوت" یان "سەرۆکی کاهینەکان" واتە مەراسیمی ئامادەکردنی زوت تێگەیشتوون بەوجۆرەی کە دایانناوە زەردەشت سەر بە تایفەی کاهینەکانە، ئەمە لەحاڵێکدا کە (زئوتر گاتاکان) هیچ پێوەندییەکی بە کاهینەکانەوە نەبووە، هەر بەوجۆرەی کە لە ئاڤێستای نوێدا هاتووە زۆربەی زاراوەکانی پەیامی زەردەشت بەشێوەیەکی چەواشاکاری کەڵکیلێوەرگیراوە (زئوتر)یش بووەتە خاوەنی مانایەکیتر. (لۆمیل) دەربارەی ئەوەی کە زەردەشت (کاهین)ە ئەوەی یانا ئەوەی نیشانداوە کە لەو سەردەمەدا (مۆغ)ەکان گروپێکی روحانی بوون کە لەرەچەڵەکدا هەبوون و هاوشێوەی رۆحانییەکانی یۆنان و کلدان بوون، ئەم لەیەکچوونەش هەبووە. (لۆمێل) بۆ پشتگیری و نیشاندانی تیۆرەکەی دەریخستووە کە غەیری زەردەشت لە پێغەمبەرانیتر ئەوانیش پێوەندییان بە چینی رۆحانییە کاهینەکانەوە هەبووە و بێئەوەی ناوی یەکێك لەوانە بهێنێ. (لۆمێل) دەنووسێ: "قوتابخانەی زەردەشت زیاتر لە فەلسەفەیەکی شهودی دەچێ هەتا لە ئایینێك کە تەنیا رۆحانییەتێکی سەرمایەدارانە راڤەدەکات". (هەرتێل) دەنووسێ: " زەردەشت بە هیچ شێوەیەك کاهین و رۆحانی نەبووە، بەڵکو دوژمنی سەرسەختی خواکان و کاهینەکان بووە"، لۆمیل دژی هەرتێلە چونکە هەرتێل دەڵێت: "زەردەشت کاهین نەبووە، ئەو لەنامەیەکدا ئەو پرسەی شیکردووەتەوە و بڕیاری لەسەرداوە و بەو ئامانجە گەیشتووە کە زەردەشت بەدڵنیاییەوە لە چینی جوتیارە و بە چینی ئەشراف و جەنگاوەر و رۆحانی پێوەستنەبووەو باشتروایە بڵێین: لەوجۆرانەیە کە دۆستی شوان بووە، بەوجۆرە جارێکیتر ویژدان رێگای نەداوە کە شوان ببێتە قوربانی دێوەکان یان خواکان بۆیە بەسەختی دژی ئایینی قوربانی بووە". لەم لێکۆڵینەوەیەدا باوەڕوایە کە لە سەرتاسەری گاتەکاندا زانراوە کە زەردەشت پێوەندی بە چینی رۆحانییەکانەوە نییە و لەهەمانکاتیشدا بەرگری و پاراستی بەهێزی لە چینەکانی خوارەوە کردووە، واتە یاسادانانەکەی و ئابورییەکەی جوتیارییە و پێوەندییەکەی بە بنەماڵەکانەوە گەورەترین و بەنرخترین شایەتە کە بانگەشەی بۆ دەکات. هەرتێل وشەی (زئوتە)ی

... گۆڕیوە بە واتای ئەو کەسەی بانگەوازدەکات، ئەم گۆڕینەش بەشێك لە زەردەشتی و ... و خۆرهەڵاتناسان پشتگیریلێدەکەن. هەرتێل دەنووسێ: "لە ئادابی قوربانیدا کاهینێك هەبووە کارەکەی بانگهێشتی رۆحە زیندووەکان بووە کە گۆشتی قوربانییان پێشکەشکردوون، ... ئەو کاهینە (زوتە) یان (هوتەر) بووە، بەڵام کاهینێك ئەگەر کاری هەر بانگهێشت بووبێت بەواتا کاهین نەبووە. ئەوانەی پێوەستن بە چینی کاهینەکانی زەردەشتییەت بە لوتکە دیاریدەکەن. مۆڵتۆن لە سروودی (٣٣) سی و سێدا گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە زەردەشت کاهینە، بەڵام دواتر دەڵێت: "من کاهینێکی پەروەردەییم نیشانیدەدەم ئامۆژگارییەکانم راستن و ئەتوانامدا هەیە بۆ بەرزکردنەوەی ژیانی جوتیاران کاربکەم"، بەڵام دواتر مۆڵتۆن لەم رایەی پاشگەزبووەتەوە بەوەی کە زەردەشت کاهین نەبووە، هەروەکو دەنووسێ: "من ناتوانم بڵێم زەردەشت پێوەستبووبێت بە چینێکی تایبەت یان رۆحانییەوە"، بەڵکو دەڵێت: "بەڵێ زەردەشت مامۆستا و پەیامبەرە ئەمەش بەئاشکرا لەگاتاکاندا ژمارەیان هەیە، جارێکیتر مۆڵتۆن دەنووسێ بەپێی ئەو پەیامەی وەزیفەی رۆحانییەکان کە تەنیا کاری تایبەتییان هەبووبێت تەواونییە، لە ئاداب و رسوم و دروشمەکاندا یان سیحر و ئەفسوونەکان بە بەراوردکردنیان بە کارە زیندووەکانیتری پیاوەچاکەکانی دنیا، لەم پەیامەیدا بە کەمترین شێوە یان سوربوونیان دەردەخات و پشتگیرییانلێدەکات. بەوپێیە ریشەی ئەم ئایینانە کە رەچەڵەکی خۆیان هەیە، بەڵام لە قۆناغەکانی دواتردا لەکاتێکدا ئایینێك ژیانی بەردەوامی هەبووە بەهەمانشێوە لە ژیانی خۆیدا (واتە زەردەشت) درێژەی هەبووە.

(یویس) باوەڕیوایە جگەلە زاراوەی (زئوتر) بەڵگەیەکی گرنگیتر هەیە کە پێوەستی زەردەشت بە چینی رۆحانییەکانەوە دەسەلمێنێ ئەویش باوەڕیوایە ئەو سەردەمەی ئەو سروودانەی تیارێکخراون بەوشێوە دەوڵەمەندە و لەو دەریایەدا لە کەسانیترەوە بۆیان ماوەتەوە کە لە منداڵییەوە ئەوانە لەو هۆنراوانەدا مەشقیانکردووە و فێرکراون ئەوانەش بە چینی رۆحانییەکانەوە پێوەستبوون کە لە هیند و ئێران منداڵی خۆیان لە تەمەنی حەوتساڵیدا ناردووەتەبەر خوێندنی عیرفانی و مەزهەبی و پێیانسپاردوون (یویس) بڕیاردەدات باوەڕ بەو شتانە دەهێنێ کە دەڵێ: "رێکخستنی سروودی عیرفانی دەوڵەمەند بەپێی ئەو ئامۆژگارییانەی لای رۆحانییەکان گرنگیپێدراوە جێبەجێکردنییان هەروا ئاساننەبووە، کۆمەڵێ خەڵکیش لەوە بەئاگابوون کە لەسروودەکاندا گەورەیی (زەردەشت)یان بە ئێمە ناساندووە بەوشێوەی کە پەیامبەرێکە و ...

رۆحی زۆری هەیە لە مەسەلەکانی زانستی و لاهوتیدا یان نەرووی مەعریفەت و بینینی شتەکاندا کە تیابەرجەستەبوون، لایەنێکیتر ئەوەیە ئایا زەردەشت پێغەمبەری کورد بووە یاخود پێغەمبەری ئێرانیان بووە، لەڕاستیدا بەهەمانشێوە سەبارەت بەوەی کە ئایا زەردەشت لە رۆژئاوا یان رۆژهەڵاتی ئێران سەریهەڵداوە گرفتی زۆر هەیە. لایەنێکیتریش کە پێوەندی نێوان کورد و ئایینی زەردەشتی روونبکەینەوە بریتییەلەوەی ئایا زۆربەی هەرە زۆری کورد پێش هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆ ناوچەکە لەسەر ئایینی زەردەشت بوون. دوکتۆر (رەشاد میران) لە کتێبی (رەوشی ئایینی و نەتەوەیی لەکوردستاندا) دەڵێت: "وا دیارە زۆربەی کورد لە دەوری پێش ئیسلامدا زەردەشتی بوون، بەڵگەش بۆ ئەمە هەبوونی ئاسەوار و جێپەنجەی زەردەشتیی لە ژیانی مەتریالی و گیانی کوردی ئێستادا وەکو: سوێندخواردن بە ئاگر، جەژنی کۆمسا لە هەورامان، حەوت خواوەندی ئێزیدی، حەوتەوانەی ئەهلی حەق و هیتر). لەهەمان کتێبدا دکتۆر باس لە نموونەیەکیتری پێوەندی نێوان کورد و ئایینی زەردەشتی دەکەن، ئەویش ئەوەیە کە کورد تف لە ئاگر ناکەن وەك رێزلێنانێك بۆ ئاگرن وەکو دابونەریتێکی زەردەشتی، بەڵام ئەوەی روون و ئاشکرایە ئەوەیە کە کورد نەك هەر تف لە ئاگر ناکەن، بەڵکو بە گوناهێکی گەورەی دەزانێت، هەروەها خاڵێکیتر ئەوەیە لە کاتی لێکۆڵینەوە لە ئایینی زەردەشتی تووشی گرفتمان دەکات ئەویش ئەوتانی دەقە رەسەنەکانیەتی تایبەت بەم ئایینە و ئەوەشی ماوەتەوە بەتەواوی جێگەی متمانە نییە، جا لەمڕووەوە ئەگەر ئینجیل و تەورات دەستکاریکرابن و ئەگەر ژمارەیەکی زۆر فەرموودە لەسەر زاری پێغەمبەر (د.خ) هەڵبەسترابێ، ئایا دەکرێ پاشماوەی کتێبە زەردەشتییەکان وەکو خۆی مابێت؟ بەتایبەت ئەو بەشەی کە ئێستا لەبەردەستدایە، بۆ نموونە (موحەممەد حەسەن) لە سەرچاوەی پێشوو لە لاپەڕەی (٣٠)دا دەڵێ:" زەردەشتییەت تووشی گورزێك کاریگەربوویێت، کاتێك کە ئەسکەندەر لە ساڵی (٣٣١) پێشزایین هێرشیکردەسەر وڵاتی فارس، بەڵام دیسانەوە زەردەشتییەت گیانی بەبەرداهاتووە لەسەر دەستی ئەردەشێری یەکەم شای فارسە ساسانییەکان و پاشان لەسەر دەستی شاپوری دووەم، ساسانییەکان هەواڵی پێشینانیان کۆکردووتەوە و رێکخستنیان بۆ کردووە، بەمشێوەیە مایەوە تاکو کرانەوەی ئیسلامی بۆ ئێران.

دروستبوونی دەوڵەتی کوردی بەهۆی ئاینەوە

باسێکیتری ئەم بابەتە ئەوەیە کە ئایا وەکو باسدەکرێ ئەگەر بهاتایە و کورد ئاینێکی تایبەت بە خۆی هەبوایە ئەوا دەبوو بە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ یان نا؟ چونکە بۆچونێکی واهەیە کەوا فارسەکان بەهۆی بڵاوبوونەوەی مەزهەبی شیعەگەری لەنێوانیاندا و جیاوازییان لەگەڵ سونەکانی دەوروبەریان توانیویانە تایبەتمەندێتی خۆیان بپارێزن و دەوڵەتی تایبەت بە خۆیان هەبێت، هەروەها هەر لەم چوارچێوەیەدا گرنگی ئاینی ئیسلام بۆ عەرەب بەدیاردەخەن وەکو فاکتەرێکی سەرەکی دروستبوونی دەوڵەت و کیانی عەرەبی جۆربەجۆر، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوەبکەین کە مەرج نییە یەکێتی ئاینی تاکە هۆکاری دروستبوونی دەولەت بێت، هەر بۆ نموونە بسمارك لەکاتێکدا لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا یەکێتی ئەلمانیای بەدەستهێنا لەپاش ئەوەی بەسەر چەندین ناکۆکدا دابەشبوو بوو، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە ئەم وڵاتە بەسەر دوو مەزهەبی ئاینی جیاوازدا دابەشبوبوو کە مەزهەبی کاسۆلیکی و پرۆتستانتی بوو.

خاڵێك هەیە باسیبکەین پێدەچێت کورد بەتەواوی ئاینی زەردەشتی وەرنەگرتبێ یاخود ئەو ئاینە زۆر لاوازبێت لەلایەن ئەو کوردانەی کە پەیرەوی ئەم ئاینەیان کردبێ. لەمڕووەوە دەکرێ نموونە بە ئاینی پیرۆزی ئیسلامی بهێنینەوە کە ژیانی رەوەندایەتی و تیرەگەری بەشێوەیەکی گشتی زۆر بەپەسەند دانەنرابێ سەبارەت بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام. ئەگەرچی دەبینین بەدەوییەت و گیانی عەشیرەتگەری لەنێوان عەرەب و کورد و موسوڵمانەکانیش تاکو ئێستا بنەبڕنەبووە، تەنانەت گیانی عەشیرەتگەری یەکجار بە زەقی بەرچاودەکەوێ، خاڵێکیتر هەیە سەبارەت بە ئاینی زەردەشتی کە پێویستە لە یادینەکەین ئەویش بریتییەلەوەی ئەگەر ئەم ئاینە ئاینێکی پێشکەوتووبوو بۆچی خۆی لەبەردەم ئاینی ئیسلام نەگرت و زۆر بەخێرایی توایەوە؟ لەکاتێکدا کە ئاینی مەسیحی و جولەکە زیاتر خۆیان گرت، خۆ هەرچەندە هەندێ خاڵی هاوبەش لەنێوان ئاینی ئێزیدی و زەردەشتدا هەیە، بەڵام هەروا بەئاسانی ناتوانرێت ئێزیدیایەتی بەتەواوی بە پاشماوەی ئاینی زەردەشتی ناوزەندبکەین، چونکە لەهەمانکاتیشدا هەندێ خاڵی هاوبەشیتریش لەنێوان ئێزیدیایەتی و ئاینی مەسیحی و تەنانەت بتپەرستیشدا هەیە.

لەمڕووەوە رای جۆربەجۆر خراوەتەڕوو، لەوانە (پرۆفیسۆر زیهنەر) پێیوایە کە ئاین و دەسەلآت لەزەردەشتییەتدا تێکەڵ بە یەکبوون، هەریەکەیان ئەویتری دەپاراست بە نەمانی دەوڵەتی ساسانی کە ئایینی زەردەشتی ئایینی فەرمی وڵات بوو، هەریەکەیان ئەویتری دەپاراست و ئایینی زەردەشتیش ئەو دەوڵەتەی بەهێزدەکرد. شتێکی ئاسایی بوو کە ئەم ئایینە وا زوو لەبەرامبەر ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا هەرەسبهێنێ، سەرەرای هەندێ رای جیاواز، نموونە ئەگەری جیاوازی نێوان ئایینی زەردەشتی و دەوڵەتی ساسانی، ئایینی زەردەشتی و خەڵکی کوردستان، بەلآم ئەوەی لەراستی نزیکترە ئەوەیە کە رژێمی چینایەتی لە کۆمەڵگەی زەردەشتی کە بەلایەنیکەم سێ چینی سەرەکی لە خۆگرتبوو دواتر بوو بە چەند چینێکیتر چوار تا پێنج چین و کاریگەری وای هەبووە کە خەڵکانی سەر بە چینەکانی خوارەوە زیاتر بەرەو ئایینی ئیسلام بچن و کە زیاتر یەکسانی تێدارەچاودەکرێ. ئەوەی جێگەی سەرنجیشە لە ئایینی زەردەشتیدا چینی پیشەگەران کە بە بنەمای پیشەسازی بوونی کۆمەڵگە دادەنران دوا چین بوون لە کۆمەڵگەی زەردەشتیدا، هەروەها لە سەردەمی ئێستادا کۆمەڵگەی کشتوکاڵی بە نموونەی کۆمەڵگەی دواکەوتوو دادەنرێ لەجیهاندا و کۆمەڵگەی پیشەسازی کۆمەڵگەی پێشکەوتووە لەجیهاندا، لێرەدا بۆماندەردەکەوێت کە ئەگەر ئایینی زەردەشت لە سەردەمی خۆی هەندێ لایەنی پێشکەوتووی تێدابووبێ ئەوە بە هیچ جۆرێك لەگەڵ رۆحی سەردەمی ئێستادا ناگونجێ.

دەربارەی کوردیش نە سوودی لە ئایینی زەردەشت و نە لە ئایینی ئیسلام وەرگرتووە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی. هیچ کاتێك ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئاستەنگ نەبووە لەبەردەم دروستکردنی کیانێکی سەربەخۆ بۆ هیچ نەتەوەیەك بەڵکو هاندەرێکیش بووە بۆئەوەی هەموو نەتەوەکانی جیهان بە سەربەخۆیی بژین و کیانی سەربەخۆی خۆیان هەبێت، هیچ نەتەوەیەك لەلایەن نەتەوەیەکیترەوە نەچەوسێنرێتەوە بە پاساوی نەژادی و رەگەزی و ئایینیەوە و کەسیش لە کەس بالآتر نییە تەنها بە تەقوا نەبێت و جیاوازیش نییە لەنێوان رەش و سپی و عەرەب و عەجەم تەنها بە تەقوا نەبێت، بەلآم بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان بۆماندەردەکەوێت کە ئایینی زەردەشتی نەك هەر پشتگیری لە دروستبوونی دەوڵەتی کورد نەکردووە بەڵکو ئایینی زەردەشتی بۆ دژایەتی کورد بەکارهاتووە لە سەردەمی دەوڵەتی ساسانیدا.

راڤەی مێژوو لای زەردەشت

دەستەواژەی زەردەشتی لە رۆژئاوا بە واتایەکی فراوان بەکارهێنراوە سەرچاوەکەشی فارسی کۆنە شوێنکەوتوانی زەردەشتی لە هیندستان کە لە هەزار ساڵ پێش ئێستا چوون بۆ ئەوێ ئەوەندەش هەیە لێکچونێکی زۆر هەیە لەنێوان ئاین و سەرەتای فارسەکان و ئایینی زەردەشتی، هەر لە سەرەتاوە زەردەشتییەکان لە هیندستان کۆمەڵێکی داخراویان پێکهێنا کە پارێزگارییان لە ئاین و بۆچوونەکەیان دەکرد، بیروڕایان پارێزراوبوو لەو بێسەروبەریەی کە لە ئایینی براهیمەکاندا هەبووە کە ئێستا لە هیندستان زەردەشتییەکان ناوی فارسیەکانییان لێنراوە بەهۆی ئەو رۆڵەی دەیگێڕن لە پێشخستنی هیندی نوێدا کە دەگەڕێتەوە بۆ بۆچوونەکانیان و هەڵوێستیان بەرامبەر بە مێژوو. بەوردی نازانین زەردەشتی بنیادنەری ئایینی زەردەشتی لەچ سەردەمێکدا ژیاوە، هەندێك لە زانا پارسییەکان وایدادەنێن کە هەزار ساڵ پێشمیلاد ژیاوە، هەندێك لە رۆژئاواییەکان دەڵێن لە سەدەی (٧)ی پێشزاییندا ژیاوە وادادەنرێت کە کتێبی (غاتاس) یەکەم شوێنەواری ئەدەبیاتی زەردەشتییە کە پەیڕەو و بەرنامەی زەردەشتی لەخۆدەگرێت بێگومان سەرەتا بنەڕەتییەکانی ئایینی زەردەشتی پارێزراوبوون بەدرێژایی مێژوو کە بڕوابوون بە خوا رەگەزێکە بنەڕەتی بووە لەودا. ئەو ناوەی کە لە (خزدا) نراوە (ئاهورا مەزدا) بووە، ئەمە دانپێدانانێکی روونە بە حیکمەتی خوایی کە بەتوندی قسەیانکردووە لەسەر رۆح و کردوویانەتە بنەڕەتی بوون، (ئاهورامەزدا)یان کردووە بە خوایەکی ئەزەلی کە هەموو شت دەبینێ و جیهانی ماددی فیزیکی و هەموو مرۆڤایەتی دروستکردووە، هەڵوێستێکی بنەڕەتی زەردەشتییەکان لە رووبەڕووبوونەوەی مێژوودا کاتێك دەردەکەوێت کە (غاتاس) وەسفێکی خوای کرد کە وتی: "خوا پارێزەری زەوییە و ئەو ناهێڵێت ئاسمان بکەوێت و هەر ئەو گۆڕانی مانگ دیاریدەکات لە یەك شەوەوە بۆ چواردە شەوە و رێگای رۆژ ئەستێرەکانی دیاریکردووە، هەروەها (ئاهورامەزدا) یاسایەکی رەوشتی بۆ جیهان داناوە بەرامبەرە لەگەڵ سەرەتاکانی بۆچوونی مرۆڤایەتی کە لە سەرەتاوە لەگەڵی ژیاوە، بەڵام مرۆڤەکان ئازادن کە ماوەی سنووری ئەو یاسایە دەبەزێنن یان نا، بەڵام ئەوەندە هەیە (غاتاس) مێژووی تاکتاکی مرۆڤەکان دیاریناکات لەجیهاندا، بێگومان (زەراتوسترا) بڕوای بە نەمریی هەبووە، بۆیە دەپاڕایەوە بۆئەوەی لەدونیادا خەڵکی خۆشبەخت نەکەونەناو ئازار و ناخۆشییەوە (زەراتوسترا) بە پلەی یەکەم گرنگیدەدا بەو

زەرەر و ناخۆشییانەی کە پشتی مرۆڤایەتییان چەماندووەتەوە، دەکرێت ئەو گرنگیدانەی بە هەڵوێستێکی بنەڕەتی زەردەشتییەکان بەرامبەر بە مێژوو ناوزەندبکرێت، بەرگرییەکی گەرموگوڕ و جەنگێك رووبەڕووی هەموو جۆرە زیان و زەرەرێك، خراپە بە سیفەتێکی بنەڕەتی بریتییەلە درۆ، فێڵ، (زەراتوسترا) گرنگیداوە بە جۆرەکانی رەوشت: درۆ، کوشتن و هەرشتێك کە پێچەوانەی شکۆی مرۆڤ بێت، هەروەها وەکو تەمبەڵی، هەروەها گرنگیدەدات بە ئازار و نەخۆشی و ئەو ناخۆشییە گەورانەی کە تووشی مرۆڤ دێت، وەکو لە بەینچوونی بەرهەم و داهاتی ساڵ.

سەردەمی ئاڤێستا کە لەدوای سەردەمی زەردەشتی هاتووە لە سەدەی (٦) شەشی پێشزایین چەند دیاردەیەکی لە دینی پێشوویان لەخۆگرتبوو، چەند بەشێك لە ئایینی زەردەشتی وەك بیروبۆچونیان بەرامبەر بە بوونەوەر و جۆری پەرستنەکانیان، ئاهەنگە تەقلیدییەکان هەر مابوون، هەروەك جیاوازەی تەواو لەنێوان خێر و شەڕدا بەشێك بوو لە بیروباوەڕی ئەوان کە جەختیاندەکرد لەسەر دژایەتی جیهانی دادپەروەران و جیهانی خراپەکاران کە دوو کۆمەڵی دژمیەکیان بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی پێکهێناوە، هەروەها سەردەمی (ئاڤێستا) گۆڕانێکی بەخۆوەبینی کە پێوەستبووە بە ژیانی دڵهاتووەوە. گەورەیی و چاکە گرنگییەکی زۆری پێدەدرا بۆیە واتای بنەڕەتی لەمێژوودا بەرهەمی ئەو ئاماقچە گرنگە بوو لەگەڵ ئەوەشدا مێژووی ژیانی دنیا بەردەوام لەهەنگاوناندایە لەپێناو خۆیدا، بێگومان (ئاهورامەزدا) کە خوای خۆشبەختییە بەبێ جیاوازی خۆشبەختی بەهەموو خەڵك بەخشیوە. سەرۆك خێزانەکان دوعادەکەن تا بە هەموو نیعمەتەکانی ژیانی دنیا بگەن، بۆیە دژلیەتی و تێکۆشان دژی خراپە و زیان ئەرکی سەرشانی هەموو کەسێکە، هەروەها بیرۆکەی سەرکەوتنی خێر بەسەر شەڕدا بەردەوام لەناو فارسەکاندا هەبووە بەپێی بۆچوونی (بلۆتارخ) دەڵێت: "ژیان بەردەوام نوێدەبێتەوە تاکو خەڵك هەمووی دەبێتە یەك کۆمەڵ و یەك زمان".

کارەساتەکانی وڵاتی فارس بوونە هۆی ئەوەی بەشێکی گەورە لە ئەدەبیاتی زەردەشتی لەبەینبچێت و چینی (کاهینەکان) نەمێنێت بەبێ ئەوەی ئایینی زەردەشتی نوێبێتەوە لەکاتی بنیاتنانی وڵاتی ساسانیدا لە ساڵی ٢٢٤ زاییندا، لەگەڵ ئەوەدا چینی گشتی خەڵك رووبانکردە ئەنجامدانی پەرستشە ئایینییەکان و ئاهەنگەکان، لەوکاتەدا (مانی) پێڕەوی خۆی راگەیاند کە وایدەبینی سەرەتای شەڕ و خراپە لە ماددەوە دەستپێدەکات بۆیە بە لادەر (زەندەقە) لە ئایین دانراوە و لە ساڵی (٢٧٤) زاییندا کوژرا و ئایینەکەی لە ناوچەی دەریای سپی ناوەڕاستدا

...ـیە. ...ەکاتێکدا زەردەشتییە راستەکان بانگەوازی شەرپیاندەکرد کە جەستەی مرۆڤ وەکو ...ـە هیچ خراپەیەکی تیانییە، سەرچاوەی شەڕنییە. لەبەرامبەر ئەو گۆشەگیرییەی (مانی)دا کە ...یدەکرد زەردەشتییەکان ژنهێنان و شوکردن و منداڵبوونیان بە یەکێك لە کارە گەورەکان ...ن و دژی رۆژوگرتن بوون، چونکە دەیانوت زیان لە جەستەی مرۆڤ دەدات و لاوازیدەکات ئەو ...ـەخۆشییە لادەبات کە خوا بۆ مرۆڤی داناوە.

جا ئێمە لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا بەهۆی جیاوازی لەسەر بوونی پێغەمبەرایەتی و کەهینایەتی و ریفۆرمخوازیەتی سیاسی و ئایینی دەتوانین لەدەرەئەنجامی ئەم توێژینەوەیدا بگەینە ئەو راستییە بەڵگەی پێغەمبەرنەبوونیەتی زەردەشت و هەروەها بە ئاسمانینەبوونییەتی ئایینەکەی بسەلمێنین بەهۆی ئەم بەڵگانەی خوارەوە کە ئەمانەن:

١. موحەممەد حەسەن لە کتێبی (تیارات الفلسفە الشرقیە) دەڵێ: "سێ زەردەشت هەبوون وەکو پێشوتر باسمانکرد و دیار نییە کامیان پێغەمبەرە".

٢. ئەحمەد ئەمین لە کتێبی (فجر الأسلام)دا دەڵێ: "بوونی زەردەشت جێگەی گومانە لای زۆرینەی خەڵك".

٣. سەرتای دەرکەوتنی لەئێراندا جیاوازی زۆری لەسەرە لای مێژوونووسانی ئایینەکان و ئایینزاکان.

٤. (لۆمێل) پێیوایە قوتابخانەی زەردەشتییەتی لە فەلسەفەیەکی (شهودی) دەچێت هەتا لە ئایینێك.

٥. (مۆڵتۆن) پێیوایە کە زەردەشت کاهینە نەك پێغەمبەر.

٦. دەربارەی ناشتنی مردوو لە هیچ ئایینێکی ئاسمانیدا نەهاتووە مرۆڤ نەخرێتەژێر خاك بە پاساوی پیسبوونی خاك، چونکە مرۆڤ زۆر بەرێزە لەهەموو ئایینە ئاسمانییەکاندا.

٧. ئایینی زەردەشتی ئایینێك بوو کە تەنها لەناو چینی باڵادا بڵاوبووە کەمتر دڵبەزییەناو چینەکانی خوارەوە لە هیچ ئایینێکی ئاسمانیدا نەبووە کە تەنها بۆ چینێکی باڵابێت و چینی خوارەوە بێبەشبن لەو ئایینە.

٨. نیچە لە کتێبی (هکذا تکلم زرادشت)دا دەڵێ: "ئەگەر چوویتە لای ئافرەت قامچی لەبیرنەکەی"، ئەمەش لە ئایینی ئاسمانی بەرچاوناکەوێت کە شتی لەوجۆرە هەبێت.

٩. هاوسەرگیری خوشك و برا و دایك و کوڕ ئەمە بە هیچ جۆرێك و لە هیچ ئایینێکی ئ...ـیـ...

شتی لەوجۆرە بەرچاوناکەوێت جگەلە سەردەمی حەزرەتی ئادەم نەبێت کە خوای گەورە رێگەی دابوو، چونکە دەبوایە مرۆڤایەتی لەسەر دەستی ئادەم و حەوا دروستبێت.

١٠. لەزەردەشتییتدا رۆژوو بە باشنەزانراوە بە پاساوی ئەوەی زیان بە جەستە دەگەیەنێت کە ئەمە راستنییە لە زۆربەی ئاینە ئاسمانیەکاندا رۆژوو پێویستبووە تا ئەوانەی کە بڕوایان بە دینیش نییە رۆژوو بەباشدەزانن بۆ جەستە.

١١. ئایا زەردەشت پێغەمبەری کوردە یان فارس ؟ ئەمە روون نییە.

١٢. لە ئاینە ئاسمانیەکاندا چینایەتی وەکو جیاکردنەوەی چینێك لە چینێکیتر بەرچاوناکەوێت کە ئەمیان لەو گەورەترە تەنها بە پەرستشی خوای گەورە نەبێت.

١٣. (هەرتێل) پێیوایە کە زەردەشت نەك هەر پێغەمبەر نەبووە بەڵکو کاهینیش نەبووە و دوژمنی سەرسەختی کاهین و خواکان بووە.

خاڵێکیتر کە جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە زۆربەی رۆشنبیرانی کوردی سەرقاڵکردووە ئەوەیە ئەو پرسیارەی کە لای نوخبەیەك دروستبووە کە ئەویش ئەوەیە (عەرەب بەهۆی ئیسلامەوە و فارسەکان بەهۆی شیعەگەرییەوە) بوونە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ، کوردیش کە خاوەنی ئاینی خۆی بووایە کە ئاینی زەردەشتییە دەبووە خاوەنی دەوڵەت، پێشتر ئاماژەمانپێکرد کە کورد نە سوودی لە زەردەشتییەت وەرگرت نە لە ئیسلام بۆ دامەزراندنی کیانێکی کوردی سەربەخۆ، بەڵام ئێمە لێرە بە چەندین نموونە دەیسەلمێنین کە ئاین و هەم یەکێتی ئاینی مەرج نییە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، لەو نموونانەش (بسمارك) کاتێك توانی یەکێتی ئەڵمانیا دابمەزرێنێت لەسەر بنەمای ئاین نەبوو، دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیای نوێ لەسەر دەستی (کەمال ئەتاتورك) لەسەر بنەمای ئاینی نەبوو، بەپێچەوانەوە کەمال ئەتاتورك دژی ئاین بوو، بەڵام توانی دەوڵەتێکی تورکی نوێ دابمەزرێنێت لەسەر بنەمای (عەلمانییەت) سیکۆلاریزم کە دژی ئاینە، دەوڵەتی رەزا شای پەهلەوی لە ئێران لەسەر بنەمای ئاین نەبوو، بەڵکو ئەویش دژی ئاین بوو، بەڵام ئەمانە ئاینی پیرۆزی ئیسلامیان کردە فاکتەرێك بۆ چەسپاندنی دەوڵەتەکەیان کە لەبنچینەدا باوەڕیان بە ئیسلام نەبوو.

ئەمانە و دەیان نموونەیتر بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئاین فاکتەرنییە بۆ دروستبوونی دەوڵەت، هیچ کاتێکیش ئاینی پیرۆزی ئیسلام رێگرنەبووە لەبەردەم دروستبوونی هەر کیانێکی سیاسی سەربەخۆ بۆ هەر نەتەوەیەکی سەر ئەم زەوییە بەتایبەت کورد، بەڵام ئەگەر بێین باس لە

دروستبوونی دەوڵەتی کوردی بکەین لەبنچینەدا دروستبوونی دەوڵەتی کورد **پێوەندی** بە ئایینەوە نەبووە. چونکە فاکتەری سەرەکی بۆ دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردی لاوازی بیری **ناسیۆنالیزمییە** نەك ئایین، ئەگەر هەندێ کەس بێهیچ بەڵگەیەك ئایینی پیرۆزی ئیسلام تاوانباردەکات، **بەڵکو** لێرەدا دەڵێت هۆکارەکانی دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردی فاکتەرە خودی و دەرەکییەکانن.

خودییەکان: لاوازی بیری ناسیۆنالیزمی و یەکترپەسەندنەکردنە.

دەرەکییەکان: وڵاتانی دەوروبەر و هەڵکەوتەی شوێنی کوردستانە کە نەکەوتووەتەسەر دەریا واتا هۆکاری جیۆپۆلەتیکە کەواتە با ئاین تاوانبارنەکرێت.

لەکۆتایی توێژینەوەکەماندا لەسەر بنەما و بۆچوونەکانی کۆمەڵێك بیریار و مێژوونووسی ئایینەکان دەگەینە ئەو دەرئەنجامە کە زەردەشت **پێغەمبەر** نەبووە و ئایینەکەشی **ئایینی ئاسمانی** نەبووە. لەوانەیە چەندین لە تایبەتمەندییەکان و رێنماییەکانی لەگەڵ ئایینە ئاسمانییەکاندا یەکتربگرێتەوە بەتایبەتی لەگەڵ ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا بەڵام مەرجنییە ئایینی ئاسمانی بێت، چونکە هەندێ لە ئایدۆلۆژیاکانیش وەکو کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم باس لە یەکسانی **مرۆڤەکان و** کۆمەڵگەی بێچین و ئایندەی مرۆڤ دەکەن کە جیاوازی چینایەتی پەراوێزبخەن **کە ئەمانە** یەکێکن لە بنچینەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام. لەهەمانکاتیشدا کۆمۆنیزم و **سۆسیالیزم ئایینی** ئاسمانی بەڵکو هزری مرۆڤن. بۆیە لێرەدا لەسەر بنەمای ئەم **هەموو جیاوازییەی کە لەسەر** زەردەشت و زەردەشتییەت کراوە دەتوانین بڵێین: زەردەشت **ریفۆرمخوازێکی ئایینی و کۆمەڵایەتی** بووە لەو سەردەمەدا کە **مرۆڤەکان لە پەرستنی بت رزگاربکات بەرەو یەکتاپەرستی وەکو** ریفۆرمخواز نەك وەکو پێغەمبەر.

•••

سەرچاوەکان:

١. محەممەد رەسول هاوار، کورد و باکووری کوردستان، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزراەتی رۆشنبیری، ٢٠٠٦.

۲. ئایینی زەردەشتی لە سەرەتای ئیسلام تا سەردەمی بوەیهییەکان، توێژینەوەیەکی بڵاونەکراوەیە لەلایەن مامۆستا محەممەد خدر پێشکەش بە کۆلێجی پەروەردەی زانکۆی کۆیە کراوە.

۳. البان.ج. ويدجيري، المذاهب الكبرى في التأريخ من كونفوشيوس الى توبيني، ترجمة: ذوقان قرقوط، دارالقلم، بيروت.

٤. خالد السيد محمد غانم، الزرادشتية تأريخا و عقيدة و شريعة، الطبعة الأولى، سورية،٢٠٠٥.

٥. محمد حسن، تيارات الفلسفة الشرقية.

٦. أحمد أمين، فجر الأسلام، المكتبة العصرية، بيروت، ٢٠٠٨.

٧. مرتظى مطهري، خدمات متقابل اسلام و ايران، دفتر انتشارات اسلامي، قم، ١٣٦٢.

٨. رابرت ا. هيوم، اديان زندة جهان، ترجمة: دكتر عبدالرحيم طواهي، نشر علم، تهران، ١٣٨٦.

٩. عبدالعظيم رضايى، تأريخ اديان جهان، جلد اول، انتشارات علمي، چاپ چهارم، تهران، ١٣٨٩.

۱۰. گۆڤاری ئایندە، ژمارە ٥٤.

۱۱. گۆڤاری رامان، ژمارە ۱۱۳.

۱۲. سەنتەری برایەتی، ژمارە ۲٥.

زەردەشت

هزر و فەلسەفە

رەهەندە هەمەرەنگییەکانی ئەفسانەی ئادەم و حەوا

دکتۆر حەمید عەزیز
بەشی فەلسەفە. هەولێر

١. زانین و ژین لەوڕۆژەوە مرۆڤی هزرمەند یەکیکردووەتەوە و یەکردنەوەکەی لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی سیستەمیدا داڕشتووە و کۆشاوە بەهۆی ئامرازێکی سەرسوڕهێنەر دەریببڕێ، ئەو ئامرازەش لە زمان بەولاوە شتێکیدیکە نەبووە، هەمیشە پرسیارکردن وەك کیچ کەوتووەتە کەولیەوە و نارەحەتیکردووە، بەڵام بەپێی پەرەسەندنی کلتوری ئەو قۆناغەی تێیداژیاوە هەوڵیداوە بە گێڕانەوە، ئەفسانە و داستان و سیمبوڵ لەگەڵ پەرەسەندنی فەرهەنگ و ژیان و کلتوری سەردەمەکەیدا بگونجێ و بێتەوە، وەڵامی پرسیارە سەرسوڕهێنەرەکانی بداتەوە. سەرنجدانێکی پشتنەستور بە میتۆدە و ڕێبازی مێژوویی (Historism) کە هەلومەرج و رەوش و دۆخی هەمەرەنگی لەئارادا بوو بەهەند وەردەگرێ، دەردەکەوێ کە بابەتی (ژین و مردن و نەمریی) هەر سێ چەمکە ئەفساناوییە نیگەرانکەرەکە لە سەرەتاوە جێگای وردبوونەوە بوون! ئینجا لەقۆناغێکیتردا زانین وەك دیاردە هاتووەتەسەری.

ئەگەر مرۆڤ لەسەرەتادا بە ئەفسانە هەڵوێستی خۆی دەربڕی ئەو کێشە سەرسوڕهێنەرانە تۆمارکردبێ و لەگەڵ پرۆسەی گۆڕانی رەوش و هەلومەرجەکانی ژیان ئەفسانەکە گۆڕانی بەسەرداهاتبێ بەجۆرێك کە ئەو لایەنەی ئەفسانەکە هەواڵ و دەنگوباسی تێدابووبێ گۆڕاوە و بووە بە مێژوو ئەو لایەنەکەیتری کە دەربارەی ژین و سروشتی دەوروبەر بووبێ بوویێ بە ئایین. ئەوا لە سەرەتاوە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی مردن و ژین دراوە و لە قۆناغێکی پێشکەوتووتردا زایینی بووە بە کێشە و چارەسەری کۆمەڵایەتی. ئەمە چۆن روویداوە و چۆن لێکدەدرێتەوە؟

ئەفسانەی گلگامێشی بابلی ئەو دەفرە ئەفسانەییە بووە کە هەڵوێستی مرۆڤی سەرەتایی ئەو سەردەمەی لە بارەی ژین و مردن و نەمریی بە جوانترین شێوەی قۆناغی خۆی تۆمار و پاراستووە! ئەگەرچی کۆتایی ئەفسانەکە بەجۆرێك ڕەنگرێژکراوە پتر پاساودانی هەڵوێستێکی تێدایە کە مرۆڤی ئەو سەردەمە و تێستاش دەسەڵاتی بەسەریدا ناشکێ کە نەمریی و بەزاندنی کارەساتی دڵتەزێن و خەمناکی مردن و گیانلەدەستدانە.

هەروەك لە ئەفسانە ڕەنگینەکەی بابلدا هاتووە دوای کۆشش و دەردیسەرییەکی زۆر و زەبەندە و دوای گەشتێکی ترسناکتامێزی کە هەمووسات و کاتێك هەڕەشەی ژیانلێستاندنی کردووە و پاش ئەوەی چەندجارێك پریشکی ڕۆژگاری سەختی پێهەڵدەپرژێ، گلگامیش دەگاتە ئامانج و ئەو دەرمانە ئەفسانارییەی بە ئەکسیری ژیان و نەمریی دادەنرێت بەدەستدەهێنێ و دەستەبەری تەمەنی هەتاهەتایی دەبێ دەستگیری دەبێ، بەڵام لەوساتەدا کە گلگامیش دوای ئەو هەموو چەرمەسەرییە دڵخۆشیبووە بەوەی مرازی هاتووەتەدی و بەئاواتگەیشتووە دوژمنێکی سەرسەختی مرۆڤ کە مارە لەپڕ و لەچاوتروکانێکدا پەلاماردەدا و گیایەکەی دەفرێنێ هەڵیدەلوشێ![1] ئەو ڕووداوە گلگامیش دڵتەنگ و خەمباردەکات و دەستەوئەژنۆ لەبەرامبەر بێ ئومێدی و ڕەنجە بابردووەکەیدا دادەنیشێ و لەخۆی دەپرسێ چیم کرد و چیم دی و چیم بەسەرهات!؟.

ئەگەرچی کۆشش و ئەنجامی کار و هەوڵەکەی گلگامیش بۆ بەزاندنی مردن ئەفسانەی بێهودەیی ژیانی سیزیفی ئەلبرت کامۆ دێنێتەوەیاد، بەڵام بە باوەڕی من دەکرێت ئەو ئەفسانەی بەسەرهاتە خەمناکە خوێندنەوەیەکیدیکەی بۆ بکرێ و بەلایەکیتردا شرۆڤە و لێکبدرێتەوە:

- بەزاندنی مردن و نەمریی تەمەندرێژی نییە، بەڵکو بەوە دەبێ مرۆڤ لە کرداری ژیانی ڕۆژانەیدا چی دەکات و چی لەپاش بەجێدەمێنێ: چاکەکاری یان بەدکاری؟!

- مرۆڤ هەرکامێك لەو دوو ئەنجامی کردارەی لەدوای بەجێبمێنێ بە (چاکی) یان بە (بەدکاریی) نەمریی بۆ تۆماردەکەن. کرداری ژیان نەك درێژی تەمەن نەمریی، بەڵام بەلایەکیتر و بە واتا و دەلالەتێکی تۆماردەکەن.

- ژیان خۆی لەخۆیدا هەوڵ و کۆشش و ماندووبوونە، سەرنەکەوتنە.

ئەزموونێکە لەلایەکەوە چالاکی و کارایی ژیانی مرۆڤ بەرجەستەدەکات و لەلایەکیدیکەوە بەشێکی تەواوکاری ژیانە. مرۆڤی کارا هەڵدەسوڕێ، کاردەکات، بۆیە ئاساییە کە هەڵەبکات و

نەگتە مەبەست، خۆ ئەگەر دەسکەوتەکەشی لە چوارچێوەی دەستخەرۆیی و کلاوی بابردووشدا بێت هەر لە چوارچێوەی سروشتی ئاسایی ژیان و ئەزموونی رۆژانە ناچێتەدەرێ و سنوورەکە نابەزێنێ.

٢. واپێدەچێ مێژوو لە پرۆسەی ژیاندا دەربارەی هەردووك بابەتی ژین و زانینی رۆڵی بەجۆرێك دابەشکردبێ کە مایەی رامان و وردبوونەوەبێ. هەربۆیە شۆرەسواری فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵەمان (هیگڵ) ناهەقی نەبووە کە سەرسام و حەپەساوە و هاواری لێهەستاوە و وتوویەتی: دەبێ هۆکاری ئەو شپرزەیی و دابەشبوونەی گیانی کولتوری چی بووبێ؟![٢] بەلای هیگڵەوە ئەفسانەی موسایی بەجوانترین شێوە ئەو رەهەندەی زانینی تۆمارکردووە. مەبەستی هیگڵ لێرەدا چییە و ئەو ئەفسانەیە ئاماژەیە بەچی؟

- لێرەدا مەبەست لە رۆڵی کۆمەلایەتی و هزریی پرۆسەی زانینە لەژیاندا و ئەو ئەنجامانەی لێیکەوتوونەتەوە. ئەفسانەکەش مەبەست لە تەوراتی جوولەکەیە کە لە سفری (ئایەتی) یەکەمدا ئەفسانەی سەرنجراکێشی ئادەم و حەوای لە بەهەشتی عەدەندا تۆمارکردووە!

ئایا دروستە ئەو سفرەی تەورات کێشەیەکی بەرپاکردووە و هۆکاری شپرزەیی گیانی مرۆڤ بووە!؟ ئەو بابەتە چ پەیوەندییەکی بە پرۆسەی زانینەوە هەبووە؟! دەکرێ زانین ببێ بە کێشەیەکی کۆمەلایەتی؟ ئەگر مرۆڤ بەوردی سەیری سفری (ئایەتی) یەکەمی تەورات کە بە سفری پەیدابوون (Genesis) ناودەبرێ، چەند بابەتێکی سەرنجراکێش باسدەکات دەکرێ بەجۆر و بەباری جیاواز لێکبدرێتەوە و شرۆڤەکردنی هەمەرەنگ هەڵدەگرێ: سفرەکە بەمجۆرە دەستپێدەکات:

- رەب لە شەش رۆژدا جیهانی (داهێنا) خەلقکرد. رۆژی حەوتەم پشوویدا، بۆیە هەفتە لە حەوت رۆژ پێکهاتووە. شەش رۆژی بۆ ئیشکردن و حەوتەمی بۆ پشوودان.[٣]

ئەو قسەیە بۆ یەکەمجار وشەی (خەلق) بەکاردەهێنێ کە لەناوەرۆکدا لە وشەی دروستکردن جیاوازە. ئەو داهێنانە دوو خاڵ - لە روانگەی فەلسەفەی کۆنەوە - ساغ و پشتراستدەکاتەوە:

یەکەم: بوونەکە لە کەرەستەیەکی دیاریکراوەوە نەکەوتووەتەوە و پەیدانەبووە ئەگەر بشێ بڵێین بە (کون فەیەکون)ێك داهێنراوە. بەلام دروستکردن لە کەرەستەوە دەبێ.

دووەم: بوون، جیهان بە واتا فەلسەفەییەکە کۆن نییە بەڵکو نوێیە و سەرەتای هەیە. بە وشەی فەیلەسوفە موسوڵمانەکان: جیهان (حادیسە و قەدیم نییە).

- دواتر **لەحەمان** سفردا گوتراوە: رەب لە رۆژهەڵاتی عەدەن (Eden) بەهەشتێکی دروستکردووە **(لە چاپی ئەڵمانیدا** وتراوە باخچەی ردوستکردووە - بێگومان مەبەستەکە هەر **بەهەشتە). لەویەهەشتەدا ئادەمی** دروستکرد و بۆئەوی بەتەنیا بێزارنەبێ شەریکی ژیانی (حەوا) **ی بۆ** دروستکرد. لەویەهەشتەدا هەمووجۆرە درەختێکی میوە هەبووە لەنێویاندا درەختێك بەناوی (درەختی بەری زانین) رەوشێکی تایبەتی و نائاسایی بۆ دیار و دەستنیشانکراوە. ((رەب بە ئادەمی فەرمووە نەکەی لە بەری درەختی زانینی چاکەکاری و بەدکاری بخۆی، چونکە ئەگەر خواردت دەمری))[٤]. ئادەم و حەوا پێکەوە بە رووتی لەبەهەشتدا دەژیان و هەستیان بە شەرمکردنی رووتییەکەیان نەدەکرد. (۲:۲۰)

بەشێوازێکی چاوەڕوانەکراو تەورات ناوی ((مار)) دەهێنێ و بە (فێڵبازترین دڕندەکانی **سەرزەوی)** کە رەب دروستیکردووە ناویدەبات! مارەکە لە حەوا دەپرسێ: ئایا راستە رەب رێگای **نەداون لە بەری هەموو** درەختەکان بخۆن؟ (۲:۳) حەوا لەوەڵامدا دەڵێ: تەنیا بەری درەختی زانین نەبێ **ئەگەر بیخۆین بە فەرمانی** رەب دەمرین. مارەکە دەڵێ: نا، نەخێر نامرن بەڵکو چاوتاندەکرێتەوە و **وەك رەبتان لێدێ** و شت دەزانن! چاکەکاری لە بەدکاری جیادەکەنەوە! هەرچۆنێك بێت حەوا لە بەری **داری زانینی خوارد** و دای بە مێردەکەیی و ئەویشی ناچارکرد بیخوات، کاتێك خواردیان چاویانکرایەوە رووتی **خۆیانیان دیت** و بە گەڵای هەنجیر خۆیانیان **پێداپۆشی** . ئەگەر مرۆڤ لەویەسەرهاتە وردبێتەوە جۆرە **گومانێك** لەو سفەری تەوراتی جوولەکە دەکات:

- چوونی مار، وەك تەورات گوتویەتی ئەوپەڕی فێڵبازە، بۆ ناو بەهەشت: چۆن رێگایدرا و چ لایەن و هێزێك ئەو ئاسانکارییەیان بۆ کردووە؟ بوونی مار لەبەهەشتدا پاساونادرێتەوە!

- لەوەدەچێ تەفرەدانی حەوا ئینجا ئادەم هەر لە سەرەتاوە نەخشەیەك بووبێ رەنگرێژکراوە. ئەگینا ئەورووداوە بەهیچ جۆرێك خواستی ئازاد (ئیرادە)و دادپەروەری رەب پشتڕاست و ساغناکاتەوە بەپێچەوانەوە، قەزا و قەدەر و ناچارەسیش کاڵدەکاتەوە!

- ئەو سزادانەش کە تەورات باسیدەکات بەهیچ جۆرێك لەگەڵ بەهرەی رەببانی (Thodizee) جوولەکە و مەسیحیدا نایەتەوە و ناگونجێ!

نوی ئەو رووداوە قۆناغی سزادانەکە دێتەپێشەوە: هەردووکیان لە بەهەشت دەردەکرێنەدەرەوە و رەوش و رێوشوێنێکیتری ژیان و گوزەرانیان بەسەردا دەسەپێنرێ. تەورات جیرمیەوە گوتویەتی (٣: ٢٤) (٤: ١٦):

- ئادەم گوناهیکردووە دەبێ لەسەر زەوی (لە جیهان لە دەرەوەی بەهەشت) کار و کاسبی بکات و بە ئارەقی ناوچەوانی بژێوی ژیانی رۆژانەی پەیدابکات. لە بەهەشتی عەدەندا بێئیشوکاربووە و هەموو شتێکی بۆ دابینکراوە.

- حەوا دەبێ نۆ مانگ دووگیان بێ و بە ئێش و ئازار و ژانگرتن منداڵیببێ.

- هەردووکیان دەمرن و دەبنەوە بە گڵ و خۆڵ.

- حەوا بۆیە ئەو ناوەی پێبەخشراوە چونکە لەمەولا دەبێ بە دایکی هەموو زیندوویەك (حی).

٣. ئەگەر لە روانگەی فەلسەفەی کۆمەڵایەتییەوە سەرنجی ئەو رووداوە ئەفسانە سروشتئامێزە بدەین لایەنە ئایینییەکەی تەورات پشتگوێبخەین دەتوانین بەوجۆرە رووداوەکە شرۆڤەبکەین و لێکیبدەینەوە:

- بەهاتنەدەرەوەی ئادەم و حەوا لە بەهەشت بۆ دنیا و سەرزەوی گۆڕانێکی سەرتاپاگیری چەندێتی و چۆنیەتی بەسەر رەوشی ژیانی کۆمەڵایەتیدا هاتووە:

ئادەم لە بەهەشت بێئیشوکاربووە، هەر نەیزانیوە کاروکاسبی و هەژاری و برسێتی و نەخۆشی چییە! دوای ئەوەی هاتەدەرێ ناچاربووە ئیشوکار و کاسبیبکات. دەستی ماندوو لەسەر سکی تێر، دەبێ ئارەقبڕێژێ، ماندووبێ، نەخۆشدەبێ و چاکیشدەبێتەوە. جگەلە دەرکەوتنی ئیشوکار و ئەرك و فرمانیش لەنێوان ژن و مێرددا (ئادەم و حەوا) دابەشبووە. ئادەم بلوکە کاروکاسبی و حەوا دایکە زاوزێ و منداڵ و زارووبەخێوکردن کەوتووەتەئەستۆیان.

- جگەلە خێزان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پرۆسەی هاوسەرگیری کەوتووەتەوە. ئابیل و کایین Abel und Kain لەکوردیدا بە هابیل و قابیل ناسراون. پێویستبووە ژنبەژن بکەن. لێرەوە هاوسەرگیری و خێزانی نوێکەوتووەتەوە، بەڵام کایین ئابیلی برای کوشتووە، ئیتر تاوان تەماع و بەدکاری پەیدابوون. ئەمەبوو بەسەرەتای دەرکەوتنی ئەو دیاردە دڵتەزێنەی هەموو خۆشی ژین و هاتنەدنیا لەبیردەباتەوە کارەساتی:

- مردن. هەرئەوسا مرۆڤ (کایین) بۆیرپوونبوودتەوە کە ئەو رووداوە دڵتەزێنە نابەزێنرێ بەنکو

تەنیا دەکرێ مردوو بشاردرێتەوە و لەبەرچاو بزربکرێ ئەویش بخرێتەناو گۆڕەوە!

- هەڵەیەکی ئادەم ئەوەبووە ویستویەتی شت بزانێ و لەسەر ئەوکارەی گوایە سزادراوە. ئایا ئەو گۆڕانەی بەهۆی ئەو سزایەوە بەسەر ژیانی ئادەم و حەوادا هاتووە دەکرێ بخرێتە چ خانەیەکەوە؟ دەکرێ ئەو ئەنجامانەی لەوسزادانە کەوتوونەتەوە بە تۆمەت و گوناه دابنرێت یان بەسوود و قازانجی پرۆسەی ژیان و کۆمەڵگا دادەنرێت؟ ئەگەر ئادەم ئەمەی نەکردبایە و سزانەدرابایە کۆمەڵگا و ئیشوکار و چاکە و بەدکاری و هاوسەرگیری و خێزان و پەروەردە و مردن پەیدانەدەبوون؟ وەڵامەکە ئاشکرایە!

ئەنجام:

راستە ئەو رووداوە بەهیچ بنەمایەکی ژیر و لۆژیك پشتڕاست و ساغناکرێتەوە تابڵێی لە دەریای ئەفسانەدا نقومبووە و بەرگێکی ئایینی سەرەتایی لەبەردایە، بەڵام دەکرێ بەوەڵامدانەوەی چەند پرسیارێك دابنرێ کە لەشێوازی کێشەدا سەرئاوکەوتوون و چەند چارەسەرێکی لایەلایی کردنەوەش بەپێی رەوشی ئەوسای ژیان پێشەکەشکراوە بێگومان ئەوەی ئەوسا سەرئاوکەوتووە و رووداوە ناکرێ بە پێوەری ئەم سەردەمە بپێورێ و یەکلاییبکرێتەوە بەڵام دەکرێ پشتەستوور بە میتۆدەی شیکاریی شرۆڤەبکرێت و لێکبدرێتەوە و واتا و دەلالەتەکانی بخرێتەبەرچاو:

- ژیان لەبەهەشتدا ولنیشاندراوە کە ئەوەی تێیدابژی هیچ ئەرکێکی لەسەر شان نییە، پێویست بە کارکردن و ماتووبوون و تەنانەت پێویست بە بیرکردنەوەش ناکات، چونکە مرۆڤ پارێزراوی بێئۆباڵ کێشانە کە بە عەرەبی (مصون غیر مسئول)ی پێدەگوترێ! کەچی ئەو ژیانە لەلایەکەوە پڕخۆشییە و لەلایەکیترەوە بێبەر و بێئەنجام بە هەڵەیەك سەرتاپا دەگۆڕدرێ!

ئەو ژیانە بێبەر و بێئاکامە چونکە هەر رەبی موسا دەزانێ چەند ساڵ و بگرە ساڵەهای ساڵ ئادەم و حەوا بەتاکیتەنیا بەبێ منداڵ و زاروو و وەچە ژیاون، بیریان لەهیچ نەکردووەتەوە خێزانی ئاسایی و کار و پیشە و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئەرك و فرمان و ماف و نەخۆشی و سەریەشە نامۆبوون و بگرە ئەو وشە و چەمکانە بوون کە لەفەرهەنگیشدا جێگایان نەبووەتەوە! ناوی مردنیان هەرنەبیستووە! نابینابوون: بەوپێیەی تەورات گوتویەتی بە رووتی ژیانیان بەسەربردووە نە هەستیانپێکردووە نە زانیویانە! ئەمە چۆن لێکدەدرێتەوە!

خۆ ئەگەر جۆرە بەختەوەریی و ئازادییەك هەبووبێ ئەوا توندوتۆڵ پابەندی هەلومەرجێکی پێشوەخت دیار و دەستنیشانکراوکراون ئەویش بریتیبووە لە نەزانین. ئەگەربێتو لێرە بشێ بنەمایەکی لۆژیکی بۆ دەربڕینی ئەو ڕەوشە بەکاربهێنین دەڵێین بەختەوەری و ئازادی لە بەهەشتی عەدەندا یەکسانبووە بە نابینایی و نەزانین! ئەوەی لەوهاوکێشەیە سەیرترە ئەوەیە کە ئەو لایەنەی ڕێگای زانینی نیشانی ئادەم و حەوا داوە بە مار دانراوە! بۆچی؟ ئایا زانین ئەوەندە بەد و ناشرینە تاوەکو ئەو ڕادەیەی ئەوەی سەرنجت بۆلای زانین ڕابکێشێ مارە؟!

- هاتنەدەرەوە لە بەهەشتی عەدەن لەگەڵ خۆیدا ، وەك من تێبگەم، مرۆڤی بەئاراستە ڕاستەقینەکەدا ئاڕاستەکردووە! دەبێ مرۆڤێك کە بەدرێژایی ژیانی کارنەکات، نارەقەنەرێژێ، منداڵینەبێ، نەخۆشنەکەوێ و چاکەکاری و بەدکاری نەدەستنیمت چ مرۆڤێك بێت؟! مرۆڤ بەکارەوە مرۆڤە، ئەو کاریکات چاك و بەد دەکات! بوونی چاکەکاری و بەدکاری، ماتووییەن نەخۆشکەوتن و مردن و چوونە ژێرباری بەرپرسیارێتی و تۆباڵکێشان لەلایەکەوە سروشتی ڕاستەقینەی مرۆڤیی و مرۆڤ پشتڕاستدەکەنەوە و لەلایەکیترەوە سروشت و خەسڵەتی ئەو جیهانە ئەفسانەوییە کاڵدەکەنەوە کە هەرچی تایبەتمەندی مرۆڤ هەیە تیایدا زەوتکراوە!

ئەگەڵ ئەم هەموو لایەنە لەبار و نالەبارانەی ئەو ئەفسانەی تەوراتی جوولەکە دەکرێ هەڵەکەی ئادەم پەسەندبکرێت، ئەگەر مرۆڤ هەڵەنەکات بەچی لە درەختێك جیادەکرێتەوە. ئەو کەسە هەڵدەکات کە کارا و چالاکە و ئیشدەکات. ئەگەر ئادەم لەبەری داری زانینی نەخواردبایە و لە بەهەشت دەرنەکرابایە، ئەگەر مرۆڤ ئەو ئەفسانەی تەورات پەسەندبکات، ئێستا کە لە ئادەم و حەوا بەولاوە کەسیتر نەدەبوو، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ماف و ئەرك، ئیشوکار، خێزان و هاوسەرگیری و نەخۆشی و لەشساغی و مردن و کولتور چەند وشەو چەمکێکی نامۆدەبوون، بەڵام بۆ دەبێ سەرەتای ژیانێکی ئاسایی بەکەتن دەستپێبکات وەك لەتەوراتدا هاتووە؟ بۆ دەبێ ئەوەی سەرنج بۆ لای ڕووتی و کەموکورتی ڕابکێشێ بە مار دابنرێ؟

لەسەرەتادا مار هەوڵیداوە حەوا (ژنەکە) تەفرەبدات، لەوکارەشیدا سەرکەوتووبووە، ئایا دەکرێ وادابنرێ کە ژن لایەنی لاوازی کێشە و هاوکێشەکەیە. ئینجا حەوا مێردە سەرسەختەکەشی ڕازیکردووە کە لە بەری درەختە تابۆیە ڕێگانەدراوەکە بخوات. باشە ئەگەر ژن لاوازە، چۆن لاواز دەتوانێ لایەنی بەهێز تەفرەبدات؟!

هەرچۆنێك ئەفسانەی ئادەم و حەوای تەوراتی تایەفەی موسا (جوولەکە) لێکبدرێتەوە، نمونەیەکی زیندووە ئەو ئاینە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارێکی کێشە ئامێز داویەتەدەست، ئەو کێشە پرسیارەی هیگڵی مەزنی نارەحەت و نیگەرانکردووە، کێشەی شپرزەبوونی گیان و دابەشبوونی. بێگومان لێرەدا مەبەست گۆڕانی رەوشی دۆخی ژیانە بەهەموو رەهەندەکانییەوە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکیدیکەی چالاك و پێشکەوتووتر. تەورات بەوجۆرە باسی قۆناغەکەی کردووە کە ئادەم و منداڵ و نەوەکانی سەرگەرمی ئاژەڵداری و شوانکارەیی و کشتوکاڵ (زەراعەت) بوون. ئیتر ئەو وەڵامدانەوەیە ئەگەرچی لە چوارچێوەی ئەفسانەدا پۆلێندەکرێ، بەڵام کۆششێکی زیرەکانەی سەردەمی خۆی بووە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارێك تا ئەم سەردەمەمان گرێکوێرەیەکە نەکراوەتەوە و مەتەڵێکە هەڵنەهێنراوە.

•••

سەرچاوە و پەراوێز:

١. د. فرانكفورت، جون، أ، ولسن: ما قبل الفلسفة الأسنان في مغامرته الفكرية الأولى. ترجمة: جبرا ابراهيم جبرا. مراجعة: د. محمود الأمين. دار مكتبة الحياة - فرع بغداد:- ١٩٦٠، ص ٢٥٠ فيما بعد.

هتروةها برِوانة:

- طه باقر: ملحمة طلطامش ط ٥، بغداد ١٩٨٦، ص٤٣.

- د. محمد خليفه حسن احمد: الأسطورة و التأريخ في التراث الشرق القديم. بغداد ١٩٨٨ في أماكن مختلفة.

٢. G. W. F. Hegel: Werke in Zwanzig Banden Bd.٨. Enzyklopade der Philosophiuhen Wissenschften. Bd. I. Surkamp Verlag ١٩٧٠. S ٨٩. ff.

٣. Die Bibel: Das Alte Testament. R. Brockhaus Verlag. Wuppertal. ٢٠٠٣. Genesis: ١: ٣١, ٢: ٨.

٤. Die Bibel: Ebenda: ٢: ١٧.

٥. Die Bibel: Ebenda: ٣: ٥ – ٦.

تیشکێك بۆ سەر ڕۆمانی "پێشمەرگە"

ڕەوەند حەمە جەزا (*)

ڕۆمانی (پێشمەرگە) کە لە نووسینی (د. ڕەحیمی قازی)یە کە لە ساڵی(٢٠١٠)دا، لەلایەن دەزگای ئاراسەوە بۆ جاری چوارەم چاپکراوەتەوە کە نووسینەکەی بە قەبارەیەکی بچووك نووسراوە و لە قەبارەی لاپەڕەی بچووکدایە و لە دووتوێی (١١٨) لاپەڕەدا چاپکراوە کە کتێبێکی هێندە ئیسکسووك و خنجیلانەیە کە خوێنەر لەگەڵ هەڵگرتنی کتێبەکەدا و خوێندنەوەی یەکەم لاپەڕەی هەست بەوەدەکات کە خۆی یەکێکە لە کارەکتەرەکانی نێو چیرۆکەکە و ئەو ڕووداوانەی کە ڕوودەدەن لەچیرۆکەکەدا هەمووی پەیوەندی بەوەوە هەیە، هەمیشە خوێنەری ئەم کتێبە هەوڵدەدات بزانێت ڕووداوەکانی دواتر چی ڕوودەدەن و بەتامەزرۆییەوە لاپەڕەکانی هەڵدەداتەوە بەتایبەتی لەپاش ئەوەی کە خوێنەر ئەو پێشکییە دەخوێنێتەوە کە (د.ڕەحیمی قازی) خۆی بۆی نووسیوە، لەدوای ئەوەش دەزگای ئاراس دوو نووسینی پرپایەخی لەدوای پێشەکییەکەوە بڵاوکردووەتەوە کە ئەویش نووسراوێکی سێ لاپەڕەی پرۆفیسۆر (د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ)ی بڵاوکردووەتەوە کە تێیدا د. عیزەدین باس لەوەدەکات کە ئەم چیرۆکە هاوشێوەی داستانەکانی (دوانزە سوارەی مەریوان و قەڵای دمدم و خانزاد و شەریف..) جێگەی خۆیان لە خانەی نووسراوخانەدا دەگرێت. دواتر شاهیدی ئەوە بۆئەم دەقە دەدات کە توانیویەتی کۆمەڵێك ڕووداوی ئەو سەردەم و شوێنەمان بۆ باسبکات و ئەم دەقەش دەخاتە خانەی (ڕیالیزمی سۆشیالستی)وە دەیکات بە دەستەخوشکی دەقە هەرەمەزنەکانی نووسەری ئەم ڕێبازە وەك نووسینەکانی (گۆگۆل و تۆلستۆی و مەکسیم گۆرکی).

*) زانکۆی گەرمیان، rawandroman@ymail.com

پاشان نوسراوێکی دوو لاپەڕەی گەورە چیرۆکنووسی کورد (حەسەن قزڵجی) کە تێدا باس لە زمانی نەتەوەی کورد دەکات کە لەڕووی ژانری چیرۆکەوە زمانێکی هەژارە کە ئەمەش چەند هۆی تایبەتی خۆی هەیە، لەنووسینەکەیدا زیاتر لەسەر کەسایەتی (د.ڕەحیمی قازی) قسەدەکات و دەقەکە جێدەهێڵێت بۆ خوێنەر و لەکۆتاییدا پێیوایە کە ئەم دەقە خشتێکی گرنگە لە ئەدەبی کوردیدا و خزمەتێکی بەنرخ بە زمان و مێژووی نەتەوەکەمان دەکات. لەدوای خوێندنەوەی ئەم پێشەکییانە و ئەو باسکردنەی هەردوو نووسەر لەسەر ئەم دەقە بڕواناکەم کە خوێنەر بتوانێت واز لە دەقەکە بهێنێت و نەیخوێنێتەوە.(*)

شوناسی دەقەکە

ئەم دەقەی (د. ڕەحیمی قازی)ش و هەریەکە لە دەقەکانی (مەسەلەی ویژدانی ئەحمەد موختار جاف و لەخەومای جەمیل سائیب) کە لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ژانری چیرۆک و ڕۆمانی کوردییەوە نووسراون تائێستە ڕوونەبووەتەوە کە ئایا ئەم دەقە سەربە کام لە ژانرە ئەدەبییە نووسراوەکانی وەك (چیرۆك، ڕۆمان، نۆڤلێت..)و بۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر شوناسی دەقەکە، هەرچەندە کە لەسەر بەرگی کتێبەکە شوناسی ڕۆمان دراوە بەم دەقە، بەڵام هەر پاش خوێندنەوەی دەقەکە خوێنەر تێدەگات کە ناتوانرێت ئەمە لە خانەی ڕۆماندا دابنێت، چونکە هەر لە سەرەتای کتێبەکەوە لەو پێشەکییەی (د.ڕەحیمی قازی) کە خۆی بۆ چاپی دووەمی دەقەکەی نووسیوە، دەقەکەی خۆی بە چیرۆك ناودەبات، هەروەها (د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ و حەسەنی قزڵجی)ش، شوناسی چیرۆك بە دەقەکە دەدەن، بەڵام نازانرێت کە دەزگای ئاراس بەچی پێوەرێك شوناسی ڕۆمان بە دەقەکە دەدەن!! هەروەها ئەگەر لەڕووی ژمارەی کارەکتەر و ڕووداو و گرنجی دەقەکە وردبینەوە بۆماندەردەکەوێت کە ئەم دەقە زیاتر لە (کورتە ڕۆمان) واتا نۆڤلێتەوە نزیکترە وەك لە ڕۆمان.

پێشمەرگە لەنێوان خەیاڵ و واقیعدا

ئەم ڕۆمانە بەشێوەیەك گێڕاوەتەوە کە خوێنەر هیچ هەست بەوەناکات کە ئەوەی دەیخوێنێتەوە چیرۆکە، بەڵکو واهەستدەکات کە جۆرێکە لە یاداشتنامە و بیرەوەری خودی نووسەر، چونکە زۆر بەجوانی کات و شوێنی ڕووداوەکان دیاریکراوە و هەر لە یەکەم وشەوە

دەزانێت کات کەیە و شوێنەکە کوێیە، چونکە چیرۆکەکە بەمشێوەیە دەستپێدەکات "زستانی کوردستانە" دواتریش ناودێیەکان و ناوی کارەکتەرەکانی هەمووی کوردین و لەهەمانکاتیشدا چیرۆکەکە بەچەندین رووداوی زۆر سەرنجڕاکێش کە بەرهەمی خەیاڵی نووسەری دەقەکە دەوڵەمەندکراوە کە ئەویش هەر رەنگدانەوەی کۆمەڵگەی کوردییە و هێندە رووداوەکان بەدەستپاکییەوە گێڕاونەتەوە کە دەڵێی نووسەر راپۆرتێکی دەربارەی حاڵ و گوزەرانی دانیشتوانی ئەو بەشەی کوردستانمان بۆ بەیاندەکات جا چ دەربارەی ژیانی گوندنشینان و حاڵ و گوزەرانیان بەدەست ئاغاوە، دواتریش بەشێوەیەکی زۆر رەوان باس لە خەباتی کۆمەڵە سیاسییەکانی ئەو بەشەی کوردستان دەکات بەتایبەتی حیزبی (کۆمەڵە)و کۆمەڵەی (ژ.ك)، دواتریش باس لە بڵاوکراوە رۆشنبیرییەکان دەکات کە ئەمانە هەموویان لەواقیعدا هەمن نەك بەرهەمی خەیاڵی نووسەر کە نووسەرەکە زۆر واقیعانە رووداوەکان دەگێڕێتەوە، وەك مێژوونوسێك بەرواری رووداوەکان دەگێڕێتەوە وەك دەڵێت: "لە ئاخروئۆخری ساڵی ١٩٤٤دا ئیتر کۆمەڵەی (ژ.ك) باڵی بەسەر تەواوی کوردستاندا کێشابوو"[1] ل١٠٥، بەڵام لە هەمووی زیاتر ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە (د.رەحیمی قازی) لەدەقەکەیدا بەئاشکرا باس لە رۆڵی شاعیری پایەبڵندی کورد (هێمن) دەکات و وەك چۆن لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیدا باسکراوە.. (د.رەحیمی قازی) دەڵێت: "ئەو لاوە هۆنەری تازەپێگەیشتوو، بەڵام مەشوور و بەناوبانگی کوردستان، محەمەد ئەمینی شەیخولئیسلام بوو کە لەپاش ئەوەی بوو بە ئەندامی کۆمەڵە نێوی (هێمن)یان پێدابوو."ل٩٤، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە کە هیچ یەکێك لە هۆنراوەکانی ئەم شاعیرە ئەمرەی جێگەنەکردووەتەوە لەبەرهەمەکەیدا لەکاتێکدا کە هێمن لەوکاتەدا چەندین شیعری جوانی نیشتیمانی هەبووە.

واتا ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی لەم دەقە بڕوانین دەبینین هێندە نزیکە لە واقیعەوە کە لە چیرۆك ناچێت، بەڵام بەهۆی تەکنیکی گێڕانەوەی رووداوەکان، دەمانباتەوەسەر ئەوەی کە ئێمە بەرهەمێکی ئەدەبی سەربە ژانری چیرۆك دەخوێنینەوە.

گرنگی رۆمانی پێشمەرگە لە نێوەندە ئەدەبییەکاندا

لەنێو ئەو بابەتە رەخنەی و کتێبانەی کە لەسەر چیرۆك و رۆمانە کوردییەکان خوێندوومەتەوە زۆر سەرنجمداوە، بەڵام شتێکی وام بەرچاونەکەوتووە لەسەر ئەم دەقە کە بەڕاستی

شایەنی تێڕامان و لەسەر نووسینە، چونکە زۆر بەجوانی باس لە سەردەمی دامەزراندنی کۆماری مەهاباد دەکات کە ڕووداوەکانی نێو ئەم دەقە زۆر لەو ڕوودوانەوە نزیکە کە مێژوونووسان بۆماندەگێڕنەوە. ئەمە لەلایەك و لەلایەکیدیکەیشەوە گرنگیدانی (د.ڕەحیمی قازی)یە، بە لایەنی زمانەوانی و فەرهەنگی وشە کوردییەکان وەك لەو پەرەگرافەدا کە باس لە دۆزینەوەی ناوێك دەکات بۆ "پێشمەرگە" کە هێمنی شاعیر کە یەکێکە لە کارەکتەرەکانی ناو دەقەکە هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی زماناس و پسپۆڕانی زمانی کوردی بۆ دۆزینەوەی وشەیەك کە دەیانەوێت وشەیەك بدۆزنەوە کە لەبەرانبەر وشەی "سەرباز و نیزامی و عەسکەر و مجاهید"دا، بەکاریبهێنن، بەڵام لەنێو هەموو پسپۆڕان و شارەزایان کەسیان ناتوانن وشەیەك بدۆزنەوە و ماندوودەبن، بەڵام ئەو پیاوەی کە لەوێ خزمەتدەکات پیاوێکی پیرە، پرسیاریانلێدەکات ئەوە بۆچی وا ماندوو و بێتاقەتن و بەدەست چییەوە داماون؟ ئەوانیش حاڵەکەی بۆ باسدەکەن، پیاوە پیرەکەش پێشنیاری وشەی "پێشمەرگە"یان بۆ دەکات ل٩٥، کە لێرەدا دەتوانین دوو خوێندنەوە بۆ ئەم دیالۆگە بکەین ئەویش ئەومیە:

یەکەم: گرنگیدانی نووسەر بۆ وشە و فەرهەنگی کوردی و وازهێنانی کوردبووە لە وشەی عەرەبی و فارسی و گەڕانەوە بۆ وشەی کوردییەتی.

دووەم: لێرەوە نووسەر پێشنیاری ئەوەمان بۆدەکات کە بۆ ساغکردنەوەی کەلەپوور و فەرهەنگی لەمێنەهاتووی نەتەوەکەمان بەتایبەتی لەڕووی وشە و زاراوەی پەتییەوە کەسانی بەئەزموون و بەتەمەن پشتگوێنەخرێن و پرسیاریپێبکرێت و داوای کۆمەکیان لێبکرێت، هەروەها نووسەر لە کۆتایی کتێبەکەدا لە کاتی یەکگرتنی پێشمەرگەکاندا و لە کۆبوونەوەکانی شەوانیاندا لەکاتی گاڵتە و جەفەنگدا، نووسەر لە کارەکتەرەکانیەوە کە هەریەکەیان لە شارێکەوە هاتوون لە زاری ئەم کارەکتەرانەوە چەند دێڕێك لە زاراوەی هەموو ناوچەکانی کوردستانمان بۆ دەخاتەڕوو کە زماناس و لیژنەکانی دروستکردنی زمانی ستانداردی کوردی دەتوانن سوودیلێببینن ئەگەر ڕۆژێك هەوڵدرا بۆ دروستکردنی زمانێکی نەتەوەیی و یەکگرتوو بۆ هەر چوار پارچەکەی کوردستان یان هیچ نەبێت بۆئەو پارچەی کە ئازادە، چونکە شێوازی قسەکردنی زۆربەی شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی تێدایە.

لایەنی هونەری دەقەکە

ئەم دەقە وەك هەر دەقێکیدیکەی ئەدەبی لە سەروو ڕەخنەوە نییە، هەرچەندە **نووسەری** دەقەکە خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرا بێت و ئامۆزای سەرۆك کۆماری مەهاباد (**پێشەوا قازی محەمەد**) بێت، بەڵام سەروکاری ئێمە لەگەڵ دەقەکەدایە و دەمانەوێت بە تەرازووی هونەر کێشیبکەین.

ئەگەر سەرەتا لە ناوی دەقەکە وردبینەوە (پێشمەرگە)، دەبینین کە ناوەڕۆك بەپێی ئەو پێوەرانەی کە ناونیشانێکی سەرکەوتوی پێدیاریدەکرێت، ناونیشانەکەی سەرکەوتوونەبووە چونکە ناوەکە ناوێکی زۆر سادەیە. بەپێی ئەو بۆچوونەی (ئیبراهیمی یونسی) کە لە **کتێبی (هونەری** چیرۆکنوسی)دا، باس لە ناونیشانی **لاواز و ناونیشانی سەرکەوتوو دەکات و یەکێك لە** نیشانەکانی ناونیشانی **لاواز ئەوەیە کە ناونیشانەکە ناوی یەکێك لە کارەکتەرەکان بێت یان** ناوێکی سادەی زۆر **بەکارهاتووی ناوخەڵك بێت، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە سەرنجی** خوێنەر ڕاناکێشێت و خوێنەر کەمەندکێشناکات بۆ خوێندنەوەی بابەتەکە.[٢]

ئەگەر باس لە ناوەڕۆکی دەقەکە بکەین وەك پێشتر ئاماژەمانپێکرد زیاتر لە ڕاپۆرتێك دەچێت کە دژی ئەو جەور و ستەمە کە ئاغا بە خەڵکی گوندنشین و دەسەڵاتی شاهەنشای بە دانیشتوانی ئەو بەشەی کوردستانی دەکات، هێندە لە ڕۆمان ناچێت چونکە وەك لە **پێناسەیەکی** ڕۆماندا هاتووە کە دەگوترێت: "ڕۆمان واتا گێڕانەوە"، بەڵام گێڕانەوە **لەم دەقەدا زۆر لاوازە،** چونکە گرێچن (PLOT) لە م دەقەدا لاوازە و دەتوانین بڵێین **هەندێك لە ڕووداوەکان** بەشێوەیەکی زۆر سادە ڕوودەدەن و ئەنجامی **ڕووداوەکانیش بەهەمانشێوە لاوازە، بۆ نموونە** ڕووداوی گرتنی (مرۆت) لەلایەن (مینە ئاغا)**وە کە بەشێوەیەکی کتوپڕ ڕوودلوەکە ڕوودەدات و** هەروەها ڕووداوی کوشتنەکەی (مینە ئاغا) لەلایەن (شێرکۆ و **پیرۆت)وە کە بەشێوەیەکی زۆر** سادە مینە ئاغا دەگرن و هەڵیدەواسن.

گرفتێکیدیکە دەقەکە لەڕووی هونەرییەوە ئەوەیە کە زۆر نزیکە **لە واقیعەوە** کە باشترین نموونە ناو و ڕۆڵی (هێمن)ی شاعیرە لەدەقەکەدا کە بەڕاستی ئەمەش لە بەهای هونەری دەقەکە کەمدەکاتەوە چونکە دەقەکە شوناسی ڕۆمانی هەڵگرتووە. بەبڕوای ڕەخنەگر (حەمە سەعید حەسەن) کە لەمبارەیەوە دەڵێت: "ڕۆماننووس ڕووداومان بۆ ناگێڕێتەوە ڕووداومان بۆ

دەخولقێنێت، ئاخر ئەرکی ئەوەنییە کە رووداوی راستەقینەمان بۆ بگێڕێتەوە ئەرکی ئەوەیە ئەو وەهمەمان لەکن دروستبکات ئەوەی بۆماندەگێڕێتەوە رووداوی راستەقینەیە". (٣)

پێموایە لەپاڵ ئەو باس و پیاهەڵدانەی هێمنی شاعیردا دەبوو یەکێك لە شیعرە نیشتیمانییەکانی شاعیری دابنایە لەو دەقەدا چونکە تا ئەوکات هێمنی شاعیر چەندین دەقی جوانی نیشتمانی نووسیبوو وەك دەقی (کوردم ئەمن) کە لە ساڵی ١٩٤٢ نووسیویەتی کە بەراستی زۆر لەگەڵ ناوەڕۆك و پەیامی رۆمانەکەدا دەگونجێت.

دەڵێت:

گەرچی تووشی رەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن
قەت لە دەس ئەم چـەرخە سپڵە نابەزم، مەردم ئەمن
ئاشـــقی چـــاوی کەژاڵ و گـــەردنی پـــڕخـــاڵ نیم
ئاشـــــقی کێو و تـــەلان و بـــەندەن و بەردم ئەمن[٤]

•••

سەرچاوە:

*. بۆ خوێندنەوەی پێشەکی و وتارەکانی (د.عیزەدین مستەفا رەسوول و حەسەن قزڵجی) **بگەرێنەوە بۆ سەرەتای رۆمانەکە.**

١. د.رەحیمی قازی، رۆمانی پێشمەرگە، ل١٠٥، دەزگای چاپی ئاراس، چاپی چوارەم

٢. ئارام سدیق، ناونیشان لە چیرۆکی کوردیدا، ل ١١٢، چاپخانەی کاردۆ، بەرێوبەریەتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی

٣. حەمە سەعید حەسەن: بەفر و گڕکان، ل٣٩، دەزگای چاپی ئاراس

٤. مامۆستا هێمنی موکریانی، دیوانی هێمن، ل ٨٩، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم.

سەرژمێری گشتی حەشیمەت و خانووبەرە، ساڵی (٩٠) ی هەتاوی

لە سیاسەتی قەومی نابەرانبەرەوە بۆ نۆڵیکردنی قەومی

خالید عەلیزادە

سەرژمێریکردن و بەدەستهێنانی زانیاری سەرەکی و بنەرەتی سەبارەت بە حەشیمەت و خانووبەرە، ئەمڕۆ لە هەموو وڵاتانی دونیادا و بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کە بەرنامە و پرۆژەیان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتەکەیان هەیە، یەکێك لە سەرەکیترین و بنەماییترین ئەو بەڵگەنامانەیە کە وڵاتان بایەخیپێدەدەن. ئەو زانیاریانەی کە لەم ڕێگەوە بەدەستدێن، دەتوانی تارادەیەکی زۆر نیشاندەری هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و کلتووری هەر وڵاتێك بێت. ئەم زانیاری و دەیتایانە وەکو مەتریالێکی خاو کەرەسەیەکی باش و یارمەتیدەرن بۆ سیاسەت و پلاندارشتنی گشتی، مەبەستی ڕۆژانە، خزمەتگوزاری شاری، دروستکردنی ژێرخانی ئابووری، دیاریکردنی سنووری ناوچەی هەڵبژاردن و تایبەتمەندی ئەو کەسانەی کە لەهەڵبژاردنەکاندا بەشداریدەکەن، داهاتی باج و خەراج، دانانی سیاسەت و یاسای لەبار و گونجاو لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگا، دروستکردنی خانووبەرە، دیاریکردنی حەشیمەتی ئامادە بۆ چوونەسەر کار، بەساڵاچووان و بەگشتی دابینکردنی ئاسایش و خۆشگوزەرانی بۆ هەموو ئەو خەڵك و کەسانە کە لەڕێگەی سەرژمێریکردنەوە بەئەژمار هاتوون.(ویکس، ١٣٨٤: ٧٥ ـ ٧٦)

زۆر لەمێژە دەوڵەتان خوازیاری ئەوەن کە سەبارەت بە چەندایەتی و چۆنایەتی حەشیمەتی وڵاتەکانیان زانیاری بەدەستبهێنن. ئەم بەپەرۆشبوونەی دەوڵەتان بۆ بایەخدان بە خەڵك و بەدەستهێنانی زانیاری زانستی لەسەر مرۆڤ نییە، بەڵکو بۆ ناسینی ڕادەی باجدەران، چەکدار و کرێکارەکان و زۆر شتیدیکەی لەم چەشنە دەگەڕێتەوە. باشترین ڕێگە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری سەبارەت بەڕادەی حەشیمەت، ژماردنی خەڵکە کە بەگشتی سەرژمێری پێدەڵێن.

ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، سەرژمێریکردنی حەشیمەتی بەمشێوەی خوارەوە پێناسەکردووە: «پرۆسەی گشتی کۆکردنەوە، ڕێکخستن و بڵاوکردنەوەی زانیاری دیمۆگرافی، ئابووری و کۆمەڵایەتی، لەسەر هەموو دانیشتوانی وڵاتێك و ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی ئەواندایە، لەیەککاتدا یان کات و دەرفەتێککەلێکی تایبەتیدیکەدا» united nations, 1958) (وەرگێراو لە سەرچاوەی پێشوو) کە دەتوانی بەشێوەی سەرژمێری و نموونەگرتن یان بە وتەیەکیدیکە ئامارگیری (Census) بەڕێوەبچێ.

هەندێجار بەهۆی ئەوەی کە سەرژمێریکردن بۆ دەوڵەتان خەرج و پارەیەکی زۆری دەوێ، دوڵەتان لەڕێگەی نموونەگرتنەوە ئەم زانیارییانە کۆدەکەنەوە. ئەو زانیاری و دەیتایانەیی کە لەڕێگەی سەرژمێریکردنەوە بەدەستدێن، بەمەرجی ڕەچاوکردنی واقعییەتی کۆمەڵگا، وەکو ئاوێنەیەك وایە کە نیشاندەری ڕادەی حەشیمەت و تایبەتمەندییەکانی لەڕووی ژن و پیاوبوون، منداڵ، جوان و بەساڵاچوو، جیاوازی ئایینی، زمانی و نەتەوەیی و هەندێ زانیاری بنەڕەتیدیکە وەکوو خانووبەرە، ئۆتۆمبێل، کەڵکوەرگرتن لە ئینتێرنێت و زۆرشتیدیکەی لەم بابەتە لەخۆدەگرێ. لەسەرژمێریدا بۆ بەدەستهێنانی زانیاری گشتی لەڕێگەی پرسیارکردنەوە ئەم کارە بەڕێوەدەچێ و ئەو پرسیارانەی کە لەسەرژمێریدا دێنەئاراوە تاڕادەیەکی زۆر گرنگی و بایەخداربوونی پرسیارەکان نیشاندەدەن.

لە وڵاتی ئێمەدا (ئێران) وەکو هەموو وڵاتانیدیکەی جیهان، مێژووی سەرژمێری هەر بەو هۆکارانەی کە لەسەرەوە ئاماژەپێکرا، بۆ سەردەمی کۆن دەگەڕێتەوە. بەڵام بەشێوەی فەرمی و بەشێوەی ئیمڕۆیی تەمەنی سەرژمێری زیاتر لە سەدەیەك تێپەڕناکات.(سەعدوندیان، ١٣٧٩: ١٦ ـ ٤٨)

بەوردبوونەوە و لێکدانەوەی دیمۆگرافی مێژوویی وڵاتی ئێران، بۆماندەردەکەوێ کە لەنێوان سەردەمی کۆن و نوێ لە شێوەی سەرژمێریکردندا، جیاوازییەکی زۆر بەرچاودەکەوێ. لە سەردەمی کۆن لەهەموو دانیشتوانی وڵات بە بۆنەی وەرگرتنی باج، بەزۆربردن بۆ بەرەکانی شەڕ، کارکردنی زۆرەملی و زۆر مەبەستیدیکە بەدوور لە هەرجۆرە جیاوازییەکی ئایینی، نەتەوەیی و بیروڕا و مەبەستێکی شاراوەی سیاسی، سەرژمێری بەڕێوەدەچوو، بەڵام لە سەردەمی درووستبوونی دەوڵەتی مودێرنی ئێران، بەهۆی زاڵبوونی گوتاری ناسیۆنالیستی، تاڕادەیەکی زۆر دەتوانین بڵێین شۆڤێنیستی و ڕەگەزپەرەستانە لە هەوڵی ئەوەدا بوونە کە هەرجۆرە جیاوازییەکی

...یی- زمانی و ئایینی بسڕێنەوە و لەپشتی هەموو بەرنامە و پڕۆژەیەکدا، مەبەستێکی ...ی شاراوە هەبووە. یەکێك لەو بەڵگە و پڕۆژە گرنگانەی کە دەتوانێ راستی ئەم وتەیە ...ت ...تبکاتەوە سەرژمێریکردنە. دەتوانین بڵێین سەرژمێری لەهەر وڵاتێکدا و بەتایبەت لە ...ی فرەنەتەوە و ئاییندا، دەتوانێ تارادەیەکی زۆر رەنگدانەوەی سیاسەتی قەومی ئەو ...نە بخاتەڕوو. بە چاولێکردن لە دیمۆگرافی مێژوویی وڵاتی ئێران، بۆماندەردەکەوێ کە لە ...ردەمی کۆندا، ئەمجۆرە روانینە لەئارادانەبووە. ئەو بەڵگە و سەرچاوانەی کە لە رابردووەوە ...مانەوەتەوە، ئەو راستییە دەسەلمێنێ کە دانیشتوانی ئێران لە نەتەوە و ئایینی جیاواز پێکهاتوون، بابەتێك کە ئەمرۆ زۆربەی لێکۆڵەرانی ئەم بوارە جەختی لەسەردەکەنەوە. (هێلیدەی، ١٣٥٨، کاتم: ١٣٨٥: پاك سرشت: ١٣٨٧)، بەڵام لە سەردەمی نوێدا بەهۆی ...بوونی گوتاری یەکنەتەوە و یەکزمان، هەوڵدراوە بە پڕۆژە و سیستماتیك هەرجۆرە جیاوازییەك بسڕنەوە.

بۆ لێکدانەوە و تێگەیشتنی باشتری ئەم بابەتە دەتوانین مێژووی هاوچەرخی ئێران بەسەر سێ قۆناغدا دابەشبکەین:

یەکەم: سەردەمی شۆڕشی مەشرووتەخوازی: لەم قۆناغەدا بەهۆی ئاشنابوون لەگەڵ بیر و ئەندێشەی رۆژئاوایی و هاتنەئارای بیروبۆچوونی ئازادی، بەرابەری، دادپەروەری، مافی تاك و دانان بە جیاوازی نەتەوەی و ئایینی و لەهەمانکاتدا رەچاوکردنی ماف بۆ هەرجۆرە جیاوازییەك، ئێمە شاهێدی جۆرێك لە گەشەسەندن و پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکانین کە بەداخەوە تەمەنی ئەم قۆناغە زۆر کورتخایەن بوو.

دووهەم: قۆناغی دروستکردنی دەوڵەتی پەهلەوی (یەکەم و دووهەم): دوای لەکیسچوونی دەستکەوتی شۆڕشی مەشرووتەخوازی لە ئێران و هاتنەسەرکاری دەوڵەتی پەهلەوی، دۆخێکی تایبەت بەسەر ئێراندا زاڵبوو کە هاوکاتە لەگەڵ داپڵۆسین و داماڵینی هەرجۆرە شوناسێکی جیاواز لەگەڵ شوناسی زاڵ و باڵادەست بەسەر ئێراندا. (عەلیزادە، ١٣٨٧، ٦ - ٨). بەچاولێکردن و وردبوونەوە لە ناوەرۆکی ئەو سەرژمێرییانەی کە لەو سەردەمەدا بەڕێوەچووە، دەبینین هیچجۆرە ئاورێك لە نەتەوە، زمان و جیاوازییەکان نەدراوەتەوە. لەو سەردەمەدا ... شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی (٥٧)ی هەتاوی بەگشتی سیاسەتی قەومی، سیاسەتی تواندنەوە

و نکۆڵیکردن بووە، واتە نەتەوەبوون وەکو هۆکارێك بۆ دابەشکردنی دەسەڵات، سامان و سەروەری کۆمەڵایەتی بەئەژمارنەهاتووە و لەهەرجۆرە داننان بە جیاوازییەکان، نکۆڵیکراوە کە لەئاکامدا دژکردەوە، ناکۆکی، ململانێی نێوان دەولەت و گەلانی زولملێکراوی لێکەوتووەتەوە. (سەرچاوەی پێشوو، ٨ ـ ٩)

سێیەم: قۆناغی شۆرشی گەلانی ئێران ساڵی (٥٧): لەدوای رووخاندنی رژێمی پەهلەوی، بەهۆی نارەزایەتی خەلکی ئێران بەگشتی و گەلانی زۆرلێکراو بەتایبەتی و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی لە دەرئەنجامی خەبات و شۆرشی گەلانی بەزاڵەهاتوو، دۆخێکیدیکە بەسەر ئێراندا زاڵبوو کە دەتوانین بڵێین ئارادەیەك جیاوازترە لە سەردەمی پێش خۆی. ئەم بابەتەش بۆ بەشداری گەلانی ئێران لەشۆرشدا و هەروەهاش هەوڵ و تەقەلاییەکی زۆر بۆ گونجاندنی مافە نەتەوەییەکانی خۆیان لە یاسای بنەرەتی وڵاتدا دەگەرێتەوە کە توانییان هەندێ لە مافە رەواکانی خۆیان بە نیوەچڵی لە چەند برگەی یاساییدا بگونجێنن و بەم کارەیان بوونە هۆی ئەوەی کە دەولەت دان بە گرووپە ئایینی و نەتەوەییە جیاوازەکاندا بنێ، بەڵام دەولەت بەفەرمیکردنی مەزهەبی تەشەییوع بە پلەی یەکەم و دواتر زمانی فارسی لەیاسادا و داننان بە زمانی کوردی، عەرەبی، تورکی، بەلوچی، تورکەمەنی و مەزهەبی سوننە و کەمایەتییە ئایینییەکانیدیکە لە یاسای بنەرەتی وڵاتدا لەتەنیشت زمان و ئایینی فەرمی، جۆرێك لە سیاسەتی قەومی نابەرابەری سەبارەت بەم گرووپە جیاوازانە رەچاوکردووە.

کۆکردنەوەی هەموو هێز و توانا و دەسەڵاتی دەولەت لە چەند ناوچەی دیاریکراودا، دابەشکردنی نایەکسانی سەروەت و سامانی وڵات، راگرتنی گرووپە نەتەوەیی و ئایینیەکان لە پاشکەوتوویی، هەژاری و پەراوێزخراویدا، ئەو راستییە دەسەلمێنێ. لێکدانەوەی ئەو بەلگە و داکیۆمێنتانە کە وەکو ئارشیف بۆمانماوەتەوە و لەهەمووشیان گرنگتر، بەڵگەی سەرژمێری و بەتایبەت بەچاولێکردن لە سەرژمێری ئەوساڵ (٩٠)ی هەتاوی، بۆمانروونەبێتەوە کە لەپشتی ئەم پرۆژە گەورەیە کە لەئاستی نەتەوەییدا بەرێوەدەچێ تا چەندە گرنگی بە جیاوازییەکانی وڵات دەدرێ. لەو سەرژمێرییەی کە ئەوساڵ لە رۆژانی (٢ تا ٢٢) مانگی خەزەڵوەر بەرێوەچوو، لە ناوەرۆکی پرسیارەکان بۆماندەردەکەوێ کە هیچجۆرە پرسیارێك سەبارەت بە جۆری زمانی نەتەوەکانی ئێرانی نەهاتووەتەئاراوە، بابەتێك کە لە سی ساڵی رابردووی حکوومەتی ئیسلامیدا تەنیا یەکجار لە دانیشتوانی ناوچەکانی ئێران پرسیارکراوە و بەهۆی هەلومەرجی شەری ئێران و

ـ ... کامی کۆتایی لەبەرچاونەگیراوە، واتە نەیانویستووە لەو راستییە تێبگەن کە ... ئەی کە بە زمانی کوردی، عەرەبی، تورکی، بەلوچی و تورکمەنی قسەدەکەن ... هەر بەهەمانشێوە سەبارەت بە مەزهەبی سوننە، پرسیارێك نەهاتووەتەگۆڕێ. لە ... سالی(٩٠)ی هەتاوی دەوڵەت زۆر بەژیری و بەوردی لە داڕشتنی پرسیارەکاندا ... تاکو جۆرێك پرسیار، دردۆنگی و بگرە رەخنەش لەلایەن گەلانی ئێرانەوە ... ، بە مانایەکیدیکە دەوڵەت لەڕێگەی بەفەرمیکردنی مەزهەبی شیعە و زمانی ... بە وڵاتانیدیکە رادەگەیەنێ، وڵاتی ئێران یەك زمان و یەك مەزهەبی هەیە و هیچجۆرە ... کێشەکی ئایینی و نەتەوەیی بوونی نییە و ئەگەر ناکۆکیشی هەبێت، شتێکی ناوخۆییە. هەڵسوکەوتی دەوڵەت سەبارەت بەم بابەتە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە. یەکەم : بەهۆی ئەوەیکە لەدوای شەڕی سارد و گۆڕان لە یاسای نێونەتەوەیی، بووەتە هۆی ئەوەی کە هەرجۆرە کردەوەیەکی دژەمرۆیی دەوڵەتان لە دژی کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکان، هەڵنەگ... دەرکەوتەی چاوەڕواننەکراو، لە دەستێوەردانی سەربازی تا مەحکوومکردن بە تۆمەتی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤی لێبکەوێتەوە.

دووهەم : لەهەمانکاتدا بەم کارە لەئاستی ناوخۆدا نایهەوێ خەڵکی وڵاتەکە، لەو راستییە تێبگەن کە ئاین و نەتەوە و زمانی جیاواز لەم وڵاتەدا هەیە و جۆرێك لە وتووێژ لەسەر بنەمای شوناسی جیاواز لەنێو خەڵکانی وڵاتدا بێتەئاراوە و بەمکارە دەیهەوێ گەلانی ئێران بە ئاین و نەتەوە جیاوازەکانەوە لە قەیرانی شوناسدا بگەوزێنێ کە بێجگەلەو کەسانەی کە دەسەڵاتی وڵاتیان قۆرخکردووە هیچکەس و گرووپێك قازانج لەمجۆرە کار و کردەوانە نابینێ (ئەلتایی، ١٣٧٨: ١٥٧ـ ١٥٨) بابەتێك کە لە تەواویەتی خۆیدا لە دژی مافەکانی مرۆڤ شوناسی نەتەوەیی و یەکگرتوویی خاك و خەڵکی ئێرانە.

خوێندنەوەیەکی سەرپێیی و خێرایی سەرژمێری ساڵی (٩٠)ی هەتاوی ئیشاندەری ئەو راستییەیە کە دەوڵەت هیچ بەها و بایەخێك بە گرووپە نەتەوەیی و ئایینییەکان نادا و لە سیاسەتداڕێژی گشتی وڵاتدا ئەمجۆرە جیاوازییانە لە بەرچاونەگیراون و لە دابەشکردنی سەروەت و سامانی ئەم وڵاتەدا ئەم گرووپانە جێگایان نییە.

دەوڵەت بەمکارە بەدوای دابینکردنی چەند مەبەستێکی تایبەتەوەیە

یەکەم: دەوڵەت دەیهەوێ تا نەو جێگەی بۆیدەکرێت حەشیمەتی ئەو ناوچانەی کە دانیشتوانی لە کەمایەتی ئایینی و **نەتەوەی جیاواز پێکهاتووە** کەمتر لەوەی کە هەیە نیشانبدا و هەمووکات جۆرێك **لەناروونی بەمکارەوە دیارە" رەنگە مەبەستێکیدیکەی** دەوڵەت لەمکارە **ئەوەبێت کە نایهەوێ ئەم کەمایەتییانە رێژەیەکی زۆرتر لە کورسییەکانی پارلمان داگیربکەن.**

دووهەم: دەوڵەت بەئاشکرا لەوەتێدەگا ئەگەر لە رێژەیی نەتەوە، زمان و ئایینە جیاوازەکان پرسیاربکا و ئەم گرووپانە بەفەرمی بناسێ، لەئاکامدا ناچاردەبێ لە سیاسەتی گشتی وڵاتدا لەهەموو بوارێکدا، لە دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا مافی تایبەت بە خۆیان بۆ دەستەبەربکا و جۆرێك هاوسەنگی و هارموونی لە سیستمی کۆمەڵایەتیدا لەبەرچاوبگرێ. بۆ وێنە بە پرسیارکردن لەڕادەی مەزهەبی سوننە، دەوڵەت ناچاردەبێ کە هەم لەئاستی ناوخۆ و هەم لەئاستی نێونەتەوەییدا بەرپرسیاربێت لەدابینکردنی پێداویستییەکانیان لە دروستکردنی مزگەوتەوە بگرە تا گونجاندنی یاسا و برگەی تایبەت بەم **گرووپانە** لە یاسای بنەڕەتی وڵات، لەبەرچاوگرتنی رۆژانی پشووی تایبەت، مامۆستا و کتێبی **ئایینی** تایبەت، پەروەردە و فێرکردن و.. هتد.

ئەم کار و کردەوانەی دەوڵەت لەپراکتیکدا تاڕادەیەکی زۆر لەگەڵ یاسای بنەڕەتی وڵاتدا **کە جێی پەسندی** زۆربەی **دانیشتوانی ئێرانە، یەکناگرێتەوە** و ناکۆکی و دژایەتی هەیە. **لەیاسادا، دان بە جیاوازی** نەتەوەیی و ئایینیدا نراوە، **بەڵام لەسەرژمێریدا** باسێك لەم بابەتانە نەهاتووەتەئاراوە. **لەئاکامی** ئەم پشکنین و بەدواداچوونەدا، چەند پرسیارێك دروستدەبێ. ئایا ئەو وێنەیە کە لەرێگەی **سەرژمێرییەوە** لە کۆمەڵگای ئێران دەخرێتەبەرچاو و رای خەڵك، لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگای ئێرانی کە کۆمەڵگایەکی فرەڕەهەند و جیاوازە، یەکدەگرێتەوە؟ ئایا بەنکۆڵیکردن و حاشالێکردنی جیاوازییەکان لەئاماردا، ئەم جیاوازییانە لەسەر ئەرزی واقیعی دەسڕێنەوە؟ پەیڕەوکردن و جێبەجێکردنی وەها سیاسەتێکی قەومی لە وڵاتێکی فرەنەتەوە و ئایین و بەتایبەت لە سەردەمی بەجیهانیبوون، ئاڵوگۆڕەکانی باکووری ئافریقا و ناوچە، بەئاگاهاتنەوە و وازربوونەوەی نەتەوەکانی ئێرانی، چ ئاکام و دەرئەنجامێکی سەبارەت بە شوناسی نەتەوەیی، یەکپارچەیی و یەکگرتوویی وڵات لێدەکەوێتەوە؟ پرسیارێکیدیکە ئەوەیە، ئایا جیاوازی نەتەوەیی

ـیـی مەترسییە بۆ سەر ئێران یان دەرفەتە؟ ئایا ئەمجۆرە نکۆڵیکردن و سیاسەت دڵڕشتنە، ـیـستی بە پێداچوونەوە نییە؟ ئایا ئەمجۆرە کردەوانە، نابێتە هۆی بێمتمانەیی لەنێوان گەلانی ـ ـ دەوڵەتدا و جۆرێك لە ناکۆکی و دژایەتی دروستناکات؟ پرسیاری کۆتایی ئەوەیە کە ئایا ـ گەلانی ئێرانیین کە دەستپێشخەری شەڕ و ئاژاوەن یان دەوڵەتی ناوەندیە کە بە نکۆڵی و ـەرچاونەگرتنی ئەم جیاوازییانە بەستێنی شەڕ، بێمتمانەیی و لێکنەگەیشتن و دیالۆگ دادەخا و ـەخستنی هەموو ڕێگەچارەیەکی یاسایی، پرسی نەتەوایەتی و ئایینی لە پرسێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی و یاساییەوە دەکاتە پرسێکی چەکداری و ئەمنییەتی؟

بەپشتبەستن بە تەواو ئەو فاکت و بەڵگەنامانەی کە لەبەردەستدان و بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لەئاستی جیهانی، ناوچەیی و نەتەوەیی لەئارادان و بەجەختکردن لەسەر ـوەرۆکی سەرژمێری ئەوساڵ، بۆماندەردەکەوێ کە بەڕێوەبەرانی باڵای حکومەت هیچجۆرە ـزانیاری و خوێندنەوەیەکی ڕاستودروستیان لەسەر ڕووداوەکانی دەوروبەر و ناوخۆی وڵات ـسەبارەت بە پرسی کەمایەتی نەتەوەیی و ئایینییە جیاوازەکان نییە. هەربۆیە لە سیاسەتی گشتی وڵاتدا هیچ ئاوڕێکیان لێنەدراوەتەوە و هیچجۆرە بەرنامە و پرۆژەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان لەبەرچاونەگیراوە و ئەگەر جارناجارێك لە هەندێ دەرفەتدا ئەم بابەتە زەقدەکرێتەوە، بەتەنیا تێڕوانینێکی کەرەسەییە بۆ پرسی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان. لەوەش زیاتر دەتوانین بڵێین تا ڕادەییەکی زۆر بۆچوونیان بەبەراورد لەگەڵ سەرەتای شۆڕش، گۆڕانی ئەرێنی بەسەرداهاتووە، واتە لە سیاسەتی قەومی نابەرانبەرەوە بەرەو لای جۆرێك لە سیاسەتی نکۆڵیکردن و سەرپۆشدانان لەسەر هەموو جیاوازییەکان ڕۆیشتووە، دەرئەنجامی وەها هەڵسوکەوتێك دەبێتە هۆی بێمتمانەیی، دژایەتی و ناکۆکی، دروستکردنی بەستێنی توندوتیژی سیاسی و لەکیسدان و بەخەسارچوونی سامانی ئابووری، کۆمەڵایەتیی، ئینسانی و لەکۆتاییدا لێکترازانی کۆمەڵایەتی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی کە ئەمڕۆ، وەکوو فاکتەرێکی گرنگی لێکنزیکردنەوەی و کۆکردنەوەی دانیشتوانی وڵاتێك بەئەژماردێت.

بەچاولێکردن لە ئەزموونی سەرژمێری وڵاتانی فرەنەتەوە و ئایین، بۆماندەردەکەوێ لە سەرژمێری ئەو وڵاتانەدا، بەجیدی لە جیاوازی نەتەوەیی، ئایینی و زمانی ئاوڕدەدرێتەوە تا ئەو جێگە کە لە هەندێ وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە توێژی تاراوگەنشین، دوو وەچەکان و زۆر پرسیدیکەی لەم بابەتە ئاوڕدەدرێتەوە. بۆوێنە لە سەرژمێری ساڵی ١٩٧٠ لە ئەمریکا لەدوای شەڕی

ڤیەتنام، پرسی کەمنەندام و پەککەوتووەکان لەسەرژمێریدا دەخرێتە بەرباس.(ویکس، ۱۳۸۵: ٥٤). هەر بەمشێوە لە ئەورووپا بۆ سەرلەنوێ درووستکردنەوە و راستکردنەوەی رادەی حەشیمەتی ولاتەکانیان بەپشتبەستن بەمەو بەلگانەی کە لە کلێسە و مەغرۆسانەکاندا هەیە، دیانەوێ مێژووی خۆیان سەرلەنوێ راستبکەنەوە. ئەمە لەحالێکدایە کە لە ولاتی ئێمەدا، گروپە نەتەوەیی و زیندوەکان لەبەرچاوناگیرێن و بەپشتبەستن بە رێژەی حەشیمەت و جیاوازییەکان، بەرنامەی ئابووری، سیاسی، کۆمەلایەتی و کلتووری بەرێوە ناچێ، بەلام بە پێچەوانە لە ولاتە رۆژئاواییەکان بە پشت بەستن بە رێژەی حەشیمەت و جیاوازییەکان بەرنامەکان بەرێوەدەبەن و رەنگدانەوەی ئەم جیاوازییانە لەهەموو شوێنێکدا، لە بەرنامەی ئابووری، خوێندن لە قوتابخانە و زانکۆکان، نووسینی بەلگەنامە فەرمییەکان، وەکو پاسپۆرت، رۆژمێری، کارتی پێناسەکردن، بەلگەی ژنومێردایەتی، رۆژانی پشووی حەوتوو، کتێبی وانەوتنەوە، بەرنامەی رادیۆ و تەلەفزوێن و هەموو راگەیاندنە گشتییەکان و زۆر شتیدیکە لەم بابەتە لەخۆدەگری. نەبوونی وەها سیاسەتێکی قەومی واقیعبینانە و دروست لە ولاتی ئێمەدا، دەبێتە هۆی ئاژاوە و بەستێنی توندوتیژی و لەکیسچوونی ئەو سامانە کۆمەلایەتییە کە بریتییەلە جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی. وەکو دەرئەنجامێکی گرنگ دەتوانین بلێین ئەگەر دەولەتی ئێران زانیاری دروست و باوەرپێکراوی سەبارەت بەم بابەتە لەبەردەستدانییە، ئەوجۆرە کە پێویستە ناتوانێت ئەو جیاوازی و فرەدەنگییە سەرپەرشتی و مودیرییەتبکا.(سالحی ئەمیری، ۱۳۸۵: ٤۳۲ _ ٤۲۷). بەلەبەرچاوگرتنی ئەم واقعییەتە، پێویستە دەولەت بەم سیاسەتە چەواشەکارییەیدا بچێتەوە و بە دارشتنی هەندێ سیاسەتی قەومی پۆزەتیڤ، هەولبدا پەیوەندی نێوان نەتەوەکان و دەولەت سەرلەنوێ سارێژبکاتەوە.

ئەزموونی ولاتانی فرەنەتەوەی ئەو راستییە دەسەلمێنن کە سیاسەتی قەومی لە ولاتانی فرەنەتەوە و ئایندا دەتوانێ بە دوو ئاقاردا بچێ.

یەکەم: یەکگرتوویی و لێکنزیکبوونەوە، دووهەم: لێکدابران و پرشوبلاوی لەیەک(سالحی امیری، ۱۳۸۹: ۳۹). سیاسەتی قەومی رەچاوکراو لەئێراندا نیشاندەری ئەوەیە کە تاکو ئێستا سیاسەتی قەومی لەسەر ئەساسی تواندنەوە پەیرەوکراوە بەمەبەستی لێکنزیکبوونەوە و یەکگرتوویی! بەلام لەکردەوەدا کاردانەوەی خراپی لێکەوتووەتەوە و بووەتە هۆی دروستبوونی

کەمینە نەتەوەییەکان شوناسی قەومی و نەتەوەیی، دابەشکردنی نابەرابەری هەل و دەرفەتەکان، هەست بە بێبەشبوونی رێژەیی، دابەزینی متمانەی کۆمەڵایەتی، هەست بە لەخوارەوەبوونی پێگەی کۆمەڵایەتی و لەکۆتاییدا خستنە مەترسی بەردەوامی ژیانی سیاسی و بەگشتی دابەزینی یەکگرتوویی و یەکپارچەیی کۆمەڵایەتی کە دەتوانێ چوار ئاستی کلتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی، ئابووری لەخۆبگرێ(سەرچاوەی پێشوو: ٩٥).

شارەزایانی ئەم بوارە بۆ هەرکام لەم ئاستانە، پێوەر و پێوانەگەلێکیان لەبەرچاوگرتووە کە لە نەبوونی ئەو پێوەرانەدا، تووشی پرشوبڵاوی کۆمەڵایەتی و لێکترازانی کۆمەڵایەتی دەبین. جۆرێنە لە بواری سیاسەتدا، بەشداری خۆبەخشانە و ئاگاهانە، لە بواری ئابووریدا دابەشکردنی هەمبار و دادپەروەرانەی داهات و سامانی ئابووری، لە بواری کۆمەڵاتیدا، پەروەردە و فێرکردنی پلۆراڵ، پشتگیری و یارمەتی رێکخراوە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان و لە بواری کلتووریدا، کۆکبوون لەسەر بەها و بایەخە گشتییەکان لەخۆدەگرێ(سەرچاوەی پێشوو: ١٢٠ ـ ٩٥).

بە هاوردنەوە و خستنەبەرباسی ئەو نموونانە، وەکوو نیشانەی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی، بۆمان ئاشکرادەبێ کە لەهەر چوارئاستەکەدا، لێکترازان و دابەزین لەئارادایە، واتە لە بواری کلتووریدا جۆرێك لەیەکتێنەگەیشتن لەسەر بەها و بایەخە گشتییەکان، لە بواری سیاسەتدا لە پەراوێزخستنی ئیلیت و نوخبەی نەتەوەیی و ئایینی لە دەسەڵاتی سیاسیدا و دابەزینی بەشداری ئاگاهانە و خۆبەخش لەهەڵبژاردنەکاندا، لە بواری ئابووریدا کۆکردنەوەی هێز و دەسەڵاتی ئابووری لەچەند ناوچەیەکی تایبەتدا و دابەشکردنی نابەرانبەری داهاتی وڵات، لە بواری کۆمەڵایەتیدا زاڵبوونی پەروەردە و فێرکاری پاوانخواز و دژبە جیاوازی و پەکخستنی رێکخراوە مەدەنی و دیمۆکراتیکەکان، هەموو سەلمێنەری ئەو واقعییەتەن کە دەوڵەتی زاڵ بەسەر ئێراندا بەهۆی پەیڕەوکردن و جێبەجێکردنی سیاسەتی چەوت و چەواشەکارانە لەسەر بەها و ئەسڵی تواندنەوە، کۆمەڵگای ئێرانی لەگەڵ گرژی و قەیران رووبەڕووکردووەتەوە و دەور و رۆڵی دەوڵەت لە دروستکردنی ئەم هەلومەرجەدا زۆر زەق و بەرچاوە. بابەتێك کە بەداخەوە لەلایەن هەندێ بەناو لێکۆڵەری ناوەندنشینەوە هیچ بایەخێکی پێنادرێ و تەواوی ئەو زانیاری و ئامارانەی کە لەم بوارەدا دەخرێنەڕوو و حیکایەت لە باشبوونی هەلومەرجەکە دەکەن، بەڵام بەپێچەوانە لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگای ئێران یەکناگرێتەوە. ئەگەر ئەم رەوتە هەر بەمشێوەیە بڕواتەپێش، بێگومان لەداهاتوودا بە مەرجی ئەوەی کە هێزی سەرکوت و زەبروزەنگ، روو لە کزی و لاوازی بکا.

جیاوازییەکان بە رەهەندە جۆربەجۆرەکانیانەوە خۆیان لە کۆتوبەند ئازاددەکەن و دێنەمەیدان و دەتوانێ لەگەڵ خۆی کۆمەڵێك دەرکەوتەی چاوەڕواننەکراوی بەدواوەبێت.

لەکۆتاییدا دەتوانم بڵێم ئەو زانیاری و ئامارانەی کە لەڕێگەی سەرژمێرییەوە بەبێ لەبەرچاوگرتنی راستییەکان **دەخرێنەڕوو**، زۆر لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگای ئێران یەکناگرێتەوە و رۆژبەڕۆژ زۆرتر باوەڕ بە **وتەی شاعیری گەورەی** ئێرانی ئەحمەدی شاملوو، **لامان بەهێزتردەبێ** کە دەڵێ لەئێراندا **سێ جۆر درۆ هەیە یەکەم**: درۆی بچووك، دووهەم: درۆی گەورە، سێهەم: ئامار.

•••

[illegible]

١. **الطائي، علی، (١٣٧٨)، بحران هویت قومی** در ایران، تهران، نشر شادگان.

٢. **پاك سرشت، سلیمان، (١٣٨٧)**، بررسی تطبیقي ـ كمّی عوامل مؤثر بر بروز تضادهاي **قومی در دولت ـ ملت های چند قومی بین سال های ١٩٨٠ تا ١٩٩٩**، رسالەی دورەی دکترای **جامعەشناسی سیاسی، تهران، دانشگاه تربیت مدرس**.

٣. سعدونیان، سیروس، **(١٣٧٩)، درآمدي بر جمعیت شناسی تاریخی ایران در عصر قاجار**، تهران، سازمان چاپ و انتشارات **وزارت فرهنگ** و ارشاد اسلامی.

٤. صالحی امیری، سید رضا، (١٣٨٥)، مدیریت منازعات قومی در ایران، تهران، مرکز تحقیقات استراتژیك.

٥. صالحی امیری، سید رضا، (١٣٨٩)، انسجام ملی و تنوع فرهنگی، تهران، پژوهشکدەی تحقیقات استراتژیك.

٦. علیزادە، خالد، (١٣٨٧)، بررسی جامعەشناختی عوامل مؤثر بر فعال شدن احساس شکاف قومی، پایان نامەی کارشناسی ارشد جامعە شناسی، همدان، دانشگاه بوعلی سینا.

٧. کاتم، ریچارد، (١٣٨٥)، ناسیونالیسم در ایران، ترجمەی: احمد تدین، تهران، انتشارات کویر.

٨. ویکس، جان، (١٣٨٥)، جمعیت (مقدمەای بر مفاهیم و موضوعات)، ترجمەی دکتر الهه میرزایی، تهران، مدیریت و برنامەریزی.

٩. هلیدی، فرد، (١٣٨٥)، دیکتاتوری و توسعه سرمایەداری در ایران، ترجمەی فضل الله نیك آیین.

رامانێك
لە زانست و فەلسەفەی مێژوو

سەباح عەلی جاف (*)

مێژوو یەکێك لە کۆنترین بەرهەمی رابردووی مرۆڤ و سروشت کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە بەوپێیەی تۆماری رابردوو و دەسکەوتەکانیەتی، رابردوویەك کە هەموو بەسەرهاتە باش و خراپەکانی تێداتۆماردەکرێت لەپێناو لەبیرنەچوونە و هێشتنەوەی بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی، مێژوو وەك لقێك لە زانستە مرۆڤایەتییەکان کە هاوپەیوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ سەرجەم زانستەکانیتردا هەیە و کاریگەری راستەوخۆیان لێدەکات بەشێوەیەك هیچ زانستێکی سەردەم بەبێ مێژوو ناکرێت ئەمەیش بەو مانایەی تا سروشت و مرۆڤ پێشبکەوێت پێویستی بە گەڕانەوە هەیە بۆئەوەی لە دەرگای رابردوو بدات بەمشێوەیە مێژوو دەروازەیە بۆ هەموو زانستەکان و ژیان.

قسەکردن لەسەر مێژوو و زانست و فەلسەفەی مێژوو بە زمانی کوردی ڕەنگە نەسانەبێت بەوپێیەی ئەم زانستە لەسەر ئاستی جیهانی سەدان بێنەوبەردەی لەسەرە لە زۆر رووە بۆیە دەکرێت هەر یەك لە ئێمە لە دەرگایەکەوە ئەو بێنەوبەردانە تاوتوێبکات و قسەی لەسەربکات، لە لایەکیترەوە ئەم زانستە لەلای ئێمەی کورد نەك وەك تۆماری رووداوێکی مێژووی بەڵکو وەك زانستێکی ئەکادیمی و بەتایبەت قسەکردن لەسەر مێژوو و ڕەهەندەکانی و تێڕوانین و کارکردنی زانستی لەورووە هەروەها فەلسەفەی پشت مێژوو ڕەنگە زۆر گرنگ بێت بۆیە لێرەوە من پێم خۆش بوو تیشکێك بخەمەسەر چەند لایەنێکی ئەم زانستە مرۆییە گرنگە و گوزارەیێکی خێرا بەچەند تەوەرێکدا بکەین بە ئومێدی ئاشنابوونمان بە زانستی مێژوو و خوێندنەوەیەکی فەلسەفەی مێژوو دوور لە مانا و مەخازی کلاسیك و کۆن کە تەنها مێژوو تۆماری رووداوەکانە و دورکەوتنەوە لە هەوڵدان بۆ مردوویی بابەتی مێژوو و رووداوە مێژووییەکان ئەمەیش بۆئەوەی مێژوو گەڕانەوەبێت بۆ رابردوو و ئاوێنەی ئێستا و رووناکی بێت بۆ داهاتووی مرۆڤ بەتایبەت بۆ ئێمەی نەتەوەی بێگیانی کورد کە تائێستایش لە زۆر رووداو

*) زانکۆی گەرمیان، فاکەڵتی پەروەردە، بەشی مێژوو

بابەتدا لەناو مێژوودا دەخولێینەوە. کارکردن بۆ دروستکردنی پایە زانستییەکانی تێگەیشتن لە مێژوو وەك زانستێکی کاریگەر و گرنگ و سەردەمییانە بۆئەوەی نوێی و زیندوییەتی پێبدەین و مێژوو بەوشێوە پێناسبکەین کە خوێندنەوەیەکی نوێی سەردەمییانە بێت بۆ ڕووداوێکی تۆماکراوی کۆن کە رەهەندەکانی پشتی شرۆڤەبکەین و لەئەمڕۆدا سوودیلێبببینین.

زاراوەی مێژوو لەڕووی زمانەوانییەوە

لە زمانی کوردیدا زاراوەی مێژوو بۆ رابردوو و ڕووداوەکانی پێشتر بەکاردێت لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەی هەژاری موکریانیدا بەمشێوە هاتووە"مێژو: زەمانی کۆن، کەونارا یان بۆ وشەی موئەرخی عەرەبی و فارسی نووسیوە"مێژوزان: زانا بە دەنگوباسی رابردوو، مێژوشناس: مێژوزان، مێژوڤان: مێژوزان"[١] لە زمانی کوردیدا زارەوەی مێژوو لە وشەی (مێژ) بە واتای کۆن وەرگیراوە کە مەبەست لێی گەڕانەوەیە بۆ رابردوو بە هەموو سەروەری و دەساوردەکانییەوە و ئەم وشەییە"مێژوو"وشەیەکی نوییە و لەدوای پەنجاکانی سەدەی رابردووە کەوتووەتە ناو فەرهەنگی کوردییەوە،[٢] لە زمانی عەرەبیدا واژەی (التاریخ) مەبەستی لە نامانج و مادەی شتێکە، واتا ئەو شتە نامانجی چییە؟، لەبەر ئەوە وتویانە"مێژوو لەسەر کتێبەکە دابنێ"واتا کاتەکەیدیاری بکە،[٣] وشەی (التاریخ) واژەیەکی عەرەبییە بە مانای (ارخ، یارخ ارخا) دێت کە بە مانای (الوقت) واتا کات دێت کە عەرەب ئەم وشەی بۆ ڕووداوە گەورە و بچووکەکان بەکارهێناوە وەك جەنگی بسوس یان عام فیل کە ئەمە پێش ئیسلام، بەڵام دوای هاتنی ئیسلام کاتەکانی وەك کۆچکردن بۆ مەدینە و هەتا دواتر هاتەناراوە واتا پێوەرەکان بۆ مێژوو بوو بە ئایینی.[٤]

لە زمانی ئەوروپیشدا، وشەی ئینگلیزی (History) واتا مێژوو لە وشەی گریکی (Historie) هیستۆریاوە واتا فێربوونەوە وەرگیراوە، جۆرە هونەرێکی نووسینە مێژوونووسی بەناوبانگ (هیرۆدۆت) بەکاری هێنا کە لە زمانی گریکیدا بە مانایدیتن و سەیر کردن هاتووە،[٥] زاراوەی مێژوو دەقاودەق واتای چیرۆك و توێژنەوە و گێڕانەوەی ڕووداوی پێزانراو دەگەیەنێت کەواتە لە سەرەتاوە ناوی مێژوو بەوجۆرە تارادەیەکی باش لەگەڵ مەبەستەکانیدا دەگونجا، هەمەجۆری مێژووی هەیە وەك (مێژووی جیهان، مێژووی مرۆڤایەتی، مێژووی دەرەبەگایەتی، مێژووی ئازادیخوازی گەلان، مێژووی رۆژنامەگەری و دەیان جۆریتری مێژوو..).[٦]

پێناسەی مێژوو

مێژوو وەك مانایەکی مەعریفی وەك زاراوە گەر پێناسەیبکەین ئەوا چەندین **پێناسە و** بۆچون ئەمڕووە هەیە کە دەکرێت تیشکبخەینەسەر هەندێك لەو بۆچونانە، مێژوو **لەپێناسەیەکدا** دەوترێت دەفری ئەزموونی ئادەمیزادە و زانستی کۆششی ئادەمیزادە کە لە زەمەنی رابردوودا سەرجیاوە، هەروەها پێناسەیەکیدی بۆکراوە مێژوو رووداوگەلی کۆمەڵگەیەك لە کۆمەڵگەکان هەڵدەداتەوە و دەیپشکنێت و مێژوو دەیەوێت بزانێت تا چەند رابردووی گەلان پێوەندی بە ژیانی ئەمڕۆوە هەیە. [٧]

هیچ گومان لەوەدانەماوە کە مێژوو زانستێکی گەورە و بەکەڵکە و **دەتوانینن بڵێین** زانستی زانستەکانە و وەك خوێنچێشت وایە **بۆیان، چونکە هیچ زانیاریەکی گرنگ نییە مێژووی** تایبەتی خۆی نەبێت وەك مێژووی **(سروشت و ئابووری و زمان و سەربازی و وەرزش...)ە مێژوو** یەکێکە لە زانستە هەرە گرنگەکانی ژیان. [٨]

مێژوو بریتییەلە لێکۆڵینەوە لە رابردوو بەتایبەت چالاکی مرۆڤ بە مانای لە رابردووە تاکاتی ئێستا ئەمەیش واتا مانەوەی رابردوو بەپێی وێنە و تۆمارەکان، هەندێك مێژوونووس خوێندنەوەیان بۆ مێژوو خوێندنەوەیە بۆ مێژووی مرۆڤایەتی لەرابردوودا **بەپشتبەستن به** پاشماوەکانی، توێژینەوەی مێژووی توێژینەوەیە لەنووسینی کۆن و مێژووی ئابووری **و مێژووی** بەشەکانیتر، مێژوو هەواڵپرسینی رووداوەکانی بوونە واتا بۆ تاك و کۆ بەپێی **دیاردەی سروشتی و** مرۆیی. [٩]

چەمکی مێژوو ئەو لێکۆڵینەوانەیە کە مێژوونووس **ئەنجامیدەدات یان زنجیرە رووداوێکی** رابردووە کە مێژوونووس لێتیوژینەویان لەسەردەکات واتا **ئەو رابردووە کە لێکۆڵینەوەی** لەسەردەکرێت رابردویەکی مردوونییە. [١٠]

مێژوو ئەزموونە، مێژوو کاهینێکی زانستی و **مەعریفییە بۆ ژیانی مرۆڤ** بێئاگابونی مرۆڤ لە مێژوو تێنەگەیشتنێتی بۆ ژیان و خۆگێلکردنە لە **رابردوو و هەنگاوەکانی** کوێرانەیە بۆ ئایندەیەك کە بەبێ ئەوەی بزانێت ئامانج و قازانجی چییە، مێژوو کۆگایەکی زانستی و ئەکادیمییە و کەرەستەکانی گشت زانستەکانی مرۆڤایەتی لەخۆگرتووە و هەموو زانستێك بەشێکە لە مێژوو. [١١]

مێژوو هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە لەلایەن مرۆڤەوە وترابێت یاخود بیریلێکرابێتەوە یاخود ئەنجامیدابێت یـــاخود لەپێناویدا ناڕەحەتی چەشتبێت، مێژوو ئەوەیە کە رابردوو بدۆزینەوە.(١٢)

راوبۆچونی مێژوونووس و زانایان و لێکۆڵەران بۆ مێژوو

پاش ئەوەی زارەوەی مێژوومان لەرووی زمانەوانی چەند زمانێکەوە خستەروو و هەندێك باس و پێناسەی مێژوومان باسکرد، دەکرێت بە بۆچونی مێژوونووسان و کەسانی پەیوەندیدار بە بابەتەکە بخەینەروو کە لەسەرەتادا بۆچونی (هیرۆدۆت)،(١٣) یەکێکە لە مێژوونووسە هەرە کۆنەکانی جیهان کە لە دێرزەمانەوە نازناوی (باوکی مێژوو)ی لێنراوە باسبکەین، دوای خۆی کتێبێکی بەنرخی بەناوی (مێژوو)ەوە بەجێهێشتووە کە باس لە شەڕە گەورەکانی سەردەمی یونان و ئێران دەکات کە لەنووسینەکانیدا هەست بە سەرەتایەکی ساکاری رەخنەی مێژوویی دەکرێت، هیرۆدۆت وتەیەکی بەناوبانگی هەیە کە دەڵێت: **"گریکەکان شەرکەری چاکن بە گیان و چەك شەڕدەکەن، چونکە تامی ئازادیان چەشتووە، بێسەربەستی هیچ فەرمانڕەوایەك تاسەر نیشانی بۆنەپێکراوە"(١٤)** ئەو دەیویست وێنەیەکی گشتی جیهان سەبارەت بە نەژادە جۆربەجۆرەکان و مێژوو لای هاولاتیانی خۆی بەجێبهێڵێت و ئەو کەسێکی وردبین بووە لەگەڵ بابەتەکەی خۆی مێژوو و چیرۆك و ئەفسانەی تێکەڵکردووە،(١٥) هیرۆدۆت بۆ مێژوو وتویەتی:"مێژوو گەڕان و پشکنینە بەدوای کرۆکی رووداو و کارەساتەکاندا"(١٦). هیرۆدۆت لە سەرەتای کتێبەکەیەوە ئەوەی ئاشکراکردووە کە مەبەستی لە نووسینی ئەو کتێبە ئەوەبووە کە باسی پاڵەوانیەتی یونانییەکان بکات و ئەوشتانەی کە لەسەری شەڕیانکردووە بۆئەوەی ئەیادەوریاننداا بمێنێتەوە، هیرۆدۆت هەرشتێکی بینبێت یان بیستبێت نووسیویەتییەوە و گێڕاویەتییەوە بەجۆرێك عەودالی ئەو لە منداڵێك دەچێت زیاتر تا لە لێکۆڵەرێك بەوجۆرەی کە ستراپۆ دەڵێت: "هیرۆدۆت قسەی هیچوپوچی زۆری هەبووە"، هیرۆدۆت دەڵێت: "من ناچارم ئەوشتانەی کە باسکراون بیانگێڕمەوە، بەلاّم ناچارنیم کە باوەڕیانپێبهێنم"، بەلاّم بێنەوەی زەختی لەسەربێت بڕوای بە هەندێك لەو شتە هیچانە هێناوە و ئەمەیش وایکردووە کە ئەرستۆ مێژوو لە شیعر بە نزمتر بزانێ.١٧

ئیبن خەلدون[18] ، سەبارەت بە مێژوو لە کتێبی موقەدیمەدا دەنووسێت: "**هونەری مێژوو** هونەرێکی نازیز مەزهەبە کە سوودی شەریفانەی هەیە و لەکاتی رابردوو دەپرسێت **هی میللەتان** و رەوشتیان و پێغەمبەران و ژیانیان و پاشاکان و دەوڵەت و سیاسەتیان، هەروەها سوودی **هەیە** بۆ دین و دنیا و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی باسدەکات.."، هەروەها ئیبن خەلدون درێژەپێدەدات و مێژوو بە هەواڵی زەمان دەبینێت"، مێژوو هەواڵیدەوڵەتان و سەدەکانی پێشوو باسدەکات و باس لە دۆخیدنیا دەکات کە چۆن چۆنی گۆڕاوە و دەوڵەتانیش بە ئارەزووی خۆیان نەزانینی تێدادەکەن، لە ناواخنی مێژوودا راوبۆچون و ساغکردنەوە و لێکدانەوە و شرۆڤە هەیە، چونکە مێژوو لە ئاوەز و دانایدا رەسەن و کۆنە و ئەوەیش دەهێنێت کە ببێتە یەکێك لە زانستەکان".[19]

مانای مێژوو لای ئیبن خەلدون **لەلایەن بابەت و تێپەڕبوونی کات و شوێن بەو فراوانی و گشتگیرییەوە تەنها مێژووی کاربەدەستان و دەوڵەتان ناگرێتەوە کە بە مێژووی سیاسی ناسراوە،** بەڵکو مێژوو ئەوەیە کە مێژووی کۆمەلایەتی و رۆشنبیریش بگرێتەوە، تەنها گرنگی بە سەردەمێك نادات یان هەرێمێکیدیاریکراو، بەڵکو لێکۆڵینەوە لە رابردوو دەکات بەهەموو رەهەندەکانییەوە، بۆیە دەکرێت بڵێین ئیبن خەلدون مێژوونووسێکی هەمەلایەن و گشتگیری جیهانە لە نووسینی مێژوودا، ئەم مێژوونووسە هەستی بەو هەڵەییە کرد بۆ روانینی **خەڵك بۆ** مێژوو کە مێژوو تەنها چیرۆك و حەکایەتی رابردووە بەڵکو ئەو پێیوابوو کە **مێژوو واقیعی راستە** و زانستێکە بۆ تێگەیشتن و کاری راستەقینەی مێژوو"لێکۆڵینەوەی هەواڵەکانە و **دڵنیابوون لە** راستی گێڕانەوەی هەروەها گەڕان بەدوای هۆکارەکاندا کە دەبنە هۆی **رووداوی رووداوەکان" گەر** کاری مێژوو ئەمەبێت ئەوە مێژوو لەو بۆچەنە بەدووردەبێت کە **تەنها بریتییە لە درۆ و چیرۆك و** حەکایەتی رابردوو.[20] ئەو زانستی **مێژوویی** ئیبن خەلدون **پەرەی بە شێوازی تۆمارکردنەوەی** میتۆدەکەیدا بایەخ بەسەرجەم لایەنەکانی ژیانی **مرۆڤایەتی و مێژوو تەنها بریتییە لە** دەرکەوتن و داڕووخانی هەر لای مێژووناسانی **عەرەبە[22] مێژوونووسێکتری وەك** تەبەری دەڵێت: "مێژوو هونەرێکە بە دوای رووداوگەلی **زەماندا دەگەڕێت،** باسی گوزەرانی تایەفەکان و وڵات و رێوڕەسم و نەریت و سەنعەت و باوباپیران و مردوان دەکات.[23]

مێژوو لای موسڵمانان گرنگییەکی گەورەی هەیە بەتایبەت لەنێو زانستە مرۆڤایەتییەکاندا بەتایبەت ژیاننامەی پێغەمبەر (د. خ)و پەرتووکە مێژووییەکان لەو

چوارچێوەیەیە دەرناچن بەتایبەت تەبەری کە دانەرێکی گەورەیە لەورووەوە کە کتێبەکەی لەنێستادا سەرچاوەیەکی گرنگ و دەستەیەکەمە، تەبەری لە زۆر بواردا کاریکردووە بەتایبەت لە بواری مێژوودا وەك ئەوەی کە ئیبن خەلەکان دەڵێت: "تەبەری ئیمامی سەردەمەکەی بووە"و کتێبە مێژوویەکانی سەرچاوەی یەکەمن بۆ مێژووی ئیسلام.[٢٤]

لە قورئانی پیرۆزدا راستەوخۆ زاراوەی مێژوو نەهاتووە بەڵکو زاراوەیتری لەبەرامبەردا هاتووە وەك (اساطیر الاولین، قصص الاولین..) کە هەموو ئەوانە گوزارشت لە رابردوو دەکەن، وتەیەك هەیە دەڵێت (مرۆڤ بەبێ مێژوو هیچ نییە بۆ گوزارشتکردن، مرۆڤ دەبێت گرنگی مێژوو بزانێت"، هەروەها (ویل دۆرانت)[٢٥] خاوەنی کتێبی (قصة الحضارة) بەمشێوەیە باس لە مێژوو دەکات: "من گەیشتوومەتە ئەو رایەی کە نووسینەوەی مێژوو بەشێوەی بەشی جیا لەیەکدی وەك مێژووی ئابووری و سیاسی و ئایینی بەتەواوی مافی ژیانی مرۆڤ بەجێناهێنێت، مێژوو کە بەشێوەی لاوەکی دەنووسرێت دەبێت بەشی جیای هەبێت، مێژوو کاتێك بە لوتکە دەگات کە مێژوونووس وێنەی تەواوەتی ببەخشێنێت".[٢٦]

جفری برۆن خاوەنی کتێبی (تاریخ اوربا الحدیث) لە پێشەکی ئەو کتێبەدا دەنووسێت: "مێژوو لەنێو زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا پایە و مەقامی یەکەمی هەیە، چونکە هەرکەسێك بیەوێت لەهەریەکە لەو زانستانەی وەك ئابووری و جوگرافیا و سیاسەت و کۆمەڵزانی و زانستە سروشتییەکان و لە بواری ئەدەبدا رۆبچێت پێویستی بەو پێشەکییە هەیە و ئەم زانستە وەك زانستی بیرکاری نییە، چونکە ئەم دەگەڕێتەوە بۆ رابردوو بۆئەوەی لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکات"، هەروەها جفری برۆن درێژەپێدەدات و مێژوو وادەبینێ کە ناسینی خودی مرۆڤایەتییە و بە سروشتی حاڵ دنیابینینی ئێمە بۆ مێژوو وەك ئەوەی کە روویداوە مرۆڤ بەرەو لوتکەی زانست دەبات و لە لێکۆڵینەوەی مێژوویشدا هەندێکجار مەبەست بەدەستناگات، ئەو کەسەی کە بەوریاییەوە رابردوو دەخوێنێتەوە باشترلێیتێدەگات.[٢٧]

کۆلنجوود (١٨٨٩ - ١٩٤٣ز) رایگەیاند مانای مێژوو لەو رابردووەدایە کە مێژوونووس لێیدەکۆڵێتەوە و ئەو رابردووەیش مردوونییە بەڵکو زیندووە و بەوشێوە پێناسەی مێژوو دەکات و دەڵێت: "تۆمار یان دەفتەری پێشکەوتنی نادەمیزادە و سجلی تەواوکاری مەعریفە و زیادبوونی ئەقڵە، هەروەها مێژوو بەو زانستە لەقەڵەمدراوە کە باس و خواسی رووداوەکان و دەسکەوتەکان و میراتی مادی و فکریە و کاروباری کۆمەڵەکان شیدەکاتەوە و زەمەن و جێگەکانیشان

دەستنیشاندەکات.

مێژوونووسی ئەمەریکی (هنری جۆنسۆن) لە پێشەکی کتێبەکەیدا (وتنەوەی مێژوو) دەڵێت: "مێژوو پڕبەمانا هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە رابردوون، لەرابردوودا روویانداوە مێژوو بریتییەلە رابردوو باشبێت یان خراپ"، هەروەها مێژوونووسی فەرەنسیش (هـ. مارۆ) دەڵێت: "مێژوو زانینی رابردووی ئادەمیزادە، رابردووی کۆنی ئادەمیزاد لەرێی مرۆڤی ئەو زەمانەوە"، مێژوونووسی ئینگلیزیش (و. هـ. ویلش) دەڵێت: "هەموومان لەسەر ئەوە رێکەوتووین کە ئامانجی یەکەمی خوێندنی مێژوو رابردووی ئادەمیزادە". [٢٨]

لەو پێناسانەی سەرەوە دەگەینە ئەو رایەی کە مێژوو بریتییەلە رابردوو، واتا گەر بگەڕێینەوە بۆ پێناسە کلاسیکییەکەی مێژوو کە "مێژوو نووسینەوەی تۆماری رابردووی مرۆڤە" یاخود "مێژوو وێنەی ئەو رووداوانەیە کە لەرابردوودا روویانداوە"، لێرەدا ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئەو لایەنەی مێژوو وەربگرین کە گەڕان و پشکنین و توێژینەوە بێت لە رابردوو نەک تۆمارکردن و نووسینەوەی رووداوە مێژووییەکان. لێرەدا تێدەگەین کە مێژوو بەتەنها هەر تۆمارکردن نییە، بەڵکو بەزانستیکردن و فەلسەفەی پشتی رووداوەکانە واتا کە رووداوێك روودەدات دەکرێت پرسەکانی وەك (چۆن، کەی)و هۆکارەکان و ئەنجامەکانی شیبکەینەوە کە لێرەدا ئامانجی مێژوو دەگۆڕێت لە خوێندنەوەی سادەوە بۆ لێکۆڵینەوە و لێوردبوونەوەوە کە ئەمەیش ماهییەتی کاری نووسینەکەیە جارێکیتر. [٢٩]

مێژووی مێژوو

بۆ گفتوگۆکردن سەبارەت بە سەرەتای دەستپێکردنی مێژوو و مێژووی مێژوو دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی ژیانی مرۆڤ وە لێرەدا مەبەستمان لە دەقە نووسراوەکانە لەرووەوە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ (ئیپۆس) [٣٠] و بۆ گەڕانەوە بۆ دەقە نووسراوەکان و بۆئەم مەبەستەیش مێژوونووسان چاخ و سەردەمە مێژووییەکانیان بۆ دوو سەردەم دابەشکردووە: (چاخەکانی پێشمێژوو کە مەبەست ئەوەیە کە هێشتا نووسین نەدۆزراوەتەوە، چاخەمێژووییەکان کە مەبەست دۆزینەوەی نووسینە بەتایبەت نووسینی بسماری). [(٣١)]

بەگشتی دەوروبەری ساڵی (٣١٠٠) بە سەرەتای دەستپێکردنی چاخەمێژووییەکان دیاریدەکرێت بەڵام بڕواوایە سەرەتای مێژوو بگەڕێتەوە بۆ بوونی مرۆڤ لەنێو ئەشکەوتەکان و

بۆئەو نووسینە وێنەییانەی کە مرۆڤ لەئەشکەوتەکاندا نەخشاندوونی یان گێڕانەوەی مێژوو خۆی لە گێڕانەوەیدەماوەدەمدا بینیوەتەوە واتا پێش دۆزینەوەی نووسین مێژوو دەماودەم لەنێو میللەتەکاندا گوازراوەتەوە واتا ئیپۆس لە پرۆسەی نووسینەوەی مێژوودا رۆڵێکی گرنگی گێڕاوە.[٣٢]

دوایدۆزینەوەی نووسین دیاردەی کاریگەر بۆ مێژوو پەیدابونی ئاین بوو، لەگەڵ ئاییندا بۆ یەکەمینجار لێکدانەوەی رووداوی مێژوویی پەیدابوو واتا خوا و دروستکراوەکانی دەستی مرۆڤ وەك رۆژ و مانگ و پەیکەر کە ئەمانە بوون بەهۆی بەسەرهات و رووداوگەلی وەك هەڵگیرسانی شەڕ و سەرکەوتن و دواتر کتێبی پیرۆزی وەك تەورات و ئینجیل و پاشتریش قورئان بوونە سەرچاوەی مێژووی رابردوو، پاش هەموو ئەمانە مێژوو وەك پیشە کە لای یۆنانییەکان کاریان بۆکردووە کە لەسەرووی هەموویانەوە هیرۆدۆت (باوکی مێژوو) دێت و بەدوایشیدا کەسانێتری وەك زەینەفون و لە سەردەمی رۆمانەکانیشدا کە خزمەتی مێژوویان کردووە کەسی وەك سالیوستیۆس (٨٦ - ٣٥ پ. ز) باسی رووداوەکانی سەردەمی خۆی کردووە.[٣٣]

دەستپێکردنی مێژوو و پەیدابوونی ژیان و دروستبوونی یەکەمین مرۆڤ قسەوباسی زۆری **لەسەردەکرێت و بۆچونی جیای لەسەردراوە لەڕووی ئایینی و زانستییەوە** ئەمە بووەتە قسەوباس بەپێیدەقە ئاینیەکان ئادەم یەکەم کەسە کە دروستکراوە و زانیارییە گەردونییەکان لەمڕووەوە ژمارەی سەرسوڕهێنەر باسدەکەن و زانایانی ئەستێرەناس باس لەوەدەکەن کە گەردوون بەرلە (٢٠) بلیۆن ساڵ لەدایکبووە و تەمەنی زەوی مەزەندە دەکرێت لەنێوان (٤،٦ - ٤،٧) بلیۆن ساڵ بێت و زاناکان مێژووی لەدایکبوونی بۆ (٥٩) بلیۆن ساڵ دادەنێت و زاناکان ژیان لەسەر زەوی بۆ دوو بلیۆن ساڵ دەگەڕێننەوە و لەمڕووەوە ژمارە و داتای سەیر روونکراوەتەوە".[٣٤]

لە سەردەمی رێنیسانسدا[٣٥]، یەکێك لە جۆرەکانیتری ئەدەب کە گەشەیکرد مێژوو بوو کە یەك لە تایبەتمەندییەکانی ئەو مێژووە ئەوەبوو کە لەجیاتی نووسین بە زمانی لاتینی زمانی لۆکاڵی بەکاردەهێنرا، لە نووسینەوەی مێژوودا فلۆرانسا پێش شارەکانیتری ئیتالیا کەوت و یەکەمین مێژوونووسی فلۆرانسا (جیۆڤانی فیلانی) بوو کە ساڵی ١٣٤٨ز کۆچیدواییکردووە، لە ماوەی سەردەمی رێنیسانسدا بەلایەنیکەم دوانزە مێژوونووس دەرکەوتن کە دوانیان بە بلیمەت دادەنرێت (ماکیاڤیلی، دینیێ) بوون، نووسراوە مێژووییەکانی ئەو سەردەمە پڕن لە زانیاریدەربارەیدانیشتووان و داهات و باج و بازرگانی و چەندان بابەتیتر، ماکیاڤیلی لە هەردوو

کتێبەکەی خۆیدا (مێژووی فلۆرانسا، میر) باس لە ناکۆکییە سیاسییەکان و چۆنیەتی دروستبوونی دیکتاتۆرەکان دەکات، بەکورتی دەتوانین بڵێین مێژوونووسانی سەردەمی رێنیسانس سەرەتای نووسینی مێژووی ئەوروپایان لەسەردەمی نوێدا دانا.

سەبارەت بە قۆناغەکانی مێژوو یان ئەو قوناغانەی کە بەسەر مرۆڤایەتیدا تێپەڕبووە دەکرێن بە چوار قوناغەوە کە ئەوانیش قوناغی: (قۆناغی مێژووی کۆن کە لە دەرکەوتنی یەکەمین مرۆڤەوە دەستپێدەکات تا رۆخانی ئیمپراتۆرییەتی رۆم لە ساڵی ٤٧٦ز ئەمە بۆ ئەوروپا بەڵام بۆ ئاسیا و ئەفەریقا تا ساڵی ٦١٠ز واتا تا هاتنی ئیسلام درێژەدەکێشێت، قوناغی مێژووی ناوەڕاست بۆ ئەوروپا لە ساڵی ٤٧٦ز تا ساڵی ١٤٩٢ز درێژەدەکێشێ، بەلام بۆ ئاسیا و ئەفەریقا تا ساڵی ١٤٥٣ز کە محەمەد فاتحی عوسمانی قوستەنتینییەی داگیرکرد، قوناغی مێژووی نوێ لە ئەوروپا لە ساڵی ١٤٩٢ تاوەکو شۆڕشی فەرەنسی لە ساڵی ١٧٨٩ز درێژەدەکێشێت وە نێوان ساڵانی (١٤٩٢ - ١٧٨٩ز) بە سەردەمی بووژانەوە ناسراوە بەلام لە ئاسیا و ئەفەریقا لە ساڵی ١٤٥٣ تا روودانی جەنگی جیهانی لە ساڵی ١٩١٤ز، قوناغی مێژووی هاوچەرخ بۆ سەراپای جیهان لە سەرەتای سەدەی بیستەم یان روونتر لە ساڵی ١٩١٤ز دەستپێکردووە تا رۆژگاری ئەمرۆ.[٣٦]

(٢)

زانستی مێژوو، ئایا مێژوو زانستە؟

چەندین سەدەیە ئەو پرسیارە دەکرێت کە ئایە مێژوو زانستە یان نا؟ یان مێژوو لە چ جۆرە مەعریفەیەکە، ئایە مەعریفەیەکی میتافیزیقییە یان هونەرێکە لە هونەرەکانی نووسین یان زانستێکە لە زانستەکان؟ هەموو ئەو پرسیارانە شتێکی مەشروعە و دەبێت بکرێت و گەر وەلام نەرێ بێت ئەوا بابەتەکە دەبڕێتەوە بەدرێژایی چەندین سەدە ئەم پرسیارانە خۆیان دووبارەناکەنەوە،[١] لێرەدا هەوڵدەدەین وەلامێك بۆ پرسیارەکان بدۆزینەوە بۆیە باشترە سەرەتا بزانین زانست چییە بەشێوەیەکی کورت.

وشەی زانست بە دوو واتا لێکدراوەتەوە کە واتای یەکەم و بنەڕەتی زانست، زانینە لەبەرامبەر نەزانیندا ئیتر بەهەموو زانینەکانەوە، بەمپێیە هەریەکە لە رەوشت، بیرکاری،

فیقه..) هەموویان زانستن و هەر کەس ئەوانە یان هەندێکیان بزانێت بەزانا دادەنرێت، بەلاّم وشەی زانست لە واتایدووەمدا کورتدەکرێتەوە لەسەر ئەو زانینانەی تاقیکردنەوەی راستەوخۆی هەستییەوە بەدەستهاتبن واتا زانست لێرەدا لەبەرامبەر نەزانین دانانرێت، بەڵکو ئەوەیە کە لەرێەی ئەزموون و تاقیکردنەوە بەدەستهاتوون کە بەمپییە بێت زۆرێك لەو بەشانەی سەرەوە کە ناومانهێنان لە دەرەوەی زانستن بەمشێوەیە دەکرێت تایبەتمەندییەکانی زانست کورتبکەینەوە بۆ هەریەکە لە"رەوشی زانست تاقیکردنەوەی و دیتنە، بابەتی بوونی هەرشتێك کە هەرکەس ویستی ئەنجامیبدات، شیکردنەوە زانستییەکان کە هەمیشە لەژێر سایەی تیۆر و یاسادا ئەنجامدەدرێن". [٢]

مێژوو یەکێکە لە زانستە هەرە گرنگەکانی ژیان، فەیلەسوفەکانی رێبازی مادی سەدەی نۆزدە دەیانگوت یەك زانست هەیە ئەویش زانستی مێژووە کە بریتییەلە دوو بەش (مێژووی ئادەمیزاد، مێژووی سروشت) مەبەست لە یەکەمیان ئەو لقانەی زانستە وەك (مێژوو، ئابووری، کۆمەلایەتی..) هەرچی ئەومیدووەمە ئەوە بریتییەلەو زانستانەی کە لەخودی سروشتدان وەك (کیمیا، فیزیا، بایەلۆجی..)، لێرەدا پرسیارێك دەکرێت کە ئەویش ئەوەیە گەر مێژوو زانست بێت دەبێت رووداوەکانی خۆی دووبارەبکەنەوە وەك چۆن لەهەر شوێن و کاتێکدا دوو هایدرۆجین و یەك ئۆکسجین لێکبدەین ئاو دروستدەبێت، دیارە بەوجۆرە ناتوانین سەیری مێژوو بکەین چونکە کەرەستەی ئەو گیانلەبەرە کە خاوەن هەست و هۆشە و گەلێك هۆکار کاریتێدەکەن، لەگەڵ ئەومیشدا رووداوی مێژوویی خۆیدووبارەدەکاتەوە لە سنوورێکی تایبەتدا بۆنموونە لە ئەموو شوێن و هەموو کاتێك فشاری زۆر بووەتە هۆی تەقینەوە و شۆرش و مێژوو وەك زانستەکانیتر وەستانی بۆ نییە و رەورەوەی مێژوو هەمیشە بەرەوپێشدەچێت و ناگەرێتەوە، مێژوو وەك هەر زانستێکیتر تەنها بەرەوپێشناچێت بەڵکو لەهەمانکات و دیسان رووداوەکانی لەگەڵ یەکتری کارلەیەکدەکەن. [٣]

مێژوو دەتوانێت ببێت بە زانست بەو حیسابەی بریتییەلە کۆمەڵێك زانیاری رێکوپێك و بەرنامەی زانستی پەیرەودەکات و رەخنەی پاك و بێگەرد دەگرێت، فەیلەســــوفی بەریتانی کیرو (١٨٣٥ - ١٩٠٨ز) یەك لەوانەیە کە دەڵێت مێژوو زانستە "مێژوو هەرچەندە وەك زانستی ئامێرەکان و عەددەسەکان و رووەکەکان زانستی باوەرپێکراونییە، بەلاّم لەرووی ئەنجامەکان و شێوازەکانیەوە رێژەیەکی زۆری لەو زانستانە وەرگرتووە، لەبەرئەوە دەتوانین درێغیلێنەکەین و بە

ـستی دابنێین"، لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئاراستەی فەیلەسوفی بەریتانی جود کرا کە ئایە مێژوو زانستە؟ لەوەڵامدا وتی: "ئەم پرسیارە لەسەر پرسیاری مەبەستمان لە وشەی زانست چییە؟ وەستاوە، دەتوانین باشتر بڵێین ئەو پرسیارە پەیوەندی بەو مانا تایبەتییەوە هەیە کە لە هزر و مێشکی خۆماندا لەبارەی زانستەوە هەمانە".[٤]

هەموو ئەو کەسانەی کە مێژوو بە زانست دەزانن و شك و گومانیان لە زانستیبوونی نییە بەهیچ شێوەیەك ڕەهاییبوونی بابەتی مێژوو بەبەراورد لەگەڵ فیزیا و بیرکاری دانانێن، هەروەها مێژوو ناتوانێت لە بینین و تێڕوانینی ڕاستەوخۆ سوودوەربگرێت بەڵکو مێژوونووس دوای گەڕانێکی دژوار بەنێو بەڵگەنامەکاندا ئەوەیدەیەوێت بەدەستیدێنێت، مێژوو ناتوانێت کۆمەڵگەی مرۆیی وەك دیاردەیەکی جێگیر و نەگۆڕ سەیربکات بەڵکو لە کاتی جووڵە و گۆڕانیش لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو کۆمەڵگەیە دەکات، سەرباری هەموو ئەوانە هیچکەس ناتوانێت زانستیبوونی مێژوویی بەتەواوەتی ڕەتبکاتەوە، مێژوونووس تەنها سەروسەودای لەگەڵ دوو بابەتی نەگۆڕدا نییە کە (هۆکار و ڕووداون) کە ئەمەیش دژواری لە کاری مێژوودا دروستدەکات بەڵکو مێژوو لەگەڵ هەردوو لایەنی دەروونی و ویژدانییەوە مامەڵەدەکات، لەوانەیە جیاوازی سەرەکی مێژوو لەگەڵ زانستەکانی پەیوەندیدار بە مرۆڤەوە ئەوەبێت کە مێژوو مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی بیرمەند سەیردەکات.[٥]

مێژوو تا سەدەی ١٨ واتای گێڕانەوەی ڕووداوەکان و باسی پاشاکان و شەڕەکان و تێکەڵ بە درۆ کرابێت بەبێ هیچ بیرێکی ڕەخنەگرانە ئەوە لەو سەدە بەدواوە لەسەر دەستی بیرمەندان و سەرهەڵدانی چەمکی مێژووگەرایی (ڕەسەنایەتی مێژوو) بە مانای تێڕامان و بیرکردنەوە و چۆنیەتی ڕوودانی ڕووداوەکان ئەوا مێژوو مانا و مەبەستێری بەخۆوەگرت و جیا لەمەیش مێژوو وەك زانستێك بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی ڕووداوەکان کەڵکی لە زانستە مرۆڤایەتییەکان وەرگرت کە لێرەدا دوو خاڵی گرنگ ڕۆڵیان هەبوو لە تازەکردنەوە و نوێبوونەوەی مێژوودا کە ئەوانیش (شۆڕشی فەرەنسی، بزاڤی ڕۆشنگەری) بوو.[٦]

سەرباری ئەمەیش کە مێژوو زانستە دەبینن فەیلەسوفانی سروشت کە زانایشیان لەگەڵدایە پێیانوایە کە ماددەی مێژوو لە ماددەی زانست جیاوازە، چونکە مێژوو ماددەیەکی ناجێگیرە و سنووری بۆنییە و ناشتوانرێت ڕووداوەکانی مێژوو ڕاستەوخۆ ببینرێت و تاقیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەربکرێت و ڕووداوەکانی مێژوو بەتەنها ڕوویانداوە و نە ڕووداوێکیدیکە

جودان و بەمەیش زانستیبوونی مێژوو شتێکی پووچە وەك ئەوەی ولیام ستانلی جیفۆنز دەڵێت: "هیچ مانای نییە مێژوو بە زانستی تەواو دابنێین"، کەسێکیتری وەك هنری فۆرد دەڵێت: "مێژوو قسەی هەڵەقوپەڵەقە"، **هەروەها** فەیلەسوفی ئەڵمانی نیچە (١٨٤٤ - ١٩٠٠ز) رایگەیاند کە "**مێژوو مردووە**" **ئەو مردووی** مێژووی بەپێویست دانا بۆ رزگارکردنی ئادەمیزاد، وتی: "**تام و بۆنی بۆگەنی شتە کۆنەکان گەمارۆی** ئادەمیزادی داوە"، سەیر لەوەدایە کە هیگڵ[٧] **دانەری فەلسەفەی مێژوو لە بارەی مێژووە** وتی: "ئەو شتەی مرۆڤ لە مێژووەوە فێریدەبێت ئەوەیە کە **هیچکەسێك هیچشتێك لە مێژووەوە** فێرنابێت".[٨]

یەکێکیتر لە تێڕوانینەکان بۆ ناکاملی بۆ مێژوو، بۆچونی دیکارتە (١٥٩٦ -١٦٢٩ز) کە وەك چۆن بۆ هۆنراوە و لاهوتی باوەڕی بەوەبوو زیاتر بەهرەیەکی سروشتین لەوەی کە توێژینەوەیەکی رێکخراو بن، بۆ مێژوویش ئەو پێیوابوو کە سەرەڕای ئەوەی کە توێژینەوەیەکی چێژدار و بەهرەدارە لە ئاراستەکردنی مرۆڤ لە شێوازێکی کار لەژیاندا، بەڵام بێگومان ناتوانرێت بە راست بزانرێت لەبەرئەوەی ئەو رووداوانەی کە مێژوونووس دەیانگێڕێتەوە بەوشێوەیە **روویانتەداوە کە لێیدەدوێت، چونکە مێژوونووس وەك گەشتیارێك وایە دوور لە ولاتەکەی خۆی دەژی و نامۆیە بە سەردەمەکەی، مێژوو بەوپێیە وێنەیەکی چێنراوی ئەندێشەیە** (خیال)، دیکارت لەبنەڕەتدا باوەڕی بەوەنەبوو کە مێژوو لقێکە لە لقەکانی زانست، چونکە مێژوو نەدەچووە چوارچێوەی میتۆدە ماتماتیکە ژێربێژێکەوە،[٩] بەهەرحاڵ دەتوانین بڵێین مێژوو زانستە، بەڵام لە چوارچێوەی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا نەك لە چوارچێوەی زانستە ئەزموونی و تەجریبییەکاندا هەرچەندە زۆرکەس نکۆڵیان لە تیۆری زانستیبوونی مێژوو کردووە.[١٠]

فەلسەفەی مێژوو

فەلسەفە،[١١] لەچاو جۆرەکانی زانستدا بەواتای فراوانی زانست دێت واتا جۆرێك بەئاگابوونە لە جیهان، فەلسەفە لای ئەرستۆییەکان دوو بەش دەگرێتەوە: (حیکمەتی عەمەلی، حیکمەتی نەزەری)، فەلسەفە بە واتا تایبەتییەکەی تەنها بە حیکمەتە سەرووسروشتییەکان دەوترێت کە لە زمانە یۆنانییەکاندا میتافیزیقی پێدەوترێت و فەیلەسوف کەسێك بوو کە باش لە میتافیزیقی دەزانی بەڵام فەلسەفە بە مانا فراوانەکەی هاوواتای زانستە بەشێوەیەکی گشتی، فەیلەسوف واتا خۆشەویستیدانایی،، ئەمڕۆ وشەی فەلسەفە لە فەرهەنگی رۆژئاواییەکاندا

ـتـیەکی تایبەتی وەرگرتووە، مەعریفەکانی وەك (فەلسەفەی مێژوو، فەلسەفەی زانست، فەلسـەفەی ئەخلاق..) لەدایکبوونە و گەشەیانکردووە، کەواتە فەلسەفە لەهەموو ئەو بابەتانەی سەرەوەدا بە واتای "زانستناسی"دێت.[١٢]

یەکەم کەس کە زارەوەی (فەلسەفەی مێژوو) داهێنا لەنووسینەکانیدا ڤۆلتێر (١٦٩٤ - ١٧٧٨ز) بوو ڤۆلتێر لە بەکارهێنانی ئەم زاراوەیەدا مەبەستی نەبوو لقێك لە لقەکانی زانستی مێژیی دابمەزرێنێت، بەڵکو ئەوەبوو مێژوونووس دەبێت لۆجیکی فەلسەفەی ئەقلانی لە لێکۆڵینەوەی مێژوویدا بەکاربهێنێت و خۆی نەداتە دەستی ئەوەی کە لە کتێبە کۆنەکاندا هاتووە لە هەواڵ و رووداوگێڕانەوە، پاش ئەمە فەلسەفەی مێژوو زۆری نەبرد بوو بە بابەتێکی سەربەخۆ کە ئامانج و پرۆگرامی خۆی هەیە، لێرەوە واتا و مانای مێژوو گۆڕا لەوەی کە مانای مێژوو قووڵتربووە لەوەی کە تەنها نووسینەوە بێت.[١٣]

سەرەڕای ئەو بۆچوونەی سەرەوە، بەڵام بۆچوونێکیتر هەیە کە ئەویش ئەوەیە کە تائێستا بەتەواوەتی ساغ نەبووەتەوە کە لە چ سەردەمێکدا بابەتی فەلسەفەی مێژوو پەیدابووە و روونکراوەتەوە چ هزرمەندێك داهێنەر و رابەرێتی، ئەوەی هەیە کە لە سەردەمی رێنیسانسدا سەریهەڵدا و لەو سەردەمەدا لاهوتی لەبەردەم زانست و فەلسەفەدا پاشەکشەیکردووە، لێرەدا بەسی ئەوە هاتەئاراوە کە مێژوو مێژووی گەلە بەگشتی یان هی تاکەکەس و پاشاکانە کە لێرەدا بۆ ئەم وەڵامە لایەنی سیاسی و فەلسەفی هاتەئاراوە.[١٤]

وەك پەیوەندیداران باسیلێوەدەکەن فەلسەفەی مێژوو مانای رامانە بۆ هەموو مێژوو، کەواتە فەلسەفەی مێژوو وەك قانون یان وەك ئەو زانستەی لێهاتووە کە مێژوو بەشێوەیەکی بابەتی لەرێی لێکدانەوەی (زانستی)یەوە کە خودی هاوکێشەکانی خۆیەتی دەبێت بە زانستە لێرەدا کێشە ئەوەیە کە مێژوو یەك بیرۆکە و یەك هاوکێشەی نییە وەك ئەوەی لە زانستە بابەتییەکاندا هەیە واتا یەك لەگەڵ یەك گوزەراندەکەن پێچەوانەی زانستەکانیتر، بەمشێوەیە بیرۆکەی نوێ بیرۆکەی کۆن دەسڕێتەوە و دوو بیرۆکەی دژبەیەك پێکەوەناگونجێن، لەبەرئەوە فەلسەفەی مێژوو لەوە زیاتر کە (بیروبۆچون) بێت هیچیتر نییە، هەروەکو راوبۆچونی سیاسەتمەداران وایە کە ئایە مێژوو سیاسەتی دوێنێ نییە؟ سیاسەتیش مێژووی سبەینێ نییە؟، هەربۆیە کۆلنجوود دەیوت: "مێژوو تەنها دەبێت فەیلەسوفەکان بینووسن".[١٥]

فەیلەسوفانی مێژوو نەیاندەویست لێکۆڵینەوەی مێژوویی تەنها ببێت بە کۆمەڵێك جەنگ و پەیماننامەی سیاسی و رووداوگەلی یەك لەدوای یەك بەبێ ئەوەی قووڵایی و هۆکاری ئەو رووداوانە دەربخەن، هەروەها ئامانجیان ئەوەبوو کە لێکۆڵینەوەی مێژوویی لە مێژووی سیاسی و سەربازییەوە بیگۆڕن و بیکەن بە مێژووی ئاوەدانی، مێژوو پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ فەلسەفەدا هەیە.[١٦]

فەلسەفەی مێژوو بابەتێکە لەو بابەتانەی وەك زانستی کۆمەلایەتی لەدوای شۆڕشی فەرەنساوە لەدوای سەدەی هەژدە بەدواوە گەشەیکردووە و دەکرێت لێرەدا باسی چەند تایبەتمەندییەکی فەلسەفەی مێژوو بکەین کە کاری خۆیەتی و بەدوایدا عەودالّە (جۆر و شێوازی شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی رووداوەکانی مێژوو، بەچیدا توێژینەوە مێژووییەکان لە جۆرەکانیدیکەی بابەتی زانینی مرۆڤ جیادەکرێنەوە؟ ئەو پرسیارانە کامانەن کە فەلسەفەی مێژوو دەربارەی بابەتەکە دەیانکات و کۆششی وەلآمدانەوەیان دەدات) گەر سەرەنجی ئەو تیۆرانە بدەین کە دەربارەی شرۆڤە و لێکدانەوەی مێژوو کراون ئەوا دوو جۆرن (لێکدانەوە و شرۆڤەی ئامانجەکەی کە ئەمە زیاتر لە فەلسەفەی هیگلدا دەردەکەوێت کە مێژوو ناوەستێ تا بەئامانج دەگات، لێکدانەوە و شرۆڤەی هۆیەکی ئەمەیش وەك ئەوەی کە تۆینبی هزرمەند هۆکاری ئایینی بەهۆکاری گۆڕانکاری و پەرەسەندنی شارستانییەت و مێژوو دەبینێ)، لە دوو لاوە فەلسەفەی مێژوو لە بابەتەکانیتر جیادەکرێتەوە ئەوانیش (ئەو میتۆدەی بەکاریدەهێنێ واتا رێگا زانستییەکانی توێژینەوە، بابەتی توێژینەوەکە واتا ئەو کەرەستەی کە دەیکات بە جیهانبینینی خۆی)، ئەو پرسیارانەی لە چوارچێوەی فەلسەفەی مێژوودا دەکرێن بە سێ بەشەوە (پرسیاری مێژوویی، پرسیاری لۆژیك و میتۆدی مێژوویی، پرسیاری پرۆسەی مێژووی).[١٧]

لێرەدا دەکرێت بە کورتی ئاماژە بە هۆکارەکانی دامەزراندنی فەلسەفەی مێژوو بدەین کە ئەمەیش وامانلێدەکات باشتر لەم بابەتە تێبگەین:

١. ئامانجی فەلسەفەی مێژوو دۆزینەوەی حیکمەتە یان ئەو مانایەی رووداوەکانی مێژوو دەبزوێنێ لەپێناو بەدیهێنانیدا.

٢. (دیکارت) تەماشایکرد کەوا مێژوو، مێژوونووس بەرەو رابردوو کێشدەکا تا وایلێدێ

فەیلەسوفانی مێژوو نەیاندەویست لێکۆڵینەوەی مێژوویی تەنها ببێت بە کۆمەڵێك جەنگ و پەیماننامەی سیاسی و رووداوگەلی یەك لەدوای یەك بەبێ ئەوەی قووڵایی و هۆکاری ئەو رووداوانە دەربخەن، هەروەها ئامانجیان ئەوەبوو کە لێکۆڵینەوەی مێژوویی لە مێژووی سیاسی و سەربازییەوە بیگۆڕن و بیکەن بە مێژووی ئاوەدانی، مێژوو پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ فەلسەفەدا هەیە.[١٦]

فەلسەفەی مێژوو بابەتێکە لەو بابەتانەی وەك زانستی کۆمەلایەتی لەدوای شۆڕشی فەرەنساوە لەدوای سەدەی هەژدە بەدواوە گەشەیکردووە و دەکرێت لێرەدا باسی چەند تایبەتمەندییەکی فەلسەفەی مێژوو بکەین کە کاری خۆیەتی و بەدوایدا عەودالە (جۆر و شێوازی شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی رووداوەکانی مێژوو، بەچیدا توێژینەوە مێژووییەکان لە جۆرەکانیدیکەی بابەتی زانینی مرۆڤ جیادەکرێنەوە؟ ئەو پرسیارانە کامانەن کە فەلسەفەی مێژوو دەربارەی بابەتەکە دەیانکات و کۆششی وەلامدانەوەیان دەدات) گەر سەرەنجی ئەو تیۆرانە بدەین کە دەربارەی شرۆڤە و لێکدانەوەی مێژوو کراون ئەوا دوو جۆرن (لێکدانەوە و شرۆڤەی ئامانجەکەی کە ئەمە زیاتر لە فەلسەفەی هیگلدا دەردەکەوێت کە مێژوو ئاوەستێ تا بەئامانج دەگات، لێکدانەوە و شرۆڤەی هۆیەکی ئەمەیش وەك ئەوەی کە توێنبی هزرمەند هۆکاری ئایینی بەهۆکاری گۆڕانکاری و پەرەسەندنی شارستانییەت و مێژوو دەبینێ)، لە دوو لاوە فەلسەفەی مێژوو لە بابەتەکانیتر جیادەکرێتەوە ئەوانیش (ئەو میتۆدەی بەکاریدەهێنێ واتا رێگا زانستییەکانی توێژینەوە، بابەتی توێژینەوەکە واتا ئەو کەرەستەی کە دەیکات بە جیهانبینینی خۆی)، ئەو پرسیارانەی لە چوارچێوەی فەلسەفەی مێژوودا دەکرێن بە سێ بەشەوە (پرسیاری مێژوویی، پرسیاری لۆژیك و میتۆدی مێژوویی، پرسیاری پرۆسەی مێژووی).[١٧]

لێرەدا دەکرێت بە کورتی ئاماژە بە هۆکارەکانی دامەزراندنی فەلسەفەی مێژوو بدەین کە ئەمەیش وامانلێدەکات باشتر لەم بابەتە تێبگەین:

١. ئامانجی فەلسەفەی مێژوو دۆزینەوەی حیکمەتە یان ئەو مانایەی رووداوەکانی مێژوو دەبزوێنێ لەپێناو بەدیهێنانیدا.

٢. (دیکارت) تەماشایکرد کەوا مێژوو، مێژوونووس بەرەو رابردوو کێشدەکا تا وایلێدێ

ئێستای بەلاوە نامۆدەبێت، بۆیە پێویستە بۆ مێژوونووس بەرووی ئێستادا بکرێتەوە و ئاگاداری فەلسەفەی نوێ بێ.

٣. ئەو مێژوونووسەی لەژێر باری رابردوودا دەژی و بەسەر ئێستادا نەکرێتەوە ئەوا تووشی بارێك دەبێ کە لە نەخۆش دەچێت وەك ئەوەی (نیچە) پێیدەڵێت: "پەتای مێژوو".

٤. فەلسەفەی مێژوو تەنها قەرەبووی کەموکورتییەکانی مێژوونووسان ناکات بەڵکو هەوڵی چارەسەری کەموکورتییەکانی فەیلەسوفانیش دەدات، فەلسەفەی مێژوو تەنها لەبەر دابینکردنی پێداویستییەکانی مێژوونووسان دانەمەزراوە بەڵکو بۆ جێبەجێکردنی پێداویستییەکانی کۆمەڵگە دامەزراوە.[18]

فەلسەفەی مێژوو گەڕانە بەدوای کۆمەڵە بنەمایەکدا کە پەرەسەندنی کۆمەڵگە مرۆییەکانی لەسەر بەندە ئەویش راڤەکردنی رەوتی مێژووە لەژێر تیشکی دیتنییەکی گشتی، وەك گشتێك بۆ رووداوەکان نەك دابەشکردن، بەمشێوەیە فەلسەفەی مێژوو بنەرەتێکی فەلسەفی بۆ زانستی مێژوو دادەنێت، فەلسەفەی مێژوو تەنها شەنوکەوکردنی ئەو رێبازەی کە مێژوونووسان دایدەنێن و گفتوگۆکردن و شیکردنەوەی سەرچاوەکان و توێژینەوەی زاراوەکانی مێژوونووسان ناگەیەنێت واتا کارکردن تەنها لەرابردوودا بەڵکو فەلسەفەی مێژوو سنووری رابردوو تیدەپەڕێنێت و ئێستا و داهاتوو لەخۆدەگرێت.[19]

وەك جیاوازییەك لەنێوان زانستی مێژوو و فەلسەفەی مێژوودا دەتوانین بڵێین زانستی مێژوو ئاگاداربوونە لە رووداوەکانی رابردوو و هەڵسەنگاندنی ئەو رووداوانەیە، بەلام فەلسەفەی زانستی مێژوو لەچۆنیەتی توانا و و سنوورەکانی زانستی مێژوو دەکۆڵێتەوە، ئەو پرسیارانەی کە لە زانستی مێژوودا دەخرێنەروو لەمچەشنەن: شۆڕشی گەورەی فەرەنسا کەی رویدا؟ هۆکارەکانی چیبوو؟ دەرئەنجامەکانی چیبوون؟ کاریگەری لەسەر پیشەسازی چیبوو؟کاریگەری لەسەر سیاسەت چیبوو؟ هەروەها کاریگەری لەسەر ولاتانیتر چیبوو؟ بەلام ئەو پرسیارانەی کە لە فەلسەفەی زانستی مێژوودا دەخرێنەروو لەمچەشنەن: چۆن دەتوانین پێشبینیبکەین لەمێژوودا، ئایا زانستی مێژوو زانستێکی ئەزموونییە، ئایا راڤەی دیاردە مێژووییەکان هاوتای راڤەی دیاردە سروشتییەکانە؟، بەروونی دیارە کە جۆری پرسیارەکان لەهەردوو بەشەکەدا جیاوازن کە لەجۆری یەکەمدا پرسیارەکان دەربارەی رووداوە دەرەکییەکانن، بەلام لەجۆری دووەمدا پرسیارەکان دەربارەی زانستێکە بەناوی زانستی مێژوو.[20]

فەلسەفەی مێژوو لای فەیلەسوفان و زانایان

لێرەدا بە کورتی و بەشێوەیەکی پوخت تیشکدەخەینە سەر رای چەند فەیلەسوفێك کە بۆچونیان سەبارەت بە (فەلسەفەی مێژوو) هەبووە و لەم بوارەدا باسدەکرێن و کاریگەریان هەیە.

ڤۆڵتێر (١٦٩٤ - ١٧٧٨) ز

فرانسۆ ماریدو ڤۆڵتێر بە دامەزرێنەر و رابەری راستەقینەی بابەتی فەلسەفەی مێژوو دادەنرێت، بە ناحەز و رکەبەرێکی سەرسەختی ئایینی مەسیحی سەردەمی خۆی ناسراوە و لەو باوەڕەدا بوو کە بیرۆکەی بەهرەی رەبانی زیانێکی گەورە لە پرۆسەی پێشکەوتنی سەربەخۆیانەی مێژوویی داوە، گەرچی بەدەگمەن نەبێت ڤۆڵتێر نەخراوەتەناو خانەی فەیلەسۆفانەوە، بەلاّم سەرکەوتووانە توانیویەتی لەبەرهەمەکانیدا پوختەی بزووتنەوەی رۆشنگەری فەرەنسی بەرجەستەبکات، لەم بابەتەدا جیهانبینی ڤۆڵتێر دەکرێ بە دوو بەش دابەشبکەین کە ئەویش لایەنی نەرێنی کە ئەویش بریتییەلە رەخنەگرتنی توندی لە ئاین و ئایینی مەسیحی و جوولەکە و ئینجا تاوتوێکردنی فەلسەفەی دیکارت و هێرشبردنەسەر بیروڕاکانی رۆسۆ، هەروەها لایەنی ئەرێنی کە ئەویش بریتییەلە بیروبۆچونەکانی دەربارەی مێژووی پەرەسەندن و کلتور و شارستانییەت و مرۆڤ.[٢٢]

مێژوو لای ڤۆڵتێر لە سەرووی سەرگوزشتەی دەسلاّتدارەکان و بارودۆخی نەتەوەکان و ئایینەکانی هەموو جیهانەوەیە، هەموو نەتەوەکانی جیهان یەك و هیچیان هەلّبژێردراو نین و مێژوو بریتییەلە پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و بەمشێوەیە مێژوو بەبڕوای ڤۆڵتێر بریتییەلە پێشکەوتنی مرۆڤ لە تاریکی ئەفسانە و خەیالّ بەرەوڕۆشنایی و دانایی و ژیریی کە ئەمەیش رۆژ لەدوای رۆژ زیاتردەبێت.[٢٣]

بەکورتی دەتوانین گرنترین بیروبۆچونی ڤۆڵتێر کە پێشکەشی فەلسەفەی مێژووی کردووە بیخەینەڕوو:

١. ڤۆڵتێر یەکێك بوو لەوانەی کە بڕوای بە ئەقلّ هەبوو لە بواری داهێنانە زانستییەکاندا کە لە سەردەمی رۆشنگەریدا پەرەیسەند، ئەو بڕوای بە مرۆڤ هەبوو و بڕوایوابوو کە جیاوازی لە ئەقلی

مرۆڤەکاندا نییە، بەڵام ئەو جیاوازییەی کە هەیە بە هۆی هۆکارەکانی وەک (کەشوهەوا، سیستەمی دەسەڵات، ئاین)ەوەیە.

٢. ڤۆلتێر و مێژوونووسە ئەقلانییەکان بڕوایانوابوو "گەردوون و کۆمەڵگە بەشێوەیەکی ئالی بەڕێوەدەچێت".

٣. ڤۆلتێ بیرۆکەی چاودێری خواوەندی رەتدەکردەوە لە لێکدانەوەی مێژوودا.

٤. ڤۆلتێر هەوڵیدەدا ئەقڵ و تاقیکردنەوە بەکاربهێنێت لە پشکنینی ئەو زانیاری و هەواڵانەی کە پێیدەگەیشتن و ئەو گومانی کردە رابەر بۆ هەڵبژاردنی راستیی شتەکان.

٥. ڤۆلتێر دەستیکرد بە رەخنەگرتن لە نووسینە مێژووییەکان بەتایبەت ئەوانەی کە پشتیان بە تەورات بەستووە وەك نووسینەکانی (ئۆگستین، یوسوی) کە واتەماشاکراون کە یەهودییەکان گەلی هەڵبژێردراوی خودان کەچی میللەتە دێرینەکانی رۆژهەڵات پشتگوێخراون.

٦. ڤۆلتێر دەستیکرد بە چاککردنی ساڵنامەی مێژووی ئەورووپی بەپێی جێگە و پلەی ئەقڵ، واتا جیاکردنەوەی مێژووی ئەورووپا لەیەکدی (ناوەڕاست و مێژووی یۆنان و سەردەمی رۆشنگەری..) کە رۆشنگەری بەگەشاوەترین سەردەمی مێژووی ئەورووپا داناوە.

٧. ڤۆلتێر هەولیداوە لە دیدگای"جیهانی - شارستانی"یەوە مێژوو بنووسێت نەك بەپێی مێژووی ئەورووپا، هەربۆیە ئەو گرنگی بە شارستانییەتی میللەتە کۆنەکانی عێراق و میسر و چینی و هندییەکان داوە و داوایشیکردووە گرنگی بە مێژووی گەلە سەرەتاییەکان بدرێت.[٢٤]

مێژوو زنجیرەیەکی توندوتۆڵی ئەڵقەی بەیەکەوەگریدراون، ئەوەی ئەمڕۆ روودەدات لە رووداوێکی رابردووە و لە رابردوو کەوتووەتەوە و دوارۆژیش هەر لەو دەکەوێتەوە، مێژوو بریتییەلە پرۆسەیەکی هەمیشەیی گۆڕانی فەرهەنگ و بەرەوپێشچوون، هیچ شتێك نییە نەگۆڕێ و لە دەستی گۆڕان و یاساکانی دەربازبێ، بەڵام ئەمە هۆکاری سروشتی و مرۆیی هەیە و هیچ بەهرەیەکی سەرووسروشت دەستی لەو کارەدا نییە.[٢٥]

لەبەر رۆشنایی ئەوەی کە باسمانکرد هەندێك لە مێژوونووسان و لێکۆڵەران دەنووسن کە ڤۆلتێر یەکەمین کەسە کە بناغەی مێژووی شارستانییەتی داناوە بە مانا نوێیەکەی، (ویدجیری) لە کتێبەکەیدا دەڵێت: "ڤۆلتێر مانای مێژووی لە زانست و هونەرە جوانەکان و ئەدەبدا دەبینی.[٢٦]

ڤیکۆ (١٦٦٨ - ١٧٧٤) ز

ڤیکۆ،[٤] **یەکەم هزرمەندە هەوڵیداوە بنەمای بابەتی** فەلسەفەی مێژوو دابنێ لەوەدا لەجیاتی **ئەوەی مێژوو بە نووسین و شرۆڤەکردنێکی سادە و** ساکاری ڕووداوەکان دابنێ، بەڵکو **هەوڵیداوە لەو پێوەندی و یاسایانە بکۆڵێتەوە کە لەنێو ڕووداوەکاندا** بەدیدەکرێن و کەوتنەوەی **ئەو ئامانجانەی** کە لەو ڕووداوانە دەکەونەوە، ئەو بڕوای بەوەهەبوو **کە لەپشت** هەردوو دیاردەی سەرسوڕهێنەری مردن و ژیانەوە مەبەستێکی نادیار و شاراوە هەیە کە زیاتر بەلای چاکەدا دەچێت.[٢٧]

سەرەڕای ئەوەی کە ڤیکۆ بە ڕەخنەگرێکی جیدی لە بیری دیکارت سەبارەت بە مێژوو دادەنرێت هەروەها ئەو بەیەکەم مێژوونوسی ئەوروپی دادەنرێت کە خۆی تەرخانکرد بۆ دانانی بنەڕەتگەلێك کە میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژووی لەسەر دابمەزرێت و ڤیکۆ ڕەخنەگرتنی لە سروشتی زانینی دیکارت بەدەستپێکی میتۆدی فەلسەفی مێژوویی دادەنرێت.

بەلای ڤیکۆوە ئەو هەڵانەی کە مێژوونووسان دەیکەن لەتوێژینەوەکانیاندا ئەو هەڵانە سەرچاوەی هەموو هەڵەیەکن لە تێگەیشتنی مێژوودا کە ئەوانیش بریتینلە:

١. **زیادەڕۆییکردنی** مێژوونووس لە هەڵسەنگاندنی ئەو سەردەمی توێژینەوەی لەسەردەکات، **ڤیکۆ تێبینیکردبوو** مێژوونوسان بەزۆری زیادەڕۆیی لە هێزی مەزنی ئەو سەردەمە دەکەن کە بابەتی توێژینەوەکەیانە.

٢. لەخۆباییبوونی نەتەوەکان لەوەی کە هەموو نەتەوەیەك لەگرنگیدان بە مێژووی رابردووی خۆی هەوڵی رازاندنەوەی ئەو مێژووە بەپرشنگدارکردنی لای خۆیی خۆشەویستیدەکات.

٣. لەخۆباییبوونی فێرخوازان کە بەپێی دەربڕینی ڤیکۆ لەشێوەی نارەزوبەکدایە کە مێژوونووس هەیەتی.

٤. هەڵەی پەیوەندیدار بە سەرچاوەکانەوە یاخود ئەوەی کە ڤیکۆ ناویلیدەنێت بەدوای یەکداهاتنی (زانستی نەتەوەکان)، ئەو هەڵەیەیش ئەوەیە کە ئەگەر دوو نەتەوە پابەندی یەك سیستەمی هاوشێوە بن بێگومان ئەوا دەبێت یەکێکیان ئەو بیرۆکە یان سیستەمەی لەیەکێکیدیانەوە وەرگرتبێت.[٢٨]

ڤیکۆ لەوباوەڕەدابوو کە مێژووی ئادەمیزاد دەتوانرێت بخرێتەبەر پێوانە و لێکدانەوەی زانست و ئەو مێژووی ئادەمیزادی دەقاودەق لە چەشنی سروشت دەبینی کە بەزەبری ژمارەیەکی زۆر یاسا و چەسپاو دەبزوێت و دەگۆڕێت، ئەو بۆچوونەی کە ڤیکۆ خستییەسەر (خولی مێژووی) کە تائەمڕۆیش بەشێك لە مێژوونووسانی رۆژئاوا بڕوایانپێیەتی و لەنووسینەکانیاندا بەکاریدێنن بەشێوازی جیاواز، لای ئەو بیرمەندە مێژوو بریتییەلە چوار قۆناغ (باری دڕندەیی، چاخی خواکان، چاخی پاڵەوانان و دوا قۆناغیش چاخی ئادەمی)و دوای بڕینی ئەم قۆناغانە گوایە کۆمەڵ دەکەوێتە هەرەسهێنان و رووخان و دیسان لە سەرەتاوە دەستپێدەکات و ئادەمیزاد هێزی بزوێنەری سەرەکی هەموو ئاڵوگۆڕی قۆناغەکانە، ئەم تیۆرەی ڤیکۆ لەدوای مێژوونووسانی دوای خۆی کرایە خولی شارستانییەتەکان و بەمپێیە هەموو ژیانێکی ژیاری وەك تەمەنی مرۆڤ بەهەر سێ قۆناغی"منالی، لاوی و پیری"دا تێپەڕدەبێت.[٢٩]

ڤیکۆ کە بیروبۆچونی خۆی دەخاتەڕوو پشت بە مێژوو دەبەستێت و بەمەیش دەیەوێت بەرپەرچی دیکارت بداتەوە، چونکە دیکارت پشت بە ماتماتیك دەبەستێت نەك بە مێژوو و دیکارت لەناو هەموو مەعریفەکاندا تەنها ماتماتیك بە مەعریفە دادەنێت و داکۆکیلێدەکات و دەڵێت: "لەوە زیاتر کە خودی خۆمان کردوومانە هیچیتر بەتەواوی نازانین"و ئەم وتەیەیش ئەو بنەما فەلسەفییە هاوبەشەیە کە لە سەردەمی (بیکۆن، هۆبز، کانت..)ەوە دەستپێدەکات، ڤیکۆ ئەم پرۆژە تایبەتەی خۆی ناونا (زانستی نوێ) کە مەبەستی (زانستی مێژوو)ە و دەڵێت: "ئەم زانستە هەروەك زانستی ئەندازە خودی خۆی هەموو جۆرە پێوەرەکان دەگۆڕێت و بەپێی رەگەزە تایبەتەکانی خۆیان دایاندەنێت بە واقیعێتێکی یەکسان بەو واقیعێتەکەی کە پەیوەندییان بە مەسەلەی مرۆڤەوە هەیە و لە واقیعێتی خەتوخاڵ و هێڵ زیاتر دەگرێتەوە".[٣٠] دەتوانین تایبەتمەندییەکانی (زانستی نوێ) کە بە پرۆژەیەکی گرنگی ڤیکۆ دادەنرێت لەچەند خاڵێکدا کورتبکەینەوە و ئاماژەیەکی بۆبکەین وەك(چاودێری خوای، فەلسەفەی دەسەڵاتە یاسای سروشتی بتپەرستەکان، مێژووی شارستانییەت، مێژووی جیهانی، پێشکەوت و هاوسەنگی).[٣١]

تێبینییە میتۆدییەکانی ڤیکۆ لە بەهادارترین پشکداریەتییەکانی بووە لە توێژینەوە مێژوویەکاندا، سوودی لە میتۆدی توێژینەوەی شیکاری رەخنەیی باوی سەدەی ١٧ی ئەوروپا وەرگرتووە و توانیویەتی هەنگاوێك لەو میتۆدە بەرەوپێشەوەببات، ئەویش بەزیادکردنی دارشتنێتی لەپێناو توێژینەوەی مێژووی و پەیبردن بە راستییەکانی، هەر ئەمەیش وایکرد کە

زۆرێك ڤیکۆ بە دامەزرێنەری فەلسەفەی مێژوو ناوزەندبکەن، بەلاّم سەرەڕای ئەمانەیش چەندین ڕەخنە ئاراستەی میتۆدی لێکۆڵینەوەی **مێژووی** ڤیکۆ دەکرێت لەوانە:

١. ڤیکۆ مەرجی زانینی **راستییە مەتماتیکییەکان** بە زانینێکی دڵنیایی دەگێڕێتەوە بۆئەوەی مرۆڤ خۆی **زانستی ماتماتیکی لەرێی دلنانی چەند** رێسایەکەوە دروستکردووە، لێرەدا ئەو **رەخنەیە ئاراستەی ئەو تێڕوانینەی ئەو دەکرێت کە یاساکانی** بیرکاری لەورووە دڵنیاینین کە **دەسکردی مرۆڤن بەڵکو لەورووەوە** دڵنیاین کە **گوزارشت لە واقیعی راستەقینە** دەکەن بۆنموونە **کاتێك** دەوترێت دوو نیوەی چوارە ئەوا مرۆڤ لەرێەی هێماکانەوە کە خۆی دایناوە **گوزارشت** لەراستیدەکات.

٢. یەکێك لە گەورەترین ناتەواوییەکانی پرۆژەکەی ڤیکۆ (زانستی نوێ)، پۆلێنکردنی مێژووە لەسەر بنەرەتێکی نایدۆلۆجییانە بۆ مێژووی پیرۆز کە مێژووی (جوولەکە و مەسیحی و مێژووی دونیایی).[٣٢]

شپنگلەر (١٨٨٠ - ١٩٣٦ز)

زۆربەی فەیلەسوفان و مێژوونووسان گرنگییان بە خودی چەمکی مێژوو داوە، چونکە چەمکێکی فرەڕەهەندە و مایەی **گفتوگۆ لەسەرکردنە**، بەلاّم دەبێت ئەم چەمکە لای شپنگلەر[٣٣] کە زۆرێك لە فەلسەفەکەی بۆ مێژوو و شارستانییەت تەرخانکردووە چی بگەیەنێت؟، شپنگلەر سەبارەت بە مێژوو دەڵێت: "مێژوو بریتییەلەو فۆرمەی بەهۆیەوە مرۆڤ تیدەکۆشێت بۆ پەیپێبردنی بوونی زیندووی جیهان لەڕووی پەیوەندی بە ژیانی مرۆڤەوە، بەوهۆیەیشەوە دەتوانێت بگات بە حەقیقەتی قووڵ "لەو دەقەوە تیدەگەین مێژوو لای ئەو چوارچێوەیەکە بۆ تێگەیشتن لە جیهان وەك هەبوویەکی زیندوو کەواتە مێژوو پێکنەهاتووە لە کۆمەڵێك رووداوی بێبنەما و بێسوود، بەڵکو بەهاکەی ئەوەندە گەورەیە یەکسانە بە حەقیقەت.

ئۆرگانی راستەقینەی مێژوو بریتییەلە یادەوەری بەو مانایەی کە بریتییەلە وێناکردنی رابردووی مرۆڤ و نەتەوە و جیهان کە وەك ئێستایەکی تەواوەتی دەپارێزرێت، شپنگلەر یاداشت یان ژیاننامەی کەسێك تەنها بە کۆکەرەوەی ژیانی ئەو کەسە نازانێت، بەڵکو بە کۆکەرەو و رۆحی شارستانییەتێکی تەواوی دەزانێت، یەکێکیتر لەو پرسانەی کە شپنگلەر دەیوروژێنێت ئەوەیە کە مێژوو بۆ کێیە؟ یان کێ خاوەنی مێژووە؟ هەر بۆخۆی وەلاّمی ئەم پرسیارە دەداتەوە و

مێژوو بەهی هەموو کەسێك دەزانێت، ئەو شارستانییەت بە یەکەی لێکۆڵینەوەی مێژوو دادەنێت و ئەمە ئەوە لەبیرناباتەوە کە رۆڵی تاك لەمێژوودا لەبیربکات، کەواتە مێژوو تەنها بریتییە لە مێژووی سەرکردە و پاشاکان و تەنها ئەوان خاوەنی نین، بەڵکو سەرجەم ئەو کەسانەی سەربە شارستانییەتێکی دیاریکراون بەشدارن لەو مێژووەدا.[٣٤]

فەلسەفەی شپنگلەر سەبارەت بە شارستانییەت مەیلێکی بونگەرایی ئاشکرای هەیە، ئەم بۆچونە هەمیشە دژی ئەو روانینەیە کە حاڵەتە جیاوازەکان لەژیاندا دەشارنەوە، ویلسن ڕێگەیاندووە بونگەرایی داوای ئەوەدەکات بە دیدێکی وا بۆ جیهان بروانین کە نێوانی زانست و هونەر یەکبخرێت و رازینابێت سروشت بکرێت بە دوو بەشەوە، مەبەستی ویلسن کە دەڵێت شپنگلەر مێژوونووسێکی بونگەراییە واتا بونگەرایی شۆڕشێکە دژی لۆجیك و ئەقڵ و داوایەکە لەپێناو خۆرسکی دیدوبۆچوونەکان، شپنگلەر هەموو ئەوانەی خستووەتەناو لێکۆڵینەوەی مێژوویـیەوە و حەزی لە مۆسیقا و شیعر دەکرد و هەمیشە وتەکانی گۆتە و (نیچە)ی[٣٥] بەکاردەهێنا، ئەو لەو بڕوایەدا بوو ماتماتیك و زانست لایەنێك لەلایەنەکانی خەباتی نەفسی مرۆڤ پێکدەهێنن.[٣٦] لەلایەکیترەوە دەرخستنی ئەو میتۆدەی شپنگلەر بەکاریهێناوە لە لێکۆڵینەوەی مێژوویـیدا کارێکی ئاسان نییە، چونکە ناتوانیت میتۆدەکەی راستەوخۆ پەیپێبەریت هەربۆیە زۆرێك لەوانەی لەسەریان نووسیوە رەخنەیان لێگرتووە و ئەو رەخنەگرانە ئاماژە بەوەدەدەن ئەوشێوازەی ئەو خراپە و پڕە لەدووبارەبونەوە و ئاڵۆزی و شپرزەیی، هەندێکیتر دەڵێن: "لێکۆڵینەوەناکات بەکرداریی بەڵکو تەنها بڕیاردەدات و زۆر گوتنادا بەهۆی هێنانەوە بۆئەو شتانەی کە بڕیاریان لەسەردەدات"، سەرباری ئەمەیش شپنگلەر بۆچوونی خۆی هەیە سەبارەت بە پرسی میتۆد و چارەسەری مێژوو، ئەو پێیوایە پێویستە سروشت بەشێوەیەکی زانستی چارەسەربکرێت، بەڵام مێژوو بەشێوەیەکی شیعری چارەسەربکرێتە چونکە لەنێوان مێژوو و شیعردا پەیوەندییەکی هاوخوێنی هەیە.

ئەو میتۆدە نوییەی شپنگلەر پەسەندیدەکات ناویلێناوە میتۆدی هیمای (سیمائی) ئەمیش بریتییەلەوەی کە مێژوونووس هەڵدەسێت بە نیشانەکردنی دیمەن و خوێندنەوەی رووخسار، هەربۆیە لە دیمەنی رووداوەکان هیمای ئەو رۆحە دەردەهێنێت کە رووداوەکە لێوانلێوەلێی، ئەم میتۆدە هەروەك وێنەکێشانی کەسایەتییەکان وایە، بەڵام وێنەکێشانێکی رۆحی، شپنگلەر پێیوایە پێویستە مێژوو بەوشێوە بنووسرێت، کەواتە مەبەست لە میتۆدی

سیمائی خوێندنەوەی زیندوانەیە بۆ مێژوو بەمپییە بێت خوێندنەوەی مێژوو مەعریفەیەکی خۆرسکە.

لای شپنگلەر لێکۆڵینەوەی مێژوویی لە پێکهاتەی ناوکی مێژوویی دەکۆڵێتەوە چونکە ئەو پێیوایە مێژوو زیندووە وەک ئەوەی کە هەستێک وێنایەکەن بریتینییەلە کۆمەڵە شتێکی مردوو و رواڵەتی پێکهاتەیەکی هەیە کە تەنها بە لێکۆڵەری راستەقینە دەدۆزرێتەوە و پیشاندەدرێتە[٣٧]

هیگڵ (١٧٧٠ - ١٨٣١ز)

هیگڵ [٣٨] وەك ئنگلز دەڵێت یەکەم کەسە هەوڵیداوە ئاڵوگۆڕە ناوخۆییەکانی مێژوو دەستنیشانبکات و زۆر زوو کەوتە بایەخدان بە مێژوو کە بەلای ئەوەوە لە سەردەمی گریکەکانەوە دەستپیدەکات، هیگڵ لەوە دەگەیشت کە کەس ناتوانێت رەورەوەی مێژوو بەرەوپاش بگەڕێنێتەوە.[٣٩]

تیۆرییەکەی هیگڵ لەسەرئەوە بنیادنرابوو کە مێژوو هیچ نییە جگەلە مێژووی هۆش و پێشکەوتنی هۆش کە ئەمیش یەکسانە بە پێشکەوتنی مێژوو و گەلانی بێهۆش کە ناتوانین بە گەلانی بێهۆش بڵێین گەلانی ئازاد، چونکە ئازادی دەستناکەوێ تەنها لای ئەو کەسانە نەبێت کە هۆشیان هەیە و هەست بە گرنگییەکەی دەکەن، بەمپییە ئەقڵ جەوهەری مێژووە هەروەها جەوهەری مرۆڤیشە، مەبەستی هیگڵ لەبارەی فەلسەفەی مێژووە بە کورتی بریتییەلە:

یەکەم: فەیلەسوفی مێژوو نابێتە رێگر لەبەردەم مێژوونووسی ئەزموونگەری لە لێکۆڵینەوەی رووداوە مێژوویەکان، مێژوو بریتییە لە رەنگدانەوەی گیانی ئەقڵ لە رۆژگارەکاندا.

دووەم: ئەقڵ جەوهەری مێژووە هەروەك چۆن جەوهەری سروشتیشە لەگەڵ هەبوونی جیاوازییەکی گرنگ کە بریتییەلەوەی کە ئەو ئەقڵەی مێژوو دەباتبەڕێوە بریتییەلە ئەقڵێکی ئاگا لە خودی خۆی کە مەبەست مرۆڤە، هیگڵ وێنەی پێکهاتەیی کە بۆ مێژوو بەکاریهێناوە بە سێ خاڵ لێکدەداتەوە (سروشتی ئەقڵ کە ناویلیدەنێت گیان، بەدیهێنانی ئەقڵ و ئەو شکڵەی کە گیانی تێدابەرجەستە دەبێت).[٤٠]

هیگڵ بۆچون و سەرنجەكانی خۆی لەبارەی جۆرەكانی نووسینی مێژوو خستەڕوو لەپێناو گەیشتن بەسادەترین و چاكترین ڕێگە بۆ نووسینی مێژوو كە ئەمە (ڕێبازی ڕەخنەیی)یە لە فەلسەفەی هیگڵ بۆ مێژوو:

١. هیگڵ ڕوونیكردەوە سێ ڕێگەی سەرەكی هەیە لە لێكۆڵینەوەی مێژوو‌ییدا لەڕووی ڕێبازەوە كە ئەمانەن (مێژووی ڕاستەقینە، مێژووی نەزەری، مێژووی فەلسەفی).

٢. هیگڵ ئاماژەی بەوەكردووە كە ئەوانەی لە گێڕانەوە و لێكۆڵینەوە ڕەسەنەكانەوە هاتوون دەبێت لە داستان و حیكایەت و كەلەپووری میللی دووربخرێنەوە، واتا هیگڵ زۆر بەتەنگ وردەكاری و بابەتیبوونەوە هاتووە لە لێكۆڵینەوەی مێژوو‌ییدا.

٣. جۆرێك لە نووسینەوەی مێژووی بە بڕوای هیگڵ نووسینی (مێژووی دیانەی)یە كە لێرەدا مێژوونووس ئەو ڕووداوانەی كە دەیگێڕێتەوە ناژی، بەڵكو ئەو سەردەمەی كە تێیدادەژی تێیدەپەڕێنێت تا مێژووی سەردەمێكیدیكە بنووسێتەوە.

٤. هیگڵ ئاماژەی بە وێنەیەكی مێژووی دیانەی (نظری) كردووە، ئەو مێژووییە كە لەپێناو بەدەستهێنانی پەند و ئامۆژگاری لە تاقیكردنەوەكانی ڕابردوو دەنووسرێت كە ناوینراوە مێژووی كردەوەیی كە كاربەدەستان و فەرمانڕەواكان ئەركی لێكۆڵینەوە و خوێندنەوەی مێژوویان دەكەوێتەسەرشان، بەڵام ئەوەی ئەزموون و مێژوو فێرماندەكا ئەوەیە كە گەلان و حوكمەتەكان هیچ لە مێژووە فێرنابن.

٥. بۆ خستەڕووی سەرنجەكانی سەبارەت بە مێژووی دیانەی، هیگڵ جۆرێكیدیكە لە جۆرەكانیدیكە دەخاتەبەردەست كە پێیدەڵێت"مێژووی ڕەخنەیی" ئەم پێشاندانە لە تەرحكردنی نووسینی مێژوویی لەوجۆرەییە كە ڕووداوەكانی مێژووی خۆی ناخاتەڕوو بەڵكو ئەو گێڕانەوە جیاوازانەی مێژوو دەخاتەڕوو كە دەیانپشكنێ و ڕەخنەیانلێدەگرێت و ڕاستییەكانیان ڕووندەكاتەوە.

٦. هیگڵ وەك جۆری چوارەم ڕوانیویەتە (مێژووی هزر) كە ئەمەیش جۆرێكە لەجۆرەكانی نووسینی دیانەیی مێژوو كە لە سەردەمی خۆیدا گرنگی پێدەدرا كە بە قۆناغی گواستنەوە دادەنرا لە (مێژوویدانانی)یەوە بۆ (مێژووی فەلسەفی).[41]

هیگڵ "مێژوو" لەمانایەکدا بەکاردەبات کە لە "فەلسەفەی مێژوو" جیاناکرێتەوە بە بۆچونی ئەو مێژوو بە مانای تۆمارکردنی رووداوە مێژووییەکان نییە، بەڵکو بە مانای هزری مێژووییە کە ئەمەیش بەو مانا دێت کە مەبەست لە خوێندنەوەی مێژوو ئەوەنییە کە ئاگاییت لە رووداوەکان هەبێت بەڵکو مەبەست ئاگاداربوونە لەسەر فاکتەر و ئاراستەی روودانی ئەو رووداوانە، **هیگڵ** لە مانایەکی **گشتیدا** باس لە گەردوون دەکات کە هەم مانای مادی و رۆحی **گەردوونی دەگرێتەوە** و هاوکات لەسەر ئەو باوەڕە بووە کە سروشتی مادی لە گۆڕانی مێژوودا بەشدارە بەڵام رۆح و گۆڕانی رۆحی بە فاکتەری سەرەکی گۆڕانی مێژووی دەزانێت، لێرەدا دەتوانین **بڵێین مێژوو خشتەی قۆناغە جۆربەجۆرەکانی** بەدەستهێنانی ئازادییە، چونکە ئازادی جەوهەری رۆحە، **قۆناغە جۆربەجۆرەکانی** ژیانی مرۆڤ لە قۆناغی سەرەتاییەوە تا قۆناغی ئەمرۆی گوزارشت لەو ئازادییە دەکات، لەڕاستیدا هیگڵ **مێژووی جیهان** بە مێژووی رۆح دەزانێت، گەر بەجۆرەی باسمانکرد ئامانجی مێژوو **بەدەستهێنانی ئازادی بێت** ئەوا **بە بۆچونی هیگڵ** ئازادی مرۆڤ **بریتییەلە ئاگایی و تێگەیشتن.**[٤٢]

هیگڵ مێژوو پێناسەدەکات و لەهەر پێناسەیەکدا مەبەستێکی ئاکامیی هەیە کە **بریتییەلە سێ لایەن (سنووورداری واتا سنوورەکان دیاریکراون و پابەندی** مەرج دەبن، مەبەستگەرایی واتا ئاراستە و ماناکەی تێکەڵە لە بابەتگەری و خودگەری واتا ماناکەی مەعقولێکە دەکەوێتە دوای رێکەوتە سەرزارەکییەکانەوە، بەدەستهێنان واتا بەدەستهێنان و کامڵبوون لەگەڵ سروشتدا واتا شێوەی هاوگونجاوی ناوەڕۆك) ئەو سێ لایەنە پێویست و ئەقلانین، **لێرەوە دەگەینە ئەوەی دوای ئەوەی فەلسەفەی مێژوو بوونی مێژوویی مرۆڤی ئاشکراکرد** و مرۆی **ناسی سنوورێك بۆ مێژوو دادەنێت.**[٤٣]

لە دیدگای **هیگڵدا** ئاشتی و ئاسوودەیی هیچکات لە دەقی مێژوویدا نەبووە، ئایا بەپێچەوانەوە ناتوانرێت بروابکرێت کە هەوڵدان بۆ پاراستنی ئاشتی خۆی هێمایەکە بۆ دەسڵاتی مێژووسازی مرۆڤ؟ ئایا ناتوانرێت بوترێت جۆشوخرۆشی ئەو کەسانەی کە هەوڵیانداوە رێگری دروستبوونی شەڕ بکەن بەنرخترە لە چالاکی کەسێك کە ئاگری ململانییەکانی هەڵگیرساندووە؟ وەڵامێك لەبارەی ئەم بابەتەوە لە بەرهەمەکانی هیگڵدا دەتوانرێت ئەنجامگیری لێبکرێ و زەین رازیناکات و ویژدانی ئەخلاقی مرۆڤ بە نیگەرانی دەهێڵێتەوە و هەروەها دەمارگیری هیگڵ بۆ نەتەوەی جەرمانی ئەوا سەربەخۆیی لەو فەیلەسوفە دەسێنێتەوە.[٤٤]

هیگڵ مێژوو بە ئاشتی لێکدەداتەوە واتا ئاشتی لەهەر دوو جیهانی [illegible] بەجۆرە لە چاخی ناوەڕاستدا زەمەنی دڕندەیی و ئارەزووبازی مرۆڤ کە دواتر لە چەرخی [illegible] کە چەرخی ئاشتییە ڕوویدا لێرەوە جیهانی ئەقڵ و یاسا بنیادنرا بەمەیش جیهانی ڕۆح دەستی لە [illegible]داری هەڵگرت، لێرەدا دەکرێت ئاماژە بە کۆتایی مێژووەکەی هیگڵ بدەین کە پێیوایە مێژووی جیهان لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا هەنگاویناوە و ئەوروپا واتا کۆتایی مێژوو بەوشێوەی کە ئاسیا سەرەتاکەی بووە، ئەوەی هیگڵ باسیدەکات ئەوەیە کە ئەم جیهانە بەکۆتاگەیشتووە " ئەوەتا ئەم مێژووە بەکامڵبوون گەیشت واتا ئازادی.[٤٥]

یەکێك لە باسەکانی فەلسەفەی مێژوو لای هیگڵ (دیالیکتیك)ە کە وشەیەکی یۆنانییە و هیگڵ لە ئەفلاتۆنەوە وەریگرتووە مەبەستیش لەمە پرۆسە مێژوویییەکانە کە بە پرۆسەی یەکتر هەڵوەشاندەوە بەڕێوەدەچێت واتا هەر ئاراستەیەك کە دەگاتە کۆتای ئاراستەیەکیتر لەدایکدەبێت و بەجۆرە هەموو شتێك هەتاهەتایی وادەبێت، سەرباری گرنگی هیگڵ بۆ مێژوو، بەلاّم چەندین ڕەخنەی ئاراستەدەکرێت سەبارەت بە فەلسەفەی مێژوو لەوانە (ناڕەوایی بۆچوونەکانی لەسەر گەلانی نائەورووپی و چەندانیتر..).[٤٦]

●●●

پەراوێز و سەرچاوەکانی بەشی یەکەم

(١) هەژار: هەنبانە بۆرینە (فەرهەنگی فارسی - کوردی) ، چاپ سوم، انتشارات سروش، تهران، ١٣٨١، ٨٤٣.

(٢) د. کەیوان ئازاد ئەنوەر: ڕێبازی لێکۆڵینەوە و ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، چاپیدووەم لە بلاّوکراوەکانی کتێبخانەی ڕۆشنبیر، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١٧.

(٣) پ. د. موحسین محەممەد حسین: سروشتی مەعریفە و فەلسەفەی مێژوو، چاپی یەکەم [illegible] توێژینەوە و بلاّوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١١، ل ١٥.

(٤)http://forum.sendbad.net/t13387.html

(٥) پ. د. موحسین محەممەد حسین: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧.

(٦) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: مێژوو (کورتەباسێکی زانستی مێژوو و کورد و مێژوو)، چاپیدووەم دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی هێڤی، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ١٦ - ١٩.

(٧) پ. د. موحسین محەممەد حسین: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩ و ٢٠.

(٨) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥.

(٩) http://ar.wikipedia.org/wiki/%D9%88%D9%82%D9%81%D8%A7%D8%AA

(١٠) http://www.dengekan.info/dengekan/11/mejw/8558.html

(١١) شاخەوان فلیح تلیلی: مەعریفەی مێژوو، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و بلاوکراوەی چوارچرا، سلێمانی ٢٠٠٩، ل ٧.

(١٢) د. محمد عبدولرەحمان برج: نوێی لە بابەتی مێژوودا، وەرگێڕانی: زریان حاجی، ڕێبازی نوێ، ژمارە (٥١)، تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩، ل ٢٢٨.

(١٣) هیرۆدۆت لە دەوروبەری ساڵی ٤٨٤ پ.ز چاوبەدنیاهەڵهێناوە لە شاری (هالیکارناس) لە ئاسیای بچووک، ئەو لەهەموو سەرچاوەکانی زانست و زانیاری کەڵکیوەرگرتووە، سەرەتای سەدەی پێنجەمی پێشزاین دەورانی گەشەکردن و دەرکەوتنی هیرۆدۆتە لەوانەیە بەشێکی مێژووەکەی خۆی لە دەوروبەری ساڵی ٤٣٠ پ.ز نووسیبێت، ئەو لە ساڵی ٤٦٠ پ.ز دوای شۆڕشی (ئینارۆس) سەفەرەکانی خۆیدەستپێکردووە کە سەردانی میسریشی کردووە، بڕوایە کە لە تەمەنی شەست ساڵیدا ٤٢٤ پ.ز لە تورێوم لە ئیتالیا، ئەم مێژوونووسە بە باوکی مێژوو دەناسرێت لەجیهاندا و سادەیی و ئاسانی بە نووسینەکانییەوە لەچاو هاوسەردەمەکەی خۆیدا دیارە و لەدوای خۆی (مێژووی هیرۆدۆت)ی بەجێهێشتوە کە خۆشبەختانە بەناونیشانی"پوختەیەکی گرنگ لە مێژووی هیرۆدۆت" کراوە بە کوردی پاش نزیکەی ٢٥٠٠ ساڵ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە- زانەر محەمەد: پوختەیەکی گرنگ لە مێژووی هیرۆدۆت، چاپی سێیەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٩ - ٢٤.

(١٤) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣ و ٥٤.

(١٥) زانەر محەمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥.

(١٦) http://www.gullekewarew.com/viewtopic.php?pid=11923

(١٧) عەبدولحسین زەرینکوب: مێژوو لەتەرازوودا، وەرگێڕانی: د. قادر محەمەد حەسەن و سۆران بەهاء محەمەد، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠١١، ل ١٣٦.

(١٨) ئیبن خەلدون ناوی تەواوی عەبدولرەحمانی کوڕی محەمەدی کوڕی ئەبوبەکری کوڕی خەلدونە، لە تونس لە ساڵی ١٣٣٢ز لەدایکبووە هەر لە تەمەنی گەنجێتیدا بە زانست و خوێندنەوەوە خەریکبووە و ئەو سەرەتا قورئانی خوێندووە پاشان خۆی بە خوێندنی زمانەوە خەریککردووە و خانەوادەکەیدەسەڵاتدار و خانەدان بوونە و پاش چونی بۆ مەغریب تێکەڵی ساسەت بووە و پاش ماوەیەك بەهۆی پلانێکەوە بۆ ماوەیدوو ساڵ زیندانیدەکرێت لە ساڵی ٧٥٨ی کۆچی و پاش ئەمەیش لە ساسەت دوورکەوتەوە و خۆی بۆ خوێندن تەرخانکرد و پاشان چووە میسر و لەپاش تەمەنێك بۆ خزمەتی زانست و زانیاری لە ساڵی ١٤٠٦ز

کۆچیدوایی‌کرد لەدوای خۆی چەندین بەرهەمی بەجێهێشت لەوانە (مقدمة ابن خلدون - بحث خاص فی صول الدین وهو فی علم الکلام، التعریف وهو ترجمة ذاتیة لة..)، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە - عبدالرحمن بن خلدون: مقدمة ابن خلدون، الدار الذهبیة، القاهرة، ٢٠٠٦، ص ٧ و ٨.

١٩) عبدالرحمن بن خلدون: مصدر سابق، ص ١٥..

٢٠) دکتۆر هاشم یەحیا ئەلمەلاح: دەروازەیەك لە فەلسەفەی مێژوو، وەرگێڕانی: دەوەن حەسەن، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی ڕۆژهەلاّت، هەولێر، ٢٠١١، ل ١٣٣ و ١٣٤.

٢١) د. ئیحسان محەمەد ئەلحەسەن: ئیبن خەلدون و ئۆگست کۆنت، وەرگێڕانی: دانا مەلا حەسەن، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ١٥.

٢٢) لەلای عەرەب و موسلّمانان کەسانێتری وەك مەسعودی سەبارەت بە مێژوو دەلێت: "مێژوو زانستێکە لە دەنگوباس"یان کەسێکیتری وەك سەغویدەنووسێت: "مێژوو هونەری گەڕانە بە شوێن ڕووداوەکانی زەماندا"، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە - http://www.gullekewarew.com/viewtopic.php?pid=11923

٢٣) پ. د. موحسین محەمەد حسین: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦.

(٢٤) http://www.altareekh.com/article/view/2172-

٢٥) ویل دۆرانت (١٨٨٥ - ١٩٧٠ز) لە ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لەدایکبووە و خوێندنی تەواوکردووە لە زانکۆی کۆلۆمبیا و لەنیویۆرك، وانەی مێژوو و ئەدەبی وتووەتەوە و گەشت و سەفەری بۆ زۆر جێگەی جیهان کردووە و خاوەنی چەندین لێکۆڵینەوەی گرنگە و خاوەنی کتێبی (چیرۆکی شارستانییەت).. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە - حیدر زکی: کتابه التاریخ، دار نینوی، دمیشق، ٢٠١١، ص ٣٠.

٢٦) حیدر زەکی: نفس المصدر، ص ٢٩ و ٣٠.

٢٧) جفری برون: تاریخ اوربا الحدیث، ترجمة: علی المرزوقی، الطبعة الاولی، الاهلیة للنشر والتوزیع، عمان، ٢٠٠٦، ص ٥ - ١٠.

٢٨)پ. د. موحسین محەمەد حسین: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١ - ٢٣.

٢٩) سەلام عەبدولکەریم: دەربارەی فەلسەفەی مێژوو.. زانستی مێژوو، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ١١ - ١٥.

٣٠) ئیپۆس Epose لە زمانی گریکیدا واتای وشە یان گێرانەوە یان چیرۆك دەبەخشێت، گیلگامیش یەکێکە لە ئیپۆسە هەرە کۆن و گرنگەکانی مێژوو کە بەرلە چوار هەزار سالّ لەمەوبەر بە زمانی ئەکەدی بە شیعر نووسراوەتەوە، ئەم داستانە باسی هاوڕێیەتی بەهێزی گیلگامیشی پاشای سۆمەری لەگەل پالّەوانێکی نیمچەدڕندە دەکات و دوای مردنی ئەو پالّەوانە دڕندەییە بەناوی ئینکیدو ئەم پشتیە حەزێ

نهێنی ژیان بەجیهاندا دەگەڕێت، جگەلەم ئیپۆسانە چەندانیتری وەك (ئلیادە)ی هۆمیرۆسی شاعیری گریکی و ئۆدیسە و رامایانا و مەهابەهاراتی هیندی و چەندان ئیپۆسیتری جیهانی کە بە سەرەتای مێژوو دادەنرێت، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە - د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥ -.

(٣١) سەلام عەبدولکەریم: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢ - ٢٣.

(٣٢) سەلام عەبدولکەریم: هەمان سەرچاوە، ل ٢٣ - ٢٤ .

(٣٣) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣ - ٥٦.

(٣٤) دکتۆر هاشم یەحیا ئەلەلاح: سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥ - ٣٦.

(٣٥) رێنیسانس (Renaissance) کە بە زمانی فەرەنسی واتای (ژیاندنەوە) یان (زیندوو کردنەوە) دەدات و بە لای هەندێك مێژوونووسەوە سەردەمی مرۆڤایەتی رۆژگارێکی لەوە گرنگتری بەخۆوە نەبینیوە، ئەم سەردەمە دەکەوێتە نێوان هەردوو قۆناغی مێژووی ناوەڕاست و نوێوە و بە سەردەمێکی زێرینی مێژووی ئەو کیشوەرە دادەنرێت و سەرەتاکانیدەرکەوتنیشی بۆ سەرەتای سەدەی ١٦ دەگەڕێتەوە تا هەڵگیرسانی شۆڕشی فەرەنسی لە ساڵی ١٧٨٩ز، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە - د. کەمال مەزهەر: رێنیسانس، وەرگێڕانی: فوئاد مەجید میسری، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، ٢٠٠٦، سلێمانی، ل ٣٣.

(٣٦) د. عبدالمیر محمد امین و توفیق محەمەد حسێن: شارستانییەتی ئەورووپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، وەرگێڕانی: مستەفا سەعید عەلی، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١١، ل ١٨١ - ١٨٣.

پەراوێز و سەرچاوەکانی بەشی دووەم

(١) پ. د. موحسین محەمەد حسین: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣.

(٢) عەبدولکەریم سروش: زانست چییە؟ فەلسەفە چییە؟ وەرگێڕانی: سامان سەلاح، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١١، ل ١٣ - ٢٦.

(٣) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: مێژوو (کورتەباسێکی زانستی مێژوو و کورد و مێژوو)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩ - ٢١.

(٤) پ. د. موحسین محەمەد حسین: سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣ - ٣٦ .

(٥) عەبدولحسین زەرینکوب: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٣ - .

(٦) بەرێز عەباس: ئایە راستە مێژوو درۆیە؟، گۆڤاری رامان، ژمارە (١٦٣)، کانونی یەکەمی ٢٠١٠، ل ١٠٣ - ١٠٥.

٧ جۆرج ولیم فردریك هیگل لە ساڵی ١٧٧٠ز لە ئەڵمانیا لەدایکبووە لە خێزانێکی تەت مەندومەند و خێزانەکەی هەلی خوێندنیان بۆ رەخساندووە، شارەزایی لە ئەدەبی یۆنان و لاتینیدا هەبووە و کاریگەری ئاینی لەسەری هەبووە، باوکی حەزیدەکرد کە کورەکەی ببێتە قەشە و لە ساڵی ١٧٩٣ز پەیمانگای ئاینیی تەواوکرد و دەستیکرد بە کاری مامۆستای و لەوکاتەدا دەستیکرد بە خوێندنەوە بەتایبەت (کانت) زۆر کاریتێکردبوو و پاش ئەمە چەندین وتاری نووسی لەسەر ئاین و هێرشیکردە سەر کەنیسە، پاش کۆچیدوایی باوکی و وتنەوەی وانە لە زانکۆ و دەرکردنی رۆژنامەیەکی فەلسەفی و پاشان لەسەر داوای حوکمەتی ئەڵمانی لە زانکۆی (بەرلین) وانەیوتەوە و لەوکاتەدا گەیشتە ئەوپەری ناوبانگ و فەلسەفەی تایبەت بەخۆیدانا کە زیاتر ناوبانگی بۆپەیداکرد و پاش ماوەیەك کارکردن لە ساڵی ١٨٣٠ ز کۆچیدواییکرد کە دوای خۆی لە بواری مێژوودا (فەلسەفەی مێژووی بەجێهێشت)، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە - دکتۆر هاشم یەحیا ئەلمەلاح: سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٣ - ٣٢٥ .

(٨) پ. د. موحسین محەمەد حسین: سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨ - ٤٠ .

(٩) کامەران محەمەد: ڤیکۆ و فەلسەفەی مێژوو، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٦٩ و ٧٠.

(١٠) سەلام عەبدولکەریم: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١.

(١١) وشەی (فەلسەفە) لەبنچینەدا گریکییە، مانای (خۆشەویستی حیکمەت) دەگەیەنێت و بەمەیش واتا فەیلەسوف گیرۆدەی حیکمەتە، ئەفلاتون (٤٢٧ - ٣٤٧) پ. ز پێناسەی فەلسەفە دەکات و دەڵێت:"فەلسەفە کۆششیدۆزینەوە و گەڕانە و زانینی حەقیقەتە"، هەروەها سوقراتیش دەڵێت:"فەیلەسوفەکان ئەوانەن کە حەز بە بینینی راستییەکان دەکەن و بەدوایدا عەودالن"، لە کتێبی (المدخل الی معانی الفلسفه) باس لە خەسڵەتەکانی فەلسەفە کراوە و هاتووە:"فەلسەفە مەعریفەیەکە خەسڵەتی پاکی و تەنهایی هەیە، گەڕان بەدوای زانیاریدا کاریکە لە ناخی مرۆڤدایە و سروشتییە، فەلسەفە مندالێکیدانایە و بەرهەمی رەخنەگرانەی عەقڵە و بیری ئازادییە..)، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە - د. عرفان عبدالحمید: المدخل الی معانی الفلسفه، الطبعة الاولی، الدار الشون الثقافیة عامة، بغداد، ١٩٨٦، ص ٣٦ - ٣٩ .

(١٢) عەبدولکەریم سروش: سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩ - ٤١.

(١٣) دکتۆر هاشم یەحیا ئەلمەلاح: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨١ - ١٨٢.

(١٤) د. حەمید عەزیز: رەهەندە هەمەرەنگییەکانی فەلسەفەی مێژوو، گۆڤاری رامان، ژمارە (١٧١)، ئابی ٢٠١١، ل ٧٨ .

(١٥) پ. د. موحسین محەمەد حسین: سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦.

(١٦) پ. د. موحسین محەمەد حسێن: هەمان سەرچاوە، ل ٥٧ و ٦٣ .

(١٧) د. حەمید عەزیز: سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٩ - ٩١.

(١٨) دکتۆر هاشم یەحیا ئەلمەلاح: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٠ - ١٨١.

(١٩) کامەران محەمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩ و ٢٠.

(٢٠) عەبدولکەریم سروش: سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١ و ٤١ .

(٢١) د. حەمید عەزیز: سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٥.

(٢٢) عەبدولحسین زەرینکوب: سەرچاوەی پێشوو، ٣٤٩ - ٣٥٠.

(٢٣) دکتۆر هاشم یەحیا ئەلمەلاح: سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٦ - ٣٠٩.

(٢٤) د. حەمید عەزیز: سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٥ - ٨٦.

(٢٥) دکتۆر هاشم یەحیا ئەلمەلاح: سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٩ .

(٢٦) جیۆڤانی باتیستا ڤیکۆ لە ٢٣ی حوزەیرانی ١٦٦٨ز لە ئیتالیا لەدایکبووە کە یەکێك بووە لە هەشت منداڵی پیاوێکی هەژار، ڤیکۆ خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی لە خوێندنگەی جێزویت تەواوکردووە، ئەو زۆر لە کارەکانی (ئەفلاتۆن، تاکیتۆس، بیکۆن..)ی خوێندووەتەوە و زۆر کاریگەریان لەسەر جێهێشتووە و ئەو توانی بۆ ماوەیەك وانە بڵێتەوە و خۆی بۆ خوێندن لە زانکۆی ناپۆلی خەریکبکات و نزیکەی نۆ ساڵ لە شارێکی ئیتالی بەناوی (ڤایتۆلا) خۆی بۆ خۆرۆشنبیرکردن و پەروەردەکردن تەرخانکرد، ئەم بەرهەمەندە بە دەست هەژاری و نەخۆشییەوە دەیناڵاند و نەیتوانی کۆرسی یاسای زانکۆی تەواوبکات، ڤیکۆ لە ساڵی ١٧٣٤ز وەك مێژوونووسی پاشای ناپۆلیدەستنیشانکرا و لە تەمەنی حەفتا و شەش ساڵیدا لە ساڵی ١٧٤٤ز کۆچیدواییکرد، ئەو لە بواری هونراوە و مێژوو و فەلسەفەدا بەرهەمی هەبووە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە - کامەران محەمەد:سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٢ - ٨٢.

(٢٧) د. حەمید عەزیز: سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٣.

(٢٨) کامەران محەمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٣ و ٩٩ - ١٠٣.

(٢٩) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: مێژوو (کورتە باسێکی زانستی مێژوو وکورد و مێژوو)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٧ و ٦٨.

(٣٠) پ. د. موحسین محەمەد حسێن: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢ و ١٠٣.

(٣١) کامەران محەمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٨.

(٣٢) کامەران محەمەد: هەمان سەرچاوە، ل ١١٠ - ١١٣.

(٣٣) فەیلەسوفی میسالی ئەڵمانی ئۆسواڵد شپنگلەر لە ساڵی ١٨٨٠ز لەدایکبووە، خوێندنی ئامادەیی لە قوتابخانەی (هال) تەواوکردووە و پاشان چووەتە زانکۆی بەرلین و تایبەتمەندی لە بواری زانستە

سروشتییەکاندا تەواوکردووە و پاشان دکتۆرای خوێندووە و تێزیدکتۆراکەی دەربارەی فەیلەسوفی یۆنانی هێراکلیس) بووە.. لە ساڵی ١٩٠٤ز، سەرباری ئەو هەموو زانیارییەی کە هەیە. بەڵام بەسەرچوەکرێت کە شپنگلەر هیچ بڕوانامەیەکی تایبەتمەندی ئەکادیمی نەبووە کە ئەمە وتەی (کۆلن ویلسن)ی فەیلەسوفی ئنگلیزییە و ئەو زۆر بە خراپ و کورتبین وەسفیدەکات، ئەم بیرمەندە چەندین بەرهەمی هەبووە جگەلە تێزیدکتۆراکەی چەندین بەرهەمیتری هەبووە لە بواری چیرۆك کە ناوی (براوە)یە. گرنگترین کتێبی شپنگلەر بەناوی (ئاوابوونی رۆژئاوا)یە کە سەرجەم فەلسەفەکەی تێداکۆکردووەتەوە و ماوەی سێ ساڵ پێوەیخەریکبووە و لەم کتێبەدا بیروبۆچوونی خۆی سەبارەت بە شارستانییەت بەگشتی و شارستانییەتی رۆژئاوا بەتایبەت نیشانداوە جگەلەوەی رووخانی شارستانییەتی رۆژئاوای بە هەبوونێتیەلتاوە و هەر ئەمەیش وایکرد کە بۆ ماوەیەك ئەم کتێبە بلاْونەبێتەوە، بەمشێوەیە ئەم بیرمەندە چەندین بابەت و وتاری لەگۆڤارەکاندا بلاوکردەوە تاساتی مردنی لە ساڵی ١٩٣٦ز، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە - مەریوان عەبدول: تێگەیشتنی شپنگلەر لە چەمکی کات، گۆڤاری کۆچ، ژمارە (١١ - ١٢)، ٢٠٠٩، ل ٥٦٨ - ٥٧٣.

(٣٤) مەریوان عەبدول: فەلسەفەی مێژوو لای شپنگلەر، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بلاْوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٥٩ - ٦٢.

(٣٥) فردریك نیچە لە ساڵی ١٨٨٤ز لە ئەڵمانیا لەدایکبووە لە بنەماڵەیەکی ئایینی و لە سەرەتای تەمەنیدا بە ئایینی مەسیحی کاریگەربووە و پاش ئەوەیدەبێتە هەژدە ساڵان لەو ئایینە هەڵدەگەڕێتەوە و ئەم هەر لە سەرەتاوە بلیمەت و دەرکەوتووە و لەتەمەنیدا کەوتوەتە دوای خۆشەویستی (سالومە) ناوێکەوە و پاش ئەمەیش زۆر بەتوندیدژی ژنان قسەیکردووە و پاش ئەوەی ژیانێکی مامناوەند ژیاوە لە ساڵی ١٩٠٠ز کۆچیدوایدەکات و پاش خۆی چەندین بەرهەمی بەجێهێشووە کە گرنگترین کتێبی "وەهای گوت زەردەشت"ە و بەرهەمەکانیتری وەك (دەجال یان دژە مەسیح، ئەمەیە مرۆڤ.)، ئەم فەیلەسوفە بۆچوونی بۆ مێژوو وەك زۆرێکیتری وەك ڤیکۆ و ئیبن خەلدون ئەوەیە کە بەشێوەی خول دەگوزەرێ و ژیان بەردەوامدەبێت و کۆتاییناپەت، نیچە وتەیەکی بەناوبانگی هەیە بۆ مێژوو ئەویش ئەوەیە "بەتەنها ئەوە پێناسەدەکرێت کە مێژووی نییە" و ئەو دەیویست مرۆڤ لە مێژوو رزگاربکات و مێژوو بە درۆ وەسفدەکات بۆیە پێویستناکات مرۆڤ لە مێژوو تێبگات، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە - ویل دورانت: قصة الفلسفة من افلاطون الى جون ديوى، ترجمة: فتح الله محمد، الطبعة الاولى، منشورات مكتبة المعارف بيروت، ٢٠٠٤، ل ٣٠٨ - ٣٧٠.

(٣٦) دکتۆر هاشم یەحیا ئەلمەلاح: سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨٣.

(٣٧) مەریوان عەبدول: سەرچاوەی پێشوو، ل ٥١ - ٥٨.

(۳۸) جۆرج ولیم فریدرك هیگڵ لە ۲۷ی ئابی ساڵی ۱۷۷۰ز لە ئەڵمانیا لەدایکبووە لە خێزانێکی مامناوەند و خێزانەکەی لە تەمەنی سێ ساڵییەوە ناردویانەتەبەر خوێندن، باوکی حەزیدەکرد کورەکەی ببێتە قەشە بۆیە ناردی بۆ پەیمانگای ئایینی (تۆنبگن)و ئەو نەبووە قەشە، چونکە بڕوای وابوو ئەوان دەمارگیر و بیرتەسکن، ئەو لەماوەی ژیانیدا دەستیکردە خوێندنەوەی بەرهەمانی رۆسۆ و مۆنتسکیۆ و نووسینەکانی کانت زۆر کاریتێکرد بەتایبەت کتێبی (ئایین لە سنووری ئەقڵدا و لەم کاریگەرییەوە هیگڵ کۆمەڵێك وتاری نووسی و لە ساڵی ۱۸۰۷ز بلاوبوونەوە کە نووسینەکانی هێرشبوو بۆسەر ئایینی مەسیحی، پاش مردنی باوکی چووە شاری (بینا)و لەویدەستیکرد بە وانەوتنەوە لە زانکۆ و رۆژنامەیەکی فەلسەفیدەرکرد، لە ساڵی ۱۸۱٦ز ژنیهێنا و دوو کوری لێبوو لەکاتی مردنی وەزیری فێرکردن داوا لە هیگڵ کرا ئەو پۆستە پڕبکاتەوە و بەمشێوەیە هیگڵ لە سەرتاسەری وڵاتدا ناویدەرکرد، ئەم فەیلەسوفە لەنێوان ساڵانی ۱۸۲۲ - ۱۸۳۰ز هزری خۆی لە وانەوتنەوە لە زانکۆی بەرلین خستەڕوو کە دوای مردنی لەکتێبێکدا بلاوبوویەوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە - دکتۆر هاشم یەحیا ئەلمەلاح: سەرچاوەی پێشوو، ل ۳۲۳ - ۳۲٥.

(۳۹) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: مێژوو (کورتەباسێکی زانستی مێژوو و کورد و مێژوو)، سەرچاوەی پێشوو، ۸۰ و ۸۱.

(٤۰) د. سەعدون مەحمود ساموك: لە رێبازە هزرییە هاوچەرخەکان، وەرگێرانی: بوخاری عەبدوڵلا و نالی یوسف، چاپی یەکەم، دەزگای نارین، ۲۰۱۱، ل ۱۲۳ - ۱۲٥.

(٤۱) دکتۆر هاشم یەحیا ئەلمەلاح: سەرچاوەی پێشوو، ل ۳۳٥ - ۳۳۰.

(٤۲) ئیبراهیم دادجو: مێژووگەری لە هزری هیگڵدا، وەرگێرانی: سامان کۆنەپۆشی، گۆڤاری سەردەم، ژمارە (٥۸). بەهاری ۲۰۰۹، ل ٤۲ و ٤۳.

(٤۳) هنری لوفیفر: هیگڵ و مارکس و نیچە لەبارەی مێژووە، وەرگێرانی: جەلال حەمید، گۆڤاری ئایدیا، ژمارە (۳-٤)، کانونیدووەمی ۲۰۰٥، ل ۸۹ و ۹۳.

(٤٤) د. کەریم موجتەهیدی: هیگڵ و فەلسەفەی مێژوو، وەرگێرانی: رۆژان سەیفور، گۆڤاری کۆچ، ژمارە (۱۱ -۱۲)، ساڵی ۲۰۰۹، ل ٥۰۹ - ٥۱۰.

(٤٥) د. محەمەد شێخ: هیگڵ و فەلسەفەی تازەگەری، وەرگێرانی: دلێر میرزا، چاپیدووەم، بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێران، سلێمانی، ۲۰۱۱، ل ٦۰٤ و ٦۱۱.

(٤٦) دکتۆر هاشم یەحیا ئەلمەلاح: سەرچاوەی پێشوو، ل ۲۲۹ و ۳٤٤.

خەباتی سیاسی و چەداری شێخ مەحمود لە هاوکێشە و پلانە سەربازییەکانی بەریتانیا ١٩١٤ - ١٩٢٢

ئەحمەد باوەڕ (*)

دەستپێك

لەماوەی بەرپابوونی جەنگییەکەمی جیهانییەوە کە لەنێوان ولآتانی هاوپەیمان و ناوەنددا لە ٢ی ئابی ١٩١٤ەوە دەستیپێکرد، بەماوەیەك دوای ئەوە شێخ مەحمود شانبەشانی چەندین کەسایەتی و ناوداری کورد و بە یاوەری نزیکەی (٣٠٠٠) سوارە و چەکداری ئەودەمانەی ناوچە کوردنشینەکانی باشووری کوردستانەوە، وەك پشتیوانییەك بۆ دەوڵەتی عوسمانی و داکۆکیکردن لە دەوڵەتی عوسمانی لە شەڕی شوعێبەی ١٢ی نیسانی ١٩١٥دا دژی بەریتانیا جەنگان.[1] سەرەڕای ئەوە هەر لە سالآنی جەنگدا کە سوپای رووسیا لە سێ تەوەری بەرچاوی کوردستانەوە هێرشیانکردەسەر ناوچەکە بەتایبەتی لە: خانەقین، سلێمانی و رەواندزەوە.[2] شێخ مەحمودیش بەهەمانشێوازی پێشووی توانی لەناوچەی پێنجوێنەوە و لەگەڵ ژمارەیەك چەکداری کوردا رووبەڕووی هێرشەکانی رووسیا بێتەوە، هەرچەندە ئەوان لە هەوڵی ئەوەدابوون و نامەی خۆیاننارد بۆ

شێخ مەحمود

*) زانکۆی گەرمیان، کۆلێژی پەروەردە، بەشی مێژوو

شێخ مەحمود هاوکاریانبکات دژی ولاّتانی ناوەند، کەچی لەمەشیاندا شێخ مەحمود ئامادەنەبوو هاوکاریانبێت، بەڵکو وا وەلاّمیدانەوە کە ئەو دەیەوێت داکۆکی لە ولاّتەکەی خۆی بکات لەهەر دەستدرێژییەکی رووسەکان و تەنانەت بە خەڵکانێکی جانەوەر ناویبردوون و پێیاندەڵێت: ((من لە جانەوەری و خوێنخۆری رووس نیشتمانم دەپارێزم و بەهیوای بەخشندەیی قەیسەر نیم..)).[٣]

هەرچەندە دواتر رووسیا بە هۆی بەرپابوونی شۆرشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧وەو دەسەلاّتگرتنەدەستی بەلشەفیکەکان بە رێبەرایەتی ڤلادیمیر ئیلیتش لینین (١٨٧٠- ١٩٢٤) لە بەرەی ولاّتانی هاوپەیمان هاتنەدەرەوە و نفوزی سەربازییان لەناوچەکەدا نەما. شێخ مەحمودیش هەرکە تێکشکانی سوپای عوسمانی و بێهیوایی خۆی بۆ دەرکەوت کە داکۆکیکردن لەمانە دادێکی ئەوتۆیان نادا و هاوکات ئەو مامەڵەخراپەی کە سەرانی تورك بەرامبەر بە کورد و دانیشتوانی کوردستان بەجێیاندەهێنا، بەتەواوی وای لە شێخ مەحمود کرد، کەمەیدانی جەنگ بەجێ بێڵێ و لەگەڵ زۆرێك لەسوارەو چەکدارەکانی هاوەڵێدا بگەڕێتەوە کوردستان و شاری سلێمانی.[٤]

وەکتر لەلایەکیدیشەوە کە سەرکەوتنەکانی سوپای بەریتانیای بە چاوی خۆی بینی دوای ئەوەی شاری بەغدایان لە ١١ مارتی ١٩١٧دەوە بە رێبەرایەتی جەنەراڵ ستانلی مۆد (١٨٦٤- ١٩١٧) داگیرکرد و پاشان بەرەو ناوچەکانی سەرووتر بوونەوە واتە بۆ ناوچەکانی باشووری کوردستان و لە ٣٠ی تشرینییەکەمی ١٩١٨دا (تاگر بری مودرۆس)یان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا مۆرکرد. ئەمەش لەکاتێکدا بوو هێشتا سوپای بەریتانیا دوازدە میلی مابوو بچێتەناو ناوەندی شاری مووسڵەوە، ئەوەبوو ئەم هەنگاوەشی لە مانگی تشرینی دووەمی هەمانساڵدا هێنایەدی و دەستی بەسەر ناوچەکەدا گرت،[٥] هەروەها بە مەبەستی درێژەدان بەم سەرکەوتنەیان هەوڵیاندا پەیوەندی بە ژمارەیەکی زۆر کەسایەتی و سەرۆکهۆزی کورد و عەرەبەوە بکەن بۆئەوەی لە جێبەجێکردنی پلانەکەیاندا، هاوکاریانبکەن بەتایبەتی ئەوانەیان کە تائەوکاتە خۆیان بە نەیاری دەوڵەتی عوسمانی دەزانی، بەلاّم وەکتر لەم سەروبەندەدا سلێمانی و دەوروبەری هێشتا ژمارەیەك چەکداری تورکی تیامابوو کەچی دواتر ئەمانیش بەناچارییەوە فەرماندەی هێزەکانیان کە عەلی ئیحسان پاشا بوو داوای لە موتەسەریفی شاری سلێمانی (عەلی رەزا بەگ) کرد کە لە شارەکە بکشێتەوە و بەرێوەبردنی بداتەدەست شێخ مەحمودەوە، بۆئەوەی بەناوی ئەوانەوە بەرێوەیبەرێت، بەلاّم هەموو ئەو گۆڕانکاری و نوشوستییانەی کە بەسەر دەسەلاّت و سوپای

ـەرـەـبـ ـەات، وای لە شێخ مەحمود کرد کە بۆ جارێکیدی بەخۆیدابچێتەوە و هەوڵی ئەوەبدات ـە جۆ ـ ـێکردنی کاروباری کوردستان و ناوچەکە پەیوەندی بە بەریتانیاوە بکات. بەریتانیاش ـەزی ئەو برە سوپایەی عوسمانییەوە لە شاری سلێمانییدا و دەسەڵاتی شێخ مەحمود ـەوچەکەدا، نەیاندەویست خۆیان لە شارەکە نزیکبکەنەوە.لێرەبەدواوە و لە ئەنجامی هاندانی ـەموو ئەوانەی لە شێخ مەحمودەوە نزیکبوون و دەرکەوتنی ئەوەی کە سوپای هاوپەیمانان لە ـەرکەوتنییەکجارەکیدان. شێخ مەحمود کەوتە ئەوەی دوو نوێنەری خۆی کە هەریەك لە: عیزەت ـەرچی و فایەقی تاپۆ بوون بنێرێتەلای فەرمانڕەوایانی بەریتانیا کە لەودەمانەدا یەکێك لە بنکە ـەرـزییەکانیان لە (ئەسکی کفری) ناوچەی گەرمیان بوو. بۆئەوەی نامەیەکی تایبەتی شێخ مەحمود بگەیەنن بە بەریتانیا و ئامادەیی ئەوەشیان بۆ بسەلمێنن کە ئەمان دەیانەوێت ناوچەکە ـی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی بخەنەژێر دەسەڵاتی بەریتانیاوە و ئامادەن بەشداری ئەواتەوە ـەرێوەیبەرن.[٦] لای خۆشیانەوە فەرمانڕەوایانی بەریتانیا ئەم دەستپێشخەرییەی شێخ مەحمودیان ـە هەنگاوێکی گرنگ لەقەڵەمدا، بەتایبەتی لەو سەروبەندەوە کە نامەکەی شێخ مەحمود لە ۱ تشرینییەکەمی ۱۹۱۸ەوە گەیشتە حاکمی مەدەنی بەریتانیا لە شاری بەغدا کە لەو دەمانەدا ـشێوازی وەکالەت: ئارنۆڵد. تابۆلت. ویلسۆن (۱۸۸٤- ۱۹٤۰) بەڕێوەیدەبرد. ئەمیش یەکێك ـە کەسایەتی و شارەزایانی بەریتانی بە کاروباری ناوچە کوردنشینەکان کە مێجەر نۆئێل بوو ـرده کوردستان و شاری سلێمانی، بۆئەوەی لەنزیکەوە لە بۆچوون و نییەتی شێخ مەحمود بگەن. ـەجۆرێك مێجەر نۆئێل بە یاوەری نوێنەرانی شێخ مەحمود لەڕێگای کفری ئەوکاتەوە گەیشتنە گوندی (داریکەلی)و پاشان لەلایەن ژمارەیەك کەسایەتی و ناوداری شاری سلێمانییەوە کە شێخ مەحمود خۆی رابسپاردبوون لە ڕۆژانی ۱۵- ۱٦ی تشرینی دووەمی ۱۹۱۸دا هاتنە شاری سلێمانییەوە و هەروەك خۆی باسیلێوەکردووە بەشێوازێکی گەرموگوڕ بەپێریەوەچوونە بەڵام ئەبارەی شاری سلێمانی ئەوکاتەوە وایگێراوەتەوە لەو هەلومەرجەدا، نەداری، هەژاری، کەمی خۆراك و برسێتی باڵی بەسەرشاردا کێشابوو. هەربۆیە کەوتووەتە ئەوەی بروسکەیەك بۆ ویلسۆنی فەرمانڕەوای بەریتانی لە بەغدا بکات بۆئەوەی خۆراك و یارمەتی پێویست بگەیەننە دانیشتوانی شار و کارێکی ئەوتۆش بکەن کە برێك تۆوی کشتوکاڵی بەسەر جوتیارەکاندا دابەشبکرێت.[٧] دیاردەیەکی لەو بابەتەش بەزۆری بەهۆی هەڵگیرسانی جەنگ و ئەو تاڵانکاریانەوە بووە کە تورکەکان لە کۆتاییەکانی جەنگی یەکەمدا بەسەر کۆمەڵانی خەڵکدا هێنابوویان، بەرادەیەت

شار وایلێهاتبوو لاشەی دانیشتووان لە سەرجادە و ناو داروپەردووی ماڵەچۆڵەکان کەوتبوون. سلێمانی هەر سێیەکی ژمارەی دانیشتوانی پێشجەنگی تێدامابووەوە.[٨]

تەوەرییەکەم: راگەیاندنی حوکمدارییەتی یەکەمی شێخ مەحمود کۆتاییەکانی ١٩١٨

لەو کۆبوونەوە جەماوەرییە گەورەیەشدا کە لە بەردەرگای سەرای شاری سلێمانی، بۆ ڕێوڕەسمی دانانی شێخ مەحمود ڕێکخرابوو، بۆئەوەی بە حوکمداری کوردستان بناسرێت. ژمارەیەکی زۆر لە پیاوماقوولان و زانایانی ئایینی و سەرۆکهۆزەکان و خەڵکی جۆربەجۆر تیایدا بەشدار و ئامادەبوون، سەرەتا مێجەر نوئێل بەناوی حاکمی گشتی بەریتانیاوە لە عێراق وتارێکی بە زمانی فارسی خوێندەوە و ئەوەی ڕاگەیاند کە لێرەبەدواوە و بە فەرمانی حاکمی گشتی بەریتانیا (ئارنۆڵد ویلسۆن) شێخ مەحمود دەبێتە حوکمداری کوردستان و شاری سلێمانی پایتەختی ئەو حوکمدارییەتە دەبێت. دواتریش لە ئەنجامی ئەو کۆبوونەوەی کە لە ماڵی شێخ مەحمود بەڕێوەچوو کەوتنە ئەوەی کار بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ بکەن، لەلایەن ئامادەبووانیشەوە لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە بۆ ڕاییکردنی کاروباری حکومەت: سەید عومەری بەرزنجی مامی شێخ مەحمود بکرێتە موتەسەریفی شاری سلێمانی و شێخ حەسەن بەرزنجی مامی دووەمی کاروباری شەرعی بدرێتێ هاوکات شێخ قادری برای شێخ مەحمود پۆستی فەرماندەیی سوپای پێبسپێردرێ. واتە دامودەزگای حکومەت بەزۆری لەو کەسایەتییانە پێکهاتبوو کە بەتەواوی نزیکبوون لە شێخ مەحمود و بنەماڵەی شێخ مەحمودەوە. سەرەڕای بڕینەوەی موچەیەکی مانگانەی (١٥٠٠٠) پازدە هەزار ڕوپیەیی بۆ شێخ مەحمودی حوکمداری کوردستان کە لەودەمانەدا دەیکردە نزیکەی (١٢٢٥) جونەیهی ئەستەرلینی.[٩]

هاوکات یەکێکیدی لە هەنگاوەکانی بەریتانیا ئەوەبوو (مێجەر نوئێل)یان بە ڕاوێژکاری سیاسی شێخ مەحمود و (مێجەر دانلیس)شیان بە ڕاوێژکاری سەربازی و دارایی دانا، هەروەها لەم چوارچێوەیەشدا دەبوایە شێخ مەحمود و کاربەدەستانی حوکمدارییەتەکەی لەژێر چاودێری و بە پرسی کاربەدەستانی بەریتانیا کاروباریان ڕاییبکردایە کە ئەمەش بۆخۆی هەر لە هەنگاوەکانی سەرەتاوە کێشەی لەنێوان شێخ مەحمود و کاربەدەستانی بەریتانیادا هێنایەکایەوە،[١٠] چونکە هەر لەمکاتەوە کەسێکی وەك مێجەر نوئێل کەوتە سیاسەتی پاکسازی لەناوچەکەدا و دوورخستنەوەی، هەموو ئەوانەی کە هەواداری تورکەکان بوون لە کاروباری بەڕێوەبردندا. ئەمەش

ـتر ئەژێر چاودێری ئەو ئەفسەرە بەریتانیانەدا جێبەجێیدەکرد کە خۆی دەستنیشانیدەکردن سەرەڕای ئەوە یەکێکیدی لە کارەکانی نۆئێل ئەوەی بوو وا لە سەرۆکهۆزەکانی ناوچەکە بکات ـەڕێگای شێخ مەحمود و دەسەلاتەکەیەوە بەرامبەر بە بەریتانیا بەرپرسیاربن لەهەر تۆ نکارییەك و لەهەمانکاتیشدا وەك هەر فەرمانبەرێکی حکومەت مووچەی گونجاویان بۆ ـرێیەوە.(١١)

بەماوەیەك دوای ئەوەی کە حکومداریەتییەکەی شێخ مەحمود لە شاری سلێمانیدا ـگەیەنرا و دەستی بە بەڕێوەبردنی کاروباری بەشێکی باشووری کوردستان و ناوچەکە کرد. ـەبارەت بەچاودێریکردنی بارودۆخەکەش (ئارنۆڵد ویلسۆن)ی فەرمانڕەوای بەریتانیا لە عێراق ـەڕێگای فڕۆکەیەکەوە و بە یاوەری (کابتن بیل) کە دواتر بە جێگری ئەفسەری سیاسی بەریتانی ـە سلێمانی دەستنیشانکرا لە ١ کانوونییەکەمی ١٩١موە گەیشتنە شاری سلێمانی و کۆبوونەوەیەکی گەورەی لەگەڵ شێخ مەحمودی حوکمداری کوردستان و نزیکەی (٦٠) سەرۆکهۆز ـو کەسایەتی ناوداری ئەو دەمانەی ناچەکەدا کرد، بەجۆرێك بەشێك لەو کەسایەتییانە کە بە ـوێنەرایەتی خێڵ و هۆزە کوردییەکانی نیشتەجێی ئێرانی قاجاری (١٧٩٦- ١٩٢٥) لە ـرۆژهەلاتی کوردستان و بەتایبەتی لە شار و ناوچەکانی سنە و سەقز و هەورامانەوە هاتبوونە ـشاری سلێمانی و ئارەزووی ئەوەیاندەکرد پەیوەندی بەم حوکمدارییەتەوە بکەن، بەلاّم بەهۆی پەیوەندییەکانی نێوان بەریتانیا و ئێرانی قاجاری ئەودەمانەوە ویلسۆن لەگەڵ بۆچوونی لەوجۆرەدا ـنەبوو،(١٢) بەلاّم وەکتر لە چوارچێوەی کۆبوونەوەکەدا و لەلایەن ئامادەبووانەوە، گەلێك بابەت ـورووژێنرا بۆنموونە کەسایەتی و سەرۆکهۆزی ئەوتۆ هەبوو لەگەڵ ئەوەدابوون کە ناوچەکە ـبەشێوازێکی راستەوخۆ، لەلایەن فەرمانڕەوایانی بەریتانیاوە بەڕێوەببرێت و هی واشیان هەبوو ـدژی ئەم بۆچوونە بوون. لەلایەکیدیشەوە خەلکانی ئەوتۆ هەبوون تەنانەت دەسەلات و حکومدارییەتی شێخ مەحمودیان بەدڵنەبوو و بەبەردەوامی کەوتبوونە دژایەتیکردنی، کەچی ـەولاشەوە شێخ مەحمود هێندە دلّی بە حوکمدارییەت و ئەو هاوکارییانە خۆشبوو کە بەریتانیا لە ـسەرەتای دەسەلاتیەوە بەتەنگیەوەدەچوون و ئاسانکارییان بۆدەکرد. بەڕادەیەك لەکاتی هاتنی (ئەرنۆڵد ویلسۆن)دا بۆ شاری سلێمانی، گەیشتە ئەوەی کە داوای ئەوەیان لێبکات، نەك تەنها ـەرووی ئیداری و پەرەپێدانی ئیدارییەوە هاوکارییکەن، بەڵکو کارێکی واشبکەن چەند ـئەفسەرێکی بەریتانی دابمەزرێنن و راسپێردرێن بەوەی لەڕووی سەربازی و کاروباری سەربازییەوە.

چەکدار و سەربازانی کورد رابهێنن؛ هاوکات کار لەسەرئەوەش بکەن کە لەدامودەزگاکانی ناوچەکەدا، لەجێگای نەتەوە و رەگەزەکانیتر و بەپێی توانا، ئەوانە دابمەزرێن کە لە رەگەزی کوردن،[١٣] هەروەها کار بۆئەوەبکرێت، زمانی کوردی، زمانی رەسمیبێت و بەریتانیا هەوڵ بۆئەوەبدات، ئەوجۆرە یاسایە کارپێبکرێت کە لەگەڵ دابونەریتی ناوچەکەدا بگونجێ و رێز لە دابی کۆمەلأنی خەڵك بگیرێت، ئەرنۆڵد ویلسۆنیش سەرەڕای ئەوەی بەخۆشحاڵییەوە، گوێی لە داواکارییەکانی کورد گرت و پێشکەوتنی دامودەزگای حکومەتی کوردستانی پێخۆشبوو. هاوکات لە پەیامێکی نووسراویدا ئاشکرایکرد رێ لەهیچ هێزێکی هەرێمی نێوان زێی گەورە و رووباری سیروان ناگیرێت، بێنەژێر ئالأی شێخ مەحمودەوە کە لەبری حکومەتی بەریتانیا بەڕێوەیدەبات و پشتیوانییەکی مەعنەوی دەکرێت.[١٤]

یەکێك لەو هەنگاوانەش کە لە دەورانی یەکەمی حوکمداریەتی شێخ مەحموددا و لە بواری دیبلۆماسیدا هەنگاوی بۆنرا، هەوڵدانبوو بۆئەوەی نوێنەری گەلی کوردیش لە کۆنگرەی ئاشتی ساڵی ١٩١٩دا کە لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا بەڕێوەچوو بەشداربێت. وەك ئەوەی **بۆئەو مەبستە شەریف پاشای کوڕی سەعید پاشای خەندان (١٨٦٥-١٩٥١)** دەستنیشانکرا و **لە شاری سلێمانیشەوە گەلألەنامەیەك ئامادەکرا، بۆئەوەی لەڕێگای** هەریەك لە: رەشید زەکی کابان (١٨٧٨ - ١٩٤٠/٨/١٣)و سەید ئەحمەدی بەرزنجی (١٨٨٨ - ١٩٦٦/٦/٥)ەوە بگەیەنرێتە شەریف پاشای خەندان، بەلأم بەهۆی دەستگیرکردنیانەوە لە بەیروت و لەلایەن فەرەنسییەکانەوە، نەیانتوانی بگەنە شوێنی مەبەست. هەرچەندە شەریف پاشای خەندان، دوای ئەوەی لەلایەن کوردانی باکوور و باشووری کوردستانەوە، سیقەی تەواوی پێدرابوو بۆئەوەی نوێنەرایەتی کورد بکات، لەوماوەیەدا توانی دوو یادداشتنامە یەکەمیان لە: (١٩١٩/٣/٢٢) بە زمانی ئینگلیزی و دووەمیان لە: (١٩٢٠/٣/١) بە زمانی فەرەنسی بگەیەنێتە ئەنجومەنی بالأی کۆنگرەی ئاشتی. جا لەبەرئەوەی لەلایەن ولأتانی هاوپەیمانەوە وەك نوێنەرێکی فەرمی نەناسراو کۆسپی خرایەپێش، بۆیە بەناچارییەوە لە ٢٧/٤/ ١٩٢٠ەوە دەستی لەو نوێنەرایەتییە کێشایەوە. واتەپێش مۆرکردنی پەیماننامەی سیڤەری ١٠ی ئابی ١٩٢٠ بە سێ مانگ و نیو لەلایەن هاوپەیمانانەوە.[١٥]

لەوماوەیەشەوە کە شێخ مەحمود، دەسەلأتی گرتبووەدەستەوە، سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵێك کێشەی ناوخۆیی بۆهاتبووەکایەوە، لەگەڵ ئەوەشدا گەلێك هۆز و ناوچەی باشووری کوردستان

ـیستبوویست بچنەژێر دەسەڵاتییەوە و شانبەشانی ئەوەش خۆی سیاسەتێکی جێگیر و دروستی
ـوو بەرامبەر بە بەریتانیا و ئەو بارودۆخە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەی کە لە کۆتایی هێنانی
جەنگەوە هاتبوونەکایەوە. بۆنموونە هەندێکجار، بیری لە پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردیی
سەربەخۆدەکردەوە و داواشی لە بەریتانیا دەکرد، ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی فروانتربکرێتەوە.
بەجۆرێك لە شاری خانەقینەوە تا شەمزینان و لە زنجیرە چیاکانی حەمرینەوە، تادەگاتە
سنوورەکانی وڵاتی ئێرانی ئەوکاتە لەژێر دەسەڵاتیدابن، ئەمەش بۆخۆی وایکردبوو
فەرمانڕەوایانی بەریتانیا، زیاتر بەخۆیانداببچنەوە، بەرامبەر بەم داواکارییانە و لەهەمانکاتدا
بێکدانەوەیەکی ئەوتۆیان بەوەدەزانی کە ئەمەجۆرە لادان و سنوور بەزاندنێك بێت، بەرامبەر بە
سیاسەتی بەریتانیا لەناوچەکەدا. بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەمەش یەکێك لە هەنگاوەکانی
فەرمانڕەوایانی بەریتانیا جیاکردنەوەی ناوچەی کفری و کەرکووك بوو لە لیوای سلێمانی و
پێکهێنانی لیوای کەرکوك لە مارتی ١٩١٩دا.(١٦)

بەهەمان ڕێرەو یەکێکیدی لە هەنگاوەکانی بەریتانیا بەرامبەر بە فراوانخوازی و
سنووربەزاندنی شێخ مەحمود بە بۆچوونی بەریتانیا ئەوەبوو سنوورێك بۆ ناوچەکانی ژێر
دەسەڵاتی دابنرێت، سەرەڕای ئەوەش هانی ئەو سەرۆکهۆزانە بدرێت بۆ دژایەتیکردنی کە خۆیان
بە نەیاری شێخ مەحمود دەزانی. ئینجا کارکردن لەسەر ئەو بەرنامەیەی کە بەڕێوەبردنی ناوچەکە
بەشێوازێکی ڕاستەوخۆ لەلایەن بەغداوە بەڕێوەبچێت. بۆئەم مەبەستە.ئەرنۆڵد ویلسۆن داوایکرد
کۆبوونەوەیەك بۆ حاکمە سیاسییەکانی بەریتانیا لە مارتی ١٩١٩دا لە شاری بەغدا ببەسترێت
وەك ئەوەی: مێجەر نوئێڵ، کۆلۆنێل لیچمن، مێجەرسۆن، غۆردن، وۆکەر و لیزی تیایدا
بەشداربوون. لەئەنجامی ئەو کۆبوونەوەیەشدا بڕیاریاندا وردەوردە دەسەڵاتی شێخ مەحمود
چڕبکرێتەوە و مێجەر نۆئێل لە ناوچەکە و ڕاوێژکاریی شێخ مەحمود دووربخرێتەوە و ئینجا
مێجەرسۆن جێگای بگرێتەوە. سەرەڕای ڕێگەدان بەو ناوچە و هۆزانەی کە گرێدرابوون بە
دەسەڵاتەکەی شێخ مەحمودەوە، بۆئەوەی لێیجیا ببنەوە.(١٧) کەسێکی وەك مێجەرسۆنیش لە
ناوەندەکانی مارتی ١٩١٩دا، کرایە فەرمانڕەوای باشووری کوردستان و شاری سلێمانی،
مێجەرنۆئێلیش لەلایەن فەرمانڕەوایانی بەریتانیاوە ڕاسپێردرا، بۆئەوەی گەشتێکی باکووری
کوردستان بکات. لێرە بەدواوە بارودۆخی شاری سلێمانی و دەوروبەری ئالۆزییەکی زیاتر و
گێروگرفتێکی زیاتری بەخۆوەبینی، بەهۆی ئەو سیاسەتە سەرسەختانەی کە مێجەرسۆن دژی شێخ

مەحمود دەستپێکرد، وەك ئەوەی میستەر لاین لەیاداشتەکانیدا دەڵێت: هەردووکیان زۆر رقیان لێکدیدەبوودوە؛[١٨] بەتایبەتی لەوکاتەوە کە مێجەرسۆن پەیوەندیکردە هۆزی گەورەی جافی ناوچەی هەڵەبجە و کفری و کەلار و هۆزی هەمەوەندی ناوچەی چەمچەماڵەوە، ئەوەی پێراگەیاندن، کە لەمە بەدوا ئەوان سەربە دەسەڵاتی شێخ مەحمود نین و لەناو شاری سلێمانیشدا کەوتە فشارخستنەسەر هەموو ئەو فەرمانبەرانەی کە لەلایەن شێخ مەحمودەوە، کاروباریان پێسپێردرابوو کە دەست لە کارەکانیان هەڵگرن و خەڵکانیدی لە شوێن دانان.[١٩]

هەر لەوکاتەشەوە کە مێجەرسۆن لە شاری سلێمانی و دەوروبەریدا دەسەڵاتی کەوتبووەدەستەوە، بەو شێوازی توندوتیژییەوە دەجووڵایەوە کە دەیەویست رۆژبەرۆژ دەسەڵاتی شێخ مەحمود پەراوێزبخات و لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا سنوور بۆ دەسەڵاتی دابنێت کەچی لەولاشەوە کەسێکی وەك (کابتن لیزی) لە ١٥ی مارتی ١٩١٩ەوە نێردرایە شاری کفری و بەهەمان رێرەوی مێجەرسۆن لەو ناوچەیەدا کەوتە چالاکی سیاسییەوە، بۆ دژایەتیکردنی شێخ مەحمود و ئەوانەی خۆیان سەربە دەسەڵاتەکەی ئەودەزانی.[٢٠] بەرادەیەك کارگەیشتە ئەوەی لەلایەن فەرمانڕەوایانی بەریتانیاوە ئەو مووچەیەش کە بۆ شێخ مەحمود برابوەوە، بە بیانووی ئەوەی کە کورتهێنان لە بوودجە و داهاتی دارایدایە. مووچەکەیان لە (١٥٠٠٠) پازدە هەزار رووپیەوە کەمکردەوە بۆ (١٠٠٠٠) دە هەزاری رووپیەی ئەوکاتە.[٢١] واتە هەموو ئەو سیاسەتەی بەرپرسانی بەریتانیا گرتبوویانەبەر بەمەبەستی لەقاڵبدانی دەسەڵات و حوکمدارییەتەکەی بەتەواوی بەلای ئەوەیدا دەبرد کە لەمەبەدوا لایەنی لێکگەیشتن و گفتوگۆ دادێکی ئەوتۆی نادات، بەڵکو کەوتە راوێژکردن لەگەڵ زۆرێك لەوانەی کە لێوەی نزیکبوون و پشتگیریان لە دەسەڵاتەکەی دەکرد، بۆئەوەی بتوانێت لەرێگای بەکارهێنانی هێزەوە بەتەواوی دەست بەسەر ناوچەکەدا بگرێت. یەکێك لەو کەسایەتییانەش کە شێخ مەحمود ویستی هانای بۆببات، کەسایەتی دیاری رۆژهەڵاتی کوردستان مەحمود خانی دزڵی (١٨٧٠-١٩٤٦) بوو کە لە ناوچەی هەورامانەوە، هاتەوە سەرسنوور، لە رۆژی ٢٠ی مایسی ١٩١٩دا بە لەشکرەکەیەوە گەیشتە سەرکەلی گۆیژە و چاوەڕوانی فەرمانی حوکمداری کوردستان بوو.[٢٢] هەرچەندە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم هەنگاوە و ئاگادارکردنەوەی شێخ مەحمود لە هاتنی مەحمود خانی دزڵی، مێجەرسۆن نامەیەکی، ئاراستەی شێخ مەحمود کرد و لە بارودۆخەکە ئاگاداریکردەوە. وەك لە بەشێکیدا هاتووە: ((بیستوومانە مەحمودخانی دزڵی بە لەشکرێکی زۆری چەکداری هەورامییەوە

گەیشتووەتە شارباژێڕ دێن بۆ دیدەنیتان.. تکایە تێیبگەیەنن. پێویستە تەنیا خۆی و دەکەس
ئیتر نابێت بێنە ناوشار و بەبێ چەك. ئەگەر چەکیان پێبێت دەبێت هەر لەڕێوە چەکەکانیان
بدەنە پۆلیسخانە و خۆیان بێ چەك بکەن..)).(٢٣) بەڕادەیەك بارودۆخەکە وایلێهات نە شێخ
مەحمود و نە خانی دزلّی گوێیان بە نامە و دواکارییەکەی مێجەرسۆن نەدا و خانی دزلّی لە
شەوی ٢١ی مایسی ١٩١٩دا بەرەو سلێمانی بووەوە و بە هاوکاری هێزەکانی شێخ مەحمود،
توانییان لە ٢٣ی مایسدا، دەست بەسەر شاردا بگرن، بەلاّم مێجەرسۆن بە بیانووی پێشوازیکردن
لە خێزانەکەی کە لە بەسرەوە دەهات پێشتر خۆی گەیاندبووە کەرکوك و کاروباری شاری دابووە
دەستی جێگرەکەیەوە کە (گرینهاوس) بوو. بەجۆرە سلێمانی دەستیبەسەرداگیرا و ئالای
حکومەتەی کوردستان، لەوشارەدا بەرزکرایەوە هاوکات ژمارەیەکی زۆر سەرباز و بەرپرسانی
سەربازی بەریتانی بە گرینهاوسیشەوە هەموو لەلایەن هێزەکانی شێخ مەحمودەوە، بەدیلگیران و
خرانەوە لە کۆشکی حوکمدارییەتدا دانران، هەروەها بەشێکیدی لە مەئموور و سەربازەکانیان لە
(مزگەوت)ی شار دەستبەسەرکران.سەرەڕای ئازادکردنی بەشێکیتریان، دوابەدوای ئەمە شێخ
مەحمود برووسکەیەکی ئاراستەی ئەرنۆلّد ویلسۆنی فەرمانڕەوای بەریتانی لە بەغدا کرد و
تیایدا نووسی: ((کورد لەوزەیدا نەما و ئیتر بە قسەی ئێوە تەفرەناخوا و بۆ ئازادی دەستدرایە
چەك. گیانی هەموو پیاوەکانتان لەژێر دالّدەی خۆمدایە..))و بەڵێنی ئەوشی دانێ کە رۆحیان
پارێزراودەبێت.(٢٤) دوای ئەوەی کە سلێمانی و ناوچەکە کەوتنەژێر دەسەلاّتی شێخ مەحمودەوە،
بەپێی فەرمانێك کە لە٢٢ی مایسی ١٩١٩وە بلاّویکردەوە، دەستەیەکی بۆ بەڕێوەبردنی
کاروباری حکومەت، بە سەرۆکایەتی حاجی سەید عومەر و ئەندامێتی: ئەحمەد بەگی فەتاح
بەگ، سەید کەریمی سەید ئەحمەد، شێخ عەلی سەرکار، حەمەئاغای ئەورەحمان ئاغا، سالّح
بەگ، حەمە بەگی قادر پاشا و ئەحمەد سەبری خواجە دەستنیشانکرد، هەروەها دوابەدوای ئەو
گۆڕانکارییانەی کە لە شاری سلێمانی و باشووری کوردستاندا هاتنەکایەوە ویلسۆن لەڕێگای
فڕۆکەیەکەوە هاتەسەر سلێمانی، بەلاّم بەهۆی ئالۆزی بارودۆخەکەوە شتێکی ئەوتۆی پێنەکرا.
لەپاش بەمەبەستی رزگارکردنی مولازمی فڕۆکەوان و حاکمی هەڵەبجە (لیزی) سەردانی ئەو
شارەی کرد، کەچی لەمەشیاندا سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا، بۆیە بەناچارییەوە گەڕایەوە و لیزیش
بە هاوکاری (عادیلە خان)ی خانمی وەسمان پاشای جاف خۆی گەیاندە شاری خانەقین و لە
کۆتاییەکانی مانگی ئایاری ١٩١٩دا هەڵەبجەش کەوتەژێر دەسەلاّتی شێخ مەحمودەوە.(٢٥)

تەوەری دووەم: شەڕی دەربەندی بازیان و

کۆتایی یەکەمین حوکمداریەتی شێخ مەحمود ١٨ حوزەیرانی ١٩١٩:

فەرمانڕەوایانی بەریتانیا لە عێراق، بۆئەوەی دووبارە دەستبەسەر ناوچە کوردنشینەکانی باشووری کوردستاندا بگرنەوە، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی کە لەژێر دەسەلاتی شێخ مەحمودا بوون. کەوتنە پلان و دارشتنەوەی نەخشەیەك کە چۆن خۆیان بگەیەننەوە ناوچەکە و ئەو فەرماندانەیان کە لەلایەن شێخ مەحمودەوە دەستبەسەرکرابوون، ئازادبکەن. بۆئەم مەبەستە سەرکردایەتی سوپای بەریتانیا لە ولاتی عێراق لە٢٤ی ئایاری ١٩١٩ەوە، داوایان لە میجەر بۆمبی فەرماندەی هێزەکانی بەریتانیا لە شاری کەرکوك کرد بە هێزێکەوە، بگاتەچەمچەماڵی نێوان کەرکوك و شاری سلێمانی ئەمیش بە کۆمەڵێك سوارە و هێزی (لیفی)ەوە کە ئامادەکرابوون بە زرێپۆش و ئۆتۆمبیلی رەشاش هەلگری پێویست، بەرادەیەك ئەمانە زۆر بە لوتبەرزیەوە نیازی ئەوەیان هەبوو بەرەو ناوچەکانی سەرووتر و تەنانەت شاری سلێمانی ببنەوە، **هەرکە هەواڵێکی ئەو بابەتە گەیشتە شێخ مەحمودی حوکمداری کوردستان، فەرمانیدا بەوەی** **رووبەڕوویان ببنەوە بەتایبەتی لەکاتی گەیشتنیاندا بۆ (دەربەندی تاسلوجە)** بۆئەم مەبەستە، ژمارەیەك لە پیاوانی ئەو هۆزانە، پەیوەندییان پێوەکرد کە پشتگیریان لە شێخ مەحمود دەکرد و خۆیان بە هەواداری ئەو دەزانی، لەسەرووی هەموویانەوە کەسایەتی و پیاوانی سەربە عەشیرەتی ئیسماعیل عوزێری کە یەکێکە لە تیرەکانی هۆزی جاف و کەریم بەگی فەتاح بەگی سەرۆکی هەمەوەند و ژمارەیەك لە سوارەکانی هۆزەکەی، ئەوەبوو لە رۆژی دواتردا واتە ٢٥ /١٩١٩/٥دا هێزەکانی شێخ مەحمود لەگەڵ بەریتانییەکاندا کەوتنەشەرەوە و یەك رۆژی تەواوی خایاند، ئەنجامەکەی بەتێکشکانی، هێزەکای بەریتانیا کۆتاییهات و بەپێی سەرچاوەکانی ئینگلیز خۆیان چوار زرێپۆش و نۆزدە ئۆتۆمبیلی فۆردیان تێکشکێنران و کوژراوێکی زۆریان لێبەجێما.(٢٦)

دوای شەڕی تاسلوجە کە هێزەکانی شێخ مەحمود تیایدا سەرکەوتنیان بەدەستهێنابوو بەتەواوی: ((ترسیان شکا و خۆیان بۆ کەرکوك ئامادەکرد..)) فەرمانڕەوایانی بەریتانیاش ئەم شکستەیان بە نەنگییەکی گەورە دەهاتەبەرچاو بۆ خۆیان و بۆ هێزەکانیان کە لە دێرزەمانەوە بە خاوەنی ئەزموون و تەجروبەیەکی گەورەی جەنگی ناسرابوون. جا بەمەبەستی دووبارەگرتنەوەی شاری سلێمانی و تۆڵەکردنەوەی خۆیان: ((هێزێکی سەربازی گەورەیان لە کەرکوکەوە گەلاڵەکرد

و به چەك و تفاقێکی زۆرەوە رەوانەی سلێمانییان کرد)). یەکێك لە فەرمـــدە ســەربـازیـیـە بەناوبانگەکانیان کردە رێبەری ئەو هێزەیان کە جەنەراڵ فرێزەری فەرمانەی تیپی هەژدەیەمی موسڵ بوو بەناوی: ((هێزی کوردستانی باشوور))[۲۷] ەوە بەرەو ناوچەکە پێشڕەویانکرد و لەدەوروبەری ۱۷ی حوزەیرانی هەمانساڵدا، گەیشتنە چەمچەماڵ و بۆ رۆژی دواتر لە (دەربەندیبازیان) گەورەترین روو بەڕووبوونەوەی سەربازی لەنێوان هێزەکانی بەریتانیا و سوارە و چەکداری کورددا، بە رێبەرایەتی شێخ مەحمودی حوکمداری کوردستان دەستپێکرد. ئەو هێزە گەورەی بەریتانیا کە بە زۆربەی چەك و تەقەمەنی ئەورۆژگارە سازوئامادەکرابوون: ((لەناکاو کەوتە هێرش و لەماوەی چەند دەقیقەیەکدا هەموو شت براپەوە. شۆڕشگێرانی کورد زۆرخراپ شکان، چل و هەشت کەسیان لێشەهیدبوو، ژمارەیەکی گەلێك لەوە زۆرتریان لێبریندابوو یان بە یەخسیری کەوتنەدەستی ئینگلیزەکانەوە..)). تەنانەت شێخ مەحمود خۆشی، یەکێکبوو لەوانەی لەوشەڕەدا بە دیلی کەوتەدەستی ئینگلیزەکانەوە. دوای ئەوەی لاقێکی و لای کەمەریەوە و هەندێکیش دەڵێن: لای کەمەریەوە ئەنگێورا بەتایبەتی لەوشوێنەدا کە تائەمڕۆ بە بەردەقارەمان ناسراوە.[۲۸]

دوای سەرکەوتنی سوپای بەریتانیا لە (شەڕی دەربەندی بازیان)دا و بەدیلگرتنی شێخ مەحمود کەسێکی وەك جەنەراڵ فرێزەر کەوتەتاقیبی ئەو ئەفسەر و دەرەجەدارانەیان کە پێشتر لە شاری سلێمانیدا گیرابوون و لەلایەن شێخ مەحمودەوە دەستبەسەرکرابوون، بۆئەم مەبەستە لە شەوی ۱۸ی حوزەیرانی ۱۹۱۸دا هێزێکی تایبەتی بەڕێکرد بە سەرکردایەتی مولازم (دیتهەی) بۆئەوەی رووبکاتە سلێمانی، وەك ئەوەی لە سەعات حەوتی تەواو گەیشتەشار و یەکەم کارێك، بەجێیهێنا بەردانی گیراوەکانیان بوو کە لە (دەبۆکە)ی شار دەستبەسەربوون، رۆژی دواتر لە ســـەعات دوازدەی نیوەڕۆ جەنەراڵ فرێزەر پێهیچ بەرگرییەك توانی بچێتەناو شاری سلێمانییەوە.[۲۹]

شێخ مەحمود و ئەوانەشی کە بە دیلی کەوتنەدەستی سوپای بەریتانیاوە لە ناوچەکە دوورخرانەوە، سەرەتا بۆ شاری کەرکووك و دواتر بەغدا. شێخ مەحمود بەهۆی برینەکەیەوە، برایە خەستەخانە بە مەبەستی چارەسەرکردن و خۆشبوونەوەی برینەکەی، بەڵام ئەوانیدی واتە کەسانی وەك: قادر ئەفەندی قەرەداخی، عیزەت تۆپچی، قالەی ئایشە خان، رەشید جەودەت، رەشید غەفور، ئەدهەم ئەفەندی و عەلییاوەر و کەسانیدی لەوانەبوون کە رۆژانە کاری قورسیان پێدەکر

و شێخ مەحمود و شێخ حەمە غەریب لە سەربازگەی (هنێدی- رەشید) خرانەزیندانەوە و دواتر لە ٢٥ی تەمووزی ١٩١٩دا درانە دادگایەکی سەربازی بەریتانی، بەزۆری ئەو تۆمەتانەشی درایەپاڵیان بریتیبوولە:

١. راستبوونەوە و رووبەڕووبوونەوەی چەکدارانە بەرامبەر بە بەریتانیای گەورە و رژاندنی خوێنێکی زۆر.

٢. داگرتنی بەیداغی حکومەتی بەریتانیا و دڕاندنی و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان.

بەرامبەر بەو خاڵانەشی کە درابوونە پاڵی، شێخ مەحمود زیرەکانە توانی داکۆکی لە خۆی بکات و لەڕووی دادگادا بڵێت: ((راستبوونەوە و راپەڕینم بەرامبەر بە رەفتار و کردەوەی نارەوای ئینگلیز و بێبەڵێنیانبووە بەرامبەر بە کورد..))، هەروەها یەکێکیدی لە داکۆکییەکانی ئەوەبووە کە ئەو بەپێی بنەماکانی گەلاڵەنامەی سەرۆکی ولاتە یەکگرتوەکانی ئەوکاتەی ئەمەریکا تۆماس ودرۆ ولسن (١٨٥٦ - ١٩٢٤) کە بەندی دوازدەیەمینیەتی، بەرگری لە مافی گەلەکەی **کردووە و دژی بەریتانیا کەوتووەتە جەنگەوە.**[٣٠] لەم دادگاییکردنەشدا چەند کەسایەتییەك لە **کوردستان و بەتایبەتی شاری سلێمانی بە یاوەری (کابتن بۆند) داوای ئەوەیانلێکراوە بەمەبەستی** شایەتی و ئاگاداربوون بچنە شاری بەغدا و لەو دادگاییکردنەدا ئامادەبن کە شێخ مەحمودی تێوەگلابوو لەوانە: ((حاجی مەلا سەعیدی کەرکوکیزادە، عیززەت بەگی وەسمان پاشای جاف، شێخ نەجیبی قەرەداخی، عەونی ئەفەندی یوزباشی، حەمە بەگی قادر پاشا، حاجی ئاغای حەسەن ئاغا و میرزا فەرەجی حاجی شەریف))، کەچی شێخ مەحمودی حوکمداری کوردستان سەرەڕای هەموو ئەو فشارەی لەکاتی دادگاییکردنەکەدا خرابووەسەری و بەشێوازێکی دیلی و بە برینداری کەوتبووەدەستی دوژمنە سەرسەختەکانییەوە و بەزۆری فەرماندەکانی ئینگلیز لەسەرئەوە کۆکبوون کە رۆژێ زووتر لەسێدارەبدرێت بۆئەوەی لەکۆڵیانبێتەوە، بەلاّم ئەو زۆر بەورە بەرزی و نەپەشۆکاوییەوە رووبەڕوویانبوەوە و تەنانەت بەرامبەر بە شایەتەکان کە هەموویانی لەنزیکەوە دەناسی: ((سروشتی مەردانە و دلێرانە بوو، لەنیگاکانیا وادەخوێندرایەوە کە هیچ نرخێکیان نادات و بەسووك دەهاتنەبەرچاوی. داخی ئەوەی دەخوارد کورد لای بێگانە شایەتیلێدەدات. ماتەمینی ئەوە گرتبووی کە کۆت و زنجیری ئینگلیز پەکیخستبوو، نەیدەتوانی بیانپلیشێنێتەوە..)).[٣١]

دوا بڕیاری دادگا کە هەموو دادوەرەکانی ئینگلیز بوون حوکمی نەسێدارەدانیان بەسەرداسەپاند، کەچی دواتر حوکمەکەی گۆڕا بە دوورخستنەوەی بۆ ماوەی دەساڵ و شێخ حەمە غەریبیش حوکمی پێنج ساڵ بەندی و پێبژاردنی (١٠) دە هەزار روپیەی بەسەرداسەپێنرا و پێکەوە نێردران بۆ هیندستان و دواتر دورگەی (هەنجام)ی دەروازەی تەنگەی هورمز بەرامبەر کە نارەکانی دورگەی قەشم بەرووی ئێران و میرنشینی فجێرە بەلای ئۆقیانۆسی هیندیدا.[٣٢] دوابەدوای ئەمە هێزەکانی بەریتانیا گەڕانەوە سلێمانی و لەولاشەوە ئەو هێزانەیان کە لە شاری خانەقینەوە بە رۆخی سیرواندا بۆ شاری هەڵەبجە هاتبوون توانیان دەستیبەسەرداگرنەوە، بەڵام لە شاری سلێمانیدا تالآنییەکی زۆر کرا بەتایبەتی لەو مالآنەی کە نزیکبوون لە شۆڕش و شێخ مەحمودەوە و هەروەها بنەماڵەی شێخ مەحمودیش بە رووکاری رۆژهەڵاتی کوردستاندا ئاوارەبوون بەتایبەتی بۆ ناوچەکانی هەورامان و لەوێشەوە ماوەیەك چوونە بانە و سەقز و پاشان بۆ ولاتی باکووری کوردستان، لەوێشەوە ماوەیەك چوونە چاریەی ژێر دەسەلآتی ئیسماعیل ئاغای سمکۆ - شکاك (١٨٧٥ - ١٩٣٠).. هەرچەندە لەودەمانەدا سمکۆ ئاغای شکاك خۆی بەتەواوی یاخیبوو لە فەرمانڕوایانی قاجاری و ئێرانی قاجاری و کێشە و گرفتێکی زۆری هەبوو، کەچی لەسەرووی ئەوەشەوە: ((وازی لە میوانە دەربەدەرەکانی نەهێنا و کەمەری خزمەتی بۆ بەستن))، هەرکە ماوەیەکیش سمکۆ لەتاو هێرشی سوپای ئێرانی پەنایبردەبەر ناوچەی هەکاری لە بەشی باکووری کوردستان ئەمانیشی لەگەڵ خۆیدابرد.[٣٣]

تەوەری سێیەم: بارودۆخی باشووری کوردستان پاش دوورخستنەوەی شێخ مەحمود

لەوکاتەوەی کە شێخ مەحمود لە باشووری کوردستان و بەتایبەتی شاری سلێمانیدا دەسەلآتی گرتبووەدەستەوە، کۆمەڵێك گۆڕانکاری جۆربەجۆر بەهۆی هەڵگیرسان و بەرپابوونی جەنگی جیهانی یەکەمەوە لە عێراق و ناوچەکەدا هاتبووەکایەوە، زۆرێك لەو گۆڕانکاریانە، دوای لەباربردنی حوکمداریەتی یەکەمی و دوورخستنەوەی لە ولآت درێژەیهەبوو لەوانە: بەرپابوونی راپەڕینی ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٢٠ لە ناوچەکانی باشوور و ناوەندی عێراقدا، هەروەها ئەو راپەڕینانەی کە لە ناوچە کور نشینەکاندا سەرچاوەیانگرت لەوانە: راپەڕینی ئیبراهیم خان ٢٢ ئابی ١٩٢٠ لە شاری کفری، ئینجا ئەوانەی لە شار و ناوچەکانی خانەقین، خورماتوو و شاری کەرکوك و تەنانەت هەموو ئەوانەشی کە لە شار و ناوچەکانی هەولێر و بادینیشی

گرتەوە.[٣٤] بەرادەیەك دەتوانین بڵێین: دینامیکییەت و هەڵسوڕێنەری ئەو گۆڕانکارییانە بە پلەی یەکەم ئەو شێوازی سیاسەت و توندوتیژییە سەربازییە بوو کە سوپای داگیرکەری بەریتانیا لەناوچەکەدا گرتبوویەبەر، سەرەڕای کاریگەریی ئەو سەرهەڵدان و شۆڕشانەی کە پێشتر لە ناوچەکە و وڵاتانی دەوروبەردا بەرپابوون و کاریگەریی خۆیان لەسەر بارودۆخەکە دانا لەوانە: شۆڕشی ١٩١٦ لە وڵاتی حیجاز بە ڕێبەرایەتی شەریف حوسێنی مەککە دژی دەوڵەتی عوسمانی، شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ لە روسیا، راپەڕینی نەجەفی ساڵی ١٩١٨ بە ڕێبەرایەتی پیاوانی ئایینی و پارتی رابوونی ئیسلامی، سەرهەڵدانی بزووتنەوەی کەمالی لە تورکیا ١٩١٩و هەروەها راپەڕینی گەلانی میسر بە ڕێبەرایەتی سەعد زەغلول (١٨٥٨ - ١٩٢٧/٨/٢٣)و حیزبی وەفدی میسری دژی داگیرکاری بەریتانیا لەهەمانساڵ و ساڵانی دواتردا.[٣٥] سەرەڕای هەموو ئەو فاکتەرە دەرەکی و ناوخۆییانەی کە بەکورتی ئاماژەمانبۆکردن، ئەو سیاسەتی (ئینتداب)ەش کە لە کۆنگرەی سانرێمۆی ٢٤ی نیسانی١٩٢٠دا بەسەر وڵاتی عێراقدا سەپێنرا. ئەمەی دواییش لەلایەن گەلانی عێراقەوە وەك جۆرێك لە داگیرکاریی دەهاتەبەرچاو و بەئاسانی لای زۆربەی چین و توێژەکانی ئەوکاتەی وڵات بە هەنگاوێکی قێزەون لێکدەدرایەوە.[٣٦]

بەریتانیاش وەك وڵاتێك سیستەمی ئینتدابی لە عێراق و ناوچەکەدا کەوتبووەدەستەوە، بەزۆری بەدوای بەدیلێکدا دەگەڕا کە بارودۆخی ناوچەکە و تەنانەت عێراقی بۆ هێورتربکاتەوە، هاوکات ئەو خەرجییە زۆرەشی کە بەهۆی هەڵگیرسانی جەنگ و مانەوەی هێزەکانی لەناوچەکەدا کەوتبووەئەستۆیەوە کەمتربکاتەوە. بۆئەم مەبەستە کەسێکی وەك سێر پرسی کۆکس (١٨٦٤ - ١٩٣٧/٢/٢٠) کە لە ١١ی تشرینییەکەمی ١٩٢٠ەوە وەك نوێنەری باڵای بەریتانیا هاتە عێراقەوە و لە سەرداوای فەرمانڕەوایانی بەریتانیا و دوای راوێژکردنێکی پێشوەخت عەبدولڕەحمان نەقیبی گەیلانی (١٨٤٥- ١٩٢٧) راسپارد بۆئەوەی لەژێر چاودێری و سەرپەرشتیاری ئەواندا، حکومەتێکی کاتی پێکبهێنێت وەك ئەوەی ئەمیش دواتر راوێژی لەگەڵ کۆمەڵێك کەسایەتی عێراقی ئەوەدەمانە کرد و کاربەدەستانی بەریتانیاش رایان لەسەر زۆربەی زۆریان هەبوو بەجۆرێك لەنێوان (٢٥ تشرینییەکەمی ١٩٢٠ - ٢٣ ئابی ١٩٢١) یەکەمین حکومەتی کاتی لە (٨) هەشت وەزیر و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پێکهاتبوو سەرەڕای (١٢) وەزیری بێوەزارەت کە بەزۆری لە خەڵکی ناسراو و خێزانە دیارەکانی ئەوکاتەی عێراق بوون یەکێك لەوانە: حەمدی پاشای بابان بوو، بەڵام هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ناوەکاندا،

داوایلێبوردنیکرد و ئامادەنەبوو بەشداری ئەو حکومەتە بکات. ئەگەر ئەوەشی بۆ هەر وەزیرێ راوێژکارێکی بەریتانی بۆ دەسنیشانکرابوو و بەسەریەکەوە ئەم حکومەتە کاتییە پەیوەستبوو بە نوێنەری باڵای بەریتانیاوە و بێ ئەو هیچ بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی پێنەدەدرا. تەنانەت ئەو مووچەیەش کە بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکان دیاریکرابوون لەلایەن نوێنەری باڵای بەریتانیا خۆیەوە دەستنیشانکرابوو، بەڵام تەنها کارێك ئەم حکومەتە کاتیە لە ماوەی تەمەنیدا بەجێیهێنابێت ئەوەیان بوو توانی عێراقی ئەودەمانە لەڕووی ئیدارییەوە و لە ١٢ کانونییەکەمی ١٩٢٠دا بۆسەر(١٠) لیوا و (٣٥) قەزا و (٨٥) ناحیە دابەشبکات.(٣٨)

سەبارەت بە ناوچە کوردنشینەکان کە هێشتا گرێنەدرابوون بە وڵاتی عێراقەوە، کەسێکی وەك مێجەرسۆن لە کۆتاییهێنانی حوکمداریەتییەکەی شێخ مەحمودەوە و لە ١ تەموزی ١٩١٩دا گەڕابوەوە کوردستان و شاری سلێمانی، واتە حوکمی راستەوخۆی ئینگلیز بەتەواوی باڵی بەسەر باشووری کوردستاندا کێشابوو، لەگەڵیشیدا کەوتنە ئەوەی هەمور ئەو ناچە و شار و شارۆچکانەشی کە لەئەنجامی راپەڕینەکەی شێخ مەحمود، هەمان رێرەویان گرتبووەبەر و دەسەلاتی بەریتانیایان لێدوورخرابووەوە، بۆ جارێکیدی خرانەژێر فەرمانڕەوایەتی راستەوخۆی خۆیانەوە بەتایبەتی شار و شارۆچکە دیارەکانی وەك: هەڵەبجە، رانیە، پێنجوێن، شارباژێڕ، چەمچەماڵ و شوێنانیدی، هەروەها بەرپرسیار و کەسانی سەربەخۆیان بۆ راییکردنی کاروباریان لەسەر دانان و لەهەمانکاتیشدا کەوتنە دەستنیشانکردنی ئەنجومەنی شار و شارۆچکەکانی سلێمانی و هەڵەبجە و چاککردنەوەی هەموو ئەو رێگاویان و پردانەی کە بۆ راییکردنی کاروبار پێویستبوون، جگەلەوە مێجەرسۆن کۆمەڵێك چاکسازیدی لە ناوچەکانی ژێر دەسەلات و بەتایبەتی شاری سلێمانیدا دەسپێکرد. ئەمەشیان زیاتر بۆئەوەبوو کە بۆ جارێکیدی ئەمنییەت بۆئەو ناوچانە بگێڕێتەوە و کارێکی واشبکەن کە دەست لە دژایەتیکردنیان هەڵبگرن. یەکێك لەوکارانەی کە مێجەرسۆن و فەرمانڕەوایەتی بەریتانی لە کوردستان و شاری سلێمانیدا بەجێیانهێنا، ئەوەش هێنانی دوو چاپخانەی کۆن بوو یەکێکیان بردە شاری کەرکوك و ئەویتریان لە سەر پێشنیاری سۆن هێنایە سلێمانی و هەفتانە جگەلە بەکارهێنانی بۆ کاروباری خۆیان هەفتەنامەی (پێشکەوتن - التقدم)یان پێچاپوبلاودەکردەوە، یەکەم ژمارەی لە ٢٩ نیسانی ١٩٢٠ بلاوکرایەوە، بەسەریەکەوە تا رۆژی وەستانی لە ٢٧ تەموزی ١٩٢٢ تەنها (١١٨) ژمارەی لێبلاوکراوەتەوە و پاشان (بانگی کوردستان) جێگای گرتۆتەوە(٣٩).وەکتر هەموو ئەو

هەنگاوانە نەیانتوانی بەتەواوی کۆتایی بەو بشێوی و سەرهەڵدانانە بهێنن کە لە ناوچەکانی ئەودەمانەی کوردستاندا سەریانهەڵدابوو، لەهەمانکاتیشدا ئەو ڕێکەوتنامە و کۆڕ و کۆنگرە نێودەوڵەتییانەی کە لە چوارچێوەی کارنامەکانیاندا باسیان لە چارەسەری کورد و بارودۆخی ناوچە کوردنشینەکان کردبوو بەهۆی سیاسەتی نێودەوڵەتی و بەرژەوەندی وڵاتانی هاوپەیمانەوە شتێکی ئەوتۆیان لێنەڕسکا لەوانە: کۆنگرەی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ۱۹۲۰ لە باکۆ، کۆنگرەی سانڕیمۆی ۲٤ی نیسانی ۱۹۲۰، سیڤەری ۱۰ی ئابی ۱۹۲۰، لەندەنی ۱۲ی شوباتی ۱۹۲۱، شانبەشانی هەموو ئەوانەش تادەهات نفووزی تورکەکان و دەستێوەردانیان بۆ باشووری کوردستان و ناوچەکانیتری ویلایەتی مووسڵ لە زیادبوون و برەوێکی بەردەوامدابوو، ئەوەشی کە زیاتر بارودۆخەکەی بە ئاقاری خراپدابرد، لەلایەك ئەو سیاسەتی توندوتیژییە بوو کە فەرمانڕەوایانی بەریتانیا وەك نەریتی پێشتری خۆیان لەناوچەکەدا گرتبوویانەبەر و هەروەها بەشێك لەو کەسایەتییانەشی کە خۆیان بە نەیاری بەریتانیا دەزانی و ئەمان لە تاقیبی بەردەوامیاندا بوون، ڕۆژبەرۆژ پەنایاندەبردەبەر تورکەکان، سەرەڕای ئەوەش لەوکاتەدا کە مێجەرسۆن رووبەڕووی خەڵك و کەسایەتییەکانی کوردستان دەبووەوە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەوە، چەند ڕێکخراوێکی سیاسی و رووناکبیریی بەشێوازێکی نهێنی، بە سەرۆکایەتی رووناکبیر و کەسایەتی ئەوکاتەی شاری سلێمانی جەمال عیرفان (۱۸۸۱ - ۱۹۲۲) کەوتنە چالاکییەوە لەوانە: بەرزی وڵات، کوردستان، گزنگ، فیداکارانی کورد و وەتەن پەروەران وەك لەبەیاننامەیەکیاندا و بەرامبەر بە داگیرکاری بەریتانیا و بەتایبەتی مێجەرسۆن لە ۲۰ی شوباتی ۱۹۲۰دا وایانبلاوکردووەتەوە کە: (تەنیا بەدوورخستنەوەیان بە نەمانی شێخ مەحمود، نە ناوی شێخ مەحمود و نە ناوی کورد نـــامرێ، دەبێ ئەو شێخ مـــەحمودەی، حوکمداری کوردستان بەزوویی بێتەوە یا دەبێ ئێوە بڕۆن).(٤٠)

ئەوەشی کە زیاتر فەرمانڕەوایانی بەریتانیای دەترسان و نائومێددەکردن لە کۆمەڵانی خەڵك، رقئەستووربوونی خەڵك و نزیکبوونەوەی ئەو ڕێکخراوانە بوو لە کەسایەتی و سەرۆکهۆزەکانی کورد بەتایبەتی ئەوانەیان کە لەگەڵ ئینگلیزدا نەدەگونجان و نزیکبوونەوەیان لەو کەسایەتییانەی کە پاش تێکشکانی سوپای عوسمانی لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا، خەڵکی ناوچەکە بوون و گەڕابوونەوە کوردستان. ئەمانیش بەهەمانشێوە بۆچوونیان لەگەڵ فەرمانڕەوایانی بەریتانی و بەتایبەتی کەسێکی وەك مێجەرسۆندا نەدەهاتەوە، هەڵوێستگەلی لەم بابەتەش کە

ڕۆژبەڕۆژ لەبرەو گەشەسەندنی بەردەوامدابوو، فەرمانڕەوایانی بەریتانی بەدوای ئەوەدا دەگەڕان کە چۆن چارەسەری ئەم بارودۆخە بکەن و چۆن ڕێرەوێك بگرنەبەر کە نەبێتە مایەی ئەوەی ئەوتر فشار و کوشتنی فەرماندە سەربازییەکانیاندا بە دەستی ڕاپەڕیون، بۆئەوەی دەستبەرداری دەسەلاتی ناوچەکەبن.

دوا چارەسەریان بۆئەم ڕەوشە ئەوەبوو حوکمدارێك وەك بەدیلی شێخ مەحمود بۆ ناوچەکە دابنێن، هەنگاوێکی لەمجۆرەش دەبێتە مایەی ئەوەی گرژی و ئالۆزی ئەو بارودۆخە تەنھاییمان بۆ هێوربکاتەوە، بەزۆری ئەو کەسایەتییانەشی ناویاندەهات بۆئەوەی ئەم ئەرکە ئەنجامبگرن و کاروباری حوکمداریەتییان بۆ ڕاپیبکا بریتیبوونلە: حەمدی بەگی بابان و سەید تەهای کوڕی شێخ محەمەدی نەهریێ کەچی هەریەك لەمانە و بە بیانوویەکەوە کاری جیدی ئەوتۆیان بۆنەکرا لەلایەن فەرمانڕەوایانی بەریتانیاوە، بۆئەوەی پۆستی کاروباری باشووری کوردستان ئەنجامبگرن، بەلام وەکتر بیرکردنەوە لە شێخ مەحمود و دووبارەگەڕانەوەی، هەرچەندە بەریتانیا بەتەواوی ئەم هەنگاوەی پێخۆشنەبوو، لەهەمانکاتیشدا چاریانناچاربوو، لەلایەکیتریشەوەو لەم سەروبەندەدا بەریتانیا و بەتایبەتی نوێنەری بالای بەریتانیا لە عێراق بەڕاوێژ لەگەڵ حکومەتی ولاتەکەیدا بەچڕی کاریان لەسەرئەوەدەکرد کۆنگرەیەك لەسەر بارودۆخی ناوچەکە بەگشتی و عێراق و باشووری کوردستان بەتایبەتی ببەسترێت، هەولی ئەوەشبدرێت کە لە چوارچێوەی ئەو کۆنگرەیەدا، چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە. کاریش لەسەرئەوەبکرێ کە سیستەمێکی نوێ و دەسەلاتێکی نوێ لەعێراقدا بێتەکایەوە. بۆئەو مەبەستە و دوابڕیاریان لەسەرئەوە گیرسایەوە کۆنگرەی قاهیرە لە ١٢-٣٠ مارتی ١٩٢١دا ببەسترێت، بەجۆرێك کۆبوونەوەکانی لە٢٤ی مانگەوە بۆ کۆتاییەکەی بگوازرێتەوە قودس، بەلام بۆ سەرۆکایەتیکردن و ڕاییکردنی کارە سەرەکییەکانی فەرمانڕەوایانی بەریتانیا لەسەرئەوە کۆکبوون، ونستۆن چەرچڵ (١٨٧٤ - ١٩٦٥) کە پێشتر وەزیری جەنگی بەریتانیا بوو، کرایە وەزیری ولاتانی داگیرکراو (مستعمرات)ی بەریتانی و ئەوەی پێسپێردرا ئەم ئەرکە و ڕاییکردنی کارە سەرەکییەکانی لەژێر چاودێری و سەرۆکایەتی ئەودابێت.[٤١]

تەوەری چوارەم: کۆنگرەی قا هیرە و رەوشی عێراق و باشووری کوردستان ١٢- ٣٠ مارتی ١٩٢١:

بەرلە بەستنی کۆنگرەی قاهیرە یەکێك لەو هەنگاوانەی وەزیری ولاَتانی داگیرکراو واتە چەرچڵ بیریلێکردەوە، دامەزراندنی فەرمانگەیەکی تایبەتبوو، سەبارەت بە کاروباری رۆژهەلاَتی ناوەراست، ئەو ئەرکەشی کە دەکەوتەئەستۆیەوە، پلان و دارِشتنەوەی سیاسەتی بەریتانیا بوو لەم ناوچەیەدا، بەتایبەتی لە بواری کەمکردنەوەی خەرجییەوە، بەجۆرێك بەرلەوەی کات و شوێنی کۆنگرەکە دیاریبکرێت، لەنێو کاربەدەستان و کەسایەتییەکانی بەریتانیای ناوچەی رۆژهەلاَتی ناوەڕاستدا، دوو ئاراستەی جیاواز هەبوو سەبارەت بە عێراق و دارِشتنەوەی سیستەمی دەسەلاَت لەم ولاَتەدا. بۆنموونە ئاراستەی یەکەمیان: (جۆن فیلبی) راوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی عێراق لەگەڵ (میستەر رایلی) راوێژکاری وەزارەتی مەعاریف لە حکومەتە کاتییەکەی عەبدولڕەحمان نەقیبی گەیلانی رِێبەرایەتییاندەکرد و بەزۆری لەگەڵ ئەوەدا بوون سیستەمێکی کۆماری لەعێراقدا بێتەکایەوە، لەمەشیاندا چەند کەسایەتییەکی عێراقی ئەوکاتە پشتگیریانلێدەکردن لەوانە: تۆفیق خالیدی، فەخرەدین جەمیل و عەبدولڕەحمان ئەلشاوی، ئەمەش ئاراستەیەکی لاواز و دژایەتییەکی زۆردەکرا لەلایەن کاربەدەستانی بەریتانیاوە،[٤٢] بەلاَم ئاراستەی دووەم: کە زۆر بەهێز و کەسانی دیار و دەستڕۆیشتووی بەریتانی و عەرەبی لەپشتەوەبوو. بەزۆری کاریان بۆئەوەدەکرد ئەو سیستەمە نوێیەی لەعێراقدا بێتەکایەوە، ئەبێت لەسەر بنەمایەکی پاشایەتیبێ و دیارترین کەسایەتییان بۆئەم مەبەستە میر فەیسەڵی کوڕی شەریف حوسێن بوو کە پێشتر فەمانڕەوای حکومەتی عەرەبی بوو لە سوریا و لەماوەی (١٩١٨- ١٩٢٠)دا، بەلاَم لەودەمانەدا بەدوورخراوەیی لە ئەوروپا دەژیا، بۆیە لورد کیرزۆنی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لە ١٧ی کانوونییەکەمی ١٩٢٠دا کینهان کۆرنوالیسی راسپارد لە لەندەن سەردانی میر فەیسەڵ بکات و مەسەلەی فەرمانڕەوایەتی عێراقی پێڕابگەیەنێت، بەلاَم میر فەیسەڵ لە سەرەتاوە جۆرە تەحەفوزێکی هەبوو بەرامبەر بە پێشنیارەکە، بەهۆی ئەوەی لە ٨ مارتی ١٩٢٠دا کۆنگرەی عێراقی کە لە دیمەشق و بەئامادەبوونی (٢٩) کەسایەتی عێراقی بەسترابوو میر عەبدوللاَی برایان بۆ شای عێراق دەستنیشانکردبوو. هەرچەندە کەسێکی وەك لۆرد کیرزۆن توانی ئەمەشیان لەرێگای کۆلۆنێل لۆرانسەوە لەگەڵ میر عەبدوللاَدا یەکلاییبکاتەوە و لێرەبەدواوە مەسەلەی

دانانی میر فەیسەڵ بۆ تەختی پاشایەتی عێراق بوو بە دیفاکتمیەکی ئەوتۆ کە هەموو لایەنەکان ئەسەری کۆکبن. هەرچەندە لەلایەکیدییەوە ناوی کۆمەڵێك کەسایەتی بۆ بەرزەپۆشکردنی دڵانی میر فەیسەڵ لێرەولەوێ باسیانلێوەدەکرا کەچی هەریەك لەوانە بەهۆی بێتوانییەکەوە زوولەمەیدان لەسەرنەدرا کە بکرێنە شای داهاتووی عێراق. تەنها شێخ تالیب نەقیب ئەبێت کە کەسایەتییەکی دیار و نفووزێکی جەماوەری گەورەی هەبوو لە ناوچەکانی باشووری عێراقدا. بەڵام ئەمیان بەپێی پلانێکی پێشوەختی بەریتانیا و کەسانی وەك نوری سەعید (١٨٨٨-١٩٥٨)و جەعفەر عەسکەری (١٨٨٥ - ١٩٣٦) لەگەڵ راوێژکارەکەیدا کە جۆرج فیلبی بوو بەدوایەکدا و بەپەلە لە وڵاتی عێراق دوورخرانەوە، ئیدی لێرە بەدواوە میر فەیسەڵ کەسێکی ئەوتۆتەمما پێشبڕکێیکات لەمبارەیەوە.[٤٣]

واتە لە یەکلاییکردنەوەی ئەم هاوکێشانە بەدواوە زەمینە خۆشبوو بۆئەوەی لەکاتێکی گونجاودا کۆنگرەکە دەست بە کارەکانی خۆی بکات و شوێنی بەستنی دەستنیشانبکرێت وەك ئەوەی ١٢ - ٣٠ مارتی ١٩٢١ یەکلاییکرایەوە و شوێنی بەستنەکەشی خرایە شاری قاهیرەی وڵاتی میسرەوە. بۆ راییکردنی کارەکانیش پێشوەخت شاندێکی بەریتانی - عێراقی لە ٢٢ مانگی شوباتەوە، بە سەرۆکایەتی نوێنەری باڵای بەریتانیا سێر پرسی کۆکس بەرەو قاهیرە بەڕێکەوتن لەوانە: جەنەراڵ هاڵدین فەرماندەی هێزەکانی بەریتانیا لە عێراق، گرترۆد بێڵ سکرتێرەی رۆژهەڵاتی دەزگای باوەڕپێکراوی بەریتانی، جەنەراڵ ئەتەکسن راوێژکاری هاتوچۆ، سێر سلایتەر سەرپەرشتیاری دارایی و هەریەك لە کۆلۆنێل فریس و کۆلۆنێل ستیوارت و فەرماندەی هێزەکانی پاشایەتی لە عێراق، سەرەڕای راوێژکاری وەزارەتی بەرگری بەوەکالەت (مێجەرنەیدی) شانبەشانی ئەوانیش دوو وەزیری عێراقی لە حکومەتە کاتییەکەی عەبدولرەحمان نەقیب واتە جەعفەر عەسکەری و ساسۆن حەسقیل (١٨٦٠-١٩٣٢)ی بەرەگەز جوولەکەی وەزیری دارایی، بە سیفەتی ئەندامی راوێژکار ئامادەی کۆنگرەکە بوون.[٤٤] پاشان لە سەرەتای مانگی مارت و بەچەند رۆژێك پێش بەستنی کۆنگرە وەزیری وڵاتانی داگیرکراو ونستۆن چەرچڵ بەیاوەری شاندێکی بەریتانی کە بەزۆری پێکهاتبوون لە مارشاڵی فڕۆکەوان هۆك ترینشار سەرۆکی دەستەی فڕۆکەوانی، جەنەراڵ دیب راد کلیف بەڕێوەبەری پرۆسەی سەربازی، لە بەشی داراییش هەریەك لە میستەر کروسلاند و سێر جۆرج باستۆ و لە بەشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش چەند فەرمانبەرێکی نیداری یاوەری بوون، سەرەتا لە مارسیلیاوە گەیشتنە شاری ئەسکەندەریە

و پاشان بۆ قاهیرە، بەزۆری ئەو بابەتانەشی کە لە چوارچێوەی کۆنگرەکەدا باسیانلێوەکرا، بەزۆری پەیوەستبوون بە عێراق و باشووری کوردستانەوە وەك لە کارنامەی کۆنگرە و لەرێگای لیژنەکانییەوە گفتوگۆی چڕوپڕیان لەبارەوەکرا و بەشێوازێکی سەرەکی ئەم خاڵانەی لای خوارەوەی دەگرتەوە:

١. پەیوەندی دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراق بە بەریتانیای گەورەوە لەرووی خەرجییەوە.
٢. باسکردن و هەڵسەنگاندنی ئەوانەی کە خۆیان بۆ تەختی پاشایەتی عێراق پاڵاوتبوو.
٣. بارودۆخی ناوچە کورد نشینەکان و پەیوەندی بە عێراقەوە.
٤. جۆر و شێوەی ئەو لەشکرەی کە لەداهاتوودا لەعێراقدا دادەمەزرێت و ئەو شێوازی داکۆکیکردن و بەرگریکردنەی کە دەکەوێتەئەستۆیەوە.(٤٥)

دەسپێکی کارنامەی کۆنگرە رۆژی شەممە ١٢/٣/١٩٢١ لە میوانخانەی (سەمیر ئەمیس) بە سەرۆکایەتی ونستۆن چەرچڵ بەرێوەچوو، تیایدا دوو لیژنە لە بواری سەربازی و سیاسیدا دەستنیشانکران و لەهەماندانیشتندا هەریەك لە: سێر پرسی کۆکس و جەنەراڵ هاڵدینی فەرماندەی هێزە سەربازییەکانی بەریتانیا لە عێراق، لەسەرئەوە پێکهاتن وەك سەرەتایەك دەستبەکشانەوەی هێزەکانی بەریتانیا بکرێت لە عێراق. یەکێکیدی لەو بابەتانەی نوێنەری باڵا واتە کۆکس خستییەبەرچاوی ئەندامانی کۆنگرە، خوێندنەوەی ناوی ئەو کەسایەتییانەبوو کە پاڵێوراوبوون بۆ تەختی پاشایەتی عێراق و پاشان گفتوگۆکردن لەسەر لێبوردنێکی گشتی بۆ هەموو ئەو عێراقییانەی کە لە شۆڕشی ١٩٢٠دا دژی فەرمانڕەوایانی بەریتانیا جەنگابوون.(٤٦) شانبەشانی ئەوانەش کەسایەتییەکی وەك میر فەیسەڵ هەرچەندە بەریتانیا بەتەواوی پشتگیریلێدەکرد و دەیەویست، لە مەسەلەی بەرێوەبردنی تەختی پاشایەتی عێراقدا، سەرپەبخات، بەڵام وەکتر ئەرکێکی واگرنگ و گرانی بەئاسانی پێبەرێوەنەدەبرا، بۆیە لێرەبەدواوە کەوتە ئەوەی پەیوەندی بەهەموو ئەو کەسایەتییانەوە بکات کە لێیەوە نزیکبوون و پێویستی بە هاوکارییان هەبوو، لە بەرێوەبردنی دەسەڵاتدا لە عێراق، بەتایبەتی ئەو کەسایەتیانەی کە لەکاتی فەرمانڕەوایەتی سوریایدا، لەگەڵیدابوون و ئەوانەشی کە لەماوەی فەرمانڕەوایەتی عوسمانیدا کاربەدەست بوون و گەڕابوونەوە عێراق، چونکە کەسێکی وەك میر فەیسەڵ لە دوو خوولی

پەرلەمانی عوسمانیدا ئەندامبووە و گەلێك کەسایەتی لەو رۆژگارەدا ... هەرکە کۆنگرەش کۆتایی بە کارەکانی هێنا، نوێنەری بالاّی بەریتانیا لە ۱۹ی نیسانی هەمان سالّدا گەرایەوە بەغدا و دوابەدوای ئەوە بەماوەیەك، میر فەیسەلّ لە ۱۲ی حوزەیرانی ۱۹۲۱دا لە شاری (جدە)وە و بە پاپۆری (نۆرس برۆك) بەرەو شاری بەسرە بووەوە. لە ۲۳ی حوزەیراندا بە یاوەری کۆمەلێك لەسەرکردە هەلاّتووەکانی شۆرشی ۱۹۲۰ و بەشێك لەوانەی کە لە حکومەتی عەرەبی سوریادا هاوکاریبوون گەیشتەجێ و پاشان لە ۲۹ی حوزەیراندا گەیشتە بەغدا. بەلاّم لە۱۱ی تەمووزدا ئەنجومەنی وەزیرانی کاتی عێراق بریاری لەسەرئەوەدا کە میر فەیسەلّ وەك شای عێراق بناسێت، بەومەرجەی پێکهێنانی حکومەتەکەی لەسەر بنەمایەکی دەستووری نیابی و پابەندییت بە یاساوە.(٤٧)

دواتر لەو پرۆسەی دەنگدانەدا کە لە چوارچێوەی لیواکانی ئەوکاتەی عێراقدا بەرێوەچوو. سەبارەت بە دانانی میر فەیسەلّ، بەزۆری دانیشتوانی لیوای کەرکووك دژیبوون و سلێمانیش بەشداریاننەکرد، بەلاّم هەریەك لە لیواکانی هەولێر و مووسلّ مەرجیان هەبوو لەسەر دەقی برواهێنانەکە، لەوانە دەستەبەربوونی مافی کەمینەکان لە دامەزراندنی ئەو ئیداراتانەی کە لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە بەلێنیانپێدرابوو لە پەیماننامەی سیڤەردا،(٤٨) کەچی لەسەرووی هەموو ئەوانەشەوە کارێکی واکرا میر فەیسەلّ لە رێورەسمێکی فەرمی و جەماوەریی گەورەدا کە بەئامادەبوونی سێر پرسی کۆکسی نوێنەری بالاّی بەریتانیا لە عێراق و لە ۲۳ی ئابی ۱۹۲۱دا بەرێوەچوو تاجی شاهانەی لەسەربنرێت و هەر لەهەمانرۆژدا حکومەتی کاتی عێراق دەستیلەکارکێشایەوە، بەماوەیەك دوای ئەمە لەسەر پێشنیاری شا فەیسەلّ و لە ۱۲ی ئەیلولی هەمانسالّەوە، بۆ جاری دووەم عەبدولرەحمان نەقیب وەزارەتی پێکهێنایەوە.(٤٩) بەریتانیاش بۆئەوەی لێرەبەدواوە رەوایەتییەکی زیاتر بە مانەوەی خۆی بدات لەعێراقدا و بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لەناوچەکەدا، یەکەمین رێکەوتننامەی خۆی لە ۱۰ی تشرینییەکەمی ۱۹۲۲ لەگەلّ ئەم دەسەلاّتە نوێیەدا مۆرکرد و بۆ رۆژی دواتر بنەماکانی لەهەریەك لە لەندەن و بەغدا بلاّوکرایەوە.(٥٠)

سەبارەت بە ناوچە کوردنشینەکانیش وەك دەبینی کۆنگرەی قاهیرە: ((بایەخێکی زۆری بە مەسەلەی کورددا، بەلاّم ئالۆگۆرێکی ئەوتۆ لە سیاسەتی ئینگلیز بەرامبەر بە کوردستان رووینەدا)) بۆ نموونە دەستەی هاوبەشی کۆنگرە لە کۆبوونەوەی چوارەمیدا کە رۆژی ١٦ی مارت

بەڕێوەچوو لەکاتێکدا سەرۆکی دەستەی هاوبەش راوێژی بەرفراوانی لەگەڵ نوێنەری باڵای بەریتانیا سێر پرسی کۆکس و جەنەراڵ ئیرونسایددا کرد و بڕیار لەسەرئەوەدرا کە لیژنەیەکی لاوەکی (فرعی) پێکبهێنرێت بە سەرۆکایەتی جەنەراڵ ئیرونساید بۆ لێکۆڵینەوەکردن لەسەر مەسەلەی کورد. سەرەڕای ئەوەش هەرچەندە لیژنەکە نەیتوانی بگاتە بڕیارێکی روون و کۆتایی بە دووریشیزانی ناوچەکە بخاتەژێر دەسەڵاتی حکومەتێکی نیشتمانییەوە، بەڵکو وای بەباشزانی کە نوێنەری باڵای بەریتانیا خۆی سەرپەرشتیاریی ئەم ناوچەیە بگرێتەئەستۆ تا ئەوکاتەی دەگەنە بۆچوونێکی کۆتایی و لەلایەکیدییەوە بڕیار لەسەرئەوەشدرا کە هێزێکی خۆجێی تیاپێکبهێنرێت بەمەبەستی پاراستنی ئاسایش و هەروەها بڕیار لەسەرئەوەشدرا ئەو یەکە سەربازییانەی کە لە کەرکووك و مووسڵدان و ژمارەیان بیست و سی یەکەیە کەمبکرێنەوە بۆ هەشت یەکەی سەربازی.[٥١]

لەلایەکیدیشەوە ئەندامانی کۆنگرە بەتەواوی لەوەگەیشتبوون کە کاروبارەکان لە ناوچە کوردنشینەکاندا ئەرێگای بەکارهێنانی هێز و خۆسەپاندنەوە ئەنجامێکی ئەوتۆینابێت، بەڵکو **پەنابردن بۆ کاری توندوتیژی و زۆرلێکردن لە ناوچە کوردنشینەکاندا:** ((دەبێتە هۆی زیادبوونی **بەرهەڵستی و پێکدادان)) بۆئەمەش پێشنیاری کۆنگرە ئەوەبوو:** ((بەڕێوەبردنی ناوچە کوردنشینەکان بەشێوازێکی راستەوخۆ لەژێر دەسەڵاتی نوێنەری باڵای بەریتانیادا بێت تا ئەوکاتەی ئەنجومەنی نوێنەرایەتی کورد بیروڕای پەیوەندداری لەگەڵ عێراقدا دەردەبڕێت)). یەکێك لە سوودەکانی ئەم سیاسەتەش ئەوەیە تا حکومەتی بەریتانیا بتوانێت هێزێکی سەربازی لە کوردەکان پێکبهێنێت لەژێر سەرپەرشتی ئەفسەرانی ئینگلیزدا و ئەم هێزە کوردییەش زۆر لە بەریتانیەکان باشتردەبێت بۆ پاراستنی ئاسایشی سنوورەکان، هەربۆیە بڕیاردرا کە هێزی (لیڤی) بە شانە کوردی و ئاشوورییەکان بەهێزتربکرێن بەو ئومێدەی هێزەکانی ئیمبراتۆرییەتی بەریتانی لەسەر سنوورەکان کەمتربکرێنەوە.[٥٢]

مەبەستی فەرمانڕەوایانی بەریتانیا لە هەنگاوێکی وادا بۆئەوەبوو کە بتوانێت سوود لەو هێزە چەکدارییە وەربگرێت کە لەناوچەکەدا پێکیبهێنێت بۆهەر مەبەستێك کە بیەوێت بەکاریانبهێنێت، هەروەها ئەو هێزە چەکدارەی خۆشیان کە ساڵەها بوو لە رەگەزی جۆربەجۆر لەم ناوچانەدا کۆیانکردبوونەوە و ئەرکێکی دارایی زۆری خستبووە ئەستۆیانەوە لەوشوێنانەدا بەکاریانبهێنن کە لەرووی داگیرکارییەوە لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیادا بوون. هەربۆیە کەسێکی

وەک نوێنەری باڵای بەریتانیا لە عێراق واتە سێر پرسی کۆکس [illegible] لە کۆنگرەی قاهیرەدا ئەوەبوو، بەگەڕانەوەی بۆ عێراق ئەوا: ((هێزێکی [illegible])) لە دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکان.(٥٣) مەبەستیان لەمەدا بۆئەوەبوو [illegible] هێزەکانی بەریتانیا لە ناوچەکە کشانەوە، ئەمانیدی بتوانن، جێگاکانیان پڕبکەنەوە [illegible] و جێبەجێکردنی هەنگاوێکی لەم بابەتەش پێویستە لەسەر (میستەر کروسلاند، [illegible] و داراییەی کە لە ئەنجامی ئەم ئاڵوگۆڕەوە دەستدەکەوێت بۆ ساڵانی ۱۹۲۱- ۱۹۲۲ [illegible].(٥٤) لێکدانەوەیەکی ئەوتۆش بەڵگەی ئەوەمان دەداتەدەستەوە کە فەرمانڕەوایانی بەریتانیا [illegible] بەوردییەوە مامەڵەیان لەگەڵ ئەم دۆسیەیەدا کردووە و چۆن بیریان بۆئەوەچووە کە هەنگاوێکی لەم بابەتە تاچ رادەیەك خزمەت بە داهاتی دارایی و ئەو ئەرکە داراییەیان دەکات کە ئەوان لەرووی خەرجی جەنگییەوە لەناوچەکەدا سەرفیانکردووە. لەلایەکیدیشەوە زۆر دووربینبوون لە سەرخستنی پرۆسەیەکی وادا و حیسابیان بۆئەوەکردووە کە دەبێت: ((هاوکاری تەواو لەنێوان هێزە ئاسمانی و هێزەکانی لیڤی))یاندا هەبێت بۆ جێبەجێکردنی پلانەکەیان. بیرکردنەوەی فەرمانڕەوایانی بەریتانیا لە پێکەوەنانی هێزێکی سەر بەخۆیان و لەژێر کۆنترۆڵی خۆیاندا بەڕادەیەکی زۆر بۆئەوەدەگەڕێتەوە کە ئەوان بەردەوام لە تورکەکان و گەڕانەوەی تورکەکان بۆ ناوچەکە ترساون و هەر لەخۆڕاش نەبووە کەسێکی وەك مێجەر نۆئێل لە چوارچێوەی ئەم کۆنگرەیەدا بڵێت: ((تورکەکان کوردەکان دژی ئێمە بەکاردێنن و ئێستە کە هێزەکانمان هەندێك لە ناوچە کوردییەکانیان چۆڵکردووە، تورکەکان تەقەلای ئەوەدەدەن سلێمانیش لە دەسەڵاتی ئێمە دووربخەنەوە)) لەکاتێکدا کە ئەمەشیان بۆ نەچێتەسەر ئەوان زۆر پێیانباشتربووە دەسەڵاتێکی کوردی، لەناوچەکەدا بێتەکایەوە. بۆئەوەی ببێتە لەمپەرێك لەنێوان تورك و عەرەبدا و هاوکات دەبێتە مایەی ئەوەی کە ئەم دەسەڵاتە رێگربێت لەهەر: ((دەستدرێژییەك کە بکرێتەسەر سوود و بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لە میسۆپۆتامیا))، هەروەها کارێکی واشبکرێت ئەم ناوچەی کە دەکەوێتەژێر دەسەڵاتی کوردەوە لەرووی داهات و دەرامەتەوە کۆسپی بۆ دروستنەکرێت و دەرامەتێکی باش تەرخانبکرێت بۆ کوردستان.(٥٥)

بەپێی لێکدانەوەشمان لە چوارچێوەی کۆنگرەی قاهیرەدا هەریەك لە: مێجەر [illegible] مێجەر یونگ و تەنانەت وینستۆن چەرچڵی وەزیری وڵاتانی داگیرکراوی بەریتانیا [illegible] کۆنگرەی قاهیرە، بەسەریەکەوە بۆچوونێکی تاڕادەیەك باشیان هەبووە بەرامبەر [illegible]

بارودۆخی ناوچە کوردنشینەکان بۆنموونە کەسێکی وەك ونستۆن چەرچڵ دوای گوێگرتن لە پێشنیاری ئەوانی پێش خۆی هەر لە مەسەلەی (دەسەلاتی تورك لە ناوچەکە)و (هەژمورونی عەرەب بەسەر کورددا)و (هەڵبژاردن لە ناوچە کورنشینەکان)و (ناردنی هێزی لیڤی عەرەبی بەریتانی بۆ کوردستان).. ئەو زۆر لەبوونی تورکەکان و هەڕەشەیان ترساوە لەسەر بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا بۆیە وای بەباشزانیوە کە: ((سەرۆکێکی کورد پاڵپشتیبکرێت و یارمەتیبدرێت و رێگەی کاروبار و بازرگانی بۆ ئاسانبکرێت بەمەرجێك ئەوە ببێتەهۆی ئەوەی رێگا لە تورکەکان بگرێت کە نەتوانن لەو ناوچەیەدا سیاسەتی خۆیان بخەنەکار دژی بەرژەوەندی بەریتانیا))، هەروەها زۆر بەڕوونی قسەی لەسەر ئەوەشکردووە کەسایەتییەکی وەك میر فەیسەڵ کە دەبێتە فەرمانڕەوای ولاتی عێراق، لەداهاتوودا بەهێزبوو، توانای سەربازی بەهێزی هەبوو ئەوا: ((دوورنییە دوای ئەوە مافی کوردەکان پشتگوێبخات و گوێنەداتە هەست و خواستیان کە ئەنجامی ئەمە بەوەدەگات زوڵم لە کوردەکان بکرێت)) بۆ چارەسەرکردنی ئەوەش ئەو زۆر بەباشیزانیوە ئەوکاتە دەبێت: ((حکومەتێکی کوردی لەنێواندا هەبێت)).(٥٦)

کارنامەی کۆنگرە لە ناونیشانێکی سەربەخۆیدا سەبارەت بە کوردستان و ناوچە کوردنشینەکان جەخت لەسەر: ((پێشخستنی گوزەرانی دانیشتوانی کورد)) دەکاتەوە و هەروەها باس لەوەشدەکات کە نابێت کوردستان ببەسترێت بەو دامودەزگایانەوە کە: ((کاروباری ئینتداب)) بەڕێوەدەبات، بەڵکو لەلایەن نوێنەری بالای بەریتانیاوە بەڕێوەببرێت و کاریش لەسەرئەوەبکرێت: ((کە ئەنجومەنێکی ناوچەیی لە سەرکردەکانی کورد پێکبێت)). ونستۆن چەرچڵی وەزیری ولاتانی داگیرکراو و سەرۆکی کۆنگرەش لە بەشدارییەکیتریدا و لە چوارچێوەی کارنامەی کۆنگرەدا لەبارەی پەیوەندی عێراق بە کوردستانەوە نووسیویەتی: ((پێویستە سیاسەتی بەریتانیا هیوا و ئاواتی گەلی کورد پشتگوێنەخات، بەڵکو لەبەرچاوی بێ و حیسابی بۆبکات و پێویستە هەردوولا بە دوو شێوەی جیاواز بەڕێتبەرێوە و هەوڵبدرێت بەشێنەیی لێکنزیکبکرێنەوە))،(٥٧) تەنانەت بە ماوەیەکیش دوای بەستنی کۆنگرەی قاهیرە کەسایەتییەکی وەك ونستۆن چەرچڵ وایلێهاتبوو کە بگاتە ئەو قەناعەتەی چەند رێنمایی و فەرمانێکدەربکات بۆ (فەرمانگەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست - دائرة الشرق الاوسط) لەوانە: گەڕانەوەی مێجەر نوئێل بۆ کوردستان و هەروەها گەڕانەوەی شێخ مەحمود بۆ شاری سلێمانی و پابەندبوونی تەواو بە بڕیارەکانی کۆنگرەی قاهیرەوە.(٥٨) ئەمەش لەکاتێکدابوو کە لەلایەن کەسانی وەك: سێر پرسی

کۆکس و گرترۆد بێڵەوە دژایەتییەکی زۆر دەکرا تەنانەت ئەو ... ئەوەدابوون: ((ناوچە کوردییەکان وەکو پارچەیەك لە عێراق بهێننەوە)). هەرچەند ... قسە ئەسەرئەوە هەبوو: ((ناوچە کوردییەکان هانبدرێن بۆ جیابوونەوە)). بەڵام ... هەموو ئەو بۆچوونانەی سەبارەت بە ناوچە کوردنشینەکان دەوتران بە لێکدانەوەی ... کۆکس بە هەواداری جیاخوازی (انفصال) دەزانی و بەردەوام رووبەڕوویدەبووەوە، وەك نامەیەکیەتی کە بۆ وەزیری ولاٚتانی داگیرکراوی ناردووە دەنووسێت: ((ئەگەر رێگادرا بە جیابوونەوەی ... ئەوا بەسرە و کۆمەڵگەکانیدی هەمان رێرەو دەگرنەبەر و ئەوکاتە رازیکردنیان زۆر قورس دەبێت)). بەلاٚم کەسێکی وەك هەربەرت یونگ کە مێجەر نۆئێل لەگەڵ بۆچوونەکەیدا بوو بەپێچەوانەوە زۆر بەخێرا و بێدواکەوتن داوای پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆی دەکرد لەژێر چاودێری راستەوخۆی نوێنەری بالاٚی بەریتانیادا، بێئەوەی بەشێکبێت لە عێراق یا لە چوارچێوەی بەرپرسیاری حکومەتەکەیدابێت.[٥٩]

ئەمانە و گەلێك راوبۆچوونی جیاواز لەسەر ناوچەکە و بەتایبەتی عێراق و کوردستان لە کۆنگرەی ناوبراودا هاتەکایەوە، تا ئەوکاتەی کۆنگرە لە ٣٠ی مارتی ١٩٢١ کۆتایی بە دانیشتنەکانی هێنا و لەعێراقیشدا دەسەلاٚتی نوێ هاتبووەکایەوە و کەسێکی وەك میر فەیسەڵ دوای گەیشتنی بە عێراق و لە رێوڕەسمێکی بەرچاودا لە ٢٣ی ئابی ١٩٢١دا بوو بە شای عێراق. ئەوەشی کە پەیوەستبوو بێت بە کوردستان و ناوچە کوردنشینەکانەوە، بەزۆری سەرهەڵدانی ئەو راپەڕین و دەنگە نارازییانە بوو کە رۆژبەرۆژ بەڕووی بەریتانیا و سیاسەتی بەریتانیادا سەرچاوەیاندەگرت لەوانە: سەرهەڵدان و راپەڕینەکانی مەحمود خانی دزڵی دوای ئازادکردنی لەلایەن بەریتانییەکانەوە و هێرشەکانی بۆسەر بنکەکانیان لە هەڵەبجە و دەوروبەری و کوشتنی ئەفسەری بەریتانی (گیبۆن - gibbon)، هەروەها سەرهەڵدانی راپەڕینی شێخ فەرەجی بانیبنۆك و رووبەڕووبونەوەی لەگەڵ بەریتانیەکاندا، نزیك کانیاوی (رەنگێنە)ی سەربە شارۆچکەی خورماڵ، لە مانگی حوزەیرانی ١٩٢٢دا کە دەبێتە مایەی ئەوەی دواتر هێزەکانی بەریتانیا بە فەرماندەیی (جەنەراڵ نایتنکیل) دەست بەسەر گوندەکەیدا بگرن و بیسووتێنن. سەرباری رووبەڕووبونەوەکانی سەید محەممەدی جەباری کە بە هاوکاری کەمالییەکانی تورك هێرشیکردە ... بنکەی بەریتانییەکان لە ناوچەی کەرکوك و چەمچەماڵ، لەگەڵ ئەوەشدا کەسێکی ... بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند بوو بە هاوکاری و ئەنجامەکەشی بووەمایەی کو...

(ماکانت) لەنزیك دەربەندی بازیان بە دەستی چەکدارەکانی کەریم بەگ لە مانگی ئابی هەمانساڵەوە لە ناوچەی رانیەشەوە هەمانهەڵوێست دژی بەریتانییەکان سەرچاوەیگرت و هێزەکانی بەریتانیا لەژێر فشاری هێزی عەشایەر و تورکەکاندا بە فەرماندەیی (ئۆزدەمیر پاشا- عەلی شەفیق) توانیان دەستیبەسەردابگرن بەجۆرێك هێشتا بارودۆخ لە ناوچەی رانیە و دەوروبەریدا لەنەویەری هەڵایساندابوو، بۆ جارێکیدی مەحمود خانی دزڵی لە تەوەری سلێمانییەوە بۆ جارێکیدی سەریهەڵدایەوە و داوای حکومدارییەتێکی کوردی دەکرد لەناوچەکەدا بەرێبەرایەتی شێخ مەحمود.[٦٠]

هەرچەندە وەك پێشتر ئاماژەمان بۆکرد بەپێی ئەو لێبوردنەی کە فەرمانڕەوایانی بەریتانیا بۆ دوورخراوە عێراقییەکانی سەردەمی شۆڕشی ساڵی ١٩٢٠ دەریانکرد و کۆمەڵێك کەسایەتی گەڕانەوە ولات، کەچی ئەو بڕیارە شێخ مەحمودی حوکمداری کوردستان و شێخ حەمە غەریبی هاوەڵی نەگرتەوە، هەرئەوەنەبێت لە ١٣ی کانوونی دووەمی ١٩٢٢ەوە بەریتانییەکان لەرێگای پاپۆڕی (بنکورە)ەوە شێخ مەحمود و شێخ حەمە غەریبیان لە بۆمبایەوە گواستەوە و لە ٢٨ی هەمانمانگدا، گەیاندیانەتەوە (میرنشینی کۆیت)و دوای چەند مانگێك مانەوەی لەوێ، دووبارە لەژێر چاودێری خۆیاندا، لە ١٢ی ئەیلولی ١٩٢٢ەوە گواستراوەتەوە شاری بەغدا و لەمیانی دانوستانێکدا کە لەنێوان شێخ مەحمود و فەرمانڕەوایانی بەریتانیدا بەڕێوەچووە، بەڵێنیداوە کە داکۆکی لە شاری سلێمانی بکات و نەهێڵێت بکەوێتەژێر دەسەلاتی تورکەوە، هەروەها بڕیاری لەسەرئەوەشدا تورکەکان لە ناوچەکانیتری سەربە سلێمانیدا بکاتەدەرەوە و هیچ دەستێوەردانێکیش لە ناوچەی کەرکوك و هەولێردا نەکات و رازیشبێت بەوەی کە مێجەر نوئێل ببێتەوە راوێژکاری، بەرامبەر بەوە هەریەك لە حکومەتی بەریتانیا و عێراق ئەوەی لەتواناياندابێت دەیخەنەگەڕ بۆ یارمەتیدان و گەشەکردنی گیانی کوردایەتی و هەستی نەتەوایەتی. شا فەیسەڵیش لای خۆیەوە رێگای بە ژمارەیەك ئەفسەری کورددا لە سوپای عێراق بەوەی کە خزمەتی سەربازی خۆیان بگوازنەوە سلێمانی، بەمەبەستی رێکخستن و راهێنانی هێزە لیڤییە سەربازییە تایبەتەکەی.[٦١] ئەوەبوو دوای ماوەیەکی کەم لە مانەوەی لە شاری بەغدا و لە ٢١ ئەیلولی ١٩٢٢دا دەگاتە وێستگەی شەمەندەفەر لە ئەسکی کفری نزیك بە گوندی قنگربانی ئەمڕۆ و پاشان بەمەبەستی پێکهێنانەوەی حوکمداریەتی دووەمی کوردستان دەگەڕێتەوە شاری

ـبـەمی و لە ١٠ی تشرینییەکەمی هەمانساڵدا کابینەی حوکمڕانی ... سەرۆکایەتی
شێخ قادری برای پێکدەهێنێنێتەوە.(٦٢)

دەرئەنجام

لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەی، سەبارەت بە خەباتی چەکداری و سیاسی شێخ مەحمود لە کێشمەکێشە سیاسییەکانی بەریتانیا و لەماوەی ساڵانی (١٩١٤ - ١٩٢٢) بەدواداچوونی بۆ کردووە، دەبینیت شێخ مەحمود بەرلەوەی وەك کەسایەتییەکی سیاسی و لەژێر کاریگەری بیری نەتەوەییدا خەباتی خۆی درێژەپێبدات، بە حوکمی ئەو بنەماڵە ئاینییەی کە تیایدا زیاتر گاریگەربووە بە ڕێبازی تەریقەت و بیر و فیکری ئایینی، بۆیە شانبەشانی فەرمانڕەوایەتی عوسمانی لە شەڕی شوعێبەی١٢ نیسانی ١٩١٥دا لەژێر دروشمی ئایینی و غەزاکردندا دژی داگیرکاریی بەریتانیا جەنگاوە و بەماوەیەك دوای ئەوە لە بەرەی شاری سلێمانی- پێنجوێنەوە ڕووبەڕووی داگیرکاریی روسیا بووەتەوە. بەتایبەتی لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا و تەنانەت هەردوو لاشیان، واتە بەریتانییەکان و دواتر روسەکانیش هەوڵیانداوە لەگەڵیدا ڕێکبکەون، بەمەبەستی ئەوەی دژی دەوڵەتی عوسمانی هاوکاریانبێت .

هەر لەدرێژەی ساڵانی جەنگیشدا شێخ مەحمود ئەوەی بۆدەردەکەوێت کە دەوڵەتی عوسمانی گوڵۆڵەی لە لێژیدایە بۆیە بە راوێژکردن لەگەڵ کۆمەڵێك کەسایەتی ئەو دەمانەی باشووری کوردستان، دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە خۆی لە فەرمانڕەوایانی بەریتانی نزیکبکاتەوە و بە هاوکاری ئەوان و راوێژکاری ئەوان یەکەمین حوکمداریەتی خۆی لە کۆتاییەکانی جەنگی یەکەمدا پێکبێنێت، بەڵام لەلایەك بەهۆی خۆساغنەکردنەوەی تەواویی خۆی لەگەڵ ئینگلیزدا و دەسبەردارنەبوونی لە تورکەکان و هەوڵدانی بۆ فراوانخوازیی دەسەڵاتە ساواکەی و هەروەها بەشدارکردنی کەسوکارە نزیکەکانی لە شوێنە هەستیارەکانی حوکمدارییەتەکەیدا، دەبێتە مایەی ئەوەی فەرمانڕەوایانی بەریتانیا بەتەواوی دڵیان لێیکرمێبێت و بکەونە ئەوەی خۆیان بەشێوازێکی راستەوخۆ دەسەڵاتی باشووری کوردستان بگرنەدەستەوە و دوای ڕووبەڕووبونەوەیەکی سەربازیی، شکستی تەواو بە شێخ مەحمود و حوکمدارییەتەکەی بهێنن و دوای دادگاییکردنی لە کوردستانیش دووریبخەنەوە.

لەوماوەیەشدا کە حوکمی ڕاستەوخۆی بەریتانیا لە باشووری کوردستاندا سەرچاوەدەگرێت، بۆ ماوەیەك نەبێت، وڵاتی عێراق و ناوچەکە ئارامییەکی ئەوتۆ بەخۆوەنابینێت، بەهۆی ئەو ڕاپەرینە جەماوەرییانەی کە لە چوارچێوەی عێراق و باشووری کوردستاندا دێنەکایەوە کە لە مێژووی عێراق و باشووری کوردستاندا بە ڕاپەڕین یان شۆڕشی ١٩٢٠ ناسراوە، بەڕادەیەکی زۆر ئەم هەلومەرجە و سیاسەتی ئینتدابی بەریتانیا دەبێتەهۆی ئەوەی کە فەرمانڕەوایانی بەریتانیا بەدوای بەدیلێکدا بگەڕێن بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخی ناوچەکە، ئەوەش بۆخۆی بەستنی کۆنگرەی قاهیرەی ١٢- ٣/٣٠/ ١٩٢١ بوو سەبارەت بە هەلومەرجی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەچوارچێوەشیدا میر فەیسەڵی کوڕی شەریف حوسێنی مەککە وەك شایەك، بۆ عێراق دەستنیشانکرا و وردەوردە کار لەسەر ئەوەشکرا کە بۆ جارێکیدی شێخ مەحمود بگەڕێتەوە باشووری کوردستان.

•••

سەرچاوە و پەراوێزەکان

١. کمال مظهر احمد، کردستان فی سنوات الحرب العالمیة الاولی، ط٢، ت: محمد الملا عبدالکریم المدرس، (بغداد:١٩٨٤)، ص١٧٨.

٢. انظر للتفصیل: شکری محمود ندیم، الجیش الروسی فی حرب العراق ١٩١٤- ١٩١٧، ط٣، (بغداد: ١٩٧٤).

٣. ئەحمەد خواجە، چیم دی، ب ١، (بەغدا:١٩٦٨)، ل١٥؛ کمال مظهر احمد، المصدر السابق، ص ٢٠٤.

٤. ره فیق حیلمی، یاداشت، (سلێمانی: ٢٠٠٣)، ل٤٠.

٥. فاضل حسین واخرون، تاریخ العراق المعاصر، (بغداد: ١٩٨٠)، ص١٣.

٦. ڕەفیق حیلمی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٤٤–٤٥.

٧. عبدالحمن ادریس البیاتی، الشیخ محمود الحفید البرزنجی والنفوذ البریطانی فی کردستان العراق حتی عام ١٩٢٥، تقدیم: کمال مظهر احمد، (السلیمانیة:٢٠٠٧)، ص١٠٨، کمال مظهر احمد، کردستان فی.....، ص ١٨٦.

٨. سدیق ساڵح، حکومەتی کوردستان لە سلێمانی ١٩١٨– ١٩٢٤، (سلێمانی:٢٠٠٣)، ل ٣١.

٩. ڕەفیق حیلمی، یاداشت،ل٤٦–٤٧؛ عبدالرحمن ادریس البیاتی، المصدر السابق، ص١٠٨– ١٠٩.

١٠. کەمال نوری مەعروف، یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید لەسەر شۆڕشەکانی شێخ مەحموود، چ١، ل٣٩.

١١. ارنلد تی. و یلسون، بلاد مابین النهرین بین ولائین،خواطر شخصیة وتاریخیة، ت: فواد جمیل، تقدیم و مراجعة: الدکتور علاء نورس، (بغداد: ١٩٩٢)،ج٣، ص ١٥.

١٢. ئی. جەی.ئار، پوختەی کاروباری کاتی جەنگی جیهانی لە کوردستانی جنوبی، و:مەهاباد ساڵح، (سلێمانی:٢٠١١)، ل ٣٧، عبدالحمن ادریس البیاتی، المصدر السابق، ص ١١٢.

١٣. -المس بیل، فصول من تاریخ العراق القریب،کتاب یبحث عن العراق فی عهد الاحتلال البریطانی بین سنتی ١٩١٤-١٩٢٠، ت:جعفر الخیاط (بغداد:١٩٧١)، ص١٩٠-١٩١؛ ئی. جەی. ئار، س. پ، ل ٣٨- ٣٩.

١٤. ئی. جەی. ئار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨.

١٥. -انظر:موسى ابراهيم، قضايا عربية ودولية معاصرة، دار المنهل اللبناني، ط١، بيروت:٢٠١٠)، ص١٣٦.

١٦. عبدالرحمن ادريس البياتى، المصدر السابق، ص ١٢١؛ كەمال مەزهەر ئەحمەد، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیادا، بەرگی یەکەم، ئامادەکردنی: عەبدوڵلا زەنگەنە و شەملا تاهیر حسێن، (بیروت: ٢٠٠٨)، ل٧٢.

١٧. سر ارنلد ويلسون، المصدر السابق، ج٣، ص ٢٤؛ جرجيس فتح اللة، يقظة الكرد، تاريخ سياسي ١٩٠٠-١٩٢٥، (اربيل: ٢٠٠٢)، ص ٢٤٤.

١٨. کابتن لاین، کورد و عەرەب و بەریتانییەکان، بیرەوەرییەکانی کابتن لاین لەمەڕ ڕووداوەکانی باشووری کوردستان ١٩١٩-١٩٢٩، و: یاسین سەردەشتی، (سلێمانی:٢٠٠٧)،ل ٨٨-٨٩.

١٩. سروة اسعد، اراء و المواقف البريطانية حول شيخ محمود ١٩١٨-١٩٢٣، فی (یادنامەی شێخ مەحمود)،(سلێمانی:٢٠٠٦)، ص ٩٢.

٢٠. عبدالرحمن ادريس البيا تى، المصدر السابق، ص١٢٥.

٢١. م.ڕ هاوار، شێخ مەحموودی قارەمان و حکومەتی خولاوی کوردستان، ب١، (لەندەن:١٩٩٠)، ل ٤٤٨-٤٤٩.

٢٢. ئەحمەد خواجە، چیم دی، ب١، ل٣٨.

٢٣. خواجە، س.پ، ل ٣٧.

٢٤. م.ڕ هاوار،س.پ، ب١، ل٤٨٥-٤٨٧.

٢٥. عبد المنعم الغلامى، ثورتنا فى شمال العراق ١٩١٩-١٩٢٠، ج١، (بغداد: ١٩٦٦)، ص ٩٧.

٢٦. کەمال مەزهەر ئەحمەد، ویژدان و مێژوو یان دادگەریی موشیری حەمەی سلێمان، ڕەنگین (گۆڤار)، ژمارە (١٠٢)، ساڵی ١٩٩٧،ل ٩ ؛ سر ارنلد تی. ويلسون، المصدر السابق، ج٣، ص ٢٧.

٢٧. کەمال مەزهەر ئەحمەد، ویژدان و مێژوو، س.پ، ل ٩ ؛ سرارنولد تی. ويلسن، ج٣، ص٢٨.

٢٨. کەمال مەزهەر ئەحمەد، ویژدان و مێژوو، ل ١٠ " مستەر لاین، س.پ، ل ٩٠.

٢٩. عبدالرحمن ادريس البياتى، المصدر السابق، ص ١٤٤.

٣٠. كمال مظهر احمد، اضواء على قضايا دولية فى الشرق الاوسط (بغداد: ١٩٧٨)، ص ٢٠؛ ڕەشید شێخ عەبدولڕەحمان قادر، بەریتانیا - تورکیا - ئێران - کورد ١٩١٥- ١٩٣١، (هەولێر: ٢٠١٠)، ل ٥٧.

٣١. ڕەفیق حیلمی، یاداشت، ل ل ١١٣- ١١٤.

٣٢. مجيد اللامى، جزيرة هنجام الاماراتية منفى الساسة العراقيين المناهضين للانكليز، الملحق، الاثنين، ٢١/٥/٢٠١٢؛ کابتن لاین، س.پ، ل٩٠.

٣٣. بڕوانە: شێخ ڕەشید عەبدولڕەحمان قادر، س.پ، ل ل ٦٦- ٦٧.

٢٤. للتفصيل انظر: كمال مظهر احمد، دور الشعب الكردى فى ثورة العشرين العراقية،(بغداد: ١٩٧٨).

٢٥. انظر: ابراهيم الداقوقى، اكراد تركيا،دار اراس للطباعة و النشر،(اربيل:٢٠٠٨)، ص١٠٥وما بعدها؛ جاسم محمد حسن العدول واخرون، تاريخ الوطن العربى المعاصر، (الموصل:٢٠٠٥).

٢٦. فيليب ويلارد ايرلند، العراق دراسة فى تطورة السياسى، ت: جعفر خياط (بيروت: ١٩٤٩)، ص ١٥٣

٣٧. عبدالرزاق الحسنى، تاريخ الوزارات العراقية، ج١، ط٧، (بغداد: ١٩٨٨)، ص ١٤-٢٤.

٣٨. رجاء الخطاب،الحكومة العراقية المؤقتة، في المفصل في تاريخ العراق المعاصر، (بغداد: ٢٠٠٢)، ص ٢١٣.

٣٩. كەمال مەزهەر ئەحمەد، چەكێك لە مێژووی یەكەم چاپخانەی كوردی شاری سلێمانی، رۆشنبیری نوێ (گۆڤار)، ژمارە (٧٧)، تشرینییەكەمی ١٩٧٩، ل ٣٢-٣٣.

٤٠. م. ر هاوار، ب٢، ل ١٥٣.

٤١. ابراهيم خليل احمد، جعفر عباس حميدي، تاريخ العراق المعاصر، (الموصل:٢٠١٠)، ص ٣٠.

٤٢. ابرهيم خليل احمد و جعفر عباس حميدي، المصدر السابق، ص ٢٩؛ جاسم العدول واخرون، المصدر السابق، ص ٥٨.

٤٣. انظر للتفصيل: خالدة ابلال الجبوري، الابعاد السياسية للحكم الهاشمي ١٩٤١- ١٩٥٨، ط١، (دمشق: ٢٠١٢)، ص ٤٠-٤١؛ كابتن لاين، س. پ، ل ٨٠ ؛ ابراهيم خليل احمد، جعفر عباس حميدي، المصدر السابق، ص ٣١.

٤٤. سها طارق الجبوري، مؤتمر القاهرة والستراتيجية البريطانية في العراق، في المفصل في تاريخ العراق المعاصر، ص ٢٤٥؛ مير بصري، اعلام اليهود في العراق الحديث، دار الوراق، (لندن: ٢٠٠٦)، ص ٥٢-٥٨.

٤٥. الحسني، الوزارات، ج١، ص ٣٦؛ سها الجبوري، المصدر السابق، ص ٢٤٥.

٤٦. سها الجبوري، المصدر السابق، ص ٢٤٥- ٢٤٩.

٤٧. ابراهيم خليل احمد و جعفر عباس حميدي، المصدر السابق، ص ٣٢.

٤٨. عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ج ١، ص ٥٨.

٤٩. الحسني، المصدر السابق، ج١، ص ٧٣؛ ابراهيم خليل احمد و جعفر عباس حميدي، ص ٣٢-٣٣.

٥٠. عبدالرزاق الحسني، العراق في ظل المعاهدات، ط ٦،(بيروت: ١٩٨٣)، ص ١٠- ٢٢.

٥١. سها الجبوري، المصدر السابق، ص ٢٦٠.

٥٢. احمد عثمان ابو بكر، المسالة الكردية و مؤتمر القاهرة، خه بات، (جريدة)، العدد (٦٩٣)، ٩/٢٢/ ١٩٩٣.

٥٣. سها الجبوري، المصدر السابق، ص ٢٦١.

٥٤. احمد عثمان ابوبكر، المصدر السابق، ٢٢/٩/١٩٩٣.

٥٥. م. ر هاوار، س. پ، ب٢، ل ٧١.

٥٦. جرجيس فتح اللة، المصدر السابق، ص ٢٣٧-٢٣٨.

٥٧. احمد عثمان ابو بكر، المصدر السابق، ٩/٢٢/ ١٩٩٣.

٥٨. جرجيس فتح اللة، ص ٢٤٢.

٥٩. كورد و كوردستان لە بەڵگە نامە نهێنییەكانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا ١٩٢٠-١٩٢٢ و: شێركۆ فەتحوڵلا، (هەولێر: ٢٠١٢)، ل٤١؛ جرجيس فتح اللة، المصدر السابق، ص٢٨٥.

٦٠. انظر:جرجيس فتح اللة، المصدر السابق، ص ٢٤٧- ٢٤٩؛ عبدالحمن البياتي، المصدر السابق، ص ١٩٥، عبدالرقيب يوسف، بانگەوازێك بۆ روناكبیرانی كورد، لەپێناوی كۆكردنەوە و زیندووكردنەوەی كەلەپووری كوردیدا، (سلێمانی: ١٩٨٥)، ل١٠-١٢.

٦١. جرجيس فتح اللة، نفس المصدر، ص ٢٥٥.

٦٢. بروانە:جەمال خەزنەدار، بانگی كوردستان ١٩٢٢-١٩٢٦، (بەغدا: ١٩٧٤)، ژمارە (١٠)، ل٩٢.

لیستی سەرچاوەکان

أ. کتێبی بەڵگە نامەیی بەزمانی کوردی و وەرگێڕدراو

١. شێرکۆ فەتحوڵڵا، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانیادا ١٩٢٠– ١٩٢٢. ت. ئەحمەد عەبدوڵڵا، (هەولێر: ٢٠١٢).

٢. کەمال مەزهەر ئەحمەد، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیادا. ب ١. ت. عەبدوڵڵا زەنگەنە و شەهلا تاهیر حەیدەری، (بەیروت: ٢٠٠٨).

ب. یاددا شتنامە بەزمانی کوردی و وەرگێڕدراو

١. ئەحمەد خواجە، چیم دی، ب١، (بەغدا: ١٩٦٨).

٢. رەفیق حیلمی، یادداشت، (سلێمانی: ٢٠٠٣).

٣. کەمال نوری مەعروف، یادداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید لەسەر شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، (هەلێر: ١٩٩٥).

٤. کاپتن لاین، کورد و عەرەب و بەریتانییەکان، بیرەوەرییەکانی کاپتن لاین لەمەڕ ڕووداوەکانی باشووری کوردستان ١٩١٩– ١٩٢٩، و: یاسین سەردەشتی، (سلێمانی: ٢٠٠٧).

کتێبی چاپکراو بە زمانی کوردی و وەرگێڕدراو

١. ئی.جەی. ئار، پوختەی کاروباری کاتی جەنگی جیهانی لە کوردستانی جنوبی، و: مەهاباد ساڵح، (سلێمانی: ٢٠١١).

٢. جەمال خەزنەدار، بانگی کوردستان ١٩٢٢–١٩٢٦، (بەغدا: ١٩٧٤).

٣. سدیق ساڵح، حکومەتی کوردستان لە سلێمانی ١٩١٨– ١٩٢٤، (سلێمانی: ٢٠٠٣).

٤. م. ر. هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و حکومەتی خوارووی کوردستان، ب١، (لەندەن: ١٩٩٠).

٥. رەشید شێخ عەبدولڕەحمان قادر، بەریتانیا– تورکیا – ئێران – کورد ١٩١٥– ١٩٣١، (هەولێر: ٢٠١٠).

٦. عبدالرقیب یوسف، بانگەوازێك بۆ ڕووناکبیرانی کورد، لەپێناو کۆکردنەوە و زیندووکردنەوەی کەلەپووری کوردیا، (سلێمانی: ١٩٨٥).

وتارو لێکۆڵینەوە بەزمانی کوردی

١. کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەکێك لە مێژووی یەکەم چاپخانەی کوردی لە شاری سلێمانی، رۆشنبیری نوێ، ژمارە (٧٧)، ١٩٧٩.

٢. کەمال مەزهەر ئەحمەد، ویژدان و مێژوو یان دادگەریی موشیری حەمەی سلێمان، رەنگین، ژمارە، (١٠٢)، ١٩٩٧.

کتێبی چاپکرا و بە زمانی عەرەبی و وەرگێڕدراو

١. ابراهیم الداقوقی، اکراد ترکیا، (اربیل: ٢٠٠٨).

٢. ابراهیم خلیل احمد و جعفر عباس حمیدی، تاریخ العراق المعاصر، (الموصل: ٢٠١٠).

٣. جاسم محمد حسن العدول و اخرون، تاريخ الوطن العربى المعاصر،(الموصل:٢٠٠٥).

٤. جرجيس فتح الله، يقظة الكرد، تاريخ سياسى ١٩٠٠– ١٩٢٥، (اربيل:٢٠٠٢).

٥. خالدة ابلال الجبورى، البعاد السياسية للحكم الهاشمى فى العراق ١٩٤١–١٩٥٨، ط١، (ديمشق: ٢٠١٢)

٦. سر ارنلد تى ويلسن، بلاد مابين النهرين بين ولائين، ج٣، ترجمة: فواد جميل، (بغداد: ١٩٩٢).

٧. شكرى محمود نديم، الجيش الروسى فى حرب العراق ١٩١٤– ١٩١٧، ط٣، (بغداد: ١٩٧٤).

٨. عبد الرحمن ادريس البياتى، الشيخ محمود الحفيد البرزنجى و النفوذ البريطانى فى كردستان العراق حتى عام ١٩٢٥، تقديم: كمال مظهر احمد، (السليمانية: ٢٠٠٧).

٩. عبد الرزاق الحسنى، تاريخ الوزارات العراقية، ج١، ط٧، (بغداد: ١٩٨٨).

١٠. عبد المنعم الغلامى، ثورتنا فى شمال العراق ١٩١٩– ١٩٢٠، ج١، (بغداد: ١٩٦٦).

١١. فاضل حسين و اخرون، تاريخ العراق المعاصر، (بغداد: ١٩٨٠).

١٢. فيليب ويلارد ايرلند، العراق دراسة فى تطوره السياسى، ت: جعفر الخياط، (بغداد: ١٩٤٩).

١٣. كمال مظهر احمد، اضواء على قضايا دولية فى الشرق الاوسط، (بغداد: ١٩٧٨).

١٤. كمال مظهر احمد، دور الشعب الكردى فى ثورة العشرين العراقية، (بغداد: ١٩٧٨).

١٥. كمال مظهر احمد، كردستان فى سنوات الحرب العالمية الاولى،ت: محمد الملا عبد الكريم،ط٢، (بغداد: ١٩٨٤).

١٦. مس بيل، فصول من تاريخ العراق القريب ١٩١٤– ١٩٢٠، ت: جعفر الخياط، (بغداد: ١٩٧٦).

١٧. موسى ابراهيم، قضايا عربية ودولية معاصرة، (بيروت: ٢٠١٠).

١٨. مير بصري، اعلام اليهود فى العراق الحديث، (لندن: ٢٠٠٦).

وتار ولێكۆڵینەوە بە زمانى عەرەبى:

١. احمد عثمان ابو بكر، المسالة الكردية و مؤتمر القاهرة، خنبات، العدد (٦٩٣)، ٩/٢٢/ ١٩٩٣.

٢. سروة اسعد صابر، أراء والمواقف البريطانية حول الشيخ محمود ١٩١٨– ١٩٢٣، (يادنامەى شێخ مەحموود)، (سليّمانى:٢٠٠٦).

٣. سها طارق الجبورى، مؤتمر القاهرة والستراتيجية البريطانية فى العراق، فى المفصل فى تاريخ العراق، (بغداد: ٢٠٠٢).

٤. رجاء حسين الخطاب،الحكومة العراقية المؤقتة، المفصل فى تاريخ العراق المعاصر، (بغداد: ٢٠٠٢).

٥. مجيد اللامى، جزيرة هنجام الاماراتية منفى الساسة العراقيين المناهضين للانكليز، التاخى، ٥/٢١/ ٢٠١٢.

بەمەش بارزانی دوای (٧٦) ساڵ تەمەنی پڕلەنەهامەتی و هەوڵ و تێکۆشان و بەرگیکردن لە نەتەوەکەی.. بوویە خاوەن کەسایەتییەکی کاریزمایی و سیاسی و مێژوویی بەهێز و لاپەڕەیکی گەش و پڕبایەخی لە مێژووی کورد وکوردستان و نەتەوەکەی تۆمارکرد خۆیشی وەك کەسایەتییەکی پاڵەوانی مێژووی هاوچەرخی کورد ناسرا، هاوکات لەگەڵ ئەوانەشدا بارزانی توانی کێشەی کورد لە عێراقدا بگەیەنێتە ئاستێکی پێشکەوتووتر لە قۆناغەکانی رابردوو لە سەردەمی دەسەلاتی پاشایەتیدا بەمەش بارزانی بوویە شاسواری خەباتی کوردایەتی لە مێژووی هاوچەرخی کورد و کوردستان.. پێویستە نەوەی داهاتومان شانازی بەو سەرکردە مەزنەوە بکات کە چۆن تەمەنی خۆی تەرخانکردووە بۆ بەئاواتگەیشتنی کورد و بەدەستهێنانی مافە رەواکانی گەلی کورد.

کورتەیەك لە ژیان و کەسایەتی عەبدولکەریم قاسم

ئەو کەسایەتییەی توانی لە مێژووی عێراقدا وەرچەرخانێکی گرنگ و مێژوویی تۆماربکات و سیستەمی سیاسی فەرمانڕەوایەتی وڵات بگۆڕیت، کەسایەتییەك بوو ناسراو بوو بە عەبدولکەریم قاسم، ناوی تەواویشی (عەبدولکەریم جاسم محەمەد بەکر)ە، لە ١٩١٤/١١/٢١ لە گەڕەکی مەهدییەی بەری رەسافەی شاری بەغداد لەدایکبووە لە باوکێکی سوننە مەزهەب و دایکێکی شیعی کە ناوی (کەیفەیە حەسەن یەعقوب ساکنی) بووە، لە ساڵی ١٩٣٠ باوکی عەبدولکەریم قاسم لە داوایەکی رەسمیدا ناوی خۆی دەگۆڕیت لە جاسمەوە بۆ قاسم، عەبدوکەریم خاوەنی دوو برا بووە بە ناوەکانی (عەبدوللەتیف و حامید)و دووخوشك بە ناوەکانی (نامینە و نەجیبە).

باوکی کوڕی (بەکر زەبیدی)ە لە خێڵی زەبیدییە قەحتانییە، باوکی کرێکاری دارتاشی بوو ماڵەکەی لە بەغداد گواستەوە بۆ قەزای (سوێرە) سەربە پارێزگای کوت (واست)، بۆلای (عەلی محەمەد ئەلبەکری) برای کە ئەفسەرێکی کۆنی سەردەمی عوسمانی بوو، خاوەن زەوی کشتوکاڵی بوو، لەوکاتەدا عەبدولکەریم قاسم حەوت ساڵان بوو، لە ساڵی ١٩٢٢ لە سوێرە چووەتە قوتابخانە و هەتا پۆلی چوارەم لەوێبوون، ماوەی چوار ساڵ درێژە بە خوێندن دەدات، پاشان ماڵی باوکی دەگەڕیتەوە بۆ شاری بەغداد و لە گەڕەکی (قەمبەر عەلی) نیشتەجێدەبن، لە ساڵی ١٩٢٧ قاسم خوێندنی سەرەتای تەواودەکات و پاشان دەچێتە قۆناغی ناوەندی و لە

دواناوەندی (بەغداد)وەردەگیرێت و دەتوانێت بڕوانامەی ئامادەیی لە لقی وێژەیدا بەدەستبهێنێت، لە ساڵی ١٩٣١ -١٩٣٢ لە قوتابخانەی شامییە (کە شارۆچکەیەکی باشووری عێراقە) قاسم وەك مامۆستا دەستبەکاردەبێت و ماوەی ساڵێك دەمێنێتەوە و زۆر هۆگری وانەوتنەوە نابێت و پیشەی مامۆستای نەبوویە مایەی رەزامەندی خواستەکانی، چونکە ئەو کوڕی خانەوادەیەکی هەژاربوو، مەودای ئاوات و هیواکانی دوور و فراوانبوو دەیویست خەونەکانی لە بۆ گۆڕینی بوارە گشتییەکانی ژیانی کۆمەڵگەی عێراقی و رزگارکردنی لەژێردەستی داگیرکەر و چارەسەرکردنی کێشەی هەژاری بهێنێتەدی، بۆیە قاسم بیری لەدەستبەرداربوونی کاری مامۆستای کرد و رووەو سوپا هەنگاوینا و پێیوابوو کە لەرێگەی سەربازییەوە دەتوانێت گۆڕانکاری ریشەییبکات، لەراستیدا (محەمەد عەلی جەواد) کە سەرهەنگی فڕۆکەوان و سەرۆکی هێزی ئاسمانی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا کوڕی خاڵی قاسم بوو رۆڵێکی بەرچاوی بینی لەنزیککردنەوە و راکێشانی قاسم بۆناو کۆلێژی سەربازی و لە ساڵی ١٩٣٢ بەسەرکەوتوویی دەرچوو، لە ١٥نیسانی ١٩٣٥ بوویە ئەفسەر بە پلەی مولازمی دووەم لە سوپا و ماوەی پێنج ساڵ لە یەکە جیاوازەکانی سوپای عێراقدا دەمێنێتەوە و خزمەتدەکات، لەوماوەیەشدا کودەتای (بەکر سدقی) روودەدات قاسم یەکێك دەبێت لەوانەی کە زۆر سەرسامدەبێت بە کەسایەتی سدقی و هەرلەوێشەوە دەچێتەنێو بواری سیاسییەوە و تێکەڵدەبێت بەوبوارە بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەر دەستبەرداری پەرەپێدانی بواری سەربازی خۆی نابێت و ساڵی ١٩٤١ پەیوەندی دەکات بە کۆلێژی ئەرکانەوە کە لەوکاتەدا ئەوانەی لەو کۆلێژەدا وەردەگیران دەبوایە زۆر لێهاتوو و بەتوانابوونایە و لەگەڵ ئەوشدا دەبوایە زۆر دڵسۆزبوونایە دواجاریش قاسم لەو کۆلێژە وەردەگیرێت و ماوەی دووساڵ دەخوێنێت و تەواویدەکات، ساڵی ١٩٤٧ قاسم سەردانی بەریتانیا دەکات بەمەبەستی چارەسەرکردن و لەوێ زۆر سەرسامدەبێت بە ژیان و گوزەرانی ئەو وڵاتە، ساڵی ١٩٤٨ بەشداری شەڕی فەلەستین دەکات و توانا و لێهاتوویی خۆی دەسەلمێنێ، ساڵی ١٩٥٠ بەهۆی توانا و لێهاتنیەوە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای عێراقی رەوانەی وڵاتی بەریتانیای دەکات بەمەبەستی بینینی خولێکی شەش مانگە بۆ پێگەیاندنی گەورە ئەفسەران کە بەسەرکەوتوویی تەواویکرد و گەڕایەوە بۆ عێراق و بەردەوامبوو لە کاری سەربازیکردن تاوەکو گەیشتە پلەی (راگری روکن) دوایەمین پلەی سەربازییە لە بواری دامەزراوەی سەربازیدا هەیبوو.

قاسم هەر لە منداڵییەوە ژیانێکی هەژارانەی بردووەتەسەر و بەپێخوسی ـەنەـ ـەرکێـ دارتاشی و کشتوکاڵیکردووە، هەر لە سوێرەوە تا بووە بە مامۆستا و دوای چووەتە کۆلیجی عەسکەری ژیانی بە هەژاری و نەداری بەسەربردووە، خۆی لەوتارێکدا لە یادی چل و یەکەمی ساڵی دامەزراندنی سوپای عێراق باسی ئەوەیکردووە و دەڵێت: (من کوڕی هەژارێکم من هەژاری خۆم ناسیوە لە گەڕەکی هەژاراندا ژیاوم زۆر ناڕەحەتی و تاڵی ژیانم چەشتووە)، قاسم جیاوازی زۆری دیوە لەنیوان چینەکانی کۆمەڵدا بۆنموونە کاتێك مامۆستا بووە لە لادێ هەستی بە ئازار و چەوساندنەوەی جوتیاران کردووە لەلایەن دەرەبەگەکانەوە، هەروەها کاتێك لەگەڵ باوکیدا دارتاشیدەکرد هەستی بە ئێشوئازاری کرێکاران دەکرد کە دەیانچەشت لەپێناوی پەیداکردنی بژێوی ڕۆژانەی مەمرەومەژیدا، کاتێك بوو بە ئەفسەر هەستی بە ناڕەحەتی و ئازاری سەربازی و ئەفسەرە بچووکەکان دەکرد کە چۆن جیاوازییاندەکرا لەگەڵ چینە سەربازییەکانی سەرووخۆیان، گەڕانی قاسم لەنێوان شار و لادێدا بووە هۆی هەستکردنی ئەو جیاوازییە چینایەتییە گەورەیەی کە لەنێوان چینەکاندا هەبوو، بینی کە خەڵکە دیهاتییەکان لەچ حاڵێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی خراپدا دەژیان، لەباری عێراقەوە بەگشتی هەستی بەمبارە ناڵەبارە کرد کەتێیدادەژیا لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەدا کە ئەم لە سەردان و سەفەرەکانیدا بینیویەتی بەتایبەتی بەریتانیا کە خاوەن چ پێشکەوتنێکی ئابووری بەرز و شارستانییەتێکی گەورەبووە و هەستی بەوەکرد کە ئەم هەمووە پێشکەوتن و بەرزییەی ئەوان بەهۆی دەستبەسەراگرتن و دزینی کەرەسەی خاو و سامانی گەلانی ژێردەستیان کە عێراقیش یەکێکە لەو گەلانە.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٥٢/٧/٢٣ عەبدولکەریم قاسم دەکەوێتەژێر کایگەری ئەو شۆڕشە و لەژێر ئەو کارێگەرییەش دەمێنێتەوە تا ئەوەی لە ساڵی ١٩٥٦ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخراوی ئەفسەرانی ئازادیخوازی عێراقەوە و دەبێت بە ئەندامی لیژنەی باڵا کە لیژنەی باڵا پێکهاتبوو لە (١٥) ئەندام و ڕێکخراوەکەش خاوەنی (٢٠٣) ئەندام بوو، لیژنەی باڵا یەکێك لە ئەندامە کاراکانی بە (ڕەگەز کورد) بوو، ئەویش (عەقید ڕوکن محێدین عەبدولحەمید) بوو کە سەرۆکی کوتلەی ڕێکخستنی بەغداد بوو، تاپێش هەڵبژاردنی قاسم بۆ سەرۆکایەتی لیژنەی باڵا محێدین ڕۆڵی بەرچاوی گێراوە، پاش گفتوگۆ و ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر دانانی سەرۆکایەتی بۆ ڕێکخراوی ئەفسەرانی ئازادیخواز بەشێوەیەکی مەرکەزی و لیژنەیەکی سێ کەسی دیاریکرا بۆ سەرۆکایەتیکردن کە بریتیبوونلە (زەعیم ڕوکن عەبدولکەریم قاسم و عەقید ڕوکن محێدین

عەبدولحەمید و عەقید روکن ناجی تالیب) پاش ئەوەی دەنگدان بەڕێوەچوو لەسەر هەرسێ پالێوراوەکە، لەئەنجامدا (زەعیم روکن عەبدولکەریم قاسم) هەڵبژێردرا وەك سەرۆکی لیژنەی باڵای ئەفسەرانی ئازادیخواز بەوپێوەدانگەی کە کۆنترین ئەفسەری ناولیژنەکە بوو.

پاش ئەوەی قاسم دەچێتە لیژنەی باڵای ئەفسەرانی ئازادیخواز و بەدوای خۆیشیدا عەبدولسەلام عارف دێنێتەنێو لیژنەکە و هەردووکیان دەبنە بەشێکی سەرەکی لە کارەکانی ئەو لیژنەیە و ئاگاداری وردەکارییەکانی ئەو هەنگاوانە دەبن کە لیژنەکە دەیەوێت بیگرێتەبەر بۆ رووخانی رژێمی پاشایەتی و لەوکاتەدا و لەمبوارەدا چەند هەوڵێکدەدرێت، بەڵام بێئاکام دەمێنێتەوە، چونکە هەلومەرجەکان نەگونجاویوون بۆ سەرخستنی، ئیتر ئایا هۆکارەکە پێوەندی بە دەسەڵاتی پاشایەتییەوە هەبوویێت یان پێوەندی بەو پلان و نەخشانەوە هەبوێت کە دایانڕشتبوو یاخود پێوەندی بەو کەسانەوە هەبووە کە بە کارەکە هەستاون، سەرئەنجام لە بەرەبەیانی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ کودەتایەکی سوپایی بەرپاکرا و رژێمی پاشایەتی رووخا لەسەر دەستی کۆمەڵێك لە ئەفسەرانی ئازادیخوازی عێراقی بە سەرکردایەتی عەبدولکەریم قاسم، بەماوەیەکی کەم توانی دەستبگرێت بەسەر سەرجەم شار و شارۆچکە و ناوچە سەربازییەکان، بێئەوەی **خوێنێکی وابڕژێت تەنیا ئەوەندە نەبێت کە لە بنەماڵەی پاشا نزیکەی (٣٠) کەسێك کوژران، بەمەش لەماوەیەکی پێوانەیی شۆڕش توانی رەگوریشەی رژێمێکی** تەمەن سی و حەوت ساڵە لەناوببات.

یەکەم رۆژی شۆڕش ژمارەیەك بەیاننامە و بریار دران کە تایبەت بوون بەم قۆناغە نوێیە لە مێژووی عێراقدا، وەکو گۆڕینی سیستەمی حکومرانی لە پاشایەتییەوە بۆ کۆماری و دامەزراندنی کابینەی نوێی حکومەت و دابەشکردنی پلەوپایەکانیدیکە چ لەلایەنی کارگێری بێت چ لەلایەنی سیاسی، یەکەمین کابینەی سەردەمی کۆماری لە سەرۆکوەزیران و جێگرەکەی و پازدە وەزارەت پێکهاتبوو، وەزارەتەکان سێ ئەفسەری سەربازی پلەباڵای تیابوو، عەبدولکەریم قاسم سەرۆکوەزیران و وەزیری بەرگری و لەتەنیشت ئەم دوو پۆستەشدا فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان بوو، عەبدولسەلام عارفیش جێگری سەرۆکوەزیران و وەزیری ناوخۆ بوو.

لە ٦ی کانونی دووەمی ١٩٦٣بووە بە فەریقڕوکن و لەگەڵێك جەنگ و چالاکی سەربازی وەك فەلەستین و فورات و بەرزان و زێبار بەشداریکردووە، لەدوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ بووە بە سەرکردەی گشتی سوپا و سەرۆکوەزیران و وەزیری بەرگری، بەمەش عەبدولکەریم قاسم

لە رۆژی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ لەگەڵ ئەو کۆمەڵە ئەفسەرەی کە شۆڕشی ١٤ی تەموزیان بەرپاکرد، قاسم حوکمرانی کرد تاوەکوو ٨ی شوباتی ١٩٦٣، عەبدولکەریم قاسم کە سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و سەرۆکوەزیران و وەزیری بەرگری بوو نەبەسترابوو بەهیچ پارت و رێکخراوێکی سیاسییەوە و هیچ بیروباوەڕێکی سیاسی ئاشکرای نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا تائەوکاتەی تیاچوو، قاسم نە شیوعی بوو نە نەتەوەیی و نە سۆسیالیستی و نە دیموکراسی و نە ئینگلیزی بوو بەڵکو بەواتای تەواو (قاسمی) بوو، قاسمیش بوو بەواتای گرنگیدان بە دەسەڵات و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی و هێشتنەوەی لەدەستی خۆیدا، عەبدولکەریم قاسم لەماوەی ژیانیدا ژنینەهێنا و هەرچی دایکی لەسەر ئەو بابەتە پێداگریدەکرد و پێویستییەکانی بۆ ئەو روونده‌کردەوە لەوەڵامدا قاسم دەیوت: (تائەوکاتەی ئەنجامەکانم نەیەتەدی زەماوەندناکەم) ئامانجە نهێنییەکەی ئەو هەمان رێکخستنی کودەتای سەربازی دژی رژێمی پاشایەتی بوو.

قاسم لەماوەی دەسەڵاتی سەرۆکایەتییەکەیدا کە چوار ساڵ و شەش مانگ و بیست و چوار رۆژ بوو لە بارەگای وەزارەتی بەرگریدا مایەوە و کاتێکیش تیربارانکرا تەنها دینارێك و دووسەد و پەنجا فلس سەروەت و سامانی هەبوو، بەمەش کۆتایی بە حکومرانی عەبدولکەریم قاسم هات کە تەمەنی چل و نۆ ساڵ بوو، کودەتاچییەکان لە بەیانی ١٩٦٣/٢/٨ ئەو مەرام و خواستەی نەخشەیان بۆ داڕشتبوو ئەنجامیاندا و بەشێوەیەکی یەکجار دڕندانە عەبدولکەریم قاسم و دڵسۆزەکانیان لەناوبرد و بەگڵاوترین کودەتای خوێناوی هەستان و لەماوەیەکی کورتدا سەدان کەسیان تیرۆرکرد.

هەرچەندە قاسم کەسایەتییەك بوو لەنێو کۆمەڵگەی چەوساوەی عێراقدا دەرکەوت و سە‌ خەمی هەژاران و ژێردەستەکاندا بوو، دەیویست بەو خولیایەی کە لەمێشکیدایە بارودۆخێکی لەبار بۆ گەلانی عێراق بەگشتی بهێنێتەبوون، ئەم خەونەشی لەکاتێکدابوو کە دووربوو لە کورسی و دەسەڵات، بەڵام ئەم کەسایەتییە کە شۆڕشی کرد و لەسەر کورسی دەسەڵات جێگیربوو لەسەرەتادا ئومێدێکی باشی نیشانی گەلانی عێراق دا، بەڵام دواتر دەرکەوت ئەم کەسایەتییە تەنها شەیدای کورسی و دەسەڵاتە و دەیویست وەك کەسایەتییەکی کاریزمی لە عێراقی کۆمەڵدا دەرکەوێت و هەموو گۆڕانکارییەکان لەژێر فەرمانی ئەوبن و کەس لەو زیاترنەبێت، ئەوەبوو لە‌ لەبری ئەوەی سیاسەت بکات سیاسەت خستییەهەڵەوە و لەخۆی گۆڕا و بارزانی و کوردی دوور کرد و پەیوەندییەکانی بردەوە خاڵی سەرەتا.

کەلار
مێژووییەکی دێرین و
جوگرافیای شارێکی زینـدوو

رزگار حاجی حەمید

زاراوەی کەلار

کۆمەڵێك بیروڕای جیاواز لەمەڕ رەچەڵەکی وشەی کەلار هەیە کە بنەڕەتی وشەکە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك خەسڵەت و روخسار کە ناوچەکەی پێوەبەناوبانگبووە، لێرەدا زیاتر ئەو ناوانە خراونەتەروو کە لە کتێب و گۆڤار و رۆژنامەکاندا بلاوکراونەتەوە، لەلایەن نووسەر و رۆژنامەنووسانەوە کە توێژینەوە و شرۆڤەی بۆکراوە، هەرچەندە لە زاری خەڵکی هۆشیار و کەسایەتی دیاری ناوچەکە و دەماودەم هەندێك ناو هاتووە کە گوزارشت لەو راستییانە دەکەن، تەنانەت زۆرێك لە شیعری شاعیران و بەیت و بالۆرەی فۆلکلۆریدا ئەو چەمکانە بەکارهێنراون رەنگیداوەتەوە کە گوزارشت لە سروشتی ناوچەکە دەکەن.

١. بنەچەی کەلار لە (کەلا - رێ)ەوە هاتووە کە مانای گوندێکی دابراو و دوور لەرێگەی سەرەکییەوەیە، ئەم رێگایەی کە ئێستا هەیە کاتی خۆی نەبووە، چونکە پێشتر ئەم گوندە رێگەی سەرەکی تیادانەبووە هەموو پەیوەندییەکی لەرێگەی خۆڵەوە بووە کە دەمیەستێت بە جەلەولا و ناوەندی قەزای کفرییەوە.

٢. کەلار لە (کەڵ - یار)ەوە هاتووە، واتە نیشتیمانی ئاسك، چونکە تاکوئێستا ئاسك لەناوچەکەدا دەژی، ناوچەکە شانازیپێوەدەکات، ئەم رایەش نزیکە لەراستییەوە چونکە بەناوبانگبووە بە لانەی ئاسك و بزنەکێوی و کەڵەکێوی بەئێستاشەوە.

٣. بنەچەی ناوەکە دەگەڕێتەوە بۆ (کەلات) کە ماناکەی قەلا و قوللەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ قەلاْی شێروانە کە نزیکەلێیەوە.

٤. مانای وشەی کەلار لە زمانی عەرەبیدا دەچێتەسەر وشەی (الخربە) بەواتای کەلاوە (وێرانە) دێت کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ کاولبوون و وێرانەبوونی ئەم ناوچەیە لەچەند سەردەمێکدا، کەواتە دەردەکەوێت کە پێشتر ئەم دێیە هەبووە و رووخاوە و دواتر لەسەر دەستی عەشیرەتی جاف نۆژەنیانکردووەتەوە.[1] لە کتێبی (عێراق شیمالی)دا هەماندەستەواژە پشتراستکراوەتەوە.

٥. کەلار چەند شیشە توتنێکی زۆرە کە وەك خەرمان لەسەر یەك دادەنرێت، ناوی دێیەکە لە ناوچەی کفری.[2]

٦. رایەکیتر کە دەڵێ ئەو بنەماڵەیەی کە کەلاریان ناوەدانکردووەتەوە، لە عەشیرەتی گێژن و لە کوردستانی ئێرانەوە کۆچیانکردووە بۆ گەرمیان، بەتایبەت لە ناوچەکانی دەوروبەری کرماشان و ناوەکوئێستا بە شێوەزاری کەڵوڕی ئاخاوتندەکەن و سەدان ساڵە تێکەڵی خێڵەکانی گەرمیان بوون، ئەم بنەماڵەیە لە زێدی رەسەنیاندا نیشتەجێی گوندی (کەلار دەشت) بوون یان لێوەینزیکبوون.. بۆیە ئەم ناوەیان بەسەردابڕیوە، وەك شانازییەك یان خۆشەویستییەك بۆ زێدی پێشوویان.

ئەم رایەی دوایان لەراستییەوە نزیکە، چونکە ئەو بنەماڵەی ئاوەدانیانکردووەتەوە، **کەواتا هەرئەوانیش ناویلێدەنێن**. گوندێکیش هەیە بەناوی (کەلار)؛ لە دەوروبەری کرماشان کە زێدی **پێشووی ئەو بنەماڵەیەبووە**.[6]

کەلار لەڕووی کارگێڕییەوە

شاری کەلار یەکێکە لە **شارە گەورە و دیارەکانی کوردستان**، لەسەر ئاستی عێراقیشدا بەهەمانشێوە ناوێکی دیار و **ناوبانگێکی** زۆر و بزاوتێکی جۆراوجۆری تیادابەدیدەکرێ لە کایە جیاجیاکاندا، لەڕووی سیاسی و **کۆمەڵایەتی** و ئابووری و بازرگانی و رۆشنبیرییەوە رۆڵی ئەکتیف و دیاری هەبووە لەمێژوودا، هەر لەدێرزەمانیشەوە ناوچەیەکی ئاوەدان و شوێنی نیشتەجێبوون بووە، ئەم شارە گەورە و دیارەی کوردستانی باشوور بناغەی گوندێکی زۆر کۆنی ناوچەکەیە و مێژووی کۆن و دێرینی هەیە، مێژووی ئەم ناوچەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە کۆنەکان (العصور القدیمە) ژمارەیەك گرد و شوێنەواری تیادابڵاوبووەتەوە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سامەڕا و حلف و ئەریدۆ و سەردەمی کۆیلەکان و سەردەمی ئاشووری و پێش ئیسلام و سەردەمی ئیسلامیش[7] (عصر سامرا وحلف واریدو وعصر العبید وعصر

کەلار

مێژووییەکی دێرین و جوگرافیای شارێکی زیندوو

رزگار حاجی حەمید

زاراوەی کەلار

کۆمەڵێك بیروڕای جیاواز لەمەڕ ڕەچەڵەکی وشەی کەلار هەیە کە بنەڕەتی وشەکە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك خەسڵەت و روخسار کە ناوچەکەی پێوەبەناویانگبووە، لێرەدا زیاتر ئەو ناوانە خراونەتەڕوو کە لە کتێب و گۆڤار و رۆژنامەکاندا بلاْوکراونەتەوە، لەلایەن نووسەر و رۆژنامەنووسانەوە کە توێژینەوە و شرۆڤەی بۆکراوە، هەرچەندە لە زاری خەڵکی هۆشیار و کەسایەتی دیاری ناوچەکە و دەماودەم هەندێك ناو هاتووە کە گوزارشت لەو راستییانە دەکەن، تەنانەت زۆرێك لە شیعری شاعیران و بەیت و بالۆرەی فۆلکلۆریدا ئەو چەمکانە بەکارهێنراون رەنگیداوەتەوە کە گوزارشت لە سروشتی ناوچەکە دەکەن.

١. بنەچەی کەلار لە (کەلا - رێ)ەوە هاتووە کە مانای گوندێکی دابڕاو و دوور لەڕێگەی سەرەکییەوەیە، ئەم ڕێگایەی کە ئێستا هەیە کاتی خۆی نەبووە، چونکە پێشتر ئەم گوندە ڕێگەی سەرەکی تیادانەبووە هەموو پەیوەندییەکی لەڕێگەی خۆڵەوە بووە کە دەیبەستێت بە جەلەولا و ناوەندی قەزای کفرییەوە.

٢. کەلار لە (کەڵ - یار)ەوە هاتووە، واتە نیشتیمانی ئاسك، چونکە تاکوئێستا ئاسك لەناوچەکەدا دەژی، ناوچەکە شانازیپێوەدەکات، ئەم رایەش نزیکە لەراستییەوە چونکە بەناوبانگبووە بە لانەی ئاسك و بزنەکێوی و کەڵەکێوی بەئێستاشەوە.

٣. بنەچەی ناوەکە دەگەڕێتەوە بۆ (کەلاّت) کە ماناکەی قەلاّ و قوللەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ قەلاّی شێروانە کە نزیکەلێیەوە.

٤. ماناى وشەى کەلار لە زمانى عەرەبیدا دەچێتەسەر وشەى (الخربە) بەواتاى کەلاوە (وێرانە) دێت کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ کاولبوون و وێرانەبوونى ئەم ناوچەیە لەچەند سەردەمێکدا، کەواتە دەردەکەوێت کە پێشتر ئەم دێیە هەبووە و رووخاوە و دواتر لەسەر دەستى عەشیرەتى جاف نۆژەنیانکردووەتەوە.[1] لە کتێبى (عێراق شیمالى)دا هەماندەستەواژە پشتراستکراوەتەوە.

٥. کەلار چەند شیشە توتنێکى زۆرە کە وەك خەرمان لەسەر یەك دادەنرێت، ناوى دێیەکە لە ناوچەى کفرى.[2]

٦. رایەکیتر کە دەڵێ ئەو بنەماڵەیەى کە کەلاریان ئاوەدانکردووەتەوە، لە عەشیرەتى گێژن و لە کوردستانى ئێرانەوە کۆچیانکردووە بۆ گەرمیان، بەتایبەت لە ناوچەکانى دەوروبەرى کرماشان و ئاوەکوئێستا بە شێوەزارى کەلوڕى ئاخاوتندەکەن و سەدان ساڵە تێکەڵى خێڵەکانى گەرمیان بوون، ئەم بنەماڵەیە لە زێدى رەسەنیاندا نیشتەجێى گوندى (کەلار دەشت) بوون یان لێوەینزیکبوون.. بۆیە ئەم ناوەیان بەسەردابڕیوە، وەك شانازییەك یان خۆشەویستییەك بۆ زێدى پێشوویان.

ئەم رایەى دواییان لەراستییەوە نزیکە، چونکە ئەو بنەماڵەى ئاوەدانیانکردووەتەوە، کەواتا هەرئەوانیش ناویلێدەنێن. گوندێکیش هەیە بەناوى (کەلار)؛ لە دەوروبەرى کرماشان کە زێدى پێشووى ئەو بنەماڵەیەبووە.[6]

کەلار لەرووى کارگێڕییەوە

شارى کەلار یەکێکە لە شارە گەورە و دیارەکانى کوردستان، لەسەر ئاستى عێراقیشدا بەهەمانشێوە ناوێکى دیار و ناوبانگێکى زۆر و بزاوتێکى جۆراوجۆرى تیادابەدیدەکرێ لە کایە جیاجیاکاندا، لەرووى سیاسى و کۆمەلآیەتى و ئابوورى و بازرگانى و رۆشنبیرییەوە رۆڵى ئەکتیف و دیارى هەبووە لەمێژوودا، هەر لەدێرزەمانیشەوە ناوچەیەکى ئاوەدان و شوێنى نیشتەجێبوون بووە، ئەم شارە گەورە و دیارەى کوردستانى باشوور بناغەى گوندێکى زۆر کۆنى ناوچەکەیە و مێژووى کۆن و دێرینى هەیە، مێژووى ئەم ناوچەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە کۆنەکان (العصور القدیمە) ژمارەیەك گرد و شوێنەوارى تیادابلآوبووەتەوە، مێژووەکەى دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمى سامەڕا و حلف و ئەریدۆ و سەردەمى کۆیلەکان و سەردەمى ئاشوورى و پێش ئیسلام و سەردەمى ئیسلامیش[7] (عصر سامرا وحلف واریدو وعصر العبید وعصر

ئاشوری وقبیل الاسلام والعصر الاسلامی) لەدێرزەمانەوە، مێژووی دروست[illegible]
وەك ئەو ناوەیلێینراوە بەستراوە بە گوندی کەلارەوە کە تاوەکوئێستا یەکێکە [illegible]
باکووری رۆژئاوای شارەکە، چونکە هەرئەو گوندە و دواتریش شێروانە و بنگرد [illegible]
دامەزراندنی ئەو شارەی ئاوەدانی و ژیانی تێداهەبووە .. کەلار ئەگەر چی بەرواڵەت شارێکی
نوێیە، بەلاّم پاشماوە کۆنەکانی ئەوە دەسەلمێنن شارێکی کۆن بووە، گەر ئاورێك لە گردە
گلێنەکەی شێروانە بدەینەوە دەبینین لەکۆندا چۆن ئەم گردە بە تووورەکەرێژ دروستکراوە ئەویش
ئەگەر دەوروبەری ئاوەدانەبوبێت، ئەو هەموو خەڵکە لەکوێوە هێنراون؟ یان بەچی مەبەستێك
لەم شوێنەدا ئەو گردە دروستکراوە، سەرەڕای پرۆژە ئاوەکەی کە لە سەرووی شاری کەلارەوە لە
بن گردەکانی (بەردەسوور)ەوە ئەو تەپۆلکانەیان بە کونی گەورە بۆ (بنەوانە)ی ئاوەکە
کێشاویانە، دواتر لەبەرانبەر گەڕەکی (حەمەی کەریم) سیفۆنی ژێرئاوی بۆ دروستکراوە
بەدرێژایی زیاتر لە (١٠٠مەتر) پاشان بە جۆگەیەکی نزیکەی (٤مەتر) پانی ئاوەکە گەیەنراوەتە
چەمی (گردەگۆزینە) دیسان لەوێیش بە سیفۆنێکیتر ئاوەکە گەیەنراوەتە ئەوبەری چەمی
(گردەگۆزینە)، (خڕەشێت) سەرەڕایی ئەو لق و جۆگانەی بۆ ناو گوندی (گردەگۆزینە) بە قووڵایی
چەند مەتر لە ژێرەوەی زەوییەوە راکێشراوە، ئەو پردە کۆنەی لە سەرووی پردەکەی ئێستای
(گردەگۆزینە) کە بۆ هاتوچۆی ئەمبەر و ئەوبەری رووباری سیروان دروستکرابوو، بەڵگەیەکیتر
ئەو مۆرەی لەم ساڵانەی دوایدا لە گەڕەکی (کەلاری کۆن) دۆزراوەتەوە کە سەردەمەکەی
دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی (٣٠٠٠) سێ هەزار ساڵ پێشئێستا، ئێستا مۆرەکەی لە مۆزەخانەی
سلێمانی پارێزراوە. ئەم مۆرە لای کاك (حەمە ساڵح حەمە فەرج) زەرەنگەر بوو.[٨]

دیارترین بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەم راستییە شوێنەواری دێرینی قەڵای شێروانەیە، کە
تاوەکو ئێستایش وەك خۆی ماوەتەوە، سی نهۆمە و (٢٤) ژووری تیدایە لە چوارلاوە شوێنی
چاودێری و پاسەوانی بۆکراوە، هەرچەندە لەسەر دامەزراندنی مێژووی قەلاکە مشتومرێکی زۆر
هەیە بیروڕای جیاوازی لەسەرە، ساغکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆی مێژوونووسان و
شوێنەوارناسان، نموونەیەکیتری ئاوەدانی ئەم ناوچەیە جۆگەی گاورییەکەیە کە پرۆژەیەکی ئاودێری
سەرداپۆشراوە ئاوی لە رووباری سیروانەوە هەڵگرتووە بۆ زەوییە کشتووکاڵییەکانی دەشتی
شێروانە کە تائێستا ئاسەوارەکەی ماوە لە چەندین شوێن بەدیدەکرێت، زیاتر لە (٤٠) مەتر[illegible]
بەبێ تێکچون ودك خۆی ماوەتەوە وێڕای ئەوەی لەناو خرێکی گەورەی گردەگۆزینە[illegible]

کاتی زۆری پێداتێپەڕدەبێت هێشتا تێکنەچووە بەئێستایشەوە، بەمشێوەیە لەسەر ئەم جۆگەیە نووسراوە گەلێك پاشماوەی ئاودێریان بۆ بەجێماوە لە سەردەمەکانی (پرسی)و ساسانییەکاندا لە ناوچەکانی (حەویجە، کفری، کەلار، دوزخورماتوو) کە بەڵگەن بۆ بوونی ڕێبازی ئاودێری ڕێکوپێك بەکاریانهێناوە بۆ ئاودێری زەوی کشتوکاڵی و پاراستن لە لافاو و هەڵسانی ئاو.[9] ئە م پرۆژەیە نزیکەی (۳۰۰۰) ساڵ پێشئێستا لە کەلار دروستکراوە کە بە دوو سیفۆنی ژێرئاوییان گواستووەتەوە بۆ زەوییە کشتوکاڵییەکانی خوارووی کەلار سیفۆنێکیان کەوتووەتە سەرووی گەڕەکی حەمەی کەریم، ئەویتریان لەسەر چەمی گردەگۆزینەیە.

ئەمە و جگەلە چەندین شوێنەواریتری وەکو (قەلاّی پاشا و گردەگۆزینە و ئاشەکۆنەکان) لەم ساڵانەی دواییدا شوێنەواری شارێکی کۆن لە نزیك گۆرستانی (شێخ عەبدولڕەحمان) دۆزرایەوە بەرامبەر قەلاّی شێروانە، بەلاّم وەك پێویست کنە و پشکنینی بۆنەکراوە، هاوکات پاشماوەی ئاشەکۆنەکان لەنێوان کەلار و سەید خەلیلدا بەڵگەی سەلماندنی ئەو راستییەن کە ئەو ئاشانە بەو ئاوە گێڕاون کە بە جۆگەی سەید خلیل ناسراوە و خەڵکی ناوچەکە سوودی زۆریان لێبینیوە. مێژووی دانانی ئەو ئاشانە زۆر کۆنە بۆ پێش سەردەمی عوسمانییەکان و لەکاتی ئەمانیشدا ئامادەییهەبووە کەواتە ئەوکاتە ئەم ناوچەیە ئاوەدانبووە ئەگەرنا ئەو ژمارە زۆرەی ئەو ئاشانە بۆ دروستکراون؟

لەمەڕ مێژووی دروستبوونی ئەم ناوچەیە ئەو گوندەی کە ناوی کەلاری لێنراوە، لەلایەن بنەماڵەیەکی خێوەتنشینی سەربە هۆزی گێژ ئاوەدانکراوەتەوە کە ئەو بنەماڵەیەش بنەماڵەی (عەباس جەلیل خەلیل کولیل)ە کە ئەمانیش کۆچەریبوون پێشتر لە دەشتی شاکەل لەزنجدابوون، بۆ هێنانی قامیش دێن بۆ کەناری رووباری سیروان لەگەڕانەوەیاندا لە شوێن کەلاوەکانی کەلاردا پشوویەکدەدەن، دواتریش بیرلەوەدەکەنەوە کە ئەم شوێنە زۆر گونجاوە بۆئەوەی تێدانیشتەجێبن و ئاوەدانیبکەنەوە، ئەمەش بەڵگەیە کە پێشتر ئاوەدانبووە ئەگەر نا بۆ کەلاوەی تێداهەبووە؟ پێشتر هەنێك بەڵگە باسکرا کە جۆگەی گاوریەکە و دۆزینەوەی شارێك بەرامبەر قەلاّی شێروانە و گۆڕستانی گاوریەکە نیشانەی ئەوەیە کە پێشهاتنی سوپای ئیسلا م ئەم ناوچەیە ئاوەدانبووە، هەربۆیە دەستەواژەی (گاور)ی بەسەردا سەپێنراوە، دواتریش چەند ماڵێکی پالاّنی و نەژوێنی وەك باپیری (عیسا و موسای پیرە و حەمید موختار) لەگەڵ ماڵی (عەلی محەمەد کەڵهوڕی) باپیرەی (محەمەد ئەمین کەلاری و ئەحمەد کەلاری).[10]

لێرەدا هەندێ بەڵگە دەخەینەڕوو لەڕووی کارگێڕییەوە لەمەڕ ناحیەی قەزای شێروانە و دواتریش ناحیەی شێروانە کە چەندین سەرچاوەی عەرەبی و کوردی و نووسەر تیایدا ناویانهێناوە، لەبەرئەوەی زۆرێك لە سەرچاوەکان زیاتر لەسەر پارێزگان دواتر قەزا و ئینجا ناحیە دێت.. بۆیە پێویستە لە پارێزگاوە بەدوای قەزا و دواجار بەدوای ناحیەدا بگەڕێین.

سەیری ساڵنامەکانی سەردەمی خەلافەتی عوسمانی بکەین بۆماندەردەکەوێت چەند گۆڕان بەسەر لیوای کەرکوکدا کراوە، چەندینجار تووشی زیادبوون یان بچووککردنەوە یان لکاندنبووە لەگەڵ لیواکانیتردا لە دۆخە جیاکاندا، لە سەردەمی (سوڵتان سلێمان)دا چەند لیوایەك زیادکرا بۆنموونە لیوای ئەربیل، لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە باس لەدابەشبوونی ئیداری کەرکوك دەکەین کە بەمشێوەیە(١١).

١. نفس كركوك ، التون كوبرى ، ملحه

٢. كفرى ، توزخورماتوو ، قرتبه ، قلعه شێروانه

٣. چمچەماڵ ، اغجلر ، شوان ، سنگاو

٤. گيل ، قادركرم ، داقوق

به پێویستمزانی ناوی قەزا و ناحیەکان وەك خۆی بلاَویکەمەوە وەك ئەوەی لە کتێبی (هوية كركوك الثقافية والادارية)دا هاتووە.

زۆربەی کات گەرمیان لەڕووی ئیداری و سەربازییەوە سەربە ناوەندی کەرکوك بووە، بۆ ماوەیەکی زۆر رووباری سیروان سنووری رۆژهەلاتی عوسمانی بووە لەگەڵ ئێراندا تائەمڕۆش قەلاَوقوللەی پاسەوانە عوسمانییەکان لەسەر رۆخی رۆژئاوای سیروان ناسەواریان بەرێدەکرێن ناوبەناو گۆڕانیش بەسەر ئەو سنوورەدا هاتووە، هەروەها بەڕێوەبەرایەتی گەرمیان لەکاتی عوسمانییەکان و پێشهاتنی ئینگلیزەکان بەمشێوەیە بووە:

١. چەمچەماڵ، سیستەمێکی ئیداری تایبەتی نەبووە سەربە قەزای بازیان بوو.

٢. قەزای گل، ناوەندەکەی لە قادرکەرەم و پاشان گواستراوەتەوە داقوق سەربە کەرکوك بووە.

٣. کفری پێکهاتووە لە ناحیەی شێروانە و قەرەتەپە و پێباز سەربە کەرکوك بووە.(٢)

٤. شێخ محەمەد شاکەلی، گەرمیان رابردووی نزیك و ئەمڕۆی، گۆڤاری کەرکوك ژمارەی ٢ ساڵی پێنجەم پایزی ٢٠٠٣ ل ٢٣

لەکاتی داگیرکاری بەریتانیا بۆ عێراق (١٩١٤- ١٩١٨) دەستیکرد بە دروستکردنی بەڕێوەبەرایەتی (بەریتانی - هندی) بۆ ناوچەکانی میزۆپۆتامیا، لەگەڵ هێنان و دانان وتووێژکاری سیاسی ئینگلیزی لە جێگەی بەڕێوەبەرە عوسمانییەکان، کارمەندانی ئەم بەڕێوەرایەتییە نوێیەی بەریتانیا پێکهاتبوون لە (بەریتانی و هیندی) لەوکاتەدا (میزۆپۆتامیا) ش بەشێوازێکی نوێ دابەشیکردەوە کە پێکهاتبوون لە شازادە (لیوا)، لیوای کەرکوک لەم یەکە ئیدارییانە پێکهاتبوون: **چوار قەزا دەگرێتەخۆ:**

١. قەزای نێوەند (مەرکەز)

٢. قەزاکانی چەمچەماڵ

٣. گل

٤. کفری

قەزای کفری پێکهاتبوو لە ناحیەکانی:

(کفری، دووزخورماتوو، قەرەتەپە، قەلآی شێروانە).[١٢]

لەسەرچاوەیەکیتردا کە یەکێکە لەو دۆکیۆمێنتە هەرە گرنگەکانی حکومەتی پاشایەتی بەریتانیای گەورە کە راپۆرتەکە راپۆرتی کارگێڕی و بابەت و رووداوەکانی تەنها ساڵی (١٩١٩) گرتووەتەخۆ لەلایەن کاربەدەستانی ئەوکاتەی ناوچەی کەرکوک و میزۆپۆتامیایە، وەك راپۆرتی رەسمی بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا نووسراوە، جیا لە بابەتی جۆراوجۆریتر تیایدا هاتووە لەگەڵ دووهەم داگیرکردنی شاری کەرکوك و کۆنترۆلکردنی ناوچەکە، ئینگلیز یەکەیەکی ئیداری تازەی بۆ کەرکوك دانا یەکە ئیدارییەکە بە (Division) ناونابوو پاشان کرا بە لیوای کەرکوك، بەگوێرەی دوایین یەکەی ئیدارەی عوسمانی بۆ کەرکوك کە هەندێ گۆڕانی تیاداکرا ئیدارەکە بەمشێوەیە بوو:

١. قەزای ناوەندی کەرکوك: داقوق، ئالتون کۆپری، شوان، مەلحە، قەرەحەسەن (لەیلان).

٢. قەزای چەمچەماڵ: لە چەمچەماڵ خۆی.

٣. قەزای کفری: کفری، دووزخورماتو، قەرەتەپە، قەلآی شێروانە.[١٣]

پـش دامەزراندنی یەکەم حکومەتی عێراق ساڵی ١٩٢١ کەرکوك دانرا بە یەکێك لە (پارێزگا)کانی عێراق پێکهاتەی ئیداری گەرمیانیش بەم شێوەیە بوو قەزاکانی ناوەندی ...تون و چەمچەماڵ و داقوق و کفری.. قەزای کفری پێکهاتووە لە ناحیەکانی(پێباز، شێروانە، قەرەتەپە)ی سەربە لیوای کەرکوك بووە.(١٤)

لیوای کەرکوك لە ساڵی ١٩١٩ ئەم یەکە کارگێڕییانەی لەسەربووە، دێینەسەر باسکردنی قەزا و ناحیەکانی سنووری ئەم لیوایە و ئەوەندەی پەیوەندی بەم لێکۆڵینەوەیەوە هەبێت تێیداهاتووە کە قەزای کفری پێکهاتووە لە ناحیەکانی (ناوەند، ناحیەی پێباز، ناحیەی قەرەتەپە، ناحیەی شێروانە)(١٥) دواتر دەڵێ ئەم یەکە ئیدارییە بەردەوامبوو تاکۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بەبێ گۆڕانکاری، هەرچەندە نووسەر واینووسیوە، بەلاّم تاوەکو ساڵی ١٩٧٠ بەردەوامدەبێت دواتر گۆڕانکاری بەسەردادێت و قەزاکانی کەلار و چەمچەماڵ دەخرێنەسەر پارێزگای سلێمانی و دووزخورماتوو دەخرێتەسەر پارێزگای سەلاحەدین و کفری دەخرێتەسەر پارێزگای دیالی(١٦) بە بڕیار و ئەو گۆڕانکارییانە دەکرێن بۆ کەمکردنەوەی رێژەی دانیشتووانی کورد لە پارێزگای کەرکوك، ناوی خۆشی دەگۆڕن بۆ پارێزگای (تەئمیم).

لەدوای دەرکەوتنی ئەنجامەکانی جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨)دا، دواتردروستبوونی دەوڵەتی عێراقی ئیستا، عیراق دابەشکرا بۆ (چواردە) لیوا لەناویدا، لیوای کەرکوك، قەزاکانی (ناوەند و کفری، چەمچەمال، گیل) دەگریتەخۆ، قەزاکانی داقوق و دووزخورماتوو لەجیاتی قەزای گیل کۆمەڵێك ناحیە کەوتووەتە سنووری قەڵەمرەویەوە کە قەلاّی (شێروانە)ش یەکێکبووە لەو ناحیەی سەربە قەزای کفری بووە.(١٧) سەیری خشتەی ژمارە (١) بکە.

خشتەی ژمارە (١)

لیوای کەرکوك بەپیی یەکە کارگێرییە بنەڕەتییەکانی

قـەزا نـاحـیە

مرکز اللوا

کفری

چەمچەماڵ

گێل ، کەرکوك، داقوق، ئاڵتون کۆپری، قەرە حەسەن، شوان، ملحە.

توز، قەرەتەپە، قلعە شێروانە، شبیجە.

چەمچەماڵ، أغجەلر

گێل، سنگاو

- المصدر: د. خلیل اسماعیل محمد، کرکوك دراسات فی التکوین القومی لسکان

هەروەها نووسەر لە کتێبەکەیدا و لەهەمانسەرچاوەدا هەندێ راستی مێژوویی ئیداری کەرکوکی خستووەتەڕوو لەسەر گۆڕانکارییە ئیدارییەکان لە سەردەمی حوکمڕانییە جیاوازەکاندا، ئەم دابەشکردنە درێژەیهەبوو فراوانترین پرۆسەی گۆڕان لە پێکهاتەی ئیداری عێراقدا پارێزگاری کەرکوك بووە زیاتر لە پارێزگاکانیتری عێراق، دواتریش جەختدەکاتەوە لەسەر لیوای کەرکوك بەپێی یەکە ئیدارییە سەرەکییەکانی کە جگەلە قەزای ناوەند (سێ) قەزایتری هەبووە. لەگەڵ (بانزە) ناحیەدا کە تیایدا ناحیەی قەڵای شێروانە هاتووە ئە م پێکهاتە ئیدارییە درێژەیهەبوو تاوەکو زیاتر لە نیو سەدە، دواتر گۆڕانکاری تیادادەکری و قەزاکانی دابەشدەکری بەسەر پارێزگاکانی دەوروبەریدا، ئامانجیش گۆڕانی حەقیقەتی سیمای نەتەوەیی دانیشتووانەکەیەتی،(١٨) هەماهەنگی سەرەوە دووبارەدەکاتەوە.

لەم پەرتووکەدا چەندینجار ناوی ناحیەی شێروانە و قەزای کەلار هاتووە.

لە کتێبی جوگرافیای عێراقدا هاتووە جیا لە کۆمەڵێك باسی زۆری عێراق لە سەردەمی تازە و عەباسییەکان و کۆتدا لە دابەشکردنی کارگێری لەعێراقدا نووسیویەتی پێکهاتووە لە (١٤) موتەسەریفییە و (٤٦) قەزا و (١٣٩) ناحیە، کاروباری (موتەسەڕیفییە) لەلایەن (موتەسەڕیف)ەوە بەڕێوەدەبرێ، کاروباری (قەزا)ەش لەلایەن قائمقام وناحیەش بەڕێوەبەر، هەروەها پۆلێنکراوە بۆ باکوور و ناوەڕاست و باشوور کە لیواکانی باکوور پێکهاتووە لە (٤) لیوا کە دێتەسەر لیوای کەرکوك بەمشێوەی خوارەوەیە:

ـ وەندی لیوای کەرکوك: کەرکوك، داقوق، ئالتون کۆپری، قەرە حەسەن، شوان، ملحە.
کفری: کفری، توز، قەرەتەپە، قەلای شێروانە، شبیجە.
چەمچەماڵ: چەمچەماڵ، أغجەلر
گیل: گیل، سنگاو.[١٩]

هەروەها لە جوگرافیای کوردستاندا نووسەر باس لە بلۆکی کفری دەکات و دەڵێ ئەم قەزایە پێکهاتووە لە (٣) ناحیە، یەکێك لەوانە ناحیەی قەلای شێروانەیە کە (٤٢) کم، لەکفرییەوە دوورە مەرکەزی ناحیەکە لەناو قەلای شێروانەدایە.[٢٠]

هەروەها مێژوونووسی دیاری عەرەب و عێراق عەبدولرەزاق ئەلحەسەنی، لەسەر ناحیەی شێروانە نووسیویەتی مەرکەزی ئەم ناحیەیە قەلای شێروانەیە دەکەوێتە دووری **(٤٢) کم لە** ڕۆژهەلاتی سەنتەری قەزاکەوە، **ئەمە قەلایەکی ئەسەری بەناوبانگە، حکومەت وەك مەرکەزی** ئیدارەی قەزاکە بەکاریهیناوە، ئەم ناحیەیە (١٣) گوند دەکەوێتە سنووری کارگێڕییەوە[٢١]، جیا لەمە ناوی ناحیەی قەلای شێروانە لە لاپەڕەکانی ٩٣، ٢١٧دا هاتووە لەهەمانسەرچاوەدا.

لە ساڵی (١٩٣٥) بنکەی ناحیەکە لە قەلای شێروانەوە گوێزرایەوە بۆ دێی (سەرقلا) لەبەرئەوەی کەوتووەتە ناوەراستی ناوچەکە و ناوەندی ناحیەکە دەکات، هەروەها ژمارەی دانیشتووانی ناحیەی قەلای شێروانە ساڵی (١٩٤٧)دا نزیکەی (١٧٥٦٦) کەسە، بەلام لە سەرژمێری نیوان ساڵانی (١٩٦٣-١٩٦٥)، (٢٣٧٦١)[٢٢] کەسە هەروەها نووسیویەتی قەزای کفری لە ساڵانی (١٩٢٩- ١٩٦٥) بریتیبووە لە ناحیەکانی دووز، قەرەتەپە، قەڵای شێروانە، پێباز[٢٣] دواتریش بەدرێژی باسیدەکات تاوەکو حەفتاکان ئیدی لەڕووی کارگێڕییەوە گۆڕان روویداوە و بەتایبەت لە پاریزگا و قەزا و ناحیە و گوندەکانیش بەڵام لەدوای ساڵی بیستەوە ناحیەی قەڵای شێروانە هاتووە تاوەکو ساڵی (١٩٧٥) تەنانەت لەدوای ئەمەی لە ساڵی حەفتا کەلار دەبێتە قەزا، ناوی ناحیەی شێروانە دەمێنێتەوە تا ناوەراستی حەفتاکان دواتر دەخرێتەوەسەر کفری و ناوی سەرقڵای لێدەنرێ. قەزای کفری لە ساڵەکانی ١٩٢٩ -١٩٣٠. سەربە لیوای کەرکوك بووە ناحیەکانی بریتیبووە (کفری، دووزخورماتوو، قەلای شێروانە)وە لە ساڵی ١٩٣٦ بریتیبووەلە ناحیەکانی (دووزخورماتوو، قەرەتەپە، قەلای شێروانە)لە ساڵی ١٩٤٧ بریتیبووەلە کفری و قەرە تەپە و شێروانە و پێباز.

کەلار لە دەشتێکی پانوبەریندایە و خانووی جوانی تێدادروستکراوە قوتابخانەیەکی سەرەتایی کوڕان و فەرمانگەی پۆستە و تەلەفۆنی تێدایە و (٣٠٠) خانوو، قاوەخانەیەك و چەند فرۆشگەیەکی تێدایە بۆ فرۆشتنی پێویستییەکانی دانیشتوانەکەی، وزەی کارەبای تێدایە ئەویش بەهۆی ئەوەوە کە بەگەکانی جاف تیایدانیشتەجێن و هەریەکە و مۆلیدەیەك و تەلەفۆنێکی بۆ خۆی داناوە[٢٤]

لەهەمانسەرچاوەدا و لەشوێنێکیتردا نووسیویەتی ناحیەی قەڵای شێروانەش بەناوی ئەو قەڵایەوە ناونراوە کە لەناوچەکەدایە لە ساڵی (١٩٣٥)ەوە، ناوەندی ناحیەکە گوێزرایەوە بۆ گوندی سەرقەڵا، لەبەرئەوەش حکومەت گوندی سەرقەڵای هەڵبژاردووە، چونکە دەکەوێتە ناوەڕاستی ناوچەکەوە، بەڵام سەرقەڵا خۆی بریتییەلە گوندێکی سادە (١٠٠) ماڵێك دەبێت سەربە عەشیرەتی دەلۆن، هەروەها لەهەمانسەرچاوەدا چەندجارێك ناوی ناحیەی قەڵای شێروانە هاتووە، لە سەرژمێری دانیشتووان و ژمارەی گوندەکان و بەپیتیی خاکەکەی.. هتد.[٢٥]

هەروەها لە کتێبی پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا نووسیویەتی لە ساڵی ١٩٣٥ەوە ناوەندی ناحیەی قەڵای شێروانە گوێزراوەتەوە بۆ گوندی سەرقەڵا[٢٦]. دواتریش لە زۆر شویندا باس لە ناحیەی قەڵای شێروانە و قەزای کەلار و تەنانەت گوندەکانی ئە م سنوورەی دێ بە دێ نووسیوە لەگەڵ رووخاندنی گوندەکان و کاریگەری ئەنفال لە ناوچەی لیکۆڵینەوە و تەنانەت ناحیەکان و گەشەکردنی شاری کەلار.

لەسەرچاوەیەکیتردا ئەگەر سەرنجبدەین بۆماندەردەکەوێت هەر لە ساڵی ١٩٢٧ەوە تاوەکو ساڵی ١٩٩٧ چەندینجار و تەواوی ئامارەکانی دانیشتووانی عێراق ناوی ناحیەی قەڵای شێروانە هاتووە، بەپێی پۆلینکردن لە تەواوی قۆناغەکانی ساڵانی (١٩٢٧، ١٩٤٥، ١٩٥٠، ١٩٥٥، ١٩٦٠، ١٩٦٥، ١٩٧٠ لاپەڕەکان (١٥، ٣٤، ٤٣، ٥١، ٦٠، ٧١، ٨١)[٢٧]

لە بابەتی دابەشکردنی ئیداری لەدوای شەڕی گەورە (شەڕی جیهانی گەورە) تیایداهاتووە دوای ئەوەی باس لە رووبەری عێراق و چەندین بابەتی گرنگیتری درووژاندووە، لەڕووی ئیدارییەوە کە پێکهاتووە لە (١٤) لیوا کە هەر لیوایەك پێکهاتووە لەچەند قەزایەك و ژمارەیەك ناحیە کە ژمارەیەك گوند لەخۆدەگرێت، ئیدارەی لیوا لەلایەن (متصرف)ەوە بەڕێوەدەبرێت، ئیدارەی قەزا لەلایەن (قائمقام)ەوە، هەروەها ناحیەش لەلایەن بەڕێوەبەری ناحیەوە، گوندەکان لەلایەن ئەنجومەنەوە(مختار).

که ئیدارەی عێراق پێکهاتووە لە ١٤ موتەسەڕیفییە. هەروەها ژمارەی قەزاکان (٤٥) قەزایە و ناحیەکان (١٢٤)، بەلاّم گوندەکانی زۆر زۆرن. ئەوەی مەبەستە ئێمەیە ئەوەیە کە لیوای هەرکوت پێکهاتووە لە (٤) قەزا، یەکێك لە قەزاکان کفرییە کە ناحیەکی تێدایە قەڵعەی قەڵعە شێروان، هەروەها لەهەمانسەرچاوەدا لە لاپەڕەکانی ٦٩٢، ١٩٨ ناوی ناحیەی (قلعه شیروان) هاتووە.[28]

قەڵای شێروانە لە پێکهاتنی یەکەم حکومەتی عێراقدا لە (٢١/ ٧ / ١٩٢١) یەکەمین بنیەی تیاداجێگیرکراوە و ماوەیەکیش ناوەندی ناحیەی شێروانە بووە دواتر ناوەندەکە دەگوێزرێتەوە بۆ گوندی سەرقەڵا، هەروەها (شاکەلی) لە کتێبەکەیدا باسی دابونەریت و فەرهەنگی کوردەواری لەناو دانیشتووانی ئەم شارەدێیە دەکات کە ڕەگوڕیشەی داکوتابوو، جوگرافیەتی کەلار ئەوکاتە پاش قەزای کفری وەك ناوەندێکی گرنگی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسی ناوچەکە بوو، لەهجەی ئاخاوتنی کەلارییەکان لە لەهجەی ئاخاوتنی گوندەکانی دەوروبەری جیاواز بوو، ئەمان بە لەهجەیەکی کوردی تاڕادەیەك پاراو و نزیك لەهجەی خەڵکی هەڵەبجە قسەیاندەکرد، ناوەندێکی ڕووناکبیری کەسانی شاعیر و ڕووناکبیر و سیاسی و هونەرمەند هەڵکەوتنە شارەدێی کەلار (قانع، عەلائەدینی سەجادی، ڕەفیق حلمی، ئیبراهیم ئەحمەد، نوری ئەحمەد تەها، حەسەن زیرەك، حەمە حسێن کێمنەیی) ئەم تێکەڵییە کاریگەری زۆر هەبوو لەسەر شێوەزاری دانیشتووانی کەلار جگەلە ڕوویتر و هۆکاریتریش هەن[29] وەك بەدرێژایی زیاتر لە پەنجا ساڵ کەلار مزگەوت و حوجرە و فەقێی تێدابووە، بوونی مەلا و فەقێ و گرنگیدانیان بە شیعر و ئەدەبی کوردی کارێکردبووەسەر شێوازی کەلارییەکان.. مزگەوتە کۆنەکە ساڵی ١٩,٤ دروستکراوە و مزگەوتی گەورەی کەلاریش ١٩,٨-١٩,٩ لەلایەن سلێمان بەگی جافەوە دروستکراوە ئەوکاتە نیشتەجێی کەلار بووە. فەقێ و مەلا و سۆفی و دەرویشی دەنگخۆش مەجلیسی مزگەوتەکەیان بە خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی وەك (مەحوی و نالی و ئەحمەد موختار جاف) بە دەنگیخۆش گەرمکردووە.[30]

ریچ لەگەشتەکەیدا دەڵێ قەڵای شێروانە پایتەختی زستانەی بەگزادەکانی جاف بووە، بەگزادەکان لەناو قەڵاکەدا نیشتەجێبوون، بەلاّم دواتر بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی مەلاریا و لەرزوتاوە کە قەڵاکە لەتەنیشت ڕووباری سیروانەوە بووە، چەمی سیروان مێشوولەی هەبووە بەجێیانهێشتووە و هاتوونەتە کەلار، کە تەنها (٣) کم لە قەڵاکەوە دوورە، ئەو سەردەمە ...

بەگزادەکانی جاف تیایدانیشتەجێ و دەسترۆیشتوویوون، هەر لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە (١٩١٤ - ١٩١٨) کەلار وردەوردە گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆیەوەبینی، نیشتەجێبوونی دانیشتووان لەم ناوچەیەدا رووی لەتەنینەوە و فراوانبوون کرد، لەگەڵ ئەمانەشدا باری کۆمەلایەتی، ئابووری، سیاسی، رۆشنبیری ناوچەکە و شارەکەش رووی لە گۆڕان کردووە [٣١]، بەتایبەتی لەوکاتەوە کە بۆ یەکەمجار یەکەم قوتابخانەی سەرەتایی لە ساڵی ١٩٣١ تیاداکرایەوە ئەم قوتابخانەیە تا پۆلی شەشی سەرەتایی تیادادەخوێنرا، ژمارەی قوتابیان لە سەرەتای پەنجاکاندا بە کوڕ و کچەوە نزیکەی (١٢٠) قوتابی دەبوو.

بنکەی تەندروستی لە ساڵی ١٩٣٧ دامەزراوە بینای ئەو بنکەیە بە بەرد و گەچ و شێلمان لەسەر شێوازی بیناسازی ئەودەمەی بنکە تەندوستییەکان دروستکراوە، ئەم بنکەیە دەرمان و دەرزی بەخۆڕایی دەدا بە نەخۆش، نەشتەرگەری تیادائەنجامنەدەدرا، بینا و بنکەی تەندروستی کەلار تائەمرۆش لە جێگەی خۆیدا ماوە.[٣٢]

سەرەتای دروستبوونی بنچینەی بەڕێوەبەرایەتی پۆستەوگەیاندنی کەلار دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٥٣) کە جۆری بەدالەکە (ماگنێت هیندڵ) بووە، بەدالەیەکی (٣٨) هیلی تەلیفۆن و بەشی پۆست لەو فەرمانگەیەدا هەبوو، لە هەشتاکان ژمارەی تەلەفۆنەکانی (١٢٠) هێڵ بوو، شەبەکەی ناوشار زۆر کەم و خراپبوو دواتر لە سەردەمی بەعسدا بووبە (١٨٠) هێڵ گوێزرایەوە بۆ ناوبازاڕ و بینایەکی بۆ دروستکرا، لە ساڵی (٢٠٠٠) لەژێر سایەی ئازادیدا لەبەر زیادبوونی رێژەی دانیشتووان لەلایەن وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی (حکومەتی هەرێمی کوردستان)، بەدالەیەکی دیجیتاڵی (١٠٠٠) هێلی و کێبلاتی ناوشار دابینبکات، دواتریش لە ساڵی (٢٠٠٢) بۆ زیاتر خزمەتی هاوولاتییان وەزارەت توانی بەدالەیەکی دیجیتاڵ قەبارەی (٤٦,٧) هێلی دابینبکات،[٣٣] هەروەها ئەم شارەدێیە لە ساڵی (١٩٥٥)دا کارەبای پێگەیشتووە.

مێژووی قەزای کەلار

کەلار لەمێژە ئاوەدانبووە بەلگەی زۆر هەن سەلمێنەری ئەم راستییەن، سەربە ناحیەی قەلای شێروانە بووە، مەڵبەندی ناحیەکەش سەرەتا لە بنگرد بووە بەرامبەر قەلای شێروانە، بنگردیش لەوەوەهاتووە کە لە بنگردی شێروانەدا بووە، ئەم ناحیە (قەلای شێروانە) مێژوویەکی دێرینی هەیە تاوەکو ناوەڕاستی سییەکان لە بنگرد بووە دواتر لەبەر فراوانی سنوورەکە و دووری

ـە گوندەکانی، ناوەندی ناحیەکە گواستراوەتەوە بۆ گوندی سەرقلا، تاوەکو ساڵی (**١٩٧٥**) **ناوی** شێروانە بووە، دواتر کە قەزای کەلار دەخرێتەسەر پارێزگای سلیمانی ماوەیەك **دەمێنێتەوە و** دەخرێتەسەر قەزای کفری ئیدی ناوی ناحیەی شێروانە نامێنی و لە ٦/ ١١/ ١٩٧٥ **دەگۆڕێ بۆ** ناحیەی سەرقلا، لەکۆتایی شوباتی (١٩٧٠)دا بە بڕیاری حکومەتی عێراق کرایە قەزا و ناوی (کەلار)ی لێنرا سەربە پارێزگای کەرکوك بوو کە ئەمەش بەهۆی ڕەگەزپەرستی حیزبی بەعسەوە بووە لەوکاتەدا حوکمڕانی عێراقی دەکرد، لەبەرئەوە ناوی (شێروانە)ی بەناوی فارسی نەقەڵەمدرا، قەزاکەش ناوی کەلاری وەرگرت، لەکاتێك مەڵبەندی قەزاکە لە (بنگرد) بوو کە شێروانە و بنگرد تەنها (٣)کم لە کەلارەوە دوورە، لەئێستادا سێ گەڕەکی **کۆنی شارەکەن،** زۆربەی دامودەزگا حکومییەکان بەتایبەت کۆنەکان لەو گەڕەکانەن، **رەنگە هۆکارێکیتری ناوەکە** بگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ناحیەیەکیتر بەوناوەوە **هەبووە، بەناوی ناحیەی بنگردەوە لە پارێزگای سلێمانی،** ناوی شێروانەش **لە قەڵای دێرینەکەی شێروانەوە وەرگیراوە،**(٣٤) **هەرچەندە نووسەر** **مێژووی** بە قەزابوونی ساڵی (١٩٧٤) نووسیوە کە ڕاستییەکەی و مەرسومی کۆمارییەکی ئەسەرەوە ئاماژەپێکرا.

بەدرێژایی مێژووی کەلار و شێروانە زۆر بەڵگەمان خستەڕوو کە ناحیەی شێروانە پێشدامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا و پێکهێنانی یەکەم حکومەت و دابەشبوونی کارگێڕی لیوا و قەزا و ناحیەکاندا، لە بیستە کانی سەددەی ڕابردوودا ناحیەی شێروانە هاتە کایەوە و زۆربەی گوندەکانی کفری لەخۆگرتووە و ناوەندی ناحیەکەش لەناو قەڵای شێروانەدا بووە(٣٥)، دواتریش دەبێتە قەزا و لە هەردوو ناحیەی شێروانە و پێباز پێکدێت، کەواتە بەپێی مەرسومێکی کۆماری(٣٠) ژمارە (١٣٧) بەپێکهێنانی قەزای کەلار لە (٢٨/٢/١٩٧٠)(٣٦) لەلایەن سەرۆککۆماری عێراقەوە لە پارێزگای کەرکوك و هەردوو ناحیەی شێروانە و پێباز دەکەوێتە سنووری ئیداری ئەم قەزاوە، ئەمەش پێچەوانەوەی ئەو ڕایانەیە کە بلاوکراونەتەوە کە گوایە کەلار لەدوای ڕێکەوتنامەی (١١)ی ئازارەوە بووەتە قەزا، لەکاتێکا بڕیاری دەرچوونی وەك لە مەرسومی کۆماریدا هاتووە، (٢٨/٢)وە نەك (١١/٣)، واتە مانگی شوباتە نەك ئازار.

- کەلار لەماوەیەکی کورتدا گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆیەوەبینیوە، بەئێستاشەوە تادێ لەهەموو رووبەکەوە گەشەدەکات و دەبێتە باوانی ئەوانەی کە بۆ ماوەیەکی کورتیش تیادانیشتەجێدەبن بەبێنەوەی هەست بە نامۆیبکات، جیا لەوەی جوولەیەکی بەردەوام بەدیدەکرێ لە تەواوی کایە جیاجیاکاندا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری سیاسی و ئابووری و کارگێڕی و هەلکەوتە جوگرافیاکەی.

یەکەم قایقامی شاری کەلاریش (جەلال بیلال کانەبی) بووە کە خەلکی هەولێر بووە، لەهەفتاکاندا جیا لە دامەزراندنی کۆمەلێك داموەزگای حکومەت، کۆمەلێك گەڕەك و کۆمەلگای گەورەی تیادادروستکرا کە لە ناوچەکانی دەوروبەرەوە بە زۆرەملێ راگوێزرابوون، لەوماوەیەدا گۆڕانی سیاسی گەورە لە ناوچەکەدا روویدا، دوای هەرسهێنانی رێکەوتنامەی ئازاری (١٩٧٠) حکومەتی بەعس یەکلایەنە یاسای ئۆتۆنۆمی ژ (٣٣)ی لە (١٩٧٤/٣/١١) راگەیاند کە بەشدارییەکانی تەنها پـــارێزگاکانی (سلێمانی، هەولێر، دهۆك)ی گرتەوە، لەگەلّ (١٩) قەزا و (٥٢) ناحیەدا کە رووبەری ناوچەی ئۆتۆنۆمی (٢٦) ٤٦٪ی خاکی کوردستان **پێکدێنێ و رووبەری ٧٤، ٥٣٪ لێیدابڕاوە بۆ دەسەلاتی ناوەند، لە کۆی (٣٦٣٤٧)کم٢ دواتریش بەوە نەوەستا شالاوی راگواستن و تەعریب ئەم رووبەرەی کەمکردەوە بۆ (٤، ٣٦٪).** [٣٧]

بەپێی فەرمانی کۆماری ژمارە (٦,٨) لە (١٩٧٥/١١/٦) قەزای کەلار (١) نەخشەی کارگێڕی لە پارێزگای کەرکوك هەلوەشێنرایەوە و خرایەسەر پارێزگای سلێمانی کەواتە تا ناوەڕاستی هەفتاکان کەلار سەربە پارێزگای کەرکوك بوو کە پێکهاتبوو لە هەردوو ناحیەی شێروانە و پێباز، دواتر بەپێی فەرمانی کۆماری ژمارە (٦,٧) لە مێژووی (١٩٧٥/١١/٦) ناحیەی سەرقلاّ (شێروانە) لە قەزای کەلارەوە دەخرێتەسەر قەزای کفری، لە (١٩٧٥/١١/٦) بە ژمارەی (٦,٦).. تیلەکۆ دەبێتە ناحیە لەسەر قەزای کەلار(٣) ئەگەر سەرنجبدەین لە یەك رۆژدا ئەو فەرمانانە دەرچووە کە ژمارەکانیان یەك لەدوای یەکە (٦,٦، ٦,٧، ٦,٨) تەنانەت زنجیرەی لاپەڕەکانیش (١٧٥، ١٧٦، ١٧٧، ١٧٨) لە (١٩٧٥/١٢/١) بە بڕیاری ژمارە (٢٦٣٦٣) کە لە رۆژنامەی رەسمی (الوقائع العراقیە)دا بلاّوکراوەتەوە بە ئیمزای وەزیری ناوخۆ، ناحیەی شێروانە ناوەکەی گۆڕاوە بۆ ناحیەی سەرقلاّ، بە (٢٤) موقاتەعەوە لە قەزای کەلار وەرگیراوەتەوە و خراوەتەسەر قەزای کفری بە فەرمانی کۆماری ژ (٦,٧) کە لە (٦ / ١١ / ١٩٧٥) دەرچووە.

تادێ ئەم شارە لەگەشەکردندایە و بەخێرایی ڕێژەی دانیشتوونی پێدەچێت حەی
قۆناغەکانی سەردەم کاریگەری بزاوتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و جوگرافی و
کارگێڕییەکانەوە گەشەکردنێکی بەرچاو و دیاری بەخۆیەوەبینیوە لەگەڵ ئەوەش ڕەوشی سیاسی
عێراق و کوردستان ڕۆڵی گەشیان هەبووە لە فراوانبوون و گەشەکردنی ئەم شارەدا دواجار پێگە و
هەلکەوتە جوگرافیاکەی و فاکتەری کارگێڕی و خزمەتگوزارییەکان گەر لە ئاستی
پێداویستییەکانی سەردەمیشدا نەبووبن حاشاهەڵنەگرە گەر بەراوردیبکەین لەگەڵ ناوچەکانی
دەوروبەردا جیاوازی بەرچاو بەدیدەکرێ، بەتایبەت لەوقۆناغەدا هیچ خزمەتگوزارییەك بۆ
گوندەکان نەبووە بەپێچەوانەشەوە ئابلۆقەی جیاواز و فشاری جۆراوجۆر و ئۆپەراسیۆنی هێز و
داپلۆسین و سەرکوتکردن و چەوسانەوە هەمیشە ئامادەیهەبووە ئەمانە ڕێگەخۆشکەر و خاڵی
سەرەکی بوون گوندنیشینان کۆچبکەن بۆ شار، ئەم ڕەوشە درێژەیهەبوو تا ڕووخاندن و
سووتاککردنی دێهاتەکان و دواتریش ئەنفالکردن و زیندەبەچاڵکردن و بێسەروشوێنکردن،
ئەوانەی لەژێر چنگاڵی بەعس ڕزگاریانبوو بەناچاری لەم شارەدا و لە ئۆردگاکانی زۆرەملێدا
نیشتەجێبوون دواتریش دوای ڕاپەڕین و ڕزگارکردنی ئەم ناوچانە و وەدەرنانی دەزگا سیخوڕ و
سەرکوتکەرەکانی بەعس کەلار ئارامی و ئاسایشی و هیچ نەبێ ئەوجۆرە چەوسانەوەی
تیادابەدینەدەکرا، بۆیە جارێکیدی بووە باوانی ئەو شار و شارۆچکانەی لەژێر دەسەڵاتی بەعسدا
بوون، هەمدیسان کەلار تووشی گرفتی ئیداری بوو بە دامەزراندنی پارێزگار کەرکوك لەسەر
بڕیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پارێزگای سلێمانی جیاکرایەوە خرایەسەر پارێزگای
کەرکوك، ئەمانە دوای پرۆسەی ئازادی و ڕووخاندنی حکومەتی بەعس پارێزگای کەرکوك
هەلوەشێنرایەوە ئیدارەی گەرمیان جێیگرتەوە بۆئەو قەزایانەی کە بەدرێژایی مێژوو تاناوەڕاستی
حەفتاکان لەسەر پارێزگای کەرکوك بوون، دواتریش بە بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران ئیدارەی
گەرمیان گوێزرایەوە بۆ شاری کەلار ئیدی لەو چرکەساتەوە تائێستا ناوەندی ئیدارەی گەرمیانە،
ئەمەش خاڵێکی پۆزەتیڤ و ڕەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو لە مێژووی کەلاردا لەئێستادا
مامەڵەی پارێزگار لەگەڵ دەکرێ ، ئەمانە و لەئێستادا جیا لەوەی ناوەندی ئیدارەی گەرمیانی
لەخۆگرتووە چەندین بەڕێوەبەرایەتی گشتی تێدایە و مامەڵەی پارێزگای لەگەڵ دەکرێ
مەرجەکانی پارێزگابوونی تێدایە، لەڕووی دانیشتووانەوە یەکێکە لە قەزا گەورەکانی هەرێم و
عێراقیش، لەڕووی ئابووری و بازرگانییەوە پێگەیەکی بەهێز و زۆر پێشکەوتووە ئەمڕۆ

رووبەرەوە دەشتێکی پانتایی زۆری هەیە بۆ فراوانبوون، خاکێکی بەپیت و کشتوکاڵی جۆراوجۆر و پاشان نەوتی زۆری لێدۆزراوەتەوە، هەروەها لە بواری پەروەردە و فێرکردن و خوێندنی باڵادا زانکۆی گەرمیان و چەندین پەیمانگای تێدایە، جیا لەچەندین شەقامی دووسایدی جوان و پارکی گەورە و لە بواری سەوزاییدا لەدوای پارێزگاکانیتری هەرێمەوە دێ، ناوچەیەکی پیشەسازی گەورە بەخزمەتگوزارییەکانەوە لەگەڵ عەلوەیەکی گەورەی سەردەمییانە. دانیشتووانی شاری کەلار لەنێوان ساڵانی (١٩٧٠-٢,١٢) بەپێی ئەو ئامارانەی بە رەسمی کراون هەرچەندە تێبینی زۆرە لەسەر ئامارەکان بەفەرمیی و نافەرمییەوە، ئاشکرایە کەلار پێش قەزابوونی ناحیەیەك بووە بەناوی ناحیەی قەڵای شێروانە، پاش ئەوەی فەرمانی کردنە قەزای لەلایەن حکومەتی مەرکەزی عێراقەوە درا ئیدی لەوچرکەساتەوە رۆژ لەدوایی رۆژ دانیشتووان زیادیکردووە، زیادکردنەکەشی بەشێوەی ناسروشتی بوو ئەویش بەهۆی هەلومەرجی نائارام و ناجێگیری ناوچەکە بووە بەتایبەت دۆخی سیاسی کە حکومەتی ناوەند بەدڕندانەترین شێوە رەفتاری لەگەڵ گەلی کوردا کردووە، لە زۆر شوێن هاتووە کە ژمارەی دانیشتووانی ناوەندی کەلار لە ساڵی (١٩٧٠) (١٣٢٤) کەس بووە، هەرچەندە ئەم ئامارە جێگومانە گەر سەیری ئاماری ساڵی (١٩٥٧) بکەین تەنها کەلاری کۆن دانیشتووانەکە ی (١,٨٦) کەس بووە، بنگردیش (١٥١) کەس بووە، جگەلە شێروانە و عەلەوحە کە ئاوەدانبوون کۆی هەردووکیان دەکاتە (١٢٣٧)[٣٨] ئیدی بە چ مانایەك دوای (٢٠) ساڵ تەنها (٨٧) کە س زیادیکردووە، لەکاتێکا هیچ کارەساتێکی سرووشتی نەبووە کۆچکردنیش بەرەو ئاراستەی کەلار بووە، هەربۆیە لە ئاماری ساڵی (١٩٧٧)دا دانیشتووانی شاری کەلار گەیشتووەتە (٩٢٧٣) کەس کە رێژەی زیادبوونی ساڵانە گەیشتە (٣٢٪) ئەمەش رێژەیەکی بەرزە کە هۆکارەکەی ئەوەیە بارودۆخ نالەباربوو کە دەسەلاَت دژی کورد و ناوچەکە زوڵم و ستەمی ئەنجامداوە، هەربۆیە لەپۆلێنکردندا لە شارەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی لە ریزی شەشەمدا دێ[٣٩] لە ئاماری ساڵی (١٩٨٧)دا ژمارەی دانیشتووانی شاری کەلار گەیشتووەتە (٦٣١,٢) کەس کە حەوت هێندەی ژمارەی دانیشتووانی ساڵی (١٩٧٧) زیادیکردووە و رێژەی زیادبوونی ساڵانەی گەیشتووەتە (١,١ ٢٪) شارنشینیش بەرزبووەتەوە بۆ رێژەی (٨٠..٧٪) سەرجەم دانیشتووانی قەزاکە.

کەلار سەرکەوت بۆ دووەهەم شار.. لەڕووی ژمارەی دانیشتووانەوە لەدوای پارێزگای سلێمانییەوە دەهات، یەکەم قەزا لەسەر ئاستی پارێزگا، ئاشکرایە ئەم زیادبوونە حاڵەتێکی

-ـروشتییه هۆكارەكانی بەمشێوەیە ڕووندەكەینەوە:

١. ڕاگوێزانی دانیشتووانی دێهاتەكان و ناحیەكانی قەزای خانەقین لە سالّی ١٩٧٠)ەوە ئاوارە و پەرتەوازەی ناوچەكانی كوردستان و ناوەڕاستی عێراق بوون، بۆئەم مەبەستە حكومەتی ناوەند چوار ئۆردوگای دروستكرد كە ئەمانەبوون (بەردەسوور، گازینۆ، حەمەی كەریم، پێنجسەد ماڵەكە) كە ئێستا چوار گەڕەكی گەورەن.

٢. هەلومەرجی نائاسایی كەلار و دێهاتەكانی دەوروبەری لە سەردەمی شۆڕشی كوردستان و هەروەها شەڕی نێوان عێراق و ئێران كە ئەمەش بووە هۆی كۆچكردنی ژمارەیەكی زۆر لە دانیشتووانی دێهاتەكان بەرەو شاری كەلار.

٣. كۆچی بەردەوامی دانیشتووانی گوندەكان بەهۆی جیاوازی خزمەتگوزارییەوە.

٤. ڕووخاندنی گوندەكانی هەردوو قەزای كەلار و كفری لە سالّی (١٩٨٧ - ١٩٨٨)و ڕاگواستنی دانیشتووانەكەی و نیشتەجێبوونی لە شاری كەلار.

٥. داپلۆسین و ترس و تۆقاندن بەرامبەر نەتەوەیی كورد لە ناوچەكانی دەرەوەی هەرێم.

بـــــەلاّم دواتر لەنێوان ساڵانی (١٩٨٧ - ٢٠٠٢) گەشەی دانیشتووانی كەلار ڕێژەكەی ٢,٤٪) بووە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆكاری ڕاپەڕینە مەزنەكەی ئازاری سالّی (١٩٩١)و ئازادكردنی زۆربەی ناوچەكانی كوردستانی باشوور و هۆكاریتر.

گەڕانەوەی ئارامی و ئاسایش تاڕادەیەك سەقامگیری سیاسی هەلێكی وای ڕەخساند، زۆرێك لە خەلكی لادێكان بگەڕێنەوە بۆ زێدی باوباپیرانیان كە پێشتر لەژێر زەبروزەنگ و زۆرەملێی ڕاگوێزراندابوون هاوكات سیاسەتی بەعەرەبكردن و ڕاگواستن كەمبووەوە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا كۆچ لە ناوچەكانی ژێر دەسەلاّتی حكومەتی ناوەندەوە بەردەوامبوو بەتایبەتی ناوچەكانی دووزخورماتوو و خانەقین و دەوروبەری ئەمەش دووبارە كاریگەری لەسەر ژمارەی دانیشتووان هەبوو، كەلار لە سالّی (٢٠٠٢)دا ژمارەی دانیشتووانی گەیشتووەتە (٩٣١,٥) كەس ئەم ئامارە بەگوێرەی فۆرمی خۆراك وەرگیراوە نزیكەی (١٨١٦٠) خێزان بووە(١). گەشەی بەرچاوی بەخۆوەبینی، لەم قۆناغەدا واتا لە سالّی (١٩٨٧-٢٠٠٢) ڕێژەی زیادبوونی ـــ دانیشتووان دابەزی بۆ ٣٪ لەبەرامبەر قۆناغی پێشوودا دابەزیوە، ئەگەرنا ئەم ڕێژەیە ـــ بەلاّم ئەمە ئەوە ناگەیەنێت كە جموجۆڵی شوێنی كۆچ لەم ماوەیەدا نەبوو. كێـ ـــ

ـ ـ ـ دەبینین ڕێژەی زیادبوونی ساڵانەی کەلار بەرزبووەتەوە بۆ ٤,١٪ ئەمەش بەهۆی گەڕانەوەی لادێنشینان بۆ زیدی خۆیان پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٧ - ١٩٨٨ بە زۆرەملێ ڕاگوێزرابوون، هەروەها دروستکردنی ئۆردوگای زۆرەملێی (سمود کە ئێستا گۆڕاوە بۆ ناحیەی رزگاری) لەماوەی ساڵی(١٩٨٧-١٩٩٠) کە ژمارەی دانیشتووانەکەی لە ساڵی ٢٠٠٢دا گەیشتە (٢٢٠٠٠) کەس و ڕێژەی ١٥,٦٪ ی دانیشتووانی قەزاکە پێکدەهێنن.

ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی لەماوەی لێکۆڵینەوەکەدا (١٩٧٧-٢٠٠٢) بڕوانینە ڕێژەی زیادبوونی ساڵانەی دانیشتووانی شاری کەلار دەبینین دەگاتە ١٤,١٪ ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر بەرزە لەچاو قەزاکانیتردا.

لەماوەی ساڵی (١٩٧٧- ٢٠٠٢) بڕوانە خشتەی ژمارە(٣)

زۆرێك لە دانیشتووان کە تائێستا لەکەلاردا نیشتەجێن، بەڵام تەنها فۆرمی خۆراکیان گواستووەتەوە بۆ ناوچە ئازادکراوەکان، هەرچەندە ساڵی (٢,١٢) قەزای کەلار ژمارەی دانیشتووانەکەی (٢٢٦٠٠٠) کەسە ناوەندی کەلاریش ژمارەی دانیشتووانی(١٨٤٩٧٣) کەسە(

٢) سەیری خشتەی ژمارە (١) بکە.

دانیشتووانی شاری کەلار لەنێوان ساڵانی (١٩٧٧-٢٠١٢).

لەوماوەیەدا گۆڕان و وەچەرخانێکی گەورە ڕوویدا جگەلە عێراق کە گەورەترین و دڕندەترین دیکتاتۆری لەناوچەکەدا ڕووخا، ئازادی گەلانی عێراق هاتەگۆڕێ ئەمە خاڵێکی گرنگبوو. کاریگەری لەسەر تەواوی ناوچەکە هەبوو. ناوچەی لێکۆڵینەوەش گەشەکردنیکی بەرچاوی بەخۆیەوەبینی لەڕووی دابەشکردنی زەوی وفراوانبوونی و زیادبوونی.. ژمارەی گەڕەکەکان و ڕووبەری شار لە بوارەکانی خزمەتگوزاری و کارەبا و ڕێگاوبان و ئاوەڕۆ ئەم پرۆژانە تائێستایش ئەنجامدەدریت. کەم گەڕەك ماوە یان هەرنەماوە ئەو خزمەتگوزاریانەی تیادانەکرابیت. بەتایبەت گەڕەکە کۆنەکان لە بواری پەروەردە و فێرکردندا چەندین قوتابخانە و ـحجەی ساوایان دروستکراون. هەرچەندە بەهۆی خێرایی گەشەکردنی ژمارەی دانیشتووان ـتو ـ ـ و ـ بەتەواوی کۆنترۆڵبکری هیشتا دوو دەوامی ماوە و لە زۆرێك لە خوێندگاکاندا ئەم ـ ـ ـیە ـ ـ ـی هەیە ماوەیەکی زۆریش سێ دەوامی بوونی هەبوو خوێندگایەکی نموونەیی بە ـ ـی E کرـ ـتەوە کە تەنها لە (٣) پارێزگاکەیتری هەریم هەیە، لە بواری خوێندنی باڵادا کە

جگەلە پەیمانگای تەکنیکی کە لە ناوەڕاستی نەوەتەکاندا دروستکرا و دواتریش زانکۆی گەرمیان و پەیمانگای کۆمپوتەر کرانەوە هەرچەندە وەك پێویست نییە.

لە تاقیگە و میتۆد و مامۆستایی پسپۆڕ حاشاهەڵنەگرە وێڕای ئەوانەش زانکۆ رۆڵی کاریگەرییان هەیە لەسەر شار و کۆمەڵگا. تادێ ژمارەی گەڕەکەکان زیاددەکەن زۆرێك لە کۆمپانیاکان روویان کردووەتە ئەم شارە بۆ دروستکردنی خانوو (کەلاری نوی و رۆناکی) زیاتر لە دوو هەزار خانوویان دروستکردووە لە بواری جێبەجێکردندایە. لەگەڵ ئەمانەشدا نرخی زەوی و خانوو لەم شارە لەهەموو شارێك گرانترە بەتایبەت لەدوای پرۆسەی ئازادی و رزگارکردنی عێراق گۆڕانێك هاتەگۆڕێ هاوشێوەی نەبوو. هیچ نەبێ خەلکی کوردستان لە دلەڕاوکێ وترس و توقاندن و ئاوارەبوون رزگاربیبوو. بەتایبەت لەئێستادا کەلار ناوەندی ئیدارەی گەرمیان کە چەندین بەڕێوەبەرایەتی گشتی و بەڕێوەبەرایەتی ئامادەیی هەیە کە بۆتە هۆی راکێشانی هەزاران کەس لە شارەکانیترەوە. هاوکات خاڵێکی گرنگبوو بۆ بژێوی سەدان خێزان لەدوای پرۆسەی ئازادی ناوەندی ئیدارەی گەرمیان گوێزرایەوە بودجەی تایبەتی بۆ تەرخانکرا و مامەڵەی پارێزگای لەگەڵ دەکرێ. دەرگایەکی بازرگانی و ئابووری بەڕووی کەلاردا کرایەوە وەك ناوەندێك بۆ ناوەڕاست و خواروی عێراق و بەغدایش بەتایبەتی، جگەلە پارێزگاکانی هەرێم.

ئەمەو رەوشی نائارامی ناوەڕاست و خواروی عێراق ململانێی مەزهەبیی و نەتەوەیی و نەبوونی هەلی کار کەشێکی وایخوڵقاند هەزاران خێزان بە عەرب و کورد و تور کمانەوە ئاودیوی هەرێم بوون، لەم شاردا زۆرێك نیشتەجێبوون تاوەکو ئێستایش رۆژانە بەلایکەمەوە خێزانێك یان زیاتر کۆچدەکەن بۆ کەلار و رێژەکە زیاتردەبێ.. هەربۆیە (٢٣٨٧) عەرب و (٢٤٣٨) خێزانی کورد و تورکمانیش (١٣) خێزانە لەدوای پرۆسەی ئازادییەوە هاتوونەتە ئەم شارە، لەئێستادا ژمارەی دانیشتووانی قەزای کەلار (٢٢٦) هەزار کەسە تەنها ناوەندی کەلار (١٨٤٩٧٣) هەزارە، جگەلە ناحیە و گوندەکان، هەرچەندە دەبوو لە ماوەی ئەو(٢٦) ساڵەدا بەلایکەمەوە دووجار سەرژمێری فەرمی ئەنجامبدرایە، بەداخەوە ئامارەکان بەپێی فۆرمی خۆراك دەخرێتەڕوو لەکاتێکا چەمکی سەرژمێری دانیشتووان ماناکە ی زۆر روونە. دانیشتووان سەرژمێریدەکرێن لەوشوێنەی دادەنیشن یان تیایدانیشتەجێن، سەیری خشتەی ژمارە (١) بکە. سەرژمێری ساڵانی (١٩٧٠-٢,١٢) خراوەتەڕوو تەنها دانیشتووانی گەڕەکەکانی ناوشار.

خشتەی ژمارە (٢)

دانیشتووانی کەلار ساڵەکانی (١٩٧٠-١٩٧٧ - ١٩٨٧ - ٢..٢- ٢,١٢)

ساڵ	ژمارەی دانیشتووان	قوناغەکان	ڕێژەی زیادبوون
١٩٧٠	١٣٢٤ کەس	١٩٧٧-١٩٧٠	٪٣٢،٥
١٩٧٧	٩٢٧٤ کەس	١٩٨٧ -١٩٧٧	٪٢١،١٣
١٩٨٧	٦٣١,٢ کەس	٢٠٠٢-١٩٨٧	٪٢،٦
٢..٢	٩٣١,٥ کەس	٢٠١٢-٢٠٠٢	٪٧،١
٢,١٢	١٨٤٩٧٣ کەس	٢٠١٢ -١٩٧٠	٪١٢،٥

کەلار ناوەندی ئیدارەی گەرمیان

حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق و بەتایبەتی حکومەتی بەعس هەربەوەوە **نەوەستاون تەخشەی کارگێڕی** پارێزگاری کەرکوك تێکبدەن و لەبەری یەك هەڵیبوەشێننەوە و **بچووکی بکەنەوە و ناوەکەی بگۆڕن، لە گشت** ناوچەکانیدا پاکتاوی ڕەگەزی بکەن. ناوی شەقام و گەڕەك و **خوێندگاکان و دێهاتەکانی بگۆڕن بۆ ناوی عەرەبی**، فەرمانبەر و کرێکارانی کورد لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوك و هەموو دامودەزگاکانی دەوڵەتدا دەربکەن، ڕەشبگیری و قەتلوعامی تێدابکەن، ئەنفال و کیمیابارانبکەن، بەڵکو هەر لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە پارێزگاری کەرکوك بەهۆی دەوڵەمەندی و هەبوونی زێڕی ڕەش و بەپیتوبەرەکەتی زەویوزارەکەی و سەروەت و سامانی سەرخاك و ژێرخاکەکەی جێی تەماح و چاوتێبڕین بووە.(٤٠)

حکومەتی بەعس لە چرکەساتی هاتنەسەر حوکمیدا، وێرای چەندین کێشەی جۆراوجۆر و تەنگەژەی سیاسی و ئالۆزی دۆخەکە و ئامادەیی چەندین قەیران، درێژەی سێکوچکەی (تەرحیل، تەعریب، تەبعیس)دا ڕاگواستنی کوردان لە زێدی باوباپیرانی و هێنانی عەرەب بۆ جێگاکەیان، بۆئەوەی دیمۆگرافی ئەو ناوچە کوردنشینانە بگۆڕێ و ڕێژەی نەوەی کورد کەمبکاتەوە لەژێر بیانووی لاوازی جیاجیادا، درێژەی بەو پیلانە ڕەگەزپەرستەدا، بەتایبەت لەوناوچانەی کە گرنگی ستراتیجی هەیە لەڕووی ئابوورییەوە لەلایەك و کەمکردنەوەی پانتایی جوگرافی لەلایەکیترەوە، هەرچەندە بۆ بەهێزکردنی پایەکانی خۆی و کەمکردنەوەی قەیرانە سیاسییەکان، ڕایانگەیاند کە

سوودیان لە تاقیکردنەوەی ساڵی ١٩٦٣ خۆیان بینیوە، دەیانویت کێشەکانی وڵات چارەسەربکەن، وەك فەرمانڕەوایانی خۆیان پێشخۆیان لەعێراقدا بەڵێنیاندا کە ئاشتییانە لەگەڵ کوردا هەڵسوکەوتدەکەن، ئەمە و هەرچەندە سوپای عێراق هێرشێکی بەربلاوییان کردەسەر کوردستان، بەلام سودبوون شکستیاخوارد، هەربۆیە داوای گفتوگۆیان کرد لەگەڵ کوردا بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردیش ئامادەی خۆی پیشاندا، دواجار لەئەنجامدا ڕێکەوتننامە مۆرکرا و لە شەوی ١١ی ئازاری ١٩٧٠دا ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر لە تیزگە و رادیۆ و تەلەفزیۆنی عێراقەوە بەیاننامەکەی خوێندرایەوە، ئەمەش لەڕووی مێژووییەوە گرنگی خۆی هەیە، بەلام زۆری نەخایاند حکومەتی عێراق هەستی بە هێز و توانای خۆی کرد لە ١١ ی ئازاری ١٩٧٤دا یەکلایەنەی یاسای ٣٣ ی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانی دەرکرد کە دووربوو لە ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازار کە ناوچەیەکی بەرفراوان لە کوردستان نەکەوتە چوارچێوەی ئەو ناوچە ئۆتۆنۆمییەوە (کەرکوك، خانەقی، کفری، شەنگال.. هتد).. پارێزگای کەرکوك بەشێوەیەك شێوێندرا و پارچەپارچە و لەتوپەتکرا و بچووکرایەوە تەنانەت ناوی پارێزگای کەرکوك گۆڕا بۆ پارێزگای (ئەلتەئمیم) تەنها قەزای ناوەندی کەرکوك و قەزای حەویجەی لەسەرمایەوە کە بەپێی فەرمانی کۆماری ژمارە (٦,٨) لە ٦ -١١-١٩٧٥دا قەزاکانی کەلار و چەمچەماڵ نەخشەی کارگێڕی لە پارێزگای کەرکوك هەڵوەشێنرایەوە خرایەسەر پارێزگای سلێمانی لەهەمان فەرمان و ژمارە و رۆژ و ساڵدا قەزای کفری خراوەتەسەر پارێزگای دیالە دواتریش بەپێی فەرمانی کۆماری ژمارە ٤١ کە لە ٢٩-١-١٩٧٦دا دەرچوو قەزای دووزخورماتوو خراوەتەسەر پارێزگای تازە دروستکراوی (سەلاحەدین – کفری) ئەم قەزانە وەکو خۆی مایەوە، هەرچەندە هەندێ گۆڕانکاری ئیداری تێداروویدا راگواستن و زەبروزەنگ و چەوسانەوەی نەتەوایەتی درێژەیهەبوو لە ناوچەکانی دەرەوەی ئۆتۆنۆمی کارتۆنی بۆ ناوەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەتایبەت بۆ شارەکانی کەلار و چەمچەماڵ.. هەربۆیە تادەهات ڕێژەی گەشەکردنی دانیشتووان زیاتردەبوو دواتریش راگواستنی لادێیەکان و رووخاندنی ٤٥٠٠ گوند و ئەنفالکردنی خەڵکەکەی ئەمەش کاریگەری جیاجیای لێکەوتەوە.

لە راپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١دا تەنها لەماوەی ١٦ رۆژدا لە دەروازەی راپەڕینەوە (رانیە) تاوەکو ٢١ی ئازار کەرکوکی شاری کوردانیش رزگارکرا تەواوی دەزگە سەرکوتکەر و سیخوڕەکانی بەعسیان وەدەرنا، بەمەش پلانە گڵاوەکانی حکومەتی حـ

تێکدرا و پاشان لە پرۆسەیەکی دیمۆکراسیدا و بۆ یەکەمینجار هەڵبژاردن ئەنجامدرا، دواتریش لەلایەن پەرلەمانەوە بڕیاری دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان درا، ئیدی لە سۆنگەی نەتەوەییەوە بیر لە پاراستنی قەوارەیەکی سیاسی جوگرافیا پارێزگای کەرکوك لە ناوچە ئازادکراوەکانی کرایەوە بڕیارێکی بوێرانە درا یەکەیەکی ئیداری دامەزرا بەناوی پارێزگای کەرکوك، بەپێی بڕیاری پەرلەمان ژمارە (١٨) لە ١٩٩٢/٩/٢٢ کە تیایداهاتووە هەموو ئەو یەکە کارگێڕیانە لە هەرێمی کوردستاندا دادەمەزرێت لە پاش مێژووی ١٩٩١/٩/١١ لەلایەن حکومەتی مەرکەزییەوە هەڵوەشاونەتەوە بەو سنوورەی کە جاران هەیانبووە واتە لەسەر ئەو قەزایانەی خراونەتەسەر کەرکوك، قەزاکانی (کەلار، چەمچەماڵ، کفری).

پارێزگاکە پێکهێنرا لە قەزاکانی کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان کە ئەمەی دواییان هەرگیز سەربە پارێزگای کەرکوك نەبووە لەهەمانکاتدا دیارێکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوك ئەو بەشەی کە رزگارکرا، ئەو دەمە وێڕای قەیران و ئابلۆقەی ئیداری و هەڕەشەی مەترسی بەعس و لەولاشەوە شەڕی ناوخۆ و دیاردەی سروشتی وشکەساڵی کۆمەڵێك هەنگاوی پۆزەتیڤ نرا، بۆئەو سەردەمە توانرا دامودەزگا حکومییەکان و جۆرێك لە ئاوەدانکردنەوە ئامادەیی هەبێت گەر بچووکیشبێت گەر بەراوردیبکەین لەگەڵ قەیران و گرفتەکانی ناوچەکەدا بەمشێوە درێژەی هەبووە تا رووخانی رژێمی بەعس لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیەوە لە ساڵی ٢٠٠٣دا رزگاری دەوڵەتی عێراق جارێکیدی ناوچەکانی کەلار و کفری و چەمچەماڵ و دووز بەستران بە مادەی (١٤٠) ی دەستووری عێراقەوە دیسانەوە بۆشاییەکی ئیداری لەناوچەکەدا دروستبوو لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بە فەرمانێکی وەزاری کە تیایداهاتووە، ئاماژە بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکایەتی دیوان، ئەنجومەنی ژمارە، ٢٢٤٢ لە ٢٠٠٦/٨/٢ بڕیاردرا بە:

١. هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوك لە دەربەندیخان.

٢. دروستکردنی ئیدارەیەکی تایبەت بۆ ئەو قەزا و ناحیانەی کە پێشتر لە سنووری ئیدارەی گەرمیان پارێزگای کەرکوك رێکخرابوون و مەرکەزەکەیان بەشێوەیەکی کاتی لە دەربەندیخان بووە بەناوی ئیدارەی گەرمیان.

٣. ئەم فەرمانە جێبەجێدەکرێت لە بەرواری ٢٠٠٦/٨/٦ عوسمان حاجی مەحمود وەزیری ناوخۆ.[٤١]

ئادەهات پرۆژەی خزمەت گوزاری و ئاوەدانکردنەوە زیاتردەبوو، لەهەموو رووییەکەوە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو گەشەکردنێکی بەرچاو بەدیدەهات لەگەڵ ئەوەش **داواکاری و** پێداویستییەکانی خەڵك زیاتردەبوو، کێشەی نەتەوەیی و مەزهەبییەکانی ناوچەکانیتری **خوارووی** عێراق و ناوەڕاست و ناارامی رەوشی سیاسی و تەقینەوە و نەبوونی خزمەتگوزاری، **هەلێکی** وایڕەخساند کە کۆچکردن بەرەو هەرێمی کوردستان و بەتایبەت کەلار رێژەی دانیشتووان لە گەشەکردندابێت جیا لە بوارەکانیتر و جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) ئەم ناوچانە وەك خۆی بە هەڵپەسراوی مایەوە، هەربۆیە بە فەرمانی وەزیر بڕیاردرا بە گواستنەوەی ئیدارەی گەرمیان لە قەزای دەربەندیخانەوە بۆ قەزای کەلار لە بەرواری ٢٠٠٧/٢/٢٥دا ناوچەی گەرمیان **پێشتر لەسەر** پارێزگای سلێمانی بوو و بەشە بوودجەکەی لەو پارێزگایە دیاریدەکرا، بەڵام **بە بڕیاری (٢٢٤٢)** ئەنجوومەنی وەزیران لە **٢٠٠٦/٨/٦ هەموو دەسەڵاتە یاسایی و ئیداری و دارایی پارێزگای پێدرابوو بە یەکەمین ئیدارەی سەربەخۆ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.**

بەهۆی دووری ناوچەکەش لە سلێمانییەوە، لە ساڵی (٢٠٠٨) ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم گەیشتە ئەو باوەڕەی کە بڕیارێك دەربکات و گەرمیان وەکو پارێزگا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت لە چوارچێوەی (ئیدارەی گەرمیان)، بەشێوەیەکی کاتی بۆ راپەکردنی کاروباری ئیداری خەڵکی ناوچەکە و دەسەڵاتی پارێزگاریش ببەخشێتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

ئیدارەی گەرمیان یازدە بەڕێوەبەرایەتی تێدایە کە بریتییەلە بەڕێوەبەرایەتی (نووسینگەی تایبەت، پەیوەندییەکان و راگەیاندن، کاروباری ناوخۆ، وردبینی، کارگێری، خۆیەتی، ژمێریاری، کاروباری یاسایی، کشتوکاڵ، دڵنیایی جۆری، گرێبەستەکان)و پێکهاتووە لە هەریەك لە قەزاکانی (کەلار، چەمچەماڵ، کفری، خانەقین) کە خۆی لە هەژدە ناحیەدا **دەبینێتەوە، بوودجەی ئیداری** گەرمیان بەگوێرەی ژمارەی دانیشتووان و بەپێی **فۆرمی خۆراك دیاریدەکرێت و لەبوودجەدا ئەو** ژمارەی دانیشتووان لەبەرچاوناگیرێت کە **فۆرمی خۆراکیان گواستووەتەوە بۆ ناوچە** جێناکۆکەکان.

پرۆژەی ستراتیژی و سەدان پرۆژەی خزمەتگوزاری لە بوارە جیاوازەکان و وێڕای دابینکردنی بووجەیەکی تایبەت جگەلە بوودجەی ئاسایی خۆی کە بۆ گەرمیان دیاریدەکرێت لەم دوو ساڵەی رابردوو کە بڕی (٢٠٠) ملیۆن دۆلارە کە لە داهاتی فرۆشتنی نەوتی ناوچەکە بۆیتەرخانکراوە کە ئەمەش دەستی حکومەتی هەرێم و ئیدارەی ناوچەکە زیاتر واڵادەکات خ

خزمەتکردنی زیاتری هاووڵاتیان لەهەموو بوارە جیاوازەکاندا. حکومەتی هەرێم بەبایەخەوە دەڕوانێتە ناوچەکە و مەبەستیەتی قەرەبووی مادی و مەعنەوی خەڵکی ئەم ناوچەیە بکاتەوە کە لە سەردەستی رژێمی بەعس تووشیهاتووە و ئاسانکاری تەواودەکات بۆ کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی وەبەرهێنان لەم ناوچەیە بۆ زیاتر خزمەتکردن و ئاوەدانکردنەوە و بووژانەوەی خێراتری ناوچەکە.(٤٢)

دواتریش دوابەدوای هەڵوەشانەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان بەپێی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و دروستکردنی ئیدارەیەکی تایبەت بۆئەو قەزا و ناحیانە بەناوی ئیدارەی گەرمیان، بە فەرمانی وەزاری لە (۲۰۰۷/۲/۱۲) کە تیایداهاتووە بڕیارماندا بەگواستنەوەی ئیدارەی گەرمیان لە قەزای دەربەندیخان بۆ قەزای کەلار کە لەئێستادا ئیدارەی گەرمیان پێکدێت لە (٤) قەزا و (۱۸) ناحیەکە (۸)یان دەکەوێتە قەزای چەمچەماڵ و (٤) ناحیە لە قەزای کفری و (۳) ناحیە بۆ هەریەك لە قەزاکانی کەلار و خانەقین، هەروەها لە (۹,۸) گوند پێکدێت کە (۸,۱) گوندیان ئاوەدانە و (۱,۷) گوندیان چۆڵکراوە کە زۆرترین گوند لە قەزای چەمچەماڵە و کەمترینیان لە قەزای کفریدایە، رووبەری گشتی ئیدارەی گەرمیان (۳۹۲، ۱۲۵۷۲)کم۲ کە کەمترینیان رووبەری قەزای کەلار (۷۵، ۱۷۵۰)کم۲ کە دەکاتە (١٤ ٪)ی رووبەری گشتی لە ئیدارەی گەرمیاندا، ژمارەی دانیشتووانی (۶۱۳) هەزار کەس دەبێت بە سێ ناحیەکەی قەزای خانەقینەوە، بە رێژەی (٦، ٤٨ ٪) نێر و (٤، ٥١٪) مێ دابەشبووە کە زۆرترینی رێژەی مێ لە قەزای کفریدایە کە (٥٤ ٪).

ئێستا ژمارەی دانیشتووانی کەلار بە زیاتر لە (۲۲۶) هەزار کەس دەخەمڵێنرێت بە یـــەکێك لە قەزا گەورەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق دادەنرێت، ناوەندی ئیدارەی گەرمیانە.(٤٣)

ناوچەیەکی پڕبایەخە کوردستان بەڕێوەدەبات کە رووبەرەکەی نزیکەی (۵۰۰۰) کچگ دەبێت، لە رووبەری (٤٣) دەوڵەت و یەکەی سیاسی، جیهان گەورەترن، دانیشتووانەکەی نزیکەی (۶۱۳) هەزار کەسە کە لە ژمارەی (٤٦) دەوڵەت و یەکەی سیاسی زیاترە، بۆیە ئەرکی ئەم ئیدارەیە کەمترنییە لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتێك.. سەدام و بەعس سیماکانی ژیانیان سڕییەوە، لەپاش راپەڕین، هاتینەسەر وڵاتێکی تەواو ویران، لەماوەی شەڕی ناوخۆی خۆیشماندا (١٩٩٤-١٩٩٧) هێندەیتر خاك و خەڵکی وڵاتەکەمانی پڕوکاند، بوونیاتنان لە سفرەوە ئاسانترە وەك

سەرلەنوێ نۆژەنکردنەوەی کەلاوەیەك.. بۆیە ئەرکی تێکدانی شتە خراپەکان و بوونیاتنانەوەی بەشێوەیەکی باشتر کەوتەئەستۆی گەرمیانییەکان کە دەڵێن شتە خراپەکان، مەبەستمان تەنها بینا و جادە و ڕێگەوبان.. تاد، نییە، بەڵکو مەبەستمان ئەو پەروەوردە خراپەی سەردەمی شەڕ و زمانی گوللەیە کە تائێستایش کەسانێك لەوزمانە زیاتر نازانن. گەرمیان لەئێستادا لە هیچی کەمنییە، ئاوی زۆر و خاکی بەپیت و نەوت و گازی سروشتی و هێزی کاری پێویستی هەیە، بۆئەوەی گەشەبکات و پێشبکەوێت، تەنها ئەوەنەبێت بە دیدگایەکی نوێوە کار بۆ وەبەرهێنانی تواناکانی بکرێت، بەلاّم زۆر بەداخەوە تاوەکو ئێستا ئەو دیدگا نوییە بەدیناکرێت.(٤٤)

ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)ی چاپی لەندەنی کە ڕۆژنامەیەکی عەرەبی نێودەوڵەتییە لە ژمارەی (١٢٥٤٣)ی نیسانی (٢،١٣) ڕیپۆرتاژێکی بە ناونیشانی (قەڵای شێروانەی مێژوویی لە هەرێمی کوردستان سەما و هۆزێکی گەلاتی جیهان لەباوەشدەگرێت) بلاّوکردووەتەوە کە تێیدا ئامادەکاری ڕیپۆرتاژەکەی باس لە سێیەمین فستیڤاڵی کەلتووری گەلان و شاری کەلار و قەڵای شێروانە دەکات کە لەلایەن ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگ (مەعد فەیاز)ەوە ئامادەکراوە، ئەوە خراوەتەڕوو لەگەڵ دەسپێکردنی چالاکییەکانی فیستیڤاڵی کەلتووری گەلاندا، هاوولاّتییانی شاری کەلار بە جلی کوردی ئالّووالاّوە بینەری تابلۆ هونەرییەکانی گروپە بەشداربووەکانی فیستیڤاڵەکە بوون، لە بەشێکیتری ڕیپۆرتاژەکەدا مێژووی دروستبوون و شارستانییەت لە شاری کەلار خراوەتەڕوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەبەوەکراوە کە شاری کەلار لەئێستادا لە قەزا گەورەترە و لە پارێزگا بچووکترە، هەروەها لەلایەن (حکومەتی هەرێمی کوردستان) شاری کەلار کراوە بە ئیدارەی سەربەخۆ و هاوشێوەی پارێزگا مامەڵەی لەگەڵدادەکرێت، هەر لە درێژەی ڕیپۆرتاژەکەی (مەعد فەیاز) باسلەوەدەکات لەگەڵ چوونەژوورەوەیان بۆ شاری کەلار لەلایەن ئالاّی کوردستانەوە پێشوازییانلێکرا و سەرسامی خۆی بەرامبەر ئاوەدانی و گرنگی شاری کەلارنیشان دەدات و ئاماژەبەوەدەدات جادە و شەقامەکانی شارەکە ڕێکخراوە و بیناکانی بەرز و خانووەکانی فراوانن.(٤٥)

وەزیری ڕۆشنبیری لاوان (کاوە مەحمود) لەلێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەکە ڕوونیکردووەتەوە، کەلار لە ساڵی (١٩٩١)دا شارۆچکەیەکی کاولکراوبوو، بەلاّم بە هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم ئێستا بووەتە شارێکی گەشەسەندووی فراوان، لەبارەی دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی کەلار بۆ بەرێوەچوونی کەلتوری گەلان، وەزیری ڕۆشنبیری بۆ شەرقولئەوسەت وتی: لە ماوەی ڕابردوودا

ناوچەکە رووبەڕووی کاولکاری و ماڵوێرانی بووەتەوە، بۆیە بەپێویستمانزانی لەرێگەی ئەم کارەوە ئەو پەیامە بە هاوولاتییانی شارەکە بدەین کە دانەبراون لە گەلانی جیهان، لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ رۆژنامەکە وتویەتی: ئەم شارە کە ئێستا پێشکەوتووە و هاوچەرخ و گەشەسەندووە، تا پێش ساڵی (١٩٩١) شارۆچکەیەکی وێرانبووە بەهۆی بۆردمانی فرۆکەکانی رژێمی پێشوو لە چوارچێوەی شالاوەکانی ئەنفالدا، لەلایەن (حکومەتی هەرێمی کوردستان) سەرلەنوێ ئاوەدانیکردووەتەوە، خانووبەرە لە کەلار گرانترە لە هەموو کوردستان، هەروەها ناوچەیەکی بازرگانییە و لە سنووری نێوان (عێراق- ئێران) دەروازەیەکی بازرگانی گرنگ.(٤٦)

خاڵە پرشنگدارەکانی بەپارێزگابوونی گەرمیان:

- هەلکەوتەی جوگرافی هۆکاری سەرەکییە، زەرورەتی بەپارێزگابوونی کەلارە، نزیکترین پارێزگا لێوەی (١٤٤) کم دوورە.
- ئەم دوورییە وادەکات بازار بۆ خۆی دروستبکات و پشت بەخۆی ببەستێت، لە بوارەکانیتریشدا (زانکۆ، فرۆکەخانە).
- **بوونی ناوی سیروان** کە بەتەنیشتیا دەڕوات و چەند مەترێك لێوەیدوورە، لە زۆربەی **شارەکانیتردا نییە.**
- دانیشتووانی کەلار چوست و چالاکن و زیندوون بە **کارگەی بچووك و گەورەوە** (١٨٠) کارگەی تێدایە، جگەلە ئامادەبوونیان لەشارەکانیتردا لەبوارەکاندا.
- نزیکی لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق، پەیوەندیکردن لێرەوە دەستپێدەکات، ئەمەش گەرمیداوەتە کەلار.
- بوونی (٤) مەرزی سەرەکی کە (٨٠٪)ی بازرگانەکانە و داهاتەکەی زۆربەی هەرەزۆری لەناو کەلارەوە دابەشدەکرێت بۆ شارەکانیتر.
- بوونی قەلایەکی جوان و مێژوویی دەبێتە پێناسەیەك بۆ ناساندنی کەلار.
- بوونی نزیکەی (٦٥٠٠٠) دۆنم بەراو لە کەلار و دەوروبەری ئەم رێژەیە لە هیچ قەزایەکیتر نییە.
- پێگەی کەلار سەنتەری ناوچەی گەرمیانە، بەکەمترین دووری هەموو قەزا و ناحیەکانی گەرمیان دەگەنە کەلار، دامەزراوەکانی پارێزگا، بەرێوبەرایەتییە گشتییەکان، رێژەی دانیشتووان.

خشتەی (٣)

ناوی پارێزگارەکانی کەرکوك و سەرپەرشتیارانی ئیدارەی گەرمیان:

ز	ناوی پارێزگار	بەرواری دەستبەکاربوونی	بەرواری کۆتاییهاتنی کارکردن
١	مستەفا قادر مەحمود	٢٥ / ١٢ / ١٩٩٢	٦ ٢ ١٩٩٤
٢	عەبدولکەریم حاجی کاکە حەمە	٦/ ٢/ ١٩٩٤	٨ ,١٠ ١٩٩٤
٣	ئیحسان نەجم محێدین	٢٥ / ١٠ / ١٩٩٤	٢٧ / ١ / ١٩٩٦
٤	جەلال جەوهەر عەزیز	٢٧ / ١ / ١٩٩٦	٦ / ٢ / ٢٠٠٠
٥	رەفعەت عەبدوللا حەمە رەش	٧ / ٢ / ٢٠٠٠	٢١ ٤ ٢٠٠١
٦	رزگار عەلی حەمە چان	٧ / ٥ / ٢٠٠١	٢٠٠٣,٣,٢٠
٧	سەعید ئەحمەد محەمەد	٢٠٠٣/٣/٢١	٢٠١١/٨/٦
٨	سەلاحەدین محەمەد فەرەج	٢٠٠١/٨/٧	تا ئیستا

دابەشبوونی رێژەی دانیشتووان بەپێی قەزا لە پارێزگای گەرمیان (٢٠٠٨)

ز	ناوی قەزا	دانیشتووان	
.١	قەزای کەلار	١٦٥١٧٧	٪٤٥،٣
.٢	کفری	٤٥٣٥٦	٪١٢،٥
.٣	چەمچەماڵ	١٤,٩٧٣	٪٣٨،٧
.٤	خانەقین	١٢٧٦٠	٪٣،٥
		٣٦٤٢٦٦	٪ ..١٥٥

- سەرچاوە: پرۆفایلی قەزاکانی پارێزگاکان سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان (٢٠٠٨)

شاری کەلار لەرووی سیاسییەوە:

گەرمیان هەمیشە کوانووی شۆڕش و شورا و قەڵای بەهێزی کوردایەتی بووە لەمێژووە - بەردەوام مەیدانی ململانێ و گۆڕەپانی خوێناوی ئیمپراتۆرییەت و زلهێزانی دنیا و ...

دراوسێ بووه، پێگەیەکی گرنگی لە مێژووی کۆن و هاوچەرخی بزووتنەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان بووه، بۆ سەلماندنی ئەم راستییە چەندین پێدراوی بەرجەستە هەیە کە لەباری جوگرافی و کاریگەرییە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتییەکانەوە، تیشکخستنەسەریان بەسانایی دەردەکەون.

جوگرافیای گەرمیان کە بەزنجیرە چیاکانی حەمرین کۆتاییاندێت وەك سنووری کوردستان، لەگەڵ سنووری جوگرافی نیشتمانی عەرەب کێشەی کورد لەگەڵ حوکمەتەکانی عێراق و پێشتریش لەرووی مێژوویەوە بەرێکەوتنە سەربازی و ململانێ سیاسییەکانەوە گەرمیان هەمیشە لە قەلغانێکی لەپێش ئەو لێشاوە پەلامار و هێرشانەوە بووە بۆسەر نیشتمانی کورد، هەربۆیە لە قوربانیدان و خوێنرشتن و زەبروزەنگ و داپلۆسین پشکی شێرمان بەرکەوتووە، کەلاریش ناوەندێکی گرنگ و قوربانییەکی زۆر و گۆرەپانی ئەو ململانێیانە بووە، هەربۆیە لەو ناوچەیە چەندین قەلا و قوللەی سەربازی تائێستاش شوێنەواریان ماوە لێرەدا هەولدەدەین ئەوەندەی زانیاری و بەلگەمان دەستکەوتبێ هەندێ لەو راستییانە دەخەینەروو.

ئەم ناوچەیە زۆر کۆنە و لەمێژە ئامادەیی لە کایە سیاسییەکاندا هەبووە، بووەتە گۆرەپانی ململانێی زۆرێك لە دەولەتانی زلهێز و لەودواییەشدا ناکۆکی و شەری خوێناوی نێوان هەردوو ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و سەفەوی جیالەوەی گەرمیان بەشێکی کەوتووەتە سنووری سەفەوییەکانەوە هاوکات دەروازەی پەلاماردانیان بووە بەرەو بەغدا، بەهەمانشێوە عوسمانییەکان لە گەرمیانەوە بەرەو بەغدا رۆیشتوون جیالە پەلامارەکانی نێوان هەردوو ئیمپراتۆرییەت، هەربۆیە لە دەورویەری کەلار چەندین گرد و قوللە و قەلا هەیە و زۆریشیان راستەوخۆ لەسەر کەناری رووباری سیروانن، هەر لە قەلای پاشا و قەلای شێروانە و گردەگۆزینە و بنگرد و قوللەسووتاو ئەمانە کۆمەلێك دیاردەن تائێستاش شوێنەواریان ماوە، سولتان سەلیمی قانوونی لە سالی ١٥٣٣ دوای گرتنی رۆژهەلاتی ئەنادۆل و ئازربایجان گەیشتە ناوەندی فارس و بەرەو عێراق کەوتنەرێ، لە رۆژی (٩) جەمادی یەکەم گەیشتە قەسری شیرین لە رۆژی چوارشەممەی هەمانمانگدا گەیشتە رووباری سیروان بەهۆی باران و لافاوەوە لەوێ مایەوە تا (١٦) ی مانگ دواتر روویانکردە کۆشکی سیلان- شێلان، دواتر لە رووباری نارین پەرییەوە بۆ حەمرین لە سالی ١٥٣٤ بەغدایان داگیرکرد(٤٧). هەروەها ناوچەی کفری بەزەنگابادەوە کەوتووەتە نێوان بەرداشی سێ هێزەوە دەولەتی سەفەوی و عوسمانی و میرنیشینی بابان، بۆیە بەدرێژایی چوارسەدە

حوزیه کۆزەپانی شەڕوپێکداداندا کە بووە هۆی ڕووخانی هەندێك لە شارەکانی وەك کۆشکی شێلان و زەنتەبادە، بەرەدان و شێروانە لەدوای کوژرانی سلێمان پاشا ئیدی میرنیشینی بەبە شەڕ و ناکۆکیی و پەنابردن هەریەکە و بۆ دەوڵەتێك بەردەوامبوو لەنێوان ئەندامانی بنەماڵەکە هەوڵیاندا بۆ گەڕاندنەوەی عەبدولڕەحمان پاشا بۆ دەستخستنی میرنیشینی بابان، بەلاَم وەزیر عەلی پاشا رازینەبوو هێزی نارد بۆ هاوکارێکردنی خالید پاشا و خۆیشی لە ساڵی ١٨٠٦ ز لەبەغداوە دەرچوو گەیشتە زەهاو و چاوەڕوانی فەرمانی جەنگی دەکرد وەزیر عەلی پاش هێزێکی بەسەرپەرشتی سلێمان کەهییە نارد بۆ یارمەتی خالید پاشا و خۆیشی گەڕایەوە بۆ شێروانە لەپاش دەنگوباسی شکستی هێزەکان لە قۆڵی مەریوانەوە هەندێك لە هێزەکان گەیشتە قزلڕبات و وەزیر شێروانەی بەجێهێشت و گەیشتە کفری رەوشەکە تەدەهەت نەخۆشکەوت هەموو ڕێگایەکیان گرتەبەر بۆ لەناوبردنی مەحمود پاشا لە میرنیشینی بەبە و دانانی عەبدوڵڵا پاشا لە جێگەکەی وەزیر هێزێکیتری ئاراستەی زەنگاباد کرد و هێزەکە گەیشتە کەرتی کۆش و زەنگاباد و لەوێوە چووە شێروانە و دواریان هەڵدا و (٤٠) ڕۆژ مایەوە لەهەمانکاتدا شازادە فەرمانداری عەبدوڵڵا پاشا (٤ بۆ ٥) هەزار سەربازی ئاراستەی شارەزووری کرد، بەغدا بۆ بەرنگاری ئەو هێزە، هێزەکەی لەشێروانەوە جوولاَند بۆ بازیان.[٤٨]

شێخ مەحمود بەناوبانگترین سەرداری کورد بوو لە شاری شوعەیبەدا بەشدارێکرد، هێرشی لە شکری عوسمانی و چەکدارانی کورد و عەرەب بۆ سەربازگەی شوعەیبە بەرەبەیانی دوانزەی نیسانی ساڵی (١٩١٥) دژی ئینگلیز بەشی هەرە زۆری ئەو سێ هەزار کوردەی چوونە شەڕی ئینگلیز بریتیبوونلە لایەنگرانی (شێخ مەحمود)و کوڕگەلی داودە و (حاجی قادری مەحمودی شاتری)و دەلۆ و زەنگەنە و هەمەوەند و جافی دەوروبەری کەلار.[٤٩]

لە ئازاری ١٩١٦ لە (سێ) قۆڵەوە روسەکان هێرشیانکردەسەر باشووری کوردستان (خانەقین، سلێمانی، رەواندز)، بەلاَم هێزەکانی عوسمان توانییان بەرپەچیبدەنەوە و پاشەکشەیانپێبکەن، ئەوەبوو جارێکیتر و لە شوباتی ساڵی ١٩١٧ هێرشیانکرد و خانەقینیان داگیرکرد لە دوو شوێنەوە لە ڕووباری سیروان پەڕینەوە یەکەمیان لە باکووری مەیدان بەرەو پێباز، دووەمیان لەمرواریەوە بەرەو قەلاَی شێروانە لە (٩ی ئاياری ١٩١٧) داگیرکرد عوسمانییەکان بە هێزێکەوە کە پێکهاتبوو لە لیوایەك سەرباز، پەلاماری هێزەکانی رووس دەدا بەتایبەتی لە بەرەی مەیدان، لە ناوچەی سەید خەلیلدا بنکەیەکیدیکەی بەرگری ...

هێزەکانی رووس دامەزراند، پەلاماری هێزی رووسەکانیان لە نزیك قەڵای شێروانەدا، هێزەکانی عوسمانی بەرەو رۆژئاوا هەڵدەهاتن بەرگریبانپێنەکرا.(٥٠)

لە سەردەمی گەشەکردنی بابانییەکاندا دەسەڵاتیان گەیشتووەتە گەرمیان، هەندێ لە تیرە و هۆزەکان زۆرجاران هاوکاریان بوونە شانبەشانی ئەوان لە جەنگ و بەرخۆداندابوون، هەندێجاریش کێشە هەبووە لەنێوان هۆزێك و بابانییەکاندا، ئیدی ماوەیەکی خایاندووە و بەهیمەتی پیاوچاکان و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لەلایەن خۆیانەوە چارەسەرکراون، خەڵکی چەمچەماڵ و سەنگاو و کەلار و کفری و خورماتوو بەشداری کاریگەرییان هەبوو.(٥١)

لە کۆتاییەکانی جەنگ و لە تشرینی یەکەمی (١٩١٨)و جێگەی حاکمی گشتی ئینگلیز لە عێراق مێجەر (نۆئێل)ی بە حاکمی سیاسی ناوچەی لیوای کەرکوك دامەزراند، ئەو ناوچەیە نێوان زێی گەورە و رووباری سیروان کە (ناوچەی کەرکوك) بوو دەگریتەوە، پلانەکانی (نۆئێل) لە هەنگاوی یەکەمدا لە ساڵی (١٩١٩) دامەزراندنی ئەنجومەنێکی کارگێری بوو لەکەرکوکدا، ئەرکی ئەو ئەنجومەنە هاوکاری فەرمانڕەوایانی سیاسی بەریتانیا بوو لەناوچەکەدا، ئەنجومەنەکە لە (١٢) ئەندام پێکهاتبوو بەمشێوەیەبوو (شەش) ئەندامی نوێنەری کوردبوون (سێ) ئەندامی نوێنەرانی تورکیبوون، عەرەب و مەسیحی و جولەکە هەریەکە تەنها (یەك) ئەندام نوێنەریان هەبوو، لەو شەش نوێنەری کوردەدا سێ نوێنەریان خەڵکی ناوچەی کفری بوون کە بریتیبوونلە (جەمیل بەگی بابان)، دانیشتووی کنگربان و سەیدەکانی دانیشتووی کفری و (رەزا بەگی فەتاح بەگی جاف) دانیشتووی کەلار بوو،(٥٢)

هەروەها لە تشرینی یەکەمی (١٩١٨)دا نوێنەرانی بەریتانیا چوونە سلێمانی و (شێخ مەحمود) حکومڕانیی گرتەدەست، لە گەرمیان و دەوروپشتیی کفرییەوە ئەم ناودارانە چوونە لای شێخ و پیرۆزباییانلێکرد و پشتگیری خۆیان نیشاندا، وەك (برایم خانی دەلۆ، عەلی ئاغای زەنگەنە، کەریم بەگی جاف، رەفعەت بەگی داودە، سەید محەمەدی جەباری)(٥٣)

شـــێخ مەحمود لەدوای ئەوەی دوورخرایەوە بۆ هیندستان لەگەڕانەوەیدا لە (٢١) ئەیلولی (١٩٢٢)دا گەیشتە شاری کفری، جەماوەرێکی زۆری لە ناوچەکانیتری کوردستانەوە لەپێشوازیدا بوون لە کورد و عەرەب و تورکمان لەهەموو هۆز و تایفە و خێڵێك بە سواری ئەسپ و ماین و ولاخ بەچەکی دەستیانەوە زۆربەشیان بەپێیان ئەو دەشتەی نێوان کفری و وێستگەی شەمەندەفەریان لە کنگربان گرتبووەبەر، تەنانەت نەیانهێشت پێی بەرزەوی بکەوێ بەباوەش لە

فەرگۆنی شەمەندەفەرەکە دایانگرت و یەکسەر خستیانەسەر ئۆتۆمبێلێکی زەنگنە کە بەتایبەت بۆ بەڕێزی ئامادەکرابوو، هەروەها لە بنەماڵەی سەیدەکانی کفری گەورە پیاوی ئەو سەردەمەیان (سەید محسن ئاغا)و (بابانزادە جەمیل بەگ)و لە هۆزی زەنگەنە (عەلی ئەغای زەنگەنە)و لە بەگزادەکانی جاف کەسانێکی ناوداریان وەکو (کەریم بەگ و حەمە بەگ). لە هۆزی دەلۆ (عەزیز برایم خان و شەرەفی برایم خان و پالانی و گێژ)و.. هتد لە ڕێوڕەسمی هەتمەرەی شێخدا ئامادەبوون.(٥٤)

دوابەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عێراق کە پێکهاتبوو لە هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرە، دەوڵەتێك دوور لە خواست و ویستی خەڵکەکەی و بەبێگوێدانە ڕەنگە جیاوازەکان دەوڵەتێکیان دروستکرد کە زۆرینەی خەڵکی عێراق دژیبوو تەنانەت خەڵکی بەسرەش ڕازینەبوون بەو پێکهاتە ناچوونیەکە، ئەوەی پەلەیکرد لە دروستکردنی دەوڵەتی عێراق ئەو هەموو دەنگە نارەزایی و خۆپیشاندان و ڕاپەڕینانە بوو دژی ئینگلیز دوای شەڕی جیهانی یەکەم، بەتایبەت شۆڕشی گەورەی بیست.. ئەمە فاکتەرێکی گرنگبوو وایکرد کە دەوڵەتەکە دروستبکرێ، ئیدی سەرەتای دامەزراندن تاوەکو ناوەڕاستی بیستەکان و هاتنی کۆمەڵەی گەلان بۆ ساغکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشەی ویلایەتی موسڵ کورد بەشێکنەبوو لە دەوڵەتی نوێی عێراق، لیژنەی کۆمەڵەی گەلان لە ڕۆژی ٢٧/١/١٩٢٥چووە شاری موسل، لیژنەکە دابەشکران بەسەر چوار گروپدا، (موسڵ، هەولێر، کەرکوك، کفری) پۆرتالیە و فەتاح و ئەفسەری بەریتانی کۆرنەر بۆ ناوچەی کفری گروپی چوارهەم لە ڕۆژی ٢/١٨/ ١٩٢٥دەستی بە کارەکانی کرد چوار ڕۆژی خایاند، سەردانی حەمرین، قەرەتەپە، دووزخورماتوو. قادرکرم ونیبراهیە (خانەچی - زەنگنە)و (چەوری - داودە)و (باساملی - بەیات)و (کەلار- جەف)ی ن کرد. لەدوای تەواوبوونی کارەکان هەر چوار گروپەکە یەکیانگرت و(٢٧/٢) ڕوویانکردە سلێمانی و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ سەرقاڵی لێکۆڵینەوەبوون، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی ناوچەی کفری لە بەرژەوەندی عێراق بوو،(٥٥)

هەرچەندە بەهاتنی لیژنەکە ئەو بیانووانەی خرانەڕوو بەشێوەیەکی گشتی لە بەرژەوەندی کوردبوو، بەلاَم بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێز ڕەچاوکرا بەبێگوێدانە خواستە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، هەرچەندە هەندێ وەعد و خاڵی لاواز لەبەر کوردان بڕیارلێوەدرا، بەلاَم دواتر ئەوانەش جێبەجێنەکرا، کێشەی کورد بووە پرسێکی ناوخۆی لەعێراقدا دێزەبەدەرخۆنەکرا، ناوچەی گەرمیانیش پێشتر ڕۆڵی کاریگەری هەبوو وەك ئاماژەمانپێکرد، لەودواییەشدا جیا لە شەڕی

شوعەیبە و (شێخ مەحمود) دژی ئینگلیزەکان و شۆڕشی برایم خانی دەلۆدا، ئەمانە و چەندین نەبەردیتر دژی داگیرکەران، دواتریش لە سەردەمی پاشایەتیدا ئەم ناوچەیە رۆڵیان هەبووە و نوێنەریان بوونی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەبووە، لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی ناوچە جیاجیاکانی عیراق بۆ پەرلەمانی ولات ئەوانەی هەڵدەبژێران پێیاندەگوت (نائب) یەکەم نوێنەر لەکەلاردا (محەمەد بەگی جاف) بووە، لەدوای ئەوەی حکومەتی عێراق دادەمەزرێ لە سەردەمی پاشایەتیدا (حەمە بەگی جاف) بەهەڵبژاردن دەبێتە ئەندام پەرلەمانی عێراق و نوێنەری کەرکوك، لە خولی دووەمی ئەنجومەنی نوێنەران لە (۱۹۲۸/٥/۱۹ - ۱۹۳۰/۷/۱)،

(حەمە بەگ) لەساڵی (۱۹,٤) لەناو قەڵای شێروانەدا لەدایکبووە، لاوێکی جەربەزە و رۆشنبیر و تەنانەت دەستی نووسینیشی هەبووە، رۆمانێکی نووسیوە بە ناوی (تاهیر و تاهیرە)، بەڵام لە هەڵکەوتی زەمانەدا تیاچووە، لەوماوە کورتەدا رۆڵی کارا و ئەکتیڤی گێڕاوە لە داکۆکیکردن لەسەرخواستە نەتەوەییەکان، یەکێکە لەو (۹) ئەندامەی نوێنەرانی کورد کە پێداگیریانکردووە لەسەر مافی رۆشنبیری بۆ گەلی کورد پەیوەندی بە رۆشنبیرانی ئەو سەردەمەوە دەکات و هەوڵدەدات کە مافی رەوای کورد بە کاربەدەستانی ئینگلیز و عێراق بسەلمێنێت هەر بۆئەم مەبەستە یاداشتێکیان بۆ (عوسبەتولئومەم) نووسیوە لەو نووسینەدا، داوای حکومەتی فیدراڵییان بۆ کوردستانی عێراق کردووە.

هەروەها یەکێکبووە لەو شەش نوێنەرەی کورد (عەبدوڵا مفتی نوێنەری لیوای موسڵ، جەماڵ بابان نوێنەری لیوای هەولێر، محەمەد سەعید حاجی حسێن و حەمە بەگی جاف نوێنەرانی لیوای کەرکوك، سەیفوڵڵا خەندان و سەبری عەلی ئاغا نوێنەرانی لیوای سلێمانی) لەو یاداشتەدا نارەزایی خۆیان دەربڕیوە دەربارەی ئیدارەی ناوچەی کوردستان و داوایانکردووە کە ئامۆژگارییەکانی (عوسبەتولئومەم) لەوبارەیەوە بەجێبهێنن[٥٦] لەیاداشتەکەیاندا ئەو شەش نوێنەرەی کورد لە پەرلەمانی عێراقدا کە دراوەتە (مەندوبی بەریتانی لە عێراق) تیادادوای جێبەجێکردنی چەندین خاڵیان کردووە لەوانە:

۱. هێنانەکایەی لیوای دهۆك.

۲. دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی مەعاریفی گشتی.

۳. یەکخستنی کارگێڕی هەر چوار لیواکە.

٤. جێبەجێکردنی خاڵەکانی یاسایی زەوی.

٥. دیاریکردنی بودجە بۆئەم ناوچەیە.(٥٧)

لە مانگی شوبات ساڵی (١٩٣٠) نوێنەرانی کورد دووبارە یادداشتێکی ترمان کێشەی کوردەوە داوەتە مەندوبی سامی بەریتانیا، هەروەها لە مانگی مارسی ١٩٣٠)دا بۆ بەجێهێنانی مافی گەلی کورد نامەیەکیتریان بۆ سەرۆکوەزیران (عەبدولموحسین سەعدون) نووسیوە. هەڵوێستی نیشتمانپەروەرییەکەی بوو بووەتە هۆی هەڵبژاردنەوەی بۆ خۆنی توێ و هەروەها لەکەلاریشدا یەکەم قوتابخانەی دروستکرد، سەرەتا لەنێو ماڵەکەی خۆیدا لە ساڵی (١٩٣١)، خانووەکەی خۆی بەخشییە خەلکی شارەدێی کەلار و کرایە قوتابخانە. هانی خەڵکەکەی داوە منالەکـــانیان بخەنەبەرخوێندن، یەکەم کەسبووە کچەکەی خۆی لە کەلار خستووەتە قوتابخانە.(٥٨)

(حەمە بەگی جاف) لە کۆتایی بیستەکاندا پەیوەندی لەگەڵ چەند رۆشنبیرێکی کوردی ئەو سەردەمە و مرۆڤی ژیری ناوچەی کفریدا هەبووە، بۆئەوەی پارتێك پێکبهێنێن و لەئەنجامدا کۆمەڵەیەك بەناوی (پارتی ئازادی کوردستان)یان پێکهێنا کە داوای سەربەخۆیی کوردستانیان کردووە، ئەندامانی ناسراوی ئەم پارتە بریتیبوونلە:

١. رەئووف بەگی جەلالی کەرکویی

٢. ئیبراهیم ئەدهەم

٣. شێخ مەحمودی گولانی

٤. میرزا تۆفیق قەزاز

٥. ئیسماعیل بەگی رەواندزی

٦. حسێن حوزنی موکریانی

٧. ئەحمەد موختار جاف

٨. عەلی کەمال باپیر

٩. جەلال حەبیب

١٠. جەمال بابان

١١. سەیفوڵڵای خەندان

١٢. سەید محەمەدی جەباری

١٣. حازم شەمدین ئاغای زاخۆ

١٤. مەعروف جیاوك

١٥. شێخ جەماڵ تاڵەبانی

١٦. شێخ سلێمانی شاکەلی

١٧. مەلا سەعیدی مفتی

١٨. شەریفی سەعیدی هەولێری

١٩. سەعید وەنداویی

٢٠. سالح زەگی بەگ

٢١. محەمەد ئاغای عەبدولڕەحمان ئاغا سلیمانی

٢٢. تۆفیق ئاغای گەلاڵی

٢٣. وەستا سالحی بەرگدوور لە کفری

٢٤. رۆستەمی محەمەدی مەحمودی روغزایی

٢٥. رۆستەمی محەمەدی فەتاحی روغزایی

٢٦. رۆستەم حەسەن میکایلی

٢٧. شێخ سالح قەرەداغی.

بەلاّم بەهۆی ئەوەی بەشێك لە ئەندامانی ئەم پارتە بوونە کارمەندی دەوڵەتی تازەی عێراق و هەندێکیان کۆچیدوایانکرد، ئەو پارتە نەیانتوانی رۆڵێکی باش و سەرکەوتووبێت.. زۆری نەخایاند رێکخراوەکەیان تێکچوو، زیاتر لە (٨٠) ساڵ پێشئێستا داوای سەربەخۆیی کوردستانی کردووە و لەگەڵ کەسانی نیشتمانپەروەری ئەو سەردەمەدا بێجیاوازی هۆز و تیرەکانی کورد، پارتێکی رامیاری بۆ بەڕێوەبەرایەتی خەڵکی کوردستان کە نوێنەرەکانی سەرتاسەری باشووری کوردستاندا پێکەوە باوەڕی جەماوەریبوونیان دامەزراندووە، ئەو دەمە پێداگیریان لە کوردستانی بوونی کەرکوك داگرتووە و بە رستەی (بە کوردی دەژیم بە کوردی دەمرم) لەرووی داگیرکەران و دوژمنانی کوردستاندا وەستاوە. جارێکیتر حەمەبەگ و مەعروف جیاوك نائیبی

هەولێر یاداشتێکیتریان بـەرزکردەوە بۆ نوێنەری بـــاڵای بەریتـانی (مەعتەرز)و لەو یاداشتنامەیەدا جەختیان لــــەسەر خواست و داوا رەواکانی گــەلی کـــورد کردەوە. لە رۆژی ٨/٨ /١٩٣٠ برێکاری نوێنەری باڵا (مەندوبی سامی) بەریتانی لەگـــەڵ (مێجەر یالغ)و (جەعفەر عەسکەری)و جێگری سەرۆکوەزیران و وەزیری بەرگری و وەزیری ناوخۆ و داد، گەیشتە کەرکوك، کەسایەتییە ناودارەکان و سەرۆکهۆزەکانی کەرکوك لـــە قشڵەی کەرکوك کۆکرانەوە، سەرەتا وەکیلی سەرۆکوەزیران بە یاننامەی کۆمەڵەی گەلان لـەسـەر کێشەی کورد خوێندەوە کە دەوڵەتی عێراقیش ئامادەیە هەموو ئەو بڕیارانە جێبـەجێبـکات. پاشان نوێنەری مەندوبی سـامی لەوتارەکەیدا تەئیدی قسەکانی جێگەی سەرۆکوەزیرانی کردەوە و گوتی: بـەمەرجێ یارمەتی خاکی عێراق بدەن داوای جیـــابوونەوە نەکەن. عەبدوڵلا یەعقوبی و مستەفا یەعقوبی دووکەسی تورکمانبوون وتیان: ئێمە زۆر سوپاستاندەکەین ئـەمە نیوە پێکهاتووە لە تورکمان و عەرەب نفوسی ئەم لیوایە (١٥٠٠) کـەســە لـەم دوو عونسرە ئەسڵمن ئێمە عێراقین نامانەوێ لـــــە عێراق جیاببینەوە، حـەمـە بەگی جاف نوێنەری کــوردی کەرکوك هاتەوەڵام و گـوتی: لیوای کـەرکوك زۆرینەی کوردن، ئەوەیتری ئەمجارە تورکمان و عـەرەبن (زەنگەنە و جاف و شوان و جەباری) هەموو عەشایری لیوای کـەرکوك منیان کردووە بە وەکیلی خۆیان، بەوناوەوە داوای جیابونەوەی کورد دەکەین لە عێراق، ئەمانەوەێ بە کوردی بژین و بـە کوردی بمرین، ئەوە هەقی خۆمانە و دەمـانەوێ تا دواهەناسەمان: عەبدوڵلا یەعقوبی بە خیلافی ئادابی دانیشتووان گـوتی: ئەم زاتە بـەناوی کێوە قسەدەکات جـاف سـەربە سلێمانییە شتێکی کەمی عایدی کەرکوکە حەقوایە بچێتە سلێمانی داوای حەقی جاف بکات.

حەمە بەگ قـــەی پێبڕی و گوتی من بەناوی سـەد و پەنجا هەزار (١٥٠٠٠٠) جافەوە قسەدەکـەم، دووبـــارەی دەکـــەمەوە (کوردم بە کوردی دەژیم بە کوردی دەمرم ئێرەش کوردە، هەموو کوردێك داوای حەقی خۆی دەکات)

جەعفەر پاشا نوێنەری سەرۆکوەزیران هەڵسا روویکـــردە (حەمە بەگی جاف)و گوتی: بـــەشەرەفی حکومەتی خـــۆم تەئمینتدەکەم، بەتەواوەتی بڕیارەکانی -عوسبەتولئومەم- تان بۆ جێبەجێدەکەین، ئـەم لیوایەش سوودیلێدەبینێ.

(حەمە جاف) لە رۆژی (١٩٣٤/٥/١) لە تەمەنی (٣٠)ساڵیدا بە نەخۆشی ڕیخۆڵەکوێرە کۆچیدواییکرد،[٦٠] هەرچەندە (کەریم بەگ فتاح بەگ) دەڵێ لە تەمەنی (٣٩ ——

کۆچیدوایکرد، بەڵام خۆی لەشوێنێکیتردا نووسیویەتی (١٩٠٤-١٩٣٤) کەواتە لە تــەمەنی (٣٠)ساڵیدا کۆچیدوایکردووە نەك (٣٩) ساڵی، تەمەنێکی کورت و بەرهەمێکی زۆری لەگەڵ خۆیدا سەدان خەونی رەنگاڵەیی خستەگۆڕەوە، بەدڵنیاییەوە مەرگ دەرفەتی بدایە راژەی زۆرتر و بەرهەمی زیاتری پێشکەش بە نەتەوەکەیی و کەلار دەکرد

شەڕی ئاوبارێك

لە شوباتی (١٩٣٠)دا شەڕی ئاوبارێك دەستپێدەکات، (کریم بەگ و داود بەگی برای و محەمەد ئەمین بەگ) سەرکردایەتی شۆڕشگێڕەکانی تیر و لقەکانی جاف یەکدەگرن و لەگەڵ هێزی (شێخ مەحمود)دا یەکانگیردەبن، لەوکاتەی (شێخ مەحمود لە ماڵی شێخ مەجیدی تاڵەبانی)دا هەر لەسەر ناغخوارد لەپڕ لەلایەن فەوجێك سەربازی عێراق و ژمارەیەك پۆلیس و لەشکری چەند پیاوی سەربە دەوڵەت و تەیارەی ئینگلیزەکان پەلاماردەدرێن و دەوریاندەگرن، ئەو رۆژە تائێوارە شەڕێکی گەرم و خوێناوی بەردەوامدەبێت، شۆڕشگێڕان دلێرانە دێنەدەست و ناچار دوژمن پاشەکشێدەکەن، لەم شەڕەدا دوو چەکداری ئازای (شێخ مەحمود) بەناوی (جەماڵ و جەلال) شەهیددەبن و تەرمەکەیان دەبەنەوە سلێمانی، هە ر لەوێ دەینێژن، لە هێزی جافیش حوسەینە سوورکەیی رۆغزایی کە خەڵکی کەلاری کۆنە بریندارد‌ەبێت لەژێرسەختی ئەو فاکتەرە دژوارەدا شێخ بڕیاری دانوستانی لەگەڵ حکومەتی عیراقدا دوای وتووێژێکی چڕوپڕ لەگەڵ نوێنەری باڵای بریتانیدا لە بەغدا شێخ قایلبوو چەك دابنێ و خۆی بەدەستەوەبدات، دواتر رەوانەی خوارووی عیراق کرا.

شۆڕشگێڕانی سنووری کەرکوك و گەرمیان، ئەوانەی بەشداریی داستانی (ئاوبارێك)یان کردبوو وەك (کەریم بەگ و داود بەگ و حەمە ئەمین بەگی کوڕی (مینە جافی شاعیر)و ئەوانەیتر لە دۆڵ و هەردەکانی ناوچەکەدا تاماوەیەك بە قاچاخی دەمێننەوە و خۆیان بەدەستەوەنادەن، بەڵام کاتێك شێخی حەفید کەوتەدەستی میری و بۆ باشووری عێراق رەوانەکرا، ئەمانیش لەسەر گفتی لێبوردنی گشتی خۆیان دابەدەستەوە و بەرلێبوردنکەوتن.(٦٠)

(داود بەگی جاف) پیاوێکی وشیاربووە شیعری زۆربەی شاعیرانی لەبەربووە، (داود بەگ) زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی بە رەوانی دەزانی، زۆربەی شیعری شاعیرانی فارسی زمانی لەبەربوو، لەسەردەستی مەلای گەورە و شەرعناسەکان ماو یەك دەخوێنێ، (داود بەگ)

شۆڕەسواری شەڕی ئاوباریك بوو، لەو شەڕە خوێناوییەدا لەگەڵ (کەریم بەگی براگەورەی و (حەمە ئەمین بەگ)ی برازایدا ئازایەتییەکی زۆریان نواند، تاڕادەیەك دوی تەو بوونی شەڕ بە سوودی شۆڕشگێڕانی کورد بە سەرۆکایەتی (شێخ مەحمود)ی نەمر. شێخ لە یادداشتی جەماوەرەکانیدا کە هێزی دوژمنیان شکاند، فەرمووی ((داود شێرە شێر)) ئەمە بەڵگەیەکە هۆزی جاف تا دواهەناسە لەگەڵ شۆڕشی (شێخ مەحمود)دا بوون، (داود بەگ) بە هێزێکەوە دەچێتەسەر (کۆلۆنیل لاین) لە سەرقلاّ بەبارمتە دەیانبات و هەڕەشەیانلێدەکات ئەگەر (کەریم بەگ)و هاوڕێکانی ئازادنەکەی ژیانی (کۆلۆنیل لاین) دەکەوێتە مەترسییەوە، ئەویش ناچار ئازادیاندەکات، بەهۆی دۆستایەتی بنەماڵەی بەگزادەی جاف لەگەڵ شێخ مەحمود، کۆلۆنیل لاین حاکمی سیاسی کەرکوك (کەریم بەگی جاف)و براکانی دەگرێت و بەندیاندەکا داودبەگی جاف یەکێکبووە لە جەنگاوەرانی (شێخ مەحمود) لە شەڕی ئاوباریکدا، سەرەڕای ئەوەش (٩) جار بە ئەندام پەرلەمانی عیراقی هەڵبژێراوە، ساڵی (١٩٤٧) زۆر داکۆکیکردووە لە چوار ئەفسەرەکەی کورد، ئەندامی حیزبی هیوابووە لە سەردەمی ئەندام پەرلەمانیدا زۆر داکۆکیکردووە لە مافەکانی گەلی کورد.(٦١)

بەمشێوەی خوارەوە لە خولەکانی پەرلەمانی عێراقدا ئەندامبووە(٦٢)

ماوەکانی خولی هەڵبژاردن

ژ	ژ. خول	لە ڕۆژی	تاوەکو بەرواری	تێبینی
١.	٦	١٩٣٥/٨/٨	١٩٣٦/١٠/٢٩	
٢.	٩	١٩٣٩/٦/١٢	١٩٤٣/٦/٩	
٣.	١٠	١٩٤٣/١٠/٩	١٩٤٦/٥/٣١	
٤.	١١	١٩٤٧/٣/١٧	١٩٤٨/٢/٢٢	
٥.	١٢	١٩٤٨/٦/٢١	١٩٥٢/٦/٣٠	
٦.	١٣	١٩٥٣/١/٢٤	١٩٥٤/٤/٢٨	
٧.	١٤	١٩٥٤/٦/٩	١٩٥٤/٨/٣	
٨.	١٥	١٩٥٤/٩/١٦	١٩٥٨/٣/٢٧	
٩.	١٦	١٩٥٨/٥/١٠	١٩٥٨/٦/٩	

تا کۆتایی دەسەڵاتی پاشایەتی ئەندام پەرلەمان بووە، لە ساڵی (١٩٥٩) لەگەڵ (عەبدولکەریم قاسم) تێکچوو کە ناسیاری بووە بە بۆنەی تێکچونی ناوچەکەیانەوە، عێراقی بەجێهێشت و چووە خاکی ئێران لەوێ ڕێزی زۆری لێگیرا، لە ساڵی (١٩٦٦) تووشی نەخۆشی خوێنبڕژانی گەدەبوو، لە بیمارستانی (میهری تاران)دا تەرمەکەیان هێناوە بۆ کەلار و لە گۆڕستانی سەید خەلیل بەخاکسپێرا.(٦٣)

پارتی هیوا

ئەم پارتە پێکهاتووە لە ڕۆشنبیران و قوتابیان و ئەفسەرانی کورد و ئاغا و دەرەبەگەکانی کوردستان، زۆربەی ئەندامانی ئەم پارتە بریتیبوونلە خەڵکی ناوچەکانی خانەقین و کفری و هەولێر و کەلار و کەرکوك.(٦٤)

یەکێك لە گۆڕەپانە سەرەکی و گرنگەکانی چالاکی هیوا دەڤەری بەرینی گەرمیان بووە کە لە سەرەتای چلەکانەوە ئەو پارتە تیایدا گەشەیکردبوو، زۆر لە کەسایەتییە ناودارەکانی ئەو ناوەی لەخۆگرتبوو کە نە ڕیزی هیوادا لە سنووری خانەقین و کفری و کەلار و خەباتیاندەکرد، بەڕاستی دەڤەری گەرمیان شوێنێکی دیار و شایستەی لە مێژووی خەباتی هیوا هەبووە، بەڵگەی هەرەدیاریشمان بۆ ئەم ڕاستییە ئەوەیە: دوو کۆبوونەوەی بەناوبانگ و بایەخداری ئەم پارتە لە کەلاری نێوجەرگەی گەرمیاندا ساڵی (١٩٤٤، ١٩٤٥) بەستراون و ئەنجامدراون.

یەکەمیان: بە کۆنفراسی کەلار ناسراوە، لە هاوینی ساڵی (١٩٤٤)دا بەمەبەستی چارەسەرکردنی ناکۆکی و گرفتە ناخۆییەکانی هیوا گرێدراوە، لە ماڵی (داود بەگی جاف) لە کەلار (کۆنفرانسی کەلار) بەستراوە.

دووەمیان: کۆنگرەی گوندی گێژەکانی نزیك بە کەلار بوو، بە کۆنگرەی (قەنیلە)وە ناسراوە.. کاروباری کۆنفرانسەکە دوو ڕۆژی خایاند، ڕۆژی یەکەمیان بۆ ئامادەبوونی ئەندامەکان تەرخانکرابوو بۆئەوەی لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستانەوە بگەنە کەلار، ڕۆژی دووەمیش بۆ کۆبوونەوە و دانیشتنی ئەندامەکان تەرخانکرا، کۆبونەوەکە لە ماڵی (داود بەگی جاف) کرا کاتەکە هاوین بوو، کەلار لەوکاتەدا بەگزادەکانی جافی تیابووە، تەنانەت بە زۆریی خۆشیان ئەندامی هیوا بوون، دیارە مەسەلەی هەڵبژاردنی کەلار زیاتر لەبەرئەوەبوو دووربوو لە دەسەڵاتی حکومەتەوە و بەگزادەکانیش خاوەن نفوزێکی ئەوتۆبوون، ئاسانئەبوو بۆ حکومەت دەستبنێتە

ناوچەکە و نەیانتوانی بیپارێزن.(٦٤)

ئەو کەسایەتییە ناسراوانەی سنوری خانەقین و کەلار و [illegible] کۆنگرەکە بانگێشتکرابوون ئەم زاتانە بووە (ساڵح ئاغای باجەلان، تایر ئاغای جمور، [illegible] شیخ ئەحمەدی شاکەلی، مەلا فەتاح دەلۆ، نامیق کوێخا سالم، ئەحمەد [illegible] تاڵەبانی، حەمید ئاغای زەنگەنە، عەلی سەلیم بەگی جاف، شەوکەت بەگی [illegible] بەگی جاف، مەحمود بەگی رەزا بەگی جاف، حەمە سەعید بەگی جاف، مەلا [illegible] هتد). بەستنی کۆنگرەی قەنیلە خراپ بەسەر مەلا سەیید حەکیمدا شکایەوە، بڕیاری [illegible] دەرچوو، لە خانەقین هەڵهات و هاتە کەلار و یەکسەر بەگزادەکانی جاف رەوانەی ناو [illegible] جافیان کرد، پاشان لەلایەن (حاجی قادری مەحمودی ژاڵە)وە سەرۆکتیرەی شاتری بەرێزەوە بەرەو گوندی دارێکەلی بەرێکرا، لەوێ لەلایەن شێخ مەحمودەوە شوێنی بۆدابینکراوە، لەپاش دەرچوونی لێبوردن لە دارێکەلی گەڕایەوە و رەوانەی باشووری عێراق کرا.(٦٦)

پاش ئەوەی لەکۆنگرەدا تاوتوێی بارودۆخەکە کرا، بڕیاردرا بەپەلە پەلاماری پێگە و بنکەی هێزەکانی میری لە دەڤەرەکە لەلایەن چەکدارانی هۆزەکانەوە بدرێت، بەوشێوەیە لەلایەن دووبارە چەکدارانی جافەوە بە فەرماندەیی (مستەفا بەگی جاف) لەوبەری سیروانەوە بنکەی پۆلیسی گۆڕەشەلە پەلاماردرا، مەکینەی ئاوی (چیاسورخ) کە بەدەست ئینگلیز بوو پەکخرا، بنکەی پۆلیسی سەرسنووری عێراق و ئێرانیش لەلایەن چەکدارەکان (ساڵح ئاغای باجەلان و تاهیر ئاغای جمور)ەوە تەقەیلێکرا، لەمبەری سیروانەوە هەردوو بنکەی پۆلیسی بنگرد و سەرقەڵا لەلایەن تاڵەبانییەکانەوە هێرشیکرایەسەر، وەزیری ناوخۆ برێك پارەی وەك سزا خستەنەستۆی ئەو هۆزانەی دەستیان لەورووداوانەدا هەبوو، هەروەها فەرمانی دەستگیرکردنی (مستەفا بەگی جاف و شێخ حەمە نەجیب و شێخ عەتا و مەلا سەیید حکیم) درا.(٦٧)

کۆمەڵەی یانەی سەرکەوتن

کـــوردە ناودارەکانی شاری بەغـــداد بەدەستپێشخەری مەعروف جیاوك لە بەرواری (٩ شوباتی ١٩٣٠) داواکارییەکیان بۆ وەزارەتی ناوخۆی عێراق بەرزکردەوە، داوای [illegible] فەرمییانکرد بۆ دامەزراندنی یانەیەك بەناوی یانەی سەرکەوتن، وەزارەتی ناوخۆ لە [illegible] ١٩٣٠رەزامەندی دەربڕی لەسەر داواکارییەکە، لە رۆژی ٣٠ی ئایاری ١٩٣٠ لە [illegible]

ەوێنما یانەی سەرکەوتن کرایەوە، لە هەڵبژاردنێکی ئازادانە دەستەی بەڕێوەبردنی یانەکە دیاریکرا (ئیبراهیم حەیدەری سەرۆك و مەعروف جیاوك موعتەمید).(٦٨)

لەپاش دامەزراندنی ئەو کەمە ئابوورییەی کە هەینابوو بیریانلەوەکردەوە کە گەشتێك بەناوچەکاندا بکەن بەمەبەستی کۆکردنەوەی یارمەتی، لە ١٧/ تموز/ ١٩٤٣ لەبەغداوە کەوتنەڕێ لەماوەی (٤٥) رۆژدا (٥) هەزار دیناری ئەوکاتەیان کۆکردەوە، بەجۆرێ زۆرترین بڕی پارەکە لە سنووری خانەقی لەلایەن (فەتحوڵلا بەگی دەلۆ)وە کە (٦٠) دیناری بەخشیوە دواتر لە بنکوورە بەرەو شارەدێی کەلار کەوتوونەتەڕێ، لەتەنیشت قەڵای شێروانەوە چوونەتە کەلار لە ماڵی کەسایەتی ناسراوی گەرمیان کەریم بەگی جاف شەوێ دەمێننەوە و راگۆڕینەوە و کۆکردنەوەی یارمەتی لەنێو خانەوادەکانی بەگزادەی جافی کەلار لەوێشەوە دەکەونەڕێ بەرەو کفری.. ئەوانەی لە کەلار بارویوباندا (١٣) کەس بوون.(٦٩)

سەردانی (مەلیك فەیسەڵ)ی دووهەم بۆ گەرمیان لە ساڵی (١٩٥٤) پێش گەیشتنی کەژاوەی مەلیك سەدان پیادە و سوارە و ژمارەیەك ئۆتۆمبیل بە دوو ریزی بەرامبەر بەیەك لەمیەرونەویەری شەقامەکەوە راوەستان، زۆربەی سوارەکان چەکداربوون، کەژاوەی مەلیك کە تەنها لە چوار ئۆتۆمبیل پێکهاتبوو دەرکەوت، ئۆتۆمبیلەکەی مەلیك ((رۆلز رۆیس))ێکی خۆڵەمێشی بوو، شۆفێر و ئەفسەرێك لەپێشەوە و دوو کەسیش کە یەکێکیان مەلیك بوو، لەپێشەوە سواربووبوون، نەفەری دووەمی پێشەوە گەنجێکی ئەسمەربوو، دوایی گوتیان کوڕی میری (بەنی رەبیعە) بوو، لەئۆتۆمبیلێکیتردا (عەبدولیلا)ی خاڵی مەلیکی تیابوو، مەلیك دابەزی گەنجێکی (٢٠) ساڵە بەپێکەنینەوە سلاوی لەوخەڵکە زۆرە کرد، لەومەراسیمەدا لەلایەن قوتابیانی کەلارەوە سروودێکی پێشکەشکرا و پاشان (حەمە سەعید بەگی جاف) وتارێکی بۆ بەخێرهاتنی (خاوەن شکۆ) خوێندەوە، مەلیك بەدەنگێکی بیستراو و لەسەرخۆ خۆشحاڵی و سوپاسی خۆی بۆ ئەو پێشوازیانە دەربڕی و هەندی گفتوگۆ بەکورتی لەنێوان مەلیك و پێشوازیکەران تاوتوێکرا.(٧٠) لە پاش کودەتای ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ بە سەرکردایەتی عەبدولکریم قاسم و رووخاندنی دەسەلاتی پاشایەتی بۆ یەکەمینجار دەوڵەتێکی کۆماری دامەزرا، ئیدی ئاسۆیەك بەڕووی خەڵکی عێراقدا دەرکەوت و هیوایەکی زۆریان بەم دەسەڵاتە هەبوو رژێمی قاسم چەندین هەنگاوی نا بەئاراستەی مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی گەلی کورد، سەرەڕای مافە هاونیشتمانییەکان بەپێی دەستوری کاتیی نووسرایەوە لە بەندی (سێ)دا

هاتووە (قەوارەی عێراق لەسەر بنەمای هاوکاری راوەستاوە لەنێوان هەموو رۆڵەکانی بەرزگرتنی مافەکانی و پارێزگاری لە ئازادییەکان، عەرەب و کوردیش لەم نیشتمانەدا شەریکن و دەستور مافە نەتەوایەتییەکانیان لە چوارچێوەی یەکپارچەیی عێراقدا مسۆگەردەکات، نیستی نەوکاتەوە بزووتنەوەی نەتەوەیی و دیموکراتی لە کوردستان و گەرمیاندا بەشێکی کەوتنە جموجوڵ و گەشەکردن، سەرەتا رێکخستنەکانی حیزبی شوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان جەماوەرێکی زۆریان لەدەوەرکۆبووەوە و ناوبەناو کێشە و ململانێ لەنێوانیاندا دروستدەبوو. بەڵام نەدەگەیشتە رادەی توندوتیژی، ئەم هۆکارانە وایکرد سەرەنجام پێشبڕکێی نێوان حیزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان پێشکەوتنی زیاتر وەدەستبهێنێت و خەڵکی زۆر لە دەوری رێکخستنی خۆی کۆبکاتەوە، رێکخراوی قوتابیان و جوتیاران و لاوانی ئافرەتانیان لە شار و دێهاتەکانی گەرمیاندا دامەزران، ئەم بنکە جەماوەرییە هێزێکی مەزنبوو، کاتێ شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ هەڵگیرسا بەهەموو توانایان پشگیریانلێکرد، ساڵەکانی (١٩٥٨، ١٩٥٩، ١٩٦٠، ١٩٦٣) ژمارەیەکی زۆری گەنج و رۆشنبیر و کەسایەتی شار و لادێ و جوتیار و خوێندەوار لەگەرمیاندا جموجوڵ و چالاکی رێکخراوی جەماوەرییان هەبوو.[٧١]

هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول:

دوای ئەوەی بڕیاری دەستگیرکردنی (حیلمی عەلی شەریف) لە بەغدا دەرچوو، بەنهێنی خۆی گەیاندە خانەقی، لە ماڵی عەزیز پشتیوان هەر ئەوکاتانە عومەر دەبابە گیرا، ئیبراهیم ئەحمەد بەتەنیا و بەنهێنی هاتە کەمپەکەی سەرچاڵ قەزاز لە پێباز، لەوێ بە حەمەی وەلی وت: بچۆ حیلمی عەلی شەریف بهێنە بۆ کەلاری کۆن. حیلمی کۆبوونەوەتان پێدەکات و بەرنامە و بڕیاردەردەکات، حەمەی وەلی حیلمی هێنا بۆ ماڵی خۆی لە کەلاری کۆن هەر لەوێشەوە عەزیزی کاکە حەمە و سابیر سەڵتەزەرد گەیشتنە لای. گفتوگۆی زۆریان کرد کە بەرنامەی کاری نوێیان چیبێت! لەوکاتەدا خەجێ خانی کەریم بەگی هاوسەری مەحمود رەزا بەگ خۆی کردە ژوورا و وتی: ئاگاتان لەخۆتانبێت وا چواردەووری کەلار بەهێزی سوپای عێراق گیراوە، حەمەی وەلی خۆی بەست، باوکی وتی: ئەو چەك و تاقمەی لێکەردەوە با هەوڵبدەین حیلمی رزگاربکەین فەرەنجییەکی وەرزێرانەی هێنا و کردیەبەر حیلمی، شەنێکی دایەدەستی چەپی و داسێکی دایەدەستی راستی. تفەنگە بڕنەوەکەی خستەناو هۆرێکەوە، فیشەکی خستە تاکەیتری، کلاوێکی لەبەری

خستەسەری، گوێدرێژێکیان هێنا و رەشکەیەك کایان خستەسەر لەگەڵ فەرەنجییەکەدا.(وەلی) باوکی حەمە سواری گوێدرێژەکە بوو حیلمی وەك وەرزێرێك پێشیکەوت بەبێسڵمینەوە بەلای دەبابەکاندا رۆیشتن لای ئێوارە گەیشتنە گوندی (سەید خەلیل)[٧٢] حەمەی وەلی یەکسەر خۆی گەیاندە باوکی و حیلمی، بە حەمەی وت هەموو رێکخستنەکانی کەلارم بۆ کۆبکەرەوە و بابچنە بناری بەمۆ.

حەمەی وەلی لە شەو رۆژێکدا (٧٥) کەسی بە چەك و تاقمەوە کۆکردەوە لە کەلار و باوەنوور و قولەبەرز لە ئاستی مەیدانەوە لەسیروانەوە پەرینەوە، لەوێ ئاگاداری رەزا بەگی دەلۆی کرد کە بەرێوەبەری پۆلیسی مەیدان بوو پەیوەندی نهێنی بە پارتییەوە هەبوو، هات سەردانی حیلمی کرد و ئامادەیی خۆی بۆ هەموو هاوکارییەك پیشاندا، پاشان هێزەکانی سوپای عێراق لەکەلارەوە روویانکردە دەربەندیخان شەرهەڵگیرسا تەنانەت تۆپباران و فرۆکەش بۆردومانیدەکرد. ئەمانیش لەو ناوچەیە مانەوە و دواتر روویانکردە دەربەند بێلولە و چەند چالاکییەکیان ئەنجامدا کە لە ١٩٦١/٣/١ حیلمی عەلی شەریف نامەینارد بۆ رێکخستنەکان، بۆئەوەی ببنە پێشمەرگەی شۆرشی ئەیلول، رۆژی دوایی عەزیز حەمەی خنان و پاشانیش (حەمەی وەلی، حسێنی حاجی محێدین، عەلی سەلیم بەگی جاف، رەزا قالەجاف، رەشید قالە جاف و مەحمود بەگی جاف و مەلا عەبدولحەمید وەلی، مەحمود سۆفی، محەمەد سۆفی) ئەمە جگە لەچەندین تێکۆشەریتر کە پێشمەرگەبوون لەو ناوچانە مانەوە.

دوای ئەوەی عەبدولسەلام عارف کودەتای بەسەر بەعسییەکاندا کرد و سەرکەوتنی بەدەستهێنا، وەك پیشەیان رژێمە ساواکەی عێراق پەنای بۆ گفتوگۆ برد، لە کانونی یەکەمی ١٩٦٣دا (بەرزانی)ش قبولێکرد، لەسەر ئەم پرسە و چەند پرسێکیتر کەلێن لەنێوان (م.س)و (ك.س)و پارتیدا فراوان دەبێ، دواتریش (م.س)ی کۆن لە نیسانی ١٩٦٤دا کۆنگرەی ماوەت دەبەستن و لە ١٩ی هەمانمانگدا بەیاننامەیەك بلاوەدەکەنەوە[٧٣]. لێرەدا ناچینەسەر هۆکار و گرفتەکان و ئەو ناکۆکییانەی کە لەو ماوەیەدا درێژەیهەبوو، دواتر دوای ئەوە (م.س)ی کۆن ئاودیوی سنووری ئێران بوون پاش گەرانەوەیان لە شاری کەلار بارەگای سەرەکییان دانا کە مام جەلال سەرکردایەتیدەکرد.

لەهەشتاکاندا هێدیهێدی تادەهات بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان بەهێزدەبوو، شەری عێراق - ئێران، عێراقی تووشی چەندین قەیرانی جۆراوجۆربوو، ئەمجارەیان جیا لە قوناغە

کانیتر چەندین حیزبی سیاسی بە ئایدیای جیاواز و مارکسی و مەدەنی و نەتەوەیی و ئیسلامی ئامادەییان لەسەر شانۆی سیاسی هەبوو، بەداخەوە هەمدیس شەڕی برکێن و پەرتەوازەیی و یەکترکوشتن درێژەیهەبوو. چەندین حیزب و ڕێکخراوی سیاسی لەسەر شۆڕ ئیشیان دەکرد لە کوردستانی باشوور، هەریەکە و قەبارەیان دیاربوو، کاریگەرییان جیاوازبوو لەسەر جەماوەر و لەڕووی ڕێکخستن و ژمارەی (پ.م)ەوە، ئەمەش لە حیزبێك بۆ حیزبێکیتر وەکو یەکێتییە، وەلێ هەلۆێستی کوردانە و بەرگری لە خاك و نیشتمان ئامانجی تەواوی حیزبە کوردییەکەی بوو لە ئەنجامی خۆپیشاندانەکانی ساڵی(١٩٨٣) کە جەماوەرێکی زۆر بە هوتافکێشان و دروشمی کوردی و عەرەبی، ئەم هوتافانەیاندەکێشا بە حەماسەوە:

بژی عەلی عەسکەری
بەردی بناغەی گەلی
بەهێزی مامەڕیشـــــە
دوژمن دەکەین بەشیشا
ئێمە نەوەی مارکسین
لەسێدارە، ناترســـین
کێتان دەوێ ئەی کوردان
مام جەلال و نەوشـێروان
مکتوب علی سلاحنا
کردســـــتان، کفاحنا
الجنود، أخواننا
صدام، أعدائنا

ئەندامانی حیزبەکانیتریش بەشدارییان تیادادەکرد، بەلاّم ئەو دروشمانە، دروشمی ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ك) بوو ئەودەمە گفتوگۆیان لەگەڵ حکومەتی بەغدا هەبوو، هەرچەندە بڕیاربوو، ڕێکخستنەکان خۆیان ئاشکرانەکەن و بەشداری هیچ چالاکییەك نەکەن لەئاییندەدا زیان بە ریزەکانی ڕێکخراوەیی بگەینێ، لەو خۆپیشاندانەدا کە ژن و پیاو بەشدارییانکرد و رەشبەڵەکیان دەکرد، فەرەج محەممەد ئەحمەد و محەممەد کۆمەڵە گۆرانییاندەچڕی، مەفرەزەیەکی

ئیستیخبارات هاتن، وتیان چییه هەڵدەپەڕن شایی دایکتانه زللەیەکیان دا له (فەرەج ئەحمەد) بوورایەوە، (حه یف و مخابن لەدوای راپەرین له شەڕی ناوخۆدا شەهیدبوو) لەولاوە (جمعه رۆستەم) هات و پەلاماری مەفرەزەکەیدا و دەستیکردە زللەوەشاندن، ئەوانیش دەستڕێژی گوللەیانکرد و (جمعه رۆستم)یان شەهیدکرد. لەکەلارەوە بۆ بەرلوت کە (٦ کم) لەکەلارەوە دوورە، تەرمەکەیان بەپێیان برد به هەزاران کـــــــەس بەشداری ئەو مەراسیمیان کرد بۆ یەکەمینجارە تەرم بەپێیان بعرێت لەکەلارەوە بۆ ئەو گۆڕستانە، هەروەها گفتوگۆی نێوان حکومەتی ناوەند و یەکێتی نیشتمانی کوردستان نزیکەی ساڵێك، جۆرێك له گەیشتن و چەندین دانیشتن ئەنجامدرا و ئەمەشیان وەك گفتوگۆکانیتر کۆتاییهات، ئەنجامەکەی هەرچییەك بووبێ دیسانەوە گەڕانەوە بۆ شەڕ و لەبارپردنی زمانی گفتوگۆ و حیوارپوو.

پارتە کوردستانییەکان له ناوەڕاستی تەموزی (١٩٨٨) دەستیانکرد به کۆبوونەوە بەمەبەستی دامەزراندنی (بەرەی کوردستانی) لە ١٩٨٨/٥/٢ دا بەیاننامەی بەرەی کوردستانی راگەیەنرا کە پێکهاتبوو له یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتی سۆسیالستی کورد، حیزبی شیوعی عێراق،، حیزبی سۆسیالستی کوردستان، پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان و بزوتنەوەی ئیسلامی و بزوتنەوەی کلدوئاشوری بوون به ئەندام لەو بەرەیەدا. هەرچەندە ئەم بڕیارە درەنگوەختبوو دەبوو زووتر بڕیاری وا گرنگ بدرایە، وەلێ لەو دۆخە سیاسییەدا هەلومەرجی بزووتنەوەی رزگاریخواز تووشی شپرزەیی و تەنانەت شکستی سەربازیبوو بوو، بەلأم یەکریزی و رێکخستنی ناومالی کورد لەهەموو ساتێکدا گرنگە و کایگەری خۆی هەیە.

بەهەرحاڵ حکومەتی عێراق له سالی (١٩٨٧) دەستیکردە رووخاندنی گوندەکانی سەرجادە نزیکەکانی شار تەنانەت لەناو کەلار گەڕەکی (گازینۆ)ی رووخاند کە گەڕەکێکی گەورەی ناوشار بوو، لەکاتیکا کۆمەڵگای بەردەسوور دەکەوتە دیوی باکووریەوە کە چەندسەد مەترێك لێوەدووربوو، دواتریش شەڕی عێراق- ئێران بەرەو خاوبوونەوە و کۆتاییدەچوو چەندین کارەساتی کۆمەڵکوژی و کیمیاباران و ئەنفال و رووخاندنی (٤٥٠٠) گوند له کوردستانی باشوور لەگەڵ چەندین ناحیه و قەزادا.

هێرشەکانی ئەنفال بەو هێرشە دڕندانە و وەحشیکەرانە کە لەلایەن رژێمی عێراقەوە دەرهەق به گەلی کورد ئەنجامدرا، ئەم هێرشانە بەچەند قۆناغێك دەستیپێکرد و له مانگی

شوبتی (١٩٨٨) له دۆڵی جافایەتییەوە ئەوەی پەیوەندی بە بەسەکەوە هەیە ئەنفالی (٣) ناوچەکانی (چەمچەماڵ، سەنگاو، قادرکەرەم، دووز، کفری، کەلار، پێبز. تیلەکۆ)ی گرتەوە لە (٧)ی نیسان دەستپێکرد لە (١٧، ١٨) نیسان کۆتاییهات، لە مانگی نیسانی (١٩٨٨)دا هێزە سەربازییەکانی حکومەتی عێراق هێرشێکی بەرفراوانیان کردەسەر ناوچەکانی گەرمیان و قەزای کەلار.. ژمارەیەکی زۆری گوندەکانی ناوچەی گەرمیان بەرنەو شاڵاوە سەربازییە کەوتن، دەیان هەزار کەسیان بێسەروشوێنکران و ئەوانەشیان مانەوە لە ئۆردگای زۆرەملێی (سمود) دا نیشتەجێکران، ئەو گوندانەی کە لە قەزای کەلار و ناحیەکانی (تیلەکۆ و پێباز)دا رووخێنران بە ناحیەی تیلەکۆشەوە سەیری خشتەی ژ(١) بکە.

ژمارەی قوربانیانی شاڵاوەکانی ئەنفال لە قەزای کەلار (١٩٨٨)دا.

خشتەی (٥)

ژمارەی قوربانیانی شاڵاوەکانی ئەنفال لە قەزای کەلار

ناحیە	ژ. دانیشتووان	ژ. ئەنفالکراو	ژ. گوند
تیلەکۆ	١,١٥٥	٣٦٨٠	٧٣
پێباز	١٤١٨٣	٤٤٢٠	٦٩
ناوەندی کەلار	١٨٥١٢	٤٥٦٨	٢٠
کۆی گشتی	٤٢٨٥٠	١٢٦٦٨	١٦٢

- سەرچاوە: (زیاد عەبدولڕەحمان) تونی مەرگ

ئۆپەراسیۆنی ئەنفال کاردانەوەی توندی لەسەر سەرلەبەری ژیانی مرۆڤی کورد دانا، بیرکردنەوە لە ئەلتەرناتیڤی کورد لەو خەمە دەربازبکات، بۆیە بڕیاردان لەسەر درێژەدان و پارتیزانی لەکاتێکدا کەس بڕوای بەوەنەمابوو لەم هەلومەرجەدا بتوانرێت کارێك بکرێت.. کەم بوون ئەوانەی بڕیاریاندا درێژەبە خەبات بدەن، کۆمەڵێك خۆنەویست و خۆراگر لەئەشکەوتەکاندا بنەوبارگەیان فرێدا، لێرەش سروشت ناخۆشترین کارەساتی مەرگباری خوڵقاندکە هاوشێوەی نەبوو

بەدرێژایـــی مێژوو، لەو مەملەکەتە ســـووتاك و وێرانەدا بـــوونەژێر هەرەسی ئەشکەوتەوە لە (١٩٨٩/٢/١٩) شەهیددەبن کە ئە م مێرخاسانە بوون (ئەحمەد حەمە ئەمین کەلاری (مەلا ئەحمەد)، نوری قادر رەحیم (پۆلا)، رەحیم رشید ئەحمەد، حەیدەر محەمەد کەریم، سەلام محەمەد حسێن (سەلامە رەش)، دارا قادر سەمین (دارا سوور)، حاجی حەمید قادر کریم)، لەناو حەشارگەی ژمارە (٤)ی داری خلە، ئەشکەوتەکە بەسەریاندا هەرسدەکات، حەوت ئەستێرەی گەشی ئاسمانی کوردایەتی، حەوت رۆلەی بەئەمەکی ئەو گەرمیانی کیلگەی زامە ئاوابوون، کێ دەزانێ ئەمانە چۆن شە هیدبوون، چەند رۆژ لەژێر ئازار و چاوەڕوانیدا مانەوە یان لەگەڵ هەرەسهێنانی ئەشکەوتەدا ئەمانیش دواهەناسەی ساتەکانی تەمەنیان ئاوێتەی دنگی بەرز و زرمە و تۆز و گەردی ئەشکەوتەکە بوو، بەو جلەخاکییەی پێشمەرگایەتییەوە لەگەڵ تفەنگ و خۆزگە رەنگالەییەکانیاندا، پێکەوە ئەشکەوتێك دەبێتە گۆڕی حەوت مرۆڤی مەزن.

حکومەتی بەعس بەردەوامبوو لە سەرەڕۆیی و ملهوڕی و داگیرکاری بۆ شاردنەوەی قەیرانەکانی و خراپی دۆخی عێراق، هەر دوای شەڕی ئێران کە بە جەنگی کەنداوی یەکەم **ناوزەدەکرا، پەلاماری (کوێت)ی دا لە (٢)ی ئابی (١٩٩٠)و دگیرێکرد**، لەگەڵ ئەوەش جاڕیدا **کە کوێت پارێزگای نۆزدەهەمە، لەو سەروبەندەدا چەندین فشاری** نێودەوڵەتی و ولآتانی زلهێز بۆ کشانەوەی بێهوودەبوو، دواجار بەناوی جەنگی کەنداوی دووهەم یان رزگارکردنی کوێت، شەڕیان دژی عێراق راگەیاند، هێزەکانی هاوپەیمانی پێکهاتبوو لە (٣٤) دەوڵەت بە سەرکردایەتی ئەمریکا دژی عێراق لە بەرەبەیانی (١٩٩١/١/١٧) پرۆسەکە دەستپێکرد، تەنها بە (١٠٠) سەعات جەنگی زەمینی گەیشتە بەغدا، هاوکات راپەڕین درێژەی هەبوو جگەلە چەند پارێزگایەکی کەمی سوننەنشینی ناوەڕاستی عێراق، دەزگا سیخوڕ و داپلۆسێنەرەکانی بەعسیان وەدەرنا، لە (٥)ی ئازار لە دەروازەی راپەڕینەوە دەستپێکرد، شاری کەلاریش لە (٩) ئازاردا لە دەزگا سەرکوتکەر و داپلۆسێنەرەکانی بەعسی پاکرایەوە، گەر بەراوردبکەین لەگەڵ شارەکانیتردا ئەمەش مایەی شانازییە، چونکە ئەم شارە گەلێك دوورە لەچاو شارەکانیتری کوردستاندا، کەچی تەنها دوای (٤) رۆژ لە راپەڕین رزگارکرا، زۆرێك لە شارەکانیتر وێڕای هەڵکەوتە جوگرافیاکەی و تۆپۆگرافیاکەی و دووریيان لە پایتەختی بەغداوە کەچی دوای کەلار راپەڕین، لەکاتێکا کەلار نزیکترین شارە لە ناوەڕاستی عێراقەوە و (١٨٠)کم لە پایتەختەوە (بەغدا) دوورە، چەند کیلۆمەترێك لە سنووری پارێزکای باقوبەوە (دیالی).. وێڕای ئەمەش رۆڵی هەبوو لە رزگارکردنی

شەڕەکانی (خانەقی و دووز و کولەجۆ)و پەلاماردانی جەلەولا کە گەورەترین سەربازگەی سوپای عێراقی تیادابوو، جگەلە هێزەکانی (موجاهدینی خەلق)، هەر لەو ساتەوەختەدا لە (جەلەولا و کۆلەجۆ)وە دزەیانکرد، چەندین خەڵکی سیڤل و پێشمەرگەیان شەهیدکرد بەدرێژایی ڕێگاکەیان، دواتر هاتنەناو شاری کەلار و کوێرانە تەقەیان بەسەر شاردا دەکرد و چەندین خەڵکی (سڤیل و منداڵ و ژن و پێشمەرگە)یان لێرەش شەهیدکرد، هەرچەندە لەئەنجامدا زرێپۆشەکان سووتێنران و ئەوانەش کە تیایدابوون هەموو کوژران. بڕیاری (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایشی لە ١٩٩١/٤/٥ بۆ یەکەمینجار لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، (هەرچەندە پەیمانی سیڤەر پێشتربوو) وەکو بەڵگەنامەیەکی جیهانی ناوی کوردی تیادابێت و باس لە پاراستن و پشتگیریدەکات، ئەنجومەنی ئاسایش (زۆر نیگەرانە لەو سەرکوتکردنەی کە دانیشتووانی مەدەنی (سڤیل) لە زۆر ناوچەی عێراقدا تووشی بوونە، لەم دواییەشدا ناوچە کوردنشینەکانیشی گرتووەتەوە و بووەتە هۆی ئەوەی بەشێوەیەکی بەربلاو پەنابەران سنووری نێودەوڵەتی ببەزێنن، بەشێوەیەك کە هەڕەشە لە ئاشتی ئاسایشی ناوچەکە دەکات، نیگەرانیشە بە قەوارەی ئەو کارەساتە مرۆییە کە دروستبووە) ئەم بڕیارەش دوولایەنی هەیە:

لایەنی مرۆیی (مرۆڤایەتی): بریتییەلە داکۆکیکردن لە هاوولاتیانی عێراق بەگشتی و کورد بەتایبەتی.

لایەنی یاسایی نێونەتەوەیی: بریتییەلەوەی کە عێراق ناچاردەکات پابەندێتی خۆی بپارێزێت بە یاسای نێونەتەوەییەوە لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤدا و ناچاریشیدەکات هاوکاری کۆمەڵگای جیهانی بکات بۆئەو مەبەستە.(٧٤)

بەڵام کاتێك حکومەتی عێراق بڕیاری کشانەوەی دامـــــــــــودەزگا ئیدارییەکاندا لە ٢٦ / ١٠ / ١٩٩١دا لە ناوچەکانی کوردستاندا بەمە بۆشاییەکی حکومی و یاسایی دروستکرد. بەرەی کوردستانی بەوپێیەی کە دەسەلاتی دیفاکتۆ (الامر الواقع) بوو بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئیدارییە بڕیاری دروستکردنی لیژنەیەکی دا، دواتریش لیژنەکە بەناوی یاسایی ژمارە (١) بۆ ساڵی ١٩٩٢ یاسایی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق بڕیاری لەسەردا کە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەن لەڕێگەی دەنگدانی گشتی ڕاستەوخۆی نهێنی لە ١٩/ ٥ / ١٩٩٢ ئەنجامدرا بووە ڕۆژێکی مێژووی لەکوردستاندا ژمارەی (٩٦٧٢٢٩) دەنگدەر لە پرۆسەی دەنگداندا بەشدارییانکرد، ئەنجومەنی کوردستان لە (١,٥) ئەندام پێکهاتبوو یەکە-

کۆبوونەوەی لە ٤/ ٦ /١٩٩٢ گرێدرا، دواتریش لە ٤ / ٧ ئەنجومەنی وەزیران پێکهێنرا دواجار وێڕای چەندین ئابڵوقەی حکومەتی ناوەند و وڵاتانی دراوسێش لە ١/٤/١٩٩٢ بڕیاری فیدراڵییەت درا. ئیدی لەوکاتەوە چەندین هەنگاوی پۆزەتیڤی نا، هاتەسەر ناوچەیەك کە ژێرخانی ئابووری لەژێر سفرەوە بوو، تەواوی لادێکان رووخابوو نیشتیمانێکی وێرانە و گەلێکی بریندار و چەندین کێشەی سیاسی و ئابووری، ئابڵوقەی جوارجۆر، ئیدی مانای ئەوەنییە ئەم حکومەتە هیچ کەموکورتی نییە، لەولاشەوە شەڕی ناوخۆ و هێنانی دەستی دەرەکی کاریگەری زۆری لەسەر حکومەت کرد جیالە زیانی ئابووری دواکەوتن و لەدەستدانی هەلی سیاسی لەوشەڕە نەگریسەدا چەندین لاوی جوان بوونە قوربانی و زیندانی و راگوێزران بەهۆی بیانووی سیاسییەوە، شەڕ و ئاشتی درێژەیهەبوو تا رووخاندنی حکومەتی بەعسی لە نیسانی ٢٠٠٣ دا.

رەوشی راپەرینەکان و رەفتاری هەندێ هێزی سیاسی لە بەرژەوەندی ئەمریکا نەبووە، هەربۆیە کەوتنە نرخاندنی رەوشی عێراق، گفتوگۆی ئەم سیاسەتە هێندەی نەبرد لەناو ئیدارەی ئەمریکادا، لە کۆبوونەوەیەکی کۆشکی سپیدا لە (٢٦)ی ئازاردا بڕیاردرا کە رێ بە (سەدام حسێن بدەن ئاگری راپەرینەکانی ناو وڵاتەکەی خۆی بکوژێنێتەوە و ئەمریکاش نابێ ناوبژیبکات) ئەم هەواڵە دزەیکرد و لە (٢٨)ی ئازاردا دوای دوو رۆژ لە بڕیارەکەی کۆشکی سپی، سوپای عێراق هێرشێکی بەرفراوانی کردەسەر کوردە راپەریوەکان، دوای سێ رۆژ لە (٣١) ی ئازاردا کۆڕەوێکی ملیۆنی خەڵکی کوردستان بۆ سنوورەکانی ئێران و تورکیا دەستیپێکرد و دەربەدەربوون.(٧٥)

تەنها مەبەست لە کاریگەری و بڕیاری نێودەوڵەتی بوو چۆن لەماوەی (٩) رۆژدا ئاراستەی سیاسی گۆڕی و کەی بیانەوێ بە بڕیارێك یاری بە چارەنووسی گەلان دەکەن، رووداوەکان بە بەرژەوەندی خۆیاندا دەشکێنن.

ئیدی لەوماوەیەدا سەدان کەس بە مینی سنوورەکان شەهیدبوون و دەیانیش لە سەرما و برسێتیدا لە پیر و ژن و منداڵ بوونە قوربانی، دواتر دوای ئەو بڕیارە هەرچەندە سوپای بەعس بوونی هەبوو لەناوچەکەدا زۆرێك لە دانیشتووانی هەرێم گەڕانەوە و بەردەوام رێژەکە لەزیادبووندابوو، لەولاشەوە گفتوگۆی نێوان بەرەی کوردستانی و حکومەتی ناوەندی ئامادەیی هەبوو دوای چەندین دانیشتن بێهوودەبوو هەربۆیە لە ١٠/١٩٩١ دیسانەوە راپەرینی دووەم دەستیپێکردەوە و بۆ یەکجارەکی ئەو شارانەی کە رزگارکراون لە مانگی ئازاردا پاککرانەوە لە

دەسەڵاتی بەعس هەرچەندە شاری کەلار (١٥ کم) لە هێزە دڕندەکانی بەعسەوە دووربوون، خەڵکەکەی لەژێر ڕەحمەتی لوولەی دۆشکەی بەعسەوە دووربوون هەمیشە لە ڕەوشێکی نائارام و ناسەقامگیردا دەژیان و چەندین خەڵکی هەژار و جوتیاری سەر کێڵگەکان بوونە قوربانی.. ئەم دۆخە ئاڵۆزە درێژەی هەبوو تا ڕووخاندنی دەسەڵاتی بەعسی فاشی. پێویستە لێرەدا بەناوهێنانیش بێت تیشکبخەینەسەر ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی عێراقیش، هاوکات وەزیرەکانی هەرێم و ناوەند کە ڕۆڵیان لەوپرۆسە سیاسییەدا هەبووە یان هەڵبژاردەی خەڵك و ئەگەرچی بەدانانیش بێت لەلایەن حیزبە کوردییەکانەوە، هەرچەندە بەشداربوونیان لەوپرۆسە سیاسییەدا ڕێژەییە لە کەسێك بۆ کەسێکیتر جیاوازە یان بەپێی سەردەم و قۆناغ ئەرك و چۆنێتی پیادەکردنی دەسەڵاتیان دەگۆڕێت و وەکو یەکنییە، لێرەدا لەبەرئەوەی زۆرجار نوێنەرایەتییان وەك گەرمیان بووە یان یەك بازنەی هەڵبژاردن بووە، لێرەدا ئەوانەی شوێنی نیشتەجێبوونیان یان لەدایکبوونیان کەلار و کفرییە بۆیە تەنها ئەو ناوانە ناونووسدەکەین:

(جەوهەر نامیق سالم، عەلی عەبدوڵڵا کاکە ئەحمەد، سەلاحەدین عەبدولحەمید عەبدوڵڵا ڕەمەزان، ئیسماعیل ئیبراهیم مەردان، جەوهەر ئەحمەد شاواز، حاتەم حەمەجان، گوڵاڵە عەزیز قادر، بەرزان محەممەد قادر، عادل حاجی محەممەد، سالار مەحمود، عەدنان عوسمان، عەبدوڵڵای مەلا نوری، پەیام ئەحمەد، نەریمان عەبدوڵڵا، ئەژین عومەر ئەحمەد، لوقمان سلێمان، د. محەممەد نەجم جاف).

وەزیرەکان:

(شێخ محەممەد شاکەلی، عوسمان حاجی مەحمود، عەدنان محەممەد قادر، جەماڵ عەبدولحەمید).

ئەندامانی پەرلەمانی عێراق:

(خەسرەو محەممەد سەعید جاف، عیمران یاوەر قادر، حەسەن جیهاد، بورهان محەممەد فەرەج، سەردار عەبدوڵڵا عەبدولمەجید حەمید ئاغا).

بە لێبوردنەوە ئەگەر ناوی کەسێکم یاداشتنەکردبێت، بەدڵنیاییەوە جگەلە نەبوونی زانیاری هیچ هۆکارێکیتری نییە.

•••

پەراوێزەکان

١. (١، ٢، ٣، ٤) اصول اسماء المدن و المواقع العراقية، الجزء الاول، الطبعة الثانية، ١٩٨٦، ص٢٥٦

٥. شێخ محەممەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، جزم سێیەم، نازار، ١٣، چاپ اول ل١٣٧

٦. دەریاز محەمەد، کەلار لە لادێوە بۆ شار، چاپخانەی چوارچرا، چاپی دووەم، ٢٠١٠، ل٣٨

٧. الدليل الاداري الجمهوريه العراقيه، الجزءالاول، (١٩٨٩- ١٩٩٠).

٨. ساڵەح هەلاج، چەردەیەك لە مێژووی ناوچەی گەرمیان، چاپخانەی گەنج، بە رگی یەکەم، ٢,١١، ل١١

٩. سمکۆ بەهرۆز محەمەد، گۆڕانە ئابوورییەکانی کەرکوك لە روانگەی سەردەمە مێژووییەکانەوە، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، ٢٠٠٩، ل٥٩

١٠. سەلاح محەممەد شاکەلی، کەلار لە گەردانەی مێژوودا، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی، ژ ٤٣٩، ل ٢..٦

١١. محمد علي قەرەداغي، هوية كركوك الثقافية والادارية، اربيل ٢..٧، ل١٦١

١٢. (پشکۆ حەمە تاهیر ئاغجەلەری)، شاری کەرکوك، لەنێوان ساڵانی (١٩١٧- ١٩٢٦) توێژینەوەیەکی مێژوویی، سیاسییە، چاپ، دەزگای چاپ، پەخشی حەمدی، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢..٧، ل٦٩.

١٣. سەربەست کەرکوکی وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە، راپۆرتی وەرگێڕی دەفەری کەرکوك، ماوەی ١ی کانوونی دووهەم تا ٣ی کانوونی یەکەم ١٩١٩ چاپخانەی شڤان، سلێمانی ساڵی ٢..٦، ل ١٣٩.

١٤. شێخ محەممەد شاکەلی گەرمیان رابردووی نزیك و ئەمرۆی گۆڤاری کەرکوك ژمارە ٢ چاپی پێنجەم پایزی ٢..٣ لاپەرە ٢٣

١٥. فاتیح عبداللە شوانی. پارێزگای کەرکوك لە ساڵی ١٩٥٧-١٩٧٧ چاپی یەکەم ٢..٥ چاپخانەی رامان سلیمانی لاپەرە ٢١.

١٦. د. خليل اسماعيل محمد كركوك دراسات في التكوين القومي لسكان، مطبعة صلاح الدين، أربيل ٢..٨، ص ٨-١..

١٧. المصدر نفسه ص ١٢٢.

١٨. سي، جي، ادمونتز، كرد وعرب وترك، ترجمة جرجيس فتح الله سنة ١٩٧٢، ص ٢٣٩

١٩. طه الهاشمي، جغرافية العراق (العراق الحديث العراق في زمن العباسيين العراق القديم) المطبعة دارالسلام في بغداد، طبعة الاولى ١٩٣. ص ٥٥٤

٢٠. جەلال ئەمین بەگ، جوگرافیای کوردستان، نوسینی روون و مەڵبەندی کۆمپیتەری سۆران، ساڵی ١٩٩٨، ل ١٨٦.

٢١. عبدالرزاق الحسني، العراق قديماً و حديثا، داراليقظة العربية، بغداد، طبعة السابعة، ١٩٨٢ ص ٢٢٤

٢٢. سمکۆ بەهرۆز محەمەد (ئەزی، مێژووی سەردەمە کارگێڕیی و بەرێوەبەرییەکانی پارێزگای کەرکوك، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ٢..٥، ل١٨.

٢٣. سمکۆ بەهرۆز محەمەد، هەمانسەرچاوە، ل٢٩-٣٢

٢٤. محمد هادي دفتر و عبدالله حسن، العراق الشمالي لواء كركوك و ديالى، ص ٢٩٩.

٢٥. محمد هادي دفتر وعبدالاحسن، المصدر نفسه، ص٣,٢ ٣,٦.

٢٦. محەممەد سەعید سۆفی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٩

٢٧. د. عبداللە غفور، کوردستان دابەشی تریتۆری کارگێڕی، ١٩٢٧-١٩٩٧ چاپخانەی نوسینی دێکان، چاپی دووەم ، سلێمانی، ٢..٣،

لە کتێبی (دليل المملكه الدليل الرسمي للعراق لسنه ١٩٣٦).

٢٨. دليل المملكة الدليل الرسمي للعراق لسنة ١٩٣٦،موسوعة سنوية، ادارية اجتماعية اقتصادية تجارية زراعية مصورة، صاحب الأمتياز، الياهود نسكور، رئيس التحرير، محمود فهمي درويش، مكتبة الحضارات، بيروت، لبنان. ص٥٣

٢٩. محەمەد شاکەلی، قەزای کفری، شارەدێی کەلار لەپەنجاکاندا و پاسەکەی حاجی حەمە ١٩٥٠-١٩٧٠، چیخەنەی کارۆ، ٢,١٢، کەرکوك ل ١٤.

٣٠. هەمانسەرچاوەی پێشوو ل. ١٥

٣١. ئەحمەد باوەر، کەلار لەمێژوودا، گۆڤاری پەیڤین، ژمارە (١٣)، ئازاری ٢..٢، ل ١٦٨

٣٢. شێخ محەمەد شاکەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٤

٣٣. (ئەمیر حاجی شەریف)، گۆڤاری شیروانە، چاوپێکەوتن، بەرێوەبەری پۆستەو گەیاندن (یوسف غفور...، ٤، حوزەیران ٢٠٠٥، ل٧.

٣٤. د. بەهرۆز جاف، گۆڤاری کۆچ، ژ (٣) هاوینی (٢٠٠٥) دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، ل ١١٢

٣٥. سهیل خورشید عزیز، سە رچاوەی پیشوو، ل٩٤

٣٦. المراسیم الجمهوریە، ١٩٦٨- ١٩٧٧، ص٩٤

٣٧. تەنانەت سدام حسێن لە خوتبەکەیدا لە (١١)ی ئازاری (١٩٧٤) وایوت (طلنا یابة کرکوك ادارة مشترکة وتابعة للمرکز مارظوا، طلنا لهم ننطیکم کلار جمجمال وکرکوك ادارة مشترکة و تابعة للمرکز هم مارظوا یابة اشتردون)

٣٨. الدلیل العام لتسجیل النفوس العام لسنة (١٩٥٧)، الحکومة العراقیة، وزارةالشؤن الاجتماعیة، المدیریة النفوس العام، ص١٢١

٣٩. هتمان سترضاوة

٤٠. محەمەد سەعید سۆفی، کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا، ل٣٧

٤١. عەبدوڵلا غەفور، پێکهاتەی ئیداری لە هەرێمی کوردستاندا، ٢٠٠٨، ١٩٩١ هەولێر ٢٠٠٨، چاپی یەکەم، چاپخانەی دهۆك، ل ٥٥،

٤٢. عەبدوڵلا شێخ ئەنوەر جێگری سەربەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان چاوپێکەوتن لە ١/ ٧/ ٢,١٢.

٤٣. ئیدارەی گەرمیان، کار و پرۆژە خزمەتگوزارییەکان،، ئاماری بەرێوەبەرێتی راگەیاندن و پەیوەندییەکانی ئیدارەی گەرمیان. ٢,١٠- ٢٠١١

٤٤. دەرباز محەمەد ،،، (سایتی ئیدارەی گەرمیان) رۆژی ٢,١٣/٣/١٦

٤٥. معد فیاض، رۆژنامەی (الشرق الاوسط)، ژ (١٢٥٤٣)، نیسانی، ٢,١٣.

٤٦. کاوە مەحمود، لێدوان بۆ رۆژنامەی (الشرق الاوسط)، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٤٧. سوهێل خورشید عەزیز، مێژووی ناوچەی کفری لەکۆنەوە تا سالی ١٩٥٨، چاپی یەکەم ٢,١٣، ژ٣.

٤٨. سوهێل خورشید، هەمانسەرچاوەی پێشوو. ل ٣٩.

٤٩. د. کەمال مەزهەر، چەند لاپەرەیەك لە مێژووی گەلی کورد. تەحقیقکردنی (عەبدوڵلا زەنگنە) بەرگی سێیەم ... چاپی یەکەم هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ل١٨

٥٠. حوسێن ئیسماعیل خانی دەلۆ، کفری لەنێوان ساڵانی ١٩١٤-١٩٤٥، کەرکوك ٢,١.، لە بلاوکراوەکانی کۆمەڵەی رۆشنبیری و کۆمەلایەتی کەرکوك، چاپی یەکە م، ل٤٤

٥١. شێخ لە شۆرشی (١٩٢٠)و شەرەکانی دوای ئەو مێژووەی نێوان کورد و ئینگلیز و هێزی حکومەتی تازە دامەزراوی عێراق، محەمەد شاکەلی، گۆڤاری کەرکوك، ژ/ ٢ ساڵی پێنجەم، پایزی ٢..٣، ل٢٩،

٥٢. کەریم بەگی فەتاح بەگ، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥،

٥٣. مستەفا نەریمان: پەیوەندییەکانی نێوان سلێمانی و کفری، رۆشنبیری نوێ، دەزگای رۆشنبیری و بلاوکراوەی نوێ دەریدەکات ژ (١,٦) دار الحریە لبغداد، ساڵی ١٩٨٥، ل١٢٥

٥٤. حوسێن ئیسماعیل خانی دەلۆ، ناوچەی کفری لەنێوان ساڵانی ١٩١٤-١٩٤٥، کەرکوك، ٢,١.، لە بلاوکراوەکانی کۆمەڵەی

ڕووناکبیری وکومەلایەتی کەرکوك، چاپی یەکەم، ل٨٨

٥٥. سوهێل خورشید عەزیز، سەرچاوەی پیشوو، ل٧٧

٥٦. کەریم بەگ فتاح بەگ، سەرچاوەی پێشوو.ل١,٤

٥٧. عبدالرزاق الحسنی، تأریخ الوزارات العراقیة، الجز لثالث، ص٦٦.

شاعیری کورد ئەسیری لەم شیعرەدا وەسفی ئەو (٦) نوێنەرە دەکات و دەڵێ:

شەش مەردی نیشتمانی لە شەش گۆشەی وەتەن

هێشکگرن بەگیان و بەدڵ هەوڵ و ڕەنجەدەن

سەردەستەیە حایلی سۆران، جەماڵی بابان

نەوزادی پژدەر، ساڵح بەگی جوان

پێتو کەسێ بڵێ: چۆنە حەمەد بەگ؟

سەرداری جافی نایەگوفتار و ناونیشان

٥٨. کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف، سەرچاوەی پیشوو، ل١,٣

٥٩. ساڵح هەلاج، سەرچاوەی پیشوو، ل١٨٤ -١٨٦

٦٠. عومەر عەلی شەریف، لە یادنامەی کەرکوك و گەرمیانەوە، چاپخانەی ئاراپخای کەرکوك، چاپی یەکەم - ٢٠٠٩، ل٧٤

٦١. ساڵح هەلاج، ئەلبومی گەرمیان، لە بلاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەلایەتی کەرکوك، چاپی یەکەم، کەرکوك، ٢,١١، ل١٦٦.

٦٢. عبدالرزاق الحسني: تأريخ الوزارات العراقيه، الجزو العاشر، ص٣,٩ - ٣٢٣ (داود بەگ)

٦٣. کەریم بەگ فتاح بگ، سەرچاوەی پیشوو ل ١,٩-١١٣

٦٤. د. عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات و المنظمات و الاحزاب الكردية في قرن (١٩٠٨-١٩٥٨) الطبعة الآولى، بغداد ١٩٨٩، ص٩٥

٦٥ (ئەحمەد باوەر)- پەرتی هیوا ئەوروستیوینیەوە لە شاری کەرکوك تا هەلوەشانەوەی لە کۆنفراسی کەلاردا لە (١٩٣٧-١٩٤٤)، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە ١، ساڵی دووەمی هاوینی ٢٠٠٠، ل٩٨ .

٦٦. مستەفا نەریمان، پەرەوەپیدەکانی ژیانم، دارالحریە للطباعة بغداد، ١٩٩٤، ل٩.

٦٧. عومەر عەلی شەریف، سەرچاوەی پیشوو، ل٩٩

٦٨. محەممەد فاتیح، حیزب و رێکخراوە سیاسییە عیراقییەکان، ساڵانی (١٩١٠-٢,١٠، سلیمانی، ٢,١٢، ل٩٦

٦٩. ئەحمەد باوەر، کۆمەڵەی یانەی سەرکەوتن، چاپخانە ئۆفیستی تیشك، ٢٠٠٤، ل١٤

٧٠. محەممەد شاکەلی، قەزای کفری و شارەدێی کەلار لەپەنجاکاندا و پاسەکەی حاجی ١٩٦١- ١٩٧٥، چاپخانەی کارۆ، ٢,١٢، ل١٦٧

٧١. شێخ محەممەد شاکەلی. گۆڤاری کەرکوك، ژ(٢)، ساڵی پینجەم، پایزی ٢..٣، ل٣١

٧٢. گوندێکە سەربەناوەندی قەزای کەلارە تەنها (١٥)کم لێوەدوورە.

٧٣. ئەحمەد ڕەفیق کەریم، ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان، نامەیەکە بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی ماجستێر لەجوگرافیادا، ٢٠٠٩، ل٨..

٧٤. د. مارف عومەر گوڵ، گۆڤاری سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی، ژ(٣) ساڵی حەوتەم، ئابی ١٩٩٩، سلێمانی، ل١٤٧

٧٥. لوری مایلوری، و. غالب، گۆڤاری ڕوانگەی جیهان، ژ ١، ساڵی یەکەم، تشرینی دووەم، ١٩٩٣، ل٦٣.

فایلی ئەم ژمارەیە

مێژووی ستەم و
ئومێدەکانی ئاشتی لە تورکیا

١. سیاسەتی کەمالی لە تورکیا بەرانبەر بە کورد ... سامان مستەفا رەشید ٢٤٣

٢. سیاسەتی حکومەتەکانی تورکیا و رەوشی گشتی ... عەلی حاجی زەڵمی ٢٧٣

٣. سیاسەتی تورکیا بەرانبەر بە باکووری عێراق ... ن: د. بیل پارك، و: سان بەرزان ٢٨٧

٤. هەنگاوەکانی پێش ئاشتی لە تورکیا ... حەبیب محەمەد دەروێش ٣٢٩

٥. لە پەراوێزی پرۆسەی ئاشتی تورك و کوردا ...

نووسینی ئۆفرا بێنگیۆ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ماجید خەلیل ٣٤٣

٦. ئیشکالییەتی ئاشتی لە تورکیا،

چاوپێکەوتن لەگەڵ (د. شێرکۆ کرمانج) ... هەڤپەیڤین: هەرێم عوسمان ٣٥١

٧. کورد گرنگترین پێکهاتەی گەشەی سەرمایەداری تورکییە،

چاوپێکەوتن لەگەڵ (د. سەردار عەزیز) ... هەڤپەیڤین هەرێم عوسمان ٣٥٩

٨. تورکیا: چارەسەرکردنی کێشەی کورد و دینامیکە هەرێمییەکان،

ن: ئۆمێر تاشبینار، و: مەهاباد قادر ٣٦٧

٩. وردەکارییەکانی خەباتی چەکداریی لە ئەجێندای (پەکەکە)دا ...

بەشێك لە کتێبی رۆژنامەنووس (ئەلیزا مارکۆس) ... وەرگێڕانی: ماجید خەلیل ٣٧٥

١٠. هەڵوێستی تورکیا لە فیدراڵیزمی هەرێمی کوردستانی عێراق،

ی. سەرپەرشتیار: وەسمی محەمەد، ی. توێژەر: محەمەد حازم حامید،

وەرگێڕانی بۆ کوردی: حەسەن حسێن ٣٩٩

١١. سیاسەتی مەرجەعییەتی دینیی بەبێ دەوڵەتی ئیسلامی

نووسینی: ئەحمەد ت. کۆرۆ، وەرگێڕانی: بەرزانی مەلا تەها ٤٣٣

سیاسەتی کەمالی لە تورکیا بەرانبەر بە کورد لە ۱۹۱۸ - ۱۹۲٦

سامان مستەفا رەشید

پێشەکی:

سیاسەتی کەمالی لە تورکیا بەرامبەر بە کورد لە ۱۹۱۸- ۱۹۲٦ یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی کە زۆر جێگەی بایەخ و گرنگییە. هەڵبەت ئەمە نە تەنها لەبەرئەوەی ماوەیەکی مێژووییە لە مێژووی کورد و بازنەیەکی دانبراوە لە زنجیرەی مێژووی پرسی کورد بەگشتی و پرسی کورد لە تورکیا بەشێوەیەکی تایبەت، بەڵکو دەکرێ زۆر هۆکاریتر هەبن کە بایەخ و گرنگیبدەن بەم بابەتە لەوانەش: ئەم قوناغە قۆناغێکی زۆر گرنگی مێژوو بووە، چوونکە لەماوەیەدا بو ئیمپراتۆریەتێکی گەورەی وەك ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لەناوچوو لەسەر پاشماوەی جەستەی ئەو ئیمپراتۆرییەتە چەندین دەوڵەتی نەتەوەی بۆ نەتەوەکانی ناوچەکە دامەزرا. ئەمە وێرای ئەوەی لەم قۆناغەدا بوو دەوڵەتی تورکیای نوی لەسەر بنەمای فیکری کەمالیزم دامەزرا. سیاسەتەکانی خۆی لەسەر ئاستە جیاوازەکانی ژیان لەم وڵاتەدا دارِشت. هەر لەماوەیەدا بوو بەپێی برِیارێکی نێوان دەوڵەتە زلهێزەکان خاکی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دابەشکرا و لەنێویشدا کوردستان گەورەترین بەشی کوردستان کەوتەناو چووارچێوەی دەوڵەتی تورکیای نوێوە. بەمجۆرە ئێستاشی لەگەڵ بێپرسی کورد لە تورکیا بابەتێکی گرنگ لە چارەسەری پرسی کورد لە ناوچەکە، لەوەش زیاتر ئەم رۆڵە بەشێوەی یەکە کە بایەخەکەی بۆ رۆڵێکی کلیلئاسا لە چارەسەری پرسی کورد بەگشتی گۆراوە.

ماوەتەوە بڵێین: ئەم قۆناغە گرنگە لەبەرئەوەی زۆر گۆرانی گەورەی لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆی ئەو هیزەی (کەمالییەکان) کە تورکیای نوێی دامەزراند روویدا. وەك لەم چەند بەرپەرەدا دەردەکەوێت ئەو هێزە سەرەتا سیاسەتی راکێشان و خۆنزیکردنەوە و بەڵێنپێدان بە کورد دەستپێکرد. هەڵبەت ئەمە لەبەرئەوە بوو تاوەکو شوێنپێی خۆیان قایمبکەن. دوات بە

ساڵی ١٩٢٢ بەدواوە ئەم سیاسەت و کۆی ئەو بەڵێنانەی بە کوردیان دابوو هەموو نەك هەر بە مرەکەبی سەر کاغەز مایەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە زۆر بەتوندی کەوتنە ویژەی میللەتی کورد و تەواوی جۆرەکانی جەور و ستەمیان بەرامبەر بە کورد بەکارهێنا. کەوتنە شاڵاویکی فرەلایەن بەرامبەر بە پرسی کورد چ لەڕووی یاسایی، راگەیاندن، پڕوپاگەندە، شاڵاوی عەسکەری.

نووسین لەسەر بابەتێکی گرنگی لەم بابەتە بەهۆی زۆری رووداوەکان و چڕوپڕی و تێکئاڵاوی رووداوەکان پێویستی بە لێکۆڵینەوەی درێژ و بەدیقەتر لەم باسە کورتە هەیە. ئەم رەنگە بەڵگەیەکی باشبێت لەسەر ئەوەی ئەم باسەی ئێمە زۆر بە خێرای بەسەر باسەکاندا رۆشتووە، هەوڵیداوە دیارترین رووداوەکان ئەم ماوەیە بە بایەخ بگرێ نەك تەواوی وردەکارییەکان.

ئەم باسە سوودی وەرگرتووە لە چەند سەرچاوەیەك: بەڵگەنامەکان لەسەر نووسین و لیداونەکانی مستەفا کەمال بەرامبەر بە کورد. کورد و یاسا دەستوورییەکان لە تورکیا نووسینی حەسرەتیان، کتیبی (یقظة الکرد) جرجیس فتح الله، مێژووی کوردی هاوچەرخ، ماکداوڵ. لازاریف: المسأله الکردیه، ئیبراهیم خلیل ئەحمەد و ئەوانیتر، تورکیای هاوچەرخ، حەمید بۆز ئەرسەلان، مێژووی تورکیای هاوچەرخ، هنری بارکی و اخرون، القضیة الکوردیة في ترکیا، کریس کۆچێرا کورد لە سەدەی نۆزدەو بیستەم، هتد.

ئەم باسە پێکهاتووە لە ئەم پێشەکییە کورتە و سێ تەوەری سەرەکی و ئەنجامێکی کورت، لە تەوەری یەکەمدا، سیاسەتی کەمالی بەرامبەر بە کورد لە ساڵی ١٩١٨-١٩٢٢ز. لەم تەوەرەدا باس لە بەوردی باسی رەهەندەکانی سیاسەتی کەمالی کراوە. تەوەری دووەم: سیاسەتی کەمالی بەرامبەر کورد ١٩٢٣- ١٩٢٦. لەم تەوەرەدا باس لە خەسڵەتەکانی سیاسەتی کەمالییەکان بەرامبەر بە کوردستان کراوە کە پێکهاتووە لە شاڵاوی سەربازی بۆ سەر جوولانەوە کوردییەکان و کوردەکان، شاڵاوی پڕوپاگەندەی رۆژنامەوانی، بێبەشکردنی کورد لە مافەکانی بە یاسا، لەنێویشیاندا دەستوری دەوڵەتی تورکیای نوێ. بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد (سیاسەتی پراکتیکی بەرامبەر بە کورد). ماوەتەوە بڵێین بە رەچاوکردنی فراوانی و گەورەی بابەتەکە و بچووکی و سنوورداری ئەم پەیپەرە، وای کردوە ئەم کارەی ئێمە بێ هەڵە و پەڵە نەبێ. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا هیواداریین لە نرخ و بایەخی بابەتەکەمان کەمنەکردبێتەوە، توانیبێتمان تیشکێك بخەینەسەر ئەم بابەتە پڕبایەخ و گرنگە.

تەوەری یەکەم: سیاسەتی کەمالییەکان بەرامبەر بە کورد لە ١٩١٨- ١٩٣٢ز

- (ماوەی سیاسەتی پراگماتیکی و دیماگوگیانە):

دەولەتی عوسمانی لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا دۆرا. ئاگربەستی مۆدرۆس(*) لە ٣٠ تشرینی یەکەمی ١٩١٨ ئیمزاکرد. لەئەنجامدا هیزەکانی هاوپەیمانان دەستیگرت بەسەر گرنگترین خاڵە سەربازی و ستراتیژی و ئابوورییەکانی وڵاتدا. بەمجۆرە هێزی هاوپەیمانان ئەستەمبوڵ و قەلاکان دەردەنیل و بۆسفۆر وگرنگترین شارەکانی تورکیان داگیرکرد.(١) هیزەکانی هاوپەیمانان بوون بە دەسەلاتدارو هەمەکارە لە تورکیا لەنێویشیاندا ئینگلیزەکان و فەرەنسییەکان کار گەشتە رادەیەك سولتان محەمەدی شەشەم و حکومەتەکەی بوون بە ئامرازێکی گوێرایەڵ و دەستەمۆ بە دەستی ئینگلیزەکان و فەرەنسییەکانەوە. هەرچی دەوڵەتی تورکیاشە بەپێی پەیماننامەی ئاشتی پاریسی ساڵی ١٩١٩ کە دوای جەنگ مۆرکرا. وەك وڵاتێکی بچووك لە ناوەڕاستی ئاسیا مایەوە بە سەرکردایەتی سولتانی ناوبراو.(٢) دانیشتوانی تورکیا وێرای ماندوبوون و شەکەتییان بەهۆی ئەو شەڕە زۆرانەی کە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی پێداتێپەڕیبوو، بەلام ملکەچبوونیان بۆ ئەو پرۆژانە رەتکردەوە و چەکیان هەڵگرت بەڕووی دوژمندا، لەماوەیەکی کەمدا بزاڤە چەکدارییەکان لە هەرچووارلای ولات بلاوبوویەوە.

هەرزوو کردەی بەرگریکارییەکان گۆڕا بۆ بزووتنەوەیەکی نیشتیمانی نەتەوەی رێکخراو، ئامانجی خۆیان ئاشکراکرد، خۆی لە دەرکردنی داگیرکەرە بیانییەکان و ئازادکردنی ولات لەژێر دەستیاندا دەبینەوە. هەرچەندە سووتەمەنی بزاڤەکە جوتیاران بوون، بەلام سەرکردایەتی بزاڤەکە بەدەست بورجوازییە ناسیۆنالیستەکان و دەستە رۆشنبیرەکەوە بوو، بەتایبەت ئەفسەرەکان کە لەریزەکانیاندا مستەفا کەمال(*) دەرکەوت(٣). لە ١٩ی مایسی ساڵی ١٩١٩ مستەفا کەمال گەشتە ناوچەی ئەنادۆڵ بە سیفەتی پشکنەر (مفتیش) سوپای سێیەم، مستەفا کەمال بە گەیشتنی بە ئەنادۆڵ رێکخستنی نیشتیمانی خستەئەستۆی خۆی.(٤)

مستەفا کەمال دوای گەیشتنی بە ئەنادۆڵ پەیوەندی کرد بە کۆمەڵەکانی بەرگری لە ئەنادۆڵ و رۆمللی و کۆمەڵەی بەرگری لە مافەکانیان، هەرزوو بڕیاری ئامادەکاری دا بۆ گریدانی گۆنگرەی ئەرزەڕۆم و سیواس.(٥)

مستەفا کەمال لە ئەنادۆڵ چالاکانە دەستیکرد بە ڕێکخستنی بنکەی سەرکردایەتی تێکۆشان لە دژی داگیرکەران، ئەو چالاکییە زۆرانەی بەجۆرێك بوو دەنگدانەوەی گەشتە ئەستەمبول لەسەر داوای هاوپەیمانان سوڵتان پێیڕاگەیاند کە ئەرکی ئەو لە ئەنادۆڵ تەواوبووە، بەڵام مستەفا کەمال بڕیاری گەڕانەوەی خۆی بۆ ئەستەمبوڵ ڕەتکردەوە. بەمەش لە گوێڕایەڵی سوڵتان دەرچووو، لە ٨ی تەموزی ١٩١٩ دەستلەکارکیشانەوەی خۆی پێشکەشی سوڵتان کرد و ڕایگەیاند کە ئەو لە ئەنادۆڵ دەمێنێتەوە تاوەکو سەربەخۆی نیشتیمان بەدەستبهێنێت.(٦)

مستەفا کەمال ئامادەکاری بۆ گرێدانی کۆنگرە کرد. کۆنگرەی ئەرزەڕۆم لە ١٢تەموز بۆ ٧ ئاب ١٩١٩ لە ئەرزەڕۆم بەسترا بە بەشداری نوێنەری ٣٥ ویلایەت، لەم کۆنگرەدا مستەفا کەمال بە سەرۆکی کۆمەڵەی بەرگری لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات هەڵبژێرا.(٧) بەگەیشتنی مستەفا کەمال بۆ ئەنادۆڵ وتەبێژیکی بە ئۆپۆزسیۆن بەخشی. دەمودەست دژایەتی داگیرکردنی هێزەکانی هاوپەیمانانی کرد و پرۆژەی ئینتیدابی ئەمریکای ڕەتکردەوە. لە ٢٢ ی حوزەیران لە ئەماسییە بانگەوازی یاخیبوونی دژی دەوڵەت ئەستەمبوڵ ڕاگەیاند، لەلایەن دامودەزگا ئیدارییەکانی هەریەکان ئەنادۆڵەوە پێشوازیکرا.(٨) ئیدی کۆنگرەی ئەرزەڕۆم بوو بە یەکەم **پلاتفۆرمی بەرگرییەکی** ئاڕادمیك ڕێکخراو وشوێنی مستەفا **کەمالیش وەك** سەرۆك دیاریکرا.(٩)

مستەفا کەمال هەریەوە نەوەستا لە هەوڵەکانی بەردەوامبوو توانی کۆنگرەی دووەم لە **٤-١٢ ئەیلول ١٩١٩ لە سیواس گرێبدا بە بەشدارییەکی** بەرفراوانی چین و توێژە جیاجیاکانی **کۆمەڵ و بانگەشەی** رزگارکردنی **وڵات هێمای** کونگرەکەبوو، لەکۆنگرەدا پرەنسیپە بنەرەتییەکانی بزاڤی نەتەوەی دیاریکرد. جەختی لەسەر سنووری دەوڵەت کردەوە وەك ئەوەی پێش ئاگربەستی مۆدروس هەبوو، هەروەها کۆنگرە لیژنەی نوێنەرانی بە سەرۆکایەتی مستەفا کەمال هەڵبژارد ئەم لیژنە سەنتەری سەرۆکایەتی بۆ بزاڤی نەتەوەیی تەشکیلکرد لەکاتی دامەزراندنی ئەنجومەن لە ئەنکەرە لە نیسانی ساڵی ١٩٢٠.(١٠)

دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە ئەنادول لە کۆی ١٧٥ نوێنەر ١١٦ نوێنەریان لە پشتیوانانی مستەفا کەمال بوون. بەمەش مستەفا کەمال سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا. پاش ئەوەی ئەنجومەن لە ١٢ی کانونی دووەم لە ١٩٢٠ دەستی بە دانیشتنەکانی کرد لە ئەستەمبوڵ بڕیاری لەسەر (میثاق الوطنی)دا. تێیدا جەختی لەسەر یەکێتی خاکی تورکیا کردەوە لە چووارچیوەی سنووری ئاگربڕی مۆدروس بڕیاری لەسەردرابوو.(١١)

هاوپەیانان چاوەڕوان بوون حکومەتی سولتان زالبێت بەسەر بزاڤی نیشتیمانیدا، بەلام کاتێك زانیان ئەنجومەنی نوێنەران بەزۆرینەی کەمالی بڕیاری لەسەر (میثاق الوطنی) داوە. **لە ٢٨ی کانونی دووەمی ١٩٢٠ ئەوکات بڕیاری کپکردن و لەناوبردنی بزاڤەکەیاندا بە بەکارهێنانی** هێز، بەریتانیا هەستا بە دابەزاندنی تیپێك لە پیادەی دەریایی ئینگلیزی لە ١٦ی ئازاری ١٩٢٠ لە ئەستەمبوڵ، ئەم هێزە تەواوی دامودەزگاکانی دەوڵەتی داگیرکرد.[١٢] ئەم ڕووداوە بە قازانجی رادیکالیزەکردن "جیاخوازەکان"شکایەوە لە ٢٣ ی نیسان ١٩٢٠ ئەنجومەنی نیشتیمانی نوێیان لە ئەنکەرە کردەوە. بەمەش هەرزوو بەرگری گۆڕا بۆ "شەڕی سەربەخۆی "کە هەوەڵجار دژی ئەرمەنییەکان بوو کە لە قەوقاز کۆمارێکیان دامەزراندبوو.[١٣] بەجۆرە جڵەوی سەرکردایەتی بزووتنەوەی رزگارکردنی وڵات کەوتەدەست ئەو هێزەی کە **بە هێزی کەمالییەکان ناسرا کە** نیسبەتە بۆ مستەفا کەمال سەرکردەی **ئەو هێزە و بزووتنەوەکەش ناسرا بە بزاڤی کەمالی.**

ئێستا ئیدی پێمانوایە زوو نییە و جێگەی خۆیەتی بپرسین ئاخۆ کورد لەم سەروبەندەدا چ رۆڵێکی وازیدەکرد؟ یان کورد لەکوێی سیاسەتی ئەم هێزە نوییەدا بووە؟ **هەڵوێستی کەمالییەکان** بەرامبەر بە کورد لەم قوناغەدا چۆن بووە؟ کەمالییەکان چۆن رەفتاریان لەگەڵ کورد کردووە؟ باگڕاوەندی ئەوجۆرە رەفتارکردنەی کەمالی لەگەڵ کوردا چیبووە؟

بەرلەوەی بچینەناو وردەکاری رەفتاری کەمالییەکان لەم قۆناغە بەرامبەر بە کورد، بەباشی دەزانین بۆچوونی یەکێك لە شارەزایانی مێژووی کورد لەسەر بارودۆخی کورد لەم قوناغەدا بخەینەڕوو. ئەویش مێژوونووسی سۆڤیەتی لازاریف: "کوردەکان لە کۆتای جەنگی یەکەمی جیهانی و دوای جەنگ لە دووڕیانێکدا وەستابوون، بەجۆرێك ئامانجێکی سیاسی روونیاننەبوو یان بەلایەنیکەمەوە تەسەوراتیان لەبارەی میکانیزمەکانی گەیشتن بە ئامانجەکانیان دیارنەبوو، ئەوەش بە پلەی یەکەم پەیوەستبوو بە پرسی هاوکاری دەرەکی و هاوپەیانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی."[١٤]

نووسەرێکیتر بەمجۆرە باس لە باودۆخی کوردەکان دەکات لەم سەروبەندەدا، دەڵێت: "کوردەکان نەیانتوانی ئۆپۆزسیونێکی جیدی دروستبکەن دژی رێوشوێنە سەرکوتکارییەکان هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی و پێنەگەیشتوویی هەستی نەتەوایەتی، فاکتەری تۆبۆگرافی بەرزونزمی سەر رووی زەوی سەختی لێکدابراوی ناوچەکان لەیەکتر، دابەشبوونی مەزهەبی لەنێوان کوردەکان.."[١٥]

دەتوانین بڵێین تەواوی سەرچاوەکان لەسەرئەوە کۆکن لە قۆناغە سەرەتای بزووتنەوەی کەمالییەکان و جەنگەکانی سەربەخۆیی بزووتنەوەی کەمالیی (١٩١٨-١٩٢٣) نەك هەر سیاسەتی توندوتیژ و دژایەتی کوردەکانی پەیڕەونەکرد بەڵکە بەشێوەیەکی زۆر چالاکانە کەوتنە هەوڵی سیاسەتی راکێشانی کوردەکان بەلای خویاندا و هەوڵی پەیوەندیگرتنی لەگەڵ سەرانی چین و توێژە کوردییەکانی دا بە چەندین بانگەشە و میکانیزمی جیاجیا.(١٦)

بێگومان پەیڕەوکردنی ئەمجۆرە لە سیاسەت خۆی بۆخوی جێگەی پرسیارە، خودی پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بزووتنەوەی کەمالی و مستەفا کەمال بەڕاستی باوەڕیان بە هاوبەشی کورد لە تورکیا و مافەکان کورد هەبوو؟ ئایا دیوەشاراوەکەی ئەودیو ئەمجۆرە سیاسەتە نەرمە مستەفا کەمال چیبوو؟ کامانەن ئەو پاڵدەر و بارودۆخە ناوخۆیی نێوچەییانەی کە وای لە مستەفا کەمال کردبوو کە پەیڕەوی ئەمجۆرە لە سیاسەت بکات؟

بۆ تیشکخستنەسەر ئەو پرسیارانەی سەرەوە، دەرخستنی حەقیقەتی سیاسەتی کەمالی لەم ماوە بەرامبەر بە کورد، دەگەڕێینەوە بۆ چەند سەرچاوەیەکی جیاواز و جۆراوجۆر بەڵکو کۆمەکمان بکات لە روونکردنەوەی فاکتەرەکانی پەیڕوکردنی ئەوجۆرە لە سیاسەت.

ئەوەتا لازاریف لەمبارەیەوە دەڵێت: "کەمالییەکان لەسەرەتاوە پەیڕەوی سیاسەتێکی تاکتیکی و هۆشیارانەی نەرمیانکرد بەرامبەر بە کورد، ئەوەش بە ئامانجی خۆ بەدوورگرتن لە سەرقاڵبوونێکی ترسناکی هیزەکانیان و دوورخستنەوەیان لە ئەرکی سەرەکی نیشتیمانی گشتی یان کە دەستخستنی سەربەخۆیی وڵات بوو.."(١٧) بێگومان دەتوانین لەم بۆچوونەی لازاریفەوە ئەوە هەڵێنجین کە کەمالییەکان پەیڕەوی سیاسەتیکی پراگماتیکی و تاکتییکی (کاتی) یان پەیڕەوکردووە. پێییانوابووە لەئێستادا واتا لەماوەی ناوبراو هێشتا بارودۆخ گونجاونەبووە بۆ بەرپاکردنی شەڕ لەگەل کوردان بەڵکە ئامانجی گرنگتر و بەبایەختریان لە بەردەمە ئەویش دەرکردنی داگیرکەرانە لەوڵاتدا.

نووسەرێکیتر، هۆکاری پەیڕەوکردنی ئەمجۆرە لە سیاسەت بەرامبەر کورد لەلایەن مستەفا کەمالەوە دەگێڕێتەوە بۆئەوەی مستەفا کەمال و هێزەکەی کە بەڕووی داگیرکەردا راوەستابوون دەرگیری کەمبودی پیاو (شەڕکەر)و شتومەك (کەلوپەلی پێویست) بووبوون. لەتوانایدانەبوو بەرگەی دوورخستنەوەی کورد و تووڕەکردنی کوردەکان بگرن، بەڵکو پێویستیان بە هاوکاری کورد هەبوو بۆ بەرپاکردنی جەنگ دژی بێگانەکان."(١٨)

پەیڕەوکردنی ئەوجۆرە سیاسەتە سەرنجی دیفد ماکداوێڵی ڕاکێشاوە و ئەویش لەمبارەوە بێدەنگنەبووە پێیوایە کە هۆکاری پەیڕەوکردنی سیاسەتی نەرم لەلایەن مستەفا کەمال بەرامبەر بە کوردەکان دەگێڕێتەوە بۆ: "مستەفا کەمال باش ئاگاداری مەیلی جوداخوازی کوردەکان و یانە کوردییەکانی ئەستەمبوڵ و مەبەستە ترسناکەکانی کارە تایبەتییەکانی میجەر نوئیل[*] بوو.. ناوبراو بەردەوامدەبێت، دەڵێ ترسی جوداکردنەوەی ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات لە چاودیری عوسمانی وەك ئامرازێك بە قازانجی ئینگلیز و ئەرمەنەکان".[١٩]

لەبەر ڕۆشنایی ژمارەیەك دۆکیۆمینت و بەڵگەنامە کە دواتر هەندێکیان دەخەینەڕوو دەریدەخەن کە مستەفا کەمال بەشێوەیەکی پراگماتیکی هەڵسوکەوتی لەگەڵ کورد و بارودۆخی کوردستاندا کردووە. ڕەنگە هۆی ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ سێ مەسەلە: یەکەمیان، پەیمانی سیڤەر کە مافی بۆ کوردی تورکیا سەلماندبوو.. دووەمیان، پەیوەندی بە یەکلانەبوونەوەی چارەسەری سیاسی ویلایەتی موسڵەوە هەبوو.. سێیەمیان، پەیوەندی بە چارەنووسی سیاسی تورکیاوە هەبوو لەوسەردەمەدا تورکیا لە دووڕێیانی خەلافەت و کۆماردا بوو. ئەم سێ مەسەلە کاریگەرییان هەبوو لەسەر نەرمی و میانڕەوی کە مستەفا کەمال بەرامبەر کورد نواندبووی.[٢٠]

جەرجیس فەتحولا لەمبارەیەوە بۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە و پێیوایە هۆکاری پەیڕەوکردنی ئەو سیاسەتە لەوماوە زەمەنییەدا دەگەڕێتەوە بۆ خراپی بارودۆخی کەمالییەکان و لاوازییان، بەجۆرێك لە ئەیلول ساڵی ١٩٢٠ ئەرمەن هێرشی گەورەی کردەسەر ناحیەی ڕۆژهەڵات دوای ئەوەش بە مانگێك یونانییەکان هێرشیانکردەسەر ڕۆژئاوای تورکیا.[٢١]

بەبڕوای ئێمە کۆی ئەو پاڵنەر و هۆکارانە ڕۆڵی گرنگیان بینیوە لە هاندانی مستەفا کەمال بۆ پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی نەرم و ڕاکێشانی کورد بەلای خۆیدا وەك سیاسەتێکی پرگماتیکی بەرامبەر بە کورد، لەوەش زیاتر پێمانوایە مستەفا کەمال وەك سیاسییەکی زیرەك و فێڵباز باش لە کۆمەڵگەی ئەوکات کورد تێگەیبوو سەلیقەکردووە لەوەی کە دواکەوتووی واقیعی کومەڵایەتی و لاوازی هەستی نەتەوەی و پەرتەوازەی کورد و هەستی کوێرانەی ئاینی هەندێك لە سەران و توێژی ئاینی و کومەڵایەتی کورد بقۆزێتەوە و پەیڕەوی سیاسەتێکی دیماگوگییانە (ساوێلکە خەڵەتێن - فریودەرانە) بەرامبەر بە کورد پەیڕەوبکات.

بەهەرحاڵ مستەفا کەمال تەواوی تواناکانی خۆی خستەگەڕ بۆ پەیوەندیگرتن لەگەڵ سەرانی کورد و ڕاکێشانی بەلای خۆیدا بۆئەوەی بەشداری جەنگی سەربەخۆی ولاتیان پێبکات

ئەوەی زۆر لەمەدا کۆمەکی مستەفا کەمالی کرد، ناسین و پەیوەندی گرتنی مستەفا کەمال دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی کە وەك سەرۆکی حامیەی دیاربەکر لە ساڵی ١٩١٦ کاری کردبوو. ئەوەش بواری بۆ رەخساند کە ژمارەیەك گەورە لە سەرانی هۆزەکانی کوردی ئەوی بناسێت و پەیوەندی لەگەڵ هەندێکیاندا گرێداوە.(٢٢)

دوای ئاگربەست ژمارەیەك لە ئەندامانی حکومەتی تورکی نوێ داوایانکرد پەلەبکرێت لە راکێشانی کوردەکان بەلای حکومەتدا، بەڵێنیان پێدان بە پێدانی خودموختاری لەژێر سایەی تورکیادا.. بەمچەشنە لە کۆنگرەی ئەرزەرۆمدا بزووتنەوەی نەتەوەی تورك هەوڵی راکێشانی سەرانی کوردیاندا. سەرۆکعەشیرەتی موتکی حاجی موسا بەگیان هەڵبژارد بە نوێنەر لە ئەنجومەنی نوێنەران. مستەفا کەمال داوای هاوکاری لە جەمیل جتویەگ کرد کە سەرۆکی یەکێك لە هۆزە کوردییەکان بوو لە غەزان.(٢٣)

بەمجۆرە لە تەموزی ١٩١٩ لەسەر بنەمای کۆنگرەی ئەرزەرۆم نامەی نووسی بۆ ژمارەیەك سەرۆکهۆز و داوای هاوکاری و پێدانی کۆمەکی گەورەی لە شارە کوردییەکان کرد بۆ دەستبەرکردنی وەلائیان. لەمرێگەیەدا سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێنا، هەتا ئەو سوپایەی کە یونانیەکانی پێدەرکردوە زۆربەیان کوردبوون،(٢٤) هەروەها لە کۆنگرەی سیواسی (٤ -١١ ی ئەیلول ١٩١٩) بانگهێشتی سەرانی کوردی کرد بۆ بەشداری لە کۆنگرەی ناوبراو. بەڵێنی پێدان کە کورد مافی یەکسانی دەبێت لەگەڵ تورکاندا و کوردەکان لە کۆنگرەی ئەرزەرۆم رۆلی بەرچاویان هەبوو، بەجۆرێك لە هەڵبژاردنی دەستەی نوێنەرایەتی کە لە نۆ کەس پێکهاتبوو، بەلایەنیکەم سیانیان کوردبوون: حاجی موسا بەگ لە موتکی (mutki)، سەلاح ئەفەندی لە بەتلیس، فەوزی ئەفەندی کە شێخێکی نەقشەبەندی بوو لە ئەرزەرۆم.(٢٥)

لەوەش زیاتر مستەفا کەمال هەوڵی یەکخستنی سەرۆکە کوردەکان لە رۆژهەلاتی ئەنادوڵ دا لەسەر سفرەی دژایەتی ئەرمەن بەجۆرێك رەفتاری ئەرمەنەکان هۆکاری تەواو پێویستبوو بۆ ئەمکارە. لە کانونی یەکەم ١٩١٩ مستەفا کەمال ژمارەیەك سەرۆکهۆزە کوردەکان و عەرەبەکانی کۆکردەوە باسی لە دژایەتی ئەرمینیا کرا. لەم کۆبونەوەیەدا نوێنەرانی ئازەربایجان ئامادەبوون، مستەفا کەمال پێشنیازی دامەزراندنی (هێزیکی ئیسلامی) لە هۆزە کوردی و عەرەبییەکان لەژێر سەرکردایەتییەکی گونجاودا، بەلاّم ئەمە بەجێنەهات.(٢٦) مستەفا کەمال لە ٢٤ /٣ / ١٩١٩ لە نامەیەکی بۆ وەزارەتی کاروباری شەڕ تێیدا لەبارەی کوردەکانەوە

دەڵێت: شانازی بەوەوە دەکەم ئەوانە چەتەنین، بەڵکو رۆڵەی بە[illegible] عوسمانی دروستبوون.(٢٧)

لە ئەیلولی ١٩١٩ مستەفا کەمال گوتی: "تا ئەوکاتەی خەڵکی [illegible] و [illegible] هەن، کوردەکان و تورکەکان هەروەك دوو برا، لەدەوری خەلافەت پێکەوە[illegible] [illegible] ئەمنین لەبەرامبەر دوژمنانی ناوخۆ و دەرەکی دەخولقێنن".(٢٨) ئیسلام [illegible] ئەو تەوەرەیە کە تەوەرەی تێکۆشانی کەمالییەکان دژی مەسیحیەکان لەدەور دەسووڕا. مستەفا کەمال لە هەوڵەکانی بۆ راکێشانی کوردەکان بەردەوامبووە ئەوەتا لە ٧/ ١/ ١٩١٩ لەنامەیەکدا بۆ رەشید بەگی برای ئەدهەم بەگ چەرکەسی رایدەگەیەنێت کە ئەمرۆ دەژمنانمان چوار[illegible] کورد و تورك و چەرکەس و برایانیتری ئاینیمانیان داوە.(٣٠)

مستەفا کەمال دیسانەوە لە نیسانی ١٩٢٠ دا لەوتارێکیدا لەبەردەم پەرلەمان گوتی: پەرلەمانی جەخدیکردەوە کە تەنها پێکنەهاتووە لە نوێنەری تورکەکان و کوردەکان و چەرکەس و لاز، بەڵکو پێکهاتووە لە نوێنەری کۆمەڵی ئیسلامی یەکگرتوی بەهێز.(٣١) بیری کورد وەك کورد، وەك بەشێك لە پێکهێنەرەکانی بیرکردنەوەی ئەم قوناغەی چالاکی کەمالی مایەوە، ئەوە، بۆنموونە لە ساڵی ١٩٢١ بۆ ژمارەیەك لە سەرۆکهۆزەکان دەنووسێ: "ئێمە لە مێژە ئاگامان لە وەفاداری خەڵکی کورد هەیە، کوردەکان هەمیشە بۆ تورکەکان دۆستی بەنرخ بوون، دەتونرێت بگوترێت کە ئەم دوومیللەتە یەکن".(٣٢)

لەڕاستیدا سیاسەتی راکێشانی کورد تارادەیەکی زۆر سەرکەوتنی بەدەستهێنا، چەندین هۆزی کورد بەدەم ئەم نامانەوە چوون و زۆر دڵسۆزانە شەڕی هێزەکانی بەریتانیایان کرد، بەجۆریك جوتیارانی کورد زۆربەی هەرەزۆری ئەو هێزە تورکییە بوون کە بەریتانییەکانیان لە ئورفە وەدەرنا، ئەتاتورك لەنامەیەکدا بۆ یەکیك لە میرە کوردەکان ئاماژەی بۆئەوە کردووە و زۆر بەشانوباڵیاندا هەڵیداوە.(٣٣) ئەوەتا نووسەریکیتر کۆمەك و پشتیوانی کورد بۆ کەمالییەکان و رۆڵیان لە دامەزراندنی تورکیای نویدا زۆر بەنرخ و بە بایەخەوە لەقەڵەمدەدات.(٣٤)

هەر لەمبارەیەوە مستەفا کەمال لە پەیامیکی تایبەت و نهێیندا کە بۆ جەنەراڵ نیهاد پاشای فەرماندای جەزیرە ناردووە، تێیدا جەخدی لەسەر چەند خاڵیك کردووەتەوە لە گرنگترینی ئەمانەن:

سیاسەتی ناوخۆی ئیستامان پێویست بە پێگەی فراوانی جەماوەری هەیە بەشێوەیەك هەموو چین و توێژەکان لە سەرتاسەری وڵات لەخۆبگرێت لەو هەرێمانەش پڕن لە کورد سیاسەتی ناوخۆی دەرەوەش لایەنگری دەسەلاتێکی پێوانەی هەرێمی دەکەین. خاڵێکیتر هەمان بەڵگەنامە، ئاماژە بۆئەوە دەکات کە تەواوی دنیا پەسەندکردنی دەسەلاتی خۆبەڕێوەبردنی نەتەوەکان بووەتە بنەمایەك، ئێمەش ئەم بنەمایە پەسەنددەکەین، پێویستە لەژێر فەرماندەی ئەنجومەنی باڵای گەلدا داواکاریەکانی ژیانیان رابگەیەندرێت بەڕێوەبردنی ئەم سیاسەتە لە کوردستان بەم رەوتە ئەرکی فەرمانداریتی بەرەی جەزیرەیە.[٣٥]

لەچەندین بۆنەدا ئەوەی دووپاتکردووەتەوە کە کورد لە سایەی دەوڵەتی تورکیادا دەگەنە هەمان ئەو مافانەی کە هاوپەیمانان بەڵێنیانداونەتێ.. تەنانەت کاریگەری ئەم بەڵێنانە ئەوەندە زۆربووە کە زۆر جوتیاری کورد تورکیان بە برای خۆیان دەزانی..[٣٦] کار گەیشتە ئەو رادەی لە ١٠ی شوباتی ١٩٢٢ ئەنجومەن بڕیاریدا: "گونجاو لەگەڵ ئاکار و رێوڕەسمی نەتەوایەتی خەڵکی کورد خودموختاری ئیداریان پێبدات"، بەلام ئەم خودموختاریە بەچەندین مەرجی تەعجیزیەوە گرێدرا و بەجۆرە هەرچەندە تێزەی خودمختاری لەلایەن ئەنجومەنی گەورەی نیشتیمانیەوە بڕیارلیدرا، بەلاّم هەرگیز رۆشنایی نەبینی.[٣٧]

لەکۆتاییدا ئابێت ئەو راستیە لەیادبکەین، کەمالییەکان هەتاوەکو راگەیاندنی کوماری تورکیا و هەڵوەشاندنەوە خەلافەت و بلاّوکردنەوەی ئایدۆلۆژیای کەمالی لە ساڵی ١٩٢٣ خۆیان وانیشاندا و وایانوێناکرد کە دەوڵەتێکی ئیسلامی دادەمەزرێنن کە پێکهاتووە لە تورك و کورد ئەوانەی کە لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بوون، بەڵگەنامەی نیشتیمانی ئەوەی لەخۆگرتبوو، بەشێوەیەکی روون لە گوفتار و کرداری کەمالییەکاندا خۆی بەیاندەکرد.[٣٨]

تەوەری دووەم: سیاسەتی کەمالیستەکان لەنێوان ساڵانی ١٩٢٣-١٩٢٦

لە ١ ی نۆڤەمبەری ١٩٢٢ مستەفا کەمال سەڵتەنەتی هەڵوەشاندەوە. لە ٢٩ نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٢٣ کۆماری تورکیا راگەیەنرا. ئەمەش دابڕانێکی مێژوویی لەگەڵ ئیمپراتۆریای عوسمانی دروستکرد و رێگەی بە کەمالیستەکان دا رژێمێکی نوێ، تەواو جیاواز لەوەی ئیتیحاد و تەرەقی دابمەزرێنێت.[٣٩]

دواتر و لە ساڵی ١٩٢٤ خیلافەتی ئیسلامی لابرد.(٤٠) هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت لە ساڵی ١٩٢٤و هێرشکردنەسەر ئیسلام تەواوی ئەو ئەڵقانەی پچڕاند کە کوردەکانی بە دەوڵەتی نەوەندییەوە گرێدەدا. ناسیۆنالیزمی کوردی کە هەندێکجار بەتوندی لەگەڵ گوڕوتینی ئاینی گرێدابوو، بەتوندی کاردانەوەی نیشاندا مەلاکانیش پشتیوانیان لە بزووتنەوە کوردییەکان (وەك نەیارانی کەمالیزمی عەلمانی) دەکرد.(٤١)

وەك دەردەکەوت مستەفا کەمال هەتا کۆتاییەکانی ١٩٢٣ خواستی ئەوەی هەبوو کورد وەك نەتەوە جیابکاتەوە لە نەتەوەی تورکی و لارینەبووە لە پێدانی حوکمی زاتی بە کورد، بەلام ئەو کودەتاچییە پاش ماوەیەکی کورت بەسەر بیرکردنەوەیدا دێت؟(٤٢) هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت و ڕاگەیاندنی کۆمار لەلایەن مستەفا کەمالەوە پەردەی لەسەر نیاز و مەبەستی شاراوەی تورکان لابرد و دەریخست کە ناسیۆنالیزمی تورك بۆیە لە ساڵی ١٩١٨وە دڵی کوردەکانی ڕادەگرت تا بۆ دژایەتی ئینگلیز و یۆنان و وەرگرتنەوەی موسڵ سوودیانلێوەربگرێت.(٤٣)

مستەفا کەمال تا دوای مۆرکردنی پەیماننامەی لۆزان هیچشتێکی لە نیاز و مەرامی خۆی بەرامبەر بە کوردان نەدرکاند. هەتا ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتیمانی ئەنکەرە هوتافیانکێشا و لێدوانی جسێن عەونی بەگ نوێنەری ئەرزەڕۆم لە ئەنجومەن پەسەندکرد، گوتی: "مافی قسەکرن لەسەر ئەم تریبیونە بۆ هەردوو نەتەوەی کورد و تورکە". لەوەش زیاتر لە کۆنگرەی تەرسانە لە ئەستەمبول بۆ چارەسەرکردنی کێشەی موسڵ بەسترابوو، فەتحی بەگ سەرۆکی شاندی تورکی ڕایگەیاند: "ئەم نیشتیمانە هی هەردوو تومەی کورد و تورکە یەکتەنها"، بەلام هەرکە پەیمانی لۆزان لەلایەن هەموو ولاتانی ئەورووپی مۆرکرا، ئیتر هیچشتێك وەك ڕێگری لای مستەفا کەمال نەما تاوەکو نیازە خوێناوییەکانی خۆی بەرامبەر بە کورد نیشانبدات". (٤٤)

گۆران و کودەتا لە بیری مستەفا کەمال بەرامبەر بە پرسی کورد سەرنجی هەندێك نووسەری بەلای خۆیدا ڕاکیشاوە، لەوانەش جەرجیس فەتحولا لە کتێبی "یقضة الکرد" چەند هۆکارێکی ئەو کودەتایەی کە لە بیرکردنەوەی مستەفا کەمالدا ڕوویداوە خستووەتەڕوو:

گرێدانی پەیماننامەی لۆزان، ترسی تورکیا لە نیازی بەریتانیا لە پێدانی حوکمی زاتی بە کوردەکانی باشووری کوردستان، چوونکە ئەم بیرۆکەی وەك هەرەشە بۆ سەرخۆیان و گواستنەوەی بۆ باکوور دەدایە قەلەم. لەلایەکیترەوە کەمالییەکان بۆنەوە نەچوونە شەڕی ڕێکەوتنامەی سیڤەر

تەنازول بۆ مافی کورد بکەن لە رێکەوتنێکی نێودەوڵەتیتردا. لەوەش زیاتر کەمالیستییەکان کە نەیانتوانی ئیحتیوای رووداوەکانی دەرەوەی سنوور بکەن، خۆدەتوانن ئیحتیوای رووداوەکانی سنووری خۆیان بکەن، بەپێویستیشیانزانی بۆ دروستکردنی تورکیای کەمالی کاربکەن لەسەر کوژاندنەوەی مەشخەڵی نەتەوەی کورد لە ناوخۆ.(٤٥)

ئابەمچەشنە و بەمهۆکارانە و چەند هۆکاریتری خودی و بابەتی مستەفا کەمال وەك عەزیز شەمزینی دەڵێ: "لەجیاتی ئەوە بەڵێنەکانی خۆی جێبەجێبکات، کەوتە گیانی کورد و پەلاماریدا، هەرچی ئامۆژگای کەلتوریی کورد زمان بوو داخرا، هەرچی تێکۆشەر و گوردپەروەربوو گیرا، بەمکارەش دەوڵەت کەمالیستەکان سیاسەتێکی توندوتیژی گرتەپێش و هەمووجۆرە یاسایەکی پێشێلکرد."(٤٦)

ئێستا ئیدی دوای ئەو هەڵگەڕانەوە گەورەیە لە سیاسەتی کەمالیستەکاندا روویدا، کەمالیستەکان دەستیانکرد بە پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی گشگیر و سەراپاگیر دژی کورد، هەموو هەوڵێکیان خستەگەر بۆ لەناوبردنی کورد و سڕینەوەی سیما نەتەوەییەکانی ئەو میللەتە. ئەوەش بەگرتنەبەری چەندین رێوشوێن کە ئێمە هەوڵدەدەین لە خوارەوە بەخێرایی تیشکێکیان بخەینەسەر:

أ: دەرکردنی یاسا لە دژی کورد:

لە کانونی دووەمی ساڵی ١٩٢٣ بەگوێرەی یاسای نوێ دادگاکانی تایبەت بە ویلایەتەکانی رۆژهەلات دامەزرا یان دروستکران کە سەنتەرەکەی لە دیاربەکر بوو کە ئامانج لەم یاسا بنبڕکردنی جووڵانەوەی رزگاریخوازی کورد بوو.(٤٧) لە هەنگاوێکیتری لەجۆرەی حکومەتی تورکیا لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢٣ ئەنجومەنی بەرز یاسای ژمارە (٣٥٦) دەربارەی لەناوبردنی باندیزم (چەتەگەری) پەسەندکرد کە لەلایەن وەزیری ناوخۆوە مەڵحی بەگ ئامادەکرابوو. ئەم یاسا لەلایەن دەسەلأتدارانی تورك بەشێوەیەکی بەرفراوان دژی بەشداربووانی جووڵانەوە کوردییەکان دەهێنا. بەجۆرێ رۆژنامە تورکییەکان کوردەکانیان بە (باند) ناودەبرد.(٤٨)

لە ٢٠ی ئەپریلی ١٩٢٤ دەستوری تورکیا لەلایەن ئەنجومەنی بەرزەوە پەسەندکرا. شایەنی گوتنە سیاسەتی پشتگوێخستنی مافەکانی کورد و سیاسەتی تورکە نەتەوەپەرستەکان بەتەواوی لەم دەستورەدا رەنگیدابووەوە. لەبەرئەوە بەباشیی دەزانین هەندێك لە ماددەکانی

بەرچاوبخەین کە سیاسەتی رەگەزپەرستی تێیدا رەنگیداوەتەوە:

ماددەی (٢): (زمانی تورکی بە زمانی دەوڵەت دادەنرێت).

ماددەی (١١): (هەر تورکێك چ ژن بێت چ پیاو بگاتە تەمەنی (٣٠) سالّی دەتوانێت خۆی کاندیدبکات بۆ سەرۆککۆماری).

ماددەی (٦٨): (هەموو تورکێك بە ئازادی لەدایکدەبێت).

ماددەی (٦٩): (هەموو تورکەکان لەبەرامبەر یاسادا یەکسانن).

ماددەی (٨٨): (هەموو دانیشتوانی تورکیا بێ ئاین و نەژاد گشتیان تورکن!).(٤٩)

وەك دەبینین لە یەکەم دەستوری تورکیدا نەك هەر بەهیچ کلۆجێك ئاماژەی بۆ ماف و ئازادییەکانی کورد تێدانەبوو، بەڵکە بەشێوەیەکی نەتەوەپەرستانەی زۆر نزم ئەو دەستورە نووسراوەتەوە. ئەم دەستور بوو بە رێگرێکی یاسایی زۆر بەهێز لەبەردەم گەیشتنی کورد بەلایەنی کەمی مافەکانی، برگە و بابەتەکانی ئەم دەستورە بوون بە چەکێکی یاسایی کاریگەر کە حکومەتی کەمالیستەکان بێسڵەمینەوە دژ بە کورد بەکاریاندەهێنا.

کەمالیستەکان هەر بەوەندە نەوەستان کوردەکان بەپێی یاسا لە مافەکانیان بێبەریبکەن، بەڵکو هەرێمە کوردییەکانیان خستەناو بازنەی باری نائاساییەوە، ئەوەتا لە ٢٥ شوباتی ١٩٢٥ ئەنجومەنی وەزیران بریاری ژمارە (١٥٤٧)ی پەسەندکرد. بەگوێرەی ئەو بریارە باری نائاسایی لە هەرێمەکە راگەیاند.(٥٠) حکومەتی تورکیا کەمالیستەکان لەوەش زیاتر رۆشت، دواتر یاسای ژمارە (٥٧٨) لەبارەی ئاسایشی ناوخۆ پەسەندکرد کە دەسەلاتێکی ئێجگار گەورەی دا بە حکومەت بۆ سەرکوتکردن و لەناوبردنی هەمووجۆرە دەنگێکی نارەزایی.(٥١)

بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایانە و چەندین یاسای چەوسێنەرانەیتر. ئەنجومەن لە ئازاری ١٩٢٥ بریاری دامەزراندنی دوو دادگای (دادگاکانی سەربەخۆیی)دا، یەکێکیان بۆ هەموو تورکیا کە ناوەندەکەی لە ئەنکەرە بوو، دوومیان لە ویلایەتەکانی رۆژهەلاتی ولات بوو. بەپێی ئەو حوکمی لەسێدارەدانەی دادگاکانی ئەنکەرە دەریدەکرد دەبوو لەلایەن ئەنجومەنەوە پەسەندبکرێت، بەلاّم ئەم دادگایانەی کە لە ناوچەی شۆرش بەرپاکراون یەکسەر هەر لەجێوە جیبەجێدەکرێ.(٥٢) بە فەرمانی ئەم دادگای سەربەخۆیانە چەندین کەسایەتی و شۆرشگێری کورد لەسێدارەدران، ئەم دادگایانە رۆلێکی گەورەیان گێرا لە چەوساندنەوە نەتەوەی کورد و لەناوبردنی سەرانی شورشگێر بەتایبەت شۆرشی ساڵی ١٩٢٥ی شیخ سەعیدی پیران.

ب: پشتگوێخستنی زمان و فەرهەنگی کوردی، هەوڵی سڕینەوەی ناسنامە.

پێشەك یەکێکیتر لە ڕەهەندەکانی سیاسەتی کەمالیستەکان کارکردن بوو لەسەر لەناوبردنی زمان و فەرهەنگ و توانەوەی نەتەوە ناتورکەکان لە بۆتەقەی زمان و فەرهەنگی تورکیدا لەنێویشیاندا زمان و فەرهەنگی نەتەوەی کورد، بۆ بەجێگەیاندنی ئەم سیاسەتە ڕەگەزپەرستانەیان چەندین ڕێوشوێنیان گرتەبەر. هەوڵدەدەین تیشکێکی خێرا بخەینەسەر ئەم بابەتە:

وەك بینیمان لە یەکەم دەستوری تورکیای نوێ بەهیچجۆرێ مافی نەدابوو بەهیچ نەتەوەیەك کە بتوانن زمان و فەرهەنگی خۆیان مومارەسەبکەن هەم لە ژیان و هەم لە پرۆسەی خوێندن و بەرگری لەخۆکردن لەدادگاکاندا. ماددەکانی ئەم دەستورە بوون بە سەرچاوەی یەکەمین بۆ دەرکردنی چەندین یاسا چەوسێنەرانە و ڕەگەزپەرستانە بۆ یاساغکردنی زمانە ناتورەکییەکان و لەنێویشیاندا زمانی کوردی.

ئەوەتا عەزیز شەمزینی لەبارەی بارودۆخی فەرهەنگی و کلتوری کوردەوە لەم سەردەمەدا دەڵێت: **"کەمالیستەکان نەك هەر مافە نەتەوەییەکانی کوردیان نەسەلماند، بەڵکو تەگەرەی گەورەیان خستەبەردەم پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی کوردستان."**(٥٣) هەر لەمبارەیەوە سەرچاوەیەکیتر دەڵێت: **"تورکیا زمانی کوردی پێشێل و پەراوێزخستبوو،** ئەو ئیلتیزامەی پێش یەك ساڵ بەپێی ماددەی (٣٩) پەیماننامەی لۆزان، خستبووەسەرشانی خۆی پێشێلیکردبوو. ئێستا ئیدی بەئاشکرا دەستیکردبوو بە پەیڕەوکردنی سیاسەتێك کە ئامانجی سڕینەوەی گشت دەرکەوتە ناتورکییەکانی ژیانی خەڵك بوو." (٥٤)

تورکەکان لەسەر ئەم سیاسەتە کاریانکرد. لە ئاداری ١٩٢٤ کارگەیشتە ئەوەی پێداگرن لەسەر تەنیا بەکارهێنانی زمانی تورکی لە دادگاکان و بەڕەسمی قەدەغەکردنی زمانی کوردی. ئەم بڕیارەی کە لەمەڕ زمان درا کوردستانی لە فێرکردن بێبەشکرد. بەجۆرێك لەساڵی ١٩٢٥ لە ٤٨٧٥ قوتابخانەی تورکیا تەنها ٢١٥ قوتابخانە لە کوردستان هەبوون. تەنیا ٨٤٠٠ قوتابی لە کۆی ٣٨٢٠٠٠ قوتابی تورکی لەوێ دەیانخوێند. بەبێ هەبوونی قوتابخانەی کوردی ژمارەی ئەو قوتابییە کوردانەی کە بتوانن سوود لەم خوێندنگایانە وەربگرن زۆر زۆر کەمبووەوە، ئەمە وێڕای وەرگرتنی باجی فێرکردن، هەلومەرجێکی وادا بێگومان زۆر مایەی نەفرەت و بێزاریبوو.(٥٥)

سڕینەوەی زمان و ڕێگرتن لە دەرچوونی پەرتووك و شتگەلێکیتر بە کوردی و قەدەغەکردنی زمانی کوردی ڕۆڵێکی خراپی دەگێڕا لەئایندەدا لە زالبوونی زمانی تورکی بەسەر زمانی زۆرینەی خەڵکدا.[٥٦]

دامەزرێنەرانی تورکیای تازە، زمانی کوردی تەنانەت لەو ناوچانەش قەدەغەکرد کە زۆربەی هەرەزۆریان کوردبوون، هەروەها زۆری گوند و شارۆچکەکان گۆڕان و کران بە تورکی. مەبەستی ئەم سیاسەتە ئەوەبوو کورد لەڕووی نەتەوەی بەیەکجاری بتوێننەوە، چوونکە حوکمەت نەیدەویست جگەلە تورك چ کەسێکیدی لە تورکیا هەبێ، تەنانەت نووسین و بەکارهێنانی وشەی (کورد) قەدەغەکرا و سزای بۆدانرا.[٥٧] هەر لەوسەروبەندەدا بوو بۆ خۆبواردن لەبەکارهێنانی واژەی (کورد) زاراوەی (تورکی چیایی)یان داهێنا. ئەمە سیاسەتی رەگەزپەرستی تورکی بەرامبەر بە کورد گەیاندە لوتکە.

دوای کوژانەوەی شۆڕشی ساڵی ١٩٢٥ی شیخ سەعید لەبارەی سڕینەوەی ناسنامە و شوناسی کوردی، ئایدن ئۆزمان مفەتیشی ناوچەی یەك لەڕاپۆرتیکیدا بۆ عیسمەت ئینۆنۆ(*) لەبارەی لە ناوبردنی کەلتور و زمانی کوردی چەند خالێکی تیدایە کە بەگرنگی دەزانین بەرچاوییخەین:

لە خالی (ب)ی ئەو راپۆرتەدا هاتووە: پێویستە بۆ توانەوەی کورد کار لەسەر گۆڕینی زمانیان بکەین. ئەویش بەم ڕێگایانە: لە زانکۆکان وایانلێبکەین لەبری ئەوەی بە زمانی کوردی قسانبکەن بە زمانی تورکی بدوێن. هەرچی سەبارەت بە گوندنیشینەکانە دەبێت لە ژینگەی خۆیان لایانبەین و دووریانبخەینەوە فێرگەی شەوانەی تایبەتیان بۆ دابینبکرێت و مامۆستای لێوەشاوە و کارامە دیارییبکرێ بۆ بەڕێوەبردنی ئەو فێرگانە تاوەکو منداڵەکان بە گیانی تورکیزم و تورکپەروەری پەترمەبکەن. دەبێت زمانی تورکی بکرێتە زمانی ئاخافتنی ئەو دەزگایانە.

ئەم مرۆڤە رەگەزپەرستە تورکە لەوەش زیاتر دەڕوات و دەڵێ: بەرنامەی تایبەت بە پروپاگەندەی تورکیستی و ریزگرتن لە رابەران و گەورەپیاوانی تورك بۆئەو فێرگانە دابڕێژرێت. ئەمجۆرە گەورەپیاوانی تورك لای منداڵەکان خۆشەویستدەکرێت. زیاتر لەوەش پێدادەگرێت و دەڵێ دەبێت یاسای تایبەت دەربکرێت بۆ مەسەلەی توانەوە.[٥٨]

هەرلەهەمان راپۆرتدا باس لە گرنگی بایەخی مەڵبەندە کلتورییەکان کراوە، ناوبراو داوادەکات مەڵبەندە کلتورییەکان چالاکبکرێن بۆئەوەی بتوانن لە مەسەلەی گۆشکردنی کورد بە

کلتوری تورك چالاکانه کارەکەی خۆیان ئەنجامبدەن. ئەگەرنا گیروگرفتەکە ئالۆسکاوتردەبێت.(٥٩) ناوبراو لەوەش زیاتر پێیلێرادەکێشێ و بێشەرمانە و بێسڵەمینەوە پێیوایە پێویستە لە پرۆسەی توانەوەدا ئەم خالآنە رەچاوبکرێت:

یەکەم، گرنگی بە خانەی گەل بدریت. دووەم، بۆ خویندن هەوالْ و رۆژنامە و گۆڤار و کتێبخانەی تایبەت تەرخانبکرێت. بۆ ناسینی کۆنینە تورك، مۆزەخانە و پێشانگای تایبەت دابەزرێت، ئەم وێرای تیپی گەرۆك گۆرانی و نواندن پێکبهێنرێت لە دیهاتەکان سینەما و ئیزگە دابەزرێت، ئەمانە ئەنجامی چاکیاندەبیت.(٦٠)

ج: کۆچی زۆرەملیْ (تهجیر):

میژوونووسێکی کورد، میژووی کۆچپێکردنی کورد دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی دەسەلآتی عوسمانی، ئەوکاتەی محەمەد رەشاد پێنجەم ئیمزای لەسەر فەرمانیك کرد کە لەچەند مادەیەك پێکهاتبوو کە رێگەی دەداتە کۆچپێکردنی کوردەکان. بەپێی ئەم یاسا هەستان بەدوورخستنەوەی هەموو کوردەکان لە ولآت یان پەرتەوازەکردنی لە ویلایەتە تورکییەکاندا بەمەرجێك ئەو دوورخراو و کۆچپێکراوانە لەهەر شار و شارۆچکەیەکی تورکیدا زیاترنەبن لە (٥٪) دانیشتوانی تورك. هەمان سەرچاوە ژمارەی کۆچپێکراوانی کورد بۆ ناوچەکانی تورکیا بە (٧٠٠٠٠٠) کەس لەقەڵەمدەدات.(٦١)

لە دەی ١٩٢٠ بەملاوە دەوڵەتی تورکیا دوو سیاسەتی جێبەجێکردووە: یەکەم دوورخستنەوەی کوردەکان و دووەم (بەتایبەت) بە تورککردنی کوردەکان: سیاسەتی دوورخستنەوە، سەرەتا لەساڵی ١٩٢٧ لەدوای سەرکوتی دڕندانەی راپەرینی شێخ سەعیدی پیران دەستیپێکرد.(٦٢)

دەوڵەتی نوێی تورکیا بۆ پرسی دوورخستنەوە و کۆچپێکردنی کورد، بە هەنگاوهەڵگرتن عەمەلی نەوەستا، بەڵکو بۆئەو مەبەستە بۆ پشتئەستورکردنی هەنگاوەکانی لەمبارەیەوە یاسای ژمارە (١٠٩٧) لە ١٠ی ئایاری ساڵی ١٩٢٥ پەسەندکرد. ئیدی بەپشتبەستن بەو یاسایە دەستکرا بە راگواستنی کورد لە ویلایەتەکانی رۆژهەلآتەوە بەرەو ویلایەتەکانی رۆژئاوا. ئەم یاسایە بە پاساوی ئیداری و سەربازی و کۆمەلآیەتی رێگەیدەدا ئابلۆقەدراوی ویلایەتی بایەزید بۆ ویلایەتەکانی رۆژئاوا رابگویزرێن، نزیکەی (١٤٠٠) کەس بە ماڵ و منداڵ و خێزانەوە

راگوێزران.[٦٣] ماددەی دووەمی یاسای راگواستن ئاماژە بەوەدەدات کە تەمەنگی تیی ۱۹۲۷ دەبێ پرۆسەکە تەواوبێت. بەمەش زیاتر راگواستنەکە بەپەلە ئەوکۆچەرانە دەگرێتەوە کە زیاتر رۆحی جەنگاوەری و بەرهەڵستیان تێدابووە. بەگوێرەی ماددەی (۳) ئیقعومەوزی و موحتاجەکان دەبوایە بەخێرایی بگوازرێتەوە. بەهۆی یاسای ژمارە (۱۰۹۷)ەوە هەموو کورد موڵک و ماڵی خۆیان لەدەستدا و راگوێزرانە ویلایەتەکانی رۆژئاوا[٦٤].

بەگوێرەی قسەی فاسیلی نیکیتین لەنێوان ساڵانی (۱۹۲٦-۱۹۲۸) دەسەڵاتدارانی تورکیا نزیکەی یەك ملیۆن پیاو و ژن و منداڵی کوردیان ئاوارەی رۆژئاوای تەختی کرد لەهەمانکاتدا بێبەزەییانە خەڵکیان ئازاردەدا.[٦٥]

سەرچاوەیەکیتر باس لەوەدەکات بەم هەنجەتە پتر لە پەنج هەزار کەس راگوێزران بۆ ناوچەیەکی دوور سەدان کیلۆمەتر لە زێدی خۆیان دوورتر، تاکەوێ ئەمو چری دانیشتوانی تورکیا لە رۆژئاوای وڵات کەناری باکووری دەریای سپی بۆ خۆی لە دووری وڵاتی خۆیان وەك قەترەیەك دەریا بژین.[٦٦]

تورکەکان دانیشتوانی بایەزیدیان لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە گواستەوە بۆ ئیزمیر لە ئەوپەری رۆژئاوا لە تورکیا، نووسەر پرسیار دەکان گومان هەیە لەوەی کەلە سەدا دەی ئەوانەی کە ناچارکران کۆچ بکەن لەو زەمهەریرە کە بەسەلامەت گەشتوونەتە ئەزمیر و دەوروبەری؟ ئەوانەش کە ماونەتەوە لە گوند و شارەکانیان بە تۆپ و فرۆکە رووخێنراون[٦٧].

دوای شۆرشی شێخ سەعید ساڵی ۱۹۲۵ پەرلەمان دەسەڵاتێکی فراوانی دایە عیسمەت ئینۆنۆ، ئەویش سوودی لەم دەسەڵاتانە وەرگرت و بۆ ریشەکێشکردنی کورد بەرنامەیەکی بۆئەو مەبەستەدانا خاڵی سێیەمی بەرنامەکەی: راگوێزانی زۆردارەکی کورد بۆ ناوچە دوورە تورکنیشینەکان، نیشتەجێکردنی ئەو تورکانەی لە یۆنان و باڵکان دەرکرابوون لە کوردستان.[٦٨] دەوڵەتی تورکیا پیاوانی ۲۵ خێزانی لە کوردەکانی شارۆچکەیەکی باکووری دەرچەی وان پەنایانبردبووەبەر چیاکان لە ترسی زوڵمی تورك، تورکەکان دەستیانگرتبوو هەمو ژن و منداڵەکانیان سەریانبڕیبوو یارییان بە جەستەی کوژراوەکان کردبوو.[٦٩]

بلەج شیرکۆ ژمارەی ئەوانەی کە بەهۆی ئەم سیاسەتەوە لە تورکیا هەمموو کوردستان دەرکراون گەیشتووەتە نزیکەی یەك ملیۆن کەس، سەرچاوەی دیکەش باس لەوەدەکات بەهۆی نەبوونی داتایەکی فەرمی بە ژمارە لەسەر ژمارەی ئەوانەی کە راگوێزران و کوژراون ناتوانرێت

نەبوون لە گەیشتن بەو شوێنانەی کە بۆی دوورخراونەتەوە، بەڵام دەتوانین بە ژمارەیەکی زۆر لەقەڵەمیبدەین.(٧٠)

د. پرۆسەی لێدوان و هێرشی راگەیاندن دژی کورد:

هێرشی کەسایەتی سیاسی و کارگێری و رۆژنامەکانی تورکیا دژی نەتەوەی کورد و **شێواندن و سووکایەتیکردن بە کورد** یەکێکتربوو لە رەهەندەکانی سیاسەتی رەگەزپەرستی کەمالیستەکان **بەرامبەر بە کورد. ئەمەش** دەچێتە چوارچێوەی ئەو پرۆسەی سڕینەوەی شوناس و ناسنامەی **کورد لە تورکیا و ئەوەش** زیاتر ئینکاریکردن و رەتکردنەوەی نەتەوەی کوردە.

رەنگە سەرەتای ئەو پرۆسە لەوێوە دەستپێبکات کە لەم ماوە زەمەنییەدا ئیدی **کەسایەتییە سیاسی و کارگێری و لێدوانی رۆژنامە تورکییەکان** زۆر بە حەزەرەوە مامەڵەیان لەگەڵ بەکارهێنانی وشەی (کورد) دەکرد. لەبری وشەی **کورد** واژەی (تورکی چیایی)یان بەکاردەهێنا. کارگەیشتە ئەوەی وەزیری دەرەوەی تورکیا، تۆفیق روشدی (سراج اغلو) چەند بیروبۆچوونێکی راگەیاند لەناو دەستەی دەوڵەتدا بووە مایەی **گفتوگۆ:**

ئاستی کلتوری (کوردەکان) ئەوەندە لە خوارەوەیە زەینیان ئەوەندە دواکەوتووە کە ساف و سادەن ناتوانن لەناو دەستەی کۆمەڵی تورکیادا جێگایەکیان هەبێ.. ئەمانە دەمرن، چونکە لەرووی ئابوورییەوە لە ململانێی ژیان و مردندان، رکابەری لەگەڵ تورکانی خاوەن کەلتور و خەڵکانی پێشکەوتووتر ناتوانن بژین.. ئەوەندەیە بتوانن بۆ ئێران یان عێراق کۆچدەکەن، لەبارێکدا ئەوانەی ماونەتەوە، ساف و سادە چارەنووس ئەو بوونەوەرانە قبوڵدەکەن کە شایەنی ژیان نین و لەناودەچن.(٧١)

ئەم لێدوانە رەگەزپەرستییانە بەجۆرێك لەورۆژانەدا لە تورکیا بازاری پەیداکرد کە وەزیری داد تورکیا مەحمود عیزت ئەسعەد (بۆزتورك) ئەوەندە پێلێڕابکێشێت لە ساڵی ١٩٣٠ لەناو گەرمەی شۆڕشی ئارارات لە ستوونی رۆژنامەیەکی کەمالیستیدا رای خۆی دەربڕێ و بڵێت بیروڕای من بەمشێوەیە: "هەموو دۆستان، دوژمنان دەبێ باشبزانن کە سەرداری ئەم وڵاتە تورکە، ئەوەی تورکی پاکنەبێت هیچ مافیکێتری لەم نیشتیمانی تورکدا نییە، جگەلە مافی خزمەتکاری مافی کۆیلەبوون نەبێ، ئێمە لەوڵاتێکداین لەهەموو وڵاتەکانی جیهان ئازادتر دەژین و ئەم وڵاتە ناوی تورکیایە."(٧٢) لەمانەش زیاتر عیسمەت ئینۆنۆی سەرۆکوەزیران لەمبارەیەوە

زیاتر لەمان دەڕوات. ئەوەبوو لەسیفاندا ڕایگەیاند: "تەنیا نەتەوەی تورك مافی تەوەیێ هەیە لەم وڵاتەدا بژین داوای مافی نەتەوەی بکەن."(٧٣)

سەبارەت بە شاڵاوی ڕاگەیاندن تورکان دژی نەتەوەی کورد، گۆڤاری (وەقت) لە ساڵی ١٩٢٤دا ڕایگەیاند: "لەهەرجیگایەك سەرەنێزەی تورکان دیاربێ، مەسەلەی کورد نامێنێ."(٧٤) یەکێکیتر لە ڕۆژنامە پانتورکیستەکان ، ڕۆژنامەی (ئیلیری) ئەوەی بلاوکردووەتەوە: (دەبێ بێگانەکان ئەوانەی بە ڕەگەز تورکنین، یان لەناو تورکیزمدا بتوێنەوە یا بمرن).(٧٥)

لە چوارچێوەی ئەم شاڵاوە ڕاگەیاندنەدا، لەمبارەیەوە ئۆرگانی دەوڵەت ڕۆژنامەی (حاکمییەت میللییەت) لە ڕۆژی ١٠ی ئابی ١٩٣٠دا بەوپەڕی تەوسەوە ئەو لیدوانەی بلاوکردەوە: "ئەو کوردەی دوێنێ لە ئارارات خرایەژێرپێوە، ئەمڕۆ ترسی لێنیشتوە دڕندانە پارێزگاری لە خۆی دەکا. لەوهەرایەدا دوو باند دروشمی ئازادییان بەرزکردبووەوە. بێگومان هەمووان دەزانن کە ئێمە گاڵتەمان بە داخوازییەکانی ئەو ڕێگرانە دێت کە بەوشێوەیە دەچنەسەر جروجانەوەری ناو ئەفسانە. لەبارترین پەنا بۆ ئۆتۆنۆمی ئەوجۆرە خەڵکە کە هەموو وشەکانی فەرهەنگەکەیان بەسەریەکەوە ناکاتە چەند سەد وشە جێگایەکە لە ئەفریقا یاخود لە یەکێك لەوبیابانەی کە نیوەی بە مەیمون و نیوەکەیتر بە مرۆڤ ئاوەدانکراوە، ئەم داخوازییانە شایەنی ئەوەنین لە ئاسیای لانکەی شارستانێتی دێرین دەرفەتی سەردەرهێنان بدرێتێ.."(٧٦)

تەوەری سێیەم: سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد

(سیاسەتی پراکتیکی بەرامبەر بە کورد)

بێگومان سەرانی دەوڵەتی کەمالیست هەر بەوەندەوە نەوەستان پرۆسەیەکی سەرپاگیرییان بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کورد و لەناوبردنی نەتەوەی کورد لە تورکیا بەردەوامبوو. لەبەرئەوەی کوردەکان قوربانی سەرەکی ئەو سیاسەتە بوون بۆیە بەرگریکردنیان لەچەندین شۆڕشی نەپساوە خۆی نواندووە. لەوانەش شۆڕشی قوچگیری ١٩٢١، شۆڕشی شێخ سەعدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥، بەڵام دەوڵەتی تورکیا زۆر بەتوندی سیاسەتی سەرکوتکردنی دژی ئەم بزووتنەوانە بەکارهێنا کە ئێمە هەوڵدەدەین تیشك بخەینەسەر ئەو سیاسەتە سەرکوتکارییەی کە تورکیا لەم ماوەیەدا بەرامبەر بە کورد پەیڕەویکردووە.

أ: سەرکوتکردنی شۆڕشی قۆچگیری ساڵی ۱۹۲۱ز:

مستەفا کەمال بەهۆی بارودۆخی خودی و بابەتی بڕیاریدا کە هەموو ئەو مافانە بۆ کورد بسەلێنی کە لە پەیماننامەی سیڤەر بڕیاری لەسەر دراوە، بەڵام دوای ئەوەی لە ساڵی ۱۹۲۱ خەتەری لەسەر نەما، هەموو وەعد و بەڵێنەکانی خۆی فەرامۆشکرد.(۷۷) ڕەنگە دیارترین و سەرەکیترین هۆکاری ڕوودانی ئەم شۆڕشە خۆی لە خواستی کوردا ببینێتەوە لە بەکارهێنانی ماددەکانی ٦٢، ٦٣ ی پەیماننامەی سیڤەر بۆ دامەزراندنی حوکمی زاتی لە ئەنادۆڵ.(۷۸)

ئەم شۆڕشە لە ناوچەی دێرسیم لە ساڵی ۱۹۲۱ ڕوویدا کە ناوچەیەکە کوردە عەلەوییەکان لێینیشتەجێن، دواتر بەهۆی سیاسەتی توندی کەمالییەکان بەرامبەریان هانی کوردەکانیتریشی دا بچنەناو ئەو شەپۆلە داوایانکرد کوردەکانی ئەرزنجان و مەلاتییە کۆمەك بنێرن، هەرچەند ئەمە بەدینەهات، هەروەها بیریانلەوەکردەوە داوای کۆمەك لە فەرەنسییەکان بکەن لە ئورفە و غازی عینتاب، بەڵام گەنجانی کورد داوای هاوکاریکردن لە بیگانەیان ڕەتکردەوە. بەجۆرە شۆڕشەوانان توانییان لە ۸ی مارس / ئازار هێزی کوردییەکانی چیای مەنزوری داپۆشراو بە بەفر بپەڕنەوە و دەستبگرن بەسەر کەماها (kemaha) ژمارەیەك گەورە لەودەرەبەگانە بگرن کە هاوکاربوون لەگەڵ تورکان.(۷۹)

بەڵام بەهۆی هەندێك هۆکار، لەوانە: لاوازی کۆمەك ئەوروپا بۆ کوردان، لاوازی ستراکتۆری کۆمەڵایەتی و یەکنەبوونی کورد، جیاوازی مەزهەبی و ئایینی نەبوونی باوەڕ لەنێویەکتردا، ڕاکێشانی هەندێك لە سەرانی شۆڕش بەپێدانی بەرتیل و پۆست، هەموو ئەم هۆکارانە وایانکرد شۆڕش سەرنەگرێت.(۸۰) ڕژێمی مستەفا کەمال دوای ئیمزاکردنی دووەمین ڕێکەوتنامە لەگەڵ فەرەنسا لە ئوکتۆبەری ۱۹۲۱ بەشێوەیەکی پراکتیکی خۆی مسۆگەرکرد، چ ترسێکی نەما و شۆڕشی تشرینی دووەمی ۱۹۲۱ شوباتی ۱۹۲۲ی کوردانی لەلایەن جەواد پاشاوە تێکشکێنرا.(۸۱)

ب: سەرکوتکردنی شۆڕشی ساڵی ۱۹۲۵ی کوردان:

دوای دروستبوونی کۆماری تورکیا، شۆڕشی ۱۹۲۵ی کوردان یەکێك لە گرنگترین کاردانەوەکانی کورد بوو بەرووی سیاسەتی کەمالیدا. دوای ئەوەی لە ساڵی ۱۹۲۳ بەدوای ڕووی

ڕاستەقینەی خۆی نیشاندا، ئەم شۆڕشە کۆمەڵێك هۆکاری هەبوو، زۆر گرنگترینیان ئەمانەن: هەڵوەشانەوەی خەلافەت لە ٣/٣/ ١٩٢٤.[٨٢] پێداگرتن لەسەر تەنیا بەکارهێنانی زمانی تورکی لە دادگاکان و بە ڕەسمی قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە ئاداری ١٩٢٤.[٨٣] دوای دەستکاری شەریعەت و چەکی ئایینی لەلایەن کەمالیستەکان، نائومێدی نەتەوەیی. ئەمە و ڕەوشی ئابووری لە شارەکانی ڕۆژهەلاّت، بەرزبوونەوەی نرخی شتومەك بەشێوەیەکی خێرا، نەمانی کەلوپەلی پێویست لەبازاردا، ئیدی کورد تاقەڕێگەی لە رزگاری خۆیان لە شۆڕشی نەتەوەییدا بینییەوە کە لە ساڵی ١٩٢٥ بەرپایانکرد.[٨٤]

ئەم شۆڕشە لەلایەن کۆمەڵەی ئازادییەوە پلانی بۆداڕێژرا، بەڵاّم شۆڕش لە ڕاپەڕینی (بیت الشباب) لەماوەی ٣-٤ ئەیلولی ١٩٢٤ خێراتر لەماوەی خۆی کە پلانی بۆدانرابوو بەرپابوو. دواتر جڵەوی شۆڕش کەوتەدەستی شێخ سەعید پالو (پیران). ئەم شۆڕشە بەردەوامبوو تاوەکو مانگی نیسانی ساڵی ١٩٢٥ کە لە نیسان شێخ سەعید دەستبەسەرکرا. دواتر تورك ئەو ناوچانەی گرتەوە.[٨٥]

دەسەلاّتی کەمالی لە کوژانەوەی ئەم شۆڕشە سلّی لەهیچجۆرە ڕەفتارێکی ستەمگەرانە و سەرکوتکەرانە و دلّڕەقانە نەکردەوە بەرامبەر بە کورد. هەر لە کوشتن و سووتان و وێرانکردنی گوندەکان و کۆچپێکردنی زۆرەملێ و لەسێدارەدانی بە کۆمەڵ ئاشکرا. بەکارهێنانی فڕۆکە لەسەرکوتکردنی ئەم شۆڕشە.

تورکەکان هەموو هەوڵێکی خۆیان خستەگەڕ بۆ چەکداماڵینی هەموو کوردەکان، سووتاندنی تەواوی گوند و ماڵەکان، پرۆسەی دوورخستنەوە (نفی) هەندێك سەرانی کورد و هۆزی کوردی بۆ ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ، بەکارهێنانی هێزی ئاسمانی.[٨٦]

دەوڵەت دەستیکرد بە تۆڵەسەندنەوە تا ناوەڕاستی نیسان ٣٠ کەس لە ڕێبەرانی ئیعدامکرد.

دادگای سەربەخۆکان دامەزران ٣/٥/ ڕۆشتنی دادگاکان لەم شار بۆئەو شار گەلێکەس ئیعدامکران. لە ٤ی ئەیلول شیخ سەعید لەگەڵ ٢٦ کەسیدیکە لە دیاربەرکر ئیعدامکران. دادگاکانی سەربەخۆیش تا هەلّوەشاندنەوەیان ٧٥٠ گومانلێکراویان گرت و لەمانە ٦٦٠ کەسیان بە ئیعدام مەحکومکرد.[٨٧] یەکەمین دۆسیەی دادگاییکردن لە دیاربەکر دۆسیەی دکتور فوئاد بوو، دوای دادگاییەکی کورت حوکمی ئیعدامدەدرێ، نەفەری دووەم ئەکرەم جەمیل پاشایە. ئەوجا نۆرەی شێخ سەعید هات.[٨٨]

تورکەکان هەموو رق و کینەی خۆیان بەسەر سەرکردایەتی کوردا رشت. لە کۆتایی مایسدا و لەیەکشویندا و بەئاشکرا بە بەرچاوی خەلکەوە ۹۱ کەسیان ئیعدامکرد. لە ئەرزرۆم لە ۲۷/ ٦ دەستەیەکی چل و حەوت کەس زیاتریان لە سەرانی شۆڕشی ئیعدامکرد.(۸۹)

سەبارەت بە سووتاندنی گوندەکان دیفید ماکداوڵ دەڵێ: "گوندێکی زۆریان سووتان یان وێرانیانکرد، پیاو و ژن و منداڵەکانیان کوشت، بۆنموونە لە دەوروبەری دیاربەکر، زازاکانیان کۆکردەوە **هەموویان لە یەکجێ** گولەبارانکرد. هەزاران مەڕومالاتیان دەستبەسەراگرت و هەراجیانکرد. **بۆنموونە ۳۰۰۰۰ سەر ئیجە لە دیاربەکر، بەمجۆرە** خەلکی هۆزەکانیان لە سەرچاوی **ژیان بێبەشکرد.**(۹۰) **هەر لەمبارەیەوە هێزەکانی تورکیا دەستیان بە** خاپوورکردنی **کوردستان کرد: هەزاران هاونیشتمانی بێتاوانیان کوشت زۆرترینیان ژن و منداڵ بوون،** ۲۰٦ دێ **وێرانکران،** ۸۷۵۸ خانوو سووتێنران، ۱۵۲۰۰ کەس کوژران.(۹۱)

هەرچی سەبارەت بە سزادانی جەستەی و دەروونی کوردەکانە، تورکەکان کەوتنە سزادانی دەروونی و جەستەی کوردەکان بەشێوەیەکی دڕندانە بەکباش حیدر بەگ سەرۆکی کەوکەبەی سوارە ژمارەیەك لە پیاوماقولاتی (ارغنی معدنی) بە تۆمەتی (نیشتمانچێتی کورد) گرتووە، یوسف ئەفەندی، عەبدولڕەحمان ئەفەندی ناچاریکردوون بۆ ماوەی مانگێك بە شەووڕۆژ بەپێیان لەبەردەم سوارەکانیدا برۆن بە شەق و بۆکس لێیاندەدرا، هەموو شەوێك سی قامچیلێبدرێت و خواردنێکی کەمیان پێبدرێت دوای تەواو کردنی مانگێك بەم جۆرە فەرمانیدا گولەباران بکرێن.(۹۲)

سەرچاوەیەکیتر لەمەڕ هەمان بابەت گێرانەوەیك دەگێڕیتەوە لەسەر زاری شاهیدحالێك دەلێت سوپای تورك:"پیاوانیان هەلدەدایە ناوئاگرەوە، بەلام کە سەیریانکردبوو خێرا گڕناگرن، ئەفسەرە تورکەکە دەستوریدابوو کە ژنانیش فرێبدەنە ناوئاگرەکەوە تا ئاگرەکە باش گڕبسەنێ، چونکە ژنان لەشیان چەورترە و بە گوتەی ئەو ئەفسەرە بلێسە بە ئاگرەکە دەدەن."(۹۳)

مستەفا کەمال پاش ئەوەی ۹ / ۳ سەرلەنوێ داوای لە عیسمەت ئینۆنۆ دەکات پۆستی سەرۆکوەزیران وەنەستۆبگرێ، ئیستا خاوەنی ئەو سەرۆکوەزیرانەیە کە (ئامادەیە سیاسەتی سەرکوتکارییەت جێبەجێبکات کە غازی ئەتاتورك دەیەوێ). ئەو دەستورەی بە هێزە سەرکوتکارەکان درا یەکجار توندوتیژە: (گوندەکانی ناوچە ی شۆڕش تەختی زەوی بکەن. ئامانی هیچ یەکێك لە شۆرشگێران و خێزانەکانیان نەدەن، با ئەم دەرس و پەندە هێندە سامناکبێت کە

هەموو خەڵك ولاّت لەیادیانبمێنێ).[٩٤]

ئەم سەركوتكاری و چەوسانەوەیە بەجۆرێك دزێو دلّڕەقانەبوو، بووە **مایەی بێزاری و هەڵوێستوەرگرتن** لە ناوخۆ و دەرەوە، لە ناوخۆ هەندێك لە ئەفسەرانی تورك بێزاری **خۆیان لە** كوشتنی ژن و منداڵ و پیاوی كورد بێزاربوون، بەلاّم وەك هەندێكیان گوتوویانە **مەجبورن** ئەوكارە بكەن، لەسەر ئاستی دەرەوەش ئەو بێزاری و دڵڕەقییە سنوورەكانی ولاّتی بڕی و گەشتە هیندستان و هەستی رزگاریخوازی و ئازادیخوازی كەسێكی وەك جەواهیر لال نەهرۆ بزواند و بێدەنگیی شكاند.

لێرەدا لەمەڕ بێزاری ناوخۆ نموونەیەك دێنینەوە، لە ناوخۆ رائیدێكی جەندرمە كە بۆ بەسەربردنی مۆڵەتێكی كورد هاتبووە دیاربەكر، بە یەكێك لە دۆستەكانی گوتبوو كە ئەفرەت ئەوكارەدەكات كە ئەنجامیدەدا و **دەیەوێ تقلّیێت. ئەو بەدرێژایی ماوەی (ئارامكردنەوە)(!) لە** ویلایەتەكانی رۆژهەلاّت **خزمەتیكردووە لە كوشتاری پیاو و ژن و منداڵ ماندووبووە**[٩٥].

جەواهیر لال نەهرۆ لە كتێبی (ئاوڕێك بۆسەر مێژووی جیهان)، **لەبەشێكیدا بەناونیشانی** (مستەفا كەمال تۆزی رابردوو لادەدات) كە تایبەتیكردووە بە باسكردنی پێشهاتە سیاسییەكانی توركیا لە سەردەمی مستەفا كەمال، لەوێدا ئاوڕێكیشی لە شۆڕشی ساڵی ١٩٢٥ی كوردان دەداتەوە و بە شۆڕشێكی گەورەی ئەژماردەكات، لەمبارەیەوە دەڵێت: "ئەو شۆڕشەی لەلایەن مستەفا كەمال بەتوندی و بێبەزەییانە سەركوتكرا و دادگاكان (سەربەخۆی) تایبەت دامەزران بۆ دادگاییكردنی هەزارەهایان، هەردوو سەركردەی كورد شێخ سەعید و دكتۆر فوئاد لەسێدارەدران، ئەمانە و ئەوانیتریش لەپێناو سەربەخۆیی كوردستاندا گیانیان بەختكرد."[٩٦]

نەهرۆ لەمبارەیەوە لەسەر سەركوتكاری تورك بەرامبەر بە كوردەكان بەردەوامدەبێت دەڵێ: "بەوشێوە بینیمان توركەكان كە بەم دواییە بۆ بەدەستهێنانی ئازادی دەجەنگان كەوتنەوێزەی ئەو كوردانەی داوای ئازادییان دەكرد، چ سەیرە نەتەوەیەك لەبەرگریكردن لە نیشتیمانی خۆی بگۆڕێت بۆ هێرشكردن و داگیركردنی ئازادی ئەوانیتر. لە ساڵی ١٩٢٩ بۆ دووەمجار كوردەكان شۆڕشیان دەستپێكردەوە، بەلاّم شۆڕشەكەیان گەرچی بۆ ماوەیەكیش (بەشێوەیەكی كاتی) لەناوبرا، بەلاّم چۆن دەتوانرێت بۆ ئەبەد شۆڕشی نەتەوەیەك بكوژێنرێتەوە و سەركوتبكرێت كە لەپێناو ئازادیدا تێدەكۆشن و ئامادەن نرخەكەشی بدەن؟!"[٩٧]

ئەنجام

دوای ئەم لیکۆڵینەوە کورتە گەشتینە چەند ئەنجامێك لەبارەی ئەو بابەتەی کە ناونیشانی ئەم پەیپەرەیە. هەوڵدەدەین کورتەی ئەو ئەنجامانە لەچەند خالێکدا کورت و پوختەبکەین:

یەکەم: کەمالییەکان لەسەرەتاوە (١٩١٨) هەوڵی خۆنزیکخستنەوە و راکێشانی کوردەکانیان دا. ئەمەش سیاسەتێکی پراگماتیکی کاتی بوو بۆ دەستخستنی کۆمەك و پشتیوانی مادی و مەعنەوی کوردەکان لە پرۆسەی سەربەخۆیی ولاتدا، چونکە زۆر پێویستیان بەم کۆمەك و هاوکارییە هەبوو، لەراستیشدا کەمالییەکان توانیان لەم سیاسەتەدا سەرکەوتووبن، بە بەڵگەی ئەوەی توانییان پشتیوانی ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردەکان بۆخۆیان دەستەبەربکەن. ئەمەش لە بەشداری هەردوو کۆنگرەی سیواس و ئەرزەرۆم، بەشداری کوردان لە جەنگەکانی سەربەخۆیی بەروونی بەدیاردەکەوێت.

دووەم: **مستەفا کەمال و کەمالییەکان لەم هەوڵەیاندا** بۆ راکێشانی کوردەکان، لەبەرگەرخستنی هەموو فێڵ و فڕ و هۆکارەکان سڵیاننەکردەوە دوودڵنەبوون، لەوانە بەکارهێنانی چەکی کلاسیکی: بەکارهێنانی هۆکاری ئاینی و جوولاندنی هەستی نەتەوایەتی کوردان. پێدانی بەڵێن و گفتی جۆراوجۆر و سەخییانە بە کوردەکان، بەوەی کە لەسایەی تورکاندا نەك هەردەگەن بەو مافانەی بیگانەکان پێیاندەدەن، بەڵکو لەومافانەش زیاتر وەردەگرن.

سێیەم: **مستەفا کەمال** سیاسەتێکی فێڵبازانەی هەلپەرستانەی بەرامبەر بە کورد بەکارهێنا. هەر لەگەڵ قایمبوونی شوێنپێی خۆی و دەرکردنی بێگانەکان لە ولات، دەستخستنی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیای نوێ، رووی راستەقینەی خۆی و کەمالییەکانی نیشاندا، زۆر درندانە کەوتەویزەی کوردان و نەك هەرتەواوی بەڵێن و گفتەکانی پشگوێخست و باسی مافەکانی کوردی لەناوباساندا نەهێشت، بەڵکو کەوتە پەیرەوکردنی سیاسەتێك دەتوانین بە سیاسەتی جینۆساید لەقەڵەمیبدەین چوون بەتەواوی ئامرازەکان کەوتە هەوڵی لەناوبردنی کورد و کۆی خەسڵەتە نەتەوەییەکانی نەتەوەی کورد: هەر لە کوشتن و گرتن، کۆچی زۆرەملێ وگۆڕینی

ناوی ناوچەکان. لەم لایەنە هەنگاوێك زیاتریش رۆشت و بەرەو سیاسەتی ئیستغ...
ئەویش بەگەڕخستنی هەوڵە جۆاروجۆرەکانی بۆ تورکاندنی کورد و زمانەکەی تەنانەت
زمانی کوردی بەهەمور شێوەیەك و بەکارهێنانی زمانی تورکی لە جیگەی.

چوارەم: هەموو ئەو هەولانەی کەمالییەکان بۆ لەناوبردنی کورد درا هەم بەناسانی بۆیانەچووەسەر چونکە کوردان دوای دەرکەوتنی رووی راستەقینەی تورکان بە توندی کەوتنە بەرهەڵستی و بەرەوودا وەستانی تەواوی ئەو سیاسەتانە. لەلایەکیترەوە هەموو ئەو هەوڵ و کۆششانە کەمالییەکان نە توانی کورد لەناوببات نە پرسی کوردیشی لەناوبرد، بەڵکو پرسی کورد و نەتەوەی کوردی ئێستاشی لەگەڵیێ بە زیندوویی ماونەتەوە، دەشمێنێتەوە تا ئەوکاتەی کورد بە مافەکانی خۆی دەگات.

●●●

سەرچاوە و ژێدەرەکان:

أ: سەرچاوەکان بە زمانی کوردی.

١. ئیبراهیم داقوقی، کوردی تورکیا، وەرگێڕانی، هیمەت عەزیز کاکەیی، دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی(هەولێر - ٢٠١٢).

٢. حەمید بۆز ئەرسلان، مێژووی تورکیای هاوچەرخ، وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: د. نەجاتی عەبدوللا. چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس (هەولێر - ٢٠١٢).

٣. د. ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد و ئەوانیتر، تورکیای هاوچەرخ، وەرگێڕانی سامان مستەفا، ناوەندی رۆشنبیر بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، چاپخانەی لاوکۆ (سلیمانی - ٢٠٠٨).

٤. د. گوینتەر دیشنەر، کورد گەلی لەخشتەبراوی غەدرلێکراو، گۆڕینی بۆ کوردی، حەمەکەریم عارف، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس (هەولێر- ٢٠٠٤).

٥. د. عەزیز شەمزینی، جوولانەوەی رزگاری نیشتیمانی کوردستان، وەرگێڕانی، فەرید ئەسەسەرد، چاپ چوارەم، سەنتەری لیکۆڵینەوەی ستراتیژی (سلیمانی - ٢٠٠٦).

٦. دیڤد ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، ئەبوبەکر خۆشناو لە فارسییەوە کردوویەتی بە کوردی، چاپی دووەم، (هەولێر - ٢٠٠٥)

٧. ژیرار شالیان، تراژیدیای کورد (راپۆرتێك بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان)، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە، وریا رەحمانی، پێداچوونەوەی ئەحمەد کەریم، دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی، (هەولێر -٢٠١٠).

٨. عەبدولڕەحمان قاسملوو، کوردستان و کورد، و. عەبدوللا حەسەنزادە، چاپی شەشەم، چاپخانەی رۆژهەلات (هەولێر - ٢٠١٢.

٩. کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، حەمەکەریم عارف، چاپخانەی رۆژهەلات (هەولێر - ٢٠٠٣).

١٠. م. ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستورییەکانی تورکیا و کورد لە سەردەمی نوێدا، وەرگێڕانی، د. دلێر ئەحمەد، مەلبەندی کوردۆلۆجی، (سلیمانی - ٢٠٠٧).

١١. مەیجەر نوئێل، یاداشتەکانی **مەیجەر نوئێل لە کوردستان**، وەرگێڕانی، حسێن ئەحمەد جاف و حسێن عوسمان نێرگسەجاری، مطبعة اوفیست حسام (بغداد - ١٩٨٤).

ب: سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی

١. بلەچ شێرکۆ (دکتۆر) **القضية الكردية ماضي الكرد و حاضرهم**، دار آراس للطباعة والنشر، الطبعة الثانية (اربيل - ٢٠١١

٢. بيار مصطفى سيف الدين، **السياسة البريطانية تجاه تركيا وأثرها في كوردستان ١٩٢٣- ١٩٢٦**، دار سبيريز للطباعة والنشر، (هولير - ٢٠٠٤م).

٣. جرجيس فتح الله، يقظة الكرد، تاريخ سياسي ١٩٠٠-١٩٢٥، ما يتناول النزاع على جنوب كردستان امام عصبة الامم مع الوثائق والمذكرات المتعلقة به، دار اراس للطباعة والنشر (اربيل - ٢٠٠٢).

٤. جواهر لال نهرو، لمحات من تاريخ العالم، طبعة الثانية، منشورات المكتب التجاري ، (بيروت - ؟).

٥. روبرت أولسون، تاريخ الكفاح القومي الكردي ١٨٨٠- ١٩٢٥، ترجمة، احمد محمود خليل، دار الفارابي - دار اراس، طبعة الاولى ٢٠٠٣.

٦. م. س. لازاريف، المسألة الكردية (١٩١٧- ١٩٢٣)، ترجمة، عبدي حاجي، دار الرازي (بيروت، ١٩٩١).

٧. مجموعة من الباحثين السوفيت، تاريخ تركيا المعاصر، ترجمة، الدكتور هاشم صالح التكريتي، من منشورات مكتب الفكر و التوعية في الاتحاد الوطني الكردستاني، (سليمانية، ٢٠٠٧).

٨. هنري باركي و اخرون، القضية الكوردية في تركيا، ترجمة، هفال، مؤسسة موكرياني للبحوث و النشر، (اربيل - ٢٠٠٧

ج: گۆڤار و رۆژنامەکان:

مەسەلەی کورد لە نووسین و لێدوانەکانی مستەفا کەمالدا پێش موورکردنی لۆزان، بەلگەنامە، وەرگێڕانی، رازاو محەمەد، دۆستی تورکیا، گۆڤارێکی تایبەت بە کاروباری تورکیایە، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی ی کوردستان دەریدەکات، ژمارە ٣، نیسانی ٢٠٠٦.

(*) ئاگربەستی مۆدروس: دوای شکستی ئیمپراۆرییەتی عوسمانی لە جەنگی یەکەمی جیهانی حکومەتی ئیتیحادییەکان ناچاربوون دەستلەکاربکێشنەوە سەرانی ئەو حکومەتە ئەنوەر و تەلعەت و جەمال هەلهاتن بۆ دەرەوەی ولآت ، دواتر حکومەتێکی نوێ لە ١٤ی تشرینی یەکەم ١٩١٨ دامەزرا بە سەرۆکایەتی ئەحمەد عیزەت پاشا ، ئەم حکومەتە مەرجەکانی ئاگربری مۆدروسی لە ٣٠ی تشرینی یەکەم ١٩١٨ **پەسەندکرد. کە بەریتانیا بە راوێژ لەگەل هاوپەیمانان مەرجەکانی** ئلگربری لەگەل عوسمانی دارشتبوو ، **شایەنی گوتنە مەرجەکانی ئەم ئاگربرە بەنیسبەت تورکیا زۆر توند و سەرشۆڕکەربوو.** مصدر: بيار مصطفى سيف الدين ،السياسة البريطانية تجاه تركيا و أثرها في كردستان ١٩٢٣_١٩٢٦ ، ص ص ٢١_٢٢

(١) ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد و ئەفنیتر: تورکیای هاوچەرخ ، و. سامان مستەفا رەشید ، ناوەندی رۆشنبیر بۆ چاپ و بلاوکردنەوە ، چاپخانەی کارو(سلیمانی _٢٠٠٨) ، ل ٢٣

^١) هەمان سەرچاوە ، ل٢٤.

^٢) مستەفا کەمال: لە شاری سلانیك لە ساڵی ١٨٨٠ لەدلیکبوە و پیوەندیکردووە بە قوتابخانەی جەنگی ئەستەمبوڵ ، ڕوویکردوومتە کاری سیاسی بووە یەکەمین سەرۆککۆماری تورکیا لە ساڵی ١٩٢٣ و لە ساڵی ١٩٣٨ دا مردووە. ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٥

٣) هەمان سەرچاوە. ل ٢٥.

٤) هەمان سەرچاوە ، ل ٢٥.

٥) بيار مصطفى سيف الدين ، السياسة البريطانية ازاء تركيا و اثرها على كردستان ، ص ٣١.

٦) مجموعة من الباحثيين السوفيت ، تركيا المعاصر ، ت هاشم صالح تكريتي ، من منشورات مكتب التوعية في الاتحاد الوطني ، (سليمانية _ ٢٠٠٧)ص ٣٨.

٧) ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد و ئەوانیتر ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦.

٨) حەمید بۆز ئەرسەلان ، تورکیای هاوچەرخ ، وەرگێڕانی لەفەرەنسییەوە. نەجاتی عەبدوڵا ،دە زطای ضاث و بلاوکردنةوةی ناراس، ضاثي دووةم (هەولێر _ ٢٠١٢) ل ٤٣.

٩) هەمان سەرچاوە ، لا ٤٣_٤٤.

١٠) ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد و ئەوانیتر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٧.

١١) هەمان سەرچاوە ، ل ٢٨.

١٢) ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد و ئەوانیتر ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٢٨_٢٩.

١٣) حمید بوز ئەرسەلان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤٤.

١٤) لازاريف ، المسالة الكوردية ١٩١٧_١٩٢٣ ، ت. عبدى حاجى ، دار الرازى ،(بيروت _ ١٩٩١) ص ١٠٧.

١٥) جرجيس فتح الله ، يقظة الكرد ، ص ص ٢٧٥_٢٧٦.

١٦) لازاريف ، مصدر السابق ، ص ١٢٥ ؛ هنرى باركى و اخرون ، قضية الكرد في تركيا ، مؤسسة موكرياني للبحوث و النشر ، (هەولێر_ ٢٠٠٧) ص ١٨؛ گۆشنەر دیشنەر . کورد گەلێکی لەخشتە براوی بێ بەشکراو ، و. د.کوردۆ عەلی ، دەزگای ناراس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە (هەولێر ٢٠٠٤) ل ٣. دیفد مەکداول . مێژووی کوردی هاوچەرخ ، و. ئەبوبەکر خۆشناو ،بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران ، (هەولێر ٢٠٠٥) لا ٣٠٧.

١٧) لازاريف ، المصدر السابق ، ص ١٣٥.

١٨) هنرى باركى واخرون ، المصدر السابق ، ص ١٨.

میجەر نوئیل: ئەفسەرێکی ئینگلیزی چالاك و هیمن و شارەزا بوو ، فارسی باش دەزانی باش پەی بردبوو بەباری دەروونی گەلانی ڕۆژهەڵات و سەرە خێڵەکانی ، لەسەرەتاوە لە ناو خیلی (بەختیاری) یەکان کاری دەکرد، ملازم بوە ، لە سوپای هندستان ئیشی کردوە ، پاشان بوە بە موقیمی سیاسی لە (بوشهێر) لەساڵەکانی دوای جەنگ نێردرا بۆ کوردیتانی باکور بۆ دیراسەکردنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئیتنیکی دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ ، دواتر دورخرایەوە ، ئینگلیزەکان بۆ ناوچەی قەفقاس دواتر هاتەوە بۆ بەغداد ، دواتریش نێردرا بۆ کەرکوك وەك ئەفسەری سیاسی لەسەرتای شۆڕشی شیخ مەحمود نێردرا بۆ سلێمانی. یاداشتەکانی مەیجەر نوئیل لە کوردستان ، وەرگێڕانی حسین احمد

جاف و حسین عوسمان نێرکسەجاڕی ، لا ٧ـ ٨. بۆ درێژەی یاداشت و کارەکەی نوئیل لە باکوری کوردستان بڕوانە هەمان سەرچاوە.

١٩) دیفد ماکداول ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٣١٢ـ ٣١٣.

٢٠) مەسەلەی کورد لە نوسین و لیداوانەکانی مستەفا کەمال دا ، دۆسێی تورکیا ، بەڵگە نامەکان ، وەرگێڕانی ، ڕازاو محەمەد. ژمارە ٣ ، نیسانی ٢٠٠٦ ، لا ١٣١ _ ١٣٢.

٢١) جرجيس فتح الله ، المصدر السابق ، ص ٢٧٩.

٢٢) المصدر نفسه ، ص ٢٨٢.

٢٣) لازاريف ، المصدر السابق ص ١٢٤.

٢٤) جرجيس فتح الله ، المصدر السابق ، ص ٢٨٢.

٢٥) روبرت اولسن تاريخ الكفاح القومي الكردي ١٨٨٠_١٩٢٥، ترجمة احمد محمود خليل ، دار الفارابي _ دار اراس ، طبعة الاولى_ ٢٠٠٢) ص ٨٧.

٢٦) لازاريف ، المصدر السابق ، ص ١٣٦.

٢٧) بەڵگەنامەی ژمارە (٨) کورد لە نوسین و نامەکانی مستەفا کەمالدا ، سەرچاوە پێشوو ، ل ١٣٦.

٢٨) دیفد ماکداول ، سەرچاوە پێشوو ، ل ٢١٣. ٣١٢.

٢٩) جرجيس فتح الله ، المصدر السابق ، ص

٣٠) بەڵگە نامەی ژمارە (٤) کورد لە نامەو نوسراوەکانی مستەفا کەمالدا ، سەرچاوە پێشوو ، ل ١٣٣.

٣١) هنری بارکی و اخرون ، المصدر السابق ، ص ١٨.

٣٢) دیفد ماکداول ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣١٣.

٣٣) گۆشنەر دیشنەر ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٩٣ _ ٩٤.

٣٤) جرجيس فتح الله ، المصدر السابق ، ص ٢٧٥.

٣٥) بەڵگەنامەی ژمارە (٧) ، کورد لە نامە و نوسراوەکانی مستەفا کەمالدا ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ١٣٥_١٣٦.

٣٦) گۆشنەر دیشنەر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٩٣.

٣٧) دیفد ماکداول سەرچاوەی پێشوو ، لا ٣١٤_٣١٥.

٣٨) جررجيس فتح الله ، المصدر السابق ، ص ٢٨٢.

٣٩) حمید بوز ئەرسەلان ، سەرچاوە پێشوو ، ل ٥٠.

٤٠) ابراهیم داقوقی ، کێشەی کورد لە تورکیا ، وەرگێڕانی ، هیمەت عەزیز کاکەیی ، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی(هەولێر ٢٠١٢). ل ١٦٢.

٤١) ژێرار شالیان ، ترازیدیای کورد (ڕاپۆرتێک بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان) . وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ، وریا ڕەحمانی ، پێداچوونەوەی ئاسۆ کەریم ، ل ٧٠.

٤٢) جرجيس فتح الله ، المصدر السابق ، ص ٢٩١.

٤٣) کریس کۆچێرا ، کورد لەسەدەی نۆزدە و بیست ، وەرگێڕانی ، حەمە کەریم عارف ، ل ١٠٣.

٤٤) بلەج شیرکو ، قضية الكورد، ماضي الكرد و حاضرهم ، دار اراس للطباعة و النشر ، الطبعة الثانية (اربيل _ ٢٠١١) ص ٩٢.

٤٥) جرجيس فتح الله ، المصدر السابق ، ص ٢٩١.

٤٦) عەزیز شەمزینی ، جولانەوەی رزگاریی نیشتیمانی ی کوردستان ،وەرگێرانی ، فەرید ئەسەسەرد ، چاپ چوارەم ، سەنتەری لیکۆلینەوەی ستراتیژی (سلیمانی ٢٠٠٦)ل ١٦٥

٤٧) م. حسرهتیان ، یاسا دەستورییەکانی تورکیا و کورد ، وەرگێرانی ، دلێر ئەحمەد حەمە ، مەلبەندی کوردۆلۆجی ، سلیمانی ٢٠٠٧) ل ٢٠.

٤٨) م. حسرهتیان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢١.

٤٩) حسرهتیان ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٢١_٢٢.

٥٠) هەمان سەرچاوە ، ل ٢٣.

٥١) هەمان سەرچاوە ، ل ٢٤.

٥٢) کریس کۆچیرا ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١١ ؛ حسرهتیان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٤.

٥٣) عزیز شەمزینی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٦٥.

٥٤) دیفد ماداول ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٢٠.

٥٥) دیڤید ماکداول ، سەرچاوە پێشوو ، ل ٣٢٠.

٥٦) هنری بارکی و اخرون ، المصدر السابق ، ص ٢٣.

٥٧) گۆشنەر دیشنەر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٩٧.

*) عیسمەت ئینۆنۆ: یەکێك بو لە سەرکردە هەرە گرنگەکانی بزوتنەوەی کەمالی لە دوای مستەفا کەمال ، نازناوی ئینۆنۆی وەرگت وەك ئاماژە بۆ گوندی ئینۆنۆ کە لە نزیکیدا یەکێك لە گرنگترین جەنگەکانی سەربەخۆیی روویدا ، عیسمەت ئینۆنۆ دوای مردنی مستەفا کەمال لە ١٠ی تشرینی دووەمی سالی ١٩٣٨ هلبژێرا بە سەرۆك کۆمار و سەرۆکی پارتی کۆماری گەل ، ئیبراخیم خەلیل ئەحمەد ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٤٣_٤٤.

٥٨) عەزیز شەمزینی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٩٦.

٥٩) هەمان سەرچاوە ، ل ١٩٨.

٦٠) عەزیز شەمزینی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٩٩.

٦١) بلەج شیرکو ، المصدر السابق ، ص ٧٩_٨٠. ؛ بۆ ژمارە و داتاکانی کۆچپێکراوانی کورد بروانە هەمان سەرچاوە ، ص ص ٨٠_٨١.

٦٢) زیرار شالیان ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٧٨_٧٩.

٦٣) حسرهتیان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٨.

٦٤) هەمان سەرچاوە ، ل ٢٩.

٦٥) وەرگیراوە لە ، حسرهتیان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٩.

٦٦) گۆشنەر دیشنەر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٠٩.

٦٧) بلەج شیرکو ، المصدر السابق ، ص ١٠١.

٦٨) عەزیز شەمزینی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٧٤.

٦٩) بلەج شیرکو ، المصدر السابق ، ص ١٠١.

٧٠) المصدر نفسه ، ص ص ١٠٢_١٠٣.

٧١) دیفید ماکداول ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٣٣.

٧٢) حمید بوز ئەرسەلان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٦٤.؛ گوشنەر دیشنەر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٠٩.

٧٣) دیشنەر ، هەمان سەرچاوە.

٧٤) ماکداول ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٣٢.

٧٥) عەزیز شەمزینی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٦٦.

٧٦) هەمان سەرچاوە ، ل ١٨٤.

٧٧) کریس کۆچێرا ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٣.

٧٨) روبرت اولسن ، المصدر السابق ، ص ٨٢.

٧٩) المصدر نفسه ، ص ص ٨١ _ ٨٢.

٨٠) المصدر نفسه.

٨١) کریس کۆچێرا ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٧.

٨٢) کریس کۆچێرا ، سەرچاوەی پێشوو ،ل ١٠٣.

٨٣) ماکداول ، سەرچاوەی پێشوو ، ٣٣٠.

٨٤) گۆشنەر دیشنەر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٩٨.

٨٥) روبرت ولسن ، المصدر السابق ، ص ص ١٩٩ _ ٢٥٢. بۆ زانیاری زیاتر و درێژەی ڕووداوەکانی ئەم شۆڕشە ، بڕوانە: هەمان سەرچاوە ، ص ص ١٩٩_ ٢٥٢؛ کریس کۆچێرا ، سەرچاوەی پێشوو ،لا ١٠٣ _١١٧ ؛ جرجیس فتح الله ، المصدر السابق ، ص ص ٢٩٥ _ ٣١٤.

٨٦) روبرت اولسن ، المصدر السابق ، ص ص ٢٥٢ _ ٢٥٣.

٨٧) دیڤید ماکداول ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٣٢٦ _ ٣٢٧.

٨٨) کریس کۆچێرا ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١٣.

٨٩) گوشنەر دیشنەر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٠٠.

٩٠) ماکداول ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٣٢٦_٣٢٧.

٩١) عبدالرحمن قاسملو ، کوردستان و کورد ، و. عبدالله حسن زادە ، چاپی شەشەم ، چاپخانەی ڕۆژهەلات (هەولێر _ ٢٠١٢). ل ١٥٩.

٩٢) بلەج شیرکو ، المصدر السابق ، ص ١٠٢.

٩٣) گوشنەر دیشنەر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٠٠.

٩٤) کۆچێرا ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ١١١ _ ١١٢.

٩٥) دیفد ماکداول ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٣٤.

٩٦) جواهر لال نهرو ، لمحات من تاریخ العالم ، ط ٢ ، منشورات المکتب التجاري ، (بیروت _؟). ص ص ٢٥٩ _ ٢٦٠.

٩٧) المصدر نفسه.

سیاسەتی حکومەتەکانی تورکیا و ڕەوشی گشتی کوردستانی باکوور

عەلی حاجی زەڵمی

کوردستانی باکووور لە سییەکانی سەدەی بیستەمی جەنگی جیهانی دووەمدا بەتوندی سەرکوتکرابوو، دەسەڵات و یاسا لەسەر مەسەلەی کورد زۆر دیسپۆتیزم و هەستیار مامەڵەیدەکرد، خامۆشی و سەرکوت و گەمارۆی سەر کوردستانی باکووور، دەنگوڕەنگی کوردانی باکوور و بارودۆخەکەیانی لەبەردەم دنیای دەرەوەدا شێواندبوو، هەربۆیە زانیارییەکانی سەر ئەو قۆناغە زۆر لێڵ و پەنهانن، هێندە دەزانرێ لە دواین زەبری سەردەمی تاکحیزبی کۆماری تورکیا بۆسەر کورد و جووڵانەوەی کوردستانی باکوور، لەداردانی (١٢٠) کەس بوو لە سەرۆکهۆزەکانی کورد لە دیاربەکر، ئەم ڕووداوەش لە بەهاری ساڵی ١٩٤٥ز بوو، ڕووداوەکە بە بیانوی کۆبوونەوەی جەماوەری کوردی دیاربەکر بوو دژی سیاسەتەکانی حکومەت، بەمجۆرە چ لە ساڵانی جەنگی جهانی دووەم و چ لە ساڵانی یەکەمی دوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی دووەم، دەسەڵاتدارانی تورکیا زۆر لەسەرخۆ و بەوریاییەوە هەندێ هەنگاویاننا بۆنەوەی جووڵانەوەی کوردی بەوجۆرە بێدەنگ و مرێنراوییەی خۆیەوە بێنێتەوە، ئەوان زیاتر لە دروستبوونی کۆماری دیموکراتی مهاباد لە ڕۆژهەڵات کوردستان دەترسان، چونکە ئەمە دەبووە هۆی بەهێزبوونی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە کوردستانی باکوور، هەربۆیە لەکۆتایی ساڵی ١٩٤٥و سەرەتای ساڵی ١٩٤٦ز دا دەسەڵاتدارانی تورکیا دەستیانکردەوە بە ڕاگواستنی کوردی نزیك سنوورەکانی ئێران و عێراق بۆناو قوڵاییەکانی تورکیا، بەڵام لە ئەنجامی توندوتیژبوونی بارودۆخی سیاسی ناوخۆ ناچاربوون تاوێ دەست لە سیاسەتی لەناوبردنی کورد هەڵبگرن، جگەلەمەش لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی دووەم، ئیتر لەناو چینی باڵادەستی تورکیادا بۆچوونیتر دەربارەی کێشەی کورد پەیدابوون، ئەمەش لەگەڵ گۆڕانە نێونەتەوەییەکانی دوای جەنگ و سەرهەڵدانی سەردەمی فرەحیزبی تورکیادا هاتەگۆڕێ.

دیارە لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی دووەم لە تورکیا، سیستمی فرەپارتی سەریهەڵدا و رۆڵی جەماوەر لە ژیانی سیاسیدا پەرەیسەند، هەر لەمکاتەدا بزووتنەوەی ئازادییە دیموکراتییەکان و نەمانی چاودێری رۆژنامەوانی و لابردنی یاسا توندوتیژەکان و رێگەدان بە فرەپارتایەتی و سەقامگیرکردنی سیستمی کرێکارییەکان و چاکسازی بواری ئابووری هاتبووەگۆڕێ، لەتورکیاشدا خواستێکی نوێ بۆ گونجاندنی یاساکانی وڵات لەگەڵ بنەما ئایدۆلۆژییەکانی دیموکراتی خۆرئاوا لەدایکبووبوو، عیسمەت ئینۆنۆ، لە یەکی تشرینی یەکەمی ١٩٤٥دا رایگەیاند: پێویستە سەرەتای قۆناغێکی نوێ لەتورکیادا رووبدات. هەربۆیە سەرۆکی تورکیا لە پەیامی ساڵانەیدا بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی گەورە، پێشوازیکردبوو لە دەرکەوتنی پارتی بەرهەڵستکار لەوڵاتدا، هەروەها داوایکردبوو چالاکییە دیموکراتییەکان فراوانتربکرێت کە خۆیان لەدەسپێکی ئەزموونی فرەپارتایەتیدا دەبینییەوە، لەبەرامبەردا جەلال بایار، عەدنان مەندەریس، فوئاد کوپەرلو، ورفیق کورئالتان لە ٧ی حوزەیرانی ١٩٤٥ز راپۆرتێکی ناسراو بە راپۆرتی چوارینەیان دەرکرد کە تیایدا رەخنەیان لە میتۆدی ناوخۆی پارتی دەسەڵاتدار (پارتی گەلی کۆماری) گرتبوو، ئەوان خواستی چاوپیاخشاندنەوە بەتەواوی یاساکان و فراوانکردنی ئازادییە دیموکراتییەکانیان هەبوو، لەسەرەتادا ئەم رەخنانە قەبوڵنەکران و رەخنەگرانیش لەناو حیزبیشدا دەرکران، دواتر نەتەوەییە تورکەکان کە ئاراستەیەکی ئایینیان هەبوو خواستی حیزبێکی سیاسیان پێشنیارکرد کە بەڵکو هەوڵێکبن بۆ بینینی رۆڵی بەرهەڵستکاری لەحکومەتدا، ئەوەبوو لە ١٨ تەمموزی ١٩٤٥ز حکومەت واژۆی دواکارییەکەی کرد و پارتی راپەرینی نەتەوەیی دامەزرا، ئەمەیش یەکەمین حیزبی بەرهەڵستکاربوو کە لەوقۆناغەدا لەدایکبوو، دواتر خواستی هەڵبژاردنێکی راستەوخۆشیان خستەبەردەم دەسەڵاتداران، بەڵام نەیانتوانی هیچ کورسییەك لە هەڵبژاردنی ١٩٥٠ز بەدەستبهێنن، ئەوکات جەلال بایار لە حیزبی کۆماری دەرکرابوو، ئەوەبوو لە ٧ی کانونی دووەمی ١٩٤٦ز حیزبێکی نوێی بەناوی (پارتی دیموکرات) دامەزرا لەدەرەوەی دەسەڵاتدا، لەگەڵ ئەم پارتەشدا رێساکانی تورکیا رێگایان بە دروستبونی چەندین پارتی ئایدیا جیادا کە بریتیبوونلە:

١. حیزبی سۆسیالیستی تورك.

٢. پارتی کرێکاران و جووتیاران.

٣. پارتی نومە.

له بواری رۆژنامەگەریشدا سالانی (١٩٤٦- ١٩٥٠) ٤٠٪ ی ئەو رۆژنامانەی که دەردەچوون لەئێستاشدا بەردەوامن، ئیتر ئامادەیی جەماوەر و خواستی گۆڕانکاری هەموو تورکیای گرتەوە، ئاراستەی چەپ و ئیسلامی لیبرالی ململانێیەکی توندی خزاندە ناوخۆی تورکیاوە، لێرەوە کێشەی کوردیش وەکو کێشەیەکی شاراوە و چارەنەکراو زۆر بەگەرموگوڕی لەبەردەم ستراتیژ و سیاسەتی پارتەکاندا راستبوویەوە و پێویستی بە چارەسەر هەبوو، له هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٥٠ کە بە یەکەمین هەڵبژاردنی ئازاد لە مێژووی تورکیا دێتەهەژماردن، پارتی دیموکرات سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ئەم پارتە خۆی بە نوێنەرانی دەرەبەگ و خاوەن زەوی و پیاوانی ئایینی دەبینییەوە کە پێیوابوو ئەوان واقیعی کۆمەڵگای تورکیا حیساب بۆدەکەن، ئەم حیزبە چوار ساڵ پێش سەرکەوتنی لەلایەن خاوەندارێکی گەورەی وەکو عەدنان مەندەریس و جەلال بایاری سەرۆکوەزیرانی سەردەمی ئەتاتورکەوە دامەزرابوو، پشتیوانی خەڵك لەوان مانای رازیبوونی خەڵك نەبوو بە بەرنامەی پارتەکەیان، بەڵکو کاردانەوەیەك بوو بەرامبەر بە بەربەست و ستەمی چەندین ساڵەی کەمالیزم، سەرکەوتنی ئەوان لەسەر بنەمای سەرکەوتنی بۆرجوازییەتی تورك بوو، لە یەکەم هەڵبژاردندا کورد و تورك هەردوولا خاوەنی دەنگبوون، لەم سەروبەندەدا تارادەیەك هەناسەیەکی ئارام دونیای وێران و جینوسایدی خەڵکی زەبوونی کوردی گرتەوە، ئەو کوردانەی تا ئەوکات رووبەڕوی جینۆسایدی رەگەزی و بایەلۆجی دەبوونەوە، رابەرانی فیودالی رێگەیاندا کوردە دوورخراوەکان بتوانن سەردانی شوێنە لێدورخراوەکانیان بکەنەوە و دەیانهێشت زەوییەکانی رابردوویان ببیننەوە، ئەمە تەنها هەوڵێکی دیموکراتییەکان بوو تا دەنگی کورد رابکێشن، لەبەرئەوەی تا ئەوکاتە گیانی عەشیرەتگەری و دەرەبەگایەتی و ناوچەگەریەتی لەناو کورد شوێنی سەنگینی خۆی هەبوو، پێکهاتەی پارتی دیموکراتی تورکیایش لەسەر ئەو بنەمایە دامەزرابوو، هەربۆیە کوردەکان تێچوێکی باشیبوون بۆ پڕکردنەوەی سندوقەکانی دەنگدان لە بەرژەوەندی پارتیدا، ئیتر دەبوایە لەبەرامبەر ولاوکردنیاندا نەرمییەك بنوێنن، دیارە ئەمەیش تا ئەوکاتە بوو کە دەنگی کوردانیان بەکارهێنا و بە هێزی دەنگی کورد سەرکەوتن، ئەگەرنا وەکو تێڕوانینی گشتی دەڵێت: "فەلسەفەی پارتی دیموکرات هیچ جیاوازنەبوو لە فەلسەفەی پارتی گەلی کۆماری"، ئەویش پێداگری لەسەر شەش بنەماکەی ئەتاتورك دەکردەوە، لەبەرئەوە سەرکەوتنی ئەو پارتە شکستنەبوو لە ئامانجەکانی بۆ پارتی گەلی کۆماری، بەڵکو گواستنەوەی سیستەمی تاکحیزبی بوو بۆ فرەحیزبی، تەنانەت ئەم هەوڵەی

تورکیا بە یارییەك دادەنرێت لەنێوان سیاسەتمەدارانی ئەوکاتەی تورکیا.

سەبارەت بە رەوشی کورد لەرووی فەرهەنگی و سیاسی و ئابوورییەوە، هەروەها شوێنی کورد لە دەستور و رێساکانی تورکیا و سیاسەتی حکومەتە نوێیەکان لەمەڕ کورد، دەکرێ بڵێین قۆناغێکی تاریك رووی لە جیهانی کوردان کرد لەوقۆناغەدا، لەبەرئەوە خزانی تورکیا بۆ ئامێزی خۆرئاوا و ئەمریکا، سەرلەتی شۆڤێنی تورکی چاکتر بەردایە حالۆبالی ژیانی کورد، شوێنی کورد نەك هیچ گۆڕانی رووەو چاکەی نەدی، بەلکو وێرانتربوو، پەیمانی هاوبەشی دەوڵەتانی هاوبەرژەوەند زیاتر کوردیان لەپەلوپۆخست، تورکیا وەك وڵاتێکی زۆر نزیك لە ئینگلتەرا و ئەمەریکا ئەرکی راستەوخۆی جێبەجێکردنی پلانەکانی وڵاتانی رۆژئاوای گرتەئەستۆ، تەنانەت پاش چوونەنانەوەی تورکیا بۆ هاوپەیمانیەتی باکووری ئەتڵەسی ساڵی ١٩٥١، ئیتر بەپێی مادەی سێی ئەم هاوپەیمانییە چەندەها رێکەوتنی شاراوەی نهێنی و دوور لە هۆشداری گەلانی تورکیا بەستران، هەمو ئەمانەش ئاکامەکانیان بە زیانی کورد و کێشەکەیدا دەشکانەوە، دواتر بەمەبەستی دروستکردنی هاوپەیمانیەتییەکیتر لە ٢٤ی شوباتی ١٩٥٥دا لە شاری بەغداد، لەنێوان عێراق و تورکیا رێکەوتننامەی هاوکاری مۆرکرا کە دواتر بە رێکەوتننامەی بەغداد ناسرا، لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٥دا وڵاتانی ئینگلیز و پاکستان و ئێرانیش بوونە ئەندام.

دیارە هاوپەیمانی بەغداد هەستکردنبوو بە پەرەسەندنی مەسەلەی کورد، عیسمەت شەریف وانلی کە سیاسەتمەدار و رۆشنبیرێکی کوردە و بۆ جووڵانەوەی کوردی خەباتدەکات، چەندین نامەی ئاراستەی (un) کردووە سەبارەت بە پەیماننامەی بەغداد، ئاشکرایکردبوو ئەو هاوپەیمانییە خەسلەتی دژەکوردی هەیە، هەر لەوبارەیەوە عیسمەت شەریف نووسیبووی: "دەتوانم باوەڕتانپێبهێنم کە بوونی کورد تاکە هۆکاری سەرەکییە لە دروستبوونی هاوپەیمانی بەغداد لە نێوان تورکیا و ئێران و عێراقدا، هەموو ئەمانە بەمەبەستی لەنێوبردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد یەکیانگرتووە و ئینگلتەراش دژی کورد کاردەکات"، ئەو پێیوابوو بەریتانیا دەیەوێ رەوشی ئێستای کورد هەروەکو خۆی بێت، تا بەسەرکەوتوویی نەوتی ناوچەکە بەتاڵانبەرێت. لەبەرئەوە تەنها کورد قوربانی سیاسەتی نوێی رۆژهەڵاتە و هیچ بەڵگەیەکیش بۆئەو راستییە پێویستناکات، خۆرئاوا و ئەمەریکاش کاریان بە تورکیا بوو، ئەودەمانە دەسپێکی جەنگ و گەرمەی جەنگیسارد بوو، تورکیا لە ستراتیژیەتی رووبەڕووبوونەوەی ئەمەریکا لەگەڵ شوعییەتدا بەردێکی سەنگینی بناغەبوو، لەبەرئەوە پەیمانە ستراتیژییەکانی

تورك لەگەڵ دنیای دەرەوەدا وای لە عەقڵی شۆڤێنی تورکان کرد کە بەبێ گوێدانە هیچ بنەمایەکی یاسایی، تەنانەت بە یاسا و دەستوور حاشا لەبوونی کورد بکات. هەربۆیە ئەو ئامارانەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دوای ساڵی ١٩٤٦ز، لەمەڕ کورد بڵاو نەکراتەوە کەشوهەوای سیاسی کردبوو، سەرلەنوێ داخرایەوە، لەبەرئەوە ئەنقەرە بەردەوامبوو لەسەر سیاسەتی توندوتیژی دەرهەق بە مەسەلەی نەتەوەیی لە کوردستانی تورکیا. تورك بەفەرمی بەردەوامبوو لەسەر حاشاکردن لەبوونی کورد وەك گەلێك، کە ناسنامەی تایبەتی خۆی هەیە، تەنانەت لەگەڵ ئەوەی ئاخافتنی کوردی لە حزووری فەرمانبەرانی تورك بە یاسا قەدەغەبوو، سزای توندیشی لەدوابوو، حاشاکردن لەبوونی ماددی کوردیش لەئارادابوو.

جەلال بایار سەرۆکی تازە کاتێك ساڵی١٩٥٣ واتە ساڵێك پێش ئەوەی تورکیا نە پەیمانی ناتۆ وەرگیرابوو سەردانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای کرد، رۆژنامەوانان هەندێ پرسیاری رووگیریان لێکرد، ئەو هیچ خۆی شلۆقنەکرد و بێلەروودامان پێیڕاگەیاندن "کە هیچ کەمینەیەکی نەتەوەیی لەتورکیادا نییە".

ئەندامێکی پەرلەمانی بەریتانیا (فیلیب برایس) ساڵی ١٩٥٦ز سەردانی ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتی تورکیای کرد و دواتر نووسی "دەسەڵاتداران نایانەوێ دانبنێن بەبوونی گەلانی وەکو کورد و ئەرمەن کە لەووڵاتەدا دەژین، لەکاتێکدا تەواوی ئەو بیانیانەی سەردانی ئەوێیانکردووە بەدرێژایی پێش ٤٠ ساڵ لەومێژووەوە، دانیانبەوەداناوە کە کورد بەشێکی گەورەی دانیشتووانی تورکیایە و نەتەوەیەکی رەسەنی ئەو خاکەن و بە زمانی خۆیان دەدوێن، تەنانەت لەنێوان ئەوان و تورکدا هیچ شتێکی هاوبەش بوونی نییە".

کورد بەپێی ئامارەکانی بەریوەبەرایەتی نێوەندی تورکیای ساڵی ١٩٥٥، ١٢٪ی دانیشتووانن، کە ٢٣ ملیۆن کەسی تورکیایان پێکدەهێنا، بەڵام ئەو رێژەیە زۆر دوورە لەڕاستییەوە، تەنانەت تەنها کوردی ناوچە کوردییەکانیان بە کورد نووسیبووە کە زۆرینەیان خۆشیان لە مەترسی هەڕەشە و گورەشەدا بە تورك نووسیبوو، لەگەڵ ئەوەشدا کوردانی راگوێزراوی دەرەوەی کوردستان دیارینەکرابوون، کورد هێندە فشاری گۆڕانەکانی تورکیای لەسەربوو کە (سی. جی. ئەدمۆنس) لە کتێبی (الکورد والعرب والترك)دا لە چاپی ئینگلیزی ساڵی ١٩٥٧دا دەڵێ: "لە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە بیستوومە کە کورد و دەنگی کورد، بە پلەیەکی چاوەڕواننەکراو گرنگ و بە بایەخبوون لەهەڵبژاردنەکاندا، بەڵام دەسەڵاتدارانی تورك

دانانێن بەوراستییەدا و دانانێن بەبوونی هیچ نەتەوەیەك بێجگەلە تورك"، هەمان ئەندامی پەرلەمانی ئینگلیز لە رۆژنامەی مانجستەر کاردیانی ئینگلیزیدا لە ١٩٥٦ز دەڵێت: "لەو دورگەیەی سەربە دەریاچەی وانە، کەنیسەی ئەرمەنی وێرانکراوە، فەرمانبەرانی تورك رێگەیانتەدەدا بە بیانییەکان رووبکەنە ئەوێ". ناوبراو دەڵێ: "هەمانعەقڵیەتی رابردوو (کە مەبەستی سەردەمی دیسپۆتیزمی ئەتاتورکە) بۆ ئێستای تورکەکان ئامادەیی هەیە"، بەجۆرە پارتی دیموکرات تا ساڵی ١٩٦٠ لەشوێنی دەسەڵاتدا مایەوە، سیاسەتی ئەم حیزبە لەگەڵ ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی نوێگەریبوو بۆ ژیانی مەزهەبی و عەشیرەتگەری، بەتایبەت لە ناوچە کوردییەکاندا ئەو حیزبە رێگەیدەدا شێخ و تەریقەتە کوردییەکان کە نفوسێکی زۆریان لەناو کوردا هەبوو کار و چالاکیبکەن، بەڵام هیچجۆرە مەیلێکی نەتەوەگەری و کلتوری و فەرهەنگی و رۆشنبیری کوردی رێگەی نەدەبوویەوە، کورد تەنها بەکارهێنراوبوو چ لەرووی مرۆیی چ لەرووی سەروەت و سامان و تالانوبرۆی خاکەکەیەوە، چ لەرووی یاریکردن بە گیانی لاوانی کورد لە رێکەوتنە نێودەوڵەتییەکاندا، تورکیا وەکو ئەندامێکی هاوکاری ئەمەریکا هەزاران سەربازی تورکیای کە کوردەکان زۆرینەیان پێکدەهێنان بۆ جەنگی کۆریا نارد، چەندەها بنکەی سەربازیش لە چوارچێوەی پەیمانێکی رێکەپێدراوی ئەمەریکا لە ٢٦ی فوریەی ١٩٥٤ لە کوردستان دامەزرا، هەر هەمان رژێمی مەندەریس بوو کە دەیەویس لە حاڵەتی شاڵاوێکی شورەویدا هەموو کوردستان بە بۆمبایەکی ئەتۆمی بەئاسماندا بەرێت، ئەم نیازە بەهۆی شۆرشی تەموزی ١٩٥٨ی عەبدولکەریم قاسمەوە ئاشکرابوو، دیارە شۆرشی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨و رووخانی رژێمی پادشایەتی لە عیراق و دەرچوونی لە هاوپەیمانی بەغداد گورزێکی کوشندەبوو درا لە سیاسەتی شۆڤێنیانەی تورکیا و عیراق و ئێران، هەرچەندە بارودۆخی کورد لە تورکیا هەروەکو خۆی مایەوە، چونکە حکومەتی حیزبی دیموکرات بەردەوامبوو لە سەرکوتی جووڵانەوەی دیموکوراسی و بەرزبوونەوەی هەرجۆرە دەنگێکی نارەزایی لەناو کوردەکانی تورکیا، لە ١٧ی دێسەمبەری ١٩٥٩دا حکومەتی تورکیا ٤٩ رۆشنبیری کوردی زیندانی کرد کە بەشێکیان نوێنەری خوێندکارانی زانکۆ بوون، ئەگەرچی گرتنەکە ئەوپەری نهێنی و دڕندانەبوو لەهەمانکاتدا رێگە بە رۆژنامەکانیش نەدرا وەك هەواڵ بڵاوبیکەنەوە، چونکە حکومەتی تورکیا بەردەوام دەیەویست رایگشتی دنیا لە سەرکوتی کورد بێئاگابکات، بەهیچ جۆرێکیش گوێی بە خواست و داواکانی خەڵك نەدەدا، بەردەوامیشبوو لەسەر درێژەپێدانی سیاسەتی ناوخۆ دژبە بەرژەوەندییەکانی گەل،

بەشێکیتر لە سیاسەتەکانی حکومەتی مەندەریس لەبەرامبەر کوردا بەکارهێنانی ئاین بوو، لە ساڵی ١٩٦٠ز بودجەی دروستکردنی ٥٠٠٠ هەزار مزگەوتی دابینکردبوو بۆ کوردستان، ئەمەیش تەنها سیاسەتێك بوو لە بەرکارهێانی ئاین بۆ سەرکوتی بزاڤی کۆمۆنیزمی لەگەڵ ئەوەشدا حیزبی دیموکرات زۆر بەتوندی لە دژی ئەو دەمارگیرییە ئایینییانە رادەوەستا کە داواکاری دەستکەوتێکی زۆرتربوون لەودەسکەوتانەی کە هەیانبوو، لە ئەنجامی هەموو ئەم سیاسەتانەدا لەناوخۆی تورکیاشدا دەنگی دژ زیادبوو، دواجار لە ٢٧ی ئایاری ١٩٦٠ کودەتای دەوڵەتی تورکیا ڕوویدا، ئەم کودەتا کۆمەڵێك ئەفسەر و جەنراڵی پایەبەرزی سوپا لەکۆمیتەیەکدا بەناوی کۆمیتەی یەکیەتی نەتەوەیی یەکیانگرتبوو، ئەو کودەتایەیان ئەنجامدا و دواتر تەواوی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی یاسادانان و ئەنجومەنی جێبەجێکردن کەوتنەدەستی ئەم کۆمیتەیە، یەکێك لە هۆکاری ئەم کودەتایە بە قسەی ئەندامانی کۆمیتەکە بریتیبوولە مەترسی (کێشەی کوردی)، کە بەئاشکرا هەڕەشەی لە یەکپارچەیی خاکی تورکیا دەکرد، ئەم کودەتایش ئەنجامدرا و ئاواتی کۆمەڵە پێشکەوتخواز و هێزە دیموکوراتییەکانی نەهێنایەدی، راستە لەگەڵ کودەتا زۆر لە زیندانییەکان ئازادکران، بەڵام نوێنەرانی رۆشنبیری و ناسیۆنالەکانی کورد کە تاوانبارکرابوون بە کار و چالاکی دژبە بەرژەوەندی تورکیا هەر لەزینداندا مانەوە، لەبەرئەوە کورد ئەگەرچی قوربانی دەستی حکومەتی عەدنان مەندەریس بوو، بەڵام لەلایەن ئەنجومەنی سوپای نوێشەوە چاکتر هەراسانبوو، سیاسەتی دوورخستنەوەی هێزی مرۆیی و رۆشنبیری و جموجوڵی لاوانی کورد بۆ خۆرئاوای وڵات باشتر درێژەی هەبوو کە ئەمجارە زیاتر ئاماجی نوخبە و خوێندەوارەکانی کوردبوو، ئەو دەمانە جموجوڵی کوردستانی باشوور و پێوەندییەکانی هەستی کوردایەتی کوردستانی باشوور و باکوور لەگۆڕێدابوو، ژەنراڵ جەمال گۆرسێل بە کوردەکانی تورکیا هۆشداریدا کە بەهیچجۆرێك نابێت بەرگری و پارێزگاری لە شۆڕشەوڵتانی مەلا مستەفای بارزانی بکەن یاخود نابێت رێ بەخۆیان بدەن بیر لە شۆڕشی لەوجوورە بکەنەوە، لەگەڵ ئەوەی لەتورکیادا ئازادییەکی سیاسی رێژەیی لەنێوان ساڵانی ١٩٦٠ ـ ١٩٧٠ هاتبووەئاراوە، ئەویش تەنها لە بوارەکانی دەرکەوتنی کۆمەڵە چەپڕەوەکان کە رۆشنبیری کورد و تورکی لەخۆگرتبوو خۆیدەبینیەوە، بەڵام رەوشی رۆژهەڵاتی تورکیا لەوقۆناغەدا لەهەموو رووەکانەوە لە لوتکەی وێرانی و تاریکیدابوو، بەپێی یاساش جەمال گۆرسیل دژی هەر جموجوڵ و بوونێکی کورد بوو. کودەتا پاش سەرکەوتنی لە ١٥ی سێپتێمبەری ١٩٦١ حوکمی لەسێدارەدانی هەریەك لە

سەرۆککۆمار جەلال بایار و سەرۆکوەزیران عەدنان مەندەریسی لە گەڵ وەزیری دەرەوە فتین روشدی زولولو وەزیری دارایی حەسەن بولتقانی دەرکرد و پاشان جێبەجێیشیکرد، تەنها حوکمی جەلال بایاریان کرد بە زیندانی ئەبەدی، دواتر بڕیاریاندا بە هەڵبژاردنێکی نوێی پەرلەمانی لە ١٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٦١ز، لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکەدا حکومەتێکی ئیئتیلافی پێکهات و جەمال گورسیل بووبە سەرۆکی حکومەتی تورکیا، ئەو لەهەموویان زیاتر هەڵپەی پێداگرتنی لەسەر بەهێزکردنی رۆحی ناسیۆنالستی و رەگەزپەرستی لە پرۆژەی دەستوری نوێدا دەکرد، لە وتەیەکی بەنێویانگیدا وتبووی: "ئێوە ئاگاتان لەوململانێیە نییە کە ئێمە لەگەڵ کوردیزمدا دەیکەین، ئەگەر ئێمە واز لە ناسیۆنالیزم بێنین، ئایا ئەوان پاڵدەدەنە لای ئێمە؟ بۆیە ئێمە پشتبە ناسیۆنالیزم دەبەستین، پێش هەمووشتێك نەتەوەکەمان دەبێتە نەتەوەی تورکیا و پێویستە تورکی بێت، ئەگەر ئێمە واز لەمە بێنین، ئەوا دوای پەنجا ساڵ تاقە یەك تورك لەوڵاتدا نامێنێت".

بەمجۆرە دەسەڵاتدارانی تورکیا لە هەوڵی ئەوەدابوون کە کەمەنەتەوەکانیتر بتوێننەوە، لەوانەیش نەتەوەی کورد، بەڵام لە دەستوری ساڵی ١٩٦١ هەندێك حاڵەت و دۆخی وایتیابوو کە لە دەستوری ساڵی ١٩٢٤ز بوونینەبوو، بۆنموونە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دانبەوەدانرابوو کە میللەتانیتری ناتورك لەوڵاتدا بوونیان هەیە، بەگوێرەی ماددەی دوانزە هەمووان بەرامبەر بە یاسا یەکسانن، بەبێ جیاوازی زمان، رەگەز، جیاوازی ئایینی و مەزهەبی، بەڵام هەوڵ بۆئەوەبوو دۆخی دەستورەکە بەجۆرێکبێت کە بڵێن لەتورکیادا تەنها تورك هەیە، بەردەوام دانەرانی دەستور دەیانەوێت بەشێوەیەکی فراوانتر تەفسیری وشەی تورك بکەن، ماددەی ٢٤ دەنووسێت: "هەرکەسێك هاووڵاتیبوونی بە دەوڵەتی تورکیاوە گرێدرابێت تورکە"، بەمشێوەیە دەستوری ساڵی ١٩٦١ نەیتوانی خۆی لە دیاردەی شۆڤێنیزمی و رەگەزپەرستی تورکی رزگاربکات کە ئایدۆلۆژیاکەی هەموجۆرە مافێکی کەمەنەتەوەییەکانی لە کۆماری تورکیا رەتدەکردەوە، بۆ سەلماندنی راستی قسەکانمان ئەم ماددانە دەخەینەڕوو:

- دەسەڵاتی باڵای دەوڵەت بێقەیدوشەرت دەبێت لە دەست نەتەوەی تورکیا بێت (ماددەی ٤).
- هەموو تورکێك مافی خۆیەتی لە یەکێك لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا کاربکات (مادەی ٥٨).
- هەموو تورکێك تەمەنی بگاتە ٣٠ ساڵ بۆی هەیە خۆی کاندیدبکات (مادەی ٦٨).
- هەر تورکێك تەمەنی بگاتە ٤٠ ساڵ و بڕوانامەی خوێندنی باڵای هەبێت، دەتوانێت خۆی وەکو سیناتۆر هەڵبژێرێت (مادەی ٧٢).

لەبەرئەوە ئەو چاوەڕوانییەی لە ئەنقیلابی ۲۷ی مایسی ۱۹٦۰دا دەکرا بە سەرۆکایەتی جەمال گورسیل کە چاوەڕواندەکرا رژێمێکی نوێ و سیاسەتێکی نوێ لە گەڵ کورددا پێشبگرێت زۆر پێچەوانەبوو، ئەو لە وەڵامی پرسیارێکی پەیامنێری رۆژنامەی THE TIMEی ئەندەنیدا کە پرسیبووی ئاخۆ رژێمی نوێ دانبە مافەکانی گەلی کورددا دەنێت یان نا، گورسیل وتبووی: "دەڵێی مێژووت نەخوێندووەتەوە، لەتورکیادا شتێکی لە بابەتی کورد و کوردەواری هەر وجوودی نییە"، هەروەها لە کۆتایی ئۆکتۆبەری ۱۹٦۰ز لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری شاری دیاربەکری کورددا هەمان دەهۆڵی کوتابوویەوە: ".. نەتەوەیەك نییە نێوی نەتەوەی کوردییەتە نێوە گشتتان تورکن"، هەروەها گورسیل لە گوتەیەکیدا لە ساڵی ۱۹٦۳ز لە شاری دیاربەکردا کینە و داخی دڵی پێناشاردرێتەوە و دەڵێت: "تفبکەرە چارەی ئەوکەسەی کە پێتدەڵێت تۆ کوردیت". حیفزی ئوغوز بەکاتای وەزیری نێوخۆ لە ۱۹٦۳دا وتبووی: "کوردەکانیش وەکو تورکمان و ئۆزبەگەکان بە رەچەڵەك تورکن"، وەزیری ناوخۆ ساڵی ۱۹٦٦ز (خلدون منتس ئوغلو) سەردانی شاری فارتوی کرد کە لە ساڵی ۱۹٦٦ز بومەلەرزە لێیدابوو، ئەو لەبری هەموو دڵدانەوەیەك بۆسەر خەڵکی لێقەوماوی کورد نەراندی: "ئەم هەموو هاتوهاوارەی بۆچییە؟ ئالەم شارەدا تەنها ۳۰۰۰ هەزار کەس مردووە، تەماشای ڤێتنام بکەن لەوێندەر پتر لە ۳۰ هەزار کەس مردووە" کە کوردەکان ناڕازیی خۆیان لەمەڕ ئەم رەفتارە دەربڕی وەزیری نێوبراو ئەو حەقیقەتەی وەبیرهێنانەوە کە دەبێت هەمیشە لەبیریانبێت و لەوتەیەکدا وتی: "من دەنگی کۆمەڵێك ئاژەڵ دەبیستم کە لە زاری بەشەرەوە دێن، ئەوەی لەم وڵاتەدا رازینییە دەرگاکراوەیە و بابڕوات لەوڵاتێکدا بژی کە پێیخۆشە"، ساڵی ۱۹۷۱ رەوشی کوردستان رووبەڕووی دۆخێکی سەخت و ئاڵۆزتربوویەوە، پێش ڕوودانی ئەو کودەتایەش رەوشی کورد لەتاریکیدابوو، تەنانەت ساڵی ۱۹٦۷ حکومەتی جەودەت سوونای یاسایەکی دەرکرد بەپێی ئەو یاسایە بە رەسمی زمانی کوردی قەدەغەبوو، لەوکاتەوە تەواوی کتێب، رۆژنامە، تەوار، شریتەکان بە کوردی قەدەغەکران، پاش رێککەوتنی ۱۱ی ئازاری ۱۹۷۰ی کوردی عیراق کە ئوتوتۆمیان پێکرا، لەبەرامبەردا تورکیا مامەڵەی نامرۆڤانەی دژی کورد بەتینترکرد، هەرلەوکاتەدا چەندین خوێندکاری کورد بە دەستی تورك تیرۆرکران، ئەوەبوو پاش ۱۱ی ئازاری ۱۹۷۰ هێزەکانی کۆماندۆی تورکیا بەربوونە گیانی خوێندکارانی کورد، ئەوانەی هێزی خۆپیشاندانەکان بوون، سەبارەت بە ئەتککردنی ژن و منداڵی کوردیش، لە حەوت و هەشتی ئاورێلی ۱۹۷۰دا ۲۰۰۰ هەزار سەربازی تورك بە

پشتیوانی شەش کۆیتەر پەلامەری شارۆچکەی سلیڤانی سەربە پارێزگای دیاربەکریاندا، تەواوی خەڵکیان کۆکردەوە و لەپێش چاوی پیاوە دەسگیرکراوەکاندا بەزۆر سواری ژنەکانیان دەبوون، ئەوجا دانیشتووانی شارەکەیان ناچارکرد لە سەرزەوی راکشێن و سەربازەکان بەسەر ئەو فەرشە گیاندارانەدا سەمای فۆلکلۆری تورکییان سازدەکرد کە تەنها لەورووداوەدا هەشت کورد گیانیان لەدەستدا کەیفی لەو یاریانەیان لە ناوچە کوردییەکانیدی وەکو (دێریك، میدیات، بیسمیل، باتمان)دا دووبارەکردەوە، ساڵی ١٩٧١ حکومەتی سلێمان دیمریل رووبەڕووی کێشەگەلێکی زۆری ئابووری و خۆپیشاندانگەلێکی زۆر بوویەوە. لەزانکۆکاندا فەوزا و بێسەروبەری و ململانێی تایفی و ئایینی و چەپگەری و لیبراڵگەری تەنوتکەدابوو، پێکدادان لەنێوان رەگەزی راستڕەو و چەپڕەودا زیادیبوویوو، بەتایبەت ساڵانی ١٩٧٠ ـ ١٩٧١، رەوشێکی نائارام و توندوتیژ لەنێو وڵاتدا سەریهەڵدابوو، لەم نێوەندەدا سەرۆکی ئەرکانی گشتی و سەرۆکی گشتی هێزە چەکدارەکان لە ١٢ی ئازاری ١٩٧١ یادخەرەوەیەکی دایە جەودەت سۆنای سەرۆکی کۆمار کە داوایلێکردبوو بەدامەزراندنی حکومەتێکی بەهێز تا رووبەڕووی فەوزا و هەڵاوسانی ئابووری بێتەوە و چاکسازی کۆمەڵایەتی بکات، بەڵام سلێمان دیمریل ناچار ئیستیقالەی پێشکەش بە سەرۆکی کۆمارکرد، ئەمەش بواریکردەوە بۆ زنجیرەیەك لە هاوپەیمانیەتی نیشتیمانی و ناحیزبی کە سەرکردایەتی وڵاتیان کرد تاوەکو هەڵبژاردنی ١٩٧١، وەزارەتی یەکەم دکتۆر نیهاد ئیبراهیم گرتییەدەست تا ٢٦ی ئاياری ١٩٧١، دووەم کابینە فەرید ملن بوو، سێهەم لەلایەن نەعیم تالو بوو کە تا تشرینی یەکەمی ١٩٧٣ درێژەی هەبوو، ساڵی ١٩٧٣ هەڵبژاردنکرا و تیایدا پارتی گەلی کۆماری لەپێشەوەبوو، دواجار لە شوباتی ١٩٧٤ز هاوپەیمانییەك لەنێوان پارتی گەلی کۆماری و پارتی ئیخلاسی نیشتمانی پێك هات بۆدروستکردنی حکومەت، بەمەش بولەند ئەجەوید سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری بوو بە سەرۆکوەزیران و نەجمەدین ئەربەکان سەرۆکی پارتی ئیخلاسی نیشتمانی بوویە جێگری، ئەم دوو حیزبە لەڕووی ئایدۆلۆژی و سیاسەتی ناوخۆ دەرەوە تەبانەبوون، ئەربەکان خواستی وڵاتانی ئیسلامی و پێوەندی ئەوانی لەسەردابوو، لەبەرامبەریشدا بەپێچەوانەوە، ئەمەش بوویەهۆی ئەوەی دوای شەش مانگ بولەند ئەجەوید ئیستیقالەبکات، ئیتر حکومەتی ناحیزبی پێکهات کە تیایدا سلێمان دیمریل حکومەتێکی ئیئتیلافی پێکهێنا، بەمجۆرە ئەم رەوشە ئاڵۆزانە لەتورکیادا ئامادەیی هەبوو، تاوەکو کودەتای ساڵی ١٩٨٠، لەهەمانکاتدا هیچکام لەم حکومەتانە دوورتانزیك دانیانبەبوونی مافی کورددا نەدەنا، لەگەڵ ئەوەشدا لەڕووی

تەندروستی و کۆمەڵایەتییەوە کوردستان لە لوتکەی نالەباریدا دەژیا، دیارە تورکیا دوای جەنگی جیهانی دووەم لە کەرتی پیشەسازیدا ئابووری تورکیای تەواو فراوانکردبوو، ئەم فرەتییەشی دەگەڕایەوە بۆ بەرهەمهێنانی بیانی، بەتایبەت ئەمریکا بە هاوکاری لەگەڵ کەرتە ناوچەییەکاندا، بەڵام ئەم ئیستیسمارە تەواوی لە بەشەکانی خۆرئاوای وڵاتدا بوو، فیشر دەڵێتە "یارمەتییەکانی ئەمریکا لەدوای ساڵی ١٩٤٧ دەستیپێکرد کە هۆکاری سەرەکی پێشکەوتنی ئابووری وڵات بوو"، تورکیا لەنێوان ساڵانی ١٩٤٨- ١٩٦٢ بڕی ٣٨٠٠ ملیۆن دۆلار یارمەتی ئابووری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای وەرگرتبوو کە ١٦٠٠ ملیۆن دۆلاری یارمەتییە ئابوورییەکان بوو و ٢٢٠٠ ملیۆن دۆلاریش یارمەتی سەربازی بوو، ئەو دەمانە لە ساڵی ١٩٧٠ هەشت ملیۆن و نیو کورد زوبان لەتورکیادا دەژیان کە ٢٣٪ دانیشتووانی تورکیا بوون، لە ساڵی ١٩٧٠ تەواوی دانیشتووانی تورکیا ٣٥ ملیۆن و ٨٠٠ کەس بوون، هەرچەندە ئەم ڕێژەیەی ئاماری ١٩٧٠ زۆر دەقیق نییە، بۆچوون هەیە دەڵێت کورد ١٢ ملیۆن بوون، ناڕاستی ئەم ڕێژەیە و کەمی ڕادەی کورد دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە لە ساڵی ١٩٦٥دا کاتێك دەیانپرسی لە کوردێکی دانیشتوی ناوچە کوردییەکان زمانی دایکیت کامەیە؟ وشەیەك تورکیان نەدەزانی، بەڵام بەدڵگرانییەکەوە دەیانوت" باشترە خۆمان نەخەینە ناسۆرییەوە و بنووسین زمانی دایکمان تورکییە". ئەوکات دانیشتووانی کورد بەگشتی لادێنشین بوون، ٧٢٪یان لە لادێ و کوخەکاندا دەژیان، لەڕووی فێرکاری و فەرهەنگیشەوە نەخوێندەواری بەلایەکی دیاری کۆمەڵگای کوردی بوو، لەوێدا ٧٢٪ی خەڵکی کورد لە سەرووی شەش ساڵییەوە نەخوێندەوار بوون، لەکاتێکدا کۆی دانیشتوانی تورکیا ٤١٪ی نەخوێندەواربوون، یاخود ژمارەی نەخوێندەوارانی کورد دوو هێندەی نەخوێندەوارانی تورك دەبوون، تاوەکو ئێستاش زۆربەی لادێکانی کورد کە زۆرینەی دانیشتووانی کوردی لێیە قوتابخانەی سەرەتاییان لێنییە، ساڵی ١٩٧٥ز لە کۆی ١٨ زانکۆ و ١٥٧ پەیمانگای فێرکاری لەتورکیادا، کوردستان تەنها یەك زانکۆی لێبوو کە لە ئەرزرۆم بوو، یەك کۆلێژی پزیشکیش لە دیاربەکر، لەگەڵ چوار کۆلێژی ئەندازیاری و پەروەردەی مامۆستایان لەهەمان شاردا هەبوون، تەنانەت لەو پەیمانگا و زانکۆیانەی کوردستانیشدا، خوێندکاری کورد کەمینەبوو، زمانی فێرکاریش تورکی بوو، لە ساڵی ١٩٢٥ بەپێی یاسا زمانی کوردی قەدەغەبوو، بڵاوکراوەی کوردی و گۆڤار و ڕۆژنامە نایاساییبوو، کورد بەنهێنی سەرەڕای فشار و زوڵم، دەسبەدەست و ژێربەژێر دەقە سیاسی و ئەدەبییەکانیان بە پیتی لاتینی چاپدەکرد-

سەبارەت بە کاروباری ئایینی و مومارەسەی سروتە ئایینییەکانیش لەوقۆناغەدا، زۆرێك لە لادێکانی کوردستان قوتابخانەی خوێندنی قورئانی لێبوو، لەوێ منداڵان قورئانیاندەخوێند و بنەماکانی ئایین شارەزادەبوون، زۆر لەوانە بێژانی ئایین ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیان لە بەرهەمەکانی ئەحمەدی خانی و مەلای جەزیری و تەیران و باباتاهیر و کۆیی و.. هتد، دەوتەوە، مەلاکان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی خەڵکی لادێکاندا نەخشێکی دیاریان هەبوو، ئەوان لە ساڵانی ١٩٥٠-١٩٦٠ پێگەیەکی رۆحی بەرینیان داگیرکردبوو، بەلام سیاسەتی حکومەت ئەمەی پێقەبوڵنەدەکرا، هەربۆیە لە ساڵی ١٩٦٥ز بەدواوە لەلایەن حکومەتی ئەنقەرەوە، رۆحانی و مەلایەك دەنێردرا بۆ گوندەکان کە دەرچووی قوتابخانە دەوڵەتییەکان بێ و شوێنی ئەو مەلایانە بگرێتەوە کە خزمەتیان بە کلتور و فەرهەنگی کوردی دەکرد و زادەی واقیعی خەڵکەکە بوون، مەلاکانی دەوڵەت مافگەلێکی زۆریان پێدرابوو، زۆربەیان پێوەندییان بە دەزگا جاسوسی و هەواڵگرییەکانی رێکخراوی ئاسایشی تورکیاوە هەبوو، راستەوخۆ خزمەتیان بە ئایدۆلۆژیای فەرمی دەوڵەت دەکرد، یاخود دەوڵەت ئەوانی بەکاردەهێنا بۆ رێگری لە بڵاوکردنەوەی بزاڤی کۆموتیزم لەنێو کوردا، چونکە تاڕادەیەك چەپەکان لە میتۆد و بەرنامەیاندا کوردیان وەکو نەتەوەیەك دەبینی، لەلایەکیترەوە حکومەتی تورکیا لە ساڵانی شەستەکاندا دەستیکرد بە کردنەوەی قوتابخانەی ناوخۆیی لە شارەکانی کوردستاندا بۆئەوەی منداڵانی کورد بەپێی یاسای ژمارە ٢٢٠ لەقوتابخانەکاندا بخوێنن و فێری زمانی تورکی بن تا کلتوری تورکی بەئاسانی کاریانلێبکات، لێرەدا زەحمەتە بتوانین بڵێین کردنەوەی قوتابخانەکان بۆئەوەبووە منداڵانی کورد فێری خوێندن و نووسین بکەن، چونکە لە ویلایەتەکانی رۆژئاوادا کورد زۆرن و ئاستی خوێندەواریش زۆر نزمە، بەلام لەوێ حکومەت ئەوجۆرە قوتابخانانە ناکاتەوە، لە ساڵی ١٩٨٦ نزیکەی ٤٨ قوتابخانەی سەرەتایی لەم بابەتە هەبوو کە تیایدا ١٤٢٢٩ منداڵ دەیانخوێند، لە ساڵی ١٩٧٠- ١٩٧١ لە ٥٧ قوتابخانەی ناوخۆ ٥١ دانەیان لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵات بوو، تەنها شەش دانەیان لە رۆژئاوا و ناوەڕاستی وڵات بوون، ئەوانیش لە شارەکانی: قونیە، ئەستەمبوڵ، ئەنقەرە بوون، شاری بەدلیس بەپێی سەرژمێری ئاماری ساڵی ١٩٦٥ دانیشتووانەکەی ٢٥٠ هەزار کەس بوون کە ٧٦٪ی نەخوێندەواربوون، لەوێدا تەنها ٣ قوتابخانە دروستکرا، لە ویلایەتی کاستەمۆنۆ ژمارەی دانیشتووانی ٤٤٢ هەزارن و ٦٠٪ی نەخوێندەوارن، لەوێش یەك قوتابخانەی لەو بابەتە دروست نەکرا، هەروەها ساڵی ١٩٦٩ دەزگایەکی رادوییی لە

دیاریەکر و وان و ئەرزرۆم و چەند شوێنێکیتری رۆژهەلاتی ئەنادوڵ دانرا، بەرنامەکانی رادوێکە هەمان بەرنامەی رۆژئاوابوون، چونکە بەگوێرەی یاسای ژمارە ۳۵۹ دەبوایە ناسیۆنالیزمی تورك بەهێزبن، لە ساڵی ۱۹۷۰ لەتورکیادا بۆ هەر دەهەزار نەفەر سێ تا چوار پزیشك هەبوو، بەلام لە کوردستان بۆئەو رێژەیە تەنها یەك پزیشك هەبوو، لەکوردستاندا بێدەرمانی و بێپزیشکی بارودۆخی کوردانی پەشێوکردبوو، لەرووی ئابووریشەوە لەگەڵ ئەوەی تورکیا شیوێنکەوتەی دەوڵەتانی پێشکەوتوبو، تارادەیەك ئابووری لەپەرەسەندندابوو، گۆڤاری نیوزویکی ئەمریکی نووسیویەتی: "تورکیا شوێنکەوتەی ئابووری و سەربازی ئەمریکایە"، ئەو بواری پیشەسازییەی کە تورکیا بەپشتبەستن بە ئەمریکا بەگەڕیخستبوو، تەنها ۲٪ی لە ناوچە کوردییەکاندا بوو، هەر ئەم رێژەیەش کوردی سەرقاڵکردبوو، لەبەرئەوەی دەتوانین بڵێین قۆناغی فرەحیزبی لە تورکیا قۆناغی مەحرومبوونی کوردبوو لە ولاتەکەی، ئەوان لە ولاتی خۆیاندا وەکو بێگانە رەفتاریان لەگەڵ دەکرا، ناوی شار و رووبار و گوندەکانیان گۆڕدرابوو بەناوی تورکی، لەوولاتەدا زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی لەقوتابخانەکاندا دەخوێنرا و زمانی کوردی قەدەغەبوو، ساڵی ۱۹٦۷ رۆژنامەیەکی ناسیۆنالیستی (اتوکن) نووسی بووی: "ئەگەر کورد دەیانەوێت بە زمانی خۆیان قسەبکەن کە زمانەکەیان ٤ تا ۵ هەزار وشە زیاترنییە، بابڕۆن لە شوێنیتر ئەم قسانەیانبکەن، ئێمەی تورك لەم ولاتەدا رووباریێ خوێنمانداوە تا گورجی و یۆنانی و ئەرمەنمان ریشەکێشکرد، بابڕۆن بۆ هەرشوێنێك کە دەیانەوێت بۆ ئێران بۆ پاکستان بۆ هیند یاخود پێوەندیبکەن بە بارزانییەوە یاخود لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان داواکەن ولاتێکیان لە ئەفریقا بۆ بخوازێ، ئێمە تووڕەبین وەك شێری بێشەین، با لە ئەرمەنییەکان بپرسن کە ئێمە کێین؟" ، تەنانەت سیاسەتی حکومەت وایلێهات کورد خۆیان ناچاردەبوون ولاتیان بەجێبهێڵن، لە ساڵی ۱۹۷۲ ئاژانسەکانی دەنگوباسی جیهانی رایانگەیاند کە حکومەتی تورکی لەوساڵەدا سەدان هەزار هاولاتی خۆی ناچارکرد کە زۆربەیان خەڵکی ناوچە کوردەکانن رووبکەنە ناوچە پیشەسازییەکان و لەوێندەر دووی بژێوی خۆیان بکەون، بەم کاری کۆچاندنە بەردەوامە، حکومەت تولتی ناوچەیەکی سنووری فراوان لە کورد خاڵیبکات، ئەم دەوڵەتە لەهەمانکاتدا دەیویست تورکیا بکات بە نیشتمانی هەموو تورکی دنیا لەهەرکوێیەکبن، ئاژانسەکانی دەنگوباس ئاماژەیان بەوەکرد کە ئەم سیاسەتی دووفاقییەی ئەوکاتە، کاتێ کەشفبوو کە تورکیا رایگەیاند ئامادەیە (۳٤۵۰) پەنابەری ئەفغانی لە پاکستان وەربگرێ و لە رۆژهەلاتی تورکیادا نیشتەجێیانبکات، شایەنی

باسه ئەو ئەفغانییانەی باسمانکرد کۆمەڵە قەرغیزییەکی ئەفغانی بوون و بە زمانی تورکی قسانیاندەکرد و ئەسڵ و رەچەڵەکیان کازاخی و ئۆزبەکی بوو، وتەبێژێك بەنێوی رێکخراوی لقی (un)ی تایبەت بە کاروباری پەنابەران لە جنێف رایگەیاند: "فڕۆکەی سوپای تورکی ئەو پەنابەرانە راستەوخۆ بۆ تورکیا دەگوازێتەوە، هەروەها کاری پێویستیش بۆ گواستنەوەی مەڕومالاّتەکانیشیان ئەنجامدراوە"، مرۆڤ کە لە سایکۆلۆژییەتی تورك و بیرۆکەی رەگەزپەرستانەیان وردەبێتەوە و ئەو ئەزموون و تەجروبانە دێنێتەبەرچاو کە لەوبوارەدا کردوویانە، دەگاتە ئەو ئەنجام گیرییەی کە ئەم پرۆسەیە بەڕاستی جێبەجێکراوە.

دواتر ئەو هاولاّتییە تورکە نوێیانە لە پاییزی ساڵی ١٩٨٢دا لە کۆمەڵێك گوندی ئەو دەڤەرانە، کە لەوخێزانە کوردانەدا چۆڵکرابوون نیشتەجێبووبوون .

•••

سەرچاوە:

١. دیڤید ماکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی لە فارسییەوە ئەبوبەکر خۆشناو، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٣، بەرگی دووەم، لا ٨١١.

٢. حەسرەتیان: یاسا دەستوریەکانی تورکیاو کورد لەسەر دەمی نوێدا، وەرگێڕانی لە ڕوسیەوە د. دلێر ئەحمەد، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٧، لا٦٣٧.

٣ ابراهیم خلیل احمد ءخلیل علی مراد: ایران وترکیا، دراسة فی التاریخ الحدیث والمعاصر، الموصل، ١٩٩٢، لا٢٦٣.

٤ . کندال و عصمت شریف وانلی و مصطفی نازدار : کردها، ترجمة ابراهیم یونس، ض٣، تهران، ١٣٧٢، لا ٢٤.

٥. جویس بلو: مسالة کورد، بررسی تاریخی و جامعة شناسی، ترجمة د. برویز ئەمینی، دانیشطاه کوردستان، ض١، کردستان، ١٣٧٩، لا٤٩٧.

٦. احمد نوری النعیمی: ترکیا وحلف شمال الاطلسی، ط١، المکتبة الوطنیة ببغداد، بغداد،١٩٨١، لا ١٦٥ .

سیاسەتی تورکیا بەرانبەر بە باکووری عێراق گرفت و ئاسۆ ئایندەییەکان

نووسینی د. بیل پارک
وەرگێڕانی: سان بەرزان محمد

کوردو ئامادەکاریە سیاسیەکانی عێراقی پاش سەدام

لە مارسی ۲۰۰٤دا، پەردە لەسەر دەستوری کاتیی عێراق لادرا، یاخود ئەوەی پێیدەگوترا یاسای کاتیی دەوڵەت کە بەلای زۆرێك لەچاودێرانەوە لەگەڵ خواستەکانی کوردانی عێراقدا دێتەوە.[١]

ئەم یاسا عێراقییە سیستەمێکی دەستوورییە و عێراق بەڕێوەدەبات تا ئەوکاتەی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کاتیی دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ وڵات دیاریدەکات کە لە یەنایەری ۲۰۰٥دا هەڵبژێردرا. لە دیارترین بەندەکانی دەستووری کاتیی عێراق: حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەر سێ پارێزگا عێراقییەکەی باکووردا لە قۆناغی گواستنەوەدا دەسەڵاتێکی فەرمییە، هەروەها تێیداجەختکراوەتەوە لەسەر سروشتی ئێتنیی فیدراڵییەتی عێراقیی لەو قۆناغەدا. زمانی کوردیش وەك یەکێك لە هەردوو زمانە فەرمییەکەی عێراقی هاوچەرخ بڕیاریلێدرا (شانبەشانی زمانی عەرەبیی). لێرەدا، یاسای کاتیی دەوڵەت ڕێگەیدا بە پێشمەرگە - گەورەترین میلیشیای عێراقییە - وەك هێزێك پاراستنی ئەو سێ شارە بگرێتەدەستو دیسانەوە دەستووری عێراق ڕێگەی خۆشکرد لەبەردەم دانانی یاسای تازەی تایبەت بە هەرێمی فیدراڵیی لەپاڵ دەسەڵاتی یاسادانانی نێوخۆییدا، هەروەها تێیداهاتبوو ئەگەر سێ پارێزگای عێراق دەستووریان ڕەتکردەوە ئەوا ئەو دەستوورە شەرعییەتی نامێنێت، ئەمەش لەڕووی پراکتیکییەوە مافی ڤیتۆی بەخشی بە کوردانی عێراق بۆ شکستهێنان بەهەر دەستوورێکیی تازە بۆ وڵات ئەگەر بخرێتە ڕاپرسییەکی گشتییەوە.

باسه ئەو ئەفغانییانەی باسمانکرد کۆمەڵە قەرغیزییەکی ئەفغانی بوون و بە زمانی تورکی قسانیاندەکرد و ئەسڵ و رەچەڵەکیان کازاخی و ئوزبەکی بوو، وتەبێژێك بەنێوی رێکخراوی لقی (un)ی تایبەت بە کاروباری پەنابەران لە جنێف رایگەیاند: "فرۆکەی سوپای تورکی ئەو پەنابەرانە راستەوخۆ بۆ تورکیا دەگوازێتەوە، هەروەها کاری پێویستیش بۆ گواستنەوەی مەڕومالاّتەکانیشیان ئەنجامدراوە"، مرۆڤ کە لە سایکۆلۆژییەتی تورك و بیرۆکەی رەگەزپەرستانەیان وردەبێتەوە و ئەو ئەزموون و تەجروبانە دێنێتەبەرچاو کە لەوبوارەدا کردوویانە، دەگاتە ئەو ئەنجام گیرییەی کە ئەم پرۆسەیە بەڕاستی جێبەجێکراوە.

دواتر ئەو هاولاّتییە تورکە نوێیانە لە پاییزی ساڵی ١٩٨٢دا لە کۆمەڵێك گوندی ئەو دەڤەرانە، کە لەوخێزانە کوردانەدا چۆڵکرابوون نیشتەجێبووبوون .

•••

سەرچاوە:

١. دیڤید ماکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی لە فارسییەوە ئەبوبەکر خۆشناو، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٣، بەرگی دووەم، لا ٨١١.

٢. حەسرەتیان: یاسا دەستوریەکانی تورکیاو کورد لەسەر دەمی نوێدا، وەرگێڕانی لە ڕوسیەوە د. دلێر ئەحمەد، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٧، لا٦٣٧.

٣ ابراهیم خلیل احمد ‌ءخلیل علی مراد: ایران وترکیا، دراسة فی التاریخ الحدیث والمعاصر، الموصل، ١٩٩٢، لا٢٦٣.

٤ . کندال و عصمت شریف وانلی و مصطفی نازدار : کردها، ترجمة ابراهیم یونس، ض٣، تهران، ١٣٧٢، لا ٢٤.

٥. جویس بلو: مسالة کورد، بررسی تاریخی و جامعة شناسی، ترجمة د. برویز نتمینی، دانیشطاه کوردستان، ض١، کردستان، ١٣٧٩، لا٤٩٧.

٦. احمد نوری النعیمی: ترکیا وحلف شمال الاطلسی، ط١، المکتبة الوطنیة ببغداد، بغداد،١٩٨١، لا ١٦٥ .

سیاسەتی تورکیا بەرانبەر بە باکووری عێراق گرفت و ئاسۆ ئایندەییەکان

نووسینی د. بیل پارك
وەرگێرانی: سان بەرزان محمد

کوردو ئامادەکارییە سیاسییەکانی عێراقی پاش سەدام

لە مارسی ٢٠٠٤دا، پەردە لەسەر دەستوری کاتیی عێراق لادرا، یاخود ئەوەی پێیدەگوترا یاسای کاتیی دەوڵەت کە بەلای زۆرێك لەچاودێرانەوە لەگەڵ خواستەکانی کوردانی عێراقدا دێتەوە.(١)

ئەم یاسا عێراقییە سیستەمێکی دەستوورییە و عێراق بەڕێوەدەبات تا ئەوکاتەی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کاتیی دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ ولاّت دیاریدەکات کە لە یەنایەری ٢٠٠٥دا هەڵبژێردرا. لە دیارترین بەندەکانی دەستووری کاتیی عێراق: حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەر سێ پارێزگا عێراقییەکەی باکووردا لە قۆناغی گواستنەوەدا دەسەلاّتێکی فەرمییە، هەروەها تێیداجەختکراوەتەوە لەسەر سروشتی نیتنیی فیدراڵییەتی عێراقیی لەو قۆناغەدا. زمانی کوردیش وەك یەکێك لە هەردوو زمانە فەرمییەکەی عێراقی هاوچەرخ بڕیاریلێدرا (شانبەشانی زمانی عەرەبیی). لێرەدا، یاسای کاتیی دەوڵەت ڕێگەیدا بە پێشمەرگە - گەورەترین میلیشیای عێراقییە - وەك هێزێك پاراستنی ئەو سێ شارە بگرێتەئەستۆ. دیسانەوە دەستووری عێراق ڕێگەی خۆشکرد لەبەردەم دانانی یاسای تازەی تایبەت بە هەرێمی فیدراڵیی لەپاڵ دەسەلاّتی یاسادانانی نێوخۆییدا، هەروەها تێیداهاتبوو ئەگەر سێ پارێزگای عێراق دەستووریان ڕەتکردەوە ئەوا ئەو دەستوورە شەرعییەتی نامێنێت، ئەمەش لەڕووی پراکتیکییەوە مافی ڤیتۆی بەخشی بە کوردانی عێراق بۆ شکستهێنان بەهەر دەستوورێکیی تازە بۆ ولاّت ئەگەر بخرێتە ڕاپرسییەکی گشتییەوە.

یاسای کاتیی دەوڵەت چارەنووسی شاری کەرکوك و دەوروبەری دواخست کە بە نێوچە جێناکۆکەکان ناسراوە - بەلاَم لەڕاستیدا نێوچەی داگیرکراون/ وەرگێڕ - بۆ پاش سەرژمێرییەکی پاکوبێگەردو ورد لەدوای نیشاندنی ڕەزامەندیی لەسەر دەستووری هەمیشەیی.[٢] هەرچەندە هێندێك لە کوردان سووربوون لەسەر - کوردانندنی - کەرکوك لەپێش ئەنجامدانی هەر سەرژمێرییەکی دانیشتوان لەو شارەدا، وەلیٚ خۆشحاڵی خۆیان بۆئەو دواخستنە دەربڕی کە وابڕیاربوو لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٤دا ئەنجامبدرێت.[٣] هەمدیسان یاسای بەڕێوەبردنی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ئاماژەیدابوو بەو کەسانەی کە بەزۆر کۆچڕەویان پێکرابوو لەدەرەنجامی ئەو پرۆسانەی کە سەدام بەئامانجی "عەرەباندنی" باکووری عێراق گرتبوویەبەر - زۆرینەیان ئەو کوردانە بوون کە بەعەرەبکرابوون "زۆرینەیان شیعە مەزەب بوون" - ڕێگەیانپێدرا بگەڕێنەوە بۆ زێدی ڕەسەنی خۆیان، وەلیٚ هیچ خشتەیەکی کاتیی بۆ سەرخستنی ئەو پرۆسەیە دانەنرا. ئیدی سەبارەت بە ئایندەی کەرکوك یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا تێیداهاتبوو کە کەرکوك و بەغدا مافی ئەوەیان نییە بچنەپاڵ هەر پارێزگایەك یاخود نێوچەیەکیتر بۆ پێکهێنانی هەر هەرێمێکی فیدراڵیی عێراقیی.

هەڵوێستی سەرکردایەتی کورد - کە ئامادەگیی خۆیان ڕاگەیاندبوو بۆ چوونەنێو "یەکێتی هەرێمە فیدراڵییەکانی عێراق"و دواخستنی دیاریکردنی چارەنووسی کەرکوك - گومانی عێراقییەکانی ڕەواندەوە لەمەڕ نیازپاکیی عێراق،[٤] لەلای خۆیەوە، ئەنکەرە دڕدۆنگیی خۆی نیشاندا بەهۆی هێندێك بەندی نێو یاسای بەڕێوەبردنی وڵات بۆ قۆناغی گواستنەوە، دواتر واشنتۆنی ئاگادارکردەوە لە مەترسییەکانی خواستەکانی کورد.[٥] پێویستە ئاماژە بەوەبدەین کە سووربوونی کوردان لەسەر چەسپاندنی ئۆتۆنۆمیی لەنێوچەکەکانیاندا پتر بێمتمانەیی ئەفراندبوو لە نیازی کوردان. لەڕاستیدا، سەرکردایەتی کورد هەوڵەکانی کورتکردووەتەوە لەسەر زامنکردنی ئۆتۆنۆمیی کوردیی لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵیی خاوەن حکومەتێکی نێوەندیی شارۆ پێش چەسپاندنی هەرجۆرێك لە جۆرەکانی دیموکراتیی لە عێراقی هاوچەرخدا. ئەو هۆکارە لۆژیکییانەی هەوڵەکانی کورد ئاشکرایە: کوردان بەپێی ئەندازەگیرییەکانی بەردەست نێزیکەی پێنجیەکی عێراق پێکدەهێنن، لەبەرامبەردا عەرەب زۆرینەی گەلی عێراقیی پێکدەهێنن. عەرەبی شیعە مەزەب نێزیکەی ٦٠٪ی دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنێت. ئەم پێکهاتە دیمۆگرافییە لەسەرەتادا بووە هۆی ڕەزامەندیی شیعەکان لەسەر سازدانی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ

بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کاتیی. کەچی کوردان دژایەتی خۆیان بۆ سازدانی ئەو هەڵبژاردنە دەربڕیی.[٦] ئەو یاسایە هیچ گەرەنتییەك ناگرێتەخۆی بۆ تێهەڵکێشکردنی چاکسازی کاتیی لەهەر دەستوورێکی هەمیشەییدا بۆ عێراق. لەپەیامێکدا لە یۆنیۆی ٢٠٠٤ بۆ سەرۆك بۆش، هەردوو سەرکردەی کورد مەسعود بارزانیی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و جەلال تاڵەبانیی سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ناڕەزایەتیی خۆیان نیشاندا بۆ پرۆژە بڕیارێکی بەریتانیی - ئەمەریکیی هاوبەش کە هەردوو دەوڵەت پێیهەستابوون و ڕەوانەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییان کردبوو لە ئاخۆرونۆخری مایۆی ٢٠٠٤دا بەنامەی گێڕانەوەی سەروەریی بۆ عێراق بەشێوەیەکی فەرمیی وەختێك کە حکومەتی کاتیی عێراق لەیۆنیۆدا جڵەوی دەسەلاّت دەگرێتەدەست. ئەو خۆپارێزییانەی کورد لەهەمبەر پرۆژە بڕیاری ئەنگلۆ - ئەمەریکیی، هیچ ئاماژەیەکی تێدانەبوو بۆ مافەکانی کورد، تەنانەت ئۆتۆنۆمیش، چونکە بڕیاری نێوبراو هیچ گەرەنتییەك ناگرێتەخۆی بۆ بەردەوامبوونی بەندە سەرەکییەکانی لەئاییندەدا. هەردوو سەرۆك لە پەیامی نێوبراودا هەڕەشەیانکرد کە لە حکومەتی نێوەندیی عێراق پاشەکشەدەکەن ئەگەر لە بەندەکانی یاسای ئیداریی کاتیدا ئۆتۆنۆمیی کوردیی نەچەسپێت و حکومەتی کوردیش وەك بەندێکی جێگیر بەشێوەیەکی هەمیشەیی نەچەسپێنرێت.[٧] زۆری نەبرد ئەو هەڕەشەیە لە زۆر بۆنەدا دووپاتکرانەوە.[٨] لەبەرامبەردا، مەرجەعی باڵای ئایینیی شیعەکان ئایەتوڵڵا عەلی سیستانیی هۆشیاریدا کە لە پرۆژە بڕیارەکەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئاماژەبدرێت بە فیدراڵییەت، یاخود بە ئاستی ئەو ئۆتۆنۆمییەی کە دراوە بە کوردان لە باکووری عێراقدا، یاخود ڕێگەخۆشکردن لەبەردەم شێلانەی نکۆڵیی کەرکوك بە هەرێمی ئۆتۆنۆمیی کوردییەوە، یاخود مافی ڤیتۆ کە دەستووری کاتیی عێراق بەخشیوویی بە کوردان لەکاتی دەنگدان لەسەر هەر دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ وڵات، یاخود هەرشتێك کە پێچەوانە و دژانە بێت لەگەڵ ئایینی ئیسلامدا لە عێراقی هاوچەرخدا.[٩] لەلایەکیترەوە، کوردان ناڕەزایەتیی خۆیان دەربڕی کە هیچ پۆستێکی سیادییان (سەرۆکوەزیران یاخود سەرۆککۆمار) بەدەستەوە نییە وێڕای بوونی هەشت کورد لە حکومەتی کاتیی عێراقدا کە لە سیوسێ ئەندام پێکهاتبوو کە سەروەریی وڵاتیان لە دەسەلاّتی کاتیی هاوپەیمانان وەرگرتبوو لە یۆنیۆی ٢٠٠٤دا.

بەرفراوانکردنی دەسەلاتی کوردیی

لە سەروبەندی جەنگی ئەمەریکادا دژبە عێراق و گلاندنی سەدام حسێن، دەرکەوت هێزی پێشمەرگە هاوکارییەکی توندوتۆڵیان هەیە لەگەڵ هێزەکانی ئەمەریکادا، شانبەشانی ئەمەریکییەکان لە باکووری عێراق دژبە هێزەکانی سەدام و گرووپی توندڕۆی ئەنسارولئیسلام دەجەنگان، هەروەها موسڵ و کەرکوکیان ئازادکرد و بەفەرمیی رادەستی هێزەکانی ئەمەریکایان کردەوە و ئەرکی پاراستنی هەرێم و سەرجەم ئەو ناوچانەی کە لەکاتی جەنگەکەدا دەستیانبەسەرداگرتبوو.(١٠) دوابەدوای راگەیاندنی کۆتایی هاتنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییە سەرەکییەکان، ویلایەتە یەکگرتووەکان بانگهێشتی تورکیایان کرد بۆ ناردنی دەستەیەك لە چاودێرانی سەربازیی بۆ کەرکوك، ئەمەش ئەو پشێوییە توندەی نێوان ئەمەریکا و ئەنکەرەی کەمکردەوە.(١١) وەلێ ئاماژەی سەرۆکی دەسەلاتی کاتیی هاوپەیمانان ژەنەراڵی ئەمەریکیی جەی گارنەر Jay Garner بۆ کەرکوك وەك شارێکی کوردستانیی و(١٢) پێکهێنانی ئیدارەیەکی کاتیی لەکەرکوکدا کە کوردان دەسەلاتیان بەسەرداهەبوو(١٣) پڕۆپاگندەکانی تورکمانەکان بەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لایەنگری کوردەکانە،(١٤) ئەنکەرە گەیشتە حەقیقەتێکی روون و ئاشکرا کە واشنتۆن گرنگییەکی تازە و بەردەوام دەدات بە کورد.

لەپێناو چەسپاندنی دەسەلاتی نێوخۆییان و تواناکانیان لەرێگەی دانوستانەکانەوە و بۆ دووربوون لەهەر کێشمەکێشێکی نێوخۆیی لەنێوانیاندا، هەردوو پارتی کوردیی عێراقیی نێوچە کوتکوتبووەکانی نێوانیان کە هەر یەکە بەشێکی بەڕێوەدەبرد یەکیانگرتەوەو وەك رێگەخوشکردنێك بۆ دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان.(١٥) لە دیسێمبەری ٢٠٠٤دا، هەردوو پارتی سەرەکیی کوردیی پێکهێنانی لیستێکی کوردیی هاوبەشیان راگەیاند بەمەبەستی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراقدا کە لەیەنایەردا ئەنجامدرا هاوکات لەگەڵ پرۆسەی هەڵبژاردنی ١١١ ئەندامیتر بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنی گشتیی کوردستانی عێراق بەپێی یاسای ئیدارەی کاتیی (هەوەڵ هەڵبژاردن بوو لەدوایساڵی ١٩٩٢ لە کوردستانی عێراقدا)، ئەو لیستە هاوبەشە کوردییە نوێنەری چەندین پارتی گچکەی کوردیی تێدابوو وەك بزووتنەوەی ئیسلامیی لە کوردستان و نوێنەرانی ئاشووریی و تورکمانەکان (وەلێ هیچ ئەندامێکی بەرەی تورکمانیی رەدووکەوتووی ئەنکەرەی تێدانەبوو). بەپێی لێدوانەکانی

جەلال تاڵەبانیی، سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان. ئێستە هاوبەشەکە نوێنەرانی پارتە ئەکتیڤە عەرەبەکانی لەخۆنەگرت لە باکووری عێراقدا چونکە **هاوسۆزنەبوون** لەگەڵ خواستەکانی کورددا و هەرچی تایبەتبوو بە ئۆتۆنۆمیی هەرێمی کوردستان.(١٦)

هەر لەعانی گلاندنی سەدام حسێندا، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان دەستیانگرت بەسەر گشت ئەو نێوچانەی کە زۆرینەیان کوردبوون. تەنانەت ئەو نێوچانەی کە لە دەرێی سنووری هەرێمی کوردستان بوون کە کوردان داوایاندەکرد بخرێنەوەسەر هەرێمەکەیان، (وەك زۆربەی نێوچەکانی سەربە پارێزگای کەرکوك کە شاری **کەرکوك** و دەوروبەریی و بەشێك لە شاری موسڵی دەگرتەخۆ).(١٧) شاری کەرکوك کە کوردان **لەئاییندەدا** دەیانەوێت بیکەنە پایتەختی هەرێمەکەیان) ئاماجی سەرەکیی هەوڵە نەپساوەکانی کورد بووە بۆ فراوانکردنی هەرێمی ئۆتۆنۆمیی کوردیی. شایانیباسە شاری کەرکوك لەسەر دەستی هێزەکانی **پێشمەرگەی سەربە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان رزگارکرا کە ئەوکات بە شکاندنی رێکەوتنی نێوان ئەمەریکا - کورد نێوزەدکرا، دواتر رادەستی هێزەکانی ئەمەریکا خرایەوە،** بەرپرسە سەربازییەکانی ئەمەریکا ئەنجومەنێکی هاوبەشیان لە شاری کەرکوك دروستکرد بە بەشداریی پێکهاتەی عەرەبیی و تورکمانیی و ئاشووریی، سەرباری نوێنەرانی پێکهاتەی کوردیی دانیشتووی شارەکە. ئەم ئامادەکارییە رێگەی لە کوردان نەگرت بۆ بەردەوامبوونی هەوڵەکانیان بەمەبەستی فراوانکردنی دەسەڵاتیان لەکەرکوکدا و بەمەبەستی بەرەبەرە چەسپاندنی دەسەڵاتیان بەسەر ئەنجومەنی بەرێوەبردنی ئەو شارەدا، تەنانەت بەسەر هێزەکانی پۆلیس و کەرتی خوێندندیشدا. هەردوو پارتی سەرەکیی بڕیاریاندا مووچەی ئەو فەرمانبەرە کوردانە بدەن کە دەگەڕێنەوە بۆ کەرکوك و دەوروبەری بەمەبەستی مانەوەو خزمەتکردن.(١٨)

کەرکوك لێوانلێزە لە پەنابەرانی گەڕاوە بۆ ئەم شارە و دوای ئەوەی **زۆریان لێکرا و** کۆچڕەویانپێکرا لە چوارچێوەی بەرنامە یەکلەدوایەکەکانی سەدام **بەئامانجی "عەرەباندنی"** باکووری عێراق کە لە شەستەکانەوە دەستیپێکردبوو.(١٩) **هیچ سەرژمێرییەکی ورد بۆ ئەم** دیاردەیە لەگۆڕێدا نییە، وەلێ بەپێی **هێندێك مەزندان لە نۆڤەمبەری ٢٠٠٤دا** نێزیکەی ٥٠ هەزار عەرەب لە کۆی ٢٠٠ هەزار عەرەبی هاوردە کەرکوکیان بەجێهێشتووە و نێزیکەی ١٠٠ هەزار کوردیش کە بەهۆی "عەرەباندنەوە" کۆچپانکردبوو گەڕاونەتەوە.(٢٠) لێشاوی گەڕانەوەی کەرکوکییەکان هاوکات بوو لەگەڵ هەڵمەتی تۆقاندنی ئەوانەی کە سوودمەندبوون لە پرۆسەی

"عەرەباندن". ئەم هەڵمەتی تۆقاندنە نەگەیشتە ئەورادەیەی کە زۆرێك چاوەڕوانییاندەکرد.[٢١] لەو سەروبەندەدا، پڕۆپاگندە کرا بەوەی کە زۆرێك لەو کوردانەی گەڕاونەتەوە بۆ کەرکوك خەڵکی رەسەنی شارەکە نین، لە ئاخرونۆخری مەرسی ٢٠٠٤دا ئەندامانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی شارەکە لە تورکمان و عەرەب ئەندامیتی خۆیان هەڵپەسارد دژبەو دیاردەیە، ئیدی ئەنجومەنەکە بەتەنێ لە پازدە ئەندامی کورد و حەفت نەشوونیی پێکدەهات.[٢٢]

شاری کەرکوك لەمێژەوەی نێوچەیەکی پڕلە نەوتدایە و هەر لە کۆنەوە زێدی تورکمان و عەرەب و کوردان بووە. لەڕاستیدا، زۆرینەی تورکمانەکانی عێراق و ئەنکەرە شاری کەرکوك بەنێوەندی پێکهاتەی تورکمانیی دەزانن لەعێراقدا. سەرژمێرییەکەی ساڵی ١٩٥٧ ئەوەدەردەخات کە تورکمان ٤٠٪ی دانیشتوانانی کەرکوك پێکدەهێنن و کوردانیش بەتەنێ ٣٥٪.[٢٣] لەڕاستیدا، فاکتۆرێکیتر لەگۆڕێدایە وێڕای پرۆسەکانی عەرەباندن و کۆچڕەوپێکردن، پێکهاتەی دیمۆگرافی کلاسیکیی شاری کەرکوکی گۆڕیوە، ئەوتسازیی ژمارەیەکی بەرچاوی لە کرێکاران و فەرمانبەران و خانەوادەکانیان پەلکێشی کەرکوك کردووە. وەلێ هەوڵەکانی کورد بۆ ئاوەژووکردنەوەی شوێنەوارەکانی پرۆسەی عەرەباندنی سەدامیی، گۆڕانی دیمۆگرافیی تازەو گرێوگۆلی ئەفراندووە. لە سەردەمی سەدامدا، تورکمانەکان، وەك پێکهاتەکانیتری ئەو شارە، دووچاری پرۆسەی عەرەباندن بوونەوە. ئیدی ئەو تورکمانانەی کە کۆچڕەویانپێکرابوو هەوڵیاندا بگەڕێنەوە بۆ کەرکوك و ژنۆ لە ماڵ و حاڵی خۆیاندا سەقامگیر ببنەوە کە رژێمەکەی سەدام بەزۆر دەریپەڕاندبوون. بەمشێوەیە شاری کەرکوك و دەوروبەریی، لە قۆناغی پاش سەدامدا، پشێوی ئیتنیی گەورەی بەخۆوەدی و رووبەڕووبوونەوەی ئیتنیی توندی لەنێوان کورد و عەرەب و تورکماندا ئەفراند و چەندین رووداوی تراژیدیی لێکەوتەوە. لە رووبەڕووبوونەوەی چەکداریی هەرسێ پێکهاتەکەدا لە یەنایەری ٢٠٠٤دا گەیشتە ئەوپەڕی توندتیژیی، ئەمەش هێزەکانی ئەمەریکای هەڵپێچا و جموجۆڵیان لەسەرجەم ئەو شوێنانەدا قەدەخەکرد کە رووبەڕووبووەنەوەی تێدادروستببوو.

لە سەرەتاکانی ساڵی ٢٠٠٤دا، میلیشیا شیعە مەزەبەکانی رەدووکەوتووی جووڵانەوەکەی موقتەدا سەدر هێرشیانکردە سەر کوردانی دانیشتووی شاری کەرکوك.[٢٤] هەرچەندە شیعە زۆرینەی عەرەب پێکدەهێنن، دواجار فرە سوورن لەسەر بنیاتنانەوەی عێراقێکی یەکگرتوو تاکو لەکۆتاییدا بیخەنەژێر چنگولەی خۆیانەوە، وەلێ عەرەبی شیعە سوودمەندی

سەرەکیی بوون لە پرۆسەی عەرەباندنی شاری کەرکوك، ئیدی لەسەر دەستی کوردانی ئەوشارە چەوسێنرانەوە. سەرباری ئەوەی هێندێك لە تورکمانەکانی عێراق شیعە مەزهەبن. ڕێژەی تورکمانی شیعە مەزەب دەگاتە ٤٠٪ لەکۆی تاکەکانی پێکهاتەی تورکمانیی لەعێراقدا.[٢٥] لە ئاخروئۆخری ساڵی ٢٠٠٤دا، جەنگاوەرانی سوننە کوردانی موسڵیان کردە ئامانج کە چەندین پێکهاتەی جوداوازی تێدایە و کەوتووەتەسەر هێڵی جیاکەرەوەی نێوان ناوچە کوردیی و عەرەبییەکان. دواتر موسڵ بووە یەکێك لە گەورەترین نێوەندەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سوننیی لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا، لەبەر بوونی هێزی هاوپەیمانان لەعێراقدا و بەتایبەت لەگەڵ ئۆپەراسیۆنی هێزەکانی ئەمەریکا لە نۆڤەمبەری ٢٠٠٤دا دژبە گرووپە یاخیبووە سوننییەکانی فەلوجە.[٢٦]

لەعانی شکستهێنانی هێزەکانی بەرگری نیشتیمانیی عێراقیی لە چەسپاندنی توانای جەنگیی، ویلایەتە یەکگرتووەکان یەکەگەلێکی لە هێزەکانی پێشمەرگە بلاوکردەوە بەئامانجی چەسپاندنی توانای بەسەر بەرگریی یاخیبووە نێوخۆییەکان و جەنگاوەرە بیانییەکان. هێزەکانی پێشمەرگە لەو پرۆسەیەدا بەشدارییانکرد بەنێوی پاسەوانی نیشتیمانیی عێراق، وەلێ لەژێر ئالای کوردیدا و جلکی سەربازیی تایبەتدا. لەهەمانکاتدا، هێزەکانی پێشمەرگە هەستان بە پاراستنی کۆمەڵە کوردییە جوداوازەکان و لەو نێوچانەدا پرۆسەی کورداندنی دژانەیان دەستپێکرد لەبەرامبەر پرۆژەی عەرەباندنی سەدامیی.[٢٧] وەلێ ئەو چالاکییە ئەمنییانەی هێزەکانی پێشمەرگە پتر پشێویی لەنێوان پێکهاتە عێراقییە جوداوازەکاندا دروستکرد، لەهەمانکاتیشدا کوردان نێوچەیتریان خستەژێر چنگولەی خۆیانەوە و دڕدۆنگی قووڵیشی لەکن ئەنکەرە ئەفراند سەبارەت بەهاریکاری ئاسایشیی چڕوپڕی نێوان پێشمەرگە و هێزەکانی ئەمەریکا.

وێڕای سەرجەمی ئەو گۆڕانکارییانە، بەرنامەی کورداندنی شاری کەرکوك سەرکەوتنی وەدەستنەهێنا بۆ لابردنی شوێنەوارەکانی عەرەباندنی باکووری عێراق - کە دەرەنجامی جەختکردنەوەی کورد بوو لەسەر بەندی ١-٥٨ی یاسای ئیداریی کاتیی - کە کوردان لەبەر رستێك هۆکاری سەرەکیی خوازیاربوون سەرکەوتن وەدەستبهێنێت.[٢٨] لەڕاستیدا حکومەتی نێوەندیی عێراق خاوەخاویکرد لە دانانی رێوشوێنی ئیداریی پێویست بۆ خێراکردنی رەوتی پێشکەوتنی بەرنامەی نێوبراو هەروەها کێشە ئەمنییەکان توانای بەرپرسانی عێراقیی و نێردەی رێکخراوە ناحکومییە بیانییەکانی توندترکرد لەسەر کارکردن بەتەواوی تواناکانیەوە. سەرباری

ئەوەی هێندێك لەو کوردانەی گەڕابوونەوە بۆ زێدی خۆیان بەڵگەنامەی پێویستیان بەدەستەوەنەبوو بۆ چەسپاندنی خاوەنداریی ماڵومولکیان کە پێشتر تێدانیشتەجێببوون، بەتایبەت لەنێوچە ئاوەدانەکاندا، ئەوجا هێندێك لە کوردان ماڵوحاڵیان نەبوو بەڵکو بەکرێیانگرتبوو. فاکتۆرێکیتریش هەبوو لە نەبوونی دارایی و یاسای پێویستدا خۆی دەبینییەوە، یاخود هەر رێکەوتنێکی پراکتیکی بۆ پرۆژەی بەرنامەی گێڕانەوەی عەرەبە زەرەرمەندەکان لەپای پرۆسەی کوردلاندنی باکووری عێراقدا. سەرباری ئەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان نەیاندەهێشت کوردان پەنابەرەکان نوێنەرانی دانیشتوانی عەرەب بەمەبەستی زۆرلێکردنیان تاکو ماڵوحاڵیان بەجێبهێڵن.[٢٩] ئەمەش بووە هۆی کەمبوونی ژمارەی خانووی پێویست بۆ گرتنەخۆی ئەو کوردانەی کە گەڕابوونەوە بۆ زێدی خۆیان، ئیدی بەشێکی گەورەی ئەو کوردانە بەشێوەیەکی کاتیی و بەناچاریی لە خانووی چۆڵکراو و وێرانبوودا بینای گشتیی و قوتابخانەکاندا جێگیربوون. نەبوونی خشتەیەکی کاتیی بۆ سڕینەوەی شوێنەوارەکانی پرۆژەی عەرەباندنی سەدامی ئاستەنگی گەورەی لەبەردەم پرۆسەی کورداندنی باکووری عێراقدا ئەفراند - چونکە لە یاسای ئیداریی بۆ قۆناغی گواستنەوەدا هاتبوو کە "ئەو پرۆژەیە لەماوەیەکی کاتیی ماقوولدا جێبەجێبکرێت". کوردان لەکن حکومەتی تازەی عێراق سووردەبن لەسەر چارەسەرکردنی ئەو ئاریشەیە بەشێوەیەکی کارای بالاتر و گەورەتر.

لە نۆڤەمبەری ٢٠٠٤دا، سەرکردایەتی کورد بیرۆکەی دواخستنی هەڵبژاردنەکەی کەرکوکیان رەتکردەوە کە دەبوو هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کاتیدا سازبدرایە بە بیانووی ئەوەی جێبەجێکردنی بەندی یاسای ئیدارەی کاتیی پەیوەست بە پرۆسەی عەرەباندنی باکووری عێراق جێبەجێنەکراوە.[٣٠] زۆری نەبرد کوردان لەبەرامبەر وازهێنانیان لەو بیرۆکەیە دەستکەوتی گرنگیان وەدەستهێنا. لەماوەی چەند هەفتەیەکی کەمدا لەپێش هەڵبژاردنەکان، بەنێوکاریی هێندێك لە کاربەدەستانی هێزەکانی هاوپەیمانان گەیشتنە رێکەوتنێك و ئەنجومەنی کاتیی بڕیاریدا نزیکەی ١٠٠ هەزار پەنابەری کورد مافی دەنگدانیان هەبێت لە هەڵبژاردنەکانی پارێزگای کەرکوك کە لەپەنایەردا ئەنجامدەدرا. رێکەوتنەکە دانپێدانی حکومەتی کاتیی عێراقیی لەخۆدەگرت بۆ سازدانی سەرژمێری دانیشتوانی شاری کەرکوك لەدوای جێبەجێکردنی تەواوی بەندی ژمارە ٥٨ی یاسای ئیدارەی کاتیی لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر پەنەکردن لەجێبەجێکردنیدا.[٣١] دواجار رێکەوتنەکە شەپۆلێك نارەزایەتیی

لەکن زۆرینەی عەرەبەکانی کەرکوک دروستکرد و ئەمەش وایکرد **بەشداریی** نەکەن لەهەڵبژاردنەکەدا.(٣٢)

لەگەڵ نێزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکان، ئەو دەستکەوتانەی که **کوردان** لەهەڵبژاردنەکاندا وەدەستیانهێنابوو ئەنکەرەی توورە و تۆسنکرد. ئەوەی پتر ئەنکەرەی تووڕەکرد کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان قەدەغەکردنی بەشداریی هەردوو پارتە سەرەکییەکەی کوردی رەتکردەوە کە دەگوترا پەیوەندی توندوتۆڵیان هەیە لەگەڵ پەکەکەدا.(٣٣) پێش وادەی دەستپێکردنی هەڵبژاردنەکەی کەرکوک بەچەند رۆژێك، جێگری سەرۆکی دەستەی ئەرکانی گشتیی تورکیا جەنەڕاڵ ئیلیکێر باسبوگ Ilker Basbug هۆشیاریدا بەوەی بەشداریی پەنابەرانی کورد کە بە لێشاو روویانکردووەتە شاری کەرکوك لەو هەڵبژاردنەدا "**میـــداقیەتی** ناکامی هەڵبژاردنەکان ناهێڵت و.. جەنگی نێوخۆیی **لەعێراقدا دروستدەکات و.. ئەمەش** مەترسییە بۆسەر یەکیتی خاکی عێراق و یەکگرتوویی سیاسیی عێراق". **دواتر گوتی ئەم** گۆڕانکارییانە "رەنگە ببێتە مایەی دروستکردنی ئاریشەیەکی ئەمنیی خەتەرناك بەنیسبەت تورکیاوە".(٣٤) هەریەك لە سەرۆکوەزیرانی تورکیا رەجەب تەیب ئەردۆگان و وەزیری دەرەوە عەبدوڵلا گول تێبینییەکانی ژەنەڕاڵە تورکەکەیان پشتڕاستکردەوە. ئەردۆگان گوتی: "هەر هەنگاوێکی هەڵە لەکەرکوکدا ئایندەی سەقامگیریی لەعێراقدا دەخاتەبەر مەترسییەکی گەورەوە"، دواتر گوتی: "هێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانان.. لەئاییندەدا باجێکی گەورە دەدەن بەهۆی ئەو هەنگاوە هەڵانەوە کە لەعێراقدا دەیگرنەبەر." ئەوجا گول هۆشیاریدا تورکیا دەستەوسان دانانیشێت لەحاڵەتێکدا پشێویی و ناسەقامگیریی عێراق بگرێتەوە لەئاکامی ئەو رووداوانەی کە رووبەڕووی کەرکوك دەبنەوە.(٣٥) نەك بەتەنێ بەمشێوەیە، بەڵکو گول پەیامێکی ئاڕاستەی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد تێیدا دڕدۆنگی تورکیای نیشاندا لەهەمبەر بەخشینی مافی دەنگدان بە پەنابەرانی کورد، هەروەها تێیداهاتبوو کە **خەتەرناکیی** گەورەی چاوەڕوانکراو دووچاری یەکگرتوویی سیاسیی عێراق و یەکێتی خاکەکەی **دەبێتەوە**.(٣٦)

وێڕای لێشاوی کۆچڕەویی کوردان بۆ شاری کەرکوك و بەشدارینەکردنی **عەرەبی** سوننە لەهەڵبژاردنەکاندا کەوا بڕیاربوو سازبدرێت، ئەنکەرە نادڵنیایی خۆی **نیشاندا لەهەمبەر** ئاکامی هەڵبژاردنەکانی کەرکوك کە وابڕیاربوو لە مانگی یەنایەردا **ئەنجامبدرێت**. سەرباری ئەوەی دەگونجێت ئەنکەرە چاوبخشێنێتەوە بە "هێڵە سوورەکانی" کە لەماوەی مانگێك پێش جەنگی

دژبە عێراق دیاریکرابوو دەگونجێت وەك هەوڵ هەنگاو بەم ئاراستەیەدا ئەنکەرە وازبهێنێت لەئامادەدان بەو هێڵە سوورانە لە گوتاری سیاسییدا.

ئەنکەرە فرەدردۆنگ بوو لە هەڵسوکەوتەکانی کورد بەتایبەت وەختێك ئەندامێکی پارتی دیموکراتی کوردستان و وەزیری دەرەوە لە حکومەتی عێراقیدا هۆشیار زێباریی گوتی: "هیچ دەوڵەتێك بۆی نییە لێدوانی ئاشکرا لەمەڕ کەرکوك بخاتەڕوو.. بەتەنێ گەلی عێراقە بڕیار لەسەر چارەنووسی کەرکوك دەدات".[٣٧] لەپێش ئەم لێدوانەی هۆشیار زێباریی بەچەند ڕۆژێك، گوتەبێژی فەرمیی بەنێوی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ریچارد باوچەر لەلێدوانێکدا ڕایگەیاند:

"ئەو هەولآنەی خراونەتەگەڕ بەمەبەستی چارەسەرکردنی شوێنەوارەکانی سیاسەتی ستەم و زۆرلێکردن کە حکومەتی سەدام حسێن پەیرەوییلێدەکرد لە شاری کەرکوك و دەوروبەری، وەك کۆچڕەوپێکردنی زۆرەملێی دانیشتوانانی ئەو نێوچانە و دەستبەسەرداگرتنی موڵك و ماڵیان و یاریکردن بە سنووره ئیدارییەکەی، پرسگەلێکی عێراقیی نێوخۆیین بەتەنێ عێراقییەکان دەتوانن بڕیاری پێویست لەوبارەیەوە بدەن. یاسای ئیداریی کاتیی کە عێراقییەکان بڕیاریان لێداوە و هەمواریانکردووە هەنگاوگەلێکی دیاریکراوی لەخۆگرتووە بۆ سڕینەوەی شوێنەوارە تۆقێنەرەکان کە سەدام حسێن ئەفراندبووی. ویلایەتە یەکگرتووەکان پشتگیری تەواودەکات لە یاسای ئیداریی کاتیی، لەنێویشیاندا بەندی ژمارە ٥٨ی تایبەت بەکەرکوك".[٣٨]

کوردان بەهیچ کلۆجێك وازیان لە دوو خواستی سەرەکیی نەهێنا، ئەوانیش: فراوانکردنی هەرێمی ئۆتۆنۆمیی کوردستانیی و بەپایتەختکردنی کەرکوك. جەلال تاڵەبانیی سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان شاری کەرکوکی بە "قودسی کوردستان" وەسپدارکردووە.[٣٩] سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان مەسعود بارزانیی، فرەتونددەمارە سەبارەت بە خواستەکانی کورد، لەدانیشتنێکیدا لەگەڵ لۆید مایلز Lloyd Miles فەرماندەی هێزەکانی ئەمەریکا لەنێوچەی کەرکوك، بەپێی هێندێك لە ڕاپۆرتان بارزانی گوتوویە: "ئێمە لەئامادەباشیداین بۆ بەرەنگاربوونەوەی سەرجەم مەترسییەکان.. ڕازیشنابین بە عەرەباندنی کەرکوك".[٤٠] لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٤دا، مەسعود بارزانیی سەردانی سوریای کرد (بەهەمانشێوەی تورکیا دامەزراندنی هەر دەوڵەتێکی کوردیی لە باکووری عێراق قبوڵناکات و بە هێڵی سووری دەزانێت)، [٤١] لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند لکاندنی کەرکوك بە کوردستانی عێراقەوە شتێکی چاوەڕوانکراوە.[٤٢] کوردانی عێراق هەوڵدەدەن عێراقێکی فیدراڵیی پێکبهێنن و هەوڵی

سەربەخۆیی و جیابوونەوە نادەن، دواتریش بە سورییەکانی راگەیاند بەوەی "کەرکوک شارێکی کوردستانیی عێراقییە"، هەمدیسان گوتی: ".. کێشەی ئەم شارە کێشەیەکی عێراقیی نێوخۆییە و دەوڵەتانی دراوسێ بۆیان نییە دەستوەربدەنە نێویی".[٤٣] شایانیباسە بارزانیی ئەم گوتانەی لەسەردانەکەیدا بۆ ئەنکەرە دووبارەکردەوە کە بەرلەچەند رۆژێك پێش سەردانەکەی بۆ سوریا رایگەیاندبوو.[٤٤] پێشتریش بارزانیی گوتبووی کوردان وابەستەنین بە پاراستنی یەکێتی خاکی عێراق ئەگەربێتو خواستی تایبەت بە فیدراڵییەت رەتبکرێتەوە.[٤٥] لەچاوپێکەوتنێکدا سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانیی لەکاتی دەستپێکردنی هەڵبژاردنەکاندا، ئەو بەرپرسەی کورد ژنۆ جەختیکردەوە لکاندنی کەرکوك بە کوردستانی عێراقەوە ئامانجێکی کوردییە و قابیلی سازشکردن نییە.[٤٦] هەر لە هەڵبژاردنەکانی یەنایەری ٢٠٠٥وە، چەندین لێدوانی کوردیی دراون کە بەردەوامن لەسەر لکاندنی کەرکوك بە هەرێمی کوردستانەوە.

وێڕای دەستپێکردنی پرۆسەی کورداندنی باکووری عێراق، جوداوازیی کەوتووەتە نێوان بەرپرسانی کورد و دەنگدەرانی کورد لەبارەی رانەگەیاندنی سەربەخۆیی تەواوی هەرێمی کوردستان وەك ئامانجێکی کوردیی و بەرفراوانەکردنی هەرێمەکەیان، بەشێوەیەك کە شاری کەرکوك بخرێتەوەسەر هەرێمی کوردستان. یەکێك لە کۆڵینەوەکان کتومت ئەمەی خستۆتەڕوو کە "بەرپرسانی کورد رووبەڕووی تووڕەیی و نارەزایەتیی شەقامی کوردیی و کوردانی پەراگەندە دەبنەوە".[٤٧] وێڕای ئەوەی بەرپرسانی کورد لەو بڕوایەدان هەر پرۆسەیەکی ئاشکرا و بەرفراوان بۆ گردکردنەوەی پشتگیری نێودەوڵەتیی سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردستانی عێراق کارێکی ژیرانەنییە، ژمارەیەکی کەمی چاودێران هەنووکە بەدگومانن لە خواستی کوردانی عێراق بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ لە باکووری عێراقدا. کوردان بۆ چەندینجار خۆپیشاندانی جەماوەریی بەرفراوانیان سازداوە لە نێوچەکانی هەرێمی کوردستان و کەرکوك پشتگیریی خۆیان دەربڕیوە بۆ سەربەخۆیی تەواوی کوردستانی عێراق دەگوترێت لە دیسێمبەری ٢٠٠٤دا کوردان لە ئاپۆڕایەکی جەماوەریدا داوایان لە بەرپرسانی نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە کە راپرسییەکی گشتیی سازبدەن لەمەڕ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانی عێراق.[٤٨] نێزیکەی یەك ملیۆن کورد واژۆیان لەسەر سەربەخۆیی هەرێمەکەیان کردووە، ئەو واژۆیانە لە چوارچێوەی راپرسییەکەدا گردکرایەوە کە بزووتنەوەی ریفراندۆم سازیدابوو ئەو راپرسییە گشتییە کە ٩٨,٣٪ کوردان بەشدارییانتێداکردبوو کە بە دوو ملیۆن کەس قەبلێنراوە پشتگیرییان، لە سەربەخۆیی

هەرێمەکەیان کردووە و داوای جیابوونەوەیان لە عێراق کردووە.[٤٩] شیکەرەوەی سیاسیی بەنێوبانگ پیتەر گالبرێس پێیوابوو کە بزووتنەوەی ریفراندۆم بەشداریی لە هەڵبژاردنەکاندا دەکات وەك بزووتنەوەیەکی سیاسیی ئەگەربێتو بەرپرسانی کورد پتر سازشبکەن.[٥٠] لەلایەکیترەوە، یەکێك لە چاودێرە تورکەکان لەئەندازەگیرییەکدا رایگەیاندووە کە ٩٠٪ کوردانی عێراق لەگەڵ سەربەخۆییدان، وەلێ ٧٠٪ بەرپرسانی کورد پێیانوایە سەربەخۆیی لەم قۆناغەی ئێستادا نامانجێکی ناواقیعییە.[٥١]

ئاشکرایە بەشداریی تەواویی بەرپرسانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەرجەم دەسپێشخەرییەکانی ئەمەریکادا سەبارەت بە عێراقی پاش سەدام ئەنکەرەی گەیاندووەتە ئەو راستییەی کە کوردان تاسەر پابەندنابن بە یەکێتی خاکی عێراقەوە. تورکان پێیانوایە غیابی پشتگیری ئاشکرای کوردان بۆ لێدوانە بەردەوامەکانی ئەمەریکا کە جەختدەکەنەوە لەسەر یەکێتی خاکی عێراق ئاماژەیەکی ئاشکرایە کە کوردان خواستێکی راستینەیان هەیە بۆئەوەی بەتەواوەتی دەستبگرن بەسەر باکووری عێراقدا. ئیدی هێندێك لە کەسایەتییەکانی ئەنکەرە پێیانوایە ئەوەی تورکیا بەردەوام لێیترساوە هاکابێتەدی.

تورکمان وەك هاوپەیمانی نێوخۆیی تورکیا

یەکێك لەو میکانیزمانەی ئەنکەرە دژبە کوردان دەیگرێتەبەر شپرزەکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستانی ئێستایە یاخود تەنانەت هەر قەوارەیەکی کوردیی ئایندەیی چاوەڕوانکراو لەعێراقدا، ئەویش بەرگریکردنە لە کێشەی تورکمان کە بە تۆرەمە دەچنەوەسەر رەگەزی تورك و لەو نێوچەیەدا نیشتەجێن.[٥٢] مافەکانی تورکمان یەکێکە لە هێڵە سوورەکان کە ئەنکەرە دیاریکردبوو بۆ بەرهەڵستیکردنی پلانەکانی کۆتا جەنگی ئەمەریکیی دژبە عێراق، هەروەها یەکێکە لە دروستاندنەکانی ئەنکەرە لە قۆناغی پێش مارسی ٢٠٠٣دا بۆ لەشکرکێشی سەربازیی لە باکووری عێراقدا. هەمدیسان وابەستەگییەکانی ئەنکەرە لەبەرامبەر پێکهاتەی تورکمان لە باکووری عێراقدا میکانیزمێکی کارایە بۆ لاوازکردنی توانای کوردان لەسەر پاراستنی یەکێتی خاکی هەر هەرێمێکی ئۆتۆنۆمیی کوردیی لە باکووری عێراقدا.[٥٣] دیسانەوە دەگونجێت ئەم میکانیزمە دژبە پلانەکانی سەرکردایەتی کورد بێت بۆ دەستگرتن بەسەر تەواوی باکووری عێراقدا. دواجار ئەنکەرە دەتوانێت سوود لە بوونی تورکمان وەربگرێت بۆئەوەی کورد

نەتوانێت دەست بەسەر نەوتی کەرکوکدا بگرێت، چونکە تورکمان لەو ناوچەیەدا زۆرن.

زۆرجاران ئەنکەرە و بەرەی تورکمانی لەعێراقدا پڕۆپاگەندەی ئەوەدەکەن کە ژمارەی تورکمانەکان پترە لە سێ ملیۆن وێڕای ئەوەی بەشێکی گەورەیان لەدەرەی ناوچەکانی عێراقدا نیشتەجێن.(٥٤) نەبوونی سەرژمێرییەکی فەرمیی تازە قەبارەی پێکهاتەی تورکمانیی لەعێراقدا دەخاتەژێر پرسیارەوە. کەچی سایتە ئەلەکترۆنییەکانی سەربە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا و ئاژانسی هەواڵگریی نێوەندی ئەمەریکا CIA باس لەوەدەکەن کە ژمارەی تورکمانەکان لەعێراقدا کەمترە لە نیو ملیۆن کەس یاخود کەمتر لە ٥٪ی کۆی گەلی عێراق پێکدەهێنن. ئەنکەرەو بەرەی تورکمانیی پڕۆپاگەندەی ئەوەدەکەن کوردان مومارەسەی رەگەزپەرستیی دژبە تورکمانەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن. لە مارسی ٢٠٠٤دا، هەر شەش نوێنەرەکەی تورکمان لە ئەنجومەنی ئیدارەی شاری کەرکوک پاشەکشەیانکرد لەهەمبەر کۆچڕەویی بەلێشاوی کورد بۆئەو شارە و هەژمونی کورد بەسەر ئەنجومەنی نێوبراودا.(٥٥) وێڕای ئەوەی بەرەی تورکمانیی لەعێراقدا لەسەرەتادا بەپێچەوانەی ئەنکەرە لەگەڵ دامەزراندنی سیستەمی فیدراڵیدا بوون لەسەر بنەمای پارێزگاکان - بەشێوەیەك هەر پارێزگایەك لەکۆی هەر هەژدە پارێزگاکەی عێراق بێتە هەرێمێکی فیدراڵ - نەك لەسەر بنەمای ئیتنیی، هەروەها ئەنکەرە روونیکردەوە ئەگەربێتو لەسەر بنەمای ئیتنیی پێکهێنرا ئەوا پێویستە تورکمانەکان هەرێمێکی ئۆتۆنۆمیی تایبەت بەخۆیان هەبێت،(٥٦) بەشێوەیەك شاری کەرکوك و دەوروبەری لەخۆبگرێت کە سەرکردەکانی بەرەی تورکمانیی لە عێراق بانگەشەی ئەوەدەکەن تورکمان زۆرینەی دانیشتوانانی ئەو شارە پێکدەهێنن.(٥٧) بەرەی تورکمانیی لە هەڵبژاردنەکانی پارێزگای کەرکوکدا کە لە مانگی یەنایەردا ئەنجامدرا بەتەنێ ١٦٪ی دەنگەکانی وەدەستهێنا، لەلایەکیترەوە، تورکمانەکان هەڵمەتێکیان راگەیاند بەمەبەستی سڕینەوەی شوێنەوارەکانی عەرەبکردنی سەدامیی کە چەندین گوند و خانەوادەی پێکهاتەی تورکمانیی لەعێراقدا گرتەوە. وەلێ توانای تورکمانەکان سنووردارە بەبەراورد لەگەڵ توانای کورد کە لەڕووی رێکخستن و ژمارەوە فرەلاترن. یەکێك لە لێکۆڵینەوەکان جەخت لەسەرئەوەدەکاتەوە "کە ئەمەریکییەکان بەربەستی توندیان داناوە لەبەردەم جموجۆڵی تورکمانەکان و ئەو کۆمەکییانەی کە لە ئەنکەرەوە بەدەستیان دەگات".(٥٨)

پشتگیریکردنی بەرەی تورکمانیی لەلایەن ئەنکەرەوە - گوایە لە ساڵی ١٩٩٥ لەسەر دەستی هەواڵگریی تورکیا دامەزراوە - بووەتە هۆی ئاڵۆزکردنی پەیوەندییەکانی تورکیا و

کوردانی عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکان، تەنانەت لەگەڵ خودی هێندێك لە تورکمانەکانی عێراق و پڕۆپاگەندەی ئەوەش دەکرێت کە ئەندامانی سەر بە هەواڵگریی تورکیا بەردەوام لەنێوچە تورکماننشینەکاندا هەر لە سەرەتای هەشتاکانەوە بوونی هەیە. ئەوانە هەڵدەستن بە راهێنان و پڕچەککردنی جەنگاوەرە تورکمانەکان لە ساڵی ٢٠٠١وە.[٥٩] هەمان سەرچاوە پێیوایە رێبەرانی بەرەی تورکمانیی هەر لە ساڵی ١٩٩٥وە بەشێوەیەکی رێکخراو کاریگەرییان لەسەر بڕیارسازیی ئەنکەرە هەیە، ئیدی هەم واشنتۆن و هەمیش کوردانی عێراق بەچاوی گومانەوە دەڕواننە وابەستەگییەکانی بەرەی تورکمانیی و ئەنکەرە، تەنانەت واشنتۆن رێگەینەدا بە بەرەی تورکمانیی بەشداریی ئەنجومەنی حوکمی کاتیی بکات کە هاوپەیمانان دایانمەزراندبوو کە پاشتر حکومەتی کاتیی عێراق لە یۆنیۆی ٢٠٠٤دا جێگەی گرتەوە.[٦٠] شایانی باسە ئەنجومەنی کاتیی عێراقیی و پاشتر حکومەتی کاتیی عێراق بەتەنێ یەك ئەندامی تورکمانی تێدابوو. لە هەردوو حاڵەتدا، ئەو ئەندامە سەربە بەرەی تورکمانیی نەبوو. پترلەمەش ئەنکەرە رەخنەی لە واشنتۆن گرت لەسەرئەوەی یاسای ئیدارەی کاتیی هیچ گرنگییەکی ئەوتۆی بە مافەکانی تورکمان نەداوە کە سێیەم گەورە پێکهاتەی ئیتنیی لەعێراقدا، لەوەختێکدا کە هەردوو زمانی کوردیی و عەرەبیی بەفەرمیی ناسێنران.

لەلایەکیترەوە، رووداوەکەی چواری یۆلیۆی ٢٠٠٣، کە هێزەکانی ئەمەریکا گرووپێکی تورکمان و ژمارەیەك ئەفسەری یەکە تایبەتەکانی تورکیا لە پارێزگای سلێمانی دەستگیرکران، بەتۆمەتی پلاندانان بۆ تیرۆرکردنی حاکمی شاری کەرکوك، ئەمە بەئاشکرا پشتگیریی تەواو و ئەکتیڤی ئەنکەرە دەردەخات بۆ تورکمانەکان لە باکووری عێراقدا.[٦١] لە پاییزی ساڵی ٢٠٠٣دا، تورکیا ئامادەیی خۆی دەربڕیی بۆ ناردنی دە هەزار سەرباز بەمەبەستی بەشداریکردن لە پرۆسەی پاراستنی ئاشتیی لەعێراقدا، وەلێ دەستەی ئەرکانی گشتیی تورکیا پێشنیاریکرد ئەو هێزانە پتر لە ١٥٠کم دوورترنەبن لە سنووری عێراق - تورکیا لەبەر هۆکاری لۆجیستیی، ئەمەش واتە ئەو هێزانە لە زۆربەی بەشەکانی هەرێمی ئۆتۆنۆمیی کوردستان و نێوچە تورکماننشینەکاندا جێگیردەبن.[٦٢] کوردانیش هەڕەشەیەکانکرد بەوەی بەگژ هێزە ئاشتیپارێزەکانی تورکیادا دەچنەوە و ئەمەریکییەکانیش چەند نێوچەیەکیتری عێراقیان پێشنیارکرد تاکو ئەو هێزانە بلاوببنەوە.

لە سەروبەندی ئەو پرۆسە سەربازییانەی کە لە سێپتێمبەری ٢٠٠٤دا **شارۆچکەی** تەللەعفەری گرتەوە لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکا و هێزەکانی پێشمەرگەوە، ئەنکەرە **بە توندی** رەخنەی لەو پرۆسانە گرت، وەلێ ئەمەریکییەکان گوتیان تەللەعفەر رێرەوێکی ئەمینە **بۆ** جەنگاوەرە بیانییەکان کە لە سوریاوە دێنە نێو عێراقەوە، هێندێك لە بەلگەکان ئاماژە بەوەدەدەن کە ئەمەریکییەکان بە مۆچگاریی بەرپرسە نێوخۆییەکانی کورد هێرشیانکردووەتەسەر تەللەعفەر، لەوەختێکدا زۆرینەی دانیشتوانی تەلەعفەر تورکمانن. وێڕای حەقیقەتی بارودۆخ و پاشهاتەکانی رووداوەکانی تەللەعفەر، ئەنکەرە دڕدۆنگیی خۆی نیشاندا لەمەڕ چارەنووسی تورکمانەکانی ئەو نێوچەیە، گول بەمشێوەیە هەڕەشەیکرد: "ئەگەر بێتو پرۆسە سەربازییەکان رانەگیرێن، ئەوا هاریکارییەکانی تورکیا بۆ عێراق رادەگیرێت". هەرئەمەش وای لە ئەمەریکییەکان کرد داوای روونکردنەوە لە ئەنکەرە بکەن سەبارەت بەو هەڵوێستە. دواجار، ئەمەریکییەکان و تورکان **رێککەوتن لەسەرئەوەی بەهاوبەشیی یارمەتی مرۆیی بگەیەنە لێقەوماوانی تەللەعفەر، لەکاتێکدا ئەنکەرە سووربوو لەسەرئەوەی تورکمانەکانی ئەو شارە** بەخۆیان ئاسایشی نێوچەکەیان بپارێزن، وەلێ وردەکارییەکانی ئەو رووداوە بە بەرپێواریی مایەوە.(٦٣) شارۆچکەی تەللەعفەر رێرەوێکی سنوورییترە بەنیسبەت ئەنکەرەوە، چونکە بەپێچەوانەی نێوچە سنوورییەکانیترەوە کە بەدەست پارتی دیموکراتی کوردستانەوەیە تورکمانەکان بەخۆیان دەستیانگرتووە بەسەر ئەو نێوچەیەدا و لەلایەکیتریشەوە، یەکێکیە لە سەرچاوەکانی دەرامەتی تورکیا.(٦٤)

تورکمانەکان لەپێش گلانی سەدام حسێندا لە چوارچێوەی یەکێتییەکی سیاسیی راستینەدا کۆنەبوونەوە لەبەر چەندین فاکتۆران، لەوانە: پەرشوبلاوییان لە نێوچەکانی عێراقدا و بەرزبوونەوەی رێژەی تورکمانە شارەکییەکان و ئاوێتەبوونیان لەنێو کۆمەڵگەی عێراقیدا، وێڕای ئەوەی نێزیکەی ٦٠٪ی تورکمانەکانی عێراق وەك زۆرینەی عەرەبەکانی عێراق شیعە **مەزهەبن**. سەرباری ئەوەی تورکمان سەر بە پارتە ئیتنییەکانن نەوەك "بەرەی تورکمانیی **لە عێراقدا**"، هەروەها بەدەر لە بنەمای ئیتنیی خۆیان دەبەنەوەسەر شیعەکان، بەبەڵگەی **ئەوەی بەشێکی** گەورەی تورکمانەکانی عێراق لە دڵەوە هیوایاندەخواست جووڵانەوەکەی **موقتەدا** سەدر سەربکەوێت. لەچەندین بۆنەدا هێندێك لە تورکمانەکان بانگەشەی **ئەوەیانکردووە** کە کورد لەبنەڕەتدا نەبووەتە سەرچاوەی کێشە سەرەکییەکانیان کە لە**عێراقدا** رووبەرووی دەبنەوە،

كێشەكانیشیان دەگێڕنەوە بۆ ئاكامی پرۆسەكانی عەرەباندنی باكووری عێراق و دانپێدانەنانی سوننە بە مافەكانی توركماندا.[٦٥] جەلال تاڵەبانیی سكرتێری گشتیی یەكێتی نیشتیمانی كوردستان لەگەڵ هەمان تێڕوانینی توركمانەكاندایە، چونكە وەك هەوڵێك بەكاریدەهێنێت بۆ قایلكردنی ئەنكەرە بەوەی لكاندنی كەركوك بە هەرێمی ئۆتۆنۆمیی كوردستانەوە بارودۆخەكە دەگۆڕێت و دەیكاتە شاری پێكراژیانی ئاشتییانە لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لەسەرجەم پێكهاتەكان و دابەشكردنی دەسەلات بەشێوەیەكی داوەرانە.[٦٦].

چاودێرێكی تورك سووزلە و دەیزێت: "دەبێت توركیا بگات بەو ڕاستییەی كە توركمان ناتوانن لە چوارچێوەی یەكێتییەكی ڕاستینەدا كۆببنەوە، یاخود بگەن بە ڕێكەوتنێكی تەوافوقی ئەكتیف و شایانی ژیان بۆئەوەی ببن بە هێزێكی سیاسیی كاریگەر لەعێراقدا. بەوەی توركمانیی لاواز ناتوانێت یەكریزی توركمانەكان بپارێزێت و توركمانەكان پێیانباشترە بچنەنێو تەوژمە شیعەكانیتری عێراق".[٦٧] لەگەڵ ئەمەشدا، ڕەنگە ئەنكەرە بەردەوامبێت لە بەرگریكردن لە مافەكانی توركمان، بە بەڵگەی ئەوەی هەرگیز بێدەنگ نەبووە و نەوەستاوە لە ئاگاداركردنەوەی كورد و ئەمەریكییەكان، بەئامانجی دووپاتكردنەوەی پابەندبوونی بە پاراستنی ئەو مافانە و جەختكردنەوە لەسەر ئەوەی كەركوك شاری گشت پێكهاتە ئیتنییەكانە و دەستبەسەردانەگرتنی كەركوك لەلایەن كوردەوە بەشێوەیەكی تاكڕۆیانە، واتە ئەنكەرە نایەوێت دەستبەرداری دەستێوەردانی ببێت لە كاروباری نێوخۆی عێراقدا و ڕەتیشیدەكاتەوە كێشەی كەركوك كێشەیەكی نێوخۆیی عێراقیی رووتبێت.[٦٨] هەمدیسان ئەمجۆرە هەڕەشە و ئاگاداركردنەوانەی توركیا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەنكەرە هێڵە سوورەكان دەپارێزێت. دواجار دەبێت بزانین ئەنكەرە تا چ حەددێك بەرگریی لە توركمان و مافەكانیان دەكات لەحاڵوباری دەركەوتنی ئاریشەیەكی نێوخۆیی عێراقیی توند كە مەترسیبێت بۆ یەكێتی خاكی عێراق بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ.

هاوپەیمانانی توركیا و
دژبوونیان بەرامبەر بە دڵبزۆكییەكانی كوردانی عێراق

لەدایكبوونی حكومەتی توركیا بە ڕێبەرایەتیی پارتی پێدان بەتەوژم ئیسلامیی مایەی خۆشحاڵیی دەوڵەتانی هاوسێی توركیا بووە كە كۆمەڵگەكانیان مۆركی ئیسلامییان بەسەردا زاڵە، هاوكات لەگەڵ ئەم خۆشحاڵییەدا هەڵسوكەوتی ناباوی ئەنكەرە و لایەنی دیپلۆماتكاریی

ئەکتیڤی لە کێشەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا.[٦٩] هێندێك لە چاودێران پێیانوایە بەردەوامبوونی ئەنکەرە بەم ئاراستەدا کاریگەریی نێگەتیڤی دەبێت لەسەر زۆرینەی ئامادەکارییە نێودەوڵەتییەکانی ئەوڕۆی تورکیا، بەتایبەت پەیوەندییەکانی تورکیا - ئەمەریکا کە قەیرانی دژواربوونە. وێڕای جموجۆڵی دیپلۆماسیی تورکیا لەنێوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پتر بەرزووترمی بەخۆوەبینیوە هەر لە دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە، هەڵوێستی "کەمالییە" سێکیۆلارەکان بەگشتی بە دڕدۆنگیی و بەدبینین و جارجارەش بە ترس و هەستیاریی و زۆرجاریتیش بە تەرکیزخستنەسەر کێشەکانی دەوڵەتانی هاوسێی راستەوخۆی تورکیا ناسراوە.[٧٠] تورکیا نێوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە نێوچەی شەپۆلی لماویی دادەنێت و بەباشی دەزانن خۆیانی لێبەدووربگرن، سیاسەتی دەرەکیی تورکیای "کەمالیی" پتر چاودێریی رووداوەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکەن بەدەرلەوەی ئەکتیڤانە بچنەنێویەوە.[٧١] یەکێك لە فاکتۆرەکانی دژواربوونی پەیوەندییەکانی تورکیا و زۆربەی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست چەسپاندنی سیستەمی سێکیۆلاریی بوو لەتورکیادا و بەئەندامبوونی لە رێکخراوی پەیمانی ناتۆ و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل و رژێمی ئایینی ئێران و رادیکاڵەکانی عەرەب و هەڵوێستە دژانەکانی ئەنکەرە لەماوەی جەنگی ساردا بەپێچەوانەی زۆرێك لە هەڵوێستەکانی دەوڵەتانی عەرەبیی و، ململانێی لەگەڵ دیمەشقدا لەسەر ئاو و دەسەڵاتی تورکان لەڕابردوودا بەسەر جیهانی عەرەبیدا و ئەو رق و بێبڕواییەی هەیە لەنێوان تورك و عەرەبدا رەگوریشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ فاکتۆرەکانی رووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی. ئیدی سەرجەم ئەو دژواربوون و فاکتۆرانە تورکە کەمالییەکانی هەڵپێچاوە بۆ دەستوەردانی راستەوخۆو و ئەکتیڤ لە کێشەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و دڕدۆنگن لەمەڕ دەسپێشخەریکردن بۆ بنیاتنانی هەر پەیوەندییەکی باش لەگەڵ جیهانی عەرەبیدا.

سەرۆکوەزیرانی تورکیا رەجەب تەیب ئەردۆگان بەڵێنیدا تورکیا بەشێوەیەکی ئەکتیڤ رۆڵی خۆی ببینێت لەنێوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، دیسانەوە لە یەکێتیی ٢٠٠٥دا دووپاتیکردەوە "پێگەی جوگرافیی و مێژوویی و شارستانیی و بەرژەوەندییە ئیستیمانییەکانمان وامانلێدەکات نەتوانین دەستەونەژنۆ دابنیشین لەهەمبەر کێشەکانی دەوڵەتانی هاوسێدا".[٧٢] واچاوەڕواندەکرێت تورکیا کە بەشێوەیەکی نەخوازراو بۆ قۆناغێکی دوورودرێژ کە مامەڵەی پێویستی لەگەڵ زۆرێك لە دەوڵەتانی عەرەبیدا نەکردووە و چڕکردنەوەی هەوڵەکانی و

گرنگیپێدانەکانی بەمەبەستی وەدیهێنانی یەکێتی نێوخۆیی لەرێگەی پابەندبوونی بە نموونەی کانتیی بۆ کۆمەڵگەی ئەمنیی و هەوڵە نەپساوەکانی بۆ بەئەندامبوونی لە یەکێتی ئەوروپادا و پراکتیزەکردنی توندوتیژی هۆیزیی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و هەوڵەکانی بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەکان بەبێ ئەوەی هیچ هەق و حساوێك بکات بۆ لایەنی بەرامبەر بەوەدیهێنانی دەستکەوتەکانیی و، تێوەگلانی لە پاڵپشتیکردنی جوجۆڵە تیرۆریستییەکان، هەموو ئەمانە پێکرا بووەتە هۆی لەدەستدانی بڕوا و متمانەپێکردن.[٧٣] واشچاوەڕواندەکرێت هەوڵە چڕوپڕەکانی ببنە مایەی ئەفراندنی کەشوهەوایەکی گونجاو بۆ دامەزراندنی گفتوگۆیەکی بنیاتنەر و چوونەنێو ڕووداوەکان بەشێوەیەکی کارا لەبری ڕووبەڕووبوونەوە و پێکداهەڵپژان.[٧٤] بنەمای سەرەکیی دیپلۆماسیەتی هەرێمیی هاوچەرخ و بەرفراوانی تورکیایە. دەگونجێت بەتایبەت گۆڕانکارییەکانی عێراق بەگشتیی بەشێوەیەکی سەرەکیی ئەنکەرەیان هەڵپێچابێت بۆگرتنەبەری ئەو ڕێبازە دیپلۆماسییە تازەیە کە خۆی لەخۆیدا مەترسییە بۆسەر ئاسۆکانی سەرکەوتنی لە چارەسەرکردنی ئاریشەی کوردیی هەستیاردا.

پەیوەندییەکانی تورکیا - عێراق پراگماتین و نەبوونی هاریکاریی هاوبەش لەگەڵ زۆربەی دەوڵەتانی نێوچەکەدا. وێڕای دروستبوونی پشێویی بەهۆی تورکیاوە لەسەر ئاوی هەردوو ڕووبار دیجلە و فورات کە لە خاکی تورکیاوە هەڵدەقوڵێن، ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان تورکیا و عێراق بەردەوامبوو تا جەنگی یەکەمی کەنداو (١٩٩٠-١٩٩١)و ئەو سزایانەی سەپێندرابوو بەسەر رژێمی دەسەلاتداری عێراقدا، تورکیا و عێراق لە ساڵی ١٩٧٧ سوودمەندبوون لە کردنەوەی هێڵە نەوتییەکان لە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوکەوە بۆ کەنارەکانی تورکیا کە بەسەر دەریای سپی نێوەڕاستدا دەڕوانێت: چونکە ئەم دەرچەیەی تورکیا ئەڵتەرناتیڤی دەرچەی سوریی بوو (لە سەروبەندی جەنگی ئێران - عێراقدا فرەگرنگبوو هەرچەندە دیمەشق هاوسۆزی ئێرانییەکان بوو)، تورکان فرەسوودمەندبوون لەو هێڵە نەوتییانە لەرێگەی ئەو دەستکەوتانەی وەدەستیاندەهێنا. ئەنکەرە فرەسوودمەندبوو لە هاریکارییەکانی عێراق بۆبەرگرتن لە ئێران لە سەروبەندی جەنگی ئێران - عێراقدا و فرەخۆشحاڵبوو بە پەیوەندییە دژوارەکانی رژێمی عێراق لەگەڵ رژێمی بەعسی سوریا ئەوکات تورکیاش پەیوەندییەکانی لەگەڵیدا فرەساردوسڕبوو.[٧٥]

سەرۆکوەزیرانی تورکیا یەکێك بوو لە پەرۆشترین کاربەدەستەکانی تورکیا بۆ هاریکاریکردنی عێراق، هەروەها بەتوندی دژایەتی هەڵوێستەکانی ئۆزالی کرد لە

پشتگیریکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سەروبەندی جەنگی ساڵی ١٩٩٠دا بۆسەر عێراق و قۆناغی دوای جەنگ. وەختێکیش ئەجەوید لە ساڵی (١٩٩٠-٢٠٠٢) جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوەبوو هەوڵیدا سەرجەم سزاکانی سەر بەغدا هەڵبگرێت و یان هیچ نەبێت دلوای سووککردنی دەکرد. هەمدیسان هەر لە سەردەمی ئەجەویددا ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان تورکیا و عێراق فرەبووژانەوەی گەورەی بەخۆوەبینی، بەتایبەت لە ئاخروئۆخری نەوەدەکاندا، هەروەها هەوڵیدا سزا سەپێنراوەکان بەسەر عێراقدا سووکبکات، دواتریش کەوتە دانوستانکردن لەگەڵ عێراقدا لەمەڕ کردنەوەی رێڕەوێکی سنووریتر، ئیدی واشنتۆنی فرەتووڕەکرد.[٧٦] لە سەروبەندی ئامادەکاریی هێرشی ئەمەریکا بۆسەر عێراق، ئەنکەرە هەوڵیدا گفتوگۆکانی لەگەڵ عێراقدا وەك خۆی بهێڵێتەوە و پشتگیریی خۆی بۆ بەغدا دووپاتکردەوە بەهێورکردنەوەی بارودۆخەکە و بەدەمەوەچوونی تەواوی پشکنیارانی نێودەوڵەتیی.[٧٧] لەلای خۆیەوە عێراق هانی تورکیایدا بەدەم داوا سەربازییەکانی ئەمەریکاوە نەچێت و حکومەتەکەی پارتی پێشانیش بەردەوامبوو لەسەر سیاسەتە روون و ئاشکرا و دیارەکانی لەبەرامبەر عێراق، تەنانەت وەختێك دەرکەوت کە هاکا جەنگ بەرپابوو وەزیری بازرگانیی تورکیا لەگەڵ شاندێکی بازرگانان لە یەنایەری ٢٠٠٣دا سەردانی عێراقیان کرد وەك بەشێك لەکۆی هەوڵەکانی تورکیا بۆ راکێشانی پتری شەریکە بازرگانییەکان و رادەستخستنی پەیامێك لە حکومەتی تورکیاوە بۆ سەدام حسێن تاکو هاریکاریی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات.[٧٨]

وەختێك جەنگی ئەمەریکیی بۆسەر عێراق نێزیکبووەوە، حکومەتەکەی پارتی دادوگەشەپێدان وەخۆکەوت و- پێش ئاگادارکردنەوەی وەزارەتی دەرەوە یاخود دەستەی ئەرکانی گشتیی - رایگەیاند کە ئامادەیە بۆ دەسپێشخەرییەکی هەرێمیی بەئامانجی چارەسەرکردنی بەرنامەکانی چەکی کۆکوژی عێراقیی بەبێ پەنابردن بۆ جەنگ.[٧٩] هێندێك پێیانوایە ئەم پێشنیارەی پارتی دادوگەشەپێدان ئامانجێی قایلکردنی بەرهەڵستکارانی جەنگ بووە بۆسەر عێراق تاکو وابپێشانبدات کە حکومەتی تورکیا هەرچی لەتوانایدابوبێت نەیهامیدلوە بۆئەوەی جەنگەکە بەرپانەبێت، خودی ئەم جووڵانەوەیە بەنگەیەکی ئاشکرایە لەسەر خولیتی راستینەی تورکیا بۆ دۆزینەوەی چارەسەری ئەڵتەرناتیف بۆ کێشەی عێراقیی. هەر لەپێناو خودی ئەم ئامانجەدا، وەزیری دەرەوەی تورکیا لە یەنایەری ٢٠٠٣دا هەستا بە گەشتێك بۆ پایتەختانی دەوڵەتانی رۆژهەلاتی نێوەڕاست و پشتیوانیی زۆرێك لەو دەوڵەتانەی وەدەستهێنا بۆ بەستنی

کۆبوونەوەیەك لە ئەستەمبوڵ لەهەمان مانگدا، میسر و شانشینی عەرەبیی سعودیی و ئێران لەو دەوڵەتانە بوون کە بەشداریی کۆبوونەوەکەیان دەکرد-هەلێکی دەگمەن بوو بۆ ئەنکەرە بەئامانجی شرۆڤەکردنی تێڕوانینەکانی لەهەمبەر کێشەی کورد. لەڕاستیدا، سەرجەم ئەو دەوڵەتانەی بەشداریی **کۆبوونەوەکەیان** کرد کۆکبوون لەسەر مەترسییەکانی خواستەکانی کورد و شیمانەی خەتەرناکیی **شەقوپەقبوونی** یەکێتی خاکی عێراق و هەلآیسانی پشێویی هەرێمیی خەتەرناك، **گەنگەشەکانی ئەو کۆبوونەوەیە هیچ** ئاکامێکی گرنگ و یەکلاکەرەوەی لێنەکەوتەوە و کۆتا راگەیاندنیشی **لەڕووی تێوەرۆکەوە فرە لاوازبوو.**(٨٠)

دوابەدوای کۆبوونەوەکەی ئەستەنبوڵ دیداری هاوشێوە لەهەریەك لە ریاز و تاران و **دیمەشق و قاهیرە سازدرا. پاشتر،** ئەم **هاوپەیمانییە هەرێمییە** فشەڵە لکێنرا بە لیژنەیەکی **راوێژکاریی** سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان بەدەسپێشخەریی سکرتێری گشتیی کۆفی عەننان.(٨١) لەژێر سایەی حکومەتی کاتیی عێراقدا، رێگەدرا بە عێراق بەشداریی لەو زنجیرە کۆبوونەوە هەرێمییانەدا بکات. لە نۆڤەمبەری ٢٠٠٤دا، کۆبوونەوەیەکی هەرێمی بەرفراوان لە شەرەم ئەششێخی میسریی - شوێنیکی گەشتیارییە - سازدرا و گەورە دیپلۆماتکاران و وەزیرەکانی دەرەوەی هەر هەشت دەوڵەتە پیشەسازییە گەورەکەی جیهان ئامادەبوون، سەرباری نوێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەورووپا و کۆمکاری دەوڵەتانی عەرەبیی و رێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامیی و وەزیرەکانی دەرەوەی ژمارەیەك لە دەوڵەتانیتر. لەگەڵ ئەمەشدا حکومەتی ئێران لە نۆڤەمبەری ٢٠٠٤دا پێشنیاریکرد وەزیرانی نێوخۆ لە شاری تاران کۆببنەوە بەئامانجی پەرەپێدانی هاریکاریی ئەمنیی تایبەت بە عێراق. وەلێ تاران ئاستی نوێنەرایەتیی لە کۆبوونەوەکەی ئەردەندا نزمکردەوە کە لە یەنایەری ٢٠٠٥دا سازدرا وەك نارەزایەتییەك دژبە هەڵوێستەکانی ئەردەن بەوەی ئێران دەست لە هەڵبژاردنەکانی عێراق وەردەدات لەڕێگەی هاریکاریکردنی رێکخراوە شیعە مەزەبەکانی عێراق. ئێران دەوڵەتێکی شیعیی ناعەرەبیی جێبەجێکارە و سنووری هاوبەشی هەیە لەگەڵ عێراقدا و کەمەنەتەوەی کوردی تێدایە. لەبەر ئەم فاکتۆرانە، دەوڵەتانی عەرەبیی بەشدار لەو جموجۆڵە دیپلۆماسییە هەرێمییەدا لە نیازەکانی ئێران **دڵنیا**نەبوون و پێیانوابوو دواجار ئێرانییەکان هەوڵدەدەن هەموو شتەکان لە بەرژەوەندیی ئێران و **شیعەکانی** عێراقدا بێت. ئەمەش خۆی لەخۆیدا ئاماژەیەکە بۆ شیمانەی ڕوودانی پشێویی **هەرێمیی** نەخشێنەدا. هەر تورکیاش نەبوو نیگەرانبێت بە رمانی دەسەڵاتی سوننەکان

لەعێراقدا، بەڵکو بەشێکی گەورەی جیهانی عەرەبیی لەو نیگەرانییەدا هاوبەشبوون. ئەو دەوڵەتانە بەگشتیی و تورکیاش بەتایبەتیی، هەستیان بە دڕدۆنگییەکی دوور و قووڵ دەکرد لەهەمبەر شیمانەی هەڵوەشانی عێراق لەلایەکەوە و سەرهەڵدانی رژێمێکی فێندەمێنتالیزمی شیعیی رەدووکەوتووی ئێران لەلایەکیترەوە.

ئەنکەرە گرنگییەکی تایبەتی دەدا بە رێکخستنی هەڵوێستەکانی لەگەڵ سوریا و ئێراندا لەهەمبەر کێشەکانی عێراق، شایانیباسە پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ئەو دوو دەوڵەتەدا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوەدی لە سەروبەندی گلانی سەدام و دەسەلاتی کوردان بەسەر باکووری عێراقدا. بێگومان ئەو پەیوەندییانە فاکتۆرێکی گەوهەریی دەبن لەسەر دیاریکردنی چارەنووسی عێراق و رەنگدانەوەی هەرێمییتریش لەخۆدەگرێت، چونکە ئەو سێ دەوڵەتە پێکڕا سنووری هاوبەشیان هەیە لەگەڵ عێراقدا و کەمەنەتەوەی کوردیشیان تێدایە. دیپلۆماسیەتی هەرێمیی تورکیا ئەم شتانە لەخۆدەگرێت: لێدوانی تایبەت لەمەڕ پاراستنی یەکێتی خاکی عێراق و بەرهەڵستیکردنی خواستی کوردان بۆ بنیاتنانی فێدراڵیەتێکی عێراقیی لەسەر بنەمای ئیتنیی، بەدەر لە هاریکاریی سنووریی و رێکەوتنەکانی تایبەت بە راهێنانی هێزەکانی ئاسایشی عێراق و هێندێك لە بەرپرسانی حکومیی عێراق و پێکڕا هاریکاریی یەکتریی نێوانیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی جموجۆڵە کوردییە دژانەکان.(٨٢)

لە مارسی ٢٠٠٤دا، ژنۆ سوریا و ئێران پاشهاتە چاوەڕوانکراوەکانی گۆڕانکارییەکانی عێراقیان بۆ ئامادەبووانیان وەبیرهێنایەوە. کوردانی سوریا رێژەی ٩٪ی کۆی دانیشتوانانی ئەو ولاتە پێکدەهێنن. ژمارەی کوردانی سوریا کە رەگەزنامەی ئەو ولاتەیان پێڕەوا نابینرێت لانیکەم ٢٠٠ هەزار کەسە. پتر لەمەش زمانی کوردیی لەم ولاتەدا قەدەخەکراوە و نێوی نێوچە کوردییەکانیش بە عەرەبیی کراوە. لە یازدەی مارسدا، لە یەکێك لە یارییەکانی تۆپپێدا لە شاری قامیشلۆی کوردیی شەپۆلێك کاری ئاژاوەگێڕیی و خۆپێشاندانی بەخۆوەبینی و زۆری نەبرد نێوچە و شارە کوردییەکانیتری سوریای گرتەوە. لەڕووداوێکیتردا، هێزەکانی ئاسایشی سوریا پەنایانبرد بۆ بەکارهێنانی هێز بۆ بلاوەپێکردنی خۆپێشاندەرانی کورد کە هەوڵیاندەدا یادی سالانەی ژەهربارانکردنی هەڵەبجە بکەنەوە. رێك یەك هەفتە پێکداهەڵپڕانەکانی نێوان کورد و هێزەکانی ئاسایشی سوریا و هێندێك لە گرووپە عەرەبییەکان بەردەوامبوو بیستوپێنج کەس لە کوردان شەهیدکران و سەدان زامار و گرتنی سەدان کەسی لێکەوتەوە. ئەنووکە هەوڵەکان

رایدەگەیەنن لەسوریادا پشێوی نێوخۆیی و گرتن و کوشتن و زامارکردنی کورد بەردەوامە.[٨٣] لەلایەکیترەوە، چەندین شاری ئێران خۆپێشاندانی گەورەی بەخۆوەبینی و خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بۆ هەمووارکردنی دەستووری کاتی عێراقی فیدڕاڵ و چوونەنێو بواری جێبەجێکردنەوە. جیاکاریی لەدژی کوردان کە نێزیکەی ١٥٪ی گەلی ئێران پێکدەهێنن مۆرکێکی میللیی وەرگرتووە بەپێچەوانەی ئەو دەوڵەتانەی کە پێکهاتەی کوردیان تێدایە، ئەم جیاکارییە نافەرمییەی ئێران لەبەرچەتدا ڕێیلزی سوننی کوردانی ئێرانی کردووەتە ئامانج نەوەك ئینتیمای ئیتنییان.[٨٤]

کۆی پەیوەندییەکانی تورکیا - سوریا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دووچاری تەنگژە بووەوە بەهۆی نارەزایەتی سورییەکانەوە لەمەڕ لکاندنی لیوای ئەسکەندەرونە بە تورکیاوە لە ساڵی ١٩٣٩و دژانە وەستانەوەی هەردوو دەوڵەت لە سەروبەندی جەنگی سارد و ئەو پەیوەندییانەی کە ئەنکەرە لەگەڵ ئیسرائیلدا دایمەزراندبوو لەکاتێکدا ئیسرائیل دوژمنی سەرسەختی سوریایە و ململانێی توند لەنێوانیاندا هەیە لەسەر کێشەی ئاو. وێڕای ئەوەی سوریا چاوێکی هەمیشە بێدارە بۆ چاودێریکردنی کەمەنەتەوەی کورد لەخاکەکەیدا، کۆمەکیشی پێشکەش بە سەربازگە گرنگەکانی مەشق و ڕاهێنانی پارتی کرێکارانی کوردستان کرد وەك کارتێکی فشار بۆسەر ئەنکەرە و پتر پەیوەندییەکانی تورکیا - سوریای بەرەوتەنگژە برد.[٨٥]. پەیوەندییەکانی ئەنکەرە و دیمەشق لەدوای دەرکردنی ڕێبەری پەکەکە ئۆجەلان لە ساڵی ١٩٩٨دا لەلایەن سەرۆکی کۆچکردوو حافیز ئەسەدەوە ڕوویلەباشیکرد. هەر لە مارسی ٢٠٠٣وە، ئەو پەیوەندییانە پتر ڕوویلەخاوبوونەوەکرد و سەردانی فەرمیی لەنێوان هەردوولادا گەرموگوڕی بەخۆوەبینیی و دەسپێشخەریی ئابووریی و فەرهەنگیی و سیاسیی و دیپلۆماسیی لێکەوتەوە. سەرۆك بەششار ئەلئەسەد لە یەنایەری ٢٠٠٤دا سەردانی تورکیای کرد و بەمشێوەیە کەوتەقسەکردن: "لەڕاستیدا کەشوهەوای نێوانمان لە بێمتمانەیی نێوانمانەوە گۆڕدرا بۆ متمانە بە یەکترکردن".[٨٦] ئەمەش هەوەڵ سەردانی سەرۆکێکی سوریا بوو بۆ تورکیا و هاریکاری ئەمنیی لەنێوان هەردوو دەوڵەتدا دروستکرد و شوکرانەبژێریی دیمەشقیشی کرد بۆ قۆڵبەستکردنی ژمارەیەك لە تاوانبارانی تەقینەوە تیرۆریستییەکانی شاری ئەستەمبوڵ لە نۆڤەمبەری ٢٠٠٣دا.

وێڕای کێشمەکێشی توندی عوسمانیی - فارسیی کۆن لەهەردوو ڕەهەندی ئیمپریالیی و ژیارییەوە. پەیوەندییەکانی تورکیا - ئێران لە سەردەمی نەوەکانی شادا بەگشتی بە

پراگماتییەت و هاریکاریی وەسپدارکراوە. لە ساڵی ١٩٧٩دا، شۆڕشی ئیسلامیی لە ئێران سەرکەوتنی وەدەستهێنا و کۆتاییهێنا بە قۆناغێکی ماقوول و دەنگی نێوان تورکیا و ئێران. لایەنگریی تورکیا بۆ چەسپاندنی نموونەیەکی رۆژئاوایی بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا دژانەیە لەگەڵ فێندەمێنتالیزمی ئیسلامیی دژە رۆژئاوا کە بووەتە سەرچاوەی سروشی عەقیدەیی رژێمی ئایینی توندی ئێران. لەگەڵ ئەمەشدا هەنووکە ئێران دژایەتی بوونی ئەمەریک دەکات لەنێوچەکەدا و هەروەها هەنووکە تاران بەرهەڵستکارێکی توندڕەماری بوونی ئیسرائیلیشە. لەبەرامبەریشدا، ئەنکەرە لە چەندین بۆنەدا رایگەیاندووە ئێران دنە و کۆمەکیی تەوژمە فێندەمێنتالیزمە ئیسلامییەکان دەکات لەتورکیادا. سەرباری ئەمەش رووخانی یەکێتی سۆڤیەت مەیدانێکی تازەی ئەفراند بۆ دوژمنایەتی نێوان تورکیا و ئێران. تاران کە فرەدردۆنگە لە وەلاتی کەمەنەتەوەی سەربە تۆرەمەی ئازەربایجانیی بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران، شانبەشانی ئەرمینیا و روسیا لەململانێکانیاندا لەسەر هەرێمی ناگۆرنۆ - کاراباخ، بەمەش لەبەرامبەر هەڵوێستی ئەنکەرەدا دژانەیە کە هاوسۆزە لەگەڵ کێشەی ئازەربایجاندا. دژایەتی نێوان تورکیا و ئێران فرە روون و ئاشکرایە لە سەپاندنی دەسەلاتیان بەسەر ئاسیای نێوەڕاستدا و هەوڵە دیپلۆماسییە چڕوپڕەکانیان بۆ راکێشانی خاوەن پرۆژەکانی هێڵەکانی نەوت و غاز بەئامانجی راکێشانی ئەو هێلانە بە خاکەکانیاندا.(٨٧)

لە ساڵی ٢٠٠٣دا، لەئاکامی کرانەوەی تورکیا بەشێوەیەکی بنەڕەتیی، پەیوەندییەکانی تورکیا - ئێران رووپەلەباشیکرد، کێشە ئەمنییەکانی تایبەت بە باکووری عێراق و یەکەمە گەوهەری دیدارە فەرمییەکانی نێوان ئەنکەرە و تاران بوو هەروەها هەردوولا لە دیدارەکانی نێوانیاندا تیشکیان خستەسەر پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوانیان و کوردانی عێراق. پاشتر پەیوەندییە فەرمییە دووقۆڵییەکی نێوانیان چڕتربوودوە. لە سەروبەندی سەردانی وەزیری دەرەوەی تورکیا گول بۆ تاران لە یەنایەری ٢٠٠٤دا. سەرۆکی ئێران محەمەد خاتەمی گوتی: "ئاسایشی تورکیا ئاسایشی ئێمەیە". پاشتر گوتی: "دوژمنەکانی تورکیا ناتوانن لەرێگەی خاکی ئێرانەوە هێرشبکەنە سەر تورکیا و ئازاربیدەن".(٨٨) سەردانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا بۆ تاران لە یۆلیۆی ٢٠٠٤دا هاوکاتبوو لەگەڵ ریزبەندکردنی پەکەکە وەك رێکخراوێکی تیرۆریستیی قەدەخەکراو. پاشتر ئەم هەنگاوەی ئێران ژمارەیەك پرۆسەی ئەمنیی ئێرانیی - تورکیی هاوبەشی لێکەوتەوە دژبە جموجۆڵەکانی پەکەکە لەنێو خاکی ئێراندا.(٨٩)

سەردانەکەی ئەردۆگان بۆ تاران و کۆی پەیوەندییە دۆستانەکانی تورکیا واشنتۆنی نیگەرانکرد، ئیدی ئەردۆگانی هەڵپێچاو دووپاتیکردەوە سەردانەکەی مایەی هەڕەشە نییە بۆسەر ویلایەتە یەکگرتووەکان.[٩٠] وەلێ جموجۆڵی دیپلۆماسی هەرێمیی تورکیا دڕدۆنگییەکانی ئەمەریکای پترکرد، تورکیاش رەتیدەکردەوە. واشنتۆن هەڵبژاردنەکانی هەوەڵی تورکیای بە دووبارە رێکخستنەوەی سیاسەتی دەرەکیی تورکیا دانا.[٩١] هەمدیسان واشنتۆن لەم لایەنەوە هەوڵەکانی چڕکردەوە لەبارەی غیابی هاریکاریی ئێران و سوریا لەمەڕ گریمانەی دەستێوەردانیان لە کاروباری نێوخۆی عێراق، ئیدی ئەم لۆژیکە رەخنەییە لەگەڵ سەرەتای دووەم سەرۆکایەتی سەرۆك بۆشدا پترزیادبوو.[٩٢] ئاگادارکردنەوەکانی سەرۆك بۆش لە فێبرایەری ٢٠٠٥دا ئاماژەیەکی راشکاوانەبوو لەسەر نەمانی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی نێوان ئەمەریکا - تورکیا و تێنەگەیشتنەکانی نێوان واشنتۆن و ئەنکەرە لەمەڕ کێشەکانی نێوچەکە. ئیدی بەردەوامبوونی ئەنکەرە لە پەیوەندییە توندتۆڵەکانی لەگەڵ سوریا و ئێراندا کاریگەریی نێگەتیڤی دەبێت لەسەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ واشنتۆندا.

هەوڵەکانی ئەنکەرە هاوکاتبوو لەگەڵ چوونی ئەکتیڤ و بنیاتنەرانەی بۆنێو کێشەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هاریکاریکردنی هاوسێکانیی، لەگەڵ هەوڵە بەردەوامەکانی تورکیا بۆ دامەزراندنی پەیوەندیی باش لەگەڵ سەرجەم دەوڵەتانی جیهانی ئیسلامیدا. دواجار تورکیا دەیویست گۆڕانکارییەکانی عێراق لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی تورکیادا بێتەوە، هەروەها ئەو کرانەوە تورکییەی ئەمدواییە رەنگدانەوەی ئیسلامگەرایی پارتی دادوگەشەپێدان بوو. ئاماژەیەکی روون و ئاشکرا هەیە لەسەر راستێتی ئەم پێشنیارە، وەزیری دەرەوەی تورکیا گول لە کۆبوونەوەی رێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامیدا لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٣دا لە مالیزیا داوایکرد هێزێکی ئاشتیپارێز لەعێراقدا پێکبهێنرێت و دەوڵەتانی جیهانی ئیسلامیش رۆڵیان لەو هێزەدا هەبێت. ئەنکەرە بەم دەسپێشخەرییەی دەیویست رووبەڕووی رەخنە نەبێتەوە بەهۆی پێشنیارکردنی ناردنی دە هەزار سەرباز بۆ عێراق بەمەبەستی پاراستنی ئاشتیی لەعێراقدا، وەلێ ئەنجومەنی حوکمی عێراق بەگشتیی و ئەندامانی کورد بەتایبەتی لەدژی وەستانەوە و ئەنکەرەش پێشنیارەکەی پاشەکشەپێکرد. لەڕاستیدا، پەرچەکردارەکانی کۆبوونەوەکەی مالیزیا فرە ناکۆکبوو لەگەڵ پێشنیارەکەی تورکیادا، شاندی ئەردەن رایانگەیاند دەگونجێت ئەجێندا و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی دەوڵەتانی هاوسێی عێراق فاکتۆرێکی تەواوبێت بۆئەوەی ئەو

دەوڵەتانە ئامادەنەبن هێزەکانیان رەوانەی عێراق بکەن بەئامانجی پرۆسەی پاراستنی سەقامگیریی لەعێراقدا. زۆرینەی شاندە بەشداربووەکانی ئەو لوتکەبالایە رایانگەیاند لەگەڵ ناردنی هیچ هێزێکی ئاشتیپارێزیی ئیسلامیدا نین ئەگەر نەتەوە یەکگرتووەکان سەرپەرشتیی ئەو هێزانە نەکات.[٩٣] وێڕای ئەم شکستە دیپلۆماسییەی تورکیا، ئەنکەرە تیرۆنینێکی پۆزەتیڤی لەکن شاندە بەشداربووەکانی لوتکەبالاکە دروستکرد لە مالیزیا. هەر ئەمەش بوو ئەدوای تاقە یەك ساڵ وایکرد پرۆفیسۆر ئیکمالوددین ئیحسان ئۆگلۆ وەك هەوەڵ سکتێری گشتیی رێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامیی هەڵبژێردرێت، دوای ئەوەی رێکخراوەکە لە ئەستەمبوڵ کۆبوونەوەی خۆی بەست.

دەگونجێت ئەم پاشەکشەیەی تورکیا لە پەیوەندییەکانی حکومەتەکەی پارتی پێدان لەگەڵ ئیسرائیلدا بەڵگەیەکیترە لەسەر ئەو گۆڕانە گەورەیەی کە تورکیا لەرووی نێودەوڵەتیی و هەرێمییەوە بەخۆوەی بینیوە. رەخنە بەردەوامەکانی تورکیا لە سیاسەتەکانی ئیسرائیل لەبەرامبەر فەلەستینییەکان، ئەنکەرە لە مایۆی ٢٠٠٣دا باڵوێزی خۆی لە ئیسرائیل کێشایەوە وەك دەربڕینی نارەزایەتی لەهەمبەر سیاسەتەکانی ئیسرائیل دژبە فەلەستینییەکانی کەرتی غەززە. هەمدیسان لە مایۆی ٢٠٠٤دا، ئەردۆگان رێوشوێنە توندەکانی ئیسرائیلی لەغەززەدا بە "تیرۆری دەوڵەت" وەسپدارکرد. لەیۆلیۆدا، ئەردۆگان مژولی ئاهەنگی گواستنەوەی کچەکەی بوو هەر لەبەرئەمەش نەیتوانی پێشوازیی لە جێگری سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل بکات.

هەرچی پەیوەستە بە کێشەی کورد، رۆژنامەنووسی ئەمەریکیی سایمور هێرش Seymour Hersh لەبابەتێکیدا لە گۆڤاری نیویۆرکەر NewYorker نووسیویە ئەفسەرانی سەربە هەواڵگریی و سوپای ئیسرائیلیی هەستاون بەراهێنانی هێزەکانی پێشمەرگە وەك پێشوەخت ئامادەکاریی بۆ بەرەنگاربوونەوەی شیمانەی دامەزراندنی رژێمێکی شیعیی عێراقیی رەدووکەوتووی ئێران و هەروەها وەك میکانیزمێك بۆ لاوازکردن و چاوتێبڕکردنی ئێران و سوریا.[٩٤] شایانیباسە ئیسرائیل لە شەست و حەفتاکاندا کۆمەکی مرۆیی و سەربازیی پێشکەش بە کوردان کردووە وەك پاڵپشتییەك بۆ تێکۆشانیان دژبە سەدام حسێن و هەروەها هاوسۆزییەکی مەزن هەیە لەنێو دامەزراوە فەرمیی و میللییەکانی ئیسرائیل لەبەرامبەر کێشەی کورددا. سەرباری ئەوەی نێزیکەی ٥٠ هەزار ئیسرائیلیی سەربە تۆرەمەی کوردین و جوولەکە کوردەکانیش بەشێوەیەکی باش ئاوێتەی کۆمەڵگەی کوردیی بوون. نەك هەر بەتەنێ

ئەمەش، بەڵکو سروشتی کێشەی کورد وایە - کە هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەدەن و بە رژێمگەلێکی عەرەبیی دژانە چواردەوریان تەنراوە و با ئێرانیش لەلاوەبوەستێت - لە وەتەری هەستیاریی ئیسرائیل دەدات.

تورکیا بە یەکێك لە توندترین بەرهەڵستکارەکانی خواستە سەربەخۆخوازییەکانی کورد ئەژماردەکرێت، ئیدی هەر پشتگیرییەکی سەربازیی ئیسرائیلیی بۆ کوردان کاریگەریدەبێت لەسەر هاوپەیمانییە توندوتۆڵەکانی ئیسرائیل - تورکیا. بەمشێوەیە، بابەتەکەی هێرش کە بەخۆی دەڵێت پشتیبەستووە بە سەرچاوە هەواڵگرییەکانی ئیسرائیل و ئەمەریکا و تورکیا و ئەڵەمانیا، وەك چاوەڕێدەکرا تەنگژەی میدیایی و فەرمیی گەورەی لەتورکیادا دروستکرد.[٩٥] وێڕای دروستی بانگەشەکانی هێرش، لەڕووی لۆژیکی بابەتیی و شرۆڤەکارییەوە ئیسرائیل خوازیاری دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردییە وەك میکانیزمێك بۆ لاوازکردن و چاودێریکردنی دوژمنەکانی، تاکو وەك هاوپەیمانێکی هەرێمیی بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل بەکاریبهێنێت. وەك ئاشکرایە تورکیا و ئیسرائیل پەیوەندی توندوتۆڵ لەنێوانیاندا هەیە. لەڕاستیدا مانۆڕە سەربازیی و دەریاییە ساڵانەکانی ئەمەریکا - ئیسرائیل - تورکیا کە لە یەنایەری ٢٠٠٥دا پلانی ئەنجامدانی داڕێژرابوو ئاماژە بەوەدەدەن کە پەیوەندییە سەربازییەکانی نێوان تەلئەبیب و ئەنکەرە هەنووکە تارادەیەك باشە، وەلێ جوداوازییەکانی ئەمدواییەی تورکیا - ئیسرائیل سەبارەت بە کێشەی کورد دەبێتەمایەی بەگرێوگۆڵکردنی پەیوەندییەکانی ئەم دوو دەوڵەتە بەتایبەت هەر لە سەرکەوتنی پارتی پێدان لە هەڵبژاردنەکانی نۆڤەمبەری ٢٠٠٢وە.

پارتی کرێکارانی کوردستان/ PKK

مێژووی هەڵوێستەکانی تورکیا لەهەمبەر باکووری عێراق پەیوەستە بە قۆناغەکانی گەشەسەندنی کێشەی کورد لەنێو تورکیادا. لە ئیپریلی ٢٠٠٢دا، پارتی کرێکارانی کوردستان نێوە کۆنەکەی گۆڕیی بۆ "کۆنگرەی ئازادیی و دیموکراتیی کوردستان"، هەروەها لە نۆڤەمبەری ٢٠٠٣ ژنۆ نێوی خۆی گۆڕیی بۆ "کۆما جڤاکێن کوردستان".[٩٦] دەتوانین بێژین گۆڕینی نێوی ئەم رێکخراوە لە چوارچێوەی هەوڵە نەزۆکەکانی یەکەکەدا بوو بۆ خۆیەدوورگرتن لەو فشارە نێودەوڵەتییەی لەسەریبوو وەلێ لەهەمانکاتدا ئاماژەیەکی روون و ئاشکرابوو لەسەر کوتکوتبوونی نێوخۆیی کە ئەم حیزبە پێیەوەگیرۆدەببوو بەتایبەت وەك لە هێندێك راپۆرتدا

هاتووە باس لەوەدەکەن هێندێك لە پێشەنگە شۆڕشگێڕییەکانی پەکەکە باس لە چارەسەری ئاشتییانە دەکەن بەدوور لە توندوتیژیی و دژەتوندوتیژیی.(٩٧) لەنێوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٤دا، بەپێی هێندێك مەزەندان پێنج هەزار گەریلای پەکەکە لە باکووری عێراقدان (زۆربەشیان لەنێوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندان کە بەشێکی لەگەڵ خاکی ئێراندا هاوسنوورە)، وێڕای بوونی ١٨٠٠ گەریلا لەنێو خودی تورکیادا. لە یەکی یۆنیۆی ٢٠٠٤دا، پەکەکە ئاگربەستی تاکلایەنەی رەتکردەوە کە لە فێبرایەری ٢٠٠٠وە رایگەیاندبوو وەك هەنگاوێکی تاکلایەنە. ئەو ئاگربەستە تاکلایەنەی پەکەکە هەرگیز بەشێوەیەکی تەواو جێبەجێنەکراوە هەر لە مێژووی راگەیاندنیەوە. هەمدیسان هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارە هاوکات بوو لەگەڵ دزەکردنی نێزیکەی ١٢٠٠ گەریلای پەکەکە بۆ نێو خاکی تورکیا.(٩٨) هاوکاتیش توندوتیژیی نێوانیان رووی لە هەڵکشان کرد. لە یەکەوە بۆ سی ئۆگۆستۆس، پەکەکە ١٠٩ هێرشی چەکداریی لەنێو تورکیادا ئەنجامداو سیوپێنج ئەندامی هێزەکانی ئاسایشی تورکیایان کوشت و حەفتا و چواریتریشیان زامارکرد.(٩٩) تورکیا هەڵکشانیکردەوە توندوتیژییەکانی نێوخۆی وڵاتەکەی دەگەڕاندەوە بۆ جموجۆڵی ئازادانەی پەکەکە لە باکووری عێراقدا.

دوابەدوای ئیپریلی ٢٠٠٣، تورکیا یەك ئەگەری لەپێشبوو بۆ لەبێخهێنانی رێکخستنە ئەکتیڤەکانی پەکەکە لە باکووری عێراقدا، ئەویش پشتبەستنبوو بە توانا و خواستی ئەمەریکا و عێراق و کورد بۆ رزگاربوون لەو پارتە. کەچی ئەم ئەگەرە هیوابڕاویی لێکەوتەوە کە بژاردەی سیاسیی و ئەمنیی لەتورکیادا هیوایان بۆدەخواست. لە پاییزی ساڵی ٢٠٠٣دا، واشنتۆن رەزامەندیی خۆی نیشاندا لەسەر پلانێك و هیچ وردەکارییەکی نەخستەڕوو وەلێ ئەنقەرە وەك بڕیارێکی ئەمەریکیی حسێبی بۆکرد بەئامانجی پلیشاندنەوەی گەریلاکانی پەکەکە لەعێراقدا لەبری ئەنکەرە. وێڕای هەموو ئەمانەش، ژەنەراڵی تورك ئیلکەر باشبوگ وەك کەسێك و بەشداریی لەدانوستانەکاندا کرد سەبارەت بە پلانەکەی ئەمریکا لە یەنایەری ٢٠٠٤دا رایگەیاند: "هەنووکە هەڵمەتەکەی ئەمریکا دژبە پارتی کرێکارانی کوردستان نەگەیشتووەتە ئاستی چاوەڕوانییەکانمان"(١٠٠) لەدیسێمبەردا، گول گەیشتە ئەو بڕوایەی ئەمریکا خواستێکی راستینەی نییە بۆ هێرشکردنەسەر پەکەکە، یەکێك لە سیاسەتمەدارانی تورکیا گوتەیەکی گولی بڵاوکردەوە: "ئێمە هەنگاوەکانمان بەرەوپێشچوون بەخۆوەنابینێت ئەگەر پشت بە دەوڵەتانیتر ببەستین"، "ئاسایشی تورکیا چی پێویستبێت ئەوەدەکەین".(١٠١) هێندێك لە راپۆرتەکانیش

ئاماژەیاندا بەوەی پرسی لەنێوبردنی پەکەکە " تراژیدیا بەسەر ئاییندەی تورکیادا دەهێنێت، باش لەمە تێبگەن؟"[١٠٢] لە نۆڤەمبەریشدا، گول بەڕاشکاویی رایگەیاند: " تاکەی ئەم پرۆسەیە دوادەخەن؟"، هەمدیسان گوتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا "گەلی تورکیای دۆڕاند" لەپای جێبەجێنەکردنی ئەو پلانەی لەسەری رێکەوتبووین.[١٠٣]

بەپێی راپۆرتەکان، **هەڵوێستی** ئەمەریکا کە لە سەروبەندی گەنگەشەکاندا وەدیارکەوت سەبارەت بە پلانەکەی، **بەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان** ئەولەویەتی ئەمنیتری هەیە لەعێراقدا و وەدووکەوتنی گەریلاکانی **پەکەکە لە بنکە و بارەگاکانیان لەچیاوچۆڵەکاندا** پرۆسەیەکی فرەقورسە و کاتێکی زۆری **دەوێت و قوربانی مرۆیی قورسیشی گەرەکە و پێویستە لەسەرجەم** حاڵەتەکاندا **رێگەی سیاسیی بگیرێتەبەر** بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە.[١٠٤] پاشتر، واشنتۆن هەڵوێستی خۆی دووپاتکردەوە لەمەڕ ئەم پرسە، بەشێوەیەك هیچ جووڵانەوەیەکی سەربازیی توند دژبە گەریلاکانی پەکەکە ناگیرێتەبەر.[١٠٥] گۆندۆلیزا رایس - ئەوکات راوێژکاری ئاسایشی نیشتیمانیی بوو - لەسەردانێکیدا بۆ ئەنکەرە لە ئۆگۆستۆسی ٢٠٠٤دا لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە کێشەی کورد گوتی: "ئێمە هەرچییەکمان لەتوانادابێت دەیکەین لەرێگەی میکانیزمی ناسەربازییەوە تاکو سنوورێك دابنێین بۆ جموجۆڵ و توانای ئەو هێزانە"،[١٠٦] وەلێ ئەردۆگان رازینەبوو بەتێبینییەکانی رایس، پاشتر بەراوردێکیکرد لەنێوان هەڵمەتی ویلایەتە بۆ سەر فەللوجە و نەبوونی هیچ پرۆسەیەکی سەربازیی ئەمەریکیی دژبە پەکەکە لە باکووری عێراقدا،[١٠٧] هەمدیسان بۆش بەمدواییە هەڵوێستی ئەمەریکای بۆ ئەردۆگان دووپاتکردەوە،[١٠٨]. دیسانەوە رایس لە سەروبەندی سەردانەکەی ئەمدواییەیدا بۆ ئەنکەرە لە فێبرایەری ٢٠٠٥دا کاندیدا بوو بۆ وەرگرتنی پۆستی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، هیچ ئاماژەیەکی نەدا بەوەی ئەمەریکا بەنیازە لە پەکەکە بدات.

دوابەدوای شەش هەفتان بەسەر کۆتا سەردانی رایسدا بۆ ئەنکەرە - ئەوکات دەرکەوت ئەردۆگان فرەمڕوولە، بەرادەیەك نەیتوانی چاوبکەوێت بە باڵوێزی ئەمەریکا ئێریك ئیدیلمان Eric Edelman، هێندێك ئەمەیان گەڕاندنەوە بۆ ناڕازیبوونی ئەنکەرە لە هەڵوێستی **ئەمەریک** دژبە پەکەکە - دیداری سێقۆڵیی عێراق - ئەمەریکا - تورکیا پاش دواکەوتنی، لە **سەروبەندی** ئەو دیدارەدا، لایەنی تورکیی - کە زامنی رەزامەندیی عێراقییەکانی کردبوو سەبارەت بەو دوو رێکەوتنەی پەیوەست بوون بە رادەستخستنەوەی داواکراوان، کە هەردوو وڵات

له ساڵانی ١٩٨٩و ١٩٩٥دا واژۆیانکردبوو هەنووکە کارپێدەکرێت - بە زادەستخستنەوەی ١٥٠ رێبەری گەریلاکانی پەکەکە لە باکووری عێراقدا، لەعانی دیەرەکەدا روونبوومەوە هەر پرۆسەیەکی سەربازیی ئەمەریکیی دژبە پەکەکە هەنووکە قابیلی جێبەجێکردن نییە و فرەدوورە رووبدات.[109] ئەمەش بەپێی گوتەی باڵوێزی ئەمەریکا ئیدیلمان کە رۆژنامەی زەمانی تورکی چاوپێکەوتنی لەگەڵدا ئەنجامدابوو پێش چەند رۆژێك لە دیدارە سێقۆڵییەکە[110] دووپاتیکردەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێیباشە رێگەچارەی ئاشتیی بگیرێتەبەر بۆ قەڵاچۆکردن و لاوازکردنی پەکەکە، وەك لەبندا وشککردنی سەرچاوەکانی کۆمەککردنی و شەلەکردنی تولناکی پەیوەندیی ئەم رێکخراوە.(١١١)

بێگومان بەردەوامبوونی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە فەرامۆشکردنی ئەم پرسە دەبێتە هۆی پتر دڕدۆنگبوونی ئەنکەرە و بەتایبەت لەحاڵەتی بەردەوامبوونی شەپۆلی توندوتیژیی نێوخۆیی لەتورکیادا لەلایەن پەکەکەوە. لە پاییزی ساڵی ٢٠٠٣دا گوتراوە شکستهێنان لە سەرنخونکردنەوەی ئەم رێکخراوەدا: "مەترسییە لەسەر سەقامگیریی تورکیا و ئاییندەی پەیوەندییەکانی تورکیا - ئەمەریکا- و تەنانەت پرۆسەی رزگارکردنی عێراقیش".[112] ئەگەر لەگەڵ تێڕوانینەدا بیت یاخود نا، پەیوەندییەکانی تورکیا - ئەمەریکا بەهۆی ئەم کێشەوە فرە بەرەودژواریی هەنگاودەنێت. تێبینییەکانی سەرۆکوەزیرانی تورکیا ئەردۆگان لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ گۆڤاری "نیوزویك" لە فێبرایەری ٢٠٠٥دا ئەم تێڕوانینەی ئێمە پشتڕاستدەکاتەوە.[113] ئەوەی مایەی دڕدۆنگییە لە ساڵی ٢٠٠٤دا چەندین راپۆرتی دووروودرێژ وەدیارکەوتن و ئەمڕێنق بەوەدا کە هێزە چەکدارەکانی تورکیا بەنیازن ژنۆ هێرشی سەربازیی بکەنەسەر باکووری عێراق لەبەر دوو ئامانجان: یەکەم پاراستنی هێڵە سوورەکان، بەرپرسێکی پێشتری خەتەشتی تورکیا کە لە وەزارەتی دەرەوە کاریکردووە گوتویە: "دەبێت چارەسەری ئەم دیفاکتۆیە بکرێت کە بارزانیی و تاڵەبانیی دەیانەوێت لە باکووری عێراقدا بیچەسپێنن. ئەگەل هەر رەنگدانەوەیەکی نێگەتیف کە بەسەر تورکمانەکاندا بێت؟" ئەمنجی دووەم بریتییە بەرەنگاربوونەوەی پەکەکە، پڕۆپاگندەی ئەوەشدەکرا کە ئەم پارتە توانیویەتی ژمارەیەکی بەرچاو و گەورەی کوردانی ئێران و سوریا بخاتە ریزەکانیەوە و گۆشیانبکات. هێندێك لە راپۆرتەکان باسلەوەدەکەن کە دەستەی ئەرکانی گشتیی تورکیا نەخشەیەکی داڕشتووە بۆ جێگیرکردنی ٢٠ هەزار سەرباز - ئەم ژمارەیە لە ٤٠ هەزارەوە کەمکرایەوە - لە باکووری عێراقدا لەدوای هەڵبژاردنەکانی بەنایەری ٢٠٠٥ لە

عێراقدا، لەگەڵ لەنێوبردنی گەریلاکانی پەکەکە لەنێوچە نێزیکەکانی سەر سنووری تورکیا؛ هەروەها هەمان ئەو راپۆرتانە ئاماژەیاندا بەوەی خودی ئەو پلانانە دەرەنجامی کۆبوونەوەی نێوان ئەردۆگان و سەرۆکی دەستەی ئەرکانی گشتیی تورکیا و جێگرەکەی بووە، وێرای گول و جێگرەکەی و ژمارەیەك لە گەورە بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، گەیشتن بەم ئاکامانە: "دەرخستنی کۆدەنگیی.. پێشنیاری گرتنەبەری سیاسەتێکی فرەتوند لەهەمبەر باکووری عێراق و گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست بۆئەو سیاسەتە و ئەمەش مەحاڵە خۆیانی لێبەدووربگرن"،[114] هەروەها لەو راپۆرتانەدا هاتووە ئەنکەرە داوای لە واشنتۆن کردووە پشتگیریی لە پلانەکانی بکات.[115]

ئایا کوردانی تورکیا دەتوانن لە کۆمەڵگەی خۆیاندا ئاوێتەبین؟

وێرای ئەوەی دەستەی ئەرکانی گشتی تورکیا هیچ گۆڕانێك لە پلانە توندڕۆکەیدا وەدیارنەکەوتووە لەهەمبەر پەکەکەدا، بەمدواییە لەنێوخۆی تورکیادا هێندێك گۆڕانکاریی سیاسیی گرنگ روویدا لەسەر کێشەی کورد، لاتیکەم ئەو گۆڕانکاریانە لەسەرەتادان و لەدەرێرا سەرچاوەیگرتووە. لە چوارچێوەی هەوڵەکانیدا بۆ قایلکردنی ئەنکەرە بەدەرخستنی جۆرێك لە لێبووردەیی و شلڕۆیی لەهەمبەر هاوڵاتیانی کورددا، واشنتۆن هەوڵیدا هانی حکومەتی تورکیا بدات بەدەرکردنی لێبوردنی گشتیی بۆ چالاکەوانانی پەکەکە. لە ئۆگەستۆسی ٢٠٠٣دا، ئەنکەرە لێبوردنێکی گشتیی راگەیاند بۆ ماوەی شەش مانگان، لەهەمانکاتیشدا بریارە یاساییەکانیشی سوککرد بۆ نۆ ساڵان لەکاتێکدا ئەوانەی تاوانی کوشتنیان ئەنجامدابوو لە چوارچێوەی پشتگیریی کردنیان لە جووڵانەوەی سەربەخۆخوازیی کورد بە دوازدە ساڵان حوکمدرابوون، هەمدیسان فایلەکانی ئەندامانی پەکەکە داخران ئەوانەی کە بەشداریانەکردبوو لەهیچ کارێکی توندوتیژیدا و سەرجەمیان بەرهەڵداکران. وەلێ دەسەڵاتدارانی تورکیا هیچجۆرە نەرمییەکیان نەنواند لەگەڵ پێشەنگە شۆڕشگێرییەکانی پەکەکەدا، شایانیباسە زۆرینەی ئەوکەسانەی کە سزاکانیان لەسەر سوککرابوو بە بەندکراوایی هێڵدرانەوە و ژمارەیەکی کەمی چالاکەوانانی پەکەکەش چیاچۆڵەکانیان بەجێهێشت و خۆیان تەسلیمکردەوە بەئامانجی سوودوەرگرتن لە سووککردنی سزاکانی سەرشانیان.[116]

لە ساڵی ٢٠٠١دا، دەسەڵاتدارانی یاسایی تورکیا هەستان بەدەرکردنی چەندین بڕیاری پەیوەست بە هاوڵاتیانی کورد لەو وڵاتەدا، ئەمەش لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی چاکسازیی بەرفراواندا ئامانجلێی ڕێگەخۆشکردن بوو لەبەردەم ئەنکەرەدا بۆ بەئەندامبوونی لە یەکێتی ئەوروپادا. زۆرێك لە چاودێرانی شانۆی سیاسیی تورکیا ئەو بەرنامە چاکسازییەی بەگرنگترانی لە بڕیاری لێبوردنی گشتییو سووککردنی سزای سەر چالاکەوانانی پەکەکە. زۆرێك لەو چاودێرانە جەختدەکەنەوە لەسەر لاکردنەوەی تورکیا بە چارەسەرکردنی پرسەکانی مافی مرۆڤو بانتاییەکانی دیموکراسیی کە لەقەیراندا بوو بەشێوەیەك بگونجێت لەگەڵ بەها و پێوەرە باوەکانی یەکێتی ئەوروپادا. ئەمەش درەنگ و زوویی کەوتووە و دەبێتەمایەی گۆڕانێکی پۆزەتیفی بەرچاو لە سیاسەتی ئەنکەرەدا لە بەرامبەر کێشە هەمەلایەنەکانی هاوڵاتیانی کورددا. بۆ نموونە، سزای لەقەنارەدان لە تورکیادا قەدەخەکرا. وێڕای ئەوەی سەرۆکێکی مەدەنیی بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی تورکیا دانرا کە میکانیزمێکی سەرەکیی بڕاردەی سەربازیی تورکیایە بۆ فەرزکردنی ئاراستە ئەمنییەکانی لەمامەڵەکردنی لەگەڵ کوردانی تورکیا، هەمدیسان بە تەواویی کۆتایی هێنرا بە دەسەڵاتەکانی ئەو ئەنجومەنە لە کاروبارەکانی کورددا. بۆ یەکەمجار لە دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە بڕیار لەسەر چاوپێداخشانەوە و وردەکاریی میزانیەی بەرگریی درا. سەرباری ئەمەش، هەموو شێوە و ئاستەکانی نموونەی سەربازیی لەکن دامەزراوە میدیایی و پەروەردەییەکان کۆتاییپێهێنرا. هەمدیسان دادگەکانی ئاسایشی دەوڵەت داخران کە میلیتاریستان بەرێوەیاندەبرد کە زۆرجاران بەتەنێ بۆ پرسەکانی چالاکەوانانی پەکەکە بەکاردەهاتن. حکومەتی تورکیاش ڕایگەیاند کە بەهیچ کلۆجێك لەو ئاسایش و پۆلیسانە خۆشنابێت کە بەندکراوانیان جەزرەبەدەداوە. لەهەمووشی گرنگتر دەسەڵاتدارانی یاساداانی تورکیا دانیانئنا بە خوێندن و فێربوونی زمانی کوردیی.

هەروەها ڕێگەیدا زمانی کوردیی لە کەناڵە تیڤییەکان و میدیا تایبەتەکاندا بەکاربهێنرێت. لەڕاستیدا زمانی کوردیی بەکارهێنرا و میدیای تایبەتیش بۆئەو مەبەستە کرانەوە و بەرنامەکانی بە زمانی کوردیی پەخشدەکرد.(١١٧) حاڵەتی نائاسایش پووچەڵکرایەوە کە لە ساڵی ١٩٨٧وە بەسەر هەر دە پارێزگاکەی ڕۆژهەلاتی تورکیادا فەرزکرابوو لە چوارچێوەی ئەو ڕێوشوێنانەی کە حکومەتی تورکیا گرتبوویەبەر وەك میکانیزمێك بۆ بەرگرتن لە کردەوە توندوتیژییەکانی پەکەکە لەو پارێزگایانەدا. یەکێك لەو جوداوازییە سیاسییانەی تورکیا ئەوەیە

سێکیۆلارەکان - کە زۆرینەیان "کەمالیزمن" ناسراون بەپشتگیرییکردن لەرۆژئاوا، لەسەریی هەمووشیانەوە بژاردەی سەربازیی تورکیا - نەرمیی خۆیان پیشاندا لەهەمبەر هەوڵە چروپڕەکانی حکومەتەکەی پارتی پێدان بەئامانجی بەئەندامبوون لە یەکێتی ئەوروپادا.(١١٨) نەك بەتەنێ ئەمە، هێندێك لە دامەزراوە فەرمییەکان و پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکان بەتوندی وەستانەوە دژبە گۆڕانکارییە دەستووریی و یاساییەکان کە حکومەتەکەی پارتی پێدان دەستیدابوویە، بەتایبەت رەتکردنەوەی چەندین دەسەلاتی یاسایی بەرفراوان، بەشێوەیەك رێگەی خۆشدەکرد لەبەردەم هێندێك لەلایەنە حکومییە توندڕۆکان بۆ بەرتەسککردنەوەی رستێك ئازادی مەدەنیی کە یەکێتی ئەوروپا لێیدەڕوانیی سەبارەت بە تورکیا. وەلێ هێندێك ئاستەنگی بیرۆکراسیی پڕوپووچ رێگربوو لەبەردەم کاروانی بەرەوپێشبردنی بەرنامەکانی خوێندنی زمانی کوردیی و سنووریی دانا لەبەردەم ئازادیی جموجۆڵی میدیایی بینراو و بیستراو بە زمانی کوردیی. هەنووکە یاسای تورکیا رێگەنادات هاونیشتیمانیانی کورد بە زمانی کوردیی لەسەرجەم دامەزراوە و فەرمانگە فەرمییەکانی تورکیادا بە کوردیی قسانبکەن، رێگەشنادات هیچجۆرە گوتەیەکی سیاسیی بە زمانی کوردیی پێشکەشبکرێت. هەمدیسان فەرمانگەی تۆماری مەدەنیی تورکیا هیچ نێوێك بە زمانی کوردیی تۆمارناکات، کەچی یەکێتی ئەوروپا بەتایبەتمەندیی ئەو چاکسازییە راگەیاندراو و جێبەجێکراوانە دەزانێت کە لەتورکیادا روویانداوە، هەروەها دەشزانێت دەگونجێت کەمنەکردنەوەی توانای بیرۆکراتییەتی شارەکان و هەرێمەکان و نێوەند و دادگەکان و دەستەی پاراستن و جێبەجێکردنی یاسا خاوەخاوەدەکەن لە جێبەجێکردنی تەواوی یاسا و رێوشوێنە چاکسازییە راگەیاندراوە تازەکان.(١١٩) شایانیباسە "راپۆرتێك کە بەرزکراوەتەوە بۆ کۆمیسیۆنی ئەوروپیی" لە نۆڤەمبەری ٢٠٠٣دا ئاماژەیداوە بە ئاستەنگە نێوخۆییەکانی تورکیا، دڕدۆنگیی خۆیشی نیشانداوە لەڕووی پراکتیزەکردنی ئەو چاکسازییانە کە حکومەتی تورکیا بڕیاری لەبارەوە داون.(١٢٠)

وێڕای ئەو ئاستەنگ و تەجاوزانەی ئەوڕۆ، چاکسازییەکانی ئەم دواییەی تورکیا بەجۆرێك لەجۆرەکان سنوورێك دادەنێت بۆ بیرۆکراسییەتی دامەزراوە فەرمییەکان و ناهێڵێت بەردەوامبن لەسەر میتۆدی سەرکوتکاریی و توندەماریی لەهەمبەر گوزارشتکردن. لە تایبەتمەندییە کوردییەکان لەنێویشیاندا خودی زمانی کوردیی. ئیدی بوونی کورد، وەك کەمەنەتەوەیەك کە خاوەنی زمانی تایبەت بەخۆیەتی، یاسای تورکیا بڕیاریلێداوە (یاخود لانیکەم ئاماژەپێداوە،

ڕێڕای نێونەبردنی "کوردیی" لەهیچ دەقێکی یاسا هاوچەرخەکاندا). گفتوگۆکانی تایبەت بە پرسی بەئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا کە لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥دا لە برۆکسل سازدرا بڕیاریاندا بەبەردەوامیی چاوبخشێننەوە بە هەڵسوکەوتەکانی تورکیا بەئامانجی دیاریکردنی ئاستی پاشەکشە و بەرەوپێشەوچوون لە کاروانی چاکسازییەکاندا. تورکیا لەداهاتوودا باجێکی گەورەدەدات ئەگەرێتو هاوڵاتییانی کورد ڕووبەڕووی ڕێوشوێنی توندبینەوە و بەئاشکرا ستەمیانلێبکرێت یاخود بەشێوەیەکی بەرفراوان یاخود لەحاڵەتێکدا ئەنکەرە پەیرەویی لە سیاسەتی پاکتاوکردن بکات دژبە کورد لەو وڵاتەدا. کوردانی تورکیا باش ئەمە دەزانن، دواتر ڕێبەرە سیاسییەکانیان سەلماندوویانە کە ئەوان لەو کەسایەتییە کاریگەرانەن کە پشتگیریی لە خواست و هەوڵەکانی تورکیا دەکەن بۆ چوونەنێو یەکێتی ئەوروپاوە.[١٢١]

هەنووکە لەتورکیادا بەشێوەیەکی کراوەتر گەنگەشەدەکرێت لەبارەی کێشەی کورد لەو وڵاتەدا. ئەم گەنگەشە نێوخۆییەی تورکیا پتر گەرموگوڕی بەخۆوەبینی لەعانی بەرهەڵداکردنی لەیلا زانا و سێ لە هاوڕێکانیان لە یۆنیۆی ٢٠٠٤دا. شایانی باسە لەیلا زانا، پەرلەمانتارێکی پارتی دیموکراتیی بوو لە پەرلەمانی تورکیادا، هاوەڵەکانی دەساڵان لەگرتووخانەدا بوون بەهۆی جموجۆڵە سیاسییەکانیانەوە و هەروەها بەهۆی داواخوازیی لەیلا زانا بە دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی ئاشتییانە و دیموکراسییانە بۆ کێشەی کورد لەتورکیادا، لەچوارچێوەی دەوڵەتی یەکپارچەی تورکیادا بەشێوەیەك هاوڵاتییانی کورد ئۆتۆنۆمی وەدەستبهێنن.[١٢٢]

لە ئایندەیەکی نێزیکدا لەسەر شانۆی سیاسیی تورکیا موفاجەئە ڕوودەدات ئەویش بەگۆڕینی

پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیی کە لەیلا زانا و هاوەڵەکانی لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٤دا دایانمەزراند، بۆ جووڵانەوەیەکی سیاسیی کە پەکەکە باڵە چەکدارییەکی بێت. ئامانجی سەرەکیی ئەم جووڵانەوەیە: کارکردنە بۆ هەمووارکردنی دەستووری تورکیای هاوچەرخ کە مافەکانی کوردی تێداپارێزراوبێت و دانپەبوونی هەردوو نەتەوەی تورك و کورددا بنێت کە پێکرا لەتورکیادا دەژین.[١٢٣] بەهەمانشێوەی یاسای کاتی عێراقیی بۆ قۆناغی گواستنەوە. هێندێك لە چاودێرانی تورکیا پێیانوایە کارکردن بۆ چەسپاندنی دیموکراسیی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ لەتورکیادا و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێویی هاوڵاتیانی کورد تاقە ڕێگەیە لەبەردەم تورکیادا بۆ خۆبەدوورگرتن لە ڕەنگدانەوەی نێگەتیڤەکانی ئۆتۆنۆمی لە باشووری کوردستاندا.[١٢٤]

•••

سەرچاوەو پەراوێزەکان

١) For list of the membership of Iraq's interim **government, and the** text of the Transitional **Administrative Law (TAL), see** http:\\www.fco.gov.uk \Files\ **KFile\Tal, 0. PDF**
١١) TAL, Article 58(c).
٢) International Crisis Group, Iraq: Allaying Turkey's fear over Kurdish ambitions. Middle East Report no. 35(Ankara\Amman\Brussels: 26 January 2005), p.3.
٣) For an account of the Kurdish role in the negotiations leading up to the TAL agreement, see International Crisis Group, Iraq's Kurds: Toward an Historic Compromise?, Middle East Report no.26, (Amman\Brussels:8 April 2004),pp.1)5.
٤) For example, `Autonomy plan for Iraq Kurds worries Ankara`, financial Times, 12 March 2004.
٥) Steve Negus. `Battling for Iraq`s future`, Middle East International, no.716, 9 January 2004, pp .4)7.
٦) The text of the letter is reproduced in www.kurdistanobserver.com
٧) see, for example, Aamer Madhani,` Anti)American sentiment grows among Kurds`, Chicago Tribune, reproduced .in Kurdistan Observer. 15 June, 2004: and `Barzani hints at secession `, Kurdistan Observer, 29 June, 2004.
٨) Top Iraq cleric offers caution on UN Resolution`, Washington Post, 7 June 2004.
٩) Numerous examples of Kurdish cooperation with coalition force before, during, and after the March invasion are offered in Yossef Bodansky, The secret History of the Iraq war (New York: Regan Books ,2004).

١٠) US seeks to reassure Turkey over control of ``Kurdish` cities``, Financial Times: Kurdish victory provokes fears of Turkish invasion`, Independent; ` Turkey told US will remove Kurd forces from city`, Guardian, all 11 April 2003.
١١) Turkey eyes the Middle East: strategic realignment`, Strategic Comments, vol. 10, no .6, (London: International Institute for Strategic Studies, July 2004),www.iiss.org\ strarcom

١٢) 'Local council elected in Kirkuk, draw protests', Turkish Daily News, 26 May 2003.
١٣)'Iraqi Turkmen Front says US favors Kurds', Turkish Daily News, 5 June 2003; Turkmens call for power)sharing in administration of new Iraq', Turkish Daily News, 1 July 2003.
١٤) Edward Wong, '2 Kurdish parties close to forming unity government', New York Times, 20 December 2003.
١٥) 'KDP, PUK to run jointly in January election', 2 December 2004, and 'Kurds close ranks in bid to secure federation from elected Iraqi assembly', 4 December 2004, both in Kurdistan Observer.
١٦) Oil rich city will be major test for Iraq', Washington post, 14 January 2004.
١٧) International Crisis Group, Iraq's Kurds: Toward an Historic Compromise?, Middle East Report no. 26 (Amman\Brussels:8 April 2004) p. 11.
١٨) See Human Rights Watch 16(4E),Reversing ethnic cleansing in Northern Iraq, August 2004.This Report offers a good account of Arabisation, Kurdish attempts to reverse it since April 2003, and the issues and difficulties this raises. For a Kurdish view, see Gareth Smyth, interview with Nechirvan Barzani. Financial Times, 28 January 2005, and reproduced in Kurdistan Observer.
١٩) International Crisis Group, Iraq: allaying Turkey's fears over Kurdish ambitions, Middle East Report No.35, (Ankara\Amman\Brussles:26 January 2005) p.3.
٢٠) Human Rights Watch, Reversing ethnic cleansing, p. 48.see also International Crisis Group, Iraq: allaying Turkey's fears, pp .2)3.
٢١) Turkmen quit Kirkuk city council, say Kurds taking over', Kurdistan Observer, 28 March 2004.
٢٢) Jackie Spinner, 'Ethnic groups try to stake claim on Kirkuk', Washington post, 30 January 2005.
٢٣) Nicholas Blanford, 'Some 200 sadr militiamen March through Kirkuk'. Kurdistan Observer, 8 March 2004; Michael Howard, 'Insurgents stir up strife in Kirkuk' .Washington post , 17 May 2004; and Gareth Stansfield. 'Continued developments threaten Iraq's territorial integrity ' ,Gulf News. 18 May 2004.
٢٤) International Crisis Group. Iraq: allaying Turkey's fears, p. 5.
٢٥)'new insurgency confronts US forces ', 12 November 2004: 'Insurgents step up the battle for Mosul', 25 November 2004: and 'Mosul victim beheaded at roadside', 18 December 2004. All in the

Guardian.
٢٦) Michael Knights, 'Lessons from Mosul', Policy watch, no.950, 27 January 2005, www.washingtoninstitute.org
٢٧) Article 58a of the TAL commits the transitional government to' act expeditiously to take measures to remedy the injustice caused by the previous regime's practices in altering the demographic character of certain regions, including Kirkuk' ,by restoring 'the(displaced) residents to their homes and property' and resettling those there by displaced.
٢٨) For details, see Human Rights Watch, Reversing ethnic cleansing in Northern Iraq, August 2004.pp.55)72.
٢٩)'Iraqi election creates unusual alliances', Kurdistan Observer, 30 November 2004. See also Kirsten Scharnberg, 'Leader warns Kurds must be allowed to re)establish majority in Kirkuk', Chicago Tribune, 10 December 2004.
٣٠) 'Kirkuk election deal tips power to Kurds, angers Arabs, Turkmen', 15 January 2005; 'Talabani: we have received assurances for Kirkuk', 23 January 2005, both Kurdistan Observer.
٣١)'An Arab party based in Kirkuk to boycott elections', Kurdistan Observer, 25 January 2005.
٣٢)'PKK)linked parties to participate in Iraq elections' , Turkish Daily News, 26 January 2005.
٣٣) Selcan Hacaoglu, 'Turkey warns Kurds about Kirkuk control', Kurdistan Observer, and Yusuf Kanli,' Turkey's Kirkuk anxiety', Turkish Daily News, both 27 January 2005.
٣٤) 'Kirkuk consensus', Turkish Daily News, 28 January 2005.
٣٥) 'Turkey appeals to UN for Kirkuk', Turkish Daily News, 25 January 2005.
٣٥) Yusuf Kanli, 'Turkey won't sit back over Kirkuk spillover', Turkish Daily News, 28 January 2005.
٣٧) US policy on the status of Kirkuk', http://www.state.gov/r/pa/prs/ps \2005\40916. Htm, 13 January 2005.
٣٨) 'Talabani: Kirkuk is Kurds' Jerusalem', Turkish Daily News, 31 December 2004.
٣٩) Kristen Scharnberg, 'Leader warns Kurds must be allowed to re) establish majority in Kirkuk', Chicago Tribune, 10 December 2004.
٤٠) 'Kurdish state is a ''red line'' for Syria, too', Turkish Daily News, 28 December 2004.
٤١) 'Barzani sees Kirkuk joining southern Kurdistan', Kurdistan Ob-

server, 18 October 2004.
٤٢) 'Iraqi Kurd leader warns neighbors not to meddle in Kirkuk issue', Kurdistan Observer, 17 October 2004.
٤٣) 'Massoud Barzani: Kurds ready to fight for Kirkuk', Kurdistan Observer, 13 October 2004.
٤٤) 'Kurdish leader: Kirkuk holds solution to future', June 2004; and 'Barzani hints at secession', 30 June 2004, both Kurdistan Observer.
٤٥) Gareth Smyth, Interview with Nechirvan Barzani, Financial Times, 28 January 2005.

٤٦) International Crisis Group, Iraq's Kurd, p.7. This theme, that the Kurdish Leadership in Iraq has hitherto exhibited a readiness to Compromise that is neither understood nor supported by the Kurdish population generally, constitutes the main thrust of this report.
٤٧) 'Kurds lay ground for independence poll', Daily Telegraph, 9 January 2004, 'Iraqi Kurds seek referendum on a Kurdish state', Kurdistan Observer, 24 December 2004.
٤٨) Kamil Mirawdeli, 'Voting for independence: people of Kurdistan make their choice' Kurdistan Observer, 8 February 2005.
٤٩) Peter W. Galbraith, 'As Iraqis celebrate, the Kurds hesitate', New York Times, 1 February 2005.
٥٠) Faik Bulunt, 'Preparing the new Iraqi constitution –risk factor', Turkish Daily News, 8 February 2005.
٥١) For a general consideration of the role of Turkmen in Turkish foreign policy', Turkish Studies, vol.3, no. 2, autumn 2002, pp. 139)148.
٥٢) For example, little support was offered to the many Turkmen who fell victim to Saddam's 'Arabisation',
٥٣) For an interesting comparison of British, Ottoman, and Iraqi figures for the demographic breakdown of 'Iraqi Kurdistan', see Nazhad Khasraw Hawramaany, 'Ethnic distribution in Kirkuk, past and present', Kurdistan Observer, 15 January 2004.
٥٤)'Turkmen quit Kirkuk city council, say Kurds taking over', Kurdistan Observer, 29 March 2004.
٥٥)'If Kurds insist, Turkmen will demand a federal region', Zaman 5 January 2004.
٥٦) Saadet Oruc, 'Iraqi Turcomans concerned about security', Turkish Daily News, 18 March 2003.
٥٧) Middle East Programme Briefing Paper BP04/02, Iraq in transition: vortex or catalyst? (London, Catham House, September 2004), p .23.

٥٨) International Crisis Group, Iraq: allaying Turkcy's fear, p. 10.see pp.9)11 for a brief and useful summary of Ankara's relationship with the Turkmen of Iraq.
٥٩) Yossef Bodansky, the Secret History of the Iraq War (New York: Regan Books, 2004), pp. 30)31.
٦٠) Ilnur Cevik, 'Turkcy flops on Iraqi Turkmen's', Turkish Probe, reproduced in Kurdistan Observer,23 **March 2004**.
٦١) Jean)Christophe Peuch, ' US)**Turkey**: **Relations** still racked by mutual distrust despite **attempts** to **mend** fences',www.rferl.org/features/2003 /07/17072003160 29.
٦٢) 'Military outlines possible location for Iraq troops'. Turkish Daily News, 27 September 2003.
٦٣) Patrick Cockburn,' Turks react with fury to massive US assault on northern city' Independent, 12 September 2004; Scheherazade Faramarzi, 'US allows Iraqi back to Tal Afar homes', Washington Post, 14 September 2004; 'US requests ''warning'' clarification', and 'Tal Afar turns to rubble', both Turkish Daily News,15 September 2004; 'Turkey sending aid to Tal Afar in next few days', Turkish Daily News,16 September 2004.
٦٤) 'Turkey, Iraq at odds over new **border gate**', **Turkish Daily News**, 12 March 2004; Mete Belovacikli, 'Tal Afar, **Kirkuk**, **Mosul**, **Erbil**, **Tuz** Khurmatu', Turkish Daily News,15 September 2004.
٦٥) Ilnur Cevik, 'Turkey flops on Iraqi Turkmen's', Turkish Probe, reproduced in Kurdistan Observer, 23 March 2004.
٦٦) 'Kurds tell Ankara Arabisation true danger in Kirkuk', Turkish Daily News, 23 June 2004.
٦٧) Ilnur Cevik, 'Start living in the real world in Iraq', Turkish Daily News, 26 May 2004.
٦٨) 'Kirkuk sensitivity', Turkish Daily News, 14 October 2004.
٦٩) Kemal Kirisci, Between Europe and the Middle East: the transformation of Turkish policy', MERIA, vol. 8, no. 1, March 2004; and Strategic Comments, 'Turkey eyes the Middle East'.

٧٠) Philip J. Robins, 'Avoiding the question', in Henri J. Barkery (ed), Reluctant Neighbors: Turkey's role in the Middle East (Washington DC: US Institute of peace Press, 1996), pp. 179)203.
٧١) Mehmet Ali Burand, 'Is there a new role for Turkey in the Middle East? ', in Henri J. Barkey,(ed), Reluctant Neighbor: Turkey's role in the Middle East,p.171.

٧٢)`PM says Turkey to pursue active foreign policy`, Turkish Daily News, 5 January 2005.
٧٣) A characterization offered by Kemal Kirisci, `Between Europe and the Middle East: the transformation of Turkish policy`
٧٤) Soner Cagaptay, `A Turkish rapprochement with Middle East rogues states? `, Policy watch, no.825, January 9 2004, Washington Institute of Near East Policy, p.2.www.washingtoninstitute.org
٧٥) Phebe Marr, `Turkey and Iraq`, in Henri J. Barkery,(ed),Reluctant Neighbor: Turkey`s role in the Middle East,pp.45)69.
٧٦) `Ankara: ``we will take Baghdad as a counterpart for the second border gate with Iraq, but not the Kurds```, Turkish Daily News, 19June 2001.
٧٧) See, for example, `Ecevit: Saddam should allow arms inspectors to return`, Turkish Daily News, 23 January 2002; and `Ecevit warns Saddam: do not set the region on fire`, Turkish Daily News, 11 February 2002.
٧٨)`Turkish trade delegation urges Iraq to avert war`, financial Times, 10 January 2003.
٧٩)`Turkey to drump up Arab support for war`, financial Times, 19 December 2002.
٨٠) For a text of the communiqué, and for a report on the proceedings, see Turkish Daily News, 25 January 2003.
٨١) See the 14 February 2004 Kwait address by Turkish foreign Minister Abdullah Gul, http:///www.mfa.gov.tr/MFA/PressInformation/ Speeches/ Speeches2004/Statement By G u l_14February 2004.htm
٨٢) Soner Cagaptay, `Turkish rapprochement with Middle East rogue states?` ,Policy watch,no.825,9 January 2004,Washington Institute of Near East Policy ,p.2,www.washingtoninstitute.org
٨٣)`Kurds killed in Syria clashes`, www,news.bbc.co.uk/1/hi/world/ middle_ east/3517848,16 March 2004 `Syria urged to free riot Kurds`, www.news.bbc.co.uk/1/hi/world/middle_east/3607059,, 7 April 2004.
٨٤) Gurger Garusi, ` Kurds riot in Iran`, Kurdistan Observer, 11 March 2004.
٨٥) Muhammad Muslih, `Syria and Turkey: uneasy relations`, in Henri J. Barkey, (ed), Reluctant Neighbor: Turkey`s role in the Middle East, pp.113)129.
٨٦) Quoted in Soner Cagaptay, `A Turkish rapprochement with Middle East rogue states? `
٨٧) See Gokhan Cetinsaya, `Essential friends and natural enemies: the

historic roots of Turkish)Iranian relation`, MERIA, vol. 7, no. 3, September 2003; and Atila Eralp, `Facing the challenge: post)revolutionary relations with Iran`, Henri J. Barkey, (ed), Reluctant Neighbor: Turkey's role in the Middle East, pp. 93)112.

٨٨)`Iran reassures Turkey on Border security`, Turkish Daily News, 12 January 2004.

٨٩) `Iran to declare Kongra)Gel as terrorist`, Turkish Daily News, 21 July 2004.

٩٠)`Erdogan says Iran visit not aimed against third countries`, Turkish Daily News, 31 July 2004.

٩١) `Turkey denies shitt in foreign policy`, financial Times, 8 April 2003.

See also Strategic Comment, `Turkey eyes the Middle East`.

٩٢) See for example `Syria and Iran aiding militants, Iraq says`, Guardian, 20 February 2004.

٩٣)`Malaysia urges Muslim peacekeeping force in Iraq under UN`. Washington post, 10 October 2003; `Turkey faces tough task in getting OIC support for Iraq mission`, Turkish Daily News, 13 October 2004; `Turkey calls for Islamic peacekeeping call for Iraq`, Turkish Daily News, 14 October 2004.e

٩٤) Seymour Hersh, `Plan B`, New Yorker, 28 June 2004.

٩٥) See Soner Cagaptay, ` Kurds on the way to Turkey: how Israel can prevent a crisis in its relations with Turkey` ,Ha` aretz, 13 July 2004; Ed Blanche, `Israel`s aliens with Turkey` ,Daily Star, 17 July 2004; `FM appears convinced by Israel denial`, Turkish Daily News,23 June 2004.

٩٦) See Soner Cagaptay,` Kurds on the way to Turkey: how Israel can prevent a crisis in its relations with Turkey` ,Ha` aretz, 13 July 2004; Ed Blanche, `Israel`s allines with Turkey` ,Daily Star, 17 July 2004; `FM appears convinced by Israel denial`, Turkish Daily News,23 June 2004.

٩٧) `PKK/KADEK claims to have disarmed`, 6 January 2004; Osman Ocalan in Mosul`, 23 June 2004; and `Osman Ocalan: we have laid down our arms`, 17 September 2004, all Turkish Daily News; `The dispirited descent of Turkish rebel Kurds in Iraq`, Washington post, 26 September 2004. See also Michael Howard, `In their Iraqi mountain hideaway Turkey`s most wanted men stay loyal to their cause`, Guardian 8 October 2003.

٩٨) Ilnur Cevik, `Who let the door open? `Turkish Daily News,

23 June 2004;Soner Cagaptay and Emrullah Eslu, 'Is the PKK still a threat to the United States and Turkey?', Policy watch,no.940, 10 January 2005, Washington Institute for Near East Policy, www.washigtoninstitute.org

١٥٩) Ibid.

٩٩) 'Turkish army flexes muscles on Iraq, Cyprus', Washington post, 16 January 2004.

١٠٠)'Gul: we will take care of PKK ourselves', in comments reported in the Turkish Newspaper Zaman and Reported in the Kurdistan Observer, 3 September 2004.

١٠١) Reported in the Kurdistan Observer, 11 September 2004.

١٠٢)'Gul: US has lost the support of Turkish public', in comments reported in the Turkish Newspaper Zaman and reported in the Kurdistan Observer, 24 November 2004.

١٠٣) Jane's Intelligence Review, 'Ritt in Kongra)Gel', See also Mehmet Ali Birand, 'PKK in northern Iraq not on the agenda anymore', Turkish Daily News, 5 May 2004.

١٦٥) For example, see 'US says no military action on PKK soon', Turkish Daily News, 19 June 2004.

١٠٤)'Remarks by Condoleezza Rice about Kurd in southern Kurdistan', Kurdistan Observer, 21 August 2004.

١٠٥)'Turkey loses patience with US stance on Kurdish rebels, PM warns', Kurdistan Observer, 4 September 2004.

١٠٦) Reported in the Kurdistan Observer, 22 December 2004.

١٠٧)'Turkey Presses Iraq on PKK extradition ', Turkish Daily News, and 'US and Iraq agree on militants' return', Zaman, both 13 January 2005.

١٠٨)'Zaman asks, Edelman answers', Zaman, 10)11 January 2005.

١٠٩)'Priorties differ on PKK issue', Turkish Daily News, 12 January 2005.

١١٠) Soner Cagaptay, Time to shut down the PKK: why the US and Turkey should work together', Policy watch, no, 786, 12 September 2003, Washington Institute Near East Policy, www.washingtoninstitute.org

١١١)'Strains with America', Newsweek, 7 February 2005.

١١٢) Ambassador Nuzhet Kandemir (retired), in an interview with Turkish Daily News, 'The future of Iraq', 5 November 2005.

١١٣) See for example a World Net Daily report, 'Military calls for mas-

sive operation into Kurdish region', posted 12 November 2004, and reproduced in the Kurdistan Observer,13 November 2004. The Turkish press also carried reports of the plans.

١١٤) Soner Cagaptay, 'Time to shut down the PKK: why the US and Turkey should work together', Policy watch; International Crisis Group, Iraq: allaying Turkey's fear, p.14.

١١٥) Details of Turkey's EU accession)related reform programme can be found at the Turkish Foreign Ministry website at www.mfa.gov.tr

١١٦) This point is Made by Graham E. Fuller, ' Turkey's strategic model', Washington Quarterly vol.27, no. 3, summer 2004, pp.51)64.; and Mohammed Ayoob, 'Turkey's multiple paradoxes', Orbis, vol. 48, no. 3, summer 2004, pp. 451)463.

١١٧) See Ziya Onis, 'Domestic politics, international norms, and challenges to the state: Turkish)EU relations in the post)Helsinki era', Turkish Studies, vol. 4, no.1, spring 2003, pp.9)34..

١١٨) Regular report on Turkey's progress toward accession, http:// europa.eu.int/comm/enlargement/turkey/index.htm

١١٩) See, for example, the statement issued on 12 December 2004 by a group of prominent Kurdish leaders associated with the Kurdish Institute of Pairs, 'What do the Kurds want in Turkey? ', found at www.Kurdistanobserver.com see also, 'Kurds see bright future in EU', 9 October 2004; and 'Kurds ask Turkey for more democratic steps ahead of key EU summit', 4 December 2004, both Kurdistan Observer.

١٢٠)'Kurds activists set up new party', 23 October 2004; and 'Kurdish politicians lend support to Zana's call for new party', 4 November 2004, both Kurdistan Observer.

١٢١) Soner Cagaptay and Emrullah Eslu, 'Is the PKK still a threat to the United States and Turkey? '

١٢٢) Dogu Ergil, 'Foreign policy challenges (2): Iraq', 7 February 2005; and Faik Bulunt, 'Preparing the new Iraqi constitution; risk factor', 8 February 2005, both Turkish Daily News.

١٢٣) Quoted in Jackie Spinner, 'for proud minority, a ''very happy day''', Washington Post, 31 January 2005.

١٢٤) 'Kurds set to win two thirds of vote in Kirkuk', Kurdistan Observer, 2 February 2005.

هەنگاوەکانی پێش ئاشتی لە تورکیا

حەبیب محەمەد دەروێش

ئایدۆلۆجیای نەتەوەیی تورك و ئەو پرنسیپە تەسكانەی لەسەری بونیادنراوە، رێگرە لەبەردەم فرەنەتەوەیی و نكولیكەرە لەراستییە مێژووی و كۆمەلایەتییەكان لەناو توركیادا، بۆیە هەمیشە گوتراوە ئەو ئایدۆلۆژیایە شەمەندەفەری ئاشتی لە توركیا دەخاتەژێر پرسیارەوە و مەترسییەكی جدییە لەسەر ئاییندەی ئاشتی لە توركیا، بەشێك لە چاودێرانی سیاسی و نووسەر و رۆژنامەنووسە جیهانییەكان دەلێن ئاشتی لە توركیا بەسەر كێلگەیەكی لوغمدا دەروات. دیارە ئەم قسەیە پاشخانێكی مێژوویی هەیە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی جەنگی جیهانی یەكەم و ئەو دانوسانەی لەنێوان حكومەتی توركیا و دەولەتە سەركەوتووەكانی جەنگەكە هاتەئاراوە، كاتێك واژۆی رێكەوتننامەی سیڤەر كرا لە سالی ١٩٢٠ كە دادەنرێت بە یەكەم رێكەوتننامەی نێودەولەتی دانبنێت بە دروستكردنی قەوارەیەكی كوردی، بەلام دواتر مستەفا كەمال ئەتاتورك بە هەول و كۆششێكی زۆر لەدەرەوە و ناوەوە توانی خۆی لەو رێكەوتننامەیە بدزێتەوە و ئەو رێكەوتننامەیە لەگۆربنێت، ئەتاتورك لە ناوەوە هەولیدا بەناوی ئاین و برایەتی و یەكێتی نیشتمانی، كورد قەناعەتپێبكات بە دواخستنی داواكاری جێبەجێكردنی رێكەوتننامەكە تا ئەوكاتەی دەولەتی عوسمانی قۆناغی ئالۆزی و ناسەقامگیری تێدەپەرێنێ، لەدەرەوەش لە كۆنگرەی لۆزان دەولەتەكانی قەناعەتپێكرد واز لە مەسەلەی سەربەخۆیی كوردەكان بهێنن و وێنای كوردەكان بەشێوەیەك بكات گەلێكی تێكەل بە توركن و خۆشیان وایانپێباشە لە چوارچێوەی توركیادا بمێننەوە لەگەل دانانیان بە مافە كلتوری و زمانی ئاخاوتنیان، لەدوای ئەم رێكەوتننامەیە و هەلوەشاندنەوەی رێكەوتننامەی سیڤەر بەشێوەیەكی كرداری، راپەرین و شۆرشەكان لە توركیا دەستیپێكرد كە دیارترینیان راپەرینەكەی شێخ سەعیدی پیران بوو، دواتر شۆرشی ئاگریداغ بە سەركردایەتی ئیحسان نوری پاشا كە لە سالی ١٩٢٦ دەستیپێكرد تا سالی ١٩٣٠ بەردەوامبوو، هەر بەوشێوەیە راپەرین و شۆرشەكان بەردەوامبوو كە نزیكەی ٢٥ راپەرین و شۆرش بوون، دەولەتی توركیاش بەخراپترین شێوازی جەنگی مامەلە لەگەلدا كردوون، و

بەشێوەیەکی دڕندانە سەرکوتیکردوون کە خراپترینیان شۆڕشی دەرسیم بوو سەید ڕەزا سەرکردایەتیکرد، لەم شۆڕشەدا مەکینەی جەنگی تورکیا بەتایبەتی هێزی فڕۆکەوانی بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە بۆردومانی خەڵکی بێچەکی دەرسیمی دەکرد و یەکەم فڕۆکەوانیش لەم جەنگەدا کە زۆر بێبەزەییانە بۆردومانی دەرسیمی دەکرد کچە هەڵگیراوەکەی ئەتاتورك بوو (سەبیحە کوکچن)، لەم ڕاپەڕینەدا حەفتا هەزار کوردی دەرسیم کوژرا و دەیەها هەزار دەربەدەربوو، ئەڵبەتە ئەردۆگان لەبەر گەورەیی تاوانەکە لە سەردەمی خۆیدا داوای لێبوردنی لەو ڕووداوە کرد.

دوای ئەم مێژووە شۆڕش و ڕاپەڕینە کوردییەکان دامرکایەوە و لەدەستوردا ئەوە چەسپا هەرکەسێك لەتورکیادا بژی تورکە و کوردەکانی تورکیاش بە تورکی شاخەکان ناودێرکران، ئیتر هەرکەسێك باسی لە نەتەوەیەکی جیاوازی لە نەتەوەی تورك بکردایە یان باسی شوناسێکی جیاوازی بکردایە، بێجگەلە شوناسی تورکی چارەنووسی ڕاوەدونان و گرتن و کوشتن بوو، هەموو ناوچە کوردییەکانیش خرابەژێر باری حوکمی نائاساییەوە.

پاشان لە ساڵەکانی شەستەوە سەردەمی ئینقلابی عەسکەری دەستپێکرد و ئەو **تورکیایەی بە دیموکراسی و عەلمانییەت و نوێبوونەوە ناویاندەبرد لە ساڵی ١٩٦٠ تا ساڵی ١٩٩٧ چوار ئینقلابی عەسکەری تیایداڕوویدا کە دوان لە ئینقلابەکان خوێناویبوون**، ئەوانیش ئینقلابی ساڵی ١٩٦٠ تیایدا سەرۆکی وڵات عەدنان مەندەریس لەسێدارەدرا و پاشان ئینقلابی ساڵی ١٩٧١ تیایدا سەرۆکی حکومەت جەمال جورزیل لەسێدارەدرا.

لە هەناوی ئەم بارودۆخە سەربازی و سەرکوتکاری و دەوڵەتی شاراوەیی عەسکەر لەناو دەوڵەتی ڕەسمیدا، لە ساڵی ١٩٧٨ پارتێکی کوردی نوێ بە ستراتیژێکی جیاوازەوە لەدایکبوو، ئەویش پارتی کرێکارانی کوردستان PKK بوو، ستراتیژیەتی ئەم پارتە کاردانەوەیەکی توندبوو لەبەرامبەر حوکمێکی سەربازی توند و داسەپێنراو و بە دیسپلین و بە هێزێکی سەربازی مۆدێرن بە چەکی هێزێکی گەورەی وەك هێزی ناتۆ، لەبەرامبەردا ئەم پارتەش بەوپەڕی دیسپلینی سەربازی و ئایدۆلۆژی چەپی شۆڕشگێڕ کە هەموو حساباتێکی کردبوو بۆئەو هێزە عەسکەرییەی کە بە ناڕاستەوخۆ حوکمی تورکیای دەکرد.

ئەم پارتە لە ساڵی ١٩٨٤وە چالاکییە سەربازییەکانی دەستپێکرد و ڕایگەیاند ئامانجی دروستکردنی کوردستانێکی گەورەیە، لەو مێژووە بەدواوە تا دەستپێکردنی دانووسەکانی

ئۆجەلان و دەوڵەتی تورکیا ساڵی ٢٠١١، تورکیا بە قۆناغێکی خوێناویدا تێپەڕی نزیکەی ٥٠٠٠٠ کەس لەو ماوەیەدا کوژراوە، بێجگەلە تیرۆر و کوشت و بڕی ناوشارەکان کە جێبەجێکەرانی بە نادیاری ماونەتەوە، زیاتر ٥٠٠٠ گوندی کوردی وێرانکرا و خەرمانێکی گەورەی کۆمەڵایەتی کەوتە نێوان هەردوو نەتەوەی کورد و تورکەوە، بێجگەلە بەهەدەردانی بودجەیەکی گەورە لەجەنگدا کە بە زیاتر لە نیو ترلیۆن دۆلار دەخەمڵێنرێ. هەرکەسێکیش لەناو دەوڵەتی تورکیادا باسی لە ئاشتی و ناسنامەیەکیتر جگەلە ناسنامەی تورکی بکردایە باجەکەی بە ژیانی خۆی دەدا، هەر وەك چۆن کۆتایی بە ژیانی سیاسی و بایۆلۆژی تۆرگۆت ئۆزاڵ هێنرا کاتێك ویستی دەستبەرێت بۆ مەسەلەیەکی لەوجۆرە.

شەمەندەفەری ئاشتی

دوای گەیشتنی حیزبی عەدالەت و گەشەسەندن بە دەسەڵات لە ساڵی ٢٠٠٢ لەماوەی خولی یەکەمی دەسەڵاتیدا لە ٢٠٠٢ - ٢٠٠٧ نەیتوانی هیچ شتێك لەسەر کێشەی کورد لەتورکیادا بدرکێنێ و هیچ پێشنیاز و چارەسەرێکی بۆئەو کێشەیە نەخستەڕوو بۆئەوەی ڕووبەڕووی دەزگای سەربازی تورکیا نەبێتەوە، هەروەها خۆی دوورگرت لە تەقینەوە بە ڕووی ئۆپۆزسیۆنی تورکیا بەتایبەتی هەردوو حزبی گەلی کۆماری و بزووتنەوەی نەتەوەیی تورك کە بە تونڕەوی ناسراون و سەرسەختانە دژی هەر چارەسەرێکن بۆ کێشەی کورد لە تورکیا.. بۆیە دەسەڵاتی عەدالەت و گەشەسەندن سەرەتا بە کۆمەڵێ چاکسازیتر لە تورکیا دەستپێکرد بەمەبەستی ڕێگا خۆشکردن بۆ کێشە گەورەکانی تورکیا.

چاکسازیکردن لە دەسەڵاتی دادوەریدا

سەرەتا لە دەسەڵاتی دادوەرییەوە دەستیپێکرد، چونکە دەسەڵاتی دادوەری شاتیشاتی دەسەڵاتی سەربازی دادەنرێت بە یەکێك لەو دەزگایانەی خۆی بە پارێزەری کەمالیزم دەزانی و دەسەڵاتێکی بەرفراوانیشی پێدراوە، بەشێوەیەك لە هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردنیش بەرفراوانترە و دەتوانێت هەموو یاسا و بڕیارەکانی ئەو دوو دەسەڵاتەیتر پووچەڵبکاتەوە و دەستکاریی پەیکەری سیاسی تورکیا بکات و حیزب هەڵوەشێنێتەوە و حیزب و کەسایەتییە سیاسییەکان لە سیاسەت دووربخاتەوە بەپێی دەسەڵاتە تەقدیرییە بەرفراوانەکەی،

ئەگەرچی تائێستاش دەسەڵاتی باشی هەیە لە ڕووبەڕووبوونەوەی حکومەتەکەی ئەردۆگان، بەڵام هێزی یاسایی جارانی نەماوە.

ئەگەرچی لە دەستوری تورکیادا پرنسیپی سەربەخۆیی دادگاکان چەسپاوە، بەڵام بەدرێژایی مێژووی تورکیا ئەم دەزگایە لەژێر کاریگەری ڕاستەوخۆی ئەو لایەنانەدا بووە کە خۆیان بە پارێزەری تورکیای کەمالی دەزانی، بەتایبەتی دەزگای سەربازی، بۆیە هەر لەڕێگای دادگای باڵای دەستوورییەوە و بە بیانوی پاراستنی پرنسیپەکانی عەلمانییەتی ئەتاتورکی گورزی سیاسی دەدرا لەو هێزانەی بە هەڕەشەیان دەزانی لەسەر سیستمی عەلمانییەتی تورکی ئەویش بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو حیزبانە و ڕاگرتنی ئەو کەسایەتییە سیاسییە بەهێزانەی کاریگەریان دەبوو لە گۆڕەپانی سیاسی تورکیا، لە کاری سیاسی، ئەو لایەنەش کە زۆرترین گورزی بەرکەوت بەدرێژایی مێژووی تورکیا، هێزە ئیسلامیەکان بوون و دادگا کرابوو بە گورزی دەستی دەسەڵاتی سەربازی دژبەو هێزانە و هەمیشە ململانێکەی بە قازانجی دەسەڵاتی سەربازی تورکیا تەواودەکرد، لە نموونەی ئەمەش هەڵوەشاندنەوەی حیزبی ڕەفای نەجمەدین ئەربەکان و دوورخستنەوەی خۆشی لە کاری سیاسی و پاشان هەڵوەشاندنەوەی حیزبی فەزیلە کە وایاندادەنا درێژکەرەی حیزبی ڕەفاهە لە ساڵی ٢٠٠١ و دەرکردنی حەوت لە ئەندام پەرلەمانەکانیان لە ئەندامیەتی پەرلەمان، دادگا بڕیاریدا لەسەر جێبەجێکردنی بەپەلەی بڕیارەکەی پێش ئەوەی لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاوبکرێتەوە هەروەك لەیاسادا هاتووە.

چاکسازییەکانی پێش ئاشتی

دوای ڕاپرسی لەسەر کۆمەڵێ هەمواركردن لەدەستوردا دەسەڵاتەکانی دەسەڵاتی دادوەری بەرتەسککرایەوە، لەوەدەرچوو دەسەڵاتی دادوەری بتوانێت نەخشەی سیاسی تورکیا دیاریبکات، ئەوەش بەوەی لەدەستوردا چەسپا، هەر بڕیارێك دەسەڵاتی دادوەری دەریبکات بە هەڵوەشاندنەوەی حیزبێکی دیاریکراو دەبێت لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندبکرێت، بەپێچەوانەوە بڕیارەکە ناچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، چونکە شێوە یاساییەکەی وەرنەگرتووە. پاشان گۆڕانکاری کرا لە پەیکەری دەسەڵاتی دادوەری بەوەی ژمارەی دادوەرەکانی دادگای دەستوری لە ١١ یانزە دادوەرەوە کرا بە ١٧ حەڤدە دادوەر و دەبێت بەشێکی ئەو دادوەرانەش لەلایەن پەرلەمانەوە دابمەزرێت کە ئێستا زۆرینەی پەرلەمان لە حیزبی دادوگەشەپێدانە.

ئێستا دەسەڵاتی دادوەری ۰۰۰۰۰۰۰ بەو دەسەڵاتەی بتوانێت بە بیانووی پاراستنی پرنسیپەکانی عەلمانیەتی ئەتاتورکی دەسکاری نەخشەی سیاسی تورکیا بکات.

دەسەڵاتی سەربازی

گەورەترین دەسەڵاتی دەستڕۆیشتووی تورکیا بەدرێژایی مێژووی کۆماری تورکیا دەزگای سەربازی بووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەرگری نیشتمانی تورکیا کە جەنەراڵ مستەفا کەمال ئەتاتورك سەرکردایەتی دەکرد ،مستەفا کەمال لە ساڵی ۱۹۱۹ هەستا بە دروستکردنی کۆمەڵەیەك بەناوی (کۆمەڵەی بەرگری لە مافی ئەنازوڵی تورکی) تیایدا سەرکەوتوو بوو لە کۆکردنەوەی تورکەکان، و سەرکردایەتیکردنیان بەمەبەستی یەکخستنی یەکێتی خاکی تورکیا و بەرگریکردن لە بەشی رۆژهەلاتی تورکیا لەبەرامبەر دەوڵە سەرکەوتوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی.

لەو سەردەمە بەدواوە عەسەکەر لەتورکیادا باڵادەستبووە و خۆیان بە خاوەنی شەرعی کۆماری تورکیای عەلمانی دەزانی و هەمیشەش دەیانووت ئێمە کۆماری تورکیامان دامەزراند و دەبێت هەر ئێمەش پارێزگاریلێبکەین.. بۆیە هەر سەربازەکان بوون دەستورەکانی تورکیایان دادەنا ، هەر لە ساڵی ۱۹۲٤ تاوەکو دەستوری ۱۹٦۱ تا دوا دەستوری تورکیا لە ساڵی ۱۹۸۲. ئەو دەستورەش ئەوان دایاندەنا بەشێوەیەك بوو پارێزگاری لە دەسەڵاتی دەزگای سەربازی بکات.. بۆیە لە ناوەندە سیاسی و رۆژنامەگەریەکاندا دەوترا عەسکەر دەستور دەپارێزێ و دەستوریش عەسکەر دەپارێزێ، ئەمەش لەرێگای ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییەوە بوو کە زۆربەی ئەندامەکانی جەنەراڵە سەربازییەکان بوون.

ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی

ئەگەر بەخێرایی چاوبخشێنین بە دەسەڵاتەکانی ئەو ئەنجومەنە سەربازییە و ئەو دەسەڵاتانەی سەربازەکان هەیانبوو بە یاسا رێکخرابوو تێدەگەین بۆ ماوەی هەشتا ساڵە تورکیا کۆمەڵێ جەنەراڵی سەربازی بەڕێوەیدەبەن و خۆشیان ناچنەژێر هیچ لێپێچینەوەیەکی یاساییەوە بۆ نموونە:

- بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ حکومەت مولزەمبوو بەپێچەوانەوە بڕیارەکانی حکومەت بۆ ئەنجومەن مولزەمنەبوو.

- دەبێت ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی نەتەوەیی لە ئەندامانی هێزە چەکدراەکان بێت.

- ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەرکی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی بەردەوامی هەیە بۆ هەموو هێزە نیشتمانییەکان و بەدواداچوونی بارودۆخی دەوڵەت لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کەلتووری و تەکنۆلۆجی، بەوپێیەی ئەنجومەن پارێزگاری سیستەمی دەستوورییە، بۆئەو مەبەستەش مانگانە کۆبوونەوەی ئاسایی دەکات.

- ئەنجومەن هەڵدەستێت بە ئەرکی دانانی نەخشە و پرۆژەکانی وەزارەتەکان و هەموو دامودەزگاکانی دەوڵەت.

- ئەنجومەن بۆی هەیە داوای هەموو زانیاری و دۆکیومێنتێکی نهێنی بەهەموو جۆرەکانیەوە لە وەزارەت و دامودەزگاکانی دەوڵەت و پیاوانی یاسایی بکات.

- چاودێری دارایی، بۆی نییە بەدواداچوون و وردبینی هیچ کارێکی کادیری عەسکەری بکات.

- جەنەراڵێکی سەربازی ئەندامی دەستەی باڵای خوێندن دەبێت. (بەعەسکەریکردنی خوێندنی باڵا و بواری ئەکادیمی)

- جەنەراڵێکی سەربازی ئەندامی یەکێتی ئێستگە و تەلەفزیۆن دەبێت. (بەعەسکەریکردنی میدیا)

- بۆ دادگاکان نییە هیچ داوایەکی یاسایی وەربگرن تایبەت بە گەندەڵی دژبە ئەفسەرە سەربازییەکان، ئەگەر ئەو ئەفسەرە خانەنشینیشکرابێت.

- بۆ دادگا سەربازییەکان هەیە دادبینی کەسە مەدەنییەکان بکات.

- بۆ ئەفسەرە سەربازییەکان هەیە لێدوان سەبارەت بە کاروباری دەوڵەت و بارودۆخ و پرۆسەی سیاسی بدەن.

ئەنجومەنی باڵای سەربازیش کە پێکدەهات لە ١٤ ئەندام ئەوانیش هەر یەك لە سەرۆکوەزیران (مەدەنی) وەزیری بەرگری و دوانزە جەنراڵ بە پلەی فەریق لەوانە سەرۆکی ئەرکانی سوپ و فەرماندەی هەر چوار بەشی هێزە چەکدارەکان (وشکانی و دەریایی و ئاسمانی و ئاسایشی ناوخۆ) لەناو ئەم ئەنجومەنەدا بڕیارەکان بە زۆرینە دەدرا، دیارە زۆرینەش لە جەنەراڵە سەربازییەکان پێکدەهات، ئەڵبەتە سوپاش کاتێك بڕیارەکەی دەردەکرد هیچ بەرپرسیاریەتێکی

بڕیاره سیاسییەکانی هەڵنەدەگرت، بەڵام حکومەت تەنها ئەندامێت بوو نە ئەنجومەنە سەربازیەکە و هەموو بەرپرسیارییەتێکیشی هەڵدەگرت، لەکاتێکدا هیچ ڕۆڵێکی نەبوو لە دەرکردنی بڕیارەکان، بڕیارەکانیش پلەی کۆتاییان هەیە و قابیلی تانەلێدان نەبوون، هەروەها لە دەستوریشدا هاتبوو (ئەرکی هێزە چەکدارەکان پاراستنی نیشتمان و پرنسیپەکانی کۆماری تورکیایە).. بۆیە هەرکاتێك جەنەڕاڵەکان ئینقلابێکی سەربازییان بکردایە پشتیان بەم مادەیە دەبەست و شەرعییەتی دەستوریان دەدا بە ئینقلابەکەیان، هەروەها بودجەی هێزە سەربازییەکان لەلایەن چاودێری داراییەوە وردبینی نەدەکرا.

لێرەوە دەردەکەوێت لە سەردەمی یەکەم دەستوری تورکیاوە لە ساڵی ١٩٢٤وە دەوڵەت و کۆمەڵگای تورکی بە سەربازی دەکرێت بەپێی پرنسیپەکانی جەنەڕاڵێکی سەربازی و بەشێوازی سەربازییانە ئەویش پرنسیپە تایبەتەکانی عەلمانییەتی جەنەڕاڵ مستەفا کەمال ئەتاتورك ئەوەی زۆر مەترسیداربووە لەمێژوودا و ڕۆڵی خراپی هەبووە لە بەسەربازیکردنی کۆمەڵگا، ڕۆڵی دەزگای سەربازییە لە ناوەندی ئەکادیمی و میدیا، چونکە ئەندامێتی جەنەڕاڵێك لە دەستەی باڵای ئەو دوو دەزگا هەستیارەدا، ڕۆڵی کاریگەری خراپی هەبووە لە دروستکردنی زیهنییەتی عەسکەری کۆمەڵگا، بەچەشنێك بیانەوێ هەرکەس و لایەنێك تۆمەتباردەکەن و دەیکەن بە دوژمنی کۆمەڵگا و دژبە پرنسیپەکانی عەلمانییەت و پاشان رای گشتیان هاندەدا دژبەو هێز و لایەنانە، تەنها هێزێك کە نەدەتوانرا زانیاری لەسەر وەربگیرێ و لە ڕەفتارەکانی بکۆڵرێتەوە، دامودەزگا سەربازییەکان بوون، ئەوانە لەسەروو هەموو لێپرسینەوەیەك بوون ، ئەوەش بە دەستور و یاسا ڕێکیاخستبوو،بۆیە سەربازەکان پاڵپشتێکی یاسایی بەهێزیان هەبوو چ لەکاتی خزمەتکردندا یان دوای خانەنشینکردنیان.بۆ ئەنجامدانی هەر چارەسەرێك بۆ کێشەکانی تورکیا و بەتایبەتی کێشەی کورد، پێویست بوو کۆمەڵێ گۆڕانکاری گرنگ و هەستیار بکرێت لە دەستور و یاساکانیتر کە پەیوەندی بە ئیدارەی دەوڵەتەوە هەبوو، لەسەرروو هەموویانەوە دامەزراوەی سەربازی و ئەو دەزگایانەش کە ئەو دامەزراوەیە تەحەکومی پێوەدەکرد وەك دەسەڵاتی ئاسایشی نەتەوەیی و خوێندن و میدیا، ئەنجامدانی کارێکی لەوجۆرەش ریسکێکی گەورەیە بۆ هەر لایەنێك بگاتە دەسەڵات،چونکە جەنەڕاڵە سەربازییەکان هەمیشە دەیانوت ئێمە کۆماری تورکیامان دامەزراند و هەردەبێت ئێمەش پارێزگاریلێبکەین و ئەمەشیان لە دەستوری ساڵی ١٩٨٢دا چەسپاند.

چاکسازی لەبوارە هەستیارەکاندا

سەرەتای گۆڕانکارییەکان لە تورکیادا، لە زیابوونی هەوڵەکانی تورکیاوە دەستپێکرد بۆ چونە ناو یەکێتی ئەورووپا، یەکێتی ئەورووپاش کۆمەڵێ پێوەری دانا بۆ قەبوڵکردنی هەر ئەندامێك لەو یەکێتیەدا کە بە (پێوەرەکانی کۆپنهاگن) ناسرا و هەر لایەنێکیش بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەورووپا پشتی بە گوتارەکانی مستەفا کەمال ئەتاتورك دەبەست بەوەی تورکیا وڵاتی ئەوروویە و ئەبێت ببێت بە ئەندامێك لە خێزانی ئەوروپی ، ئەم بەهانەیە باشترین چەکی بەرگری بوو بۆئەوەی جەنەراڵەکانی لێ راستنەبێتەوە و بەو شێوازە بجوڵێتەوە کە کار بۆ هێنانەدی ئاواتەکانی ئەتاتورك دەکات، سەرەتاکانی ئەم گۆڕانکاریانە لە رێککەوتنێکی نێوان ئەنکەرە و یەکێتی ئەورووپاوە لە ساڵی ١٩٩٩ دەستپێکرد، بە کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سەربازی لە ئیدارەدانی دەوڵەتدا، پاشان پەرلەمان لە ساڵی ٢٠٠١ هەموارێکی دەستوری ئەنجامدا بە دانانی کەسێکی مەدەنی لەبری کەسێکی سەربازی بە ئەمینداری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی.

بەڵام گۆڕانکاریە گەورەکان لەسەر دەستی ئەردۆگان دەستپێکرد، ئەویش پاش سەرکەوتنی حیزبەکەی لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٢، ئەردۆگان لە هەر گۆڕانێکدا کە ئەنجامی ئەدا پشتی بە پێوەرەکانی کۆپنهاگن دەبەست و باشترین بیانوویبوو بۆئەوەی بە خەڵك بڵێت ئێمە ئەبێت تەواوی ئەو پێوەرانە جێبەجێبکەین بۆئەوەی بچینە یەکێتی ئەورووپاوە، و خەڵکی تورکیاش لەو بانگەشەیەدا پشتگیری ئەردۆگانیان دەکرد، بۆیە دەستیکرد بە ئەنجامدانی زنجیرەیەك چاکسازی دەستوری و یاسایی و ناوینا (پابەندبوون بە پێوەرەکانی کۆپنهاگن) لە پێناو دەستپێکردنی دانوسان بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەورووپا، سەرەتا بە لاوازکردنی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی دەستپێکرد.

- بە ئەنجومەنی ئاسایشی لە دەزگایەکی بڕیاردەرەوە کرد بە دەزگایەکی راوێژکاری.
- **ژمارەی** ئەند مە مەدەنیەکانی تیادا زیادکرد
- **بڕیارەکانی** کرد بە ر سپاردە، حکومەت بۆی هەبوو خۆی بیکات بە بڕیار و بۆشی هەبوو قەبوڵی نەکات.

- ئەو دەسەڵاتەی لێسەندنەوە کە بتوانن دەستیان بگات بە زانیاری و دۆکیومێنتە نهێنیەکان.
- ئەبێت هەموو کادیرە سەربازیەکان بچنە ژێر وردبینی چاودێری داراییەوە.
- نوێنەرایەتی سەربازی لە خوێندن و ئێستگە و تەلەفزیۆندا هەڵوەشاندەوە.
- رێگەدرا هەموو داوایەك لە بارەی گەندەڵیەوە دژ بە سەربازەکان لەبەردەم دادگا مەدەنیەکان بەرزبکرێتەوە.
- هەروەها ئەوەش هەڵوەشایەوە کەسە مەدەنیەکان دادگا سەربازیەکان دادگایان بکەن و پێچەوانەکەی چەسپا.
- پاشان بۆ سەربازەکانیش نەبوو لێدوان لە کاروباری دەوڵەت بدەن، تەنها بۆیان هەبوو لێدوان سەبارەت بە کاروباری سەربازی بدەن.

جەنەراڵەکان لە دەسەڵاتەوە بۆ دادگاییکردن

لە ساڵی ٢٠٠٨ حیزبی عەدالەت و گەشە توانی دەستبکات بە دادگایکردنی کۆمەڵێکی زۆر لە جەنەراڵە سەربازیەکان ئەوانەی لە خزمەتدابوون لەگەڵ کۆمەڵێکی تر ،کە خانەنشینکرابوون لەبەردەم دادگا مەدەنیەکان بە بیانوی دانانێکی پیلانێك بۆ ئینقلابێکی سەربازی ، کە ئەمانە خۆیان رێکخستبوو لە شێوەی گروپێکی نهێنی بەهێزدا کە دواتر ناسران بە (ئەرگەنەکۆن) ، دادگایکردنی جەنەراڵەکان و هەندێ لە هاوکارەکانیان لە هەواڵگریەکان و ئەکادیمیەکان بوو بە هۆی ئەوەی شەقامی تورکی بە تەواوی متمانەی بە دامەزراوەی سەربازی نەمێنێ، و جەنەراڵەکان وەك گروپێکی ئینقلابچی دژ بە گەشەسەندنی وڵات بناسن، ئەڵیمتە سوپای تورکیا دووەم سوپای گەورەی ئەوروپیە و هەشتەمین سوپای جیهانیشە لە رووی ژمارەی ئەو سەربازانەی هەیەتی و لە خزمەتدان لە هەردوو سوپای فەرەنسی و بەریتانی گەورەتربوو- بە دەستەمۆکردنی هەردوو دامەزراوەی دادوەری و سەربازی دەستی حیزبەکەی ئەردۆگان کرایەوە بۆ ئەنجامدانی چاکسازیەکانی لە دەستور و یاساکاندا و هەروەها لە هەنگاونان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، ئەڵبەتە چاکسازیەکانی ئەردۆگان لە بوارە جیاوازەکاندا لە تورکیا جێگەی قسە و باسی ئێمە نیە بۆیە راستەوخۆ دەچینە سەر مەسەلەی کورد و پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا.

سەرەتایەکی مێژوویی

ئەردۆگان سەردەمێك لە حیزبەکەی نەجمەدین ئەربەکاندا بوو (حیزبی رەفاه) ،کاتێك لەو حیزبەدا بوو ه راپۆرتێکی گرنگی لەسەر مەسەلەی کورد پێشکەش بەسەرکردایەتی ئەو حیزبە کردووە. لە گرنگترین ئەو پێشنیارانەی لەو راپۆرتەدا خستویەتیە روو ئەمانە بوون[1]:

١. ئەگەر ئەمانەوێ وەکو (RP رەفاه پارتی) لە قۆناغی نوێدا بەجێنەمێنین پێویستە بە ئاسانی و بە ئاشکرا ووشەی کورد بهێنینە سەر زمان و ببینە وەرگێڕی ئەو هەموو ئازار و مەینەتەی کە خەڵکی کورد لە تورکیا کێشاوتی.

٢. پێویستە بە ئاشکرا ئەوە بدرکێنین کە ئایدۆلۆژیای رەسمی تورکیا ٧٥ ساڵە سیاسەتی نکوڵیکردن و تواندنەوە بەرامبەر کورد پێڕەودەکات و لەو بارەیەوە بە دەنگی بەرز لێپرسینەوە لە ئایدۆلۆژیای رەسمی بکەین.

٣. پێویستە بەرگری لەوە بکەین کە هەموو ئەو یاسایانەی رێگرن لە بەردەم گەشەسەندنی کەلتوری کوردی لابرێن و ئامادەکاری یاسایی بکرێت بۆئەوەی لەو شوێنانەی کورد دەژین پەروەردەی فێرکردنی زمانی کوردی هەبێت.

٤. پێویستە بەو ئەندازەیەی کە ئیدانەی تیرۆری پەکەکە دەکەین ئیدانەی تیرۆری دەوڵەتیش بکەین، و لە پێکدادان و ناکۆکی دەوڵەت و پەکەکەدا وەکو لایەنی دەوڵەت خۆمان پیشان نەدەین و توسلوبی رەخنەی دەوڵەت بەکارنەهێنین وەکو (جیاخواز) (تیرۆریست) و ..

٥. پێویست ئیدی (RP) سیاسەتی بە نیسبەت کوردەوە هەبێت ، دەبێت لە رێی نووسەر و لێکۆڵەرەوەکان و کۆبوونەوەکانمانەوە ئەوە رابگەیەنین کە (RP) چۆن سەیری کێشەی کورد دەکات.

پاشان راپۆرتەکەی ئەردۆگان لە لایەن نەجمەدین ئەربەکانەوە قبوڵکراو بڕیاریاندا لیژنە بۆ جێبەجێکردنی راپۆرتەکە لە کوردستانی تورکیا دروستبکەن و لەو بوارەشدا هەنگاوی باشیاننا، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم بە ئیعازی دەزگای سەربازی تورکیا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی حیزبی (رەفاه) دا . کە ئەو کاتە ئەردۆگان لێپرسراوی لقی ئەستەنبوڵی حیزبەکە بوو ، و نەجمەدین ئەربەکانیش بە بڕیارێکی دادگا لە کاری سیاسی دورخرایەوە. پاشان باڵەکەی ئەردۆگان لە ناو حیزبی رەفای هەڵوەشاوەدا پارتێکی نوێیان بە ناوی داد و گەشەپێدان راگەیاند، تێڕوانینی ئەم

پارتە بۆ کێشەی کورد وەکو جاران بەهێز نەبوو ، بە زمانێکی نەرمتر قسەیان لەم کێشەیە دەکرد، وەکو جاران بە راشکاوی باسیان لە چەوساندنەوە و کێشەی میللەتێك نەدەکرد، کە پێدەچێ مەترسیەکانی تۆمەتبارکردنیان لە لایەن سوپاوە بە کەمتەرخەم لەمەڕ ئاسایشی نەتەوەیی تورك و یەکپارچەیی خاکەکەی هۆکاری سەرەکی گۆڕانی گوتاری ئەم پارتە بووبێت، بەڵام بەردەوام جەختیان لەوە دەکردەوە کە راستیەکی واقیعی تورکی هەیە و بریتیە لە کێشەیەك لە باشوری خۆرهەڵات و ئەبێت چارەسەربکرێت و پێداگرییان لەسەر ئەوە دەکرد کە جیاوازیە کلتوریەکان بە دەوڵەمەندی کلتوری دەزانی و ئەبێت رێگا بە هەموو کلتورەکان بدرێت بە زمانی خۆیان پەخش و بڵاوکردنەوەیان هەبێت .

چارەسەرکردنی کێشەکەشیان لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی گشتی دیموکراتیزەکردنەوە ئەبینی، پێیانوابوو بە رێگا تایبەتیەکان چارەسەرناکرێت و مەنتیقی چارەسەرکردنی ئەمنی کورتخایەنە و درێژە بە قوڵبوونەوەی کێشە دەدات، ئەم گوتارەی پارتی داد و گەشە کە هیچ پارتێکی تورکی نەبوو بەم چەشنە گوزارشت لە کێشە کە بکات، بووە هۆی پەیداکردنی جەماوەرێکی زۆر لە کوردستانی تورکیا بە چەشنێك توانیان لە هەڵبژاردندا نزیکەی حەفتا کورسی لە ناوچە کوردیەکان بە دەستبهێنن، لە کاتێکدا هیچ حیزبێکی کوردی لەو ناوچەیە نەگەیشتە نیوەی کورسیەکانی پارتی داد و گەشە.

سەرەتای سەردەمێکی نوێ

دوای ئەو گۆڕانکاریە بنەڕەتیانەی لە ستراکتۆری کۆماری تورکیای ئەتاتورکی لەلایەن حیزبی عەدالەت و گەشە بە سەرکردایەتی رەجەب تەیب ئەردۆغان هاتە کایەوە، پرسیار ئەوەیە چی ماوەتە لە کۆمارەکەی ئەتاتورك بێجگە لە وێنەیەکی ئەتاتورك کە لە شوێنە رەسمیەکان هەڵدەواسرێت و سیمبولیەتی گۆڕەکەی؟ چونکە ئەتاتورك دوای مردنیشی پرنسیپەکانی حوکمی تورکیای دەکرد و جەنەراڵەکانیش لەگەڵ حیزبی گەلی کۆماری ئەتاتورکی بە ئەمانەتەوە و بە زیادەوە جێبەجێیان دەکرد.

ئایا قۆناغێکی نوێیان دامەزراندنی قۆناغێکی نوێ دەستپێنەکردووە بە ناوی کۆماری دووەم یان کۆماری ئەردۆگانی، لەبری کۆماری ئەتاتورکی ئایا بە زیندانیکردنی جەنەراڵەکان و دوورخستنەوەیان لە دەسەڵات و دابەزینی جەماوەری حیزبەکەی ئەتاتورك، کۆتایی کۆمارەکەی

ئەتاتورك نییە، بە تایبەتی دوای دانانی دەستورێکی نوێ بۆ وڵات، کە ئەردۆگان وەسفی دەستورەکەی ئەتاتورکیەکانی بەوە دەکرد کە (هیچی لێ تێناگات و پێویستی بە وەرگێڕێکە بۆئەوەی لێیتێبگات). بۆیە هەندێك لە چاودێرانی بواری تورکی ئەم گۆرشانکاریانەیان بە ئینقلابی ئەردۆگان ناودەبرد بەسەر دەسەڵاتی سوپادا.

لێرەوە دەسەڵاتەکەی حیزبی عەدالەت و گەشە و ئەردۆگان دەستکراوەدەبن بۆ دەستبردن بۆ هەموو پرسە هەستیارەکانی تورکیا، لەوانە پرسی کورد کە ماوەیەکی زۆرە دەوڵەت و ئابوری و خەڵکی تورکیای ماندووکردووە، ئەردۆگان سەرکەوتنی گەورەی لە ناوچە کوردییەکان بەدەستهێناوە، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە پارێزگاری لەو سەرکەوتنانە بکات لە رێگەی بە رەسمی ناساندنی پرسەکەوە. بۆیە سەرەتا کێشەکەی بردە پەرلەمانی تورکیا، ئەگەرچی ئەردۆگان بەم هەنگاوەی رووبەڕووی رەخنە و رەفزی حیزبە رەگەزپەرستەکانی تورکیا بووەوە تا ئاستی تەخوین بە تایبەتی لە لایەن حیزبی گەلی کۆماری ئەتاتورکی بە سەرکردایەتی دینیز بایکاڵ و حیزبی بزوتنەوەی نەتەوایەتی بەسەرکردایەتی دەوڵەت باخچەلی کە ئەوانە ئامادەنییە هەتاکو دانبنێن بە بوونی هیچ نەتەوە و پێکهاتەیەکی تر بێجگە لە نەتەوەی تورك، ئەڵبەتە ئەردۆگان پرۆژەی راگەیاندنی چارەسەرکردنی پرسی کوردی لە رۆژی لە دایکبوونی کەمال ئەتاتورك راگەیاند، کە بە لای حیزبە کەمالیستەکانەوە بە ئیهانە و لێدانی کلتور و میراتی ئەتاتورکی دادەنرا.

ئەڵبەتە کۆمەڵێ هۆکار هەیە کە پاڵ بە حیزبی عەدالەت و گەشەوە دەنێ بۆ راگەیاندنی گفتوگۆکان لە نێوان دەوڵەتی تورکی و لایەنی کوردی بە تایبەتی پارتی کرێکارانی کوردستان، لەوانە:

١. ئەردۆگان لەسەر ئاستی ناوخۆ دەیەوێت پارێزگاری لە پێگەی بەهێزی خۆی بکات لە باکوری کوردستان، چونکە لە مێژووی سەرهەڵدانی حیزبی رەفاه و سەعادەتەوە تا حیزبی عەدالەت و گەشە بەردەوام تێڕوانینێکی جیاوازییان خستۆتە روو لەمەڕ کێشەی کورد، بۆیە ناکرێت قسەکردن لەمەڕ پرسێکی ئاوا هەر لە چوارچێوەی تیۆردا بمێنێتەوە، بە تایبەتی دوای سەرکەوتنەکانی ئەردۆگان لە کۆنتڕۆڵکردنی هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی پەرلەمان و حکومەت و سەرۆکایەتی کۆمار و دەستەمۆکردنی دەزگای سەربازی و کۆتایی ویلایەتی قەزا، ئیتر چاوەڕوانی هەنگاوی کردارییە و ناکرێت هەر بە قسەو راپۆرت نەتوەیەك رازیبکرێت.

٢. حیزبەکەی ئەردۆگان خەونی بنیادنانەوەی دەوڵەتی تورکیای هەیە بەو **هەژمون و هەیبەتەی** سەردەمی زێڕینی عوسمانییەوە، ئەوەش بە بەهێزکردنی پێگەی ئابوری **تورکیا، بۆ ئەو** مەبەستەش پلانیان هەیە سەرکردایەتی تورکیا بەو پلانەوە بکەن تا ساڵی ٢٠٢٢، **ئەوەش بە** دەستخستنی وزەیەکی هەرزان و مسۆگەر و نزیك لە تورکیا بە جۆرێك تورکیا **هەژمونی** بەسەریدا هەبێت، باشترین و هەرزانترین و مسۆگەرترین وزەش لە هەرێمی کوردستانی **عێراقە،** ئەمەش پێویستی بە بارودۆخێکی هێمن و ئارام دەبێت هەم لە ناو تورکیا و هەم بە مسۆگرکردنی رێگەی گەیشتنی بە تورکیا لە هەرێمی کوردستانەوە. سەرەڕای بوونی بازرگانی و وە بەرهێنانێکی گەورە کە قەبارەکەی دەگاتە زیاتر لە ١٢ ملیار دۆلار و بۆ ئەمەش دەبێت ئاشتی بەرقەرار بێت.

٣. هەلومەرجی هەرێمایەتی بە تایبەتی بە تایبەتی دوای ئەو گۆڕانکاریانەی لە **رێگەی** شۆڕشەکانی جیهانی **عەرەبییەوە هاتە کایەوە و پشتگیری تورکیا لە شۆڕشی ئازادیخوازانەی ئەو** گەلانەی کە تورکیای **رووبەڕووی پرسیاری پرسی نەتەوەیەکی بێناسنامەی وەکو کردەوە لە** ناوەوەی تورکیا، و بە گەیشتنی ئەو شۆڕشانە بە سوریا و کشانەوەی هێزەکانی رژێمی بەعس لە ناوچە کوردییەکان و دروستکردنی جۆرێك لە دەسەڵاتی کوردی لە ناوچە کوردییەکانی تورکیا کە لە لایەن حیزبێکی نزیك لە پارتی کرێکارانی کوردستانەوە بەڕێوە دەبرێ، ئەمەش حەتمیەتی کرانەوە بە رووی پرسی کوردی لە تورکیادا سەپاند.

ئەمەو چەند هۆکاری گرنگی تر لە ناوچەکەدا بە تایبەتی دوای بەهێزبوونی **پێگەی ئێران** کە بە درێژکراوەی سەفەویەت دادەنرێت لە عێراق و پێویستی بە بەهێزکردن و **فراوانکردنی** هەژمونی تورکیە کە بە درێژکراوەی میراتی عوسمانیەکان دادەنرێت.

لە کۆتاییدا پرسیار ئەوەیە ئەو سەرەتا نوێیەی لە تورکیا **دەستپێکردووە ئەو هەنگاوە** گەورانەش کە ناویەتی بە تایبەت سەبارەت بە چارەسەرکردنی **پرسی کورد و دانتان بە پرسێك بە** ناوی پرسی کورد و ناونانی ئەو ناوچەیەش کە **ئەو پرسەی تیادایە بۆ یەکەمجار لە مێژووی** نوێی تورکیا بە کوردستان لە لایەن ئەردۆگانەوە، ئایا **لە ئەگەری ئەوەی** حیزبەکەی ئەردۆگان لە هەڵبژاردنەکانی ئایندەدا پاشەکشەی کرد و زۆرینەی لە دەستدا ئایا هیچ گەرەنتییەك هەیە کە هەنگاوەکانی ئاشتی نەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی پێش ئاشتی؟ ئایا هەموو هەنگاوەکانی ئەردۆگان

تایبەت بە سوپا و دەوڵەت و قەزا و پەرلەمان و ئەنجومەنی ئاسایش و زانکۆ.. هتد هەمان چارەنوسی ئاشتییان دەبێت؟

بێگومان نەخێر چونکە ئەو گۆڕانکارییانە بە یاسایی کراوە و ڕێڕەوی شەرعی و یاسایی خۆی وەرگرتووە، بەڵام تا ئێستا مەسەلەی ئاشتی ئەردۆگان لە ڕێگەی دەزگای هەواڵگری تورکیاوە (میت) بەڕێوەی دەباتو نەرۆشتۆتە بورای ڕەسمیەتی دەوڵەتەوە، ئەگەرچی لە پەرلەماندا باسکراوە، بەڵام بە **یاسایەك شەرعیەتی پێنەدراوە** و پەکەکەش هێشتا بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی لە **تورکیادا دەناسرێتە بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا بگوترێت** مەسەلەی ئاشتی لە لایەن **ئەردۆگانییەکانەوە بەشێوەیەك لە سیاسەتی واقیعی تورکیادا** سەپێنراوە و بە **هەڵوەشاندنەوەی هەموو** بەرژەوەندییە ئابوری و سیاسییەکانی تورکیا دەخاتە مەترسییەوە و **پێگەکەی لاوازدەکات** و پێگەی نەیارەکانی لە ناوچەکە بەهێز دەکات بەجۆرێك تورکیا بخاتە قەیرانێکی کوشندەوە، بۆیە بە بۆچوونی ئێمە جارێکیتر هیچ لایەك ناتوانێت تورکیا بخاتە بەردەم مەترسیەکی ئاواوە بە تایبەتی لە ئێستا کە شەقامی تورکی بەشێوەیەکی بەرفراوان پشتگیری هەنگاوەکانی ئاشتی دەکات.

•••

پەراوێزەکان:

١. ئەردۆگان کێیە؟ زریان ڕۆژهەڵاتی.

.٢ **http://www.aljazeera.net/books/pages/97e5129b-d01e-4f3f-9cf9-45ffc482e357**

٣. تاریخ ترکیا المعاصرة .حمید بوز ارسلان، ترجمة: حسین عمر، المرکز الثقافی العربی الطبعة الاولی ٢٠٠٩

٤. اسلامیو ترکیا.. العثمانیون الجدد. ادریس بوانوو، موسسة الرسالة، سوریا، الطبعة الاولی، ٢٠٠٥

له پەراوێزی پرۆسەی ئاشتی تورك و کورددا تورکیا و موعەممای پرسی کورد

دەرگیریی و کاریگەرییەکان لە پێوەندییە دەرەکییەکانی تورکیادا

نووسینی: ئۆفرا بێنگیۆ(*)
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییە وە: ماجید خەلیل

پرۆسەی ئاشتی تورك و کورد کە لە ئازاری ئەمساڵەوە لەتورکیادا رێوشوێنی بۆ گیراوەتەبەر، هەربۆیە لە ئێستا وەك شۆڕشێك دادەنرێت لە سیاسەتە نێوخۆییەکانی تورکیادا.

ئەوە هیچ لە بایەخی ئەم پرۆسەیە کەمناکاتەوە کە رەوشەکە دەرهاویشتەکانی ئەم نەزمە لە سیاسەتە دەرەکییەکانی تورکیادا دەباتبەرەو کاریگەرییەکی دوورمەودا و هێواش لە پرۆسەی سیاسیدا. لەڕاستیدا دۆزی کورد چەندین ساڵە لەتورکیادا کاریگەرترین پرسوجۆیە کە مەزنترین کاریگەریی لەسەر پێوەندییەکانی تورکیا هەبووە لەتەك وڵاتانی دراوسێ و تەنانەت لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشدا. موهیتین ئاتمان، شیکەرەوەی هەشت دەیە لە کاریگەرییەکانی کورد لەپێوەندییە دەرەکییەکانی تورکیادا گەیشتووەتە ئاکامێك کە دەڵێ:" هەر لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە پرسی کورد بەرچاوترین شوێنی لە پێوەندییە دەرەکییەکانی تورکیادا داگیرکردووە".(١) هاوکات مەسعود ئۆزگان سوورە لەسەر ئەوەی کە لەنەوەدەکاندا پرسی کورد گرفتێکی گەرموگوڕ و مایەی نیگەرانی رامیارییە دەرەکییەکانی تورکیا بووە.

هاوکات هۆیەك بووە تا ئەولەوییەتی ئاسایشی تورکیا لەتەك لایەنە نێونەتەوەییەکان و وڵاتانی دراوسێ تەرخانبکرێت بەو پرسە نەتەوەییە.(٢) لەڕاستیدا پرسی کورد دارای گەلێ کاریگەریی بەزەبربووە لەسەر سیاسەتی پێوەندییە دەرەوەییەکانی تورکیا.

---

*) توێژەر و پسپۆر لە سەنتەری موشی دایان بۆ توێژینەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوین و ئەفریقا.

وێنەی تورکیا وەك تەنا وڵاتی دیموکراس و موسڵمان لەنێوچەکەدا لە تۆماری مافەکانی مرۆڤدا بە تۆمەتی تاوان دەرهەق بە مافەکانی مرۆڤی کورد هەمیشە لەکەدار و کەموکورتەبووە. ئەوروپایش دۆزی کوردی وەك بیانوویەك هێنابوویە بەرباس و دووپاتیدەکردەوە گەر تورکیا پاساوێکی نەبێت بۆ ئەو رەوشە ئەوا لەچوونەنێو یەکیەتی ئەوروپاو بوون بە ئەندامی ئەو یەکێتییە دوورتردەخرێتەوە. **هاوکات وڵاتانیتری وەك روسیا و یۆنان و قوبرس لەچەندین بۆنە و هەلی جیاجیادا کارتی کوردیان وەك گەمەیەك بەکارهێناوە تا تورکیا لەبەرامبەر پرسی کوردیدا** شەرمناوەر و **لاوازبکەن.**

لە دەرهاویشتەکانی جەنگی ئێراق ئەمریکای ٢٠٠٣ دا ئاڵۆزی و درزکەوتە نێوان پێوەندییەکانی تورکیا ئەمریکا، دیسانەوە ئەم ئاڵۆزییەیش بارگاویبوو بە کێشەی کوردەکانەوە. گرنگترین کاریگەریش لەسەر پەیوەندییە دەرەکییەکانی تورکیا لەتەك سێ لە دراوسێکانیدا بوو کە ئەوانیش هەریەك لە ئێران و سوریە و ئێراق بوون، هەموو ئەوانەیش دووچاری کێشەی کەمینەی کورد بوونەتەوە لە وڵاتی خۆیانا.

لەراستیدا هەموو ئەم هۆکارانەی خوارەوە کێشەی کوردیان وابەستەکردووە بە پرسی پێوەندییە دەرەکییەکانی تورکیاوە:

یەکەم: لەرووی مێژووییەوە **کێشەی کورد کاریگەرییەکی** دووفاقی لەسەر پەیوەندییەکانی تورکیا دروستکردووە لەگەڵ ئێران و سوریا و ئێراق. لەهەندێك ساتەوەختدا دۆزی کورد پاڵنەری گەلێ هاوپەیمانیی بووە لەنێوان ئەو وڵاتانەدا، هەندێککاتیش هۆکاری گەلێك تەنگژەی ناهەموار و توند و کێبەرکێی نێوان ئەو وڵاتانە بووە.

دووەم: کێشەی کورد بۆ تورکیا وەك گرێکوێرەی پەیوەست بە گرفتە نێوخۆیی و هەرێمییەکان نومایانبووە. ئەم گرفتە بەردەوام زلدەبێت، چونکە گرفتەکە لەهەر چوار پارچەی کوردستانی گەورەدا (ئێراق، ئێران، تورکیا، سوریا) بە نەزمێکی بەرچاو هەڵتۆقیوە.

سێهەم: کاریگەرییەکان و کارلێککردنی نێوان پارچەکانی کوردستان و پێکداچوونی سنووری نێوانیان لەم ساڵانەی دواییدا ئێجگار فراوانبووە، بەجۆرێك تورکیا ناچار بەگرتنەبەری ستراتیژێکی نوێ کراوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی رەوشە نوێیەکە.

چوارەم: هەڵوەشاندنەوەی هاوپەیمانییە هەرێمییەکانی تورکیا، هۆکارێکن تا تورکیا دۆستایەتی ولاتانی دراوسێ لەدەستبدات و چڵەپۆشێکی بەدەستەوەنەبێت بۆ خۆیزگارکردن لە شەپۆلی ناسیۆنالیزمی کوردیی لەرێگەی ولاتانی دراوسێوە.

بەشێوەیەکی گشتی قسەکردن و کاریگەریی دۆزی کورد لەسەر سیاسەتی دەرەکی تورکیا لەوشوێنەدا رەنگدەداتەوە کە قۆناغە مێژووییەکە دەرفەتی رەخساندووە بۆ کوردی تورکیا و هەڵوێستیان لە رووبەڕووبوونەوەی تورکیادا دەرئەنجامەکان دیاریدەکات.

لەڕاستیدا تا سالانی حەفتاکان کێشەی کورد لەتورکیادا لە دۆخی متبووندا بوو، هەربۆیە کاریگەرییەکی گچکەی لەسەر رامیارییە دەرەکییەکانی تورکیا جێهێشتبوو. دوابەدوای ئەو قۆناغە بەهۆی ئالۆزییەکانی ژینگەی دەوروبەرەوە، پرسی کورد زیندووبوویەوە و هاوکات کاردانەوە گونجاوەکان لەسەر رامیاریی دەرتی تورکیا رووی لە زیادبوون کرد. لەگەڵ ئەوەیش دۆزی کورد وەك چەکێکی ستراتیژی لەلایەن چەند لایەنێکی هەرێمی و دەرەکییەوە بەکارهات بۆ فشارخستنەسەر رامیارییەکانی تورکیا.

هاوپەیمانییەتییەکانی تورکیا وەك نەخشێکی سەر رووبەکی لەماویی

لەڕابردوودا تورکیا دەکرا پشتبەستێت بەو هاوپەیمانی و رێکەوتنە هەماهەنگارییانەی کە لەتەك ولاتانی هاوسێیدا دەیبەستن. بۆنموونە رێکەوتنی سەعد ئاباد ١٩٣٧و پاکتی بەغداد و رێککەوتنی کێومالکردنی گەریلاکانی پەکەکە لەماوەی جەنگی ئێران ئێراقدا لەگەڵ ئێراق لە سالی ١٩٨٨، هەروەها هەماهەنگی شاراوەلی تورکیا لەگەڵ سوریا و ئێران لە دەیەی ئەوەلی دوو هەزاردا، بەلام مەهزەلەی چارەسەری ئێستەکانێ لە ئەجێندای سیاسەتەکانی تورکیا لەگەڵ دراوسێکانیدا لەوەدا خری دەبینێتەوە کە تورکیا پشتدەبەستێت بە هاریکاریکردنی کوردانی ئێراق بۆ بەدەستهێنانی کیانێکی کوردیی تا لە گرفتی کورد لەولاتەکەیدا توتاربێتە سەرەرای ئەوەیش ئالۆزی و ئاریشەی تورکیا لەگەڵ پرسی کورداندا ئێجگار فراوان تەنراوەتەوە و لەگەڵ بەرەی کوردانی سوریا و ئێران و ئێراقدا تێکگیر بووە. هەریەك لەوانیش لەپەیوەندیدایە لەگەڵ هەرچوار پارچەکەیتردا. ئەدی ئەم گۆڕانە دراماتیکییە چۆن و کەی روودەدا؟ سەرەتا پێوەندییە نێزیکەکانی تورکیا و ئێراق دەستیانکرد بە کزبوون و پەژموردەبوون. سەرەتا لە جەنگی کەنداوی

١٩٩١دا پێوەندییەکان دایانەکەمیی و تورکیا لەگەڵ ئەمریکادا بۆ پرسی شەڕ و شۆرش دانوبانپێکەوەنەدەکولاّ و ئەم ئەزمە تا ساڵی ٢٠٠٣و سەرنگونکردنی سەدام و رژێمەکەی درێژەیکێشا. لەمکاتەدا کۆتایی هەشتا ساڵ لە دەسەلاّتی سونیی عەرەب، توانی گۆڕانێکی قووڵ لە نەخشەی جیۆستراتیژی نێوچەکەدا بهێنێتەگۆڕێ.

دوابەدوای **٢٠٠٣ تورکیا** بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پێوەندییە نێزیکەکانی خۆی لە بەغداوە گواستەوە بۆ **هەولێر و حکومەتی هەرێمی کوردستانی** وەك هاوپەیمانێکی سەرەکی خۆی لەهەرێمەکەدا نومایانکرد **و لەبری ئەوەش پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ حکومەتی** سەردەستی شیعەی **عەرەبیدا پێوەندییەکانی دلیەکرێی. لەراستیدا ئەم گۆڕانە** نابەرابەرە. دەکرێت بەجۆرە **رونبکرێتەوە. لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە** رەگی سوننەچییەتی و شیعەگەرایی لەنێوان دوو وڵاتدا **هۆیەکی دیاریی** دوورکەوتنەوەی دوو وڵاتە لەگەڵ یەکتریی. لەڕووی ئابووریشەوە خواستی نەوتی **هەرێمی** کوردستان و ئارامی رەوشی ئاسایشی نێوچەکە زیاتر لە عەرەبی عێراق زەمینەی نێزیکی تورك و کوردی رەخساندووە. لەڕووی ستراتیژیشەوە دیارە کە بەغدادسەروەری خۆی لە کوردستان لەدەستداوە و سنووری تورکیا و ئێراق لەژێر کۆنترۆڵی هەرێمی کوردستاندایە هەربۆیە مامەڵەکردن لەگەڵ هەرێمدا زامنی رەوشی ئارامی سنوورەکانی تورکیایە. لەڕووی سیاسیشەوە تورکیا دەخوازێت پێوەندییە بەرەوپێشچووەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا وەك وەسیلەیەك بەکاربهێنێت بۆ هێورکردنەوەی کوردەکانی خۆی، بەتایبەتی ئەمە لەکاتێکدایە کە زۆربەی بارەگاکانی پەکەکە لە سنورەکانی هەرێمی کوردستاندان. هۆکاری دووەم کە تورکیایان ناچارکرد گۆڕانی ریشەیی لە ئەزمی سیاسەتی دەرەوەیدا بکات، ئەولەوییەتی سوریا بوو.

لەماوەکانی هەشتا و نەوەدەکاندا پێوەندییەکانی سوریا و تورکیا فرەبەسەختی ژەهراویکرابوون بە دۆزی کوردانەوە. سوریا توانی پەکەکە وەك وەسیلەیەك دژبە تورکیا هەڵبسورشێنێت، ئەوەیش بەهۆی کێشە بەردەوامەکانی نێوان دوو وڵاتەوە سەرچاوەیگرتبوو، لەوانە بەرهەمهێنانی بەنداوەکانی سەرچاوە ئاوییەکانی فورات کە لە خاکی تورکیادان. هەموو ئەو پرۆژانە بە زیانی سوریا دەشکانەوە. هەربۆیە سوریا بوویە پشتیوان و پەناگەی پەکەکە لە **دەستپێکی** هەشتەکاندا. هاوکات پەکەکە گڵۆپی سەوزی بۆ تورکیا هەڵکرد بەوەی لە خاکی **سووریاوە هێرشدەکەنەسەر** نمنجەکانی تورکیا. لە کۆتایی نەوەدەکاندا هەرەشەکانی تورکیا بۆ بەکارهێنانی **هێز** دژبە سوریا. سوریای ناچارکرد واز لە رایاری پشتیوانی لە پەکەکە و پەنادانی

عەبدوڵڵا ئۆجەلانی رێبەری پەکەکە بهێنێت. ئیدی لێرەوە سەردەمێکی نوێ لە پێوەندیی نێوان دیمەشق و ئەنکەرە دەستپێیکرد. وەلێ ئالۆزییەکانی سوریا کە لە سەرەتای ٢٠١١وە دەستیانپێکردووە و هاوکات بڕیاردانی تورکیا بۆ سەرەوخونکردنی رژێمی ئەسەد دیسانەوە سندوقی پاندۆرەی بەنیسبەت تورکیاوە والاکردووەتەوە.

هەربۆیە ئەم رەوشە ٤ گرفتی پەیوەندیداری لەخۆیدا گردکردووەتەوە:

یەکەم: هەرێمێکی خۆبەڕێوەبەری کوردی لەسوریادا دامەزرێنرا، ئەم هەرێمە **تێیدا پارتی** یەکێتی دێموکرات بالادەستە، ئەم پارتە وابەستەیە بە پارتی کرێکارانی کوردستان (**پەکەکە)وە.** لەبەرئەوە گریانەی ئەوەدەکرێت کە بەرەیەکی نوێی کوردیی لە سنوورەکانی باشووری تورکیا دژبە تورکیا والابکرێت.

دووەم: پێشکەوتنەکانی کوردستانی سوریا، **دارای کاریگەرییەکی خێرابوون لەسەر رەوشی کورد** لەتورکیادا. **هەربۆیە کوردەکان لەرێگەی خۆنیشاندان و ناڕەزاییەکانیانەوە لە شارەکانی تورکیادا** فشاریان لەسەر حکومەتی پارتی دادوگەشە پێدان زیاترکرد. لەگەڵ ئەوەیشدا هێرشەکانی پەکەکە بۆسەر ئامانجەکانی تورکیا لەپاش ئەو رووداوانە زیاتر پەرەیانگرت.

سێهەم: هاوکات گۆڕانکارییەکانی تورکیای دوور لە سوریا کاریکرد بۆ کردنەوەی گرفتێکی نوێ و سەرئێشەیەکی جیدی لەنێوان ئێران و تورکیا دروستکرد لەسەر پرسی سوریا، جگەلەوەیش کۆتایهێنا بە جەمسەری ئێران، تورکیا، سوریا کە بۆ ماوەی دەیەیەك لەسەر خاڵی **هاوبەشی** بندەستکردنی کورد گردببوونەوە.

چوارەم: پێوەندییەکانی ئەنکەرە و بەغایش گورزێکی گورچکبڕیان لەمەڕ **پرسی سوریا** بەرکەوت. لەبەرئەوەی حکومەتی مالیکی لە بەغداد بەپێچەوانەی ئەنکەرەوە **پشتیوانی لە** رژێمی ئەسەد دەکات. لەئاکامی ئەمەیشدا دەکرێت بوترێت کە **بەشێوەیەکی ناڕەسمی** جەمسەرێکی دژە تورك لەنێوان ئێراق و سوریا و ئێراندا بەهۆی **رووداوەکانەوە و بەشێوەیەکی** خۆکرد درووستبووە.

ئایا تورکیا لەهاوپەیمانیدایە لەگەڵ کوردەکان؟

تورکیا بەچ **جۆرێك هەوڵی چارەسەری ئاڵۆزییەکانی کوردی** دا؟ سەرەتا تورکیا بەشێوەیەکی **دراماتیکی هەوڵی گۆڕینی میتۆدی** کارکردنی خۆی دا لەگەڵ حکومەتی هەرێمی **کوردستاندا. تورکیا** لەبری روانینی بۆ پرسی کورد لەولاتەکەیدا وەك گرفتێکی زیندوو، **ئاوڕدانەوەی** لە هەرێمی کوردستان بە چارەسەرزانی وەك کلیلی چارەسەریی گرفتە نێوخۆییەکانی خۆی. پێشتریش لە ساڵی ٢٠٠٩دا تورکیا لە دوو گۆشەنیگاوە کاریکرد بۆ چارەسەری پرسی کورد، هەردوو گۆشەنیگاکانی رامیاری تورکیا پەیوەستبوو بە پرسی چارەسەری کێشەی کورد لە نێوخۆی ولاتەکەیدا لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەهەمانکاتدا. لەوماوەیەدا وەك دیارە هەنگاوی یەکەمی کرانەوەی تورکیا بەسەر پرسی کوردا شکستیهێنا لەپرۆسەکەدا، وەلێ هەنگاوی دووەم توانی شوێنپێی خۆی بگرێت و بەتەوای سەرکەوتووبووە لە نیاز و نەرمییەکانیدا.

دیسانەوە هەلای چارەسەرکردن و پرۆسەی ئاشتی تورك و کورد لە تورکیا کە دەسەلاتدارانی **تورکیا وەك هەوڵێکی نوێ لە دەستپێکی ٢٠١٣دا** دەستیان داوەتێ، هەوڵێکە بۆ پێکانی **نیشانەگەلێك بەتەنها تیرێك. تورکیا لە هەوڵی بەهێزکردنی زێدەتری پێوەندییەکانیدایە** لەگەڵ **هەرێمی کوردستاندا. تورکیا گەرەکییەتی کوردی ئێراق بکاتە دەلالی** سەرەکی لە چێکردنی پێوەندی ئاشتی نێوان پەکەکە و خۆی، هاوکات لەنیازیدایە هەرێمی کوردستان وەك نێوەندێك سەبارەت بە چارەسەری تەنگژەی کوردی سوریا بەکاربهێنێت. هەرچەند کەوا ئەم هەنگاوەی تورکیا بوێرانەیە و هەڵگرتنی لەم رەوشەدا ئەگەری مەترسییەکی بەرچاو لەگەڵخۆیدا دەپێچێت. ئێرانیش پرۆسەی ئاشتی کورد و تورکیا وەك هەرەشەیەکی جیدی بۆسەر بەرژەوەندییەکانی دەبینێت و لە ئەگەری پەرینەوەی کاریگەرییەکانی دەترسێت بۆسەر کوردەکانی خۆی. هەربۆیە ئێران بەلێنیداوە گەر پەکەکە هێزەکانی خۆی لە قەلەمڕەوی تورکیا بۆ ناو قوولایی هەرێمی کوردستان نەکشێنێتەوە، هەروەك ئەو رێککەوتنەی بەناگاداریی تورکیا و پەکەکە و هەرێمی کوردستان روویداوە، ئەوا بەلێنی هاوکاریی دەدات بە گەریلاکان.[٣] هەرچەند پەکەکە رازی بە پێشنیازی ئێرانییەکان نەبوونن وەلێ ئێران لەئێستاشدا کارتگەلێکی دیاریکراوی لەشێوەی بارەگا و بنکەکانی پەکەکە لەدەستدایە کە هەرکات بیهەوێت دەکرێت دژبە تورکیا بەکاریانبهێنێت. لەبارەی سوریایشەوە پەکەکە دارای پێگەیەکی بەهێزە لە سوریا، ئەویش لەرێگەی لقەکانی

پارتەکەی بەنێوی پارتی یەکێتی دیموکراتی، لەوانە رێکخستنە سەربازییەکانی و یەکەکانی پاراستنی گەلەوە کە لەوێندەر بوونی بەهێزیان لەدەستنەداوە.(٤)

لەئێستاشدا پەیەدە و یەپەگە توانیویانە ١٨ شار و شارۆچکە لەسوریادا کۆنترۆڵبکەن بێگومان ئەمەیش لە روانینی تورکیادا هەڕەشەیەکی ئێجگار جیدییە. لە رەوشێکی وەهایشدا گەر ئەم گروپە کوردییانەی سوریا دەستنەدەنە چەك دژبە تورکیان ئەوە هیچ لەوڕاستیە ناشارێتەوە کە ئەمانە فاکتەرێك دەبن لە ئاییندەی ستراتیژیی تورکیادا. هەروەها تورکیا هەوڵدەدات گروپە کوردییەکان لەرێگەی گروپە ئیسلامییەکانی سوریاوە تێکبشکێنێت و لەنێویانبەرێت، بەلاّم نەیتوانیوە لەم رێگەیەوە سەرکەوتنی ئەوتۆ بەدەستبهێنێت. تورکیا لەئێستادا ئەوەی بۆ روونبووەتەوە باشترین رێگە بۆ کۆنترۆڵکردنی پەیەدە بریتییەلە بەستنەوەی بە رامیارییەکانی خۆیەوە. ئەوەیش بە ئاماژە بە سەردانی ساڵح موسلیم لە مانگی حەوتی ئەمساڵدا دەتوانین شیکاریی بابەتی بۆ بکەین. هاوکات رازیبوونی هەرێمی کوردستان بە بوونی پێگە سەربازییەکانی پەکەکە لەنێو قەڵەمڕەویدا، رۆڵی ئەم گەمەیە لەهێورکردنەوەی کوردانی سورییەدا بەڕوونی دەردەکەوێت. لەڕاستیدا بوونی پەکەکە لەکوردستاندا دەکرێت لە ئاییندەیەکی دووردا بکرێنە سوپەرێك لەبەردەم هەر هەوڵێکی لەشکرکێشی تورکیا بۆ نێوچەکە. لەبەرئەوە هەرچەند پەکەکە برپاریشیداوە بە کشانەوەی هێزەکانی لەنێوخۆی تورکیادا. ئەوا بەبڕوای چاودێران ئەم پرۆسەی ئاشتەوایبەی کورد و تورك پێویستە کوێربکرێتەوە،(٥) چونکە بوونی پەکەکە لەدەرەوە کەمترنییە لە هەڕەشەی بوونیان لە ناوخۆی تورکیا، چونکە پێویستە شتێك هەیە بۆ تورکەکان روونبێت کە مەحاڵە پەکەکە لەئاییندەدا هەڵبوەشێتەوە و لەنێوبچێت و هەمیشەیش هەڕەشەیە لەسەر رژێمەکانی تورکیا.

روانگە جیاوازەکان سەبارەت بە رێگەچارەکانی پرسی کورد

بەنیسبەت تورکیاوە پرسی چارەسەری دۆزی کورد لەنێوان دوو جەمسەردا دەخولێتەوە. یەکێك لەو جەمسەرانە وادەبینێت کە چارەسەری پرسی کورد وەك کلیلێك وایە بۆئەوەی تورکیا ببێت بە هێزێکی گەورەی هەرێمی لەنێوچەکەدا.(٦) هەندێکیش وادەبینن، ئەوە بووژانەوەی پلانی کوردەکان و پەکەکەیە بۆ ئامادەسازی لە بوارەکانی دەستبردن بۆ دەوڵەتداریی و هزریی جوداخوازیی.(٧) بەمجۆرە بەهەربارێکدا رەوشەکە بخوێنینەوە جۆرێك لە بەرژەوەندیی کورد

لەگۆڕێدا هەیە. لەبەرئەوە ئەگەر لەڕابردوودا توێژەران باسیان لە سەردەمی بەریتانیا و سەردەمیی عەرەبچییەتی کردووە لەناوچەکەدان ئەوا پێویستە لەئێستادا مل بۆ ئەو ڕاستییە بدرێت کە سەردەمی کوردیی لە ڕۆژهەلاتی ناویندا ڕێگایەکی بێگەڕانەوەیە.

•••

.١Muhittin Ataman, "**The Kurdish Question and its Impact** on Turkey's Foreign Policy: From 1923 **to 2000,"** ***Journal of South Asian*** *and Middle Eastern Studies*, Vol. XXIV, No. 2 **(Winter 2001), p. 34.**

.٢Mesut Ozcan, "From Distance to Engagement: **Turkish Policy** Towards the Middle East, Iraq and Iraqi Kurds," *Insight Turkey*, **Vol.** 13, No. 2 (2011), p. 72.

.٣*Today's Zaman*, 3 April 2013, http://www.todayszaman.com/newsDetail_getNewsById.action?newsId٣١٤٠٤٢ د

.٤

.٥Aysel Tugluk, a Kurdish member in the Turkish parliament, and co-chair of "Democratic Society Congress" (DTK), an umbrella of Kurdish organizations, had this to say on the future of the PKK: "At least in the next quarter century, the PKK will be around one way or the other, wherever there are Kurds.
>www.al-monitor.com/pulse/originals/2013/04/pkk-arming-iran-kandil-mountain.html>

.٦*The Kurdistan Tribune*, 25 May 2011, http://kurdistantribune.com/2011/if-turkey-cant-solve-kurdish-problem-she-cant-be-star/

.٧*Sunday's Zaman*, 1 July 2011.

سەرچاوەی بەدەستهێنانی ئەم بابەتە بڕوانە پێگەی ئەلەکترۆنی مۆشی دایان:

http://www.dayan.org/sites/default/files/Bengio_Ofra_TA_NOTES_Turkey_and_the_Kurdish_Conundrum_110813.pdf

ئیشکالییەتی ئاشتی لە تورکیا

هەڤپەیڤین لەگەڵ د. شێرکۆ کرمانج

ماموستای زانکۆ، لە زانکۆی ئوتارا، مالیزیا

هەڤپەیڤین: هەرێم عوسمان

- کۆچ: بەدرێژایی مێژووی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نوێی رزگاریخوازی گەلی کورد لە تورکیا، هاووڵاتی تورکی یەکێکە لە فاکتەرەکان کە رازینەبووە کورد بە نەتەوە بناسرێت و کێشەی چارەسەربکرێت وەك کێشەی نەتەوەیەك یان بە دەستەواژەیەکیتر شەقامی تورکی لەمپەربووە لەبەردەم داننان بە کورد وەك نەتەوەیەکی خاوەن کێشە لە تورکیا. ئایا ئێستا ئەو گۆڕانکارییانەی هاتووەتەئاراوە لە تورکیا و داخۆ دەبێتە مایەی ئەوەی کە شەقامی تورکی پێشوازی لە هەوڵەکانی ئاشتی بکات؟ دەرئەنجامیشی چییە؟

+ د. شێرکۆ کرمانج: لەڕاستیدا گۆڕانکاری لە عەقلییەت و تێڕوانینی شەقامی تورکی بۆ پرسی کورد روویداوە، بەڵام هێشتان زۆری ماوە بگاتە ئەو ئاستەی کە لەژێر سایەیدا پرسی کورد لە تورکیا چارەسەربکرێت. من لە ٢٠١١ لە کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی کە زانکۆی ئیستانبول بیلجی رێکیخستبوو بابەتێکم لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی لە باشوور پێشکەشکرد. لەڕاستیدا پرسەکە زۆر بە سەرسوڕمانەوە تەماشانەدەکرا. بەگشتی تورکە ئامادەبووەکان یەك پرسیاری سەرەکییان هەبوو، ئەوان دەیانگوت بۆ ئیستانبولت هەڵبژاردوە بۆ قسەکردن لەسەر پرسی دەوڵەتی کوردی؟ منیش گوتم، چونکە ئیستانبول بێشکەی لەدایکبوونی ناسیونالیزمی کوردی بوو، چونکە

ئیستانبول ئەو شارەیە کە زۆرترین کورد لەجیهاندا تێیدادەژی، چونکە ئیستانبول لیبرالترین شاری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. ئەوان وەڵامەکەی منیان قەبوڵبوو، بۆیە دەکرێت باسلەوەبکەین کە تێڕوانینی شەقامی تورکی گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، بەڵام ناکرێت ئەوە لەبیربکەین کە سەحنەی زانکۆ و کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان ناکرێت یەکسانبکرێت بە شەقامەکانی ئەنقەرە و ئەزمیر.

سەرەڕای ئەو نموونەیەی کە ئاماژەمپێکرد دەبێت ئەوە بڵێین کە هەشتا ساڵە گوتاری میدیای فەرمی دەوڵەتی تورکیا و میدیا نافەرمی پرسی کورد لە دوو دەستەواژەدا کۆدەکاتەوە. یەکەمیان، دەستەواژەی تیرۆریزمە، مەبەستیش لە بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە دیارکردنی رێگەچارە و شێوازی نزیکبوونەوە بوو لە پرسەکە. کاتێك کە کێشەیەك لە چوارچێوەی تیرۆریزم وێنادەکرێت ئیدی شەقام ئامادەدەکرێت بۆ لەناوبردنی "ئەنجامدەرانی کارە تیرۆریستییەکان، چ بە گرتن چ بە کوشتن. دووەمیان، دەستەواژەی سێپرەتیستە، واتە جوداێخواز، مەبەستیش لە بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە بۆ وەسفکردنی پرسی کورد و گەریلاکان لە قەڵەمدان و نیشاندانی بزووتنەوەی کوردایەتی لەو بەشەی کوردستان بە تێکدەر و هەڵوەشێنەرەوە و دەبەشکەری "خاك و وڵاتی تورکیایە". چڕی گوتارەکە و کارکردنی هەموو دامودەزگاکانی تورکیا لەسەر ئەم دوو دەستەواژەیە زۆر کاریگەربووە تارادەیەك کە عەبدوڵا ئۆجالان لە خەباتکەرێك بۆ مافی نەتەوەیەك کراوە بە "بەبەکوژ"، گەریلا کراوە بە "تیرۆریست"، کورد کراوە بە "جوداێخواز". بۆ سڕینەوەی ئەو زهنییەتە ساڵانێك کاری پێچەوانەی دەوێت. من پێموایە دەوڵەت و کۆمەڵگەی تورکی ئەگەر نیازیان لە چارەسەری پرسی کورد لە تورکیا پاکیش بێت ئەوە ساڵانێکی پێدەوێت تاوەکو وێنای ئۆجالان لە بەبەکوژێکەوە دەکەن بە شەریك یان رکابەرێکی سیاسی و دابنیشن لەگەڵی لەسەر مێزی گفتوگۆ. دیارە گۆڕانکارییەکان بەو ئاراستەیەن، بەڵام زۆر خاوترن لە چاوەڕوانییەکانی کورد.

- کۆچ: بە بڕوای ئێوە تورکیا ئێستا هیچ پلانێکی هەیە بۆ ئایندەی کورد لەهەموو پارچەکانی کوردستان بەچەشنێك هەموو هەرێمەکان توند ببەستێتەوە بە تورکیا، واتە ئەگەرچی هەرێمە سەربە دەوڵەتە مەرکەزییەکەی خۆی بێت، بەڵام ئەوەندەی بەرژەوەندی تورکیا رەچاوبکات، ئەوەندە بەرژەوەندی دەوڵەتە مەرکەزییەکەی خۆی رەچاونەکات، وەکو ئێستای هەرێمی کوردستان و تورکیا؟

+ د. شێرکۆ کرمانج: دەکرێت ئەمە وەك سیاسەتێکی نوێی تورکیا، تارادەیەك، قەبوڵبکرێت، بەڵام من پێموانییە ئەم دۆخە زادەی سیاسەتی تورکیا بێت بەڵکو ئەوە هەیە سیاسەتێکە کە دەیەوێت مامەڵە لەگەڵ ئەمری واقیع بکات. لە پەیوەند بەو خاڵەوە دەبێت ئاماژە بەوەبکەین کە لە ١٩٩١ کیانێکی سیاسی و جوگرافی لە هەرێمی کوردستان دروستبوو، سەرەرای دژایەتیکردنی ئەم کیانە لەلایەن تورکیاوە، لانیکەم لە سەرەتاوە، کەچی کیانەکە وردەوردە جێگیر و بەهێزتربوو. لەدوای روخانی بەعس و هاتنی ئەمریکا ئەزموونەکەی کوردستان تەکانێکیدیکە بەرەوپێش بەخۆوەدی. لەگەڵ دەستپێکی شەڕی سوننە و شیعە لە عێراق، رۆژبەڕۆژ ئەزموونەکەی هەرێم سەقامگیرتر و بەتواناتر دێتەپێشچاو. لەگەڵ دەستپێکی شەڕی ناوخۆ لە سوریا و کشانەوەی هێزەکانی سوریا لە بەشێك لە ناوچە کوردنشینییەکان وا خەریکە ئەزموونی هەرێم لە رۆژئاوا دووبارەدەبێتەوە.

جا بابچینە سەر پرسە سەرەکییەکە. چەندین سیناریۆ لە پەیوەند بە دوارۆژی عێراق و سوریا لەگۆڕێدان. هەندێك لەو سیناریۆیانە لەگەڵ ستراتیجییەتی تورکیا نایەنەوە. یەکێك لەوانە، هاتنەسەرکاری سوننە توندڕەوەکانە بۆسەر حوکم لە سوریا لەگەڵ بەهێزبوونی پێگەی ئێران لە عێراق لەرێگەی حیزب و لایەنە شیعییەکانی عێراق کە ئەمەیان لەحالی حازردا بەس سیناریۆ نییە، بەڵکو واقیعە. لەگەڵ هاتنی شیعەکان بۆسەر حوکم لە عێراق، تورکیا زۆر هەوڵیدا کە پێگەی شیعەکان، لەرێگەی پشتیوانی لە

سونەکانی عێراق، لاوازبکات، بەڵام هەوڵەکانی سەرکەوتوونەبوون. دوا هەوڵیان ئەوەبوو کە لەڕێگەی لیستەکەی عەلاوییەوە سونەکان بهێننەوەسەر حوکم، بەڵام ئەم هەوڵە نەك هەر سەرینەگرت بەڵکو لیستەکەی عەلاوی لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا پارچەپارچەبووە و خەریکە نفوزی لە هاوکێشەی سیاسی عێراق بەتەواوی لەدەستدەدات. لە سوریا رۆژبەڕۆژ باڵی رەوتە توندڕەوە ئیسلامییەکان بەهێزتردەبێت، لانیکەم لە مەیدانەکانی شەڕ. ئەم دۆخەی سوریا و عێراق وای لە تورکیا کردوە کە بەدوای بەدیل بگەڕێت. هەرێمی کوردستان لە عێراق و کوردەکانی رۆژئاوا لە سوریا وەك ئەو بەدیلە دەبینرێن کە پارسەنگی هێز بۆ تورکیا لە عێراق و لە سوریا راستبکەنەوە. بەکورتییەکەی ئەوەی مەبەستمە بیڵێم نزیکبوونەوەی تورکیا لە هەرێم و کوردەکانی رۆژئاوا لەبەرخاتری چاوی رەشی کورد نییە، بەڵام لە دەستکورتیی تورکیایە لە گەمە سیاسییەکانی ناو عێراق و سوریا و ناوچەکە. تورکیا ترسی ئەوەی هەیە کە سوریا (کە سنورێکی ٩٠٠ کیلۆمەتری بەیەکەوەیاندەبەستێتەوە) ببێتە ئەفغانستانێك لەبنپاڵی. دیارە ئەگەر رژێمەکەی بەشار ئەسەد بشمێنێتەوە لەسەر حوکم ئەوە ئەگەری ئەوە زۆر بەهێزە کە بەشێکی زۆر لە خاکی سوریا ببێت بە مۆڵگەیەك و بەهەشتێکی پارێزاو (safe heaven) بۆ گروپە توندڕەو تیرۆریستەکان.

نزیکبوونەوەی تورکیا لە هەرێم و کوردەکانی سوریا بۆ دروستکردنی ئەو خەتە دیفاعییەیە، واتە بۆ پاراستنی تورکیایە لە پروشکەکانی شەڕە ناوخۆییەکانی عێراق و سوریا. دیارە بەدڵنیایی ئەوە تاکە هۆ نییە بەڵام یەکێك لە هۆیە سەرەکییەکانە.

تورکیا تارادەیەك لە سیاسەتی بەستنەوەی هەرێم بە تورکیا سەرکەوتووبووە. هاوکات، لەوانەیە لەم گەمەیە هەرێم زەرەرنەکات، چونکە تا لە تورکیا نزیکبێتەوە لە عێراق دووردەکەوێتەوە، تا لە عێراقیش دوورکەوێتەوە ئەگەرەکانی هەڵوەشانەوەی عێراق زیاددەکات. دیارە ئەمە بەو سانایە نییە کە لێرە من دەرمبڕیوە، چونکە هەرێم ئەگەر زۆر وریایانە مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسە نەکات ئەوا خۆی لەژێر رکێفی داگیرکەرێك رزگاردەکات و خۆی دەخاتەژێر رکێفی یەکێکیدیکە کە زۆر لەوەی یەکەم بەهێزتر و

پڕتواناتر و بەئەزموونترە. هاوکات، تورکیا چەند لە هەرێم یان کوردانی سوریا نزیکبێتەوە هەرگیز بەو مانایە نییە کە تورکیا دەیەوێت ئەم دوو ناوچەیە بکات بە بەشێك لە تورکیا، چونکە بۆ تورکەکان ئەمە تێکچوونی هاوکێشەی نەتەوەیی لێدەکەوێتەوە. زیادبوونی ژمارەی کورد و جوگرافیای کوردستان شتێك نییە کە تورکیا هەستی بە مەترسییەکانی نەکردبێت لەسەر ئەو. بۆیە هەر نزیکبوونەوەیەکی تورکیا تەنیا بۆ خستنەژێر باڵی کوردانە و بەکارهێنانیانە لە گەمە سیاسییەکانی تورکیا لە ناوچەکە.

- کۆچ: بۆچی تا ئێستا هیچ دەوڵەتێك یان ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی نێوانگیری ناکات لەنێوان لایەنی کوردی و دەوڵەتی تورکیا، وەك چۆن لە زۆربەی کێشەی نەتەوەکان وەك باشووری سودان و مالیزیا و بیابانی خۆرئاوا؟

+ د. شێرکۆ کرمانج: دەکرێت هۆکاری ئەوە بگەڕێتەوە بۆئەوەی کە گفتوگۆکانی نێوان حکومەتی تورکیا و پەکەکە، وەك لایەنی کوردی، یان عەبدوڵا ئۆجالان، وەك سەرکردەی لایەنی کوردی، تائێستا بەنهێنی ئەنجامدەدرێن. ئەو دەزگایەی کە لەنێو دەزگاکانی حکومەتی تورکیا نوێنەرە و بەشداری گفتوگۆکان دەکات دەزگای هەواڵگری تورکی، میتە. کارەکانی دەزگا هەواڵگرییەکانیش خسڵەتێکی نهێنییان هەیە. دیارە دەکرێت لایەنی کوردی لە سەرەتا ڕازیبێت بەوەی کە نوێنەری ڕکابەرەکەی دەزگایەکی نهێنی هەواڵگیریی بێت، بەڵام من پێموایە کاتێك ئەم گفتوگۆیانە دەچنە ئاستی دانوستان ئیدی ناکرێت لایەنی کوردی بەوە ڕازیبێت. ئەمەش لەبەر چەند هۆیەك لەوانە: یەکەم، تورکیا بۆیە لەڕێگەی میتەوە گفتوگۆ لەگەڵ ئۆجالان دەکات، چونکە دەیەوێت وا نیشانبدات کە هێشتان ئیعتیرافی بە شەرعییەتی نوێنەرایەتی پەکەکە یان ئۆجالان نەکردووە. دووەم، تورکیا نایەوێت لە ئاستی حکومەت، سەرۆکوەزیران یان وەزیرەکان قسە لەگەڵ پەکەکە بکات، چونکە نایەوێت نەیارەکەی وەك دەوڵەت یان لە ئاستی دەوڵەت

نیشانبدات. سێیەم، تورکیا دڵنیانییە کە گفتوگۆکان بەچ ئاکامێك دەگەن یان بەچ ئاقارێك دەڕۆن، بۆیە نایەوێت لەئێستادا لە ئاستێکی بەرز لەگەڵ پەکەکە مامەڵەبکات، چونکە ئەمە هەر خۆی لەخۆیدا هەیبەت و مەقامی پەکەکە بەرزدەکاتەوە. تا ئەو رادەیەی من ئاگادارم هەندێك لەو دانیشتنانەی نێوان پەکەکە و دەوڵەتی تورکیا لە نەرویج ئەنجامدراون، ئەمەش مانای ئەوەیە کە لایەنێکی نێودەوڵەتی لە پرۆسەکە ئەگەر راستەوخۆش نەبێت ناڕاستەوخۆ بەشدارە. رۆڵی نەرویج لەو پرۆسەکە تائێستا دیارنییە یان ئەوەتا من ئاگادار نیم لێی. من پێموایە و هەقوایە، لایەنی کوردی لێرە بەدواوە پێداگریبکات لە بەشداریکردنی لایەنێکی نێودەوڵەتی. هاوکات، نەرویج بە باشترین کاندید دەزانم بۆ ئەم کارە، چونکە نەرویج وڵاتێکی دیموکراسی و بێلایەنە لە زۆربەی پرسە نێودەوڵەتییەکان و تێگەیشتنێکی باشیشی لەسەر پرسی کورد بە گشتی و پرسی کورد لە تورکیا هەیە.

بوونی لایەنێکی نێودەوڵەتی گرنگی خۆی هەیە، چونکە: یەکەم، پرسی کورد لە ئاستێکی لۆکاڵ دەباتە ئاستێکی نێودەوڵەتی. دووەم، خەون و داواو چاوەڕوانییەکانی لایەنی کوردی و لایەنی تورکی سەدان سەدە هێستر لەیەك دوورن، لەوانەیە لایەنە نێودەوڵەتییەکە بتوانێت رۆڵی لێکنزیکردنەوەی هەردوو لایەن ببینێت. سێیەم، کە لە هەموویان گرنگترە، لایەنی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی دەوڵەتێکی وەکو نەرویج، دەتوانێت زەمانەتی هەر پێکهاتنێك بکات و لایەنە بەشدارەکان ملکەچبکات، یان ئەوەتا فشاریان بخاتەسەر کە پێکهاتنەکان جێبەجێبکەن. چوارەم، مافەکانی مرۆڤ و مافی گروپ و نەتەوە جیاجیاکان لە نەرویج لە بەرزترین ئاستدان لەجیهاندا، بۆیە بوونی نەرویج زیاتر لە قازانجی تەرەفی کوردییە زیاتر لە تورکیا.

بەهەرحاڵ، من پێموایە کاتی ئەوەهاتووە کە لایەنی کوردی رەهەندی کوردی لە هەندەران وەگەڕخا بۆ هاندانی دەوڵەتی نەرویجی بۆئەوەی رۆڵی ناوبژیوان ببینێت.

- کۆچ: ئایا ئەو حیزبەی ئێستا لە دەسەڵاتە لە تورکیا کە ناسراوە بە عوسمانییە نوێیەکان، کێشەی کورد بەوشێوەیە چارەسەردەکات، هەروەك لە سەردەمی سەڵتەنەتی عوسمانی هەموو هەرێمەکان و میرنشینەکانی دەوڵەتی عوسمانی دەتوانێت هەرکاتێك بیەوێت و هەرچۆنێك بیەوێت دەخالەت لەو هەرێمانە بکات و ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتیشی تیادابکات؟

+ د. شێرکۆ کرمانج: نزیکبوونەوەی دەوڵەتی تورکی، ئەو دەوڵەتەی کە **ئێستا** ئەکەپە پێکیهێناوە و وەك عوسمانییە نوێیەکان ناودەبرێت، لە پرسی کورد لە تورکیا **تەنیا** زادەی تێڕوانینی ئەو تێزە نییە کە سەرچاوەکەی لە **عەقڵییەتی عوسمانییە نوێکان** وەرگرتووە. بەڵکو دەرناوێشتی **کۆمەڵێك هۆکارە کە دوانیان، بەڕای من، لەهەموویان** گرنگترن. یەکەم، ئەو فشارەی کە بزووتنەوەی کوردایەتی لە باکوور لەماوەی چەند دەیەی رابردوو خستوویەتییەسەر دەوڵەتی تورکیا و تواناکانی بزووتنەوەکە لەوەگەڕخستنی کوردان لەناوخۆ و دەرەوەی وڵات. دووەم، کاریگەری عەولەمە (globalization) لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی وڵاتان و کەمبوونەوەی هەیمەنەی دەوڵەت بەسەر ناوچەکانی. بەمانایەکیدیکە ئەو نامەرکەزییەتەی کە عوسمانییە نوێکان باسیلێوەدەکەن تەنیا لە گەڕانەوە بۆ شێوازی عوسمانییەکان لە بەڕێوەبردن نییە بەڵکو زادەی ئەو دوو هۆکارە**یە کە** باسکردن. هاوکات ناشبێت ئەوە لەبیربکەین کە عوسمانییەکان لە ناوەڕاستی **سەدەی** نۆزدەم لە پرۆسەی تەنزیماتدا کە خۆی زادەی پرۆسەی مۆدێرنازەیشن بوو **ئیمپراتۆرییەتی** عوسمانییان لەسەر بنەمای مەرکەزییەت رێکخستەوە. جا کە باس لە **عوسمانییە نوێکان** دەکەین دەبێت بزانین کە مەبەستمان ئەو شێوازە بێت لە حوکمکردن **کە پێش پرۆسەی** تەنزیمات لەئارادابوو.

من پێموایە ئەو هەوڵانەی تورکیا هەموو بۆ کەمکردنەوە **یان** لادانی ئەو ترسەیە کە دەوڵەتی تورکیا هەیەتی لە دابەشبوونی دەوڵەتەکەیان لە ئاکامی بەهێزبوونی

بزووتنەوەی کوردایەتی لە باکوور. دیارە دەبێت ئاماژەبەوەبکەین کە بزووتنەوەی کوردایەتی لە تورکیا هێشتان نەگەیشتووەتە ئەو قۆناغەی کە خەتەر لەسەر یەکپارچەیی تورکیا دابنێت چونکە، هەر بۆ نموونە، ئێستاشی لەگەڵدابێت ئەکەپە لە هێزە کوردییەکان لە باکووری کوردستان لە هەڵبژاردنەکان دەنگ زیاتر دێنێت. ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەگەر بەراوردیبکەین بە هەرێم، ئەوە دەبینین کە هێز و لایەنە عێراقییەکان لە هەرێم نە بارەگایان هەیە نە لە هەڵبژاردنەکانیش دەنگدێنن، کەچی هێشتا هەرێم هەر بەشێکە لە عێراق. واتە، بەکورتی، هێشتان زۆری ماوە کە بزووتنەوەی کوردایەتی لە باکوور بتوانێت ئیدیعای جیابوونەوەبکات، بەڵام دەوڵەتێکی موئەسەساتی وەك تورکیا بەرنامەکانی لەسەر بنەمای خوێندنەوە بۆ دوارۆژ دادەنێت.

با بەشێوەیەکیدیکە بیرۆکەکان کۆبکەینەوە. دەوڵەتی تورکی لە ١٩٢٣ تا هاتنی ئەکەپە بۆسەر حوکم لە هەوڵی تواندنەوەی (assimilation) کورد بوو بە زۆروزۆرداری و بەکارهێنانی توندوتیژی تادەگاتە رادەی زمانکوژی (linguicide) و **کلتورکوژی (culturecide). دوای زیاتر لە هەشتا ساڵ ئەو نوخبەیەی کە ئەکەپە بەڕێوەدەبات بۆیدەرکەوت کە سیاساتی بەزۆر تواندنەوەی کورد فەشەلیهێناوە.** بۆیە ئەوان ئێستاکانی پەیڕەوە لە کۆمەڵێك سیاساتی نوێ دەکەن. یەك لەوانە گەڕانەوەیە بۆ هەندێك لە شێواز و نزیکبوونەوەکانی عوسمانییەکان. مەبەست لە سیاسەتە نوێیەکە ئامێزانی (integration) کوردە لە توکیا نەك تواندنەوەی کورد، بەڵام من پێموایە ئامێزانیش لەکۆتاییدا هەر مەبەست لێیتواندنەوەیە، بەڵام لەجیاتی توندوتیژی نەرمونیانی تێدابەکاردێت. جا ئەو نەرمونیانی تواندنەی عوسمانییە نوێکانی تورکیا بۆ ئامێزانی کورد هەر تواندنەوەیە، بەڵام لە تواندنەوەی ئامێزان مافی خۆتاواندنەوەکە دەدرێت بە بابەتەکە، واتە کورد.

•••

کورد ...

گرنگترین پێکهاتەی گەشەی سەرمایەداری تورکییە

دیدار لەگەڵ د. سەردار عەزیز

ئا: هەرێم عوسمان

د. سەردار عەزیز

کۆچ: بە درێژایی مێژووی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی نوێی رزگاریخوازی گەلی کورد لە تورکیا، هاووڵاتی تورکی یەکێکە لە فاکتەرەکان کە رازی نەبووە کورد بە نەتەوە بناسرێت و کێشەی چارەسەر بکرێت وەک کێشەی نەتەوەیەک، یان بە دەستەواژەیەکی تر شەقامی تورکی لەمپەر بووە لەبەردەم دانانان بە کورد وەک نەتوەیەکی خاوەن کێشە لە تورکیا، ئایا ئێستا ئەو گۆڕانکارییانەی هاتۆتە ئاراوە لە تورکیا و شەقامی تورکی پێشوازی لە هەوڵەکانی ئاشتی دەکات، وە دەرئەنجامی چییە؟

د. سەردار عەزیز: تورک بوونێکی خەیاڵکراوە، دیارە هەموو بونێکی نەتەوەیی بوونێکی خەیاڵکراوە بەپێی وتە بەناوبانگەکەی بێندیکەت ئەندەرسن. بەڵام خەیاڵکراوی تورک لە تخوبی نەبوودایە. بونێکە زۆر لەرزۆک. دەوڵەتی تورکی، پێکهاتووە لە تێکەڵەیەکی زۆر لە خەڵکانی جیاواز. جگە لە کورد، ئەوەی پێی دەڵێن تورک لە تورکیا پێکهاتووە لە ئەلبان، لە بەلقانی، لە خەلکانی ئاسای ناوەند، لە لاس، لە چەرکەس، لە عەرەب، لە ئەرمەن و زۆری تر. جێنی وایت لە کتێبی ناسیونالیزمی ئیسلامی و تورکی نوێ بە باشی روناکی دەخات سەر ئەم لەرزۆکیەی شوناسی تورک بوون. هەر ئەم لەرزۆکیەیە کە لە پشت هەڵچوون و نکوڵی و سڕینەوەدایە بۆ ئەوانیتر. لە رووی مێژوویەوە، تورکیا بە دەست کۆمەڵێک ترسی گەورەوە دەناڵێنێت. ترسی لە ناوچوون. ئەم ترسە لە نەمانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەوە سەرچاوە دەگرێت لە پەیماننامەی سیڤەردا دەگاتە ترۆپک. لە نێو تورکدا باوە کە دەڵێن رۆژئاوا هەوڵیاندا کە تورک تورڕدەن بۆ ئاسیای ناوەند و بۆ هەمیشە لە سنوری تورکیای دوور بخەنەوە. لە مێژووی دیپلۆماسی رۆژئاوا ئەمە مەسەلەی رۆژهەلات ناسراوە. لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆماردا، تورکیا لە قەراخی ئەم لەناوچوندا بوو. بۆیە تورکیای نوێ لە هەموو ئاستێکدا بە دەست ئەم فۆبیاوە دەناڵێنێت. چونکە شوناسی تورکبوونی ئێستا لە پشتیەو ترسێک هەیە کە هەمیشە وەك دێوزەمە راوی دەنێت. کورد لە تورکیا یان پەرتکردنی تورکیا. بەجۆرێک ئەم ترسە مێژووییەو مان و نەمانی تورکیا پێکەوە گرێدراوە کە لە خەیاڵدانی هەموو تورکێکدا باسکردنی کورد یانی پەرتکردنی تورکیا، یانی لە ناوچوونی تورکیا، یانی زیندوکردنەوەی فۆبیای سیڤەر. تورک لە

ڕۆژی هاتنیان بۆ ئەنادۆڵ بەبێ نەیار و شەڕ نەیانتوانیوە درێژە بە خۆیان بدەن. ئەمەش دیسانەوە بنەمای لوت بەرزی و ڕەگەزپەرستی تورکە بەرامبەر ئەوانیتر. بە کورتی لاوازی شوناسی تورک بوون، ترسی لە ناوچوون و وێناکردنی هەموو دەوروبەر بە دوژمن، بوونی ڕووداوی مێژووی هەژێنەر، تێکەڵیەکی زۆری تورک و ترسی لە دانان بە جیاوازیدا ببێتە هۆی هاندانی هەموو ئەوانیتر بۆ داواکردنی شوناسیان، ئەمانە هەموو لە پشت ئەو مامەڵە نامرۆڤانەی تورکەوەن بۆ کورد. لە گەڵ ئەمەدا تورکیا وەك دەوڵەت بە ئەستەم ڕێگەی داوە کە دەنگی جیاواز لە وڵاتدا هەبێت. گەرچی لە وڵاتدا هەڵبژاردن بە ڕێوە دەچێت بەڵام دیموکراسی بوونێکی زۆر لاوازی هەیە. هەموو وڵات لە ژێر چەپۆکی تاقانەییدا دەناڵێنێت. بەڵام تورکیا ئەگەری گۆڕانکاری زیاتر هەڵگرتوە بە بەراورد بە گەلانی تر چەوسێنەری کورد. ئەمە مانای ئەوەنیە تورک باشترن لە ئەوانیتر، بەڵام دۆخی سیاسی و ئابوری و جیوپۆلەتیکیان ڕەنگە ناچاریان بکات کە جیاوازتر بن، بە تایبەت لە داهاتوودا. ئەمەش لە سەر ئەوە وەستاوە کە کورد چۆن یاری جیوپۆلەتیک دەکات.

کۆچ: ئایا دکتۆر ئێوە پێتانوایە کورد دەبێت چۆن گەمەکە بکات؟ واتە ئایا گەمە جیوپۆلەتیکیەکەی کورد دەبێت چۆن بێت، بۆ ئەوەی کورد لە گەمەکەدا بەرەو پێش بچێت؟

د. سەدار عەزیز: کۆمەڵگای تورکی زیاتر دەکەوێتە ژێر گۆڕانکاریەکانەوە بە بەراورد بە کۆمەڵگای فارسی و عەرەبی. لە پشت

ئەم تێزەوە کۆمەڵێک بنەما هەیە؛ یەکەم کۆمەڵگای تورکی زیاتر پەیوەستە بە بازاڕەوە، بە تایبەت بە بازاڕی جیهانیەوە، بۆیە گۆڕانکاری لە ژیانی ئابوری مرۆڤی تورکیدا گۆڕانکاری گەورە و دراماتیکین. ئەم هەڵبەز و دابەزە ئابوریانە مرۆڤی تورکی ناچار دەکات بە بەئاگابوون لە رێتمەکانی بازاڕ و ئاڵوگۆڕ و سیستەمی ئابوری. ئەمەشە کە پارە کاریگەرترین ئامرازە لە ژیانی مرۆڤی تورکدا، پارەش بە ئاسانی نایەت. ئەمە بۆخۆی بنەمای ناسەقامگیری دونیا و باوەڕەکان دادەرێژێت. دووەم، ئابوری تورکی، بە پێچەوانەی ئابوری عەرەبی و فارسی، ئابوری کرێخۆری یان داهاتی ئاسان نیە. مرۆڤی کۆمەڵگای کرێخۆری مرۆڤێکە وەها لە قاڵبدراوە کە ساویلکەبێت و توانای تێڕامانی نەبێت. چونکە ئەو سیستەمی سیاسی وەهای لێکردوە کە نا سیاسی بێت. بەڵام کاتێک ناسیاسی بوون سەرناکەوێت ئەوا لە ئەنجامدا کەسێکی سیاسی ناسیاسی دەبێت. بەمانایەکی تر بە هەموو شێوەیەك نائامادەیە بۆئەوەی سیاسی نەبێت، بەڵام دەم لە سیاسەت دەدات. بە گشتی سیاسەت لە کۆمەڵگای کرێخۆریدا شەعبەوی و رووکەشە. ئەمە مانای ئەوە نیە کە مرۆڤی تورک باشتر سیاسیە، بەڵام سەختی ژیان ناچاری دەکات کە بە دوای رێگاچارەدا بگەڕێت. هەندێک جار ئەمە نێگەتیفە چونکە رێگاچارەکان کەمن و کە دەبنە مانیفیستۆی هەر کەسێک وەك رێگاچارەیەکی پیرۆز تەماشا دەکرێن. جیوپۆلەتیکی تورکی، تورکیا ناچاردەکات بە گۆڕانکاری، وەك دەبینین کە لە شەڕی سارددا، جیوپۆلەتیکی روە رۆژئاوابوو. کەچی پاش شەڕی سارد بە تەواوی دەگۆڕێت بەرەو رۆژهەڵات. لە سەرووی هەموو ئەمانەوە چینێک خوێندەواری تورک هەن

کە چوونەتە زانکۆکانی ئەمریکا و ئەورووپا زۆر زیاتر کراوەبێت بەرامبەر گۆڕانکاریەکان. هەموو ئەمانە پێکەوە لەگەڵ کاریگەری یەکێتی ئەورووپا و کەلتورەکانی تر وەها دەکەن کە تورک بە بەراورد بە فارس و عەرەب زووتر وەڵامدەرەوەی گۆڕانکاریەکان بێت.

کۆچ: بۆچی تا ئێستا هیچ دەوڵەتێک یان رێکخراوێکی نێودەوڵەتی نێوانگیری ناکات لە نێوان لایەنی کوردی و دەوڵەتی تورکیا، وەک چۆن لە زۆربەی کێشەی نەتەوەکان وەک باشوری سودان و مالیزیا و بیابانی خۆرئاوا؟

د. سەردار عەزیز: کێشەی میانگیری یان نێوانگیری پەیوەندی هەیە بە وێنای جیوپۆلەتیکی وڵاتێک بۆ خۆی. تورکیا ئەمرۆ وەها لە خۆی دەڕوانێت کە وڵاتێکە لە پێگەیەکی بەهێزدا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست. هەر ئەمەشە تورکیای خستوەتە سەر کەڵکەڵەی ئەوە کە ببێتە میانگیر یان نێوەندگیر لە زۆر جێگەی تری دونیا، وەك لە نێوان سوریا و ئیسرائیل، لە سۆماڵ، لە عێراق، لە جێگاکانی تر. دیدی داودئۆغلۆ وەهایە کە لە رێگای ئەم میانگیریانەوە بوونیان و بەرژەوەندیان دەپارێزن. کاتێک وڵاتێک وەها وێنای خۆی دەکات ناتوانێت بە ئاسانی رێگا بە وڵاتێک یان هێزێکی تر دات کە ببێتە میانگیر یان ناوەندگیر لە پرۆسەیەکدا کە تورکیا بە کێشەیەکی ناوخۆیی خۆی دەزانێت. بۆ نموونە تۆ لە پرسیارەکەتدا ناوی وڵاتی وەك سودانت هێناوە. تورکیای ئەمرۆ پێی ناخۆشە لە ریزی وڵاتێکی وەك سوداندا بێت. تورکیا وەها وێنای خۆی دەکات کە لە ریزی بیست

باڵاترین وڵاتانی جیهاندابێت. وەک چۆن ئەندامی بیست بەهێزترین و گەورەترین ئابوری جیهانە. لە لایەکی ترەوە لە رووی مێژووییەوە تورک گومانیان هەیە بەرامبەر هەر هێزێکی دەرەکی. لە نێو تورکیدا تیورەی پیلانگێری زۆر بڵاوە کە هێزە دەرەکیەکان وەك ئەمریکا و یەکیتی ئەوروپا لە هەوڵی ئەوەدان کە کوردستان دروست بکەن و تورکیا لاواز بکەن. بۆیە هیچ هێزێکی سیاسی تورکی زاتی ئەوە ناکات کە هێزێکی دەرەکی تر بهێنێت بۆ نێو سیاسەتی ناوخۆی تورکی. سەرباری ئەمانە هێشتا پرۆسەی ئاشتی نەگەشتوەتە قۆناغێک هەتا بوار بە هیچ هێزێکی دەرەکی بدات بۆ ئەوەی بتوانێت رۆڵێ تیادا ببینێت. ئەم رۆژانەی پێشوو ئەندامێکی پیاوانی دانام بینی لە ئەنکەرە، ئەو دەیگووت کاتێک کە گەڕاون بە شارەکانی تورکیادا زۆرێک لە تورک دەپرسن ئایا چ پێویستە ئاشتی بکرێت لەگەڵ پەکەکەدا. بەو مانایە هێشتا دۆخی ئاشتی لە ئاگایی گشتیدا لە سەرەتایدایە. دیارە بۆ کورد رەنگە باش بێت، ئەویش وەستاوە لە سەر شوناسی لایەنی سێیەم، ئەمریکا باش نیە (هەمیشە دژ بە پەکەکە بووە، بە ئاشکرا)، نەتەوە یەکگرتوەکان باش نیە (چونکە هێزکێ گەندەڵی لاوازی، سستی بێتوانایە)، یەکێتی ئەوروپا رەنگە هێزێکی گونجاوبێت (چونکە یەکێتی ئەوروپا باکوری کوردستان بە پانتایی جیوپۆلەتیکی خۆی دەزانێت).

کۆچ: واتە ئێوە پێتانوایە هێزی سێیەم بۆ نێوانگیری دەبێت لە **لایەن کوردەوە** بانگهێشت بکرێت، لەبەرئەوەی تورکیا خۆی لەوە بە هێزتر دەبینێت تا ئەو پێیان بڵێت؟ وە ئایا گەر کورد کارێکی وا بکات

بارودۆخەکە بۆ پەیوەندیەکانی تورکیا و هەرێم چۆن دەشکێتەوە، تورکیا رازیدەبێت. بەرژەوەندی کورد ناکەوێتە مەترسییەوە؟

د. سەردار عەزیز: هیچ هێزێکی سێیەم تەنها بە بانگەشەی کورد ئامادە نابێت. چونکە هێزێ سێیەم کاتێک ئامادە دەبێت یان دمیتە هێزی سێیەم کە هەردوولا رەزامەندیان لە سەری هەبێت، ئەگینا خێرا دمیتە هێزێکی لایەنگر و ناتوانێت بە رۆڵی خۆی هەستێت، چونکە ئامانج لە هێزی سێیەم ئەوەیە کە هەردوولا رێزی بگرن هەتا بتوانێت فشار بکات بە ئاراستەی لێکنزیک کردنەوەی هەردوولا. هیچ کام لە هێزە نێودەوڵەتیەکان وەك نەتەوە یەکگرتوەکان، ئەمریکا یان یەکێتی ئەوروپا تەنها بە بانگێهێشتی کورد نایەن. دەبێت ئەو واقیعەش لە بەرچار بگرین کە هەتا ئێست لە زۆر ناوەندی جیهانیدا پەکەکە وەك رێکخراوێکی تیرۆریستی ناسراوە، ئەمەش رێگری زۆری کردوە لە بەردەم بەشداری بوونی هێزی تر لە پرۆسەی ئاشتیدا.

کۆچ: ئایا ئەو حیزبەی ئێستا لە دەسەلاتە لە تورکیا کە ناسراوە بە عوسمانیە نوێیەکان، کێشەی کورد بەو شێوەیە چارەسەر دەکات، هەروەک لەسەردەمی سەڵتەنەتی عوسمانی هەموو هەرێمەکان و میرنشینەکانی دەولەتی عوسمانی دەتوانێت هەر کاتێک بیەوێت و هەرچۆنێک بیەوێت دەخالەت لەو هەرێمانە بکات و ئاڵوگۆڕی دەسەلاتیشی تیادابکات؟

د. سەردار عەزیز: پارتی دادو گەشەپێدان ئامانجی وەهای هەیە. بەڵام کرۆکی مەسەلەکە ئاین یان شوناس یان باوەڕ نییە، بەڵکو ئابورییە. ئەمە تەنها دیدێکی مارکسی رەق نییە بەڵکو واقیعە. لە مێژووی سیستەمی سیاسیدا قەیرانێکی ئاڵۆز هەیە لە نێوان دەوڵەت نەتەوە و سەرمایەداریدا. دەوڵەت نەتەوە دەوڵەتی سنورە. سەرمایەداری بێ سنورە، یان سنور تێپەڕێنە. زۆرێک بڕوایان وایە کە سەرمایەداری لە سەرەتاوە جیهانگیری بووە. بەڵام قەیرانەکە لەوەدایە کە دەوڵەت نەتەوە پێش گەشەی سەرمایەداری کەوتوە. ئیتر دەوڵەت بونیادە نەتەوەییەکانی خۆی پیرۆزدەکات لە سەرەتادا، بەڵام هەرزوو پاش گەشەی ئابوری بە دوای بازار و کەرەستەی خاو و دەرواز و وزە و زۆر شتی تردا دەگەڕێت کە ناچارە بچێتە دەرەوەی سنور بە دوای پەیوەندی و هاوپەشیدا بگەڕێت. بۆ دروستکردنی پەیوەندی و سەقامگیر، ئیتر قەیرانی **دوالیزمی نەتەوە و پارە دێتە ئاراوە. پارە شوناسی راستەقینەی مرۆڤە.** هەموو **بەهاکانی تر درۆن. دیارە پارە هەمیشە خەسڵەتی** راستەقینەی خۆی دەرناخات، **بەڵکو بە شێوازی تر دێت.** ئەمڕۆ تورکیا لە هەمان قەیراندا دەژی. تورکیا **وەك دەوڵەت** نەتەوەییەکی ئیتنیکی تورک دروستبووە لە سەر کۆمەڵێک بنەمای ئەفسانەیی گێلانە. ئەمڕۆ بۆرجوازی تورکی گەورەتر و فراوانترە بۆیە پێویستی بە ئەو شتانەیە کە باسمانکرد لە سەرەوە. پێویستی بە چونە دەرەوەی سنوریەتی. بۆ ئەمەش دەبێت چوارچێوەیەك بدۆزێتەوە. باشترین چوارچێوە عوسمانیەتی نوێیە. کورد گرنگترین پێکهاتەی گەشەی سەرمای‌داری تورکیە. لە بەر کۆمەڵێک هۆکاری گرنگ وەك دابینکردنی ئاشتی، فراوانکردنی سنورە، گەیشتن بە ئەوانیتر، سەقامگیری وزە، دابینکردنی بازار. بۆیە گەڕانەوە بۆ مۆدێلی عوسمانی نوێ بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانەیە.

•••

تورکیا : چارەسەرکردنی کێشەی کورد و دینامیکە هەرێمییەکان

نووسینی: ئۆمێر تاشپینار(*)
وەرگێڕانی: مەهاباد قادر

ئەم بابەتە فاکتەرەکانی تێڕوانینی تورکیی شیکاریدەکات بەرەو دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ کێشەی کورد لە روانگەی ئەو گەشە ئابوورییەی کە تورکیا بەخۆوەی دەبینێت، هەروەها لە روانگەی ئەو گۆڕانکارییانەی کە رۆژهەلاتی ناوەڕاست بەخۆوەی دەبینێت بەتایبەت ئەو گۆڕانکارییانەی کە "بەهاری عەرەبیی" لە میسر و تونس و جەنگی سوریا هێناویەتەگۆڕێ و شیمانەکانی دامەزراندنی نێوچەیەکی خۆبەڕێوەبەریی کوردیی نوێ بەتایبەت لە سوریا و رەنگبێ لە ئێران و کاریگەرییەکانی لەسەر تورکیا.

نووسەری ئەم بابەتە پێیوایە کە تاقە هیوای وەستاندانی ئەو تەوژمە هەڵکشاوەی روو لە تورکیا دەکات بریتییەلە "هاوبەشیی لەگەڵ کورداندا لە چوارچێوەی فیدرالییەت و ئۆتۆنۆمیدا و گرتنەبەری هەنگاوی جیددیی بەرەو دیموکراسییەت و فرەیی فەرهەنگیی و فیدرالیی، بەشێوەیەك بتوانێت ئەو تەوژمە کوردییە وەربگرێت".

تورکیا لەماوەی ئەم دە ساڵەی دواییدا پێشکەوتنێکی ئابووریی بەرچاوی بەخۆوەبینیوە لەچەندین بواری گرنگدا: لەڕووی ئابوورییەوە تێکڕای داهاتی تاك پتر لە نیوە زیادیکردووە و بەرهەمی خۆماڵیی سێ هێندە زیادیکردووە و تورکیا گەیشتووەتە پلەی ١٦ لەنێو ئابووریی وڵاتە بەهێزەکاندا. تورکیای ئەمڕۆ جیاوازە لەو وڵاتەی کە لەحەفتاکاندا گیرۆدەی هەڵاوسان و قەیرانە داراییەکان بوو شانازیدەکات بەوەی یەکێکە لە وڵاتانی گرووپی بیست و یەکێك لەو وڵاتانەی کە سەرکەوتووبووە لە

تێپەڕاندنی قەیرانی کەموکورتیی ئابووریی جیهانیی لە ساڵی ٢٠٠٨. تورکیا لەم ساڵانەی دوایدا وەرچەرخانێکی گەورەی بەخۆوەبینیوە لە سیاسەتی دەرەوەدا، هەمدیسان لەئاکامی سەرکەوتنی ئابووریی تورکیاوە ئێستا زۆرترین متمانەی بەخۆی هەیە و هێزێکی گەورەی کارای نێودەوڵەتیبووە. لە سەروبەندی جەنگی سارد و نەوەدەکاندا، ئەنکەرە لە قورسایی خۆی کەمدەکردەوە لە کاروباری نێودەوڵەتیدا، هەرچی ئێستایە رۆڵێکی جیاواز دەگێڕێت، دەکرێت بڵێین بەهۆی تەوجە فرەئاراستەکانیەوە هەوڵدەدات کە قورساییەکەی زیادبکات هەر لە ئەفەریقاوە بۆ چین لەرێگەی رۆژهەلاتی نێوەڕاست و ئاسیای نێوەڕاستەوە.

گۆڕانە نێوخۆییەکانیش لەنێوخۆدا فرەگرنگن، شۆڕشێکی بێدەنگ لە پەیوەندییە مەدەنیی - سەربازییەکاندا روویداوە، سەردەمی کودەتا سەربازییەکان لە تورکیا بەسەرچووە، سیستەمی میلیتاریی گۆڕدرا بە ئامادەیی بەهێزی پارتە سیاسییە مەدەنییەکان کە گەیشتووەتە ئاستێکی بێوێنە لەرووی جەماوەریی و شەرعییەتەوە بە بڕوای نزیکەی ٥٠٪ی دەنگدەران. پێشتر لە مێژووی هاوچەرخی تورکیادا پارتێکی مەدەنیی نەبووە سێ جاران یەك لە دوایەك لەهەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەستبهێنێت و هەرجارەش دەنگەکانی زیاتربکات، بەتایبەت هەرچی پەیوەندیی هەیە بە ئازادیی گوتن و سەربەخۆیی دادگەکان. تورکیای ئەمڕۆ وڵاتێکی فرەدیموکراسییە، بەڵام لیبراڵیی نییە بەراورد بە نەوەدەکان. وێڕای ئەو وێنە پرشنگدارەی سەرکەوتنی هەمەلایەنە لە ئابووریی و سیاسەتی دەرەوە و چەمکە سیاسییە گشتییەکاندا، بەڵام تورکیا تەنها لە یەك لاوە شکستیهێناوە بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا لە گۆڕینی "پارادایمی" کێشەی کورددا. زۆرینەی کۆڵەرانیش کێشەی کورد بە قووڵترین و قورسترین قەیران لەقەڵەمدەدەن کە بەرۆکی تورکیای گرتووە. رووبەڕووبوونەوەی کوردیی بۆ پرۆژەی "کەمالیزم" هەر لە رۆژانی سەرەتای دامەزراندنی کۆمارەوە تورکیای تووشی سەرسوڕمان کردووە، هەتا ئەمڕۆش هەربەوشێوەیە بەردەوامە.

لەڕاستیدا هەر لە ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدەوە لە ساڵی١٩٢٥ەوە تادەگاتە خەباتی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK لەپێناو ئۆتۆنۆمیدا، کێشەی کورد بووەتە "پاژنەی ئەخیل" لە دەوڵەتی نەتەوەیی تورکیدا. تورکەکان ئیمپراتۆریەتەکەیان لەدەستدا بەهۆی کەمەنەتەوەکان کە سووربوون لەسەر دامەزراندی دەوڵەتی تایبەت بەخۆیەن. ئیدی خواستە ئیتنییەکان لەپێناو سەربەخۆییدا بوونە کابوسێك بۆ نێوەندی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی لەماوەی سەدەی نۆزدەدا.

فەڕەنسا پێشەنگی تورکیای کەمالیی بوو کە هاولاتیبوونی بە پرۆسەیەکی پێکەوەژیان دەزانی، ڕەنگبێ پێکەوەژیان لە دۆخی فەڕەنسیدا ئاسانتربوبێت لە هەردوو سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، وەختێك فرەیی فەرهەنگیی بەربلاونەبوو، بەلام قبولکردنی کەمەنەتەوە لەگەڵ زیادبوونی هۆشیاری سیاسیی و ئیتنیدا لەم چەند دەیەی دواییدا فرەقورس بوو. تورکیا ئەمڕۆ بەشێوەیەکی بەردەوام ڕووبەڕووی نەوەیەکی کوردیی ناسیۆنالیست دەبێتەوە کە تێڕوانین و هیوای هەڵکشاویان هەیە. خواستە سیاسییەکانی ١٥ بۆ ٢٠ ملیۆن کوردی تورکیا ٢٠٪ی تێکڕای دانیشتوانانی تورکیا گەیشتووەتە ئاستێکی بێوێنە لە دە ساڵەی دواییدا، هەرچی حکومەتەکەی پارتی دادوگەشەپێدان پێیهەستاوە لەپێناو باشکردنی ئاستی بژێویی و مافە فەرهەنگییەکانی کورد لە تورکیا پترە لە حکومەتەکانی پێشخۆی، بەلام ئەو چاکسازییانە خواستەکانی کوردی تورکیای زیاترکردووە، هیچ گومانی تێدا نییە کە یاخیبوونی پارتی کرێکارانی کوردستان ئەو قودرەتەی نەوەدەکانی نەماوە، بەلام ناسیۆنالیزمی کوردیی وەك هێزێکی سیاسیی هەنوکە لەسەراپای ولاتدا ژیاوەتەوە، نەوەکی نوێی نارازیی و دەنگدلێری دروستکردووە، خواستە ئیتنیی و فەرهەنگیی و سیاسییەکانی کورد نەوەك بەتەنها لە ڕۆژهەلاتی ئەنادۆڵ بەڵکو لە شارە گەورەکانی ڕۆژئاواشدا بە ئەستەنبوڵ و ئیزمیر و مێرسین و ئەدەنەوە.

نیوەی کوردانی تورکیا لە رۆژئاوای ولاتدا دەژین، زۆرجاران سەرزەنشتدەکرێن بەوەی هاریکاریی پارتی کرێکارانی کوردستان دەکەن، ئیدی لەژێر سایەی ئەم بارودۆخەدا نێوەندی شارە رۆژئاواییەکانی وەك ئەستەنبوڵ و ئیزمیر و مێرسین و ئەدەنە لەژێر سایەی کابوسی توندوتیژیی ئیتنیی کوردیی - تورکیدا دەژین. لەراستیدا گردبوونەوەی گەنجانی کورد لە دەوری پارتی کرێکارانی کوردستان و رێبەرە قۆڵبەستکراوەکەی عەبدوڵلا ئۆجەلان کە تائێستا دەسەلاتێکی سیاسیی گەورەی هەیە بەسەر پارتەکەیدا بارودۆخەکە بەرەو گرژیی زیاتردەبات. تورکەکان زۆرینەیان پارتی کرێکارانی کوردستان بە رێکخراوێکی تیرۆرستیی دەزانن، بەلام کەرتێکی مەزنی کوردە تورکەکان بە تێڕوانینێکی رۆمانسییەوە لە جوولانەوەکە دەڕوانن، تاقە پارتی سەرەکیی لە تورکیا پارتی ئاشتیی و دیموکرات BDP ناتوانێت خۆی لە پارتی کرێکارانی کوردستان داببالێت. زۆرینەی کوردان متمانەی خۆیان بەخشیوە بە پارتی کرێکارانی کوردستان و عەبدوڵلا ئۆجەلان بۆ بەگژداچوونەوەی سوپای تورکیا. بەبڕوای ئەوان دامەزراوەی ئاسایشی نیشتیمانیی تورکیا دانبەبوونی ئیتنیی کورددا نانێت بەبێ بوونی پارتی کرێکاران و ئۆجەلان. هەر لە ساڵی ١٩٢٣وە تا ساڵی ١٩٩٠ زمانی کوردی و نەتەوەی کورد بە توندترین شێوە سەرکوتدەکرا. ئەوان لەنێو نەتەوەی تورکدا بێبەشبوون لە مافە فەرهەنگییەکانیان و ناچاردەکران ببن بە تورك. بەمشێوەیە جوولانەوەی نەتەوەیی کورد بەچەندین شێوە روو لە هەڵکشان بوو وەك پەرچەکردارێك دژ بە نەتەوەی تورك و فشاری تورکاندن.

لەئەمڕۆدا خواستە سیاسییەکان کورد لەرێگەی بەربەستی یاساییەوە لە باردەبرێن ئەویش بەهۆی ئەو ماددانەی کە لە دەستوورەکەی ساڵی ١٩٨٢دا ماوەتەوە کە لەژێر دەسەلاتی ئەنجومەنی سەربازیدا داڕێژراوە، بەلام دینامیکەکانی توندوتیژی ئیتنیی ئێستا و خواستە هەڵکشاوەکانی کورد و کەشوهەوای سیاسیی سنوورداری داواکارییەکانی کورد تێکەڵەیەکە لەنائوساتدایە بتەقێتەوە. لە ساڵی ٢٠٠٩دا و

لەهەوڵێکدا بۆ چارەسەرکردنی فاکتەرە ریشەییەکانی کێشەی کورد پارتی دادوگەشەپێدان پرۆسەی "کرانەوەی دیموکراسیی" راگەیاند کە لێخۆشبوونێکی کاتیی بەخشیی بە چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان، ئەمەش هەنگاوێك بوو بە ئاراستەیەکی راستدا، بەڵام لەپاش ماوەیەکی کورتخایەن کە گەریلاکان لە عێراقەوە روویان لە تورکیا کردەوە دانیشتوانانی کورد وەك پاڵەوان پێشوازییانلێکردن و ئەو کرانەوەیە بەرەو بنبەست ملینا. بۆیە ئەو بانگەوازەی کە عەبدوڵلا ئۆجەلان رێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان لە ٢١ی ئادار/مارسی ٢٠١٣دا رایگەیاند لەپێناو ئاگربڕ و پاشەکشەی گەریلاکانی یەکەکە ولاتی بەرەو وەرچەرخانێکی نموونەیی گەورە برد. ئەمە دووەم هەلە کە بۆ کۆماری تورکیا دەڕەخسێت بە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەی کورد، بەڵام ناچارکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ چوونەنێو "ململانێی سیاسیی" ئاسان نییە، چونکە زۆرینەی ئەندامەکانی ساڵانێکی دووروودرێژیان بەڕێکردووە جگەلە جەنگان لەو چیا و چۆڵە چ شتێکی ئەوتۆ نازانن.

ئەوەی لەئێستادا داوادەکرێت لەرێگەی پرۆسەی ئاشتیی فشەڵەوە بریتییەلە بەدەستهێنانی وەرچەرخانێکی دیموکراسیی راستەقینە لەگەڵ دانانی دەستوورێکی نوێدا. ئەگەر تورکیا توانیی ئەم گواستنەوە قورسە ئەنجامبدات ئەوا بەخێر دەگەڕێتەوە بۆ هەردوو سیاسەتی دەرەوە و نێوخۆ. لەبەرئەوە لەبەرامبەر راگەیانی ئاگربڕ و راستەوخۆ پاشەکشەی گەریلاکان لەسەر تورکیا پێویستە چاوبخشێنێتەوە بە یاسای رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر کە سزای ئازادیی گوتن دەدات و گۆڕینی دەستوور لە هاوڵاتیبوونی یەکسان و رێگەخۆشکردن لەبەردەم زمانی کوردی لە فێرکردن و ژیانی گشتیدا. تورکیا پەنادەباتەبەر گرتنەبری هەنگاوگەلێك کە دەکرێت گۆڕانی ریشەیی نموونەیی لەولاتدا روویدات.

دینامیکه هەرێمییەکان

گرنگه ئەوه بەبیربهێنینەوه که بانگەوازەکەی رێبەری قۆڵبەستکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان عەبدوڵلا ئۆجەلان لەپێناو ئاگربڕدا لەپاش چەند مانگێك له دانوستان دێت لەگەڵ حکومەتی تورکیادا، دەکرێت کاتی ئەو دانوستانه پەیوەستبێت به پراگماتی تورکییەوه، تورکیا درکیبەوەکرد که بەهاری عەرەبیی لەگەوهەردا بریتییەله جووڵانەوەیەك لەپێناو دیموکراسیەت و سەربەخۆیی، بەشێوەیەك کاریگەریی بکاتەسەر کێشەی کورد و گۆڕانێکی گشتگیر لەنێوچەکەدا دروستبکات لەپێناو سەربەخۆیی. لەکۆتاییدا، دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی گەورەی سەربەخۆ خەونی ملیۆنان ناسیۆنالیستی کوردییەو، لەئێستادا نزیکەی ٣٠ ملیۆن کورد له رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەن. وێڕای ئەوەی جیاوازیی هەیه لەسەر ژمارەیان بەشێوەیەکی ورد، بەڵام ئەوەی که سەرجەمیان رێککەوتوون لەسەری بریتییه ئەوەیه که نیوەی کوردان واته ١٥ ملیۆن بەنزیکەیی له تورکیا دەژین. زۆرجاران باس له فەلەستینییەکان دەکرێت بەوەی گەلێکی بێ دەوڵەتن، بەڵام لەلایەکیترەوه کوردەکان ژمارەیان له فەلەستینییەکان زۆر زیاتره ئەوانیش دیسانەوه هەر بێ دەوڵەتن. بۆیەشه تورکیا دڕدۆنگه بەرامبەر به ئاسۆکانی نەتەوەی کورد و خەونی پشکوتنی "کوردستانی گەوره" لەنێوچەکەدا. چاوەڕوانکراوه پاش لەبەریەکهەڵوەشانی رژێمەکەی ئەسەد حکومەتێکی کوردیی خۆبەڕێوەبەریی له باکووری سوریا دابمەزرێت، هەروەها لەگەڵ بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان له عێراق و هەرێمی کوردیی سوریی تازەپشکوتوو له سوریا، وێڕای هەرێمی کوردیی ئێران، ئەمانه وا له تورکیا دەکەن چەند قەوارەیەکی کوردیی له سنوورەکانی باشووریدا هەبن. تاقه هیوا بۆ بەرگرتن لەو هەڵکشانه کوردییه بەنیسبەت تورکیاوه بریتییەله هاوبەشیی لەگەڵ کورددا له چوارچێوەی فیدرالییەت و ئۆتۆنۆمیدا. لانیکەم بەگرتنەبەری هەنگاوی جیددیی بەرەو دیموکراسییەت و فرەیی فەرهەنگیی و

فیدرالییەت بەئامانجی وەرگرتنی ئەو تەوژمە کوردییە. تا ئەم دواییەی ئەردۆگان هەولێدەدا سنوورێك دابنێت بۆ سازشەکانی لەبەرامبەر کوردی تورکیا، کەچی پەیوەندییەکانی پتەوتردەکات لەگەڵ کوردی عێراقدا، بەمانای پەیوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ باکووری عێراق چووەتەپاڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان چونکە سوورە لەسەرئەوەی دەسەڵاتی هەبێت بەسەر نەوت و غازی هەرێمەکەیاندا. ئەمەش بەرەو جیابوونەوەی کوردستانی عێراق دەچێت لە بەغداد.

پارتی دادوگەشەپێدان درکیبەوەکردووە کە ئەو نابەرابەرییە چیتر قبوڵناکرێتە بۆیە کەوتووەتە دانوستان لەگەڵ رێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان. بەواتایەکیتر، مەحاڵە تورکیا بتوانێت پارێزگاریبکات لە ستراتیجە کوردییە هەرێمییەکانی، لەوەختێکدا لەنێوخۆدا هەڵدەستێت بە سەرکوتکردنی کوردان. هەنوکە پێویستە لەسەر ئەنکەرە رێچکەی پرۆسەی ئاشتیی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستاندا بگۆڕێت و پەیمانێکی فرەباشتر لەگەڵ کوردەکانیدا پێشکەشبکات، لەبەرامبەردا سەرکەوتوودەبێت لە کەمەنکێشکردنی کوردانی سوریا و عێراق بۆنێو بازنەی دەسەڵاتەکانی. ئەردۆگان سەرۆکی حکومەت پێویستە لەوەتێبگات لە چەك داماڵینی پارتی کرێکارانی کوردستان لە سەرەتای پرۆسەی ئاشتیدا نایەت، بەڵکو لە کۆتایی پرۆسەکەدایە. ئەو دەتوانێت بگرە لەسەریشی پێویستە داوای رێکەوتنێك بکات بۆ ئاگربڕ، بەڵام نابێت تاکلایەنە بێت لەلایەن کوردەوە و بەمانای خۆبەدەستەوان بێت. بێچەککردنی چەکەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە سەروبەندی گفتوگۆکاندا دەبێت هاوکاتبێت ئەویش بە وەستاندنی پرۆسە سەربازییەکانی دژبە یاخیبووان لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا و باکووری عێراق. دواجار پێویستە تورکیا دانوستانبکات نەوەك بەتەنها لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستاندا بەڵکو لەگەڵ جووڵانەوەی سیاسیی کوردیی کە نوێنەرایەتییان هەیە لەپارلەماندا واتە لەگەڵ پارتی ئاشتی دیموکراتدا BDP، جیاواز لە پارتی کرێکارانی کوردستان، پارتی ئاشتی و دیموکرات BDP لەڕووی یاساییەوە

دانی پێدانراوە و لەنێو کوردانیشدا شەرعییەتی هەیە بەهۆی پەیوەندیی تۆکمەی لەگەڵ پارتی کرێکاراندا و پێکرا هاوبەشن لە ئامانجە سیاسییەکاندا بەدامەزراندنی ئۆتۆنۆمییەکی کوردیی. ئەندامەکانی ئەو پارتە ئۆجەلان بە رێبەری خۆیان دازانن و دانیانپێداناوە، ئەمەش وادەکات پارتی ئاشتی و دیموکرات بکاتە شەریك لەدانوستانەکاندا و گەیاندنی خواستەکانی پارتی کرێکاران و هاریکاریکردنی لە دانانی رستێك چاکسازیی کە لەپارلەماندا قابیلی جێبەجێکردنبێت. ئێستا کاتی ئەوەیە ئەو سەرکەوتنە تەکتیکییە بگۆردرێت بۆ سەرکەوتنێکی ستراتیجیی، نەوەك بەتەنها بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان، بەڵکو بە چارەسەرکدنی فاکتەرە ریشەییەکانی ململانێ کوردیش. ئەمەش سەرەتای ئەو بەشە قورسەی پرۆسەی چاکسازییە. سەقفی پێشبینییەکان فرەبەرزە لەلای هەردوو لایەن کوردیی - تورکیی. چەندین بەربەست و قۆرت و گێچەڵپێکردن و بێمتمانەیی دێتەگۆرێ کە رۆژانی ئایندە دەیسەلمێنن، بۆیە **پێویستە لەسەر حکومەت چیتر کات بەفیڕۆنەدات، ئەم دەروازە مێژووییە هەلێك بێت بۆ ئاشتیی بەشێوەیەك درێژەنەکێشێت، بەتایبەت ئەگەر هەنگاوی بەپەلە نەگیرێتەبەر** بەرامبەر بە ئەنجامدانی چاکسازییە دەستوورییەکان.

●●●

*) نۆمیر تاشبینار، بەڕێوبەری پرۆژەی تورکیایە لە پەیمانگەی برۆکینجز و مامۆستای ستراتیجەکانی ئاسایشی نیشتیمانییە لە کۆلێجی "جەنگی نەتەوەیی" ئەمەریکیی و مامۆستای یاریدەدەرە لە فەرمانگەی کۆلێنەوە ئەوروپییەکان لە زانکۆی هۆبیکینجز.

- ئەم بابەتە لە گۆڤاری (دراسات فلسگینیە) ژمارە ٩٥/ ٢٠١٣ بلاوبووەتەوە.

وردەکارییەکانی خەباتی چەکداریی لە ئەجێندای (پەکەکە)دا

بەشێك لە کتێبی کچە ڕۆژنامەنووس (ئەلیزا مارکۆس)

وەرگێڕانی: ماجید خەلیل

باسی یەکەم: توندوتیژی و ئەمەکداریی ١٩٨٥-١٩٩٠

دوو ساڵ پێش دەستپێکی خەباتی چەکداریی پەکەکە چەتین غونغور ئەندامی باڵای کۆمیتەی ئەورووپای گروپەکە دەستیدابوویە وتوێژ بۆ ریفۆرمێکی نێوخۆیی. ئەو بە هەموو ڕێگەیەکی زیرەکی و کاریی سەختگیر و وریایانە هۆشداریدایە گروپەکە کە بە نەزمێکی زۆر رەها و تاکڕەوانە مامەڵە لەگەڵ ئەندامانی پەکەکەدا دەکرێت.(١) نیگەرانی چەتین بەتەواوی تاویسەندبوو، ئەویش زێدەتر لەوکاتەوەبوو کە بۆ ماوەی ساڵێك لەتەك گروپەکەدا لە ئەورووپا کاریکرد. ئەو ساڵی ١٩٨١ نێردرابوویە ئەوێ تا بتوانێت تۆڕێکی پشتیوانی لەنێو کوردانی ئاوارەی ئەورووپادا چێبکات. چەتین خوازیاربوو برەوبدرێت بە مشومرە نێوخۆییەکان لە کۆنگرەی دووەمی پەکەکەدا کە ساڵی ١٩٨٢ دەبەسترا. چەتین لە ئەڵمانیاوە بەمەبەستی بەشداری لەو کۆنگرەدا گەڕایەوە، کۆنگرەکە لە نۆردوگای ڕاگوێزراوی فەلەستینییەکان لەنێوان سنووری ئەردەن و سوریا گرێدرا، ئەو شوێنە گەلێ دوورنەبوو. ئۆجەلان لەم کۆنگرەیەدا بە زمانێکی تەنزئامێزەوە لەبەرامبەر چەتین و نەزمی ئەورووپا و هەرجۆرە مشتومڕ و گفتوگۆیەك وەستایەوە و هەموو دەنگێکی جوداوازی سەرکوتکرد. بەمجۆرە ئەندامانیدیکەی کۆنگرە بایەخێکی ئێجگار کەمیان دایە ئەو باسوخواسەی کە لە نیاز و نواڕینی چەتین غونغوردا هەبوو. ئێس کە ئەندامێکی پێشووی پەکەکە و سەرکردەیەکی بەرچاوبوو دەگێڕێتەوە: "ئێمە تەنها هۆشمان لەلای دەستپێکی خەباتی چەکداری بوو، ئیدی نەماندەپەرژا بیربکەینەوە بۆچی ئەو بەرەو باڵایی دەڕوات، پێمانوابوو هەموو ئەو شتانە شتانێکی لابەلا و لاوەکین". ناوبراو لەئەڵمانیادا ژنێکی

سەرکەوتووانە و باڵەخانەیەکی دڵگیری پێکەوەنابوو. لەڕاستیدا ئۆجەلان وادیاربوو بەشێك لە خولیا نەتەوەییەکانی لەدەستدابوو. هەربۆیە غونغور کە ناوی نهێنییەکەی بە سەمیر ناسراوبوو بەهیچ جۆرێك ئامادەنەبوو دەستبەرداری دڵخۆشکوتە و نیگەرانییەکانی بێت. هەربۆیە پاش ئەوەی لە کۆنگرەی دووەم گەڕایەوە ئەڵمانیا، ئیدی بەجیدی دەستیدایە مشتومڕ بۆ چاکسازی و گۆڕانکاریی. چەتین بەدەر لە نیگەرانییەکانی لەمەڕ پێکهاتەی ناڕۆشن و ستەمگەڕایی پەکەکە. خوازیاری ئەوەبوو جارێکیدیکە چاو بە رێکخستنەکانی ئەورووپا بخشێنرێتەوە، بەتایبەتی لەوکاتەدا ئاراستەکرابوون تا پووڵ و پیاو بۆ جەنگیی چەکداریی نەخشەبۆدارێژراوی پەکەکە گردبکەنەوە. چەتین لەوباوەڕەدابوو لەجیاتی چالاکییەکانی پەکەکە لە ئەورووپا پێویستە رووبکرێتە نێوچە کوردییەکان و هانبدرێن و رۆشنبیربکرێن و یاریدەیانبدرێت و لەگەڵ ئازارەکانی میللەتدا بژین. هاوکات چەتین لەوباوەڕەدابوو پەکەکە تا بازنەی پەیوەندییەکانی لە دەرەوەی گروپە چەپە لاواز و لاوەکییەکاندا فراواننەکات ناتوانێت چالاکتردەرکەوێت. پەکەکە پێویستە لەگەڵ رێکخراوە ناحکومییەکان و پارتە سیاسییە سەرەکییەکاندا بازنەی **پەیوەندییەکانی بەربڵاوبکات، هاوکات پێویستە کۆمیتەیەکی تۆکمە لە رێکخستنەکانی ئەورووپادا دیاریبکات و ئازادی بۆچوون و راڤەی رووداوەکانیان هەبێت.** لەڕاستیدا نەویستراوە ئەو راستییە **بوترێت یاخۆ تێبینینەکراوە،** ئەگەرنا دەسەڵاتی ئۆجەلان لە چالاکییەکانی ئەورووپادا **دیاریکراوبووە. سەلمان** ئەرسەلان کە خەباتگێڕێکی پێشووی پەکەکە و کەسێکی نێزیك لە سەمیر **بوو لە** ئەورووپا لەمبارەیەوە روونکردنەوەدەدات و دەڵێت: "سەمیر مرۆڤێکی دۆگما نەبوو، ئەو پێیوابوو هەمووشتێك دەکرێت مشتومڕی لەبارەوە بکرێت، پێویستیش نییە هەمیشە بڕیارەکان لەسەرەوە بۆ خوارەوە دابەزن. خەڵکی پێویستە سوود لە ئەزموونی خۆیان ببینن و سەربەخۆبن لە بڕیار و خودموختاربن لەبڕیارداندا". ئۆجەلانیش هەمیشە نیگەرانی ئەو کاردانانەوە بوو کە لەهەمبەر دەسەڵاتیدا قوتدەبنەوە و هەمیشە لە خەمی لێکترازانی ریزەکانی پەکەکەدا بوو، بۆئەم مەبەستەیش سەمیری بە تەگەرە و کۆسپ دەزانی. هەربۆیە لەسەرەتادا هەوڵیدا کاریگەریی و هێزی سەمیر لەنێو کۆمیتەی ئەورووپای پەکەکەدا کەمبکاتەوە. ئەوەبوو هەڵمەتێك بۆ نابوتکردنی تواناکانی سەمیر لە دیمەشقەوە سەرچاوەیگرت، لەوێندەر نزیکەکانی ئۆجەلان گەلێ پرسوجۆیان لەسەر تواناکانی سەمیر وروژاند و هاتنە ئەورووپا. ئەوان بە ئاماژەدان بە خوێنساردی سەمیر لەپابەندبوون بە بنەما شۆڕشگێڕییەکانەوە و رەخنە و گازاندە لە رەوشی

کاروبارە ناوخۆییەکانی پەکەکە و زیادکردنی نەزمی لادان لەڕێکخستنەکاندا ڕووبەڕووکرایەوە. ئەرسەلان دەڵێ: "ئیدی یەکبەیەك هەمووانیان دواند و ئەوەیان تێگەیاندن یاخۆ هەوڵیاندا ملیانپێبدەن کە سەمیر خەریکە کارێکی هەڵە ئەنجامدەدات و ئەنجومەنی ئەورووپای پەکەکە نەیتوانیوە ئامانجەکانی بهێنێتەدی"، هەروەها دەڵێت: "ئەورۆ کە ئاوردەدەمەوە دەبینم هەموو پلانەکان لە دەوروخولی ئەوەدابوون کە خۆیان لە سەمیر قوتاربکەن". سەمیر کەسێك بوو لە دەوروبەری ١٩٧٥دا وازی لە پلانەکانی هێنا تا ببێتە مامۆستا و پەیوەندیکرد بە ئۆجەلانەوە، ئەو دارای بڕوایەك بوو کە پەکەکە بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەستەبەریدەکات. سەمیر کەسێکی ورد و وریا و فزولبوو، ئەو ملەجیڕەی لەهەر شتێکدا دەکرد کە دەهاتەپێشەوە. هەربۆیە سەرەڕای ئەوەی نێردراوانی ئۆجەلان فشار و فووی زۆریانکرد بە زڕاندنی نێوی سەمیردا و هەوڵیاندا پاشگەزیبکەنەوە لە باوەڕەکانی، ئەو بەپێچەوانەوە سووربوو لەسەر کارەکەی و دووپاتیکردەوە کە پەکەکە وەك پارتێکی پێکهاتە لینینی پێویستی بە ڕاستکردنەوەی ناوخۆییە. سەمیر هێند وریابوو تا لە پرسوجۆکانی ئۆجەلان وەك ڕێبەرێك خۆی دەربازبکات، وەلێ هەمیشە ئەوەی خواستبوو، ئایا ئۆجەلان پێویستە لەهەموو کێشە و چارەسەری گرفتێکدا پشتیپێببەسترێت؟ ئەو هەمیشە دەیپرسی چالاکییەکانی پارتی ناتوانرێت جێبەجێبکرێن بەتەنهایی لەگەڵ ئەرکی شەخسی و تایبەتدا. لەنامەیەکدا کە ئاراستەی ئۆجەلان کرابو ئاماژەیانبەوەدابوو کە پێویستە لەو ژیانە خەیاڵییەدا بەئاگابێتەوە.[٢] سەمیر بۆ ماوەی ٣ ساڵ بوو لەئەورووپادا ژیابوو، لەوێ فێری گفتوگۆی ئازاد و نەزمی دیموکراتی و دیموکراسییەتی ڕاستەقینە ببوو. هاوکات لەتەك هاوپەیمانە چەپە تورکەکانی پەکەکە لەوانە دیڤ یۆلدا لەنێزیکەوە پێوەندی هەبوو. ئەوانیش دەستیاندابوویە چاوخشاندنەوە بە هەڵوێستە لینینگەراکانیان و پێیانوابوو دیموکراسی دواجار دەبێت شۆڕش لەهەگبەیدا هەڵگرابێت. ئیدی کۆی هەموو ئەم هۆکارانە بوونە داینەمۆی باوەڕی سەمیر و ئەو هەستەی لا گەلاڵەبوو کە پەکەکە ئاتاجی بە گۆڕانکارییە. لەڕاستیدا ژیانی ئۆجەلانیش لەگەڵێ شوێنی جیاوازی جیهاندا بوو، بنکەی مانەوەی ئەو لەدیمەشقدا بوو کە دیکتاتۆرییەت هێشتبوویەوە، ولاَتانیدیکەی دەرێی سنوورەکانی سووریایش هەر دیکتاتۆر و دیموکراسییەکی مەنگۆل و ناتەواوبوون. لەهەموو ئەو وڵاتانەدا کە ئۆجەلانی لێبوو گفتوگۆی ئازادنەبوو نەشیاندەویست ڕەوشێکی لەوجۆرە سەرهەڵبدات. ئۆجەلان کە تەماشای پێوەندییەکانیشی لەگەڵ دەڤ یۆل دەکرد تێدەگەیشت کە خاڵی هاوبەشیان لەنێواندا لاوازبووە، ئەو

تاوانی هەموو ئەوانەی خستبووە ئەستۆی سەمیر، پێشبینی ئەوەی دەکرد سەمیر لەنێو دنیای خەون و خەیاڵدا دەژی. ئۆجەلان لەوتارەکانیدا جەختی لەوە دەکردەوە کە لەناو پەکەکەدا هەمیشە لایەنی لاواز و بەهێز سەرکەوتن و شکست باسکراوە و وەستان لەسەر پێشهاتەکان کراوە و گیانی رەخنە زیندووبووە ئەوەیش کە سەمیر باسیلێوەدەکات ناڕەوایە و ئەو رەخنەکانی زادەی نێو کۆنگرە نین و لە ئەورووپاوە دەدوێ، هەربۆیە نیازی سەمیر نیازێکی شەڕخوازانە و غایەلەی سەمیر غایەلەیەکی خراوە، هەروەها ئەوەیشی دووپاتدەکردەوە کە سەمیر هیچکارێکی نەکردووە تا پەکەکە بەهێزبکات.(٣)

لەڕاستیدا تا ئەوکات سەمیر خۆی بە بەرپرس لە ئەنجومەنی پەکەکە دەزانی لە ئەورووپا، وەلێ نێردراوانی ئۆجەلان ئەویان لەو بەرپرسایەتییە دوورخستەوە و پێیانڕاگەیاند کە پێویستت بە کات هەیە تا بە هەڵوێستەکانتدا بچیتەوە، لەبەرامبەردا سەمیر ئەوەی درکاند کە بەڵێ لەئێستادا دۆگماتیزمی نێوخۆی حیزب زۆر لە بیرکردنەوە و ئیرادەی من بەهێزترە، هەربۆیە بەپێویستی دەزانم کە ریزەکانی ئەو حیزبە چۆڵبکەم. سەمیر لە نامەیەکی کراوەیشدا بۆ **هاوڕێیانی نووسی: "ئەمەمە بتوانن لەئێستادا لەناستێکدابن کە لەمن تێبگەن، رەنگە کاتێك بێت ئەوە روویدات". لەڕاستیدا ئاسانتربوو بۆ سەمیر کە واز لە پەکەکە بهێنێت.** ئەو جیا لە رەخنە ئایدیۆلۆژییەکان لە ئۆجەلان و چالاکییەکانی پەکەکە بەهەموو واتایەك پشگیر و پشتیوانی پەکەکە بوو، ئەو نێزیکەی حەوت ساڵ لە تەمەنی تەرخانکردبوو بۆ پەکەکە. هەربۆیە چەند مانگێك پاش وازهێنانەکەی رازیبوو لە یەکێك لە بەشەکانی کۆلێژدا لە ئاڵمان لەگەڵ چالاکوانانی پەکەکە بەمەبەستی پێکهاتنەوە دانیشتن و دیداربکات. دواجار سەمیر لەتەك چالاکوانەکان کۆبوویەوە، هەرچەند بیروڕاکانی سەمیر گۆڕانیان بەسەرداهاتبوو، تەنانەت لێدوانەکانی زۆر پۆزەتیڤ بوون، ئەمە وایکرد کە گومان لە پەیوەندی سەمیر و شاهین دۆغز بکەن کە بەکرێگیراوی میتی تورکی و ئەندامی پێشووی پەکەکە بوو. لەبەرئەوە چالاکوانەکان بە سەمیریان وت ئەو ناتوانێت شوێنی کۆبوونەوەکە جێبهێڵێت تاوەکو لەوبارەیەوە لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکرێت. سەمیر لەو پلانەدا دەتوانێت هەڵبێت وەلێ پاسەوانەکان دەیگرنەوەوە توندی شوقەکەی دەکەن، ئیدی سەمیریان ئەوشەوە هێشتەوە و لەلایەن چوار پاسەوانەوە هەموو پارە و پوڵ و شوناسنامەیەکیان لێزەوتکرد. پاشان سەمیر لەنامەیەکدا کە لە ١٩-١٠-١٩٨٣ نووسیویەتی زۆر بەتووڕەیی و قەڵسییەوە باسلەوەدەکات کە نە پێشبینی کارێکی لەوجۆرەی

کردبوو نەیش توانای ئەوەی هەیە هەڵسەنگاندن بۆ هەڵوێستێکی لەوجۆرەبکات. لەڕاستیدا هێشتنەوەی سەمیر بەدەستبەسەری وادەکات لە هاوەڵەکانی بەدوویدا بگەڕێن، پاسەوانەکانی سەمیریش ئاگاداریدەکەنەوە گەر رووداوی رفاندنەکەی باسبکات لەناو شۆڕشگێڕاندا ئەوا ژیانی دەکەوێتە مەترسییەوە، هەرچۆنێك بێت سەمیر توانی بۆ دووەمجار لە چنگ چالاکوانەکان قوتاربێت، ئەو لەونامە کراوەدا کە نووسیبووی لەپاش هەڵهاتنی لەدەستبەسەرییەکە ئەوەی خستبووەڕوو کە هەموو پێوەندییەکی لەگەڵ پەکەکەدا پچڕاندووە، دوپاتیشیکردبوویەوە کە بەڵێ دژ بەهەموو پرەنسیپەکانی پەکەکەیە و لەڕوویاندادەوەستێتەوە و وەك هێزێکی ئایدیۆلۆژی مەترسیداریش لێیاندەڕوانێت. ئێستا دەزانم ئەم هێزە چەند ترسناکبوو، چەندیش لەسەر هەق و رەوابووم کە دژی ئەم رەوتە نەفرەتییە وەستابوومەوە. سەمیر بەجۆرە لەسەر گازاندە و گلەیی لە پەکەکە بەردەوامبوو. پێشیوابوو لەپێناو شۆڕشی کورددا ناتوانێت دەستبەرداری خەبات و چالاکی بێت، وەلێ ناتوانێت لەسەر نەهجی پەکەکە بڕوات. ئەو هۆشداریشیدا کە بایکۆتکردنی ئەو هەڵەیە. ئەوە هیچسوودێك بە پەکەکە ناگەیەنێت کە بمکەنە دوژمنی خۆیان. ئەم راگەیانراوەی سەمیر بۆ بەردەوامبوونی لە کارەکەی دروست وەك هەڕەشەوگوڕەشەیەك بۆسەر ژیانی شەخسی ئۆجەلان و وەك تەحەدایەکی راستەوخۆ بۆسەر پەکەکە لێکدرایەوە. پەکەکە هیچکات لەئاست دابەشبوونەکاندا بێدەنگنەبووە و نەرمینەنواندووە. هەر لە ساڵی ١٩٧٧دا پەکەکە دوان لە چالاکوانەکانی خۆی لە غازی عەینتابدا کوشت، ئەوەیش پاش ئەوە روویدا کە بانگەشەی ئەوەیاندەکرد لە گروپەکەیان جودابوونەتەوە. هەربۆیە سەمیریش خۆی وەك رکلیەری پەکەکە راگەیاندبوو، بۆیە لە دەستپێکی ١٩٨٤دا لە رۆژنامەی سەربەخۆیی کە رۆژنامەیەکی نێوخۆیی پەکەکە بوو سەمیر وەك غەیان بە شۆڕش لەقەڵەمدرا. ئەویش لە ئەدەبیاتی پەکەکەدا ئاماژەیەکی روون و رەوانبوو کە پێویستە خۆی بۆ مردن ئامادەبکات. لەڕاستیدا ئەوە بۆ پەکەکە گرنگنەبوو کە سەمیر رۆشنبیرێکی وریا و وردە، نەبوونی ئەو هیچ ئەمپەرێکی لەبەردەم هەیمەنە و هێزی گەشەکردووی پەکەکەدا دروستنەدەکرد. لەنێو پەکەکەیشدا زۆربەی هاوڕێکانی و پێوەندییەکانی لەتەك ویدا پچڕابوون. بەمەیش دەرفەتی کارکردنی لەنێو گروپێکیدیکەدا سنووردارکرابوو. هاوکات بانگەشەی سەمیر بۆ زەمینەسازکردن بۆ ئازادی بیروڕا و دێموکراسی نێوخۆیی هاوتانەبوو لەتەك میتۆدی هیچکام لە پارت و گروپەکانیدیکەدا. هاوکات نووسینەکانی لەبواری چەپڕەویدا و تۆمەتبارکردنی ئۆجەلان بەوەی کە کەسێکە گرفتی دەروونی

هەیە، هۆیەك بوو تا گروپە فاشیستەكان كەڵك لە زرموكوتی نێوان خودی چەپەكان وەربگرن. تەنانەت هەندێك لە چالاكوانانی پەكەكە ئەوانەی وابیریانكردبوویەوە كە ئۆجەلان بۆ پاراستنی پێگەی سەرۆكایەتی خۆی ئەو هەراوهوریایەی لە سەمیر بەرزكردووەتەوە، ئەوان زۆر بە هێرش و هۆشدارییەكانی سەمیر نائارامبوون. لەمبارەیەوە ئەرسەلان دەڵێ: "لەڕاستیدا پێموانەبوو سەمیر بەكرێگیراو بێت، هاوكات پێشموانەبوو ئەوەی ئەو دەیكات كارێكی باشبێت بۆ پەكەكە"، "هەروەها ئەوەی من دەمبینی تەنها دیوێك بوو، ئەویش ئەوەبوو كە ئەم رێكخراوە لە خەبات و ململانێدایە لەپێناو كورد و دەوڵەتی كوردیدا، پێشمانوابوو كەسێك دژ بەم رێكخراوە دەنگبەرزبكاتەوە، بەهیچجۆرێك خزمەت و خەمی خەباتی رزگاریخوازیی كوردی نییە".

سەمیر پشتیبەستبووە هاوڕێكانی لەنێو چەپی توركیدا تا وەكو سەلامەتی گیانی بپارێزن، بەڵام هەڵسوڕاوانی پەكەكە بەشوێن ئەوەوەبوون و بەدوویدا دەگەڕان. ئێس كە هاوڕێیەكی چەپی سەمیر بوو لە هامبورگ وتبووی: "ئەوان لەوەدەگەڕان شوێنێك بدۆزێتەوە بۆ مانەوە و پاشان هەڵبكوتنەسەری و لەنێویبەرن". لە كۆتایی ١٩٨٤دا بوو یاخۆ لە سەرتای **١٩٨٤ سەمیر داواكاری پێشكەشكرد و مافی پەنابەرێتی سیاسیی لە وڵاتی سوید وەرگرت. رەوشەكە بەجۆرێك هاتەپێشەوە كە هەندێكیدیكە لە بەرهەڵستكار** و نەیاری پەكەكە لەوێندەر دەژیان. مەسعود ئاكیۆل لەمبارەیەوە دەڵێ: "بەڵام سەمیر لەسەرەتادا بڕیارینەدا دەستوەربداتە كاری سیاسیی لەتەكیان، وەلێ هەوڵیدا چەندین بڵاوكراوە و نووسراو بنووسێت تا برەو بە هزر و بۆچونەكانی بدات بۆ پێشخستنی دیدی دیموكراسی لەنێو پەكەكەدا".

مەسعود سەركردەی پێشووی دەڤ یۆل بوو، ئەوبوو سەمیری پەنادا پاش ئەوەی توانی لەدەستبەسەرییەكەی پەكەكە لە شاری كۆڵن قوتاربێت. هەر بەگوێرەی گێڕانەوەكانی مەسعود، سەمیر پاش ئەو قۆناغە بڕیاریدا بێتەناو كایەی گشتییەوە، دیارە ئەمەیش ئەوڕۆژە بوو كە واژۆی لەنێوبردنی بوو بە ئەمری واقیع. ناوبراو هەڵوێستەكانی سەمیر بەجۆرە دەگێڕێتەوە: "لەئێستادا ئێمە تەمەنمان هەڵكشاوە و شتەكان جیاوازتر دێنەپێشچاومان، وەلێ لەوتەمەنی سەمیردا و لە قۆناغێكی وەهادا، سەمیر هێند باوەڕی بە هزرە دیموكراسییەكەی هەبوو، ئامادەبوو لەپێناویدا ژیانی خۆی بخاتەمەترسییەوە". لە ئێوارەیەكی مانگی نۆڤەمبەری ١٩٨٥دا سەمیر و دوان لە ئەندامانی پێشووی پەكەكە بەشداریانكرد لە گردبوونەوەیەكی چالاكوانە كوردەكان لە شاری ستۆكهۆڵمدا. ئیدی ئەمە هەوڵ دەركەوتنی سەمیر بوو لە شوێنە

گشتییەکاندا. هەر لەوئێوارەیەدا یەکێك لەپشت سەمیرەوە بەچەند فیشەکێك کۆتایی بە ژیانیهێنا و هەڵهات. هاوڕێکانی سەمیر تێنەدەگەشتن بۆچی دەبێت پەکەکە سەمیر بکوژێت. پەکەکە بۆ خۆیشی لەبلاۆکراوەیەکدا بکوژی سەمیری بە قارەمان و نیشتمانپەروەر نێوبرد. ئۆجەلان سەبارەت بەم رووداوە گوتبووی: "ئەو بەکرێگیراوە لەلایەن گەلەکەمانەوە گەیەنرا بە راستی و یەکسانی"[٤]. لەم وتانەدا دیاربوو کە ئۆجەلان لە بەرپرسایەتی شەخسی کوشتنەکە خۆی دەپەڕێنێتەوە، وەلێ دواتر بەئاشکرا درکاندی کەسانێك کە ئەندامی پەکەکە بوون و بەئاشکرا و بێپێچوپەنا دەبنە گرفت و تۆوی جیاوازی دەچێنن، پێویستە پێشبینی ئەوە بکەین کە بێدەنگدەکرێن. ئۆجەلان لەشوێنێکیتردا وتبووی: "سەمیر لەهەرشوێنێکدا بێت، دەکوژرێت"[٥]. بەجۆرە کوشتنی سەمیر بووە هەوەڵ ئاماژەی سەرکەوتنی ئۆجەلان بەسەر نەیارانی دەسەلاتدارییەتەکەیدا، بەلام سەمیر یەکەم قوربانی نەبوو لە جوولانەوەکەی ئۆجەلاندا، سەرکەشییەکەی ئۆجەلان لەبەرامبەر نەیارانی خۆی و یەکێتی گروپەکەیدا قوربانیگەلێکیدیکەی لێکەوتەوە. تەنها لەماوەی سالانی نێوان ١٩٨٣ بۆ ١٩٨٥ ئۆجەلان فەرمانیدەرکرد و هانیدا تا بەلایەنیکەمەوە ١١ ئەندامی بالای پێشوو و ئێستای ئەوکاتی پەکەکە لەنێوبەرن کە سەمیر تەنها یەکێك بوو لەو یازە ئەندامە. هەندێك لەو یازدە سەرکردەی پەکەکە توانیان هەڵبێن و خۆیان بشارنەوە، وەلێ زۆرینەیان لە ئۆردوگای دۆڵی لۆلانی پەکەکە لە باکووری ئێراق یاخود لەئەوروپادا گوللەبارانکران.[٦] بەجۆرە نێزیکەی هەموو ئەوانەی کاریان لەتەك سەمیردا کردبوو لەنێو چالاکییە پەرەگرتووەکانی ئەورووپای گروپەکەدا، تەنانەت ئەوانەیش کە قسەیەکیان لە بەرژەوەندی سەمیردا نەکردبوو تەنها پەیوەندییەك بەسبوو بۆ ئەوەی سەرکۆنەبکرێن. ئەوانیدیکەیش فرە بەسانایی ئەوە دەخوێنرایەوەلێیان کە بەئەندازەی پێویست ئەمەکدارنەبوون بۆ رێبەرایەتی ئۆجەلان. ئۆجەلانیش بۆخۆی قەد فەرمانی بە کوشتن نەدەکرد، وەلێ ژینگەیەکی رەخساندبوو کە تێیدا غەیانەکان پێویستبوو لەنێوبرێن. یەکێك لە خەباتکارەکانی پەکەکە دەڵێ: "ئەو کەسەی پرسیاری لەسەر کوشتنی کەسێك بکردایە، ئەوا بە خائین ناوزەددەکرا". ئۆج ئالان و ئیبراهیم ئایدن یەکەمجار لە سالی ١٩٧٢دا لەنێو زینداندا ئاشنابوون بە یەکتریی. ناوبراو لەمشتومڕەکانیدا لەتەك سەمیردا پالپشتی ئۆج ئالانی دەکرد. ئەوەیش پاش ئەوەهات کە لە ولاتی ئالمان گەڕابوویەوە و لەسوریادا مشولی کاروباری پەکەکە بوو. لە کۆتایی ١٩٨٤یشدا نێردرا بۆ کەمپی لۆلانی پەکەکە لە باکووری ئێراق. ئیبراهیم یەکلایکرابوویەوە بۆ خەباتی

پەکەکە و ڕازیببوو بە هەموو فەرمانەکان بەبێ هیچپرس و لاموجیمییەك. لەگەڵ ئەوەیشدا برایم بۆخۆی تێبینی ئەوەیکردبوو کە لەلایەن ئەوانیدیکەوە بەشێوەیەکی گومانا‌وییەوە مامەڵەی لەتەکدا دەکرێت. لە دەوروخولی مانگی ئازاری ١٩٨٥دا ئیبراهیم هەستی بە بوونی مشتومڕێککرد کە لەبارەی ئەوەوە سازکرابوو، ئیتر تێگەیشت کە ژیانی لەمەترسیدایە و وەختە بە ناپاك نێودەبرێت و پلانێك لەگۆڕێدایە بۆ لەنێوبردنی. هەربۆیە بۆ ڕۆژی دوایی ئیبراهیم بە بیانووی گردکردنەوەی چیلکە و دار بۆ سووتاندن توانی خۆی قوتاربکات و پەنابەرێتەبەر هێزە کوردییەکانی ژێر سەرکردایەتی مەسعود بارزانی کە ئەوکات تەنها لەنێو سنوورەکانی ئێراندا ستاریانگرتبوو. دواتر ئیبراهیم لە دیدارێکی تایبەتدا و لە درەنگانێکی شەودا وەختێك لە ئۆتاقێکی خواردنی پیتزادا بوو لە سوید، ئەوەی ڕاگەیاند کە دوایین بڕیاریداوە و هەرگیز ناچێتە بەرەی دوژمنەکەیەوە لە تورکیا و نایهەوێت واز لە خۆی بهێنێت و لێناگەڕێت تا بەدەستی پەکەکەیش بکوژرێت. ئیدی لەوێ لەتاراوگەدا بە گۆشەگیریی ژیانی دەگوزەران.

یەکێك لە خاتوونەکانی ناو پەکەکەیش لە ئەورووپا بەناوی نهێنی ئەڤین لەگەڵ سەمیردا مرۆڤی کاری ڕێکخستن بوو، وەلێ لە مشتومڕ و بگرەوبەردە سیاسی و حزبییەکاندا تەرەفداریی لە تۆخ ئالان دەکرد. لەڕاستیدا ئایدیایەکی ساکاربوو بۆ ئەوەی تەڤگەرەکە داماڵرێت لەهەر کەسێك کە بەهەرجۆرێك بەشداریکردبوو. ئەوە وتەی یەکێك لە خانمە خەباتکارەکانی پەکەکە بوو کە لەودەمەدا لە لوبنان بەکارەکانی هەڵدەستا. سامیە ئاسکین پاش ئەوەی لەسەر خواستی تۆجەلان لە ساڵی ١٩٨٣دا لە ئەڵمانیاوە هاتە دیمەشق، ناوبراو لە تەواوی ناکۆکییە ناوخۆییەکاندا پاڵپشتی لە سەمیر دەکرد، هەربۆیە بەگورجی لەکۆڵکرایەوە و لەنێوبرا. سەرەتا ئۆجەلان فەمانیکردبوو بە سامیە ئاسکین تا بچێتە کەمپی لۆلان لە باکووری ئێراق. بە وتەی یەکێك لە خەباتکارەکان کە سامیەی لە کەمپی لۆلان دیبوو: "ئەو لەوجۆرە ژنانە بوو کە مشتومڕیاندەکرد و لەسەر بابەتەکان ڕادەوەستان". هەربۆیە لە ڕوانینینی هەمووواندا چارەنووسێکی مەترسیدار بۆ ئەو خانمە دەبینرا. دواجار لە کۆتاییەکانی ١٩٨٤ یان نیوەی هەوەڵی ١٩٨٥دابوو لەلایەن پەکەکەوە لەسێدارەدرا، هەروەها سوفی قەرەقوس کە ناوەنهێنییەکەی شۆڕش بوو دیسان یەکێك بوو لە هامکارەکانی سەمیر، ئەو لەسەر فەرمانی ئۆجەلان نێردرابوو بۆ شیوی لۆلان لە باکوری ئێراق و لە کۆتایی ١٩٨٤یشدا هەرلەوێ لەنێوبرا. بەلایەنیکەمەوە سیان لە ئەندامانی پەکەکەیش کە لەتەك سەمیر لە ئەورووپا کاریاندەکرد پاش

ئەوەی سەمیر لەنێوبرا، دوای ساڵێك هەموو ئەوانە لە ١٩٨٤دا بەشێوازی جۆراوجۆر کوژران.

ئەوانیش ئەنوەر عەتا و زوڵفو گوك و موراد بایرەکیلی بوون.(٧)

پور موراد کە یەکێك بوو لە خەباتکارەکانی پەکەکە دەڵێ: "لەڕاستیدا هۆیەك نەبوو بۆ **کوشتنی** سەمیر، وەلێ کێ دەزانێت، رەنگە ئۆجەلان بەجۆرێك لە جۆرەکان هەڕەشەیەکی بەدیکردبێت"..

ئەما سەبارەت بە عەتا هەرچەند کە لەلایەن برێك لە ئەندامانی پەکەکەوە وەك پاڵەوان تەماشادەکرا، ناوبراو پەیوەندیکردبوو بەسەمیرەوە، هەربۆیە بە هەڕەشەیەکی جیدی دەبینرا یان بۆسەر ئۆجەلان یاخۆ بۆسەر تەڤگەڕی پەکەکە. ئەنوەریش هەرگیز قسەیەکی نەکردبوو. خانمێك کە لەجگەڕەکێشانەکەیدا قوولبوونەوەی لێدەبینرا، وەختی خۆی لەنێو تەڤگەڕی دەڤ یۆلدا بوو، ئەو ئەنوەری دەناسی. دەپرسی لە ئەنوەر بۆچی پەکەکە سەمیری کوشت، من نازانم. جۆکیش ئەستەمبوو بتوانیت ئاماژەیەك بدۆزیتەوە بۆ سەرپێچی لە نەزمی پەکەکەمبوونیدا. بەمجۆرە ئۆجەلان کاریدەکرد بۆ لەناوبردنی **هەر کەسوکارێك کە مایەی دروستکردنی پشێوی و** جوداخوازی و رەخنە بێت لە میتۆد و پلانی پەکەکە. **هەربۆیە بە** خوێندنەوەی بچووکترین ئاماژەی ناکۆکی و سەرپێچی لەهەریەکێکیاندا لەنێودەبران. رەسوڵ داود ئەلسینۆکی کۆمیتەی ناوەندی پەکەکە لەلایەن پارتەکەیەوە لە ١٩٨٢ دەستبەسەرکرابوو، دواتر گوازرایەوە بۆ شیوی لۆلان لە باکووری ئێراق و لە کۆتایی ١٩٨٤یشدا لەسێدارەدرا. ئەو کەسەی کە فەرمانی کوشتنەکەی پێگەیشتبوو بەمجۆرە روونکردنەوەیدا: "فەرمانی لەسێدارەدانەکە راستەوخۆ لە ئۆجەلانەوە دەرکرا". دەیگێڕایەوە کە ئۆجەلان رایگەیاندبوو: "هۆگەلێکی فرە لەبەردەستدا نییە بۆئەوەی لەژیاندا بهێڵرێتەوە". جەمیلە قەیتان فرە خۆشبەختبوو، **ئەو تازناوە نهێنییەکەی** بەسەحەر رۆیشتبوو. ئەویش لە ساڵی ١٩٨٣ دا وازیهێنا لە گروپەکە. **ئەو بەشداربوو لە** ناجۆرییەکانی سەمیردا لەگەڵ پەکەکە، هەمیشە دەپرسی کاروبارەکان چلۆن دەگوزەرێن. ناوبرا ئەوشەوەی سەمیر لەهۆڵەکەیدا کە بەکرێیگرتبوو کوژرا، لەگەڵ سەمیردا بوو. وەلێ ئەو توانی خۆی حەشاربداتو لەئەوروپادا ژیانێکی نوێ بۆخۆی بەدەستبهێنێت. ئەندامێکیدیکەی کۆمیتەی ناوەندی پێشووی پەکەکە فرە بەسەختی توانی خۆی قوتاربکات. ئەویش لە ساڵی ١٩٨٢دا دەستبەسەرکرابوو، دواتر نێردرا بۆ شیوی لۆلان. وەلێ بەهۆی بێناگایی پاسەوانەکانییەوە توانی خۆی دەربازبکات. دواتریش پاسەوانەکەی توانی خۆی قوتاربکات. ئیدی لە سوید کاریر توانی مافی پەنابەرییەتی بەدەستبهێنێت و پەیوەندیشبکات بە گروپەکەی سەمیرەوە بۆ

شەرمەزارکردنی پراکتیکی پەکەکە و ڕێبەرەکەی. کاتێك سەمیر کوژرا، کاریریش دروست لەهەمان هۆڵدا بوو. کاریر بەماوەیەکی کەم پاش کوشتنی سەمیر لەلێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەیەکی تورکی ڕایگەیاند: "هەست بە پەشیمانیی دەکەم کە لە ڕێکخراوێکی خوێناوی لەوجۆرەدا بەشداربوومە، هەموو ئەو ساڵانە وەك پەڵەیەکی ڕەش لەژیانمدا دەمێننەوە"، هەروەها گوتی: "هەموو ئەو تاوانی کوشتنانە ئەوە دیاریدەکات کە لەداهاتووی چەند ساڵێکی کەمدا چ دەگوزەرێت و چیدێتە پێشەوە. بەجۆرە پەکەکە لەجەنگەکەیدا بۆ خۆدامەزراندن لەنێوخۆی تورکیادا ، بەردەوامبوو لە پاکتاوی ڕەخنەگر و سەرپێچیکارانی ناوخۆی ڕێکخراوەکەی. لەلای ئۆجەلان پەرتبوون و ناکۆکی وەك مەترسیی بۆسەر دەسەڵات و پارتەکەی لێکدەدرایەوە. زۆرێك لە ئەندامانی پەکەکەیش بەسانایی دەیانڕوانییە جوداخوازان و بەمەترسییان دەزانین بۆسەر ڕەوش و ڕەونەقی گروپەکە. بیرکردنەوە لەنێو پەکەکەدا بەوجۆرەبوو کە ئەوەی پەکەکە ئەنجامیدەدا ئەرکێکی پیرۆزوبێ هەڵەوپەڵەیە. یەکێك لە ئەندامانی پێشووی پەکەکە ڕایدەگەیاند: "لە ژینگەیەکی وەهادا کەس نەیدەتوانی ڕەخنە و گازاندەکانی بکات، زۆرێك لەوتاوانی کوشتنانە کە **ئەنجامدەدرا خودی ئۆجەلان بزوێنەری پشت ڕوودلوەکان بوو، زۆرێك لە ئەندامانی پەکەکەیش ڕازیبوون بەهەر بڕیار و بەندێك کە لەلایەن ئۆجەلانەوە دەردەکرا و ئەنجامدەدرا**"، هەروەها دەیگوت: "ئۆجەلان ڕێگەکەی دانابوو، ئەوانیدیکەیش لە ئێمە شوێنیکەوتبووین"(٨). لەڕاستیدا ئەم دیدگا توند و بێباکەی پەکەکە لەبەرامبەر نەیاران و جوداخوازانی ناو گروپەکەی یاریدەی پەکەکەیدا تا لە لاوازیی و ڕەوشی کارەساتئامێزی ڕێکخراوە کوردییەکانیدیکە ڕزگاریبێت کە بەهۆی پەرتەوازەییەوە ڕووبەڕووی ببوونەوە. لەهەمانکاتدا ئەم ڕەوشەی ناو پەکەکە بووە هۆیەك تا زیدەتر هێزی تاکڕەوی ئۆجەلان بەهێزبێت. ئیدی ئۆجەلان و سەردارانیدیکەی پەکەکە ڕاهاتن لەسەرئەوەی کە بەسانایی هەموو ئەوانە لەکۆڵبکەنەوە کە گەڕەکیانە دژبن لەگەڵ پرەنسیپە سەرەکییەکانی ئاپۆدا. یاخود بەسانایی دەیانتوانی ئەوانە لەناوبەرن کە جێگەی باوەڕنین یا لە مەیدانەکانی جەنگدا کەڵکیاننییە و مایەی سەرئێشەن بۆ گروپەکە. ئەندامگەلێکی پێشووی پەکەکە کە لەنێوەڕاستی هەشتاکاندا لە باکووری ئێراقدا جێگیرکرابوون. ئەوان دەڵێن نێزیکەی شەش یان هەشت و زیاد لەوڕێژەیە لە ئەندامانی بەئەزموونی پەکەکە لەوێندەر لەنێوان ساڵانی ١٩٨٤ بۆ ١٩٨٥ لەنێوبران و کەسیش نەیدەزانی چۆن و لەکوێ، تەنها لەبەرئەوەی وەك هەڕەشەیەك دەبینران بۆسەر پرەنسیپەکانی گروپەکە. بۆنموونە یەکێك لەوخاتوونانەی کە لەژێر

ئازار و ئەشکەنجەی زیندانەکانی تورکیادا باری دەروونی تێکچوبوو، پاش ئەوەی لە زیندان ئازادکرابوو، جارێکیدیکە پەیوەندیکردبوویەوە بە ریزەکانی پەکەکەوە، بەلاّم نازانرێت ئایا بۆئەوەی کە وەك بەکرێگیراو سەیریاندەکرد یاخۆ نەیاندەزانی لەگەلّ بارە دەروونییە ناتەواوەکەیدا چیبکەن گوللەبارانیانکرد.[٩] بەمجۆرە تا بیست سالّی دوایی تەواوی ناوی کوژراوان و رووداوەکان کە لەنێوچە شاخاوییە دوورەدەستەکانی باکووری ئێراق قەومابوون بە نهێنی مابوونەوەو کرابوون بە ژێرگلّەوە ئیتر لەترسابوویێت یان بەهۆی دلّسۆزانی پەکەکەوە .

هەندێك لە رەخنەگرانی پەکەکە پێیانوایە ئەو کوشتارە ناوخۆییەی پەکەکە مانای لاوازیی پەکەکە بووە، وەلێ راستییەکە پێچەوانەی ئەو بۆچوونانەیە، چونکە پەکەکە کاتێك ئەو فەرمانانەی دەرکرد کە هەوەلّ دەستپێکی خەباتی چەکداری بەسەرکەوتوویی دژ بە تورکیا لە مانگی هەشتی ١٩٨٤ راگەیاندبوو. یەکێك لە خەباتکارە چالاکەکانی پەکەکە دەیووت: : "هەموو ئەوانە پاش راگەیاندنی جەنگ بوو".

گەڕانەوە بۆ تورکیا:

سەلاحەدین چیلیك پاش سازدانی دیدارێك لەتەك ئۆج ئالان لە کۆتایی ١٩٨٤دا گەڕایەوە باکووری ئێراق و پلانی دانا تا لە دەستپێکی سالّی نوێدا بخزێتەنێو تورکیاوە، وەلێ ئەم پلانە ئەگەرێکی دووربوو.[١٠] ئەو زستانە ئێجگار سەختبوو، ئەستەمبوو بتوانرێت ئەو بەفرە بڕێت کە چیا سنوورییەکانی داپۆشیبوو. چەندین لە ئەندامانی پەکەکە کە بەئەستەم لە خالّە سنوورییەکانی تورکیا و ئێراق پەڕیبوونەوە لەلایەن ئێشکگرە سنوورییەکانی تورکەوە درابوونە بەردەسترێژی گوللە و کوژرابوون. چیلیك و ئەندامانی پێشکەوتوویدیکەی پەکەکە لەئامادەکارییاندا بۆ قۆناغی داهاتووی نەبەردییەکەیان، ئەم رەوشەیان لەپێشچاونەگرتبوو. دواتر چیلیك لە ئەلّمانیاوەو بە تەلەفۆن پێیڕاگەیاندم کە: "گروپێکمان ناردنەنێو تورکیا، وەلێ هەرزوو دەستگیرکران"، هەروەها پێیڕاگەیاندم : "لەنێوەندی زستانێکی پڕکرێوەیتردا، گروپ و خەلّکیدیکەمان ناردن، ئەوانیش یان کوژران یاخۆ دەستگیرکران، هەروەها هەشت کەسیدیکە پاش ئەوەی نێردرانە نێوخۆی تورکیا لەپێکدادانێکدا کوژران. سەربازانی تورك فرە بەباشی لە خالّە سنوورییەکاندا جێگیرکرابوون".. بۆیە جەنەڕالّەکانی تورك سەریان لە هێرشە هەوەلّینەکانی پەکەکە سوڕمابوو. ئەوان چەندین مانگیان لە بونیادنانی ستراتیژێکی تۆکمەدا بۆ

پرسی پەکەکە بەهەدەردابوو. لەودەمەدا پێنج دەورییەی تایبەت گوازرابوونەوە بۆ باشووری ڕۆژهەلاتی تورکیا و ژمارەی پۆلیسی دێهاتەکان زیادکرابوون، ئەوان فەرمانیان پێکرابوو کاراتر بەشوێن ئامانجەکانیانەوەبن و یاخیبووان سەرکوتبکەن. لەگەڵ ئەوەشدا پایگا سەربازییەکان لەنێزیك دێهات و گوندە شاخاوییەکاندا دامەزرابوون و بەرپرسە ئەمنییەکان بە ڕێژەیەکی زۆر بلاوەیانپێکرابوو. بەتایبەتی لەوشوێنانەدا کە پەکەکە ئاتاجی بە خواردن و زانیاریی هێزی مرۆیی هەبوو بۆ پشتیوانیکردنیان.[١١] جەنەراڵ مستەفا نەجدەت کە لێپرسراوی هێزە وشکانییەکان و سەرکردەیەکی دیاری ئەرتەشی تورك بوو لەلێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەنووس محەمەد عەلی بیراند وتی: "لە ساڵی ١٩٨٥ بۆ هەوەڵجار لەهەرێمەکەدا خۆمان دامەزراند و دەستبەکاربووین و سەربازەکانمان لەهەرێمەکەدا گردکردبوویەوە و فرە بەوریاییەوە شەنوکەوی نێوچەکەمان دەکرد"، هەروەها وتبووی: "نێزیکەی ٢٠٠ لە یاخیبووانی کورد لەنێو تورکیادا هەبوو، فرە کتوپڕ تێبینی گۆڕانێکمان دەکرد لەناوچەکەدا. یەکە چەکدارییەکانی پەکەکە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکیدیکە کە لەژێر چاودێری سەربازانی تورك بوو بەنهێنی هەلوشێلتەدەکرد". لەڕاستیدا چەکدارەکان بە ڕۆژدا دادەبارینە شوێنە ئامانجەکان و بەشەویشدا پاشەکشەیاندەکرد. زۆرجار سەربازانی تورك بۆ ماوەی ڕۆژێك دەمانەوە و دەجەنگان. زۆرجاریش سەرچاوەکانی ئاو و خواردنیان لە پەکەکە دەگرتەوە و پشتیاندەبەست بەڕەوانەکردنی سەربازگەلی زیاتر بۆ نێوچەکانی جەنگ. باران لەمبارەوە وتی: "بەمجۆرە هەموو کاتێك سەربازەکان زیانگەلێکی فرەیان ڕووبەڕوودەبوویەوە"، هەروەها دەیگووت: "ئێمە توانامان سنوورداربوو بۆئەوەی بچینەنێو ئاواییەکانەوە. ئێمە ئاسانەبوو بۆمان و نەماندەتوانی پروپاگەندە بکەین بۆخۆمان، چوون هەرکارێکمان لەئاواییەکاندا زیانی دەگەیاند بە پەیوەندییەکانمان لەتەك خەڵکدا و میریی ڕووبەڕووی ئاواییەکان دەبوویەوە. هاوکات بڕی خواردن و خۆراك فرە لەبەردەستنەبوو بۆمان، زۆرجار تەنها بایی دوو ڕۆژ خواردنمان هەبوو، لە سەرەی سێهەم ڕۆژدا شتێکمان شکنەدەبرد بۆ خواردن". بەهاتنی نیمەی ساڵ خەباتکارانی پەکەکە ڕووبەڕووی مەترسییەکی نوێ بوونەوە. لەوکاتەدا ئاواییە کوردییەکان چەکداردەکران و پووڵ و پارەیان پێدەدرا بۆئەوەی جەنگی گەریلاکانیان پێبکەن. لەڕاستیدا دەوڵەتی تورك لەدەستپێکی دامەزراندنی کۆماردا میلیشیا کوردییەکانی چەکدارکردبوو تا سنوورە نوێیەکانی کۆمار بپارێزن. وەلێ لەشەستەکاندا وادانرا ئەم یاسایە نادێموکرات و نەسازە، هەربۆیە پووچەڵکرایەوە و ئیدی کاری پێنەکرا. دوا

بەدوای هێرشەکەی پەکەکە لە مانگی هەشتی ١٩٨٤دا ، ئیدی ئەمجۆرە پەلامار و هێرشانە دووبارە و چەندبارەکرانەوە. دوا بەدوای ئەوە سەرۆکی تورکی تیشکی خستەسەر ئەوەی کە هەمو ئەوناوچە نیشتەنییە دوورانەی ولآت کە بەدەست هەژاری و خراپی رێگەوبان و کارەباوە دەنالێنن، ئیدی هۆیەك نییە بۆئەوەی بتوانین ئاسایش و ئارامییان بپارێزین. لەوشوێنانەدا پاسەوانی دێهاتەکان مانگانە مووچەیەیان لە میریی وەردەگرت کە نێزیکەی ٣٥ هەزار لیرەی تورکی دەبوو کە دەیکردە ٧٠ دۆلاری ئەمەریکی. ئەوەیش برێکی بەسبوو بۆئەوەی بتوانن بژێوی خۆیان و خێزانیان دابینبکەن، هەربۆیە لە کۆتایی ١٩٨٥دا نێزیکەی ١٣ هەزار پیاو بەنێوی پاسەوانی ئاواییەکان نێویانتۆمارکرا. ئەمانە تەنها هەرەشەیەکی نوێ نەبوون بۆسەر پەکەکە، بەڵکو هۆیەکبوو تا یاخیبووەکان دووچاری نائارامی و دڵەڕاوکێ بکات. ئەندامێکی پێشووی پەکەکە کە لە ساڵی ١٩٨٤وە لە نێوچەی هەکاری دەستیدابوویە چەك، بەناوی خوازراوی ئێس. ئەو دەیوت من ناتوانم دژبە پاسەوانانی دێهاتەکان بجەنگم، ئاخر ئەوانیش کوردن، هەربۆیە تووشی ئیفلیجبوونێك هاتبووم بەرامبەریان". هێشتا ساڵێك بەسەر خەباتی چەکداری پەکەکەدا تێنەپەڕیبوو، وادیاربوو دەوڵەت لەوسیاسەتەیدا قازانجی فرەیکردبوو، هەروەها بەهۆی دەرکردنی یاسای لێخۆشبوونەوە هەندێك لە شۆڕشگێران وازیانهێنا لە شۆڕشو بوونە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ زانیاریی لەسەر گروپەکە لەلایەن میرییەوە. چیلیك وتی: "شتەکان بەکامی ئێمە هەڵنەدەسووڕان و هەر هەواڵێك کە لەتورکیاوە بەدەستمدەگەیشت، هەواڵێکی پۆزەتیڤ نەدەبوون و خەڵکی خەریکبوون خیانەتیانلێدەکردین، خەڵکەکەمان وازیان لە خەبات دەهێنا و لەسەر شاشەی تیڤییەکاندا دەردەکەوتن و باسیان لەو تاوان و کوشتنانە دەکرد کە لەنێو گروپەکەدا تێوەگلابوون". بەوتەی چیلیك تەنها لەڕووبەڕووبوونەوەیەکدا لەتەك ئەرتەشی تورك نێزیکەی ٩٠ گەریلا کوژرابوون. تا ئەوکاتیش ژمارەی ئەوانەی کە پێوەندیان بە پەکەکەوە دەکرد روولەزیادبوون بوون. چونکە بەوتەی کادیرێکی پێشووی پەکەکە لەهەرکاتێکدا جەنگێك روویبدایەوە لەهەرشوێنێك فیشەکێك بتەقایە، ئەوا دەبووە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی نوێ بێنەنێو ریزەکانی پەکەکەوە،[١٢] هەروەها باران دەیگوت: "هاوکات رۆحی بەرگری و بەردەوامی لەناو شۆڕشواناندا هەبوو، ئەگەریش لە شوێنێکی دیاریکراودا جەنگەکەیان بدۆڕاندایە، هەر بەردەوامدەبوون. میریی نەیدەتوانی ئێمە وەدەرنێت، خەڵکی ئەوەیان بەچاوی خۆیان دەدی، هەربۆیە ئەوە کاردانەوەیەکی باشی لەناو خەڵکدا هەبوو بۆ ئێمە، هەربۆیە دەوڵەت نەیتوانی

بەردەوامبێت و سەرکەوتوو بێت، چونکە ئێمە لەهەموو ئەوناوچانەدا کە لێیبووین توانیمان خۆمان رابگرین".

هاوڕێکانی پەکەکە:

هەمیشە ئەوە ئەزموونکراوە کە هەریەك لە ئێران، ئێراق، تورکیا و سوریا توانیویانە گروپە کوردییەکانی یەکتر بەکاربهێنن وەك کرێگرتەیەك دژبە گروپەکوردییە نەیارەکانی خۆیان. گروپە کوردیی تورکیا لەودەمەدا فرە بە بەهێزی دەرکەوتبوون. هەوەڵجار سوریا توانی ئەم هەلە بقۆزێتەوە و بۆ قازانجی خۆی بەکاریانبهێنێت. ئێراق شکستیهێنا لەبەکارهێنانی کوردی تورکیە و ئێرانیش لە کۆتایی هەشتاکاندا توانی برەو بە پەیوەندییەکانی بدات لەگەڵ کوردی تورکییەدا. هەمیشە سووریا نێزیکترین پێوەندیی لەگەڵ پەکەکەدا هەبووە، لە دەوروبەری ١٩٨٥ پێوەندی هەردوولا برەوی زێدەتری پێدرا.[١٢] پەکەکە شانبەشانی گروپە فەلەستینییەکانیدیکە لە شیوی بیقاع توانی شوێنی خۆی بکاتەوە و گەریلاکانی فێری مەشقی سەربازی بکات. سوریا پشتیەبەست بە دەزگا هەواڵگوییەکانی بۆ چێکردنی پەیوەندی لەگەڵ گروپە بیانییەکاندا. هاوکات جەمیل ئەسەدی برا بچووکی حافز ئەسەد بەتایبەتی بایەخیدەدا بە پەکەکە و سەردانی کەمپی حیلوەی دەکرد. جگەلە کورسی ئەنجومەنی گەل جەمیل ئەسەد دارای پۆستێکیدیکە نەبوو لەدەوڵەتدا. وەلێ لەبنچینەدا کۆنترۆڵی تەواوی بەندەری لازقییەی لەدەستدا بوو. هاوکات پەکەکەیش لەوباوەڕەدا بوون کە ئەو بەرپرسی رێکخستنە عەرەبییەکانی نێو هەرێمی هاتای تورکیی بوو. ئەو پارێزگا پێشووەی سوریا کە تاوەکو ئێستایش سوریا بانگەشەی گەڕانەوەی دەکات. سوریا بەچێکردنی پێوەندی لەگەڵ پەکەکەدا دەیخواست فشارێکی زێدەتر لەسەر تورکیا دروستبکات لەبەرامبەر ئەو گێشمەکێشە بێپایانەی کە لە پێوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوانیاندا دەگوزەرا. لە ساڵی ١٩٨٧ ئەوە دەخوێنرایەوە کە سوریە هەر بەردەوامە لە نیازی پەیوەندییەکانیدا. سەرۆکوەزیرانی تورکییە تورکوت ئۆزاڵ لە سەردانێکی دەگمەنیدا بۆ دیمەشق کارێکرد تا فشاری زێدەتر دروستبکات بۆ دەستدانە پرۆتۆکۆڵی هاوکاری نێوانیان. هەرچەند کە سوریا بەفەرمی پێیلێنەدەنا کە ئۆجەلان لە سوریا بێت، بەڵام هەردوولا رێککەوتن کە چیدی هیچهێرشێك لە سوریاوە نەکرێتەسەر قەڵەمڕەوی تورکیا و هاوکات زانیاریی هەواڵگیریی و ئاسایشی لەنێوان یەکدیدا ئاڵوگۆڕبکەن. لەبەرامبەردا ئۆزال هەوڵیدا کە چارەسەری ئەو تەنگژەیە

بکەن کە لەمەڕ پرۆژەی زنجیرە بەنداوەکانی سەر رووباری دیجلەو فورات هاتوونەتەگۆڕێ. هاوکات بەڵێنیدا هیچکەلێنێك لەبڕی ئاوی رۆیشتوو بۆ سوریا لەئاییندەدا دروستنەبێت. بەمجۆرە سوریا توانی پەکەکە وەك چەکێکی ستراتیژیی بەکاربهێنێت لەپێناو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیدا بۆ فشارخستنەسەر سوریا. بەمجۆرە لەسەر بنەمای پرۆتۆکۆڵە نوێیەکە سوریا هۆشداریدایە پەکەکە تا لە خاکەکەیەوە سنوورەکانی تورکیا نەبەزێنن. وەلێ روونەبوو ئەو پرۆتۆکۆڵە نوێیە تا چەند کاریگەرێدەبێت لەسەر فشارخستنەسەر پەکەکە. هەربۆیە لەوقۆناغەدا پەکەکە **پلانێکیدیکەیان** گرتەبەر بۆئەوەی روویکەنە تاران یاخود لە سنوورەکانی نێوان ئێراق و تورکیادا **جێگیربن**. هاوکات سوریا ئیدی کارینەکرد بۆ راهێنانی گروپە چەکدارییەکانی پەکەکە و رێکخستن و گردکردنەوەیان و هیچ بەدەمەوەچوونێکیشی بەرجەستەنەکرد لە چالاکییەکانی ئۆجەلاندا. لە هەوەڵ دیداری رۆژنامەنووسێکی تورك بەناوی محەممەد عەلی بیراند لەگەڵ ئۆجەلاندا ئەم پرسیارەکرا: "**ئەگەر سوریا بیویستایە یاخۆ بیتوانایە ئێوەی دەوەستاند؟**" **ئۆجەلانیش لەوەڵامدا** وتی بەڵێ بەدڵنیاییەوە، **خۆ ئەوان بە فەرمانێکی دیاریکراو ئێمەیان لە سوریا وەستاند**".[١٤]

سوریا هەمیشە هۆشی لەلای کەمینە کوردییەکەی خۆی بوو، بەردەوام ئەوەی دەخستەڕوو کە پەکەکە ناتوانێت لەجیاتی کوردانی سوریە بێتەگۆ و بیانوروژێنێت. هاوکات دیمەشق کاریکرد تا پەکەکە لەنێوکوردانی سوریەدا هێزی مرۆیی خۆی تۆکمەبکات و ئەندامگەل بهێنێتەنێو ریزەکانییەوە. سوریە ئەم هەوڵەی بە ئومێدی ئەوەبوو تا ئاراستەی کوردەکانی لە جەنگ و جیدالی ناوخۆی سوریاوە بگوازێتەوە بۆ دژایەتی تورکیا. لەڕاستیدا پەکەکە **پێشتر** لەنێو کوردانی سوریەدا ناووشۆرەتیان فرەبوو. لە ساڵانی هەوەڵدا ئۆجەلان وتارەکانی **ئاراستەی** کوردی سوریا دەکرد و گەریلاکانیش پێرەکانیان بەنێو ئاواییەکانی کوردی سوریەدا **دەگەڕان و** پڕوپاگەندەیان بۆ کوردایەتی و خۆیاندەکرد و یارمەتی و پوولۆپارەیان گرددەکردەوە. **کوردانی** سوریەش گەرموگوڕبوون لەگەڵ پەکەکەدا بەتایبەتی قوتابیانی زانکۆکان **زۆر پەرۆشی ئەو** دروشمانەبوون کە پەکەکە تێیاندا ئاماژە و ئامانجی دەوڵەتی کوردیی **دەدایەدەستەوە، تەنانەت** گەر باسیشیان لە دەوڵەتی کورد و تورك پێکەوەبکردایە. پارتە **کوردییەکانی سوریا** تەنها نووزەیەکیان تێدامابوو، ئەوان بندەست و گیرۆدەی ململانێی ناوخۆیی و **فشاری** میریی بوون. ئەوان لەم رەوشەدا دارای چانسێکی ئێجگار کەمبوون تا پێکەوە بەرنامەیەك دابنێن و بکەونە خۆیان. لەکاتێکدا پەکەکە بەڕاستی لە جەنگ و جیدالدابوو دژ بە نەیارەکانی. عاکیف حەسەن

که موویه‌کی ره‌ش و نه‌رمی هه‌بوو، به ئینگلیزییه‌کی رێك و ره‌وانیش ده‌دوا وتی: "خه‌ڵکی له گروپه کوردییه‌کانی سوریه پڕببوون، ئه‌وان تائه‌وکات هیچیان بۆ کورد نه‌کردبوو، ئه‌وه‌ی هه‌یانبوو ته‌نها قسه‌وقسه‌ڵۆك بوو". په‌که‌که له گروپه کوردییه‌کانی سوریه فره جیاوازبوو، واده‌رده‌که‌وت په‌که‌که هێزێکی زیاد هزری و دیسپلین و سۆشیالیستی بێت. په‌که‌که له هیوای کوردانی سوریادا وه‌ك تیشکی خۆر وابوو، هیچکام له‌وان دژ و نه‌یاری پارتێکی کوردی تورکیا نه‌بوون و پشتیوانیانده‌کرد. کوردانی سوریا دارای هاموشۆ و خزمایه‌تی بوون له‌گه‌ڵ دیوی تورکیا و قاچاخچییه‌تی و بازرگانی له‌نێوانیاندا هه‌بوو، هه‌وه‌هاهیچ رێگرییه‌کیشیان له چێبوونی لینکێکی سیاسی نه‌بوو له‌نێوانیاندا. کامران حاجۆ که چالاکوانێکی کوردی سوریه بوو، ئه‌و له هه‌وه‌ڵه‌وه هۆگری په‌که‌که بوو، له‌دیداره‌که‌یدا گوتی: "کوردستانی تورکیا وه‌ك به‌رینترین به‌شی کوردستان هه‌میشه له هۆش و هیواماندا زیندووبووه"، هه‌روه‌ها گوتی: "ئێمه له غایه‌له‌ی ئه‌وه‌دا بووین که پێویستبوو پشگیری کوردستانی تورکیا بکه‌ین، چونکه له کوردستانی ئێراقدا شکستمانهێنا نموونه‌ی که ببینه ده‌وڵه‌ت". له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌یشدا به‌رنامه‌ی په‌که‌که وێنای هه‌ر چوارپارچه‌ی **کوردستانی ده‌کرد و ئامانجی یه‌کبوون و یه‌کێتی نێوانیان بوو. له به‌رنامه‌ی په‌که‌که‌دا سه‌ره‌تا پێویستبوو کوردستانی تورکیا ئازادبکرێت پاشان ده‌یانپه‌رژایه‌سه‌ر پارچه‌کانیدیکه**، هه‌وه‌ها حه‌سه‌ن ده‌یگووت: "ئێمه‌ی قوتابی ئه‌و هه‌سته‌مان له‌لا گه‌ڵاڵه ببوو که شتێك خه‌ریکه روووده‌دات". کاتێك حه‌سه‌ن پێوه‌ندی کرد به په‌که‌که‌وه له ساڵی ١٩٨٥دا ته‌نها چه‌ند کوردێکی که‌می سوریی له‌نێو ریزه‌کانی په‌که‌که‌دا بوون. وه‌لێ له‌وساڵه‌دا ژماره‌یان گه‌یشته ٤٥ گه‌ریلا و بۆ ساڵی ئاینده ئه‌م ژماره‌یه سێجار زیادیکرد و بوونه ١٣٠ گه‌ریلای کوردی سوریه له ریزه‌کانی په‌که‌که‌دا ئه‌وژماره‌یه ته‌نها ئه‌وانه بوون که له ریزه‌کانی په‌که‌که له حیلوه مۆڵی راهێنانی سه‌ربازی بوون، گه‌رنا به‌درێژایی سنووری سوریه و تورکییه کوردی سوریه هه‌بوون و یاریده و ده‌ستگرۆییان له بواری خۆراك و پووڵ و په‌ناگادا کردووه بۆ گه‌ریلاکانی په‌که‌که.

دۆسته عێراقییه‌کانی په‌که‌که:

هه‌ریه‌ك له ئێراق و سوریه بێئاگانه‌بوون له په‌که‌که، به‌رده‌وام ده‌زگای هه‌واڵگریی ئێراق سه‌ره‌داسه‌ری چێکردنی پێوه‌ندیبوون له‌گه‌ڵ کوردانی یاخیبووی تورکیا. له‌وده‌مه‌دا به‌غدا نه‌یده‌ویست په‌که‌که دژبه تورکیا به‌کاربهێنێت.. چونکه له‌وده‌مه‌دا ئێراق برشێك له نه‌وتی خاوی

خۆی لەڕێی بۆرییە نەوتییەکاندا بەنێو تورکیادا دەناردەدەرێ. لەبری وی ئێراق دەیهەویست یەکەکە سازیدات بۆ جەنگ لە دژی پێشمەرگەکانی مەسعود بارزانی کە نەیاری وڵاتەکەی بوو. ئەو دەم ئێراق لە ساڵی ١٩٨٠وە لە جەنگێکی دژواردا بوو لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران. هەرچەند کە ئەمەریکا ئێراقی لەوە دڵنیاکردبوویەوە کە ئێران ناتوانێت جەنگەکە بەرێتەوە، وەلێ سەدام حسێنی سەرۆکی ئێراق لەبەرامبەر رەوشی کوردانی باکووری وڵاتەکەی هەر نیگەران و دڵخوتخوتەی بوو. نیگەرانی گەورەی سەدام بریتیبوولە مەسعود بارزانی. بارزانی لەلایەن ئێرانەوە توانیبووی دەستیبگات بە چەکوچۆڵ و پشتیوانی مادی لێدەکرا. هەربۆیە زۆرجار شانبەشانی هێزە ئێرانییەکان دژبە ئەرتەشی ئێراقی دەجەنگان. هێزەکانی پەکەکە کەوتبوونە نێوچەیەك کە لەژێر قەڵەمڕەوی هێزی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراقدا بوون. هەربۆیە چەند جارێکیش تێکگیران لەنێوان پەکەکە و پارتیدا روویدابوو. لەڕاستیدا دوو هۆکار هەبوون کە ئەگەری بایەخدانی بەغدای بۆ پەکەکە هێنابوویەگۆڕێ.(١٤) سەلمان ئەرسەلان ئەندامی پەکەکە ساڵی ١٩٨٥ لە ئەوروپاوە گەڕابوویەوە دیمەشق. ناوبراو لەوێشەوە روویکردبویە باکووری ئێراق، وەلێ لە دەوروبەری ١٩٨٦ لەلایەن سەربازانی ئێراقییەوە لەسەر سنووری نێوان تورکیا و ئێراق قۆڵبەستکرابوو. پاش لێپرسینەوەیەکی سەرەتایی ئەرسەلان بە قۆڵبەستکراویی گوێزرابوویەوە بۆ باشووری بەغداد. ناوبراو بەچاوی بەستراوی رەوانەی ئەوێ کرابوو، ئەوشوێنەی ئەوی تێدابوو، نێوەندی زیندانێکی سەربازی بوو، رەنگە بەشێك بوویێت لە زیندانی بەدناوی ئەبووغرێب. لەڕاستیدا زیندانییەکانی ئێراق بە هۆکاری سیاسیی دەناخرانەوە کونجی بەندیخانە. ئیدی هەڵهاتن و رزگاربوون لەوزیندانەدا ئەستەمبوو، وەلێ ئەرسەلان شەنسی هێنابووی بۆ ئەوەی بەزیندووی بێنێتەوە، یاخۆ وادیاربوو دەزگای هەواڵگریی رژێم دەیهەویست لەرێی ئەم مەردەوە پێوەندی لەگەڵ پەکەکەدا چێبکات. ئەوان ئیدی دەیانتوانی لەرێی ئەمەوە پێوەندی راستەوخۆ لەگەڵ ئۆجەلان دروستبکەن و بەمەیش جارێکیدیکە هەلی ژیان بۆ ئەرسەلان دەگەڕایەوە. ئەرسەلان کە ئێستەکانی لە ئەڵمانیا دەژی دەیگوت: "دەمتوانی گوێم لە هاوار و ناڵەی ئەوانیدیبێت، دیاربوو ئەوان لەژێر ئەشکەنجەدابوون"، هەروەها دەیگوت: "شەوێك کەسێکیان هێنایە خانەکەی منەوە، ئەو خەڵکی سوریا بوو، پێیوتم ئێرە شوێنێکی زۆر ناخۆشە، لەپێشدا دامنەدەنا بەوەدا کە لەگەڵ پەکەکەدا بووم، جارێك تا دووجار لێیاندام و تەزووی کارەبایان خستەسەرم، وەلێ ئەوانیدیکە هیچیانلێنەدەکردن". پاش چەند هەفتەیەکی کەم ئەرسەلان بە چڕوپڕی پرسیاری

لەبارەی پەکەکەوە لێکرا. بەگوێرەی بۆچوونی ئەرسەلان، ئەوان نەیانویستووە پەکەکە دژبە تورکیا بجووڵێتەوە. هاوکات داواشیاننەکردووە ئایا پەکەکە لەگەڵ گروپەکەی تاڵەبانی دەجەنگێ یان نا؟ وەلێ ئەوان بەتێروتەسەلی لەمەڕ پەیوەندییەکانی پەکەکە و پارتەکەی مەسعود بارزانی کۆڵینەوەیانکردووە. **ئەرسەلان دەڵێ:** "ئەوان دەیانەویست بزانن ئایا پەکەکە نیازی هەیە لەگەڵ پارتیدا بجەنگێت، بەڵام **پێموتن وابیرناکەمەوە** نیازێکی لەمجۆرە لە ئەجێندای پەکەکەدا هەبێت، وەلێ ئەگەر بخوازێت **پێموایە پەکەکە خۆی لە** شەڕکردن لەگەڵ پارتیدا لابدات"، هەروەها بەگوێرەی گێڕانەوەکەی **ئەرسەلان ، ئێراقییەکان وتوویانە گەر چەکوچۆڵ** بۆ پەکەکە دابینبکەین، ئایا ئەوان **پەسەندیدەکەن یان نا؟ ئایا دواتر دڵنیابکەین لەگەڵ پارتیدا** دەجەنگن یان نا؟ . **ئەرسەلان لە وەڵامی ئەوپرسیارانەدا وتی: "گەر پەکەکە چانسی پێبدرێت، بەڵێ دەخوازێت لەگەڵ بەغدادا دروستبکات"**. پاش تێپەڕبوونی چەند مانگ ئەرسەلان فشاری دەروونی تینی بۆ هانیبوو، ئیدی داوای لە کاربەدەستانی زیندان کرد ئازادبکرێت. بەرپرسانی زیندان نەیاندەزانی چی لە ئەرسەلان بکەن، نەشیاندەویست رادەستی تورکیای بکەنەوە. ئەرسەلان پێیوابوو هۆی مانەوەی ئەو لەزینداندا ئەوەبوو، لەلایەکەوە گەرەکیان بوو پەیامی دەزگا هەواڵگرییەکان بە ئۆجەلان بگەیەنێت، لەلایەکیتریشەوە دڵنیانەبوون کە ئایا ئەو کارەدەکات یان نا؟ پاش تێپەڕبوونی نۆ مانگ بەسەر دەستگیرکردنی ئەرسەلاندا، وادیاربوو دەزگای هەواڵگریی ئێراقی وازی لەوبۆچوونە هێنابوو، هەربۆیە پاسپۆرتێکی ساختەیان دایە ئەرسەلان و سواری فڕۆکەیانکرد بەرەو بەلەگراد. ناوبراو دیپلۆماتێکی ئێراقی لەگەڵیدابوو. پاش ئەوەی خاڵی پشکنین و کۆنترۆڵ تەواوبوو دیپلۆماتە ئێراقییەکە پاسپۆرتەکەی لە ئەرسەلان وەرگرتەوە. ئیدی ئەو بەبێ پووڵ و پارە و بەبێ هیچ شوناسنامەیەك لە بەلەگراد بەرەڵاکرا، هەربۆیە بەزوویی لەلایەن دەسەڵاتدارانی یوگسلافیاوە ئەرسەلان دەستگیرکرایەوە، بەڵام جارێکیتر ئەرسەلان ئازادکرا و دیسان پێوەندیکردەوە بە پەکەکەوە. ئێراق لەودەمەدا دەستیدابوویە هێرش و تەمبێکردنی هێزە دیموکرات و نەیارە کوردییەکان و لەوپێناوەشدا ئاتاجی بەهیچ هێزێکی دەرەکی نەبوو. پەکەکە گومانی لە دیارنەمانی ئەوماوە درێژە هەبوو کە ئەرسەلانی تێکەوتبوو، دوابەدوای لێپێچینەوەلێی گوماندەکرا بەکرێگیراوی یەکێك لە تورکیا یان ئەڵمان یاخود پارتەکەی بارزانی بێت. ئیدی تاکۆتایی هەشتاکان ئەو بۆینەبوو هیچ نامە و پەیامێك هەڵبگرێت. پاش ئەوەی هێزە ئێراقییەکان دەستیانگرتەوە بەسەر بەشێك لە خاڵە سنوورییەکاندا لەگەڵ تورکیا، ئیدی

پێوەندی راستەوخۆیان لەگەڵ یەکەکەدا چێکرد. هاریکارییەکان قەتیسمابوو لە چوارچێوەی بەرپرسە سەربازییە نێوچەییەکاندا. بەرپرسە سەربازییەکانی ئێراق چاوپۆشیاندەکرد گەریلاکان لەبەرامبەر ئاڵوگۆڕی زانیاریی لەسەر پارتەکەی بارزانی(١٦). ئەزمان کادیری پێشووی یەکەکە کە لە کۆتایی هەشتاکاندا لەناوچەکەدا مژوڵی چالاکی بوو، وتی: "بەگشتی رژێمی بەغداد چاوی لە ئلستمان داخستبوو، یارمەتییەکی لەگۆڕێدانەبوو، لەبەرئەوەنەبوو کە یەکەکە یارمەتینەدەویست، بەڵکو لەبەرئەوەبوو کە سەدام یارمەتینەدەداین". لەراستیدا جۆرێك لە پەیوەندی نافەرمی تا جەنگی کەنداوی ١٩٩١ هەبوو، وەلێ پاش ئەوەی هێزەکانی ئێراق پاشەکشەیان لە باکووری ئێراق پێکرا، ئیدی بەشێوەیەکی دراماتیکی هاوسەنگی هێزەکان گۆڕانکاری بەسەرداهات.

کوردانی ئێراق:

جارێکیان مەسعود بارزانی بە میوانێکی کوردی تورکییەی وت کە ئۆجەلان کوردی تورکییە رزگاردەکات. وەلێ پاش دەستپێکردنی شەڕە گەریلاییەکەی یەکەکە، روانینێکی جوداتر بۆ مەسعود بارزانی دروستبوو.(١٧) ئەنکەرە ئاگاداری جێگیربوونی کەمپی سەربازیی یەکەکە بوو لە سنوورەکانی نێوان تورکیا و ئێراق. هەربۆیە بارزانی قایلکرد تا چەکدارەکانی یەکەکە لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بکاتەدەرێ. ئەوەی بارزانی نیگەرانکردبوو، ئەوەبوو کە هێز و هێرشی تورك و تۆڵەسەندنەوەی تورك لە ساڵی ١٩٨٣دا ئەگەری ئەوەیهەبوو لەبری خاپوورکردنی بنکە و بارەگاکانی یەکەکە، پێگە و پایگاکانی وان لەتەك خۆیدا رامالێت. هەربۆیە ئیدریس بارزانی برای مەسعود بارزانی داوایکرد لە سەرانی یەکەکە کە پێویستە بنکە و بارەگاکانیان راگوێزن و لە نێزیك سنوورەکانیاندا هێرش و هەڵمەتەکانیان بۆسەر تورکیا ئەنجامنەدەن. سەلاحەدین چیلیك کە ساڵی ١٩٨٤ لە کۆبوونەوەیەکی بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە دۆڵی راژان ئامادەبوو رایگەیاند: "ئیدریس بارزانی ئاشکرایکرد کە ئەوان لەلایەن تورکیاوە قەناعەتیانپێکراوە"، بەلاّم یەکەکە خواستەکەی بارزانیان دایەدواوە و رایانگەیاند کە ئەوان ئاتاجیان بە سنوورەکان تا لەوێوە تێپەڕنەنێو سنوورەکانی تورکیا، وەلێ هێدیهێدی گۆڕانەکانیان لە دەرفەتی هێرشەکانیاندا کەمکردەوە، نەکا تورکیا تۆڵە لە ئاواییەکانی سنوور و پێشمەرگەکانی کوردستانی ئێراق بکاتەوە. وەلێ گۆڕانکارییە هونەری و رووکەشییەکانی یەکەکە

بۆ توركيا جێگەی بایەخ و گرنگینەبوون. لە ئۆكتۆبەری ١٩٨٤دا وەزیری دەرەوەی توركيا هاورێ لەگەڵ ژمارەیەك بەرپرسی سەربازی توركيا سەردانی بەغدادی كرد بۆ مشتومڕكردن سەبارەت بە بارودۆخەكە.(١٨) هەریەك لە توركيا و ئێراق نەیاری سەربەخۆیی كورد بوون لە هەرپارچەیەكی كوردستاندا، لەم پێناوەدا توركيا تاڕادەیەك بە سەختی توانی دانووستان و ڕێككەوتنێك ئەنجامبدات تا هەڵبكوتێتەسەر بنكە و بارەگاكانی پەكەكە لە باكووری ئێراق. لەڕاستیدا دوو هۆكار هەبون بۆئەوەی ئێراق رازیبێت، توركيا كێومالی نێوچە سنوورییەكانی باكووری وڵاتەكەی بكات. ئەوە لەكاتێكدا بوو ئێراق هەمیشە نیگەرانی خواست و خولیای توركیابوو بۆ كۆنترۆڵكردنەوەی نێوچە ناعەرەبییەكانی باكووری ئێراق، ئەوناوچانەی زەنگین بە نەوت و بیرەنەوتەكان بوون و لەڕابردوودا لەژێر دەستی وسمانییەكاندا بوون. هۆكاری یەكەم، ئێراق دەیەویست پێوەندییەكی تۆكمە لەتەك توركیادا زیندووڕابگرێت، چونكە نەوتی خاوی ئێراق لەڕێگەی توركیاوە رەوانەی دەرێ دەكرا، هاوكات پێوەندییە بازرگانییەكانیدیش لەوڕێگەیەوە دەستەبەردەكرا. دووەم هۆكار خۆی دەبینییەوە لە تەمبێكردنی هێزە كوردییەكانی نەیاری رژێم، **چونكە هەر ئۆپەراسیۆنێكی توركیا بەدرێژایی پێنج كیلۆمەتر بۆ راوەدوونانی هێزەكانی پەكەكە، كاریگەری دەكردەسەر شێواندنی ئەو بنكە و بارەگایانەی پارتەكەی** مەسعود بارزانی. لەگەڵ **ئەوەشدا ئێراق بەئەندازەی پێویست بەوریایی** مابوویەوە لەبەرامبەر هەرزێدەڕەوییەكی زیاتر لە **ئەكم بۆتێو قوڵایی خاكی ئێراق.** نیگەرانییەكانی توركیایش لەوەوە سەرچاوەیانگرتبوو كە رژێمی **ئێراقیش بۆخۆی** دەسەڵاتی نەدەشكا بەسەر نێوچە سنوورییەكانی خۆیدا. هەریەك لە تاڵەبانی و بارزانی پەشێوبوون بەو ڕێكەوتننامەیەی نێوان ئێراق و توركیا. بارزانی هەموو ئەو ناوچانە تا سنوورەكانی توركیا لەژێر ركێفیدا بوون. هەربۆیە تاڕادەیەك پەشێویی بارزانی لەوەوە سەرچاوەیگرتبوو كە لەهەر ئۆپەراسیۆنێكدا ئەوان دووچاری گرفت دەبوونەوە هاوكات پێوەندییەكانی ڕێبەری كوردەكانی ئێراق بەگەڵ ئۆجەلاندا زێدەتر بەرەو خراپی دەچوون. ترسی بارزانی لەوەدابوو كە لەگەڵ هەر سنووربەزاندنێكی توركیادا، ئەوانیش بەئامانجدەگیرێن. لە دووەم ساڵوەگەڕی دەستپێكی خەباتی گەریلایی پەكەكەدا دژبە توركیا لە ١٥ی هەشتی ١٩٨٦دا **هێزە** ئاسمانییەكانی توركیا تۆپبارانی نێوچە سنوورییەكانی باكووری ئێراقیانكردن لەئاكامدا نزیكەی ١٠٠ كەس لە هاوڵاتی كوردی سیڤیل و پێشمەرگەی پارتی دیموكراتی كوردستانی ئێراق كوژران. لە ساڵی داهاتوشدا هێزەكانی تورك ئۆپەراسیۆنێكی گچكەتریان بۆ نێوچەكە

دەستپێکرد. لە مانگی ئازاری ١٩٨٧دا دیسان نۆپەراسیۆنێکی گەورەی سنووربەزاندن و تۆپباران دەستپێکرد، لەئاکامدا چەندین کەس بریندار بوون و دەیان خانووی ئاوایییە کوردنشینەکان خاپوورکران.[١٩] دوو مانگ دواتر بارزانی بەشێوەیەکی فەرمی ئەو پرۆتۆکۆڵەی لەگەڵ پەکەکەدا واژۆیکردبوو هەڵیوەشاندەوە. رەنگە هۆشیاری بارزانی لەمەڕ زیادبوونی جەماوەری پەکەکەوە بووبێت، ئەو هەستەیان لەلای بارزانی چاند کە پەکەکە وەك دوژمن نەبینێت. لەمبارەیەوە بارزانی رایگەیاند: "ئێمە لەبارەی هێرشەکانی پەکەکەوە بۆسەر تورکیا، هیچشتێکمان نییە بۆ وتن، بەلاّم پاش ئەوەی ئەو هەموو رووداوانە روویانداوە، ئیدی ئەستەمە بۆ پەکەکە بتوانێت لە نێوچەکانی ژێر کۆنترۆڵمان بمێنێتەوە"[٢٠] کاتێك بارزانی داوایکرد پەکەکە نێوچە سنوورییەکان جێبهێڵن پەکەکە لەرووی داواکەی بارزانی نەوەستانەوە. دیارە کۆتایی هاوپەیمانییەتی نێوان پەکەکە و پارتی کەمێك کاریگەری لەسەر پەکەکە و چالاکییەکانی پەکەکە هەبوو لەنێوچەکەدا. چونکە هاوپەیمانییەکە رێگەیدابوو بە پەکەکە بنکە و بارەگاکانی خۆیان لە باکووری ئێراقدا دامەزرێنن. لەوماوەیەدا گەریلاکانی پەکەکە بەتەوای بارەگا و سەنگەرەکانی خۆیان لەناوچەکەدا دامەزراندبوو، ئیدی ئەستەمبوو لەونێوچانەدا هەڵبکەندرێن بەبێ بەکارهێنانی هێزی سەربازیی توند. ئۆجەلانیش دەمێکبوو بایەخی هاوپەیمانییەتەکەی لەلا بێبایەخببوو. هەربۆیە لەوماوەی پێشوودا دەستیدابوویە زنجیرەیەك رەخنە و گازاندە لە بارزانیو پێیوابوو خەباتی بارزانی خەباتێکی سەرەتاییە لەبەرئەوەی ئامانجەکانی لەپێناو ئۆتۆنۆمیدایە نەم سەربەخۆیی. ئێس کە نازناوی کادیرێکی پەکەکەبوو لەهەرێمەکەدا مژوڵی چالاکی بوو دەیوت: "چەندینجار مەسعود بارزانی نارەزایەتی دژبەو زمانە دەربڕیوە و پێیوابوو زمانێکی شەرمهێنەرە"، هەروەها لەشوێنێکیدیکەدا دەیوت: "بارودۆخی ئێمە وەك بارودۆخی کورد نییە لە تورکیا، خواستی سەربەخۆیی لەئێستادا خواستێکی سەختە". لەهەمانکاتدا مەسعود بارزانی فرە سەغڵەت و تورەبوو لەودەستدرێژیانەی پەکەکە کە دەیکردەسەر گروپ و رێکخراوە کوردییەکانیدی لەناوچەکەدا. بۆنموونە لە بەهاری ١٩٨٥دا چەکدارانی پەکەکە هەڵیانکوتایەسەر بارەگاکانی حیزبی کۆمۆنیست. دیارە ئەوەش بەپاساوی ئەوەبوو کە پشتگیری گروپە کوردییەکانی تورکیایان کردووە وەختێك کە لەشوێنەکانیدیا لەگەڵ پەکەکەدا لەجەنگدابوون. بارزانی ئەم هێرشەی پەکەکەی بۆسەر کۆمۆنیستەکان بەوجۆرە لێکدایەوە کە هێرشە بۆسەر پارتی، چونکە پارتی لەوکاتەدا لەگەڵ کۆمۆنیستەکاندا لە یەك هاوپەیمانید بوون. لەڕاستیدا

هێرشکردنەسەر کۆمۆنیستەکان و تووڕەیی بارزانی لەوهێرشە ڕەنگدانەوەی ململانێی بالآدەستی نێوان بارزانی و ڕێبازی سەرۆکایەتی ئۆجەلان بوو. ئۆجەلان لەوەدەمەدا چەپێکی توندڕەوبوو، ئەو بۆخۆی ببووە ڕێبەری پەکەکە، بارزانیش ڕێبەرێکی هۆزگەرای ترادیشناڵ بوو، ئەو سەرۆکایەتییەکەی بەشێوەی بۆماوەیی لەباببیەوە بۆ مابوویەوە، پاش ئەوەی بابی مرد، ئیدی ئەو بووە ڕێبەری بزووتنەوەکەی. بارزانی دەکرا توندوتیژبێت لەبەرامبەر نەیارەکانی، لەوانە پارتە کوردییەکانیدی، ئەوانەی چاویانبڕیبووە دەسەڵاتەکەی، وەلێ هیچ نیگەرانییەکی لەبەرامبەر ناوخۆی پارتەکەیدا خەیاڵی تەختبوو، بەڵام ئۆجەلان وانەبوو. بارزانی نەزمی لەسێدارەدانی بۆ نەیارانی ناوپارتەکەی بەکارنەدەهێنا، ئەو نەزمەی لەناو تەڤگەرە چەپە توندڕەوەکاندا فرە باوبوو. هێرش و هەڵکوتانەسەر پارتی کۆمۆنیست و نواندنی توندوتیژیی لەبەرامبەریان، هاوکات هێرشی زارەکی پەکەکە بۆ سەربارزانی دەنگدانەوەی بەرینی هەبوو، بەتایبەتی لەنێوان هەردوو گروپە ئێراقییەکە کە پەنای چەکدارانی پەکەکەیان دابوو، وەختێ کە هەڵهاتبوون بۆ نێوچەکانیان. بارزانی بەتەواوی لە هەڵچوون و پشێوییەکانی ئۆجەلان تێنەگەیشتبوو، ئۆجەلان دڵگرمێبوو لەبەرامبەر زۆرێك لە ئەندامانی گروپەکە، بەتایبەتی ئەوانەی وازیان لە پەکەکە هێنابوو. تەنانەت جارێکیان بارزانی هەوڵیدا تا بە سەلامەتی یەکێك لە ئەندامانی پەکەکە بگەڕێنێتەوە بۆ ناویان، ئەو ئەندامە ترسی ئەوەی هەبوو لەسێدارەبیدەن. ئیبراهیم ئایدن پاش ئەوەی لە پەکەکە هەڵدێت، لەسەر سنووری ئێران سوپای پازداران قۆڵبەستیدەکەن و پاشان پێشمەرگەکانی پارتی پەنایدەدەن. ئەو دەیوت: "مەسعود بارزانی هەواڵی نارد بۆ جەمیل بایك، مەسعود بارزانی پێیڕاگەیاندم کە دەتگەڕێنمەوە بۆنێو پەکەکە"، هەروەها وتی: "من داواکەی بارزانیم دایەدواوە، ئەو نەیدەزانی بەگەڕانەوەم دەمکوژن". لەڕاستیدا بۆ ئۆجەلان کێشە نەبوو چەند سەرکردەی کورد ڕقیانلێیدەبێتەوە یاخود بەڵێنەکانی ناباتەسەر، بەڵام بەهیچجۆرێك نەدەبوو ئەندامێکی پەکەکە واز لە پەکەکە بهێنێت. جەلال تاڵەبانی لە کۆتایی هەشتاکاندا وتی: "پەکەکە بەهێزنەبوو، بەڵام لەهەموو گروپە کوردییەکانیدی جەماوەریتر بوون"، هەروەها وتی: "بۆئەوەی بەهێزبیت، پێویستە ڕێکخستنێکی بەهێزو سەرکردەیەکی بەهێز و جەنگاوەرێکی سەرکەشت هەبن، ئەوانەش لەپەکەکەدا نەدەبینران، ئەوان ئەوی هەیانبوو پشگیرییەکی جەماوەری بوو". (٢١)

•••

۱. تەواوی ئەم بەشە بریتییە لە زنجیرە دیدارێکی چڕوپڕ لەگەڵ بەرپرسە پێشووەکانی پەکەکەدا.
to this A vari- ety of unpublished sources were critical section, including the open let- ters of Cetin Gungor to the PKK, dated April 15, 1983, May 10, 1983, Oct. 19, 1983, March 18, 1984, and August 16, 1984, and an unsigned, undated eulogy for Enver Ata in 1984. Also used was a pamphlet from Die Gruenen/GAL, "Politische Mord in Europa,"25/6/87.

۲. Semir, open letter to the European committee, April 15, 1983.

۳. Ocalan, PKK'ye Dayatilan, 47.

٤. **From the German-language translation of a November 1985 brochure issued by the PKK in Europe: "PKK-Vertretung in Europa,"**November 1985

٥. Birand, Apo ve PKK, 163.

٦. This figure is my own. Hatice Yasar, writing in the magazine Sterka Rizgari, No. 21, 2002 (Istanbul), 89fn12, names many of the same people; Bi- rand, in his Apo ve PKK, 121, came up with a figure of 10, but did not specify names

٧. The men arrested for the attacks on Ata and Gok had worked in the PKK's Serxwebun newspaper according to the Gruene/GAL report, "Politische Mord in Europa,"14.

٨. Cumhuriyet newspaper, Nov. 12, 1985.

٩ In his letter dated August 16, 1984, Semir identifies her as Ayten Yil- dirim, a name I also was given

۱۰. **This section** utilizes especially the firsthand experiences in **the region of Baran**, Celik, and former PKK militant S. The main **published** sources were Birand, Apo ve PKK, 134–143, and Imset, the PKK, 41–44, 107

۱۱. Birand, Apo ve PKK, 136.

۱۲. Birand, Apo ve PKK, 138

١٣. Sources for this section included Syrian Kurds, Ely Carmon, an Israeli expert on Syria and the PKK, and former PKK members active in the Bekaa. Some details relied on Makovsky, "Defusing the Turkish-Syrian Crisis"; Seale, Asad, 427; and David Barchard, "Ozal Signs Security Agreement with Syria,"Financial Times, July 18, 1987.

١٤. **Birand, Apo ve PKK, 177**

١٥. Information on Iraq and Iraqi Kurds relies mainly on McDowall, Modern History, 347–352.

١٦. They also were reported to be providing information on Turkish troops movement: See McDowall, Modern History, 426.

١٧. This section utilizes interviews with former PKK militants active in Iraq and the Bekaa during this period; and also non-PKK sources familiar with events at the time, including Mesut Akyol and Paris-based Kurdish Insti- tute chairman Kendal Nezan. **Published sources: Celik, Agri, 119–120; Dagli, Birakuji, 29–47; McDowall, Modern History,** 347, 350–351; and Chubin and Tripp, Iran and Iraq, 142. Barzani's comment on the PKK, probably half in jest, was made in 1982 to Nejdet Buldan, who had crossed into Iran to avoid an un- related jail sentence in Turkey.

١٨. See Birand, Apo ve PKK, 130–133

١٩. Attacks cited in Dagli, Birakuji, 44–45

٢٠. Quoted in Yeni Gundem, 27 Sept.–3 Oct. 1987, 14

٢١. Birand, Apo ve PKK, 197.

هەڵوێستی تورکیا

لە فیدراڵیزمی هەرێمی کوردستانی عێراق

ی. سەرپەرشتیار: وەسمی محەممەد ئەلشمەری

ی. توێژەر: محەممەد حازم حامید

وەرگێڕانی: حەسەن حسێن

لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی بیستەوە کە دۆزێ کورد سەریهەڵدا، تورکیا هاودەردی عێراق بووە لە ئاریشەکانی پرسی کورد، هەر ئەو مەترسییانەی لەوپرسەوە بەرهەمهاتن هۆکاربوون بۆ بەیەکگەیاندنی سیاسەتەکانیان تا کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەم دۆزە لەسەر ئاسایشی نەتەوەییان کۆنترۆڵبکەن. لە چەندین قۆناغی مێژووی ئەم دەوڵەتەشدا و سەرباری خۆپارێزیی تەحەفوزاتی تورکیا لەبەرامبەر ئەو ئۆتۆنۆمییەی عێراق بە کوردەکانی خۆیی بەخشی، هاوکاری زۆری یەکدییان کردووە و پەیوەندییان هەر بەردەوامبوو ئەوەش بەهۆی قەبارەی ئەو بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییانەی کە هەردوو دەوڵەتەکەی بەیەکەوە بەستووەتەوە و لەبەرچاوگرتنی تورکیا بۆئەو دۆخەی کەوای لە عێراق کرد بەیاننامەی ئۆتۆنۆمی ساڵی ١٩٧٠ بخوێنێتەوە کە ئەمە بەسەرەتا و ناوکۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەژمێردرێت لە ئایندەی عیراقدا.

لەڕاستیدا ترسی تورکیا لە دابەشبوونی عێراق و بوونی حکومەتێکی دیفاکتۆی کوردی لە باکوورەکەی لە هۆکارە سەرەکییەکان بوون بۆ بەشدارینەکردنی ئەو دەوڵەتە لە داگیرکردنی عێراق و روخاندنی رژێمە سیاسییەکەی لە ساڵی ٢٠٠٣، رووداوەکانی دواتریش هەقانییەتی ئەو ترسەیان سەلماند.

لەبەرئەوەی داگیرکردنی عێراق پاڵینا بەکوردەوە بۆ دەرکەوتنیان لەسەر شانۆی سیاسی و خواستەکانیشیان بۆ فیدراڵیزم و گەڕاندنەوەی کەرکوك ژیایەوە، ئەمەش وەك رێخۆشکردنێك بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتە چاوەڕوانکراوەکەیان.

گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە کە تورکیا پرسێکی ناوخۆیی عێراق (فیدراڵیزم) بە هەڕەشەیەك بۆ ئاسایشی نەتەوەیی خۆی دەزانێت و چارەسەرکردنیشی تەنها پەیوەندی بەعێراقەوە نییە، بەڵکو بە مافی خۆیی دەزانێت کە بەشداربێت لە دیاریکردنی ئەوچارەسەرەدا، لەگەڵ ئەوەی ئەوە پرسێکی ناوخۆیی عێراقییە، بەڵام دەستێوەردانی لەلایەکەوە پێشێلکردنێکی پرەنسیپەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانە لە سۆنگەی چەمکەکانی دنیای بەرلە کۆتایی جەنگی سارد. لەلایەکیدیکەشەوە ئەو دەستوەردانە دژی ئاراستە نوێیەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە لەدوای کۆتایی جەنگی ساردەوە و لەژێر چەتری ئەمریکادا گرتوویەتییەبەر و جەخت لەسەر مافی کەمینەکان دەکاتەوە لە دەربڕینی تایبەتمەندییەکانیان و مافیان لە دیاریکردنی چارنووسیاندا.

گریمانەی توێژینەوەکە:

گریمانەی توێژینەوەکە ئەوەیە کە تورکیا بەتوندی فیدراڵیزمی کورد لە هەرێمی کوردستان - عێراق ڕەتدەکاتەوە و دانیپیادانانێت لەبەرئەو مەترسییە سیاسی - ئاسایشی و ئابووری - کۆمەڵایەتییانەی کە دەیخاتەسەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکی، سەرباری ئەوەی تورکیا پێیوایە فیدراڵیزمی کوردی هۆکارێکی کاتییە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی لە باکووری عێراق.

کێشەی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین وەڵام بە سێ پرسیاری سەرەکی بدەینەوە ئەوانیش:

هەڵوێستی دامەزراوەی سەربازی چییە؟ ئەی هەڵوێستی پارتە سیاسییەکان چییە؟ لەبارەی فیدراڵیزمی هەرێمی کوردستانەوە، بەوهۆیەی ئەم دوانە بنەمای ڕژێمی سیاسین کە ئامنج و ئامرازەکانی سیاسەتی دەرەکی دەستنیشاندەکەن، پاشان بۆچی تورکیا فیدراڵیزم **لەعێراقدا** ڕەتدەکاتەوە، واتە ئەو مەترسییانە چین کە تورکیا پێیوایە بەدامەزراندنی فیدراڵیزم **لەعێراقدا** ڕوویەڕوویان دەبێتەوە؟..

میتۆدی توێژینەوەکە: لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی شیکاری بەستراوە وەك میتۆدێکی بنەڕەتی توێژینەوە، میتۆدی وەسفی و مێژوویشیی بۆ زیادکراوە.

هەیکەلی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکەمان کردووە بە سێ بەندەوە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانمان:
یەکەم: هەڵوێستی دەزگای سەربازی لە فیدراڵیزمی هەرێمی کوردستانی عێراق، دووەمیش: هەڵوێستی پارتە سیاسییەکانی تورکیا لەمەڕ فیدراڵیزمی هەرێمی کوردستان، سێیەمیش: مەترسییەکانی فیدراڵیزمی هەرێمی کوردستانی عێراق لەسەر تورکیا.

بەندی یەکەم

هەڵوێستی دەزگای سەربازی لەمەڕ فیدراڵیزمی هەرێمی کوردستان

کێشەی کورد بە یەکێك لە گرنگترین ئەو کێشانە دەژمێردرێت کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ڕووبەڕووی تورکیا دەبێتەوە و ئەگەری ئەوەشی لەبەردەمدایە بۆئەوەی لەئاییندەدا زۆر گەورە و قەبەببێتەوە، لەبەرئەوەی لە ناوخۆی کۆمەڵگەی تورکیدا وەك گرفتێکی ڕاستەقینە چاویلێدەکرێت. ڕوونیشە کە لە ڕۆژانی ئیمپراتۆریای عوسمانییەوە و پاش دامەزراندنی کۆماری نوێی تورکیا لە ساڵی ١٩٢٣ لەسەر بنەمای نەتەوەیی تورکی و لە سەردەمی فرەحیزبیشدا لە کۆماری تورکیا، سیاسەتەکان سەربارەت بە کێشەی کورد وەك خۆی مایەوە و دووبارەبووەوەی سیاسەتەکانی عوسمانییەکان و مستەفا کەمال ئەتاتورك [1] بووە.

تورکیا وەك تێکدەر سەیری کورد دەکات کە ژێرخانی وڵاتیان وێرانکردووە و ژیانی ئابوورییان پەکخستووە، بۆیە هەرشتێك پەیوەندی هەبێت بە کورد و چارەنووسیان و مافەکانیانەوە بەهەڕەشەیەك دەزانرێت بۆسەر ئاسایشە نەتەوەییەکەی و شلەژانێکی ڕاستەقینەی سەقامگیرییەکەیشی. هەربۆیە تورکیا سەرسەختترین نەیاری بەخشینی مافە بە کورد، جا لەهەرشوێنێك بن، دەکرێت تێبینی ئەوەش لەودەستوورانەدا بکرێت کە لە ساڵانی ١٩٢٤، ١٩٦١و ١٩٨٢دا دەرچوون کە هیچ دەقێکیان دەربارەی مافەکانی کورد تیانەهاتووە یا بە دەقێك وەك نەتەوەیەکی جیاواز لە نەتەوەی تورك بناسێنێت، بەڵکو میلەتی تورکیایان وەك یەك

میللەت ئەژمارکردووە کە هیچ نەتەوەیەکیتری تیانییە،[٢] هەر لە سۆنگەی تێگەیشتنی ئەتاتورکی دامەزرێنەری کۆمارەوە بۆ نەتەوە نکۆڵی لە گروپە نەژادییەکانی جگەلە تورك کراوە.[٣]

ئەتاتورك پێیوابوو کە نەتەوە لەسەر بنەمای ئاین یا نەژاد پێکنایەت بەڵکو لەسەر بنەمای هاولاتیبوون و دڵسۆزبوون بۆ ولات دادەمەزرێت. بۆیە مامەڵەی دەسەلاتدارانی تورك لەگەڵ کێشەی کورددا رەنگدانەوەی ئایدۆلۆژیای رەسمی (کەمالیزم) بوو سەبارەت بە پرسی کورد لە تورکیا بەوەی کێشەی کۆمەڵێك یاخی و خوێنرێژە کە لەژێر چەتری پارتێکدا کۆبونەتەوە کە توند وتیژی و تیرۆری کردووەتە ستراتیژیی خۆی و بەم پێیەش چارەسەری ئەم کێشەیە بە ریشەکێشکردنی رەگەکانی تیرۆر و بنبڕکردنی چەتەکان دەبێت لەرێگەی هێزی سەربازییەوە.[٤]

یەکێك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی کێشەی کورد لەتورکیادا خۆی لەدواکەوتوویی ئابووری دانیشتووانی کورد و گەشەی خاوی ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی و کەلتوری و رەتکردنەوەی مافە نەتەوەییەکانی کورددا دەبینێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا گشت ئەو چارەسەرانەی **کە لەلایەن سیاسەتمەدارانی تورکەوە، لە پلە وپایەی فەرمیدابن یا نافەرمی**، دەخرانەڕوو تەنها یا **لە چوارچێوەی پێشکەشکردنی پرۆژە و پێشنیاری ئابووری و کۆمەلایەتیدا** بوون بۆ پێشخستنی ناوچەی کوردان یا چارەسەرگەلی کاتی و تەکتیکی بوون بەمەبەستی بواردان بە دەسەلات تا خۆی جێگیربکات یاخود بانگەشەی هەڵبژاردن و گەمەی دەنگدان بوون.[٥]

روانینی ناسیونالیزمی تورکی و دەوڵەتی تورکیا بۆ هەر پرسێك کە پەیوەندی بە چارەنووس و مافەکانی کوردەوە هەبێت رەهەندگەلی نیمچەناڕۆشن وەردەگرێت، لەبەرئەوەی بە هەڕەشەیەکی دەزانێت بۆسەر ئاسایشە نەتەوەییەکەی و هەروەها مەترسییەکی راستەقینەش بۆسەر سەقامگیرییەکەی، نەك هەرئەوە بگرە لەوولاتانەی کوردیان تیایە تورکیا لەهەموویان زیاتر نەیاری مافەکانی کوردە، لەبەرئەوەی ئایدۆلۆژیای تورکی لەسەر گریمانەیەك دامەزراوە کە دەڵێت کورد لەسەر زەوی بوونی نییە، ناوەندەکانی بڕیاری سیاسیش بەدرێژایی زیاتر لە حەفتا ساڵ کاریان بۆ دووبارەکردنەوە و چەسپاندنی ئەو وتەزاییە کردووە، تا ئەوەی بووە راستییەك کە ناکرێت بەدرۆبخرێتەوە و هەموانیش بوونە (گەلی تورکیا)یەك کە کوردی تێداتوایەوە. ئیدی وایلێهات هەر هێنانەئارای کورد و هەبوونیان بە پیلانێك سەیربکرێت کە مەبەستی تێکدانی یەکپارچەیی خاکی تورکیا و ئاسایشەکەی و سەربەخۆیی و سەروەرییەکەیەتی، ئیتر چۆن باسی

مافەکانیان بکرێت، ئەخواسمە ئەو بەڵگەنامە و ڕێکەوتننامانەی بەم دواییانە ئاشکراکران ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن کە تورکیا هۆکاری ڕاستەقینە بووە بۆ شکستی ڕێکەوتنی کوردان لەگەڵ حکومەتەکانی ئەو دەوڵەتانەی کوردیان تێدایە.(٦)

دامەزراوەی سەربازی تورکی وەك پاسەوانی پرەنسیپەکانی ئەتاتورکیزم، هەڵوێستێکی توندی لەهەنبەر دۆزی کورد بەگشتی و فیدراڵیزم بەتایبەتی و هیچ دەرفەتێکیش لەدەستنادات بۆ دژایەتی و سەرکوتکردنی توند و بێسنووری هەر چالاکی یا بزاڤێك کە لە جووڵانەوەی کوردەوە دەربکەوێت، ئەم دامەزراوەیە لەپاڵیشیدا ڕاست و چەپی تورکی پێیانوایە کە پرسی کورد بەگشتی نابێت دەستی بۆببرێت و چەك چارەسەر و وەڵامە بۆ دۆزی کورد.(٧) بۆنموونە ساڵی ١٩٨١ ژەنراڵ کەنعان ئیڤرین ڕایگەیاند: "هەر ڕەوتێکی جوداخوازی بێبەزەییانە دەپلیشێنرێتەوە، کوردان هەن، بەڵام ڕێگەیاننادەین وڵات دابەشبکەن و ئەوان ناتوانن هیچمان لێبسێنن". ئەمەش مانایوایە تورکیا هێشتا کێشەی کوردەکانی بە کێشەیەکی تیرۆریستی دادەنێت و لە ڕوانگەی بژاردەی ئاسایشی و سەربازییەوە مامەڵەی لەتەکدا دەکات و وەك پرەنسیپێك ڕازینابێت بە بەخشینی هەر ئەندازەیەك لە ئۆتۆنۆمی لەکاتێکدا ئامادەیە بچێتە هەر ڕێکەوتن و دانوسانێك و ئۆپەراسیۆنێکی سەربازییەوە بۆ کۆتاییهێنان بە پارتی کرێکارانی کوردستان.(٨)

تورکیا هەوڵی عێراق و ئێرانیشی خستەگەڕ بۆ کۆتاییهێنان بە جووڵانەوەی یاخیبوونی کورد لە ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا و بەڵێنیشی لە هەردووکیان وەرگرت بۆ هاوکاریکردنی تورکیا لەپێناوی کۆتاییهێنان بە بوونی کورد لە ناوچە سنوورییەکان.(٩)

هەر لە سەرهەڵدانی بزاڤە چەکدارییەکانی کوردەوە لە تورکیا و ئێران، لە بیست و سییەکانی سەدەی ڕابردوو و تێگەیشتنیان لە خەونەکانی کوردانی وڵاتەکانیان بۆ سەربەخۆیی، دەستیانکردە هاوکاریکردنی یەکتر، سا بەشێوەی هاوپەیمانێتی بێت یا هاریکاری لەبواری ئاسایشدا، ئەم دوو دەوڵەتە لە ساڵانی ١٩٢٦و ١٩٣٢دا چەندین ڕێکەوتننامە و هاوئاهەنگی دووقۆڵییان ئەنجامدا کە بەگوێرەی ئەو ڕێکەوتنانە تورکیا بە هاوکاری هێزەکانی ئێران توانی جووڵانەوەکانی کورد کپبکاتەوە.(١٠)

لە شەڕی عێراق- ئێراندا تورکیا سوودی لە بێلایەنیی خۆی وەرگرت و هاریکاری عێراق و ئێرانیشی بۆ بەرەنگاربوونەوەی جووڵانەوەی کورد مسۆگەرکرد. لە ساڵی ١٩٨٤ تورکیا

ڕێکەوتنێکی ئاسایشیی لەگەڵ عێراقدا مۆرکرد کە بەگوێرەی ئەوە دەستیکرایەوە بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی و فڕۆکەکانی لەناو خاکی عێراقدا بۆ ڕاوەدوونانی چەکدارەکانی "پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا".[١١] لێرەدا خاڵێکی گرنگ هەیە پێویستە ئاماژەپێبکەین ئەویش سنووربەزاندنی بەردەوامی تورکیایە بۆ ناوچەی باکووری عێراق بۆ ڕاوەدوونانی چەکدارەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان کە وایلێهاتووە بووەتە ئۆپەراسیۆنی سەربازیی ڕۆتینی، ئەم ئۆپەراسیۆنانە بوونەتە فشارێکی سیاسی و سەربازیش لەسەر عێراق.[١٢] ساڵی ١٩٩٧ تورکیا زنجیرەیەك ئۆپەراسیۆنی زەمینی و ئاسمانیی فراوانی لەناو خاکی عێراقدا ئەنجامدا (ئۆپەراسیۆنی پۆلاَ ١٩٩٧) کە کەوانەیەکی فراوانی گرتەوە هەر لە چیاکانی زاخۆ و ڕۆژئاوا لەسەر سنووری سوریاوە و بە قووڵایی نزیکەی ١٠٠ - ٢٠٠ کم لەناو خاکی عێراقدا کە هێندەی نەمابوو بگاتە هەولێر و موسڵ، تا چیاکانی لۆلان لەسەر سنووری ئێران، پاساوەکەیشی جگەلە وێرانکردنی بنکەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، ئەوەبوو کە لەسەر داوای مەسعود بارزانی هاتووە و بەردەوامیش دەبێت تا ئەوکاتەی بارزانی کۆنترۆڵی تەواوی ناوچەکەی دەکات. **ئاماجی تورکیا لە هاریکاریکردنی بارزانی لە چوارچێوەی (ئۆپەراسیۆنی پۆلاَ ١٩٩٧)و هاوکاریکردنەکانیتری دواییش ئەوەبوو کە ڕێ لە بارزانی بگرێت لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ** حکومەتی عێراقیدا دەستپێبکاتەوە، ئەمەش بەڕوونی بەڵێدوانەکەی نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان لە تورکیا (سەفین زیا)ەوە (پێدەچێت مەبەستی سەفین دزەیی بێت و.ك) دیارە کە لە ئەنکارا ڕایگەیاند "دوای ئەوەی لەسەر بانگهێشتکردنی هێزەکانی تورکیا بۆ هاتنەناو باکووری عێراقەوە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا ئاڵۆزبووە، پارتەکەی گشت پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بەغداد بچڕاند".[١٣]

هەروەك سەرکردەی هێزەکانی وشکانی تورکیا لە ساڵی ٢٠٠٥ باسی لەوەکردەوە کە هاتنی چەکدارانی کورد لە باکووری عێراقەوە بۆ ناو تورکیا بۆ ئەنجامدانی چالاکی سەربازیی بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە،[١٤] ئەمەش تێڕوانینی گومانایی و ترسی تورکی نیشاندەدات لە ڕۆڵی دەرەکی لەم کێشەیەدا، هەرئەمەش پاڵینا بەتورکیاوە تا هەمئاهەنگی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی دراوسێیدا بکات کە کوردیان تیایە بۆ گەمارۆدانی هەر چالاکییەکی سیاسی یا چەکداریی کورد کە لە وڵاتانی دراوسێوە بێت.

بۆیە تورکیا و سوریا و ئێران ڕێککەوتوون لەسەرئەوەی کوردستانی عێراق وەك خەمێکی هاوبەشی خۆیان سەیربکەن و لەسەر بنەمای ئەو ڕێکەوتنەشەوە کۆبوونەوەی سێ قۆڵی وەرزیی لە پایتەختەکانی هەر سێ وڵاتدا ئەنجامدرا لەوانەش کۆبوونەوەی دیمەشق لە ساڵەکانی ١٩٩١و ١٩٩٤، هاتنی هێزەکانی تورکیاش بۆ ناو کوردستانی عێراق دەستدرێژیکردنێك بوو بۆسەر مافەکانی سوریا و ئێران، چونکە ئەگەر ئامانجی گەورەی تورکی نەبووایە، ئەوا تورکیا ڕێگەی بەخۆی نەدەدا بۆ ئەنجامدانی ئەم دەستدرێژییە کە شێوەی داگیرکردنی سەربازی وەرگرت،(١٥) نەجمەدین ئەربەکانی سەرۆکوەزیرانیش "زیاد لەپێویست لە نزیکبوونەوەی ئۆپەراسیۆنەکە لە سنوورەکانی ئێران"(١٦) خۆی پاراست .

سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەرفەرمانی پرەنسیپی "ئاشتی لەناوخۆ و ئاشتی لە دەرەوە" بوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٨و دوای کۆتاییهاتنی شەڕی عێراق ئێران، کاتێك بینی توانا سەربازییەکانی عێراق گەشەیانکردووە و هەڕەشەن بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەی، بەشێوەیەکی بەرچاو ڕووی لەوپرەنسیپە وەرچەرخاند، داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە ئەمەی بەهێزترکرد، بۆنموونە سەرۆکی پێشووتری تورکیا "تورگوت ئۆزاڵ" ئاماژەی بەوهەڕەشانە کرد کە عێراق بۆسەر دەوڵەتەکانی دراوسێی دروستکردووە و ئاماژەی بە ئەگەرەکانی هێرشی عێراق بۆسەر تورکیا لەدوای کوەیتەوە کرد و بڕیاری وڵاتەکەیشی بۆ پشتیوانیکردنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە شەڕی دووەمی کەنداو بە بڕیارێکی حەکیمانە وەسفکرد.

لەگەڵ ئەوەشدا کە هەڵوێستی ڕاگەیەنراوی تورکیا لە قەیرانی دووەمی کەنداودا و لە زاری بەرپرسەکانیەوە ئەوەبوو کە داوای لە عێراق دەکرد لە کوەیت بکشێتەوە و قەیرانەکە بە ئاشتییانە کۆتاییپێبهێنێت، بەڵام لەڕاستیدا تورکیا هێزێکی ناوچەکە بوو کە لەدوای شەڕی ساردەوە کەوتبووە پەراوێزی بایەخەکانی ڕۆژئاواوە و لەپێناوی پتەوکردنەوەی گرنگی ستراتیژیی تورکیا، هەوڵیدەدا دۆخەکە تا ئاستی بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی هێز ئاڵۆزتربکات و گۆڕانکاریی و پێشهاتەکان بخاتەخزمەتی بەدیهێنانی خەونەکانی لەناوچەکەدا، ئەوەبوو قەیران و جەنگی دووەمی کەنداوی قۆستەوە و بەستییەوە بە پرسی ویلایەتی موسڵەوە بەمەش دروشمی "ئاشتی لەناوخۆ و ئاشتی لە دەرەوە"ی تێپەڕاند لەبەرئەوەی بەگونجاوی نەدەزانی لەگەڵ واقیعدا، ئۆزاڵ خۆیشی گەرموگوڕبوو بۆ بەشداریکردنی فیعلی لە وەشاندنی گورزی سەربازیی دژ بە عێراق، بەڵام سەرۆکوەزیران ئەکپۆلۆت و سەرۆکی گشتی ئەرکان ژەنراڵ تۆرمتای دژی بیرۆکەکەی بوون و

ڕێگربوون لە جێبەجێکردنی خەونەکانی ئۆزاڵ، ئەمە جگەلە هەڵوێستی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانیش کە بۆچوونەکانی ئۆزاڵیان ڕەتدەکردەوە.(۱۷)

ڕوانگەکان لە تورکیا ناوچەکەیان بە کەشێکی مەترسیدار دەزانی وەك لەوەی گۆڕەپانێك بێت بۆ بەدەستهێنانی دەرفەتە پێشبینیکراوەکان. بە مانایەك هەوڵەکانی تورکیا بۆ چوونەناو تەنگژەکانی ناوچەکەوە کە هەمیشە پەرێزیدەگرتلێیان مەگەر ئەوەندەی هاوپەیمانێتییەکەی لەناتۆدا وایبخواستایە، هەنگاوێك بوو بۆ چارەسەرکردنی بۆشاییە ئەمنییەکان و ئەو بەرەنگارییانەی کە ناباوقەی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی دابوو.(۱۸)

هەربۆیە لە پاییزی ۱۹۹۰ەوە میدیای تورکی بایەخیدا بە سەلماندنی ئەوەی (موسڵ - کەرکوك) هی تورکیایە. هەروەك ناوەندە سیاسییەکانی تورکیا لەم ئاراستەیەوە دوورنەبوون، لێرەدا دەکرێت ئاماژە بە نەخشەیەك بکرێت کە ئامادەکردنی درایەپاڵ تورگوت ئۆزاڵ و بە (نەخشەی ئۆزاڵی) ناسرا کە بەپێی ئەو نەخشەیە عێراق دابەشدەبوو بۆ سێ دەوڵەتۆچکە: عەرەبی- کورد و تورکمانی لە چوارچێوەی یەکێتییەکی فیدراڵیدا، ئەوەی ئەمەش دەسەلمێنێت، **لەحوای ملوەیك لە بلاوبوونەوەی نەخشەکە، دەربڕینی (گەلانی عێراق) لەلایەن ئۆزاڵەوە بەکاردەهێنرا، هەروەها ئەو قسەیشی لێگوازراوەتەوە: "ئەگەر بەغداد کوەیت بە بەشێك لەخۆی** دادەنێت، ئەوا عێراق هەمووی هی عوسمانییەکان بوو"، ئارەزووی ئۆزاڵیش بۆ دابەشکردنی عێراق هەر بۆئەوەبوو ئاسانکارییکات بۆ دامەزراندنی ئەوەی ناوینا (فیدراڵیزمی ئۆزاڵی) کە بەپێی ئەوە باکووری عێراق (کورد و تورکمان) بخاتەسەر تورکیا و فیدراڵیزمێکی تورکی - کوردی (کە ئەمەی دوایی کوردی تورکیا و عێراقیش بگرێتەوە) دابمەزرێنێت. بەمەش لەیەککاتدا سێ ئامانجی دەپێکا، یەکەم: موسڵ و کەرکوکی دەوڵەمەند بە نەوت بخاتەسەر خۆی. دووەم: ڕێگری لە دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی لە باکووری عێراق بگرێت. لەهەمانکاتیشدا چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا. ئەوەش کە ئەمە دەسەلمێنێت ئەو کرانەوە وردەوردەیەی تورگوت ئۆزاڵ بوو بەڕووی کورددا، بەوەی ڕێیدا کوردەکان بە زمانی کوردی بئاخڤن و داوای لێکنزیکبوونەوەی تورکیا و کوردانی خۆی کرد و خودی خۆیشی بەشداربوو لەو ئاگربەستەی کە عەبدوڵلا ئۆج ئالان بە مانگێك بەرلەمردنی (ئۆزاڵ) ڕایگەیاند.(۱۹)

تورکیا ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە باکووری عێراق بەتایبەت لەنێوان هەردوو پارتە سەرەکییەکەی کوردستان ئەویش لەڕێگەی بەدەستەوەگرتنی داوە دەزووەکانی گەمەکە، جارێك

هاوکاری (پارتی دیموکراتی کوردستان)ی دەکرد دژبە (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)، جارێکیش دەبووە ناوبژیوان لەنێوانیان و دەستوەردانیش لەهەر ساتەوەختێکدا بۆ رێگرتن لە دروستبوونی هەر قەوارەیەکی سیاسیی کورد لە باکووری عێراق، لەبەرئەوەی ئەمە دەبێتە ناوکۆکەیەك بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی گەورەی کوردی و جەرگی یەکپارچەیی دەوڵەتی تورکیا دەبڕێت، جگەلەوەی ئەم دەستوەردانە کارتێکی فشاریشە لەسەر عێراق بۆ بەدیهێنانی هەندێك دەستکەوت لێی لەبارەی دۆزی کوردەوە و رێگرتن لەهەر رێکەوتنێکی سیاسی لەنێوان حکومەتی عێراق و کوردییەکاندا یا ئەوەی پەیوەستە بەهەندێك پرسیدیکەی وەك دەستوەردان لە بەرژەوەندی تورکمانەکاندا، بەتایبەت کە ئەنکارا رێکخراوەکانیانی دالدەداوە و پشتیوانیاندەکات.

دیمیریلیش لەکاتی سەرۆکایەتی حکومەتەکەیدا لە چوارچێوەی رۆڵی (پارێزەری کوردان)دا هەندێك لێدوانی لەبارەی بارودۆخی کوردانی عێراقەوەدا. بۆنموونە لە ۱۸ی کانونی دووەمی ۱۹۹۱دا دیمیریل هەرەشەیەکی راستەوخۆی بەدەستوەردانی سەربازی لە (بەرژەوەندی کوردی عێراق) لە عێراق کرد، ئەمەش نیشانەیەك بوو بۆ خەونێکی هەرێمایەتی تورکیا کە دەشێت سنووری نەبێت، پاساوێکیش بوو بۆ خانەگومانی لە نیازەکانی تورکیا لەلایەن دەوڵەتانی دەرودراوسێوە.

بەڵام سەرباری هەوڵەکانی دیمیریل وەك (پارێزەرێك)ی کوردان و ناوبژیوانێك لەنێوان جەلال تالەبانی و مەسعود بارزانیدا بەتایبەت ئەو دانوسانانەی رێکەوتننامەی سلۆپییان لێکەوتەوە، بەڵام هەر دیمیریل خۆی بوو کە دەستیوەردایە رێکەوتنی نێوان تالەبانی بارزانی و لە رۆژی ۲۳ی تەموزی ۱۹۹٤دا لەدوایین ساتەکاندا ئەو رێکەوتنەی لەباربرد کە بەگوێرەی ئەوە ئیمزا لەسەر پرۆژەی دەستووری دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لە باکووری عێراق، دەکرا، وەزارەتی دەرەوەی تورکیاش هوشداریدا کە "بڕیاردان لەسەر ئەو پرۆژەیە هەموو شتێك کۆتاییپێدەهێنێت". (۲۰)

هەوڵەکانی ناوبژیوانی تورکیاش لە ساڵانی ۱۹۹٤و ۱۹۹٦ لەنێوان هەردوو پارتەکەدا هەر لەوترسەوە بوو چونکە ناکۆکی نێوانیان یارمەتی (پارتی کرێکارانی کوردستان)یدا بۆ قۆزتنەوەی ئەو ناکۆکییە و دەرفەتێك بوو تا چالاکی چەکداری ئەنجامبدات، ئەمەش چەند رێکەوتنێکی لەنێوان ئەو دوو پارتەدا لێکەوتەوە، بەڵام هیچیان تەمەنێکی درێژیان لەچارە نەنووسرابوو. (۲۱)

لەدوای هەردوو جەنگی ساڵەکانی ١٩٩١و جەنگی داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا سوپای تورکیا چەند ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی وشکانی و ئاسمانی دژبە چەکدارەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە باکووری عێراق ئەنجامدا و بگرە سەرکردە سەربازییەکانی تورکیا هاوپەیمانە ئەمریکاییەکەیان هێنایەسەر ئەوباوەڕەی کە ئەزموونیان لە شەڕ و ئابلۆقەدانی پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا دەشێت وانەیەکی شایستەبێت کە لە بەرنگاربوونەوەی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەدا لەبەرچاوبگیرێت.[٢٢] ئامانجی ئەو ئۆپەراسیۆنانەش بێبەشکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان بوو لە دۆزینەوەی پەناگەیەکی ئارام لە ناوچەکانی دەوروبەردا و ئەوەش مسۆگەربکات کە بەشی زۆری شەڕەکان لە خاکی تورکیادا بکرێت، تورکیاش کە پێیباشبوو سەروەری بۆ عێراق بگەڕێتەوە هەر بۆجڵەوکردنی هەڕەشەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و زاڵبوون بوو بەسەر کێشەی کورددا.[٢٣]

هەروەها حکومەتی تورکیا لە ساڵی ١٩٩٦دا چەند یەکەیەکی سەربازیی تایبەت (کۆماندۆز)ی پێکهێنا کە خستییەژێر فەرمانداریی ڕاستەوخۆی وەزیری ناوخۆوە و مەشقپێکردنیانیشی سپارد بە ڕاهێنەری ئەمریکایی لەبواری شەڕکردن لەگەڵ باندەکاندا، دەستپێکی چالاکییەکانی ئەم یەکانەش کێومالکردنی (تمشیط) گوندەکانی کوردان بوو[٢٤].

بەم جۆرە هەڵوێستی دامەزراوەی سەربازی لەم بوارەدا ڕووندەبێتەوە کە جەخت لەسەر هاننەدانی ناوچەیەکی خۆبەڕێوەبردنی کوردی دەکاتەوە لە عێراق، ئێران و تورکیا لەبەرئەوەی لە تورکیا باوەڕوایە کە بوونێکی لەوچەشنە سەردەکێشێت بۆ دروستکردنی فشار بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی و ترس و پەشێوی لە تورکیا دەورووژێنێت و پەناگەیەکیش دەبێت بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان.[٢٥] دوای داگیرکردنی عێراقیش لە ساڵی ٢٠٠٣دا ئیدی بارودۆخەکە گۆڕاو نەخشەی هاوپەیمانییەکان لە بەرژەوەندی کوردی عێراق گۆڕانیان بەسەرداهات، ئەمەش بووە هۆکارێك بۆ لێکنزیکبوونەوەی تورکی ـ ئێرانی ـ سوری و دۆزی کورد، لەسایەی ترس لەپێدانی فیدراڵیزم بە کوردانی عێراق کە ڕەنگە بە سەربەخۆیی یەکجارەکی کۆتاییبێت،[٢٦] گرنگییەکی تایبەتی پێدەدرا لە پەیوەندییەکانی هەر سێ دەوڵەتدا.

بەمشێوەیە دامەزراوەی سەربازی دژبە بزاڤی نەتەوەیی کورد دەوەستێتەوە و بە جووڵانەوەیەکی جیاخوازی دەزانێت کە هەڕەشە لەویەکپارچەییەی تورکیا دەکات کە ئەتاتورك بناغەکەی دانا، ئەم دامەزراوەیە هەر شێوەیەك لە شێوەکانی ئۆتۆنۆمی یا فیدراڵیزم بۆ کورد ڕەتدەکاتەوە و

بەپێشێلکارییەکی پرەنسیپەکانی کەمالیزمی دادەنێت[٢٧] و سوورە لەسەرئەوەی راگەیاندنی سەربەخۆیی لەلایەن کوردی عێراقەوە یا دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی پاساوێکدەبێت بۆ دەستوەردانی سەربازیی دەستبەجێ.[٢٨]

بەندی دووەم

هەڵوێستی پارتە سیاسیەکانی تورکیا لە فیدراڵیزمی هەرێمی کوردستانی عێراق

پارتە سیاسییە عەلمانییەکانی تورکیا بۆنموونە وەك پارتی گەلی کۆماریی و پارتی جووڵانەوەی نەتەوەیی، سیاسەتی ناسیونالیستی توندیان هەبووە و لە روانگەی ئەوانەوە فیدراڵیزمی کورد لە باکووری عێراق هەرەشەیەکی راستەوخۆیە لە یەکپارچەیی خاکی تورکیا، بۆیە پێویستە رێگا لە سەربەخۆبوونی کورد بگیرێت. پارتی جووڵانەوەی نەتەوەیی پشتیوانی لە کردەیەکی سەربازی کرد بۆسەر عێراق کە ئۆردوگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و بەرێوەبردنی هەرێمی کوردستانیش لە کوردستانی عێراق بگرێتەوە، هەروەها لایەنگری بڵاوبوونەوەی هێزەکانی تورکیا بوو لە باکووری عێراق. هەرچی پارتی گەلی کۆمارییە ئەویش تێروانینێکی هاوشێوەی هەبوو و ئۆپەراسیۆنی سەربازیی لە باکووری عێراق بەپێویستدەزانی و هێزە سەربازییەکان پێویستە وەك هێڵێکی ئاسایش بەشێك لە باکووری عێراق بخەنەژێر جڵەوی خۆیانەوە.[٢٩]

پارتە عەلمانییەکان لەهەڵوێستەکانیاندا لەهەنبەر دۆزی کورددا تەبا و هاوڕان و بە کێشەیەکی جووداخوازی دەزانن و داوادەکەن کە رێوشوێنی توند لە دژی بگیرێتەبەر و هیچجۆرە ئۆتۆنۆمییەك یا فیدراڵییەك نەدرێت بە کورد. لەگەڵ ئەوەی حکومەتەکان و پارتەکان و نەخشەی پەرلەمان لە تورکیا گۆڕانیان بەسەردادێت، بەڵام هەندێك سەوابیتی تورکی هەن لەبەرانبەر عێراقدا کە بووەتە کۆکەرەوەیەکی هاوبەشی سەرجەم هێزە سیاسی و سەربازیی و ئابوورییەکانی تورکیا ئەویش پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراقە، لەوسۆنگەیەوە کە هەر دابەشبوونێکی عێراق و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە باکوورەکەی دەروازە بەڕووی لەتبوونی گشت دەوڵەتانی دراوسێدا دەکاتەوە بەتورکیاشەوە. لەمڕووەوە دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە بەفەرمی و تا ئەو شوێنەی ئەم ئامانجە لە باکووری عێراق بووەتە واقیعێکی بەرجەستە، کوردی تورکیاش هاندەدات بۆ شوێنپێهەڵگرتنی براکانیان لە عێراق و هەوڵدانی پەیگیر، ئەگەر درێژخایەنیشبێت،

بۆ جیابوونەوە لە تورکیا یا لایەنیکەم دامەزراندنی ئۆتۆنۆمییەك[٣٠] نەخوازە پارتە عەلمانییەکان پێیانوایە ئەو دەوڵەتە دەبێتە بنکەیەك بۆ پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیاو هەڕەشەیەك نەك هەر بۆ مافە رەواکانی تورکمان لە موسڵ و کەرکوك و گشت ناوچەکانی عێراق بەڵکو تەنانەت بۆ بوونیشیان.[٣١]

پارتە ئاینییەکانیش هەمان روانینیان هەیە، بۆنموونە لە سەوابیتەکانی پارتی ریفاه سەبارەت بە پرسی کورد ئەوەیە بەتوندی دژایەتی ئەوەدەکات کە هەرجۆرە مۆرکێکی سیاسی ببەخشرێتە ئەو ناوچانەی کوردیان بەشێوەیەکی چڕ تێدایە و هەوڵیشدەدات کە رێگربێت لە دەرکەوتنی نوێنەرانی دانیشتوانی کورد نەکا کێشەکەیان بگەیەننە رایگشتی تورکی و نێوەندە نێودەوڵەتییەکان، پارتی ریفاه وەك لایەنیکەم ئامادەیە کە مافی رۆشنبیری و پەروەردەیی ببەخشێتە کورد.[٣٢]

هەڵوێستی بناغەیی و رەقی پارتەکان لە کێشەی کورد، وەك کاروبارە سیاسییەکانی تورکیا ناکۆکیگەلێك دەردەخات کە پاساویان نییە، بۆنموونە پارتەکان بەهۆی ململانێی تەسکی حیزبایەتییەوە گەیشتنە ئاستێکی ترسی نەدانیان، ئەمەش زۆرجار رەنگدانەوەی لەسەر پرسە گرنگەکان دەبێت بەئەندازەیەك کە رەنگە کاریگەرییەکانی بگاتە ئاستی هەڕەشەکردن لە ئاسایشی نەتەوەیی، ئەمەش هۆکارێکە بۆ زیادبوونی دەستوەردانی سوپا لەڕێگەی کودەتا سەربازییەکانەوە، زۆربەی کودەتاکانیش بەهۆی قەیرانی سیاسییەوە روویاندا کە لە ئەنجامی ململانێی تەسکی حیزبەکانەوە بوو، هەر ئەو قەیرانانەی حیزبەکانیش بوو کە رێگەخۆشکەربوون بۆ دەرکەوتنی پارتی داد وگەشەپێدان لە ساڵی ٢٠٠٢.

هەڵوێستی پارتەکانی تورکیا لە هێزەکانی چەکوش (مەبەست لە چەکوشی ئامادەیە و.ك) کە ساڵی ١٩٩١ لەدوای جەنگی دووەمی کەنداو دروستبوو و ئامانجە راگەیەنراوەکەی پاراستنی کوردانی عێراق بوو لە راوەدوونانی هێزەکانی عێراق و پێشکەشکردنی یارمەتی مرۆیی بە کورد، سروشتی ململانێی تەسکی حیزبایەتی و بێپرەنسیپی ئەم پارتانە دەردەخات.

پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی تورکیا گومانی خۆیان لە پاڵنەرەکانی هەبوونی هێزەکانی چەکوش دەربڕی، بوڵند ئەجەوید سەرکردەی "پارتی چەپی دیموکراتی" ئاماژەی بەکاریگەرییە نیگەتیڤەکانی ئەو هێزانە لەسەر ئارامیی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مەترسییەکانی بۆسەر یەکپارچەیی خاکی تورکیا کرد و رایگەیاند هەڵوێستی فەرمی تورکیا هەڵوێستی سەرۆك ئۆزاڵ و

حکومەتی تورکی پەخشدەکاتەوە نەك گوزراشتێکبێت لە رایگشتی تورکی،(٣٣) سوریش بوو لەسەر ئەوەی" ناوچەکە بەرلەهاتنی هێزەکانی چەکوش ناوچەکە سەقامگیرتربوو"و هێزی چەکوشیشی تۆمەتبارکرد بەوەی مەترسی هێناوە بۆسەر یەکپارچەیی خاکی تورکیا.(٣٤) (تورکیش)یش کە سەرکردەی "پارتی جووڵانەوەی ناسیونالیستی"یە داوای چوونەدەرەوەی هێزە بیانییەکانی کرد لە خاکی تورکیا، نەجمەدین ئەربەکانی سەرکردەی پارتی (ریفاه)یش رایگەیاند "بوونی ئەو هێزانە ناسەقامگیرییان لە ناوچەکە دروستکردووە(٣٥)" و پێشێلکارییەکیشە بەرامبەر سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاکی تورکیا و ئاماژەی بەوەشکرد کە ئامانجی ئەو هێزانە دامەزراندنی (ئەرمینیای گەورەیە) لەناو خاکی تورکیادا و پشتیوانیکردنی کوردە جیاخوازەکانێتی نەك پاراستنی کوردانی عێراق، هەروەك ئەربەکان رەخنەی لە هەڵوێستەکانی دیمیریلیش گرت کە لایەنگری لە مانەوەی (هێزی چەکوش) کرد و گوتی "پابەندێتییەکانی پارتەکەی، پارتی ریفاه بریتییەلە ناردنی دیمیریل بۆ دادگە"،(٣٦) بەلام کاتێك سەرۆکایەتی حکومەتی وەرگرت رایگەیاند کە دوای ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پابەندێتی خۆی بۆ یەکپارچەیی خاکی عێراق و دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردی لە باکوورەکەی و هەمئاهەنگی کردنی هاوبەش بۆ دابینکردنی سنووری عێراق ـ تورکیا نیشاندا، رازیدەبێت بەدرێژکردنەوەی ماوەی مانەوەی هێزە بیانییەکان. هەردوو پارتی ئیئتیلافی دەسەلاتداریش "رێگای راست"و "پارتی گەلی دیموکراتیی کۆمەلایەتی"یش رازیبوون بەدرێژکردنەوەکە، ئەمەش ناکۆکە لەگەڵ هەڵوێستی هەردوو پارتەکە کاتێك ئۆپۆزسیۆن بوون،(٣٧) بۆنموونە پارتی رێگای راست داوایدەکرد هێزە بیانییەکان لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا خاکی تورکیا بەجێبهێڵن.(٣٨)

پارتی "نیشتیمانی دایك"یش کاتێك لەدەسەلاتدا نەما دژی بڕیارەکە دەنگیدا، ئەمەش پێچەوانەی هەڵوێستەکەی پێشووی بوو کاتێك لەدەسەلاتدا بوو لایەنگری بڕیاری مانەوەی هێزەکان بوو، کاتێك لە مانگی حوزەیرانی ١٩٩٤دا بابەتەکە خرایەڕوو بۆ گفتوگۆکردن بۆئەوەی بکرێتە بڕیار ١٩٣ نوێنەر دەنگیان بە بەڵێ دا و ١٤٧ نوێنەریش نارازیبوون و ١٠١ نوێنەریش لەدەنگدانەکەدا ئامادەنەبوون.(٣٩)

ئەوەی جێگەی سەرنجیشە لەم نێوەدا جیاوازی و دووری هەڵوێستی پارتە سیاسییەکانی تورکیایە، سائەگەر ئەم پارتانە عەلمانی بن یا ئیسلامی، کاتێك لەدەسەلاتدا دەبن یا لەئۆپۆزسیۆندا. ئەوان کاتێك ئۆپۆزسیۆن دەبن، بوونی هێزە بیانییەکان ر تدەکەنەوە و دژی

درێژکردنەوەی مانەوەیان دەنگدەدەن، کاتێکیش لەدەسەلاتدا دەبن رازیدەبن و درێژکردنەوەی مانەوەی هێزەکان پەسەنددەکەن.(٤٠)

تورکیا گیرۆدەی دوو گرفت بوو کە دەرهاویشتەی جەنگی دووەمی کەنداو بوون، یەکەمیان ئاکامەکانی دۆزی کورد لە عێراق و کریستالێزەبوونی ناوکۆکەی دەوڵەتێکی کوردی لە باکوورەکەی، دووەمیشیان: ئەو زیانە ئابوورییانە بوو کە بەهۆی بەشداریکردنیەوە لە ئابلۆقەی ئابووری سەرعێراق لێیکەوت و ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەنێوان تورکیا لەلایەك و عێراق و وڵاتانی کەنداو لەلایەکیترەوە راوەستا. سەرۆکی پێشووتری تورکیا سلێمان دیمیریل هەڵوێستی دەستەبژێری تورکیای لەسەر جەنگەکە ئاواپوختەکردەوە: "رووداني جەنگەکە شتێکی حەتمییە، تێوەگلانی تورکیا لەشەڕەکەوە کاریگەریی خراپیدەبێت بۆی، خۆئەگەر بەشداریشنەکات ئەوا زیانی گەورەی بەردەکەوێت، بەڕاستی ئێمە کەوتووینەتە دۆخێکی تراژیدییەوە "سلێمان دیمیریل بەمە ئەو گرفتارییەی دەرخست کە هەڵوێستی تورکیای خستووەتە کۆمەڵێك ناکۆکی و دژیەکییەوە، ئەمەش رەنگدانەوەی ئەو دڕدۆنگی و نیگەرانییە توندەیە کە بەدەستەبژێری سیاسیی تورکیاوە دیارە و دووپاتیکردەوە کە ئەم دۆخە "دژوارییەکی زۆری بۆ پێکهێناوین".(٤١)
سیاسەتی حکومەتەکانی تورکیا لەهەنبەر باکووری عێراقدا لەسەر کێشەی پارتی کرێکارانی کوردستان تا ساڵی ٢٠٠٢ چەقیبوو درێژەیکێشا تا ئەوکاتەی پارتی دادوگەشەپێدان دەسەلاتی گرتەدەست کە تیرۆریزمی پارتی کرێکاران و دۆزی کورد و کێشەی عێراق لە روانگەی ئەم پارتەوە کۆمەڵێك ئەڵقەی پێکەوەبەستراون ئەمیش لەبەرئەم هۆکارانەی خوارەوە:(٤٢)

١. مینتاڵیتەی تایبەتی پارتی دادوگەشەپێدان سەبارەت بەشێوازی سیاسەتی دەرەوە، لەم بوارەدا ئەم پارتە پشتیوانیی لە سیاسەتێکی دەرەکی فرەڕەهەند و فرەئاراستە دەکات لەبەرئەوەی هەر رووداوێك نابێت وەك یەك دۆز سەیربکرێت بەڵکو پێویستە بەشێوەیەکی راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ ببەسترێتەوە بەچەندین دۆزیدیکەی پەیوەندیدارەوە.
٢. ئەم پارتە پێیوایە کە ئامانجی سەرەکی لە سیاسەتی دەرەوە رۆنانی ناوچەیەکی ئارامە کە ئازادی و خۆشگوزەرانی بۆ هاوڵاتیانی تورك دابینبکات و لەپێناوی ئەم ئامانجەشدا تورکیا پەیوەندییە ئابووری و کەلتووری و سیاسییەکانی لەگەڵ دەرو دراوسێکانیدا پتەوکرد و لێرەوە پارتی دادوگەشەپێدان سیاسەتە دەرەکییەکەی بەگوێرەی ئەم مینتاڵیتەیە دارشت.

٣. دانوسان سەبارەت بەئەندامبوونی لە یەکێتی ئەورووپادا، لەپێناو بەئەنجامگەیاندنی ئەم پرۆسەیە بەسەرکەوتوویی پێویستە لەسەر تورکیا لە چوارچێوەی پەیوەندی دراوسێیەتی لەگەڵ یەکێتی ئەورووپادا، چارەسەری کۆتایی بۆ کێشەکانی لەناوچەکەدا بدۆزێتەوە.

٤. پارتی دادوگەشەپێدان بەڵێنیدا کەوا ناکۆکییە ناوچەییەکان کۆتاییپێبهێنێت و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە باشووری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ باشبکات و چارەسەری کۆتایی کێشەی کورد بکات.

چەند راپۆرتێکی سیاسیش ئەوەیان ئاشکراکرد کەوا حکومەتی دادوگەشەپێدان چارەسەرێکی بۆ کێشەی کورد ئامادەکردووە بەناوی (ئەخشەی کرانەوەی دیموکراسی)و لە ساڵی ٢٠٠٩یشدا لە واشینتۆن زنجیرەیەك کۆبوونەوە لەنێوان نوێنەرانی حکومەتی کوردستانی عێراقدا کرا بۆ تاوتوێکردنی پلانەکەی تورکیا کە جەخت لەسەر لایەنی ئابووری و بردنی سەرمایەی وەبەرهێنانی تورکی بۆ ناوچە سووتاوەکانی کوردستانی تورکیا دەکاتەوە تا جیاوازی نێوان ناوچەکان نەمێنێت و جەخت لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکاتەوە، چونکە ئەمە بە پارێزەری یەکپارچەیی خاکی تورکیا دەزانێت.(٤٣)

پارتی دادوگەشەپێدان نزیکەی دوو لەسەر سێی دەنگدەرانی کوردی بەلای خۆیدا کێشکرد کاتێك لە ساڵی ٢٠٠٢دا نزیکەی ٢٩٪ی دەنگەکانی ناوچە کوردییەکانی بەدەستهێنا.(٤٤)

ئەمەش بەهۆی ئەو پێداگرتنەوەیەوەبوو لەسەر کۆمەڵێك مافو ئازادی بۆ کوردان کە لەگەڵ خواستەکانی یەکێتی ئەورووپاشدا دەگونجێت و لەهەمانکاتیشدا هێڵی سوور نییە لەلای ژەنراڵەکانەوە وەك بەکارهێنانی زمانی کوردی لەسەر ئاستی کۆمەڵگە، میدیا و فێرکردندا،(٤٤) هەروەها پارتی دادوگەشەپێدان پێ لەسەر برایەتی ئیسلامی دادەگرێت کە تورك و کورد کۆدەکاتەوە و پێویستە لەسەر کوردانیش دوورکەونەوە لە پارتی کرێکارنی کوردستان لەبەرئەوەی باوەڕی جیاخوازانەی هەیە،(٤٥) .چونکە لە روانگەکانی ئەم پارتەوە، لەبەرئەوەی پارتێکی ئیسلامییە، یەکێتی ئاینیی دەخاتەپێش دابەشبوونی نەتەوەییەوە و لە ئەرکە سەرەکییەکانی پارتیش چارەسەرکردنی کێشەی کوردە لەبەرئەوەی یەکێکە لەو کێشانەی کە بەدرێژایی تافەکانی پێشوو چارەسەرنەکراوە.

سەرۆکوەزیرانی تورکیش رەجەب تەیب ئەردۆگان دانینا بە بوونی کێشەی کورد لەتورکیادا و گوتی تاقە چارەسەر بەدیهێنانی دیموکراسییەت و ریفۆرمە و لە ساڵی ٢٠٠٥یشدا سەردانی دیاربەکری کرد و رایگەیاند کەوا حکومەتەکەی هەوڵدەدات بە دیموکراسییەتی زیاتر چارەسەری کێشەی کورد بکات، بەرپرسی باڵی چەکداری پارتی کرێکارانی کوردستانیش وتەکانی ئەردۆگانی بە هەنگاوێکی ئەرێنی پەسنکرد (وصف)و بەڵێنیدا هێرشە سەربازییەکان لە دیاربەکر بوەستێنێت.(٤٧)

سەرۆکی تورکیاش عەبدوڵڵا گویل سەردانی چەند ویلایەتێکی کوردیی کرد و دووپاتیکردەوە کە ئەو سەرۆکی هەمووانە و سەرۆکایەتیش بایەخێکی تایبەت دەداتە کوردان لە باشووری رۆژهەڵاتی وڵات، بەڵام لەقسەکردنیدا لەبارەی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە رەقتربوو کاتێك گوتی: "دەوڵەت نەرمینانوێنێت لەگەڵ جیاخوازەکان یا هەرکەسێك کە بەڵگەی لەسەربێت کە یارمەتیاندەدات" هەربۆیە پارتی دادوگەشەپێدان دەیەوێت کێشەی کورد بەدوور لە سیاسەت و تەنها بەسەرنجخستنەسەر لایەنی ئابووری چارەسەربکات.(٤٨)

بەو لێدوانەی سەرۆکی تورکیاشەوە دیارە کە پارتی دادوگەشەپێدان هەرجۆرە ئارەزوویەکی جیاخوازی کوردانی عێراقیش بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیان لە باکوور رەتدەکاتەوە لە ترسی ئەوەی کە ئەم دەوڵەتە یارمەتی پارتی کرێکارانی کوردستان بدات و ببێتە بنکەیەك بۆ هێرشەکانی دژبە تورکیا.

حکومەتەکەی دادوگەشەپێدان پەیرەوی لەرێگەی هاریکاری ئابووری لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا گرتەبەر وەك ئامرازێك بۆ زاڵبوون بەسەر خەونەکانی کورددا لەرێگەی قووڵکردنەوەی پاشکۆیەتی ئابوورییانەوە لەبەردەم تورکیادا، چونکە ئیدی هێزی سەربازی تەنها رێگایەك نەبوو کە سوریا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی کورددا پەنای بۆببات،(٤٩) هاوبەشێتی ئابووری رۆڵێکی گەورەی هەبوو و رایەڵەیەك بوو کە هەردوولای بەدوور لەلایەنی سەربازی کۆکردەوە.

بەندی سێیەم

مەترسییەکانی فیدراڵیزمی هەرێمی کوردستانی عێراق لەسەر تورکیا

لەپشت ئەو هەڵوێستانەی تورکیاوە بۆ رەتکردنەوەی فیدراڵیزمی هەرێمی کوردستانی عێراق کۆمەڵێك مەترسی ئەمنی، سیاسی و مەترسی کۆمەلایەتی و ئابووری هەن کە هەڕەشەن بۆسەر بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی تورکیا لە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا. لەم بەندەدا هەوڵدەدەین وەلامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە مەترسییەکانی فیدراڵیزمی هەرێمی کوردستانی عێراق لەسەر تورکیا چین؟ ئەم رەتکردنەوەیە لەکۆمەڵێك مەترسی سیاسی، ستراتیژیی، ئاسایشی، ئابووری و کۆمەلایەتییەوە سەرچاوەدەگرن لە روانگەی تورکیاوە:

دۆزی کورد کاریگەریی ئاشکرای هەبوو لەسەر پەیوەندییەکانی عێراق ـ تورکیا بەهۆی دوو فاکتەری گرنگەوە یەکەمیان: بوونی سنوورێکی هاوبەش کە درێژییەکەی ٣٣١ کم و زۆربەی بە ناوچە کوردنشینەکاندا درێژدەبێتەوە کە سروشتێکی شاخاویی سەختی هەیە، ئەمەش وادەکات چاودێری و کۆنترۆلکردنی جووڵەی دەستە و گروپە چەکدارەکان لەسەر سنوورەکان سەختبێت، دووەم عێراق وەك تورکیای هاوسێی هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە لە ساڵی ١٩٢١ چەندین جووڵانەوەی چەکداریی کوردی بەخۆوەدیوە هەربۆیە دۆزی کورد پانتاییەکی گرنگی لە پەیوەندییەکانی عێراق ـ تورکیادا داگیرکردووە.[٥٠]

سیاسەتی تورکیا لەبەرامبەر کورددا هەر لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەوە تا ساتەوەختی ئەمرۆکەمان بەمجۆرەبووە:[٥١]

١. رەتکردنەوەی تەواو بۆ هەرجۆرە هەوڵێك بەئامانجی بەشکردنی عێراق چ لەسەر بنەمای خێلەکی بێت یا ئەتنی و رەتکردنەوەی هەرشێوەیەك لە شێوەکانی لکاندنی کەرکوك لە چوارچێوەی فیدراڵیزمدا.

٢. رێگرتن لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی لە باکووری عێراق لە ترسی ئەوەی کوردی تورکیاش داوای هەمانشت بکەن و هەوڵبدەن دەوڵەتێکی کوردی لە باشووری رۆژهەلاتی تورکیا رابگەیەنن.

٣. پاراستنی تورکمانەکان لە عێراق و پشتیوانیکردنی هەندێك پلان بۆ بەخشینی ئۆتۆنۆمی بە تورکمانەکان لە کەرکوك.

٤. دوای دەستگیرکردنی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان (عەبدوڵڵا ئۆج ئالان) لە ١٩٩٩/٢/١٥ لە کینیا و لەدەستدانی بنکەکانی لە سوریا و بیقاعی لوبنان و کەمبوونەوەی پشتیوانی ناوچەیی و نێونەتەوەیی لەو حیزبە، ئینجا پاککردنەوەی باکووری عێراق لەهەرجۆرە هەژموونێکی پارتی کرێکارانی کوردستان.

لەراستیدا یەکێك لە هۆکارەکانی رازینەبوونی تورکیا بەوەشاندنی گورزی سەربازی لەلایەن ئەمریکاوە لە عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا پەیوەندی هەیە بە پرسی کوردەوە، چونکە بەپێی خوێندنەوەی تورکی دەشێت ئەو گورزە جیابوونەوەی باکووری عێراق زیاتر بچەسپێنێت بە قازانجی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی کە ئەمەش مەترسی هەیە بۆسەر ئاسایشی تورکی، چونکە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بۆی هەیە ناکۆکیی جیاخوازانەی بەهێز لەلای کوردی تورکیا بوروژێنێت و ببێتە سەرمەشقێك بۆ کوردانی تورکیا، ئەمە جگەلەوەی دەبێتە وتستگەیەکی دەربڕینی چالاکییە چەکدارییەکانی کوردی تورکیا لە ناوچەکانی باشووری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ.[٥٢]

لەم بنەمایەوە بەرپرسانی تورك چوار مەرجیان دانا بۆ پاڵپشتیکردنی هێرشی سەربازیی بۆ داگیرکردنی عێراق کە ئەمانەن[٥٣]:

١. دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردی لە باکووری عێراق.

٢. قەرەبۆکردنەوەی ئەو زەرەر و زیانانەی کە ئابووری تورکیا لەم هێرشەوە لێیدەکەوێت.

٣. پێشکەشکردنی پاڵپشتیی تایبەت بۆ گەلی عێراق و پاراستنی سەلامەتی و یەکپارچەیی خاکەکەی.

٤. کورد هیچ دەسەڵاتێکیان لە موسڵ و کەرکوکدا نابێت.

ئەمەش رۆڵی تورکیا روونەدەکاتەوە لە لەباربردنی ئەو پلانەی تاڵەبانی و بەرزانی لە ١٩٩٤/٧/٢٣ لە پاریس لەسەری رێککەوتن تاهەر لە پاریس لە ١٩٩٤/١٠/١٣دا بەمەبەستی مۆرکردنی پرۆژەی دەستووری دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لە باکووری عێراق کۆببنەوە.[٥٤]

سەبارەت بە مەترسییەکانی ئاسایش و مەترسییە سیاسییەکان، داگیرکیردنی عێراق واقیعێکی نوێی هێنایەئارا ئەویش دامەزراندنی قەوارەیەکی فیدراڵیی کوردی لە باکووری عێراق بەشێوەیەکی فەرمی کە لە دەستووری عێراقی ٢٠٠٥دا بڕیارلێدراوە و زۆربەی هۆکارەکانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی تیایە و ئەمەش لە روانگەی تورکیاوە خۆی بەتەنها مەترسییەکی گەورەیە کە لە مەترسییەکانی پارتی کرێکاران گەورەترە و بگرە ئەردۆگان لە کانونی دووەمی ٢٠٠٧دا رایگەیاند دابەشکردنی عێراق کارێکی زۆر مەترسیدارە و رێپێدراونییە، گرنگی عێراق لای تورکیا لەسەروو یەکێتی ئەوروپاشەوەیە.[٥٥]

بانگهێشتکردنیش بۆ دامەزراندنی فیدراڵیزم لەپاڵ پێداگرتن لەسەر مافی کوردی عێراق لە دیاریکردنی چارەنووسیاندا لەلایەن هەندێك هێزی کوردییەوە سەریانهەڵدا لەپێناو بەخشینی دەسەڵاتی فراوان بە کوردستانی عێراق کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن ئەمەش بۆ بەدیهێنانی ئارەزووی کورد لە دیاریکردنی مافی چارەنووسیاندا، مەسعود بارزانیش رایگەیاند دیموکراسی و فیدراڵیزم دوو مەسەلەی پێویستن بۆ عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵی و سەربەخۆییش مافێکی رەوای گەلی کوردە، بەڵام ئێستاکە بەرژەوەندیمانوایە کە لە عێراقێکی فیدراڵی و دیموکراتیدا بین..[٥٦] جەلال تاڵەبانیش داوای مافی دیاریکردنی چارەنووسی کوردی کرد لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵیدا. بە بڕوای کوردان بژاردەی فیدراڵیزم و دامەزراندنی سیستمێکی فیدراڵی لە عێراقی ئاییندەدا باشترین چارەسەرە بۆ کێشەی کورد و پێکەوەژیانی عەرەب و کورد.[٥٧] هەرچەندە پێداگریش لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق بکرێتەوە، بەڵام مافی دیاریکردنی چارەنووس خۆی ئاماژەیە بۆ شتێکی نزیك لە سەربەخۆیی.[٥٨]

تورکیا بە هەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ هەرشتێکدا دەکات کە ئۆتۆنۆمی ببەخشرێت بە کورد لە وڵاتانی دراوسێدا و خەون بەوەشەوە دەبینێت کە موسڵ و کەرکوك بخاتەسەر خۆی لەپێناو هێشتنەوەی کورد لەناو بازنەی هەژموونی خۆیدا و گرنگترین پاڵنەریشی ترسێتی لە بارودۆخی هەنوکەی باکووری عێراق هۆکاری ترسەکەیشی دەگەڕێتەوە بۆ دوو فاکتەر کە ئەمانەن:[٥٩]

١. هاوسێیەتی ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا و کوردستانی عێراق.

٢. سەرکەوتنی کوردی عێراق لەبەرجەستەکردنی کارەکتەری کەلتووریی و شوناسی نەتەوەییان، پاشان ئەو شوناسە رەهەندێکی سیاسی وەردەگرێت تا دەگات بە پێکهێنانی حکومەتێکی خۆجێی و پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو کە ئەمە وا لە تورکیا دەکات بەشێوەیەکی نائاسایی گرنگی بە بارودۆخی عێراق بدات لەبەر کاریگەریی ئەم پێشهاتانە لەسەر بارودۆخی کورد لە تورکیا.

لەڕاستیدا حکومەتی تورکی لەلایەکەوە خۆی لەبەردەم هەڕەشەی بەردەوامی پارتی کرێکارانی کوردستاندا بینیوەتەوە کە لە باکووری عێراق نیشتەجێن، لەلایەکیتریشەوە تێکۆشانی کوردانی عێراق بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی جیا لە کوردستانی عێراق و ترسلەوەی ئەمە رەنگدانەوەی لەسەر گۆڕەپانی تورکیا، هەربۆیە حکومەتی تورکیا لەڕێگەی هێرشی سەربازییەوە بۆسەر بنکە و بارەگاکانی ئەو پارتە لە باکووری عێراقدا هەوڵیدا لە هەڕەشەکانی پارتی کرێکاران رزگاربێت.(٦٠)

تورکیا دەترسێت لەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان پێگەی پێشکەوتوو دامەزرێنێت کە، **لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتێك یا فیدراڵیزمێکی کوردی لە باکووری عێراقدا**، لەڕووی سیاسی و **سەربازییەوە کارا و کاریگەربێت** و ببێتە **پەناگەیەکی** ئارام بۆی،(٦١) بەتایبەت کە ئەگەر بزانین لە ساڵی ١٩٩٠ەوە **پارتەکە بووەتە سوپایەکی تەواو و پێکهاتوو** لە پارتیزانی راستەقینە.(٦٢) کوردی عێراقیش هەر لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستەوە بوارياندا بە پارتی کرێکارانی کوردستان بەوەی پەناگەیەکی ئارامییان لە باکووری عێراقدا هەبێت کە دەکرێت یارمەتیدەرێکبێت بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان و بگرە سەبارەت بە ناوچە کوردنشینەکان لە تورکیا بانگەشەی هەرێمیشی پێشکەشبکات.(٦٣)

ئەوەش شرۆڤەکاران پێیلەسەردادەگرن ئەوەیە کە کورد و حکومەتی عێراقی کاردەکەن بۆ بەرتەسککردنەوەی بوونی پارتی کرێکارانی کوردستان و نەك لەکۆڵخۆکردنەوەیان ئەویش لەبەر دوو هۆ یەکەمیان: پێیاننارکرێت لەبەرئەوەی چەکدارەکانی ئەو پارتە لە ناوچە سەختە شاخاوییەکاندا بڵاوبوونەتەوە. دووەمیان: ئارەزوویان بۆئەوەی وەك کارتێك بەدەستیانەوەبێت تا ئەگەر لە ئایندەدا پێویستیکرد بۆ رووبەڕووبوونەوە یا دانوسانیان لەگەڵ تورکیادا بەکاریبهێنن.(٦٤)

هەربۆیە ئەنجوومەنی باڵای هاریکاریی ستراتیژیی نێوان عێراق و تورکیا کە بەپێی ڕێکەوتنێکی دووقۆڵی لە ١/٧/٢٠٠٨دا لەنێوان هەردوو وڵاتدا دامەزرا، بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان عێراق و تورکیای مسۆگەرکردووە لە بوارەکانی سیاسی و ئاسایشدا، لە بنەماکانی ئەو ئەنجوومەنەش:(٦٥)

١. پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانی حکومەتی عێراق لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و پاراستنی سەربەخۆیی و سەروەری تەواو و یەکێتی خاك و وڵاتەکەی.

٢. هەر لایەنێك ڕێز لە خاکی وڵاتی لایەنەکەیتر بگرێت و پشتیوانی هەوڵە هاوبەشەکانی یەکتربکەن بۆ ڕێگرتن لە هاتوچۆی تیرۆریستان و گوازتنەوەی نایاساییانەی چەکوچۆل لەعێراقەوە و بەپێچەوانەیشەوە، پێداگرتن لەسەر گرنگی بەهێزکردنی هاریکاریی نێوانیان بۆ زاڵبوون بەسەر سنووورە هاوبەشەکانیاندا و ڕێگرتن لەهەموو جۆرەکانی گوازتنەوەی قەدەغەکراو کە ئەمە پشتیوانی دارایی و لۆجیستی و هەموو جۆرەکانی پشتیوانیدیکە لە تیرۆریستان و ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان دەگرێتەوە.

قەیرانی لەمێژینەی پارتی کرێکارانی کوردستان چۆنێتی بەهەدەردانی توانا ئابووری و سەربازییەکانی تورکیای ئاشکراکرد بەتایبەت کە ئەم قەیرانە هەڕەشەی لە هەڵگێڕانەوەی سەروەری دەوڵەتی تورکی لەسەر خاکەکەی خۆی نەکرد، بەڵکو لەگەڵ زیادبوونی قوربانیانی خەڵکی سیڤیل و سەرباز و بەردەوامبوونی بێپسانەوەی چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستاندا، ڕەوایەتی سیستمی فەرمانڕەواییش کەوتەبەر هەڕەشەوە.(٦٦)

(عەبدوڵا گوڵ) لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا و لەوەڵام بەو هەواڵانەی باس لە هەوڵی کورد دەکەن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە عێراق ڕایگەیاند: "دوای ئەو پێشهاتانەی ئەم دواییانەی باکووری عێراق و ناوچەکانیتر کە ڕەنگە کاریکەنەسەر یەکێتی سیاسیی عێراق، ئێمە هوشداریانداوە"(٦٧) ئەخواسمە تورکیا پێیوایە کەوا سەربەخۆیی شتێکی پێشبینیکراوە و فیدراڵیزمیش و ئۆتۆنۆمیش هیچ نین جگەلە ئامرازێك بۆئەوە، هەردوو پارتە کوردییەکەش چالاکی میللی و جەماوەریی بەرفراوان ئەنجامدەدەن بۆ وشیارکردنەوەی هاوڵاتییان سەبارەت بە گرنگی فیدراڵیزم و سەربەخۆیی، لەوانەش (لیژنەی کورد بۆ ریفراندۆم) بە هاوکاری کۆمەڵەی (سەربەخۆیی کوردستان) وەك پشتیوانییەکی تەواو بۆ سەربەخۆیی کەمپینێکی بۆ کۆکردنەوەی ئیمزای هاووڵاتییان سازکرد و ئەنجامەکانی ڕاپرسییەکەیشی بڵاوکردەوە و گەیاندییە هێزەکانی

هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان تاوەك ئەوەی لە تەیموری رۆژهەڵات روویدا و لە ئەندەنونیزیا جیابووەوە، بڕیارێك سەبارەت بە مافی دیاریکردنی چارەنووس دەربکات.(٦٨)

لەعێراقدا بەفیعلی دەوڵەتێکی کوردی هەیە کە هەموو پایەکانی دەوڵەتی تیایە وەك خاك، گەل، حکومەت، دەسەڵات، سوپا و ئابوورییەکی بەرهەمی نەوتی تازە پێگەیشتوویشی هەیە، ئەم دەوڵەتە خەونی ئەوەی هەیە سنوورەکانی بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان فراوانبکاتەوە.(٦٩) وەزیری دەرەوەی تورکیا ئەحمەد داود ئۆغلۆ لەوبارەیەوە دەڵێت: "گروپە کوردەکانی باکووری عێراق بەردەوامبوون لە دەستگرتن بەوهیوایەی کە بارودۆخی نێودەوڵەتی هەلی دامەزارندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیان بۆبڕەخسێنێت".(٧٠)

سەبارەت بە هەڵوێستی تورکیاش لەبارەی مافی کورد لە دیاریکردنی چارەنووسدا ئەوە سەرچاوەی بێزارییەکی توندبووە بۆی چونکە تورکیا دان بەهەبوونی میللەتی کوردا نانێت،(٧١) ئەو لەهەرکاتێکدا بێت دەستیوەردەدات بۆ رێگریگرتن لە قەوارەیەکی سیاسیی کوردی لە باکووری عێراق لەبەرئەوەی ئەمە بە ناوکۆکەیەك دەزانێت بۆ دەوڵەتێکی کوردیی گەورە کە **گورزێك دەبێت بەردڵی یەکێتی تورکی دەکەوێت هەربۆیە دژی کورد لەعێراقدا پێشتر و ئائێستاش کاریگەریی لەسەر بڕیاربەدەستانی تورکی هەیە**.(٧٢)

پارتی کرێکارانی کوردستان بەنیازە جێپێی سیاسی و سەربازی خۆی لە کوردستانی عێراقدا بپارێزێت، لە ٢٠١١/٤/١٨دا هەندێك لە بڕیارەکانی کۆنگرەی هەشتەمی خۆی راگەیاند کە لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەستی، لەو بڕیارانەش هێشتنەوەی هێزە سەربازییەکەی و ئامادەگیی لە کوردستانی عێراق و پێکهێنانی پارتی سیاسیی سەربەخۆی لە سوریا، ئێران، عێراق، تورکیا و لەهەرشوێنێك کوردی لێبێت.(٧٣) جگەلەوە پارتی کرێکارانی کوردستان سەرکەوتووترین پارتە لە جەنگی پارتیزانیدا دژبە دەوڵەتی تورکی و لەناو کوردی تورکیادا لەهەمووان جەماوەریترە و رایشیگەیاند سەربەخۆیی گشت کوردستان کۆتا ئامانجی ئەوە.(٧٤)

بێگومان هێرشی تورکیا بۆسەر باکووری عێراق بەتەنها ئامانجی بنکە و بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان نەبوو، بەڵکو تورکیا ویستی کۆمەڵێك مەرامی سیاسیی رانەگەیەنراویدیکە بەدەستبهێنێت کە رەنگە گرنگترینیان لەرووی سیاسییەوە بریتیبێت لە وروژاندن و دروستکردنی قەیران و کێشە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق و تێکدانی ئەزموونە سیاسییەکەی و لاوازکردنی توانای حکومەتی هەرێم لە زاڵبوون بەسەر باکووری

عێراقدا کە ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆئەوەی مافی رەوایەتیی خستنی کەرکوك بۆسەر هەرێم بسووتێنێت.[٧٥] سەرۆکی پێشووتری تورکیاش (سلێمان دیمیریل) رایگەیاند "سەرچاوەی میکرۆبی پارتی کرێکارانی کوردستان عێراق و لوبنان و سوریان".[٧٦]

تورکیا دەترسێت لە گوازتنەوەی پەتای فیدرالیزمی کوردی بۆ کوردەکانی خۆی کە دەستکەوتی کوردی عێراق بووەتە هاندەریان تا هەمان رێبازی سیاسی و سەربازی بگرنەبەر[٧٧]، رووبەرووی خەونی حکومەتی ئێستای هەرێمو چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان دەبێتەوە تیایدا کە دەترسێت ئەم حکومەتە لەو کۆتە دەرچێت و ببێتە نموونەیەك بۆ کوردانی تورکیا کە ئەمیش حەوسەڵەی بەرگەگرتنی نییە،[٧٨] نیشانەگەلێکیش دەرکەوتوون کە کوردانی تورکیا ئازایەتی خەباتی سیاسیی لە براکانیان لە سنوورەکانی عێراقەوە وەردەگرن کە ئەمەش بووە هۆی وروژاندنی کاردانەوەی چارەهەڵنەگری تورکیا،[٧٩] هەربۆیە پاڵنەری شاراوەی پشت هەڵوێستی تورکیا ئەوەیە کە پەتای ئەم دەوڵەتە نەگوازرێتەوە بۆ کوردەکانی، چونکە ئەمە بەلای ئەوەوە سەرچاوەی بەلاّ و دایکی کارەساتەکانە (أم الكوارث)(*)[٨٠] ((ئوملکەواریس لەدوای جەنگی داگیرکردنی عێراقەوە وەك ئیدیۆمێك بەرامبەر ئوملمەعاریك (ام المعارك)ی سەدام حسێن لەناو ئەدەبیاتی عێراقیدا بەکاردەهێنرێت. و.ك)) بەتایبەت کە حکومەتی هەرێم زۆر ساڵناکاتەوە لەگرتنەخۆ و چاودێریکردنی کوردانی دەرەوەی عێراق وەك چۆن میوانداری پارتە نەیارە کوردەکانی کرد کاتێك ئەو پارتانە شکستیانهێنا لە چەسپاندنی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە بڕیارەکانی کۆنگرەی پارتە بەرهەڵستکارەکانی سوریا کە لە ساڵی ٢٠١٢ لە ئەنکارا گیرا.

ئەگەر مەترسییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی فیدرالیزمی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆسەر تورکیا بخەینەسەر ئەوانەی لەپێشدا باسکران، ئەوا مەترسییە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان بەلای تورکیاوە لەوەدا خۆیدەبینێتەوە کە دەوڵەتی کوردی سنوورەکانی بەسەر هەناردەی تورکیدا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەت وڵاتانی کەنداوی عەرەبی، یاخود بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی تورکیا بکرێتە ئامانج لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستانەوە.

هەرچی مەترسییە کۆمەڵایەتییەکانیشە لە کەمینەی تورکمانەکان لەعێراقدا خۆی دەبینێتەوە کە دەترسێت لەوەی دەوڵەتی کوردی هەڕەشەبێت بۆسەر ماف و ئازادییەکانیان و لەلایەن کوردەوە بچەوسێنرێنەوە و هەروەها نیگەرانی تورکیا لەوەی کەرکوك فرێتەسەر هەرێمی

کوردستانی عێراق، بەتایبەت کە تورکیا خۆی بە بەرپرسیاردەزانێت بۆ بەرگریکردن لە مافی ئەو کەمینانەی تورك نەژادن لەوانەش تورکمان.

عێراق هاوبەشێکی بازرگانی سەرەکییە لە دەستکەوتنی کەلوپەلی تورکی لەبەرامبەر نەوتی عێراقیدا و درێژەدانیش بەپەیوەندییەکی بەهێزی بازرگانی لەنێوان هەردوو ولاتدا رێگا لەبەردەم ئۆتۆمبیلە بارهەلگرەکانی تورکیا دەکاتەوە بۆ گەیاندنی بەروبومی کشتوکالی بۆ ولاتانی کەنداوی عەرەبی و کۆمپانیا تورکییەکانیش والیدەکات کە هەولی بەدەستهێنانی گرێبەستی ململانێکارانەی زیاتربدەن لەکەنداودا،[81] هەروەها زۆربەی کۆمپانیا تورکییەکان لە هەرێمی کوردستان کۆمپانیای تورکین.

لەئەگەری دروستبوونی دەولەتی کوردیشدا لە باکووری عێراق دەشێت سیاسەتی داخستنی سنووری تورکیا وەك شێوەیەکی فشاردانان ببێتە ئامانجێکی پارتی کرێکارانی کوردستان، بەتایبەت ئەگەر لەو دەولەتە کوردییەدا پەناگەی ئارامی بۆ فەراهەمبێت نەخواسمە کە لە ئەنجامی قەیرانی کەنداو لە سالی ١٩٩١دا و بەهۆی داخستنی هێلی بۆرییەکان و نەمانی بازرگانی لەگەل عێراقدا، تورکیا زەرەرێکی زۆریکرد و بێبەشبوو لە داهاتی گرنگی نەوت و دەستراگەیشتن بە نەوت،[82] بەتایبەت ئەگەر ئەوەش بزانین کە پارتی کرێکارانی کوردستان هەرەشەیکرد کە هەر پرۆژەیەك بۆ هێلی بۆریی بۆ گەیاندنی نەوت بە دەریای قەزویندا دەکاتە ئامانج کە بۆ گواستنەوەی نەوت لە ئاسیای ناوەراستەوە بەتورکیادا بروات بۆ دەریای ناوەراست.[83]

دژایەتییەکانی تورکیا بۆ بیرۆکەی هەبوونی دەولەتێکی کوری لەوەوە سەرچاوەدەگرێت کە سەرکردە و بەرپرسان و دەستەبژێرەکانی تورك ناتوانن بیرۆکەی پێکەوەژیانی ئاشتییانە قەبولبکەن لەگەل دەولەتێکی کوردیدا لە باکووری عێراق کە دەبێتەهۆی ئالۆسکانی دۆزی کورد لە ولاتی خۆیان و هەرەشە بۆسەر رەوش و مافەکانی تورکمان و زیانی ستراتیژیی لە ئابووری نەخوازە ئەوەی پەیوەندی بە نەوتی کەرکوکەوە هەیە،[84] چونکە تورکیا نیگەرانە لە دەولەتێکی کوردی کە زالبێت بەسەر سەرچاوەکانی نەوت لە کەرکوك و کوردستاندا.[85]

پاشان دابینبوونی پەناگەیەکی ئارام بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان لە فیدرالیزمی کوردستاندا گرنگترین مەترسیی ئابوورییە لەسەر تورکیا هەندێك مەزندەکردنی تازەش ئاماژە بۆئەوەدەکەن کە تورکیا لە دژایەتیکردنی پارتی کرێکارانی کوردستاندا سالانە ٨ ملیار

خەرجەدەکات جگەلە خەریککردنی نزیکەی ٧٥٪ سوپاکەی بەم ناکۆکییەوە.[٨٦]

لەلایەکیتریشەوە بایەخپێدانی تورك بە رەوشی تورکمانەکان لەعێراقدا لەدوای شۆڕشی ١٤/ ٦٠٠٠:٠/١٩٥٨ەوە زیادیکردووە و گەلێك لەو رۆژنامە و گۆڤارانەی لە ئەنکارا و ئەستەنبوڵ دەرچوون باسیانلەوەدەکرد کە پێیدەگوترێت پشتیوانیکردنی تورکمانەکانی کەرکوك، ئەوانەی دووچاری چەوسانەوە و بێبەشکردن لە ئازادییە تایبەتییەکانیان هاتوون و ژیانیان لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە دووچاری پێشێلکاریدەبێتەوە.[٨٧]

لە ساڵی ١٩٨٨یشدا حکومەتی تورکی بەڕێوەبەرایەتییەکی دروستکرد کە لکاندی بە وەزارەتی دەرەوەوە و ناوینا (بەڕێوەبەرایەتی رەوەندی (جالیە) تورك لە دەرەوە) کە بریکارێکی وەزیر سەرۆکایەتیدەکات و ئەرکەکەی بەستنەوەی کەمینە تورکەکانە، لەجیهاندا، بە وڵاتی ٠٠ هەر لەبەلقانەوە تا چین.[٨٨]

بەمای سەوابیتەکانی تورکیا دەستگرتنە بە یەکپارچەیی خاکی عێراق و رێگرتنە لە دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی لە باکوورەکەی مەبەستیشی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی تورکمانەکانە لە حاڵەتی لێکترازانی عێراقدا بەجۆرێك کە لە هیچ حاڵەتێکدا نەبنە پاشکۆی دەسەڵاتێکی ئۆتۆنۆمی کوردی و رێگرتن لەوەی عێراق لە ئاییندەدا ببێتە هەڕەشەیەك بۆ سەر تورکیا.[٨٩]

ئامانجێکی سەرەکی وەزارەتی دەرەوەی تورکیاش لەعێراقدا لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە بریتیبوولە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دانیشتووانی تورکمان لەو ناوچە هەستیارەی کەرکوکدا.[٩٠]

لەدوای هەڵبژاردنی گشتی لەعێراقدا کە لە ٣٠/کانوونی دووەم/٢٠٠٥ ئەنجامدرا، ئەنجامەکانی بەرپرسانی تورکی تووڕەکرد، سەرەکوەزیران رەجەب تەیب ئەردۆگان رایگەیاند کە هەڵبژاردنەکە نادیموکراسی و نادادپەروەرانەیە، بەرپرسیارێتی ئەو پەشێوییانەش کە لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا لەنێوان تورکمان و کورددا لە کەرکوك هاتوونەتەئاراوە خستەئەستۆی واشنتۆنەوە،[٩١] ئەمەش بەدەستوەردانێکی ئاشکرا دەزانرێت لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا.

کێشەی کەرکوك لە سەوابیتەکانی سیاسەتی تورکیا لەبەرانبەر عێراق دادەنرێت، لەڕاستیشدا دروستبوونی کوردستانی عێراق (مەبەست لە دروستبوونی ئەو قەوارە سیاسییەی هەرێمی کوردستانە و.ك) هانی تورکیایدا تا داوای ئەوەبکات تورکمانەکان ا، ناوچەی کەرکوك

مافی کەلتووری و ئۆتۆنۆمییان بدرێتی و نابێت لەئاییندەدا بەهیچشێوەیەك سەربە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردی بن، بۆئەوەی تورکمان ئەو(بوارە زیندووە)ی تورکیابن لەناوعێراقدا جا رووەو بەغداد یا رووەو کورد.(٩٢)

لەداوی داگیرکردنی عێراقیش لەلایەن ئەمریکاوە، تورکیا نارەحەتبوو لەوەی هێزەکانی ئەمریکا یارمەتی کورد بدەن بۆ دەستبەسەرداگرتنی کەرکوك کە ئەمەش داوای کورد بۆ سەربەخۆیی زیاتردەکات و هەڕەشە بۆ سەر تورکیا و بەرژەوەندی تورکمان زیاتردەکات..(٩٣) تورکیاش هەڕەشەی بەنێودەوڵەتیکردنی کێشەی شاری کەرکوکی کرد،(٩٤) نەخوازە کە کورد چەندین هەنگاوینا بۆ بەکوردیکردنی شاری کەرکوك.(٩٥)

تورکیا بەئاشکرا و بەنهێنی، بەپاساوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا و پاراستنی بوونی تورکمان، دەستوەردەداتە کاروباری عێراق(٩٦) سەرۆکی تورکیا عەبدولا گویل رایگەیاند ئیدیی لەدنیادا شتێکی نەماوە ناوی کێشەی ناوخۆییبێت و وەك چۆن کورد کاتێك دووچاری چەوسانەوە دەهاتن، پارێزران، ئەمڕۆکەش ئەگەر تورکمان بچەوسێنرینەوە پێویستە بپارێزرێن. وتیشی تورکیا هەرلەسانە لەوەی کەرکوك بکرێتە بۆسنەیەکیتر.(٩٧)

لەچاوپێکەوتنێکدا لە بەرنامەی (حوار مفتوح)ی کەناڵی ئەلجەزیرە لە رۆژی ٢٠٠٧/٢/٢٤ لەگەڵیدا سازیکرد، (ئەردۆغان)یش هەڵوێستی فەرمی وڵاتەکەی لەپەیوەند بەمەسەلەی کەرکوك روونکردەوە و گوتی "یەکەم کەرکوك ناکرێت و نابیت لەژێر سەروەری یەك نەتەوەدا بێت، کەرکوك عێراقێکی بچووکە و بەمپێیەش هی هەموو عێراقییەکانە، هەندێك هەوڵی ئەوەدەدەن کە پێکهاتەی دیوگرافیی کەرکوك بگۆڕن، هاوڵاتییە کوردەکانی عێراق هەوڵدەدەن پێکهاتەی دانیشتووانەکە بگۆڕن ئەوەش شتێکە ئێستا لای هەمووان زانراوە، هەوڵدان بۆ دوورخستنەوەیان بێسوودە، چونکە هەمووان دەزانن و بەبەڵگەشەوە سەلماوە کە ئەوان دەیانەوێت پێکهاتەی دانیشتووانی کەرکوك بگۆڕن".(٩٨)

هەر سەبارەت بەهەمان کێشە نوێنەری تایبەتی تورکیا لە عێراق ساڵی ٢٠٠٦ رایگەیاند کێشەی کەرکوك کێشەیەکی ناوخۆیی عێراق نییە لەبەرئەوەی کاریگەریی راستەقینەی هەیە لەسەر وڵاتانی دراوسی و لەهەڤپەیڤینێکیشدا لەگەڵ کەناڵی A.T.V تورکیدا هەمان بەرپرس جارێکیتر دووپاتیکردەوە کە کێشەی کەرکوك کاریگەریی گەورەی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا دەبێت.(٩٩)

کۆتایی

تورکیا لەگەڵ عێراق، لە کێشەی کورد لەوڵاتەکانیاندا، هاوبەشن، ئەمەش وایکردووە هەر لە پەیماننامەی بەغداوە(*)هەتا رێکەوتنی گشتیی ئاسایش لە ساڵی ٢٠٠٨دا، هەمئاهەنگییەك لەنێوان حکومەتی هەردوو دەوڵەتەکەدا هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی، بەڵام هەردوو وڵات لە شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئەم کێشەیەدا جیاوازبوون، لەکاتێکدا لەعێراقدا لە ساڵی ١٩٧٠دا لەعێراق داننرا بە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد، بەڵام لە تورکیا هیچ مافێکی نەتەوەیی یا سیاسی نەدرا بە کورد و بگرە دەربارەی کێشەی کورد دەستیوەردایە ناو کاروباری عێراقەوە، ئەمیش بە دوو ئاراستەدا:

یەکەمیان: دژایەتیکردنیان بە هاوکاری حکومەتەکانی عێراق.

دووەم: بەکارهێنانیان لەعێراقدا و لە دژی حکومەتی عێراق بەمەبەستی بەدەستهێنانی دەستکەوتی سیاسیی کاتی، دواتر تورکەکان بۆیاندەرکەوت ئەوە زیاتر زیانی بە بەرژەوەندییەکانیان گەیاندووە وەك لەوەی سوودێکیانپێبگەیەنێت، لە دەرئەنجامەکانی ئەوەش هاتنەئارای ناوچەیەکی ئارامبوو کە حکومەتێکی دیفاکتۆی هەیە و پاشان سیستمێکی سیاسی فیدراڵی کە بە یاسا ئەو دیفاکتۆیە دەچەسپێنێت.

تورك لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانییەوە و تا ئەمڕۆ کێشەی کوردی وەك کێشەی خەڵکانێکی لەیاسادەرچوو سەیرکردووە و دانینەناوە بەهیچ مافێکی سیاسی یا کەلتووریی و تەنانەت وەك نەتەوەیەکی سەربەخۆ لەناوتورکیاشدا دانپێدانەناون، وەك کێشەیەکی ئاسایش و ئابووری مامەڵەی لەگەڵ کێشەکەیاندا کردووە و کێشەی کوردی بە کێشەی دواکەوتەیی ئابووری، ناوچەگەلێکی دابڕاو کە زۆرینەیەکی کورد تێیدانیشتەجێن، راڤەکردووە. بۆچوونیشیوایە کە چارەسەرکردنی لەرێگە پەرەپێدانی ناوچەکەوە دەبێت لەڕووی ئابوورییەوە، هەربۆیە پرۆژەی (گاپ) لەهەندێك لایەنییەوە یەکێکە لەو هۆکارانەی ئەم کێشەیە کۆتاییپێدەهێنێت، لەبەرئەوەی لە روانگەیەکی تورکییەوە مامەڵە لەگەڵ هۆکار و ریشەکانیدا دەکات. دروشمی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا(ئاشتی لە ناوخۆ، ئاشتی لە دەرەوە) لە جەرگەی جەنگی دووەمی کەنداودا، لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٠، تێپەڕێنرا. ئەمەش بەهۆی کاریگەریی سێ فاکتەرەوە بوو:

یەکەمیان: ترسی زۆری تورکیا لە سەرکەوتنی تواناکانی عێراق لەدوای جەنگی عێراق - ئێران، داگیرکردنی کوەیتیشی لەلایەن عێراقەوە بە زەنگێکی مەترسیدار دانا کە رەنگە تورکیاش بگرێتەوە. دیارە ئەم ترسەش خەیاڵی یا گریمانەیە لەبەرئەوەی بارودۆخەکان بەهیچجۆرێك بوار بەوەنادەن، بەڵام ئەمەش پاساوێکبوو بۆئەم دوو فاکتەرەی خوارەوە:

فاکتەری دووەم: هەوڵدان بۆنەوەی لێکچوون (تەماهی) بکات لەگەڵ هەڵوێستی ئەمریکیدا کە خۆی بە باڵادەستی سیستمی دوای جەنگی سارد دەزانێت، ئەمەش هەوڵێکە بۆ سووربوون لەسەر پێگەی ستراتیژیی تورکیا لە سیستمی نوێی جیهانیدا، دوای ئەوەی پێشبینیدەکرا کە ویلایەتە یەکگرتوەکان و پەیمانی ناتۆ بەهۆی نەمانی بایەخی پێشووی تورکیاوە لە ململانێ لەگەڵ روسیادا، دەستبەرداری رۆڵی تورکیا بن، سەرباری ئەوەی تورکیاش خۆی بەشوێن یارمەتی و دەستکەوتی ئابوورییەوە بوو لەو هەڵوێستەیدا.

فاکتەری سێیەمیش بریتییەلە داواکردنەوەی ویلایەتی موسڵ لەلایەن تورکیاوە، لەسەر **بەرزترین ئاستی سیاسیی و میدیایی تورکیدا، داواکاری زۆر کرا بۆ گەڕاندنەوەی ویلایەتی موسڵ و کەرکوك کە نەوت و تورکمانی تیایە، کوردستانی عێراقیش بەشێکە لەم ویلایەتە** بۆیە پرۆژەیەکی فیدراڵیزمی کوردی تورکی لەژێر چەتری ئیسلامیدا وەك چارەسەرێکی ریشەیی، خرایەڕوو.

سیاسەتی تورکی لەئاست عێراقدا بەم ئاراستەیەدا رۆیشتووە، بەجۆرێك تورکیا زۆرترین رۆڵی دنەدەرانەی هەبووە دژ بە عێراق، هەر بەگوێرەی ئەم ئاراستەیە (هێزی چەکوش)ی نێودەوڵەتی پێکهات بۆ پاراستنی هاووڵاتییانی کورد لە حکومەتی عێراقی. ئەو هێزانەش هاوسەنگی و هەڵوێستەکانی تورکیای سەرەوبنکردەوە، وەك ئەوەی زەنگێکی مەترسیداری راستەقینە لێیدابێت و تورکیا خۆی لەبەردەمیدا بینییەوە. دوای کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی ئەو هێزە، تورکیا هەندێك بەڵگەی بۆ ئاشکرابوو کە بەدەستتێکەڵاوکردنی رۆژئاوای دەزانی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستاندا کە لەلای تورکیا و رۆژئاوا لە ریزی رێکخراوە تیرۆریستیەکاندا پۆلینکراوە. ئەو رووداوە وای لە تورکیا کرد بترسێت لەوەی کوردستانی عێراق ببێتە نموونەیەك کوردی تورکیا چاویلێبکەن بەتایبەت پارتی کرێکارانی کوردستان بەئاشکرا و بەجیدیی هەوڵی سەربەخۆبوونی کوردستان دەدات.

گشت هێزە سیاسییە فەرمییەکانی تورکیا لە دەزگای سەربازییەوە تا حکومەتە یەك لەدوای یەکەکان بێپەردە دژبەم داوایەن، هەروەها پارتە سیاسییەکانیش، بەڵام کاتێك لە دەرەوەی دەسەڵاتدا دەبن رەفتارێکی هەلپەرستانە و هەڵبژاردنانەیان هەیە و لەسەر حسابی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا، باجی هەڵوێستەکانیشیان دەدەن، هەندێك چارەسەری پینەوپەرۆ دەخەنەروو، بەڵام هیچسوودێکی نییە لە بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکانی فیدراڵیزم لەعێراقدا، لەوەی هەڕەشەیەکە بۆسەر یەکپارچەیی خاکی تورکیا و گوڕەشەیەکە بەدابەشکردنی تورکیا تا ئەومەترسییە ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی هەرێم و حکومەتی کوردی، ئەگەر بارودۆخی نێودەوڵەتی گونجاوبێت بۆ راگەیاندنی، دروستیدەکەن.

بەمجۆرە روونبووەوە تورکیا نەیاری هەر ئاراستەیەکە کە خوازیاری بەخشینی هەر مافێکی سیاسی و کەلتووری بێت بە کورد. لەبەرخاتری ئامانجی کاتی و تێپەریش خۆی لەبەردەم زەمینەخۆشکردنێکدا بینییەوە بۆ دروستبوونی فیدراڵیزم لەعێراقدا کە ئەمەش، ئەگەر بارودۆخی نێودەوڵەتی لەباربێت، هەنگاوێکی یەکلاکەرەوەیە بۆ راگەیاندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لە کوردستانی عێراقدا. پاشان کاتێك هەستیکرد ئەمە هەڕەشەیە لە کرۆکی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا لەبەرئەوەی ترسی هەیە بۆسەر یەکپارچەیی خاکی تورکیا، کەوتە هەڵپەکردن بۆئەوەی ئەم فیدراڵیزمە تەنگبکاتەوە و دژی بوەستێتەوە.

•••

پەراوێز و سەرچاوەکان:

١. حيدر، عادل كاظم خضير، الدور السياسي للمؤسسة العسكرية في تركيا(١٩٨٠ ـ ٢٠٠٠)، اطروحة دكتوراه غير منشورة، كلية العلوم السياسية جامعة النهرين، ٢٠٠٩،ص ١٣٩ ـ ١٤٠.

٢. سعد رزيج ايدام سعيد، العلاقات التركية ـ الايرانية ١٩٧٩ ـ ٢٠٠٦، الواقع و المستقبل، اطروحة دكتوراه غير منشورة، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، ٢٠٠٨، ص ١٥٩ ـ ١٦٠.

٣. عامر علي الراضي العلاق، الخيارات التركية تجاه الاتحاد الاوروبي، دراسة في العلاقات التركية الاوروبية ما بعد الحرب الباردة، اطروحة دكتواره غير منشورة، المعهد العالي للدراسات السياسية والدولية، الجامعة المستنصرية، ٢٠٠٥، ص ٦٨.

٤. حيدر عادل كاظم خضير، المصدر السابق، ص ١٣٧.

٥. حيدر عادل كاظم خضير، المصدر السابق، ص ١٣٨، ١٣١.

٦. عامر علي الراضي العلاق، المصدر السابق ص ٨٤
٧. علاء جاسب عجيل، سياسة تركيا الخارجية تجاه العراق في عهد توركوت اوزال، رسالة ماجستير غير منشورة، المعهد العالي للدراسات السياسية والدولية، الجامعة المستنصرية، ٢٠٠٥، ص ١٥٨.
٨. عماد محمد صالح، العلاقات التركية اليونانية ١٩٧٤ ـ ٢٠٠٤، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، ٢٠٠٥، ص ـ ص ٧٢، ٦٩.
٩. كوثر طه ياسين، النظام السياسي التركي في ظل دستور عام ١٩٨٢ وتوجهاته تجاه العراق، اطروحة دكتوراه غير منشورة، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، ٢٠٠٦، ص ٢٢١.
١٠.سعد رزيج ايدام سعيد، المصدر السابق، ص ١٦٥.
١١. علي حسين احمد، التيارات السياسية في تركيا واثرها على مستقبل العلاقة مع العراق، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، ٢٠٠٥، ص ١٥٢.
١٢. التقرير الاستراتيجي العربي، التفاعلات التركية ـ العربية ـ الاقليمية، مركز الاهرام للدراسات السياسية و الاستراتيجية، متاح على شبكة المعلومات الدولية على الموقع:
www. ahram. org.eg
١٣. حميد فارس حسن، السياسة الخارجية التركية مابعد الحرب الباردة، اطروحة دكتوراه غير منشورة، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، ٢٠٠٦، ص ٢٣٢.
١٤. نوال عبدالجبار الطائي، المتغيرات السياسية التركية تجاه المشكلة الكردية (١٩٩٩ ـ ٢٠٠١)، مجلة دراسات اقليمية، جامعة الموصل، العدد (٧) لسنة ٢٠٠٠ ص ١٢٣.
١٥. نهرين جواد، السياسة الاقليمية التركية لما بعد الحرب الباردة، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، ٢٠٠٤، ص ٦٠.
١٦. حميد فارس حسن، المصدر السابق، ص ٢٣٢.
١٧. علي حسين احمد، المصدر السابق، ص ١٥٣، ١٥٤.
١٨. حميد فارس حسن، المصدر السابق، ص ٢٢٢.
١٩. المصدر نفسه، ص ٢٣٧، ٢٣٥.
٢٠. المصدر نفسه، ص ٢٣٠، ٢٣١.
٢١. سعد رزيج ايدام سعيد، المصدر السابق، ص ١٦٨.
٢٢. التقرير الاستراتيجي العربي، المصدر السابق.
٢٣. اف ستيفن لارابي، ولان او. ليسر، سياسة تركيا الخارجية في عصر الشك والغموض، ترجمة محمود احمد البياتي، بيت الحكمة، بغداد، ٢٠١٠ ص ـ ص ٢٢٣، ٢٢١.
٢٤. علي صالح الميداني، موقف جريدة(دەنگی کورد ـ صوت الاكراد) من تطورات الاوضاع السياسية في كوردستان ١٩٧٧ ـ ١٩٩٧ دراسة تأريخية ـ سياسية، مركز الدراسات الكردية و حفظ الوثائق، جامعة دهوك،

٢٠١٠ ص ١٤.

٢٥. سعد ناجي جواد، دراسات في المسألة القومية الكردية، ط١، الدار العربية للعلوم، بيروت، ٢٠٠٥، ص ٣٩.

٢٦. سعد رزيج ايدام سعيد، المصدر السابق، ص ١٦٨.

٢٧. علي حسين احمد، المصدر السابق، ص ١٦٥.

٢٨. التقرير الاستراتيجي العربي، المصدر السابق.

٢٩. ارطان افاغل، سياسة حيزب العدالة و التنمية تجاه القضية الكردية ونشاطات حيزب العمال الكردستاني، ترجمة لقمان عمر النعيمي، ترجمات اقليمية، مركز الدراسات الاقليمية، جامعة الموصل، العدد(١٧)، ٢٠٠٨، ص ١١.

٣٠. محمد نورالدين: تركيا الصيغة والدور، ط١، رياض الريس للكتب والنشر، بيروت، ٢٠٠٨،ص،ص ٢٣٨ ـ ٢٣٩.

٣١. علي حسين احمد، المصدر السابق، ص ١٥٩ ـ ١٦٠ .

٣٢. نهرين جواد، المصدر السابق، ص ١٩٩.

٣٣. علي حسين احمد، المصدر السابق، ص ١٥٧

٣٤. حميد فارس حسن، المصدر السابق، ص ٢٥٨.

٣٥. علي حسين احمد، المصدر السابق، ص ١٥٦

٣٦. حميد فارس حسن، المصدر السابق، ص ٢٥٩.

٣٧. علي حسين احمد، المصدر السابق، ص ١٥٧ و كذلك حميد فارس حسن، المصدر السابق، ص ٢٣٩.

٣٨. حميد فارس حسن، المصدر السابق، ص ٢٥٨.

٣٩. علي حسين احمد، المصدر السابق، ص ١٥٨.

٤٠. علي حسين احمد، المصدر السابق، ص ١٥٨.

٤١. حميد فارس حسن، المصدر السابق، ص ص ٢٦٠، ٢٦١.

٤٢. ارطان افاغل، المصدر السابق، ص ٥ ـ ٦.

٤٣. سناء عبدالله الطائي، موقف حيزب العدالة و التنمية في تركيا من القضية الكردية، تحليلات استراتيجية، مركز الدراسات الاقليمية، جامعة الموصل، العدد (٤٥)، ٢٠٠٩ ص ١٢.

٤٤. محمد نورالدين، تركيا.. الى اين؟ حيزب العدالة والتنمية (الاسلامي) في السلطة، المستقبل العربي، مركز الوحدة العربية، بيروت، العدد (٢٨٧)، ٢٠٠٣، ص ٢١.

٤٥. لقمان عمر محمود، تجربة حيزب العدالة و التنمية في تركيا بين التميز و الابداع وخطا التعميم و القياس، تحليلات استراتيجية، مركز الدراسات الاقليمية، جامعة الموصل، العدد (١٩)، ٢٠٠٦، ص ٣.

٤٦. سناء عبدالله الطائي، موقف حيزب العدالة والتنمية في تركيا من القضية الكردية المصدر السابق، ص ٨.

٤٧. نوال عبدالجبار الطائي، تجربة حيزب العدالة والتنمية في تركيا مركز الدراسات الاقليمية، جامعة

الموصل٢٠٠٧، ص ٧٤.
٤٨. سناء عبدالله الطائي، موقف حيزب العدالة والتنمية في تركيا من القضية الكردية المصدر السابق، ص ص ٥ـ ٦.
٤٩. مصطفى اللباد، تركيا والعرب شروط التعاون المثمر، تركيا بين تحديات الداخل ورهانات الخارج، محمد عبدالعاطي، (تحرير)، اشراف مركز الجزيرة للدراسات، ط١، ٢٠٠٩، ص ٢١٦.
٥٠. خليل علي مراد، الموقف الاقليمي من الحركة الكردية المسلحة في تركيا ١٩٨٤ ـ ١٩٩٨، دراسات اقليمية، مركز الدراسات الاقليمية، جامعة الموصل، العدد (١٣)، ٢٠٠٥، ص ٣٤.
٥١. حسين مصطفى احمد، الكسألة الكردية في العراق، قراءة في المواقف الدولية والاقليمية والعربية، مجلة قضايا سياسية، كلية العلوم السياسية، جامعة النهرين، العددان (٢٢/٢١)، ٢٠١٠، ص ١٠٠.
٥٢. التقرير الاستراتيجي العربي، المصدر السابق.
٥٣. لقمان عمر النعيمي، تركيا في الاستراتيجية الامريكية المعاصرة، دراسة في تطور العلاقات التركية ـ الامريكية بعد الحرب الباردة، ١٩٩١ ـ ٢٠٠٧، ط١، مركز الدراسات الاقليمية، جامعة الموصل، ٢٠٠٩، ص، ٦٨ - ٦٩.
٥٤. جلال عبدالله عوض، صناعة القرار في تركيا والعلاقات العربية ـ التركية، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، (د.ت) ض ٤٢.
٥٥. محمد نورالدين، تركيا.. الى اين؟ دور وتحديات، المستقبل العربي، العدد (٣٦٤)، ٢٠٠٩، ص ٤١.
٥٦. وجيه عفدو علي، اطروحة الفيدرالية في العراق (فيدرالية إقليم كردستان العراق أنموجا)، مجلة القانون والسياسة جامعة صلاح الدين، اربيل، عدد خاص، ٢٠١٠، ص ـ ص ٤٤٦، ٤٤١.
٥٧. محمد عمر مولود، الفيدرالية و إمكانية تطبيقها كنظام سياسي(العراق أنموذجا) ط١ (مجدد) المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت، ٢٠٠٩، ص ٥٥٢.
٥٨. ديفيد مكعول، تأريخ الكرد الحديث، ترجمة راج ال محمد، ط١، دار الفارابي، بيروت، ٢٠٠٤، ض ٥٦٨.
٥٩. علي حسين احمد، المصدر السابق، ص ٥٦.
٦٠. حيدر عبدالجبار حسون الخفاجي، المحددات السياسية والاقتصادية تجاه علاقة تركيا بالاتحاد الاوروبي، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم السياسية، جامعة النهرين، ٢٠٠٩، ص ٨٦.
٦١. كوثر طه ياسين، المصدر السابق ص ص ٢٥٨ ـ ٢٥٩.
٦٢. سناء عبدالله الطائي، مغزى نفي صفة الارهاب عن حيزب العمال الكردستاني، الراصد الاقليمي مركز الدراسات الاقليمية، جامعة الموصل ٢٠٠٧، ص ١.
٦٣. هنرى باركي وأخرون، القضية الكردية في تركيا، ترجمة هەڤال، موسسة ناراس، اربيل، ٢٠٠٧، ص ص ١١٠، ١١٣.
٦٤. خالد عمر عبدالحليم، العراق و الاكراد وتركيا.. علاقات متشابكة تنتظر الحسم، مجلة السياسة الدولية،

العدد ٩٧١، ص ١١٥.

٦٥. لقمان عمر النعيمي، ماذا ينتظر من تأسيس المجلس الاعلى للتعاون الاستراتيجي بين العراق وتركيا، تحليلات استراتيجية العدد(٣٩)، ٢٠٠٩ مركز الدراسات الاقليمية، جامعة الموصل، ص ص ٣،٥.

٦٦. لينو مارتن، الامن القوومي التركي في الشرق الاوسط، ترجمة خليل علي مراد، مركز الدراسات الاقليمية، جامعة الموصل، ٢٠٠٥، ص ٣٧.

٦٧. ابراهيم خليل العلاف، نحن وتركيا، السلوك السياسي الخارجي التركي تجاه العراق بعد ٩/ نيسان/ ٢٠٠٣، مركز الدراسات الاقليمية، جامعة الموصل، ٢٠٠٨، ص١٦٣ ـ ١٦٤.

٦٨. وجيه عفدو علي، المصدر السابق ص ٤٥٨.

٦٩. ابراهيم خليل العلاف، وحدة العراق واستقراره في عالم متغير، دراسات اقليمية، العدد (٢٠)، ٢٠١٠، مركز الدراسات الاقليمية، جامعة الموصل ص ١٩.

٧٠. احمد داود اوغلو، العمق الاستراتيجي موقع تركيا ودورها في السياسة الدولية، ترجمة محمد جابر ثلجي وطارق عبدالجليل، ط١، الدار العربية للعلوم ناشرون، بيروت، ومركز الجزيرة للدراسات، الدوحة، ٢٠١٠، ص ٤٨٠.

٧١. موسي السيد علي، القضية الكردية في شمال العراق من الاستنزاف الى تهديد الجغرافيا السياسية، ط١، مركز الامارت للدراسات و البحوث الاستراتيجية، ابوظبي، ٢٠٠١، ص ١٠٤ ـ ١٠٥.

٧٢. حميد فارس حسن، المصدر السابق، ص ٢٣٠.

٧٣. صلاح سعدالله، المسألة الكردية في تركيا ـ مرحلة جديدة، ط٢، بلا دارنشر، بغداد، ٢٠٠٣، ص ١٢٩ ـ ١٣

٧٤. مارتن فان بروسن، الاكراد وبناء الامة، ترجمة فالح عبدالجبار، ط١، معهد الدراسات الاستراتيجية، بغداد، بيروت، ٢٠٠٦، ص، ٢٢.

٧٥. دهام محمد العزاوي، الاحتلال الامريكي للعراق وابعاد الفيدرالية الكردية، ط١، الدار العربية للعلوم، بيروت، مركز الجزيرة للدراسات، قطر، ٢٠٠٩، ض ١٤٩.

٧٦. محمد نورالدين، تركيا في الزمن المتحول، قلق الهوية وصراع الخيارات، ط١، رياض الريس للكتب والنشر، بيروت، ١٩٩٧، ص ١٢٠.

٧٧. احمد جميل عزم، الفشل العلمي الامريكي في العراق و فشل استراتيجيات تحويل الصراع، المجلة العربية للعلوم السياسية، العدد (٢٤)، ٢٠٠٩، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ص، ص ١٥ ـ ١٦.

٧٨. خيرالدين حسيب، العراق.. الى اين؟ مجلة المستقبل العربي، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، العدد(٣٦٢)، ٢٠٠٩، ص ٩.

٧٩. جيف سيمونز، عراق المستقبل السياسة الامريكية في إعادة تشكيل الشرق الاوسط، ترجمة سعيد العظيم، ط١، دار الساقي، بيروت، ٢٠٠٤، ص ١٧٩.

٨٠. صلاح سعدالله، المسألة الكردية في العراق، ط١، بلا دارنشر، بغداد، ٢٠٠٣، ص ٣.

٨١. لينور مارتن، المصدر السابق، ص٣٣.

٨٢. المصدر نفسه، ص ٣٣
٨٣. هنري باركي المصدر السابق، ص ٩٨.
٨٤. حميد فارس حسن، المصدر السابق، ص ٢٣١ ـ ٢٣٢.
٨٥. ابراهيم خليل العلاف، وحدة العراق واستقراره في عالم متغير، المصدر السابق، ص ١٩.
٨٦. هنري باركي المصدر السابق، ص ٩٨.
٨٧. ابراهيم خليل العلاف، نحن وتركيا، المصدر السابق، ص ٥٥٤.
٨٨. المصدر نفسه، ص ٥٥٤.
٨٩. محمد جمال باروت، ندوة حول (احتلال العراق وتداعياته علابيا وإقليميا ودوليا) التي اقامها مركز دراسات الوحدة العربية ١١ ـ ١٨ /اذار/ ٢٠٠٤، المستقبل العربي، العدد (٣٠٢)، ٢٠٠٤ ص ٤٤.
٩٠. جراهام فولر، الجمهورية التركية الجديدة تركيا كدولة محورية في العالم الاسلامي، ترجمة مركز الامارات للدراسات و البحوث الاستراتيجية، ابو ظبي، ٢٠٠٩، ص ١٤٢.
٩١. لقمان عمر النعيمي، البنية السياسية للنظام التركي والمتغيرات الخارجية، النظام السياسي العربي والاقليمي التغيير والاستمرارية، ابراهيم خليل العلاف (تحرير): بحوث الندوة التاسعة عشر لمركز الدراسات الاقليمية، جامعة الموصل، والتي عقدت يوم ٢٦ /تشرين الثاني/ ٢٠٠٨، ط١، دار ابن الاثير للطباعة والنشر، جامعة الموصل، ٢٠٠٩، ص ٧٥.
٩٢. سعد حقي توفيق، العراق وسياسة حسن الجوار تجاه تركيا وايران، مجلة العلوم السياسية، جامعة بغداد، العدد (٤١) لسنة ٢٠١٠، ص١٦.
٩٣. جيف سيمونز، المصدر السابق، ص ١٩٩.
٩٤. ابراهيم خليل العلاف، نحن وتركيا، السلوك السياسي الخارجي التركي تجاه العراق، المصدر السابق، ص ١٦٤
٩٥. جراهام فولر، المصدر السابق، ص ١٤٣.
٩٦. غانم محمد الحفو، العراق الجديد ودول الجوار الاقليمي، تحليلات إستراتيجية، مركز الدراسات الاقليمية، جامعة الموصل، العدد (٢)، ٢٠٠٥، ص ٢.
٩٧. ابراهيم خليل العلاف، نحن و تركيا، السلوك السياسي الخارجي التركي تجاه العراق، المصدر السابق، ص ١٦٥
٩٨. لقمان عمر وميثاق خيرالله جلود، علاقات تركيا الاقليمية في عهد حكومة حيزب العدالة والتنمية ٢٠٠٢ / ٢٠١١، مركز الدراسات الاقليمية، جامعة الموصل، ٢٠١٢، ص ٤٦.
٩٩. فوزية صابر، قراءة جيوسياسية للبعد الكردي بين العراق و تركيا، شؤون الاوسط، مركز الدراسات الاستراتيجية، بيروت، العدد(١٢٢)، ٢٠٠٦، ص ١٢٢.

*) پەیماننامەی بەغداد یەکێکە لە پەیماننامەکانی سەردەمی شەڕی سارد لە ساڵی ١٩٥٥دا دامەزرا بۆ وەستانەوە بەرووی شەپۆلی کۆمۆنیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەم پەیماننامەیە لە بەریتانیا عێراق، تورکیا، ئێران و پاکستان پێکهاتبوو و.ك.

سیاسەتی خاوەن مەرجەعییەتی دینیی بەبێ دەوڵەتی ئیسلامی

ئایا پارتی دادوگەشەپێدانی تورکی دەبێت بە مۆدێلێك بۆ ئیسلامیستەکانی عەرەب؟[١]

نووسینی: ئەحمەد ت. کورو[٢]
وەرگێڕانی: بەرزانی مەلا تەها

پێشەکی

پارتی دادو گەشەپێدان، لە سێپتێمبەری ٢٠١٢، کۆنگرەیەکی گەورەی ڕێکخست بە بۆنەی دەساڵان بەسەر تێپەڕبوونی دەسەڵاتی پارتەکەیان. سەرۆك وەزیرانی تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆگان لە گوتارەکەیدا ئاماژەی داوە بەوەی پارتەکەی "بۆ هەمووانی دەرخستووە کە دەگونجێت دیموکراسیەت بە شێوەیەکی زۆرباش جێبەجێ بکرێت لە وڵاتێکدا کە زۆینەی دانیشتوانەکەی مسوڵمانن" بۆیەش بۆتە "مۆدێل بۆ سەرجەم وڵاتانی ئیسلامیی"[٣]. هەریەك لە سەرۆکی میسر موحەممەد مورسیی‌و سەرۆکی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی حەماس لە کۆنگرەکەدا گوتاریان پێشەکەشکرد لەگەڵ چەندین سەرکردەی تری ئیسلامیی کە ئامادەی کۆنگرەیەکە بوون. لە واقیعدا، لەنێوخۆی وڵاتانی ئیسلامیی‌و دەرەوەدا گرنگییەکی زۆر دەدرێت بە ڕێبەرایەتیی پارتی دادو گەشەپێدان وەك مۆدێلێك بۆ دەسەڵاتداریی، کەسایەتییە کاریگەرەکان لە سەرویەندی بەهاری عەرەبیدا هەر لە هیلاری کلینتۆنەوە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بگرە تا دەگاتە فەیلەسوفی ئیسلامیی تارق ڕەمەزان ڕەواجیان داوە بە بیرۆکەی "مۆدێلی تورکیی" سەبارەت بە سیستەمە عەرەبییە هاوچەرخەکان[٤]. لەسەر ئاستی جیهانی عەرەبیشدا دەنگی داوەتەوە، لە ڕاپرسییەکدا کە بەمدواییە ئەنجامدراوە، ڕێژەی ٤٤٪

میسرییەکان پێیان باشبووە سیستەمی سیاسیی ولاتەکەیان هاوشێوەی سیستەمی سیاسیی تورکیا بێت، لە وەختێکدا، ڕێژەی ١٠٪ داوایانکردووە هاوشێوەی سیستەمی سیاسیی فەڕەنسیی بێتو ٨٪ داوایانکردووە هاوشێوەی شانشینی عەرەبیی سعودیە بێتو تەنها ١٪ داوایانکردووە هاوشێوەی سیستەمی سیاسیی بێت لە ئێراندا(٥).

هەرچی "مۆدێلی پارتی دادو گەشەپێدانە" کە لە لایەن هێندێك لە دەوڵەتانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستو ڕۆژئاواوە پێشنیارکراوە کە تۆقیون لەوەی ئیسلامیستە عەرەبەکانیش دەوڵەتەکانیان بکەنە کۆپییەکی سوننیی هاوشێوەی سیستەمی ئێرانی - دەمارگیر، دەسەلاتسەپێنو دژە ڕۆژئاوا. لەگەڵ هەلکشانی ئیسلامییەکان بۆ دەسەلات لە نێوچە عەرەبییەکاندا، ئەمجۆرە مشتومڕانە لە هەموو کاتێك پتر شایەنی گرنگی پێدانە(٦).

هێندێك لە ڕەخنەگران بەدووریان زانیوە ئیسلامییەکان لە جیهانی عەرەبیدا ئەم نمونەیە بگرنەبەر، بە بەلگەی ئەوەی پارتی دادو گەشەپێدان بەرگریی لە سێکیولاریزم دەکاتو کردوویە بە ئیلهام بەخشی خۆی، ئەم کۆلێنەوەیە ئاماژە بە پێچەوانەی ئەم فیکرە دەدات. بەشێوەیەك **سەرکەوتنی پارتی دادو گەشەپێدان لە پیادەکردنی "سیاسەتی خاوەن مەرجەعیەتی دینیی"(٧) بەبێ هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامیی - دەوڵەتێك دەستوورەکەی شەریعەتی ئیسلامیی مەرجەعیەتی یاسادانان بێت - تاکو بیکاتە نمونەیەکی گونجاوو باش بۆ ئیسلامیستە** عەرەبییەکان.

ئەو مۆدێلەی کە چاوی لێدەکرێت: لە پشت چەمکی "مۆدێل"و ماناکەی

ئەو گفتوگۆ تایبەتانەی کە سەبارەت بە "مۆدێلی تورکیی" یاخود "مۆدێلی" دەوڵەتێکی تر دەکرێت بمانباتە نێو تاریکاییەکانی زانستی سیمانتیکسەوە، بۆیە لەپێناو خۆبەدوورگرتن لە تێکەلکردنی چەمکەکان باشتروایە هێندێك خاڵ بەهەند وەربگرین: یەکەم، چەمکی "مۆدێل" ناکاتە کۆپیکردن، دەکرێت سیستەمی سیاسیی تورکیی ئیلهامبەخشی هاوسێ عەرەبییەکان بێت بەبێ پشتبەستن بە مۆدێلە گشتییەکەی. دووەم، بیرۆکەکە ئەوەیە نابێت ئەزموونی مێژوویی مۆدێلێك دووبارە بکرێتەوە، بەلکو ئەو دەرهێنەری کۆتاییە کە بە بەرژەوەندیی بەرایی دادەنرێتو، ناجێگیرییە مێژووییەکان یاخود جیاوازییە کۆمەلایەتییو نابوورییەکان لەنێوان تورکیاو جیهانی عەرەبیدا نابێت بکرێتە بەربەستو قۆرت، دواجار ولاتان

لەسەریان پێویست نییە مۆدێلەکانیان بگوازنەوە تاکو کاریگەرییان هەبێت، بەڵکو دەکرێت فیکرەکان بگوازێتەوە لەرێگەی کۆمەڵێك کەناڵەوە، لەنێویشیاندا پارتە سیاسییەکانو رێکخراوە ناحکومییەکانو زانکۆکانو هۆکانی راگەیاندنو ئاڵوگۆڕی فەرهەنگیی بەرفراوان، پاشتر ئەم پێکڕا تێکەڵبوونە لە فیکرەکان هاریکار دەبێت لە درێژبوونەوەی فیکرەکان بۆ پشت زانستی سیاسەتی دەرەکیی تورکیا.

ئەوانەی گومان دەکەن لەم مۆدێلە دەڵێن لایەنە ناوازەکانی دۆخی تورکیا ناکاتە ئەوەی بەو ئاسانییە وەك مۆدێل باسی بکەین، شایانی باسە دۆخەکانی تری ویلایەتە یەکگرتووەکانو فەرەنسا بۆ نمونە جیاوازن، زۆرجاران بوونەتە مۆدێل بۆ ئەوانی تر، سەرباری ئەمانەش، جیاوازبوونی تورکیی - لەرووی شێوەی پەیوەندییە مەدەنییەکان - سەربازییەکان لەولاتداو بەهێزیی نەریتە سێکیۆلارەکانی - ئەفسانەیە لە بری ئەوەی واقیع بێت، لە چەندین دەوڵەتی تردا سوپا هەمان رۆڵی هەیە زۆرترین متمانەی هەیە لەنێو دامەزراوەکانی دەوڵەتدا[٨]. لەهەمان کاتدا ١٩ دەوڵەتی تر کە دەوڵەتی سێکیۆلارو کۆمەڵگەی زۆرینەی مسوڵمانە هەیەو[٩]. لە قورسایی مۆدێلە سێکیۆلارەکەی تورکیای کەمکردۆتەوە کە بەمدواییە دەرکەوتووە وێرای رۆڵی هەڵکشاوی ئیسلام لە ژیانی گشتیداو ئەو جیاوازیانەی کە لە نێوان تورکیاو جیهانی عەرەبیدا هەیە[١٠].

تورکیا چەندین مۆدێلی لە بوارە جیاجیاکاندا پێشکەشکردووە، بە پشت بەستن بە ماوەیەکی زەمەنیی دیاریکراو[١١]، مۆدێلە ئابووریی‌و کۆمەڵایەتیی‌و دینییەکانی تورکیا وەك پلنگەکانی ئەنادۆڵو جووڵانەوەکەی گولەن[١٢] زۆرجاران سەرنجەکانی بردووە، لە جێبەندی بەهاری عەرەبیشدا پارتی دادو گەشەپێدان - پارتی دەسەڵاتدار لە تورکیا کە ئاراستەیەکی ئیسلامیی هەیەو لە پێنج هەڵبژاردنی رابردوودا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە - مۆدێلێکی سیاسیی زۆر پەیوەستی بە هەلومەرجی ئێستاوە هەیە. ئەم کۆڵینەوەیە پتر تیشك دەخاتەسەر پارتی دادو گەشەپێدان وەك مۆدێلێك بۆ ئیسلامییەکان لە جیهانی عەرەبیدا، هەمدیسان تیشك دەخاتە سەر میتۆدی پارتی دادو گەشەپێدان لە تێگەیشتنی پراکتیکی بەرامبەر سیاسەتگەلە ئیسلامییەکان کە لەگەڵ "سێکیۆلاریزمی نێگەتیڤدا/ العلمانیە السلبیە" دێتەوەو دەکرێت وانەی گرنگ پێشکەش بکات بە پارتە ئیسلامییە هەڵکشاوەکانی ئێستای جیهانی عەرەبیی[١٣].

مۆدێلی پارتی دادو گەشەپێدان: سێکیۆلاریزمی نێگەتیف

لە ڕێگەی سەردانەکانیەوە بۆ سێ دەوڵەت لە سێپتێمبەری ۲۰۱۱ بانگەوازەکەی سەرۆك وەزیرانی تورکیی ئەردۆگان بەئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتی سێکیۆلار لە دەوڵەتانی عەرەبیدا پەیامێك بوو زۆرترین گەنگەشەی لەخۆگرت، ئەردۆگان سەرەتای سەردانەکەی بۆ میسر بە بەرنامەیەکی تەلەفیزیۆنی بەنێوبانگ دەستپێکرد باسی لەوە کرد کە "سێکیۆلاریزم چەندین راڤە لەخۆدەگرێت"و، پارتەکەی گوزارشت دەکات لە دەوڵەتێکی سێکیۆلار، هەروەها پارتەکەی بێلایەنە بەرامبەر بە سەرجەم گرووپە دینییەکان، گوتوویە پارتەکەی لەسەروەختی پرۆسەی وەرچەرخانی دیموکراتیدایە، "میسر ئەوە دەزانێت کە دەوڵەتی سێکیۆلار ناکاتە دژایەتیکردنی دین بەڵکو زامنی ئازادیی دینیی دەکات"، دیسانەوە ئاماژەیداوە بەوەی "دەبێت دەوڵەت ڕێزی بێباوەڕان بگرێت‌و بیانپارێزێت"(١٤). گوتەبێژی کۆمەڵەی ئیخوان ئەلموسلمین ڕەخنەی لەو لێدوانانە گرت بەو پێیەی دەسوەردانە لە کاروباری نێوخۆیی میسر(١٥). ئەردۆگان بەخۆی ئەم پەیامەی لە تونس‌و لیبیاش دووپات کردەوە، گوتوویە "مسوڵمان دەتوانێت دەوڵەتێکی سێکیۆلار بەسەرکەوتووی دابمەزرێنێت".(١٦) جەختکردنەوەکەی ئەردۆگان گومانی ئەوانەی پتر کرد کە گومانیان دەکرد لە مۆدێلەکەی پارتی دادو گەشەپێدان لە جێبەجێکردنی مۆدێلی پارتەکە لە جیهانی عەرەبیدا.(١٧) لە واقیعدا بۆشایی نێوان پارتی دادو گەشەپێدان‌و ئیخوان ئەلموسلمین‌و پارتەکانی تر هێندێکجار بە فراوانی دەردەکەوێت‌و ئەو پارتانە بەتوندیی بەرهەڵستیی بەرامبەر بە سێکیۆلاریزم رادەگەیەنن. لێرەدا پێویستە ئاماژە بدەین بە تێگەیشتنەکان لە سێکیۆلاریزم‌و پێناسەکانی فرە جیاوازن، بۆ نمونە زۆرینەی ئەندامانی دادگەی دەستووریی تورکیی لە ساڵی ۲۰۰۸ بڕیاریاندا لەسەر هەڵوەشاندنەوەی پارتی دادو گەشەپێدان بەو پێیەی دژی سێکیۆلاریزمە، پارتی نێوبراو ڕزگاری بوو لەو بڕیارەی دادگەی دەستووریی بە هەڵوەشاندنەوەی لەسەر ئەو بنەمایە.

لەپێناو ڕوونکردنەوەی وێنەکە باشتروایە دوو جۆر لە سێکیۆلاریزم دیاریی بکەین، "سێکیۆلاریزمی تۆتالیتێریی" ئەوە لە دەوڵەت دەخوازێت کە ڕۆڵێکی کارا بگێرێت لە دوورخستنەوەی دین لە بواری گشتیی‌و بیکاتە شتێکی تایبەت، ئەمەش ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە پێڕەویی لەم مۆدێلەی سێکیۆلاریزم دەکەن وەك فەڕەنساو مەکسیك‌و تەنانەت تونسی پێش

شۆڕش. لەوەختێکدا "سێکیۆلاریزمی نێگەتیڤ" لەلایەکی ترەوە ئەوە لە دەوڵەت دەخوازێت کە رۆڵێکی نێگەتیڤ بگێرێت لە زەمینەخۆش کردن بۆ پیادەکردنی گشتیی دین، ئەم فیکرە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانو هۆڵەنداو سەنیگال پایەدارە...[١٨] ئەمە ئەو سێکیۆلاریزمە دەسەلاتدارەیە لە تورکیا بەدرێژایی سەدەی رابردوو کە سێکیۆلاریزمی تۆتالیتێریـیە. بەلاّم لەم سالانەی دواییدا ئەو هێزانەی کە خاوەن مەرجەعییەتی ئیسلامیی بوون "پارتی دادو گەشەپێدانو جوولانەوەکەی گولەن" سەرکەوتنیان بەدەستهێنا لە جوولاندنی تورکیا بەرەو سێکیۆلاریزمی نێگەتیڤ بەهۆی سەرکەوتنیان لە هەڵبژاردنەکاندا بەسەر هێزە سێکیۆلارە تۆتالیتێرەکانو بەرەنگاربوونەوەیان لە کۆمەڵگەی مەدەنییو هۆکانی راگەیاندنو بیرۆکراسیەتدا[١٩].ئەردۆگانیش بەخۆی لە درێژەی سەردانەکانیدا بۆ میسرو لیبیاو تونس بەرگریی لە بیرۆکەی سێکیۆلاریزمی نێگەتیڤ کرد نەوەك سێکیۆلاریزمی تۆتالیتێریی، سێکیۆلاریزمی یەکەم بێلایەنە لەبەرامبەر شوناسە دینییە جیاوازەکانی هاولاّتیان.

دەوڵەتی سێکیۆلار لە تورکیاو (نێگەتیڤ بێت یاخود تۆتالیتێر) ولاّتانی تر دوو بنەما لەخۆدەگرێت: هەر دامەزراوەیەکی دینیی دەبێت جێگەی دەوڵەتی تەنفیزییو یاسادانانو دامەزراوە دادوەرییەکان نەگرێتەوەو نەبێتە دینی فەرمیی دەوڵەت، رێوشوێنی یەکەم یەکلاکەرەوەیە بەنیسبەت پرەنسیپەکانی سەروەریی جەماوەریی دیموکراسیەتو نوێنەرایەتییو لێپرسینەوە. تەنانەت لانیکەمی پێناسەی رێوشوێنکاریی دیموکراسیەت سوورە لەسەر "غیابی دەسەلاّتەکانی بریکاری ناهەڵبژێردراو" (بۆ نمونە هێزە چەکدارەکان یاخود شانشینەکانو دامەزراوە دینییەکان)، کە دەسەلاّتی هەڵبژێردراوی بەرپرسەکان دیاریی دەکات لە دەسەلاّتدا[٢٠]. ئەگەر ئیسلامیستە عەرەبەکان دامەزراوە دینییە هەڵنەبژێردراوەکانیان لەگەڵ دەسەلاّتدا دانا بەئامانجی رەتکردنەوەی یاساکان بەپێی تێگەیشتنیان لە شەریعەتی ئیسلامیی، ئەوا ئەو دامەزراوەیە لە واقیعدا جێگەی دامەزراوە هەڵبژێردراوەکان دەگرێتەوە، ئەمەش ناکاتە ئەوەی بەربگرێت لە توانای گەل لەسەر یاسادانان بەئازادیی، ئەمەش بابەتێکی بنەرەتییە لە هەر سیستەمێکی دیموکراسیدا. دەکرێت پارێزگاریی بکرێت لە رێژەیەك لە میانڕۆیی لەرێگەی رێگەدان بە راڤەی جۆراو جۆر لە شەریعەت. بەلاّم بەخشینی رۆڵی دەستووریی بە دامەزراوەکە لەپێناو دیاریکردنی شەریعەتی ئیسلامیی ئەوە لێدانێکی گەورەیە لە بنەما سەرەکییەکانی دیموکراسیەت.

بنەمای دووەمی دەوڵەتی سێکیۆلار ئەوەیە دینێکی فەرمیی لە گۆڕێدا نەبێت دەتوانرێت بەشێوەیەکی کارا دیوکراسیەت تەدا بکرێت، چەندین سیستەمی دیوکراسیی هەنە دینێکی فەرمییان هەیە لەوانە ئینگلتەراو دانیمارکو یۆنانو ئیسرائیلو بەنگلادیش،[٢١] تەنانەت دەوڵەتە سێکیۆلارەکانیش زۆرجاران مەیلیان بەلای ئاینە دیاریکراوەکاندا هەیە بەبێ ئەوەی بەشێوەیەکی فەرمیی بڕیاریان لێدابێت بەوەی "دینی دەوڵەتە"، بۆ نمونە فەرەنسا تایبەتمەندیی زۆرینەی دینیی دەستەبەرە کە بۆ ئەوانی تر دەستەبەر نەکراوە،[٢٢] لەهەمان کاتدا تورکیا ئاژانسی حکومیی هەیە "دیانت" کە نوێنەرایەتیی ئیسلامی سوننیی دەکاتو پێشنوێژی مزگەوتەکان کاری تێدا دەکەن. مادامێکی جیاکاریی دژ بە کەمەنەتەوە نامسوڵمانەکان ناکرێت، ئەوا دەقی دەستوور رێگر نییە ئیسلام دینێکی فەرمیی بێت لە پشکوتنی سێکیۆلاریزمی نێگەتیڤ لە دەوڵەتە عەرەبییەکاندا.[٢٣]

شایانی باسکردنە مشتومڕکردن سەبارەت بە سێکیۆلاریزم لە وڵاتە عەرەبییەکاندا دەبێتە خاڵێکی ئاڵۆز، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی ستەمکاریی عەرەبیی سێکیۆلار، هەردوو **چەمکی "دەوڵەتی سێکیۆلار"و "سێکیۆلاریزم" چەندین دەلالەتی نێگەتیڤی هەیە لە دەوڵەتە عەرەبییەکاندا بەتایبەت لەنێو ئیسلامیستەکاندا.** بۆیەشە دەکرێت چەمکی تر بەکاربهێنرێت وەك **"دەوڵەتی بێلایەن" تاکو جێگەی** "سێکیۆلاریزم" بگرێتەوە لە دەقە یاساییەکاندا یاخود گوتاری گشتیدا. لە واقیعدا لانیکەم **١٣ دەوڵەت لەنێوان** ٤٦ دەوڵەتدا هەیە کە زۆرینەکەی مسوڵمانەو چەمکی "سێکیۆلاریزم بەکاردەهێنن بۆ ناساندنی **دەوڵەت** لە دەستوورەکانیاندا،[٢٤] بەپێی شیکاریی دەستووری ١٦٦ وڵات لە سەرتاسەری جیهاندا تەنها ٢٧ دەوڵەت چەمکی سێکیۆلاریزم بەکاردەهێنن لەکاتی پێناسەکردنی دەوڵەتدا.[٢٥]

کاتێك لە پەیوەندیی ئیسلامو دەوڵەت ورد دەبینەوە لە وڵاتە جۆراو جۆرەکاندا تێبینی چەندین مۆدێلی جیاواز دەکەین سەبارەت بەوجۆرە پەیوەندییە. لە بەرەی ئەو دەوڵەتانەی کە سێکیۆلاربوونی خۆیان راگەیاندووە وەك تورکیا یاخود بەوەی ئیسلام دینیی فەرمییە بەبێ نێوبردنی شەریعەتی ئیسلامیی وەك تونس. هەمدیسان ئەو دەوڵەتانەش کە شەریعەتی ئیسلامییان کردۆتە سەرچاوەی یاسادانان وەك میسری پێش ٢٠١٢ کە هێندێك زەمینەی خۆش دەکرد بۆ دامەزراوە دینییەکان رۆڵی راڤەکاری شەریعەتی ئیسلامیی بگێڕن بۆ نمونە میسری پاش ٢٠١٢. لە هێندێك دەوڵەتی تردا بۆ نمونە ئێران دامەزراوە دینییەکان دەسەڵاتی

هەڵوەشاندنەوەی یاساکانیان هەیە تەنانەت رەتکردنەوەی کاندیدەکانیش لە هەڵبژاردنەکاندا.
لەپێناو رۆشنکردنەوەی رێگەکان کە لێوانرێژە لە ئازادیی یاسادانان لە پرسە جۆراوجۆرەکاندا لە هەموو ئەو حاڵەتانەی لەسەرێدا باسمانکرد، رەنگبێ هاریکار بێت لە تەماشاکردنی لەو سیناریۆیەدا کە یاسایەکی نوێی مەدەنیی تێدا پێشنیار دەکرێتو یەکسانیی لەنێوان هەردوو رەگەزەکەدا دەچەسپێنێتو (لەگەڵ راڤەکانی شەریعەتی سونەتیدا دژیەکە). لە مۆدێلەکانی یەکەمو دووەمدا هیچ کێشەیەك نییە، لە مۆدێلی سێیەمدا - کە ئاماژە دراوە بەشەریعەت وەك سەرچاوەی یاسادانان کە تا ئێستا پێناسەکردنی تەمومژاوییە - ئەمجۆرە لە یاسایانە مومکینن ئەگەر دادگەی دەستووریی هەوڵبدات سنوورێکی بۆ دابنێت. لە مۆدێلی چوارەمدا لەمجۆرە تەشریعەدا قورسە دامەزراوەی دینیی دژی بوەستێتەوە، لەوەختێکدا لە مۆدێلی پێنجەمدا بە نزیکەیی مەحاڵە خودی دەسەلاتە دینییەکان دەسەلاتی رەتکردنەوەیان هەبێت.

لە مۆدێلی یەکەمدا - تایبەت بە پارتی دادو گەشەپێدان - بەڵگەیە لەسەر ئیمکانیەتی پێرەوکردنی سیاسەتی خاوەن مەرجەعییەتی دینیی بەبێ دامەزراندنی "دەوڵەتی ئیسلامیی". تەنانەت ئەگەر دەستووری سیستەمە عەرەبییە هاوچەرخەکان رابگەیەنن کە ئیسلام دینی فەرمییە یاخود هەڵبژاردنی بەکارنەهێنانی سێکیۆلاریزم لەرووی یاساییەوە، ئەوا نزیك دەبێتەوە لە مۆدێلی پارتی دادو گەشەپێدان وەك لە مۆدێلە ئێرانیەکە مادامێکی دانانێت بە دامەزراوەی دینیی دا کە تاکڕەوانە راڤەی شەریعەت بکات. کێشەکە لێرەدا یەکلاکەرەوەیە ئەویش لە دوا گوتەی پرۆسەی یاسازیی سیستەمە عەرەبییە هاوچەرخەکاندا خۆی دەبینێتەوە کە دەکەوێتە ئەستۆی دامودەزگا هەڵبژێردراوەکان یاخود هەڵنەبژێردراوەکان لە دامەزراوە دینییەکاندا.

مۆدێلی پارتی دادو گەشەپێدان: خاوەن مەرجەعیەتی دینیی نەوەك "ئیسلامیی"

یەکێك لە تایبەتمەندێتییە سەرەکییەکانی پارتی دادو گەشەپێدان تێگەیشتنێکی پراگماتیانەی هەیە بۆ سیاسەتی خاوەن مەرجەعییەتی دینیی. ئەم تێگەیشتنەش زەمینەی بۆ پارتەکە خۆشکردووە شوێنێك بگرێت لەنێوان سێکیۆلاریزمی تۆتالیتێریی لە لایەکو ئیسلامیش لە لایەکی ترەوە. بەپێی ئەم تێروانینە تاكو گرووپە مسوڵمانەکان دەتوانن رەواج بدەن بە تێروانینە ئیسلامییەکان لە سیستەمی دیموکراسیدا لەرێگەی پرۆسەکانی یاسادانانو بەشداریی لە دامەزراوە سیاسییەکان یاخود دادوەرییەکاندا یاخود بەشداریی لە کۆمەڵی مەدەنییو هۆکانی

ڕاگەیاندندا.[٢٦] بۆ نمونە، دەكرێت ئەخلاقی ئیسلامیی لە لەرێگەی بەگژداچوونەوەی گەندەڵیی و مەحسوبیەتدا ڕەنگبداتەوە، یاخود لە چەسپاندنی دادپەروەریدا. هەمدیسان دەكرێت پارتە ئیسلامییە جۆراوجۆرەكان ڕەواج بدەن بە تێگەیشتنیان لە شەریعەت لەرێگەی پرۆسەی دیموكراسیی ئازادانەوە، بەم ڕێگەیە هیچ پێویستییەك نابێت بۆ نێونانی فەرمیی دەوڵەت بەنێوی "ئیسلامیەت" لەپێناو چەسپاندنی پرەنسیپە ئیسلامییەكان لە سیاسەتدا. لەپاش هەموو ئەمانە، چەندین "دەوڵەتی ئیسلامیی" هەن لە واقیعدا شكستیان هێناوە لە پشتگیریی كردنی لەوەی لە لایەن زۆرێكەوە تەسەور دەكرێت سەبارەت بە "پرەنسیپە ئیسلامییەكان" لە سیاسەتی ڕۆژانەدا.

پارتی دادو گەشەپێدان لەگەڵ لایەنە دینییە سەرەكییەكانی تری توركیا - لەنێویاندا جووڵانەوە كاریگەرەكەی گولەن - ڕێككەتووە لەسەر هەڵوێستی ڕەخنەگرانە دەرباری ئیسلامی سیاسیی و پێویستبوونی "دەوڵەتی ئیسلامیی". بەپێی ڕاپرسییەكانی ڕای گشتیی، وێڕای ئەوەی ٧٠٪ی توركان پیادەی دینی ئیسلام دەكەن، كەچی تەنها ٩٪ پشتگیریان لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامیی كردووە لەسەر بنەمای شەریعەت. بەپێچەوانەی هەرچی دەوڵەتانی عەرەبییە بەپێی ڕاپرسییەكانی ڕای گشتیی پشتگیریی لە جێبەجێكردنی شەریعەت دەكەن لە دەوڵەتەكانیاندا.[٢٧] هەمدیسان ڕاپرسییەكان ئەوە دەردەخەن كە لە جیهانی عەرەبیدا پتر پشتگیریی لە دیموكراسیەت دەكرێت واتە گونجاندنی بیروباوەڕە دینییەكان بە دیموكراسیەتەوە یاخود لانیكەم خواستیان لە دیموكراتیزەبووندا.

ڕەخنەكان لە "ئیسلامی سیاسیی" لە كن ڕەوتە ئیسلامییەكان لە توركیا (وەك پارتی دادو گەشەپێدان و جووڵانەوەكەی گولەن) لەسەر ئەوەیە كە بەشێوەیەكی گشتیی ئیسلامی سیاسیی پتر شكڵییە، ئەو توركانە زۆرجاران دەڵێن ئیسلامییەكان بەشێوەیەكی نەگونجاو تیشك دەخەنەسەر پرسە پەیوەستەكان بە یاسای سزادان و ئەو بەربەستانەی كە سەپێنراون بەسەر مافەكانی ژندا بە میكانیزمگەلێك كە پرەنسیپە ئیسلامییە جوانەكان و ئامانجە ئەخلاقییەكان لەبار دەبات.[٢٨] بۆ نمونە دەڵێن وێڕای ئەوەی ئیسلام تیشك دەخاتە سەر گرنگیی پاكوخاوێنیی ئەوا زۆر نەگونجاوە گفتوگۆ بكرێت سەبارەت بە شوێنی شەریعەتی ئیسلامیی لە دەستووری وڵاتێكدا كە زۆرینەی شارەكانی تێدەكۆشن لەپێناو ڕزگاربوون لە خۆڵ و خاشاك، دیسانەوە ئەوانە دەڵێن لەرێگەی دیاریكردنی ئیسلامیەتی دەوڵەت وادەكات دەسەڵاتداران شەرعییەتی دینیی

بەکاربهێنن وەك ئامرازێك بۆ رزگاربوون لە لێپێچینەوە یاخود پاساو هێنانەوە بۆ ئەو رێوشوێنانەی دەیگرنەبەر کە زۆرینەی جەماوەرەکانیان پشتیگیریان ناکەن. ئیدی بەهۆی هەڵەی ئەو دەسەڵاتدارانەوە دەرگای رەخنەگرتن لە ئیسلام دەکرێتەوە. هەمدیسان نێوی خوایان داوە لە ئالاّی دەوڵەتەکانیان وەك ئەوەی هێندێك لە دەسەڵاتداران پێی هەڵدەستن، تەنها ئامانجیان ئەوەیە مۆرکی پیرۆزیی بلکێنن بە دەوڵەتەکانیانەوە. دواجار ئەو رەخنەگرانە ئاماژە دەدەن بە تێروانینی "یۆتۆپیانە" یاخود مەدینە ئەلفازیلە کە لە لایەن ئیسلامیستە بەرهەڵستکارەکانەوە رەواجی پێدەدرێت شکستی هێناوە لە دەستەبەرکردنی ئازادیی تەواوەتیی، ئەویش لە حاڵەتی کەمی ئەوانەدا کە گەیشتوون بە دەسەلاّت لەوانە ئێرانو سودانو ئەفغانستان.

سێکیۆلاریستەکان لە تورکیاو جیهانی عەرەبیدا هەمان ئەو رەخنانەیان پێشکەشکردووە، بەلاّم توندترینیان وەختێك بوو کە پارتی دادو گەشەپێدان هاتە ئاراوە، وێڕای ئەزموونی ئەو پارتە تایبەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو پرسانەدا، بەراشکاویی دامەزرێنەرانی پارتەکە وازیان هێنا لە بیروبۆچوونە ئیسلامییە سونەتییەکان لە سەروەختی دامەزراندنی پارتی دادو گەشەپێداندا. لە رووبەروونەوەی فشارە نێوخۆییو لۆکاڵییەکاندا دانیان نا بەو گرفتانەی کە ئیسلامی سیاسیی هێناویەتە ئاراوە لە لایەنی تیۆرییو پراکتیکدا. ئەوانەی گومانیان لە پارتی دادو گەشەپێدان هەیە داخوا لە راستیدا سێکیۆلاریزمی لەئامێزگرتووە یاخود ئەو وەرچەرخانە دەرەنجامی بەربەستە دامەزراوەییەکانە، لێرەدا پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە ئایا سێکیۆلاریزمی نێگەتیڤ پارتی دادو گەشەپێدان لە جیهانی عەرەبیدا دووبارە دەکاتەوە، لە وەختێکدا ئەو بەربەستە دامەزراوەییە بەو رێژەیە نییە؟ وەلاّمەکەی ئەمەیە: هەردووك پێکەوە.

هەمیشە پەیوەندیی هەیە لەنێوان وەرچەرخانی فیکرییو بەربەستی دامەزراوەیی. بەشێوەیەك وەرچەرخانی رێبەرانی پارتی دادو گەشەپێدانی ئیسلامیی بەرەو سێکیۆلاریزمی نێگەتیڤ پرۆسەیەکی ئاڵۆز لەخۆدەگرێت دەتوانین لێرەدا بەکورتی وەسفی بکەین،[٢٩] سێ فاکتەری ستراکچەریی گرنگ هەیە لە کاراکردنی ئەو وەرچەرخانەدا. یەکەم، دەوڵەتانی رۆژئاواو دامەزراوەکان کە پەیوەندیی بەهێزیان هەیە بە تورکیاوە نایانەوێت سیستەمێکی ئیسلامیی لەوێ دەربکەوێت. دووەم، بەکارهێنانی دەسەلاّتی راستینەی سوپای تورکیی لە سیاسەتدا بەئامانجی دانانی سنوورێك بۆ هەر هەوڵێك بدرێت لەپێناو دوورکەوتنەوە لە نەریتە سێکیۆلارەکان لە ولاّتدا، ئەویش بە پەنابردن بۆ بۆ کۆدەتا راستەوخۆکان لە کاتی پێویستدا.

دواجار زۆرینەی کۆمەڵگەی تورکیی لە واقیعدا بەشدارە لەو رەخنانەی کە بەرەو رووی ئیسلامییەکان دەبێتەوە بەهۆی نەریتی سێکیۆلاریی وڵاتو بەهێزیی راڤە میانڕۆکان بۆ ئیسلام لە تورکیا. مێژووی تورکیا لە رووی هەڵبژاردنە جۆراوجۆرەکانی پارتە سیاسییەکان هەر لەساڵی ١٩٥٠وە دەریخستووە دەبێت هەر پارتێکی ئیسلامیی ئەوپەڕی هەوڵی خۆی بدات تاکو چارەکی دەنگەکان بەدەست دەهێنێت لەسەر ئاستی نیشتیمانیدا. بۆیەشە رێبەرانی پارتی دادو گەشەپێدان درکیان بەوە کردووە لەو هەلومەرجانەدا ناتوانێت فەرمانڕەوایەتیی تورکیا بکات لەگەڵ ئایدۆلۆجیای ئیسلامیداو پاشتر پارتەکە سیاسەتی دیوکراتیی نوێو گوتاری سێکیۆلاریزمی نێگەتیڤی پێڕەوکرد. ئەم هەڵوێستە دواجار رێگەی پێدان زاڵببن بەسەر ئەو بەربەستو قۆرتانەدا کە سوپا دروستی کردبوو لەگەڵ پاراستنی پەیوەندیی نوێ لەگەڵ رۆژئاوادا بەشێوەیەکی رێژەیی. ئێستا پارتی دادو گەشەپێدان بەهێزترین پارتە لە تورکیاداو، لە هەڵبژاردنە پارلەمانییەکەی ساڵی ٢٠١١دا ٥٠٪ی دەنگەکانی بەدەستهێنا.

گرنگە زێدەڕۆیی نەکەین لە توندکردنەوەی رەهەندە ستراکچەرییەکانی وەرچەرخانی پارتی دادو گەشەپێدانو فەرامۆشکردنی هێزی سەرانی پارتەکە بەتایبەتیی ئەردۆگانو (سەرۆك وەزیرانی ئێستا) عەبدوڵڵا گولو (سەرۆکی ئێستای وڵات) بولنت ئەرینك (جێگری سەرۆك وەزیران). هەمدیسان پارتەکە لە پارتێکی ئیسلامییەوە وەرچەرخا بۆ سێکیۆلاریزمی نێگەتیڤ، سەرانی پارتەکە زۆر لێوەشاوەبوون لەوەدا کە قەناعەتیان بە شوێنکەوتووەکانیان کرد سەبارەت بە مۆرکی نوێی پارتەکەیان. لەپاش دە ساڵان لە فەرمانڕەوایەتیی هەست بەوە ناکەین پلانێکیان هەبێت بەرەو ئاراستەی دەوڵەت لەسەر بنەماکانی شەریعەت. کێشەکەی ساڵی ٢٠٠٨ کە لە سەرێرادا باسمانکرد کە پارتی دادو گەشەپێدان تۆمەتبارکرا بە دژایەتیکردنی سێکیۆلاریزم، بەڵگەکانیش دژ بە پارتەکە لەوەدا کورت ببۆوە کە هەوڵدەدات بەربەستاکان لەسەر بالاپۆشیی لە زانکۆکانو باشکردنی هەلی دەرچووانی قوتابخانە دینییەکانو بەرفراوانکردنی خوێندنی قورئاندا لابەرێت. سەرباری هەموو ئەمانەش، سیاسەتوانانی پارتی دادو گەشەپێدان سەرکەوتووتر بوون لەوانی پێشووتر ئەوانەی خاوەن رێبازی سێکیۆلاریزمی تۆتالیتێریی بوون لەرووی بەرفراوانکردنی مافەکانی رێکخراوە مەسیحییو جولەکەکانو گێڕانەوەی ئەو کەلوپەلانەی کە پێشتر دەستیان بەسەردا گیرابوو.

شیانی ئاماژە بۆ کردنە وێڕای ئەو بەربەستو قۆرتە ستراکچەرییانەی کە لە سەرێڕا باسمانکرد پارتە ئیسلامییەکانی تری تورکیا نەچوونەتە ژێرباری پرۆسەی هەمان وەرچەرخانەوە بۆیەشە هەتا ئێستاش لە پەراوێزی سیاسیدان - ئەمەش دووبارە ئاماژەیە بۆ گرنگیی ڕێبەرایەتیی‌و هێز لە ڕوودانی گۆڕانکاریدا. بە کورتی، وەرچەرخانی پارتی دادو گەشەپێدانو دە سالاَن لە فەرمانڕەوایەتیی دەکرێت ببێتە سەرچاوەی ئیلهامی سیاسەتوانانی عەرەب.

وەك پێشتر باسمانکرد، کۆپیکردنی ئەزموونێکی مێژوویی لە ولاَتێکەوە بۆ ولاَتێکی تر پێویست نییە تاکو وەك مۆدێلێك تەماشای بکرێت. لەپاڵ ئەمەشدا ئەگەر بە وردیی بڕوانین دەبینین دەوڵەتە عەرەبییەکان لە چەند فاکتەرێکی ستراکچەریدا هاوبەشن کە بووە مایەی وەرچەرخانی پارتی دادو گەشەپێدان. پشتگیریی ماددیی‌و سیاسیی‌و تەنانەت سەربازیش لە دەوڵەتانی دامەزراوە ڕۆژئاواییەکان شتێکی یەکلاکەرەوەیە بەئامانجی بەهێزکردنی دیموکراسیەت لە میسرو تونس‌و لیبیاو مەغریب.[٣٠] لایەنە ڕۆژئاواییە کاراکانیش پێیان باشە لەو ولاَتانەدا سیستەمی سیاسیی پایەدار نەبێت لەسەر شەریعەتی ئیسلامیی. سوپا لە ولاَتانی عەرەبیدا دۆخەکەی لە تورکیا ناکات - کە ڕۆڵی پاسەوانی سێکیۆلاریزم دەبینێت - پشتگیریی جەماوەر دەبینین لەپێناو جێبەجێکردنی شەریعەت لە جیهانی عەرەبیدا. بەلاَم هەر یەکێك لەو ولاَتانە بگریی دۆخێکی تایبەت بەخۆی هەیە کە بەربەستو قۆرت لەبەردەم ئیسلامییە میانڕۆکاندا هەیە تاکو وەربچەرخێن. لە میسر، بۆ نمونە، کەمینەی مەسیحیی هەیە کە ڕێژەی ١٠٪ی دانیشتوان پێکدەهێنن، بەلاَم لە تورکیا تەنها ١٪ی دانیشتوانەکەی نامسوڵمانن. لە میسرو تونس سوپاو هێزە ئەمنییەکان کە پێشتر ئیسلامییەکانیان چەوساندۆتەوەو جەزرەبەیان داون تا ئێستاش دەسەلاَتێکی گەورەیان هەیە. هەرچی مەغریبە دەوڵەتێکە مۆرکی پاشایەتیی هەیەو پشتگیریی جەماوەریی گەورەی هەیە کە ڕێگرێکی سەرەکیی دامەزراوەییە لەبەردەم ئیسلامییەکاندا. بەلاَم تورکیا بژاردەیەکی سێکیۆلاریستی هەیەو هێزێکی دەگمەنیان هەیە، برێك لە دەوڵەتانی عەرەبیی بەتایبەت میسرو تونس بژاردەیەکی سێکیۆلاریستی هەیەو هەمان هێزیان هەیە، لەنێویشیاندا پاشماوەی سیستەمە تۆتالیتێرە کۆنەکەو لیبراڵو لاوە شۆڕشگێڕەکان. لەوەختێکدا سوپای تورکیا ڕۆڵی گێڕا لە وەرچەرخانی پارتی دادو گەشەپێداندا، ناکرێت زێدەڕۆیی بکەین لە قەبارەو گرنگییەکەیدا لەبەر یەك شت ئەو ستەمو زۆرەی کە ژەنەراڵەکانی تورکیا پیادەی دەکەن هەمیشە میانڕۆیی لێناکەوێتەوە. لە حاڵەتەکانی وەك ئێرانی سەردەمی

شاو جەزایری نەوەدەکاندا، بۆ نمونە، ئەو ستەمو زۆرە توندڕۆیی لە بەرەی ئیسلامییەکاندا پێترکرد، بەلاّم ئەمڕۆکە، سوپای تورکیا بالاّدەستیی سیاسیی بەسەر سیاسەتوانانداا لەدەستداوە.[٣١] لە واقیعدا ٤٠٠ ئەفسەری سەربازیی قۆڵبەستکراوە، لەنێویاندا ٧٢یان پلەی ژەنەڕاڵو ئەمیراڵیان هەیەو لە خزمەتی فیعلیدا بوون، پلانیان دانا بۆ کۆدەتای سێکیۆلار بەسەر پارتی دادو گەشەپێداندا. وێڕای پاشەکشەی هێزی دامەزراوەی سێکیۆلار، پارتی دادو گەشەپێدان تا ئێستا جێبەجێکردنی سیستەمی ئیسلامیی ڕەت دەکاتەوەو بگرە داوا لە وڵاتانی عەرەبیش دەکات پێڕەویی لە مۆدێلی سێکیۆلاریزمی نێگەتیڤ بکەن.

-

مۆدێلی پارتی دادو گەشەپێدان: ریالیزم نەوەك رادیکالیزم

پارتی دادو گەشەپێدان بەشێوەیەکی پراکتیکیی کاریکردووە لە بەرامبەر برێك گرفتی سیاسیی جۆراوجۆردا، لەنێویشیاندا پەیوەندیی ئیسلامو سێکیۆلاریزم. پارتی دادو گەشەپێدان لەپێناو گرتنەبەری هەر هەڵوێستێکدا سەبارەت بەهەر گرفتێکی دیاریکراو تەماشای بالاّنسی هێزەکان دەکات لە تورکیاو هەروەها سیاسەتی جیهانیش. لە وەسیقەی فەرمیی پارتەکەدا کە ئایدۆلۆجییەتەکەی دیاریکردووە "کۆنسێرڤەتیڤی دیموکراسیی" تیشك دەخاتە سەر پراگماتیزم (ریالیزم).[٣٢] بە هەڵبژاردنی سیفەتی "کۆنسێرڤەتیزم" پارتەکە هەوڵدەدات لەپێناو حیکمەتو جەختکردنەوە لە گۆڕانیِ پلە بە پلە لەوەختێکدا هەموو جۆرەکانی توندوتیژیی ڕەتدەکاتەوە ئەو توندوتیژییە سێکیۆلار بێت یاخود ئیسلامیی یاخود سۆشیالیزمیی یاخود لیبراڵیی. لە رەخنەکانیدا سەبارەت بە یەعقوبیەتی فەرەنسییو رادیکاڵیزمی عەقلاّنیی، ئایدۆلۆجیای کۆنسێرڤەتیزم لە کن پارتەکە ئاماژە دەدات بە بیریارانی وەك مایکڵ ئۆکشۆتو ئیدمۆند بۆرك.[٣٣] رەنگە پارتە سیاسییە ئیسلامییە عەرەبییەکان پراگماتیزمی پارتی دادو گەشەپێدان پێڕەو بکەنو گرنگیی پێبدەن وێڕای سەرکەوتنی پارتەکە لە چەندین ئاستدا. لەسەر ئاستی نێوخۆیی سیاسەتەکانی پارتەکە هاریکار بووە - لەوانە سیاسەتەکانی گەشەپێدانی ئابووریی‌و تەندروستیی گشتگیرو پرۆژەکانی نیشتەجێکردن - لەسەرکەوتنی پارتەکەدا لە پێنج هەڵبژاردنی نیشتیمانیدا (دووی شارەوانییەکانو سێی هەڵبژاردنە پارلەمانییەکان).

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش پارتی دادو گەشەپێدان سەرکەوتنی بەدەستهێناوە لە قەناعەتپێهێنانی ویلایەتە یەکگرتووەکانو دەوڵەتە ئەوروپییەکان بەوەی پارتەکەیان کە خاوەن

ریشەیەکی ئیسلامییە پشتی پێبەسترێتو بکرێتە هاوپەیمان. دەکرێت بڵێین ئەزموونی پارتی دادو گەشەپێدان لەماوەی دەیەی رابردوودا یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە وایکردووە دەوڵەتە رۆژئاواییەکان پتر لێبوردەبن بەرامبەر بە ئیسلامییەکان لەو دەوڵەتانەی کە کاریگەربوون بە بەهاری عەرەبیی. ئەمەش لە پێشوازیکردنی گەرموگوڕی حکومەتە رۆژئاواییەکاندا بەدیار دەکەوێت بەرامبەر بە هێزە ئیسلامییە هەڵبژێردراوەکان بەشێوەیەکی دیموکراتیی لەپاش ساڵی ۲۰۱۱ کە دژیەکە لەگەڵ ئەو دوژمنایەتییەی کە لە نەوەکاندا هەیانبوو بەرامبەر رێکخراوە ئیسلامییەکان.[٣٤] ئەردۆگان بەخۆی میانڕۆییەکی بێهاوتای پێشانداوە لە سیاسەتە دەرەکییەکانیداو زۆرجارانیش سیاسەتی دژیەكو فرە خەتەرناکی گرتۆتەبەر. بۆ نمونە رەخنەگرتنی توند لە ئیسرائیل[٣٥] لەگەڵ پاراستنی پەیوەندییە باشەکانی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانو رەتکردنەوەی سەپاندنی سزای نوێ بەسەر ئێراندا لە ئەنجومەتی ئاسایشی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان وێڕای دەربڕینی رەزامەندیی لەسەر بلاوکردنەوەی رادارەکانی پەیمانی ناتۆ لە رۆژهەلاتی تورکیا دژ بە ئێران.[٣٦]

پارتی دادو گەشەپێدان مۆدێلێکی پێشکەشکردووە سەبارەت بە چۆنێتیی مامڵەکردنی ولاتێك کە زۆرینەکەی مسوڵمانن لەگەڵ رۆژئاوادا بەو رێگە دۆستانەیە بەلام یەکلاکەرەوە. هەرچەندە ئەڵمانیاو فەرەنسا بەرهەڵستیی بە ئەندامبوونی تورکیا دەکەن لە یەکێتی ئەورووپادا کەچی ئەردۆگان رەخنە لە دەوڵەتانی ئەورووپیی دەگرێتو پابەندە بە ئەندامێتی تورکیا لە پەیمانی باکووری ئەتڵەسیی(ناتۆ) و دامەزراوە رۆژئاواییەکانی تر. پاراستنی ئەو پەیوەندییە گەرموگوڕانە رۆڵێکی سەرەکیی بینیوە لە سەرکەوتنەکانی پارتی دادو گەشەپێدان لە چەسپاندنی گەشەی ئابووریی‌و گەشەپێداندا/التنمیە. سەرباری دەستەبەرکردنی چارەسەری پەیوەندیی نێوان ئیسلامو سیاسەت، دەگونجێت مۆدێلی پارتی دادو گەشەپێدان ببێتە نمونەیەك بۆ ئیسلامیستە عەرەبەکان بەتایبەت ئەگەر میتۆدێکی پراکتیکیی پێڕەو بکەن لە سیاسەتی نێوخۆیی‌و نێودەوڵەتیدا رەنگبێ دەسکەوتی گرنگ بەدەست بهێنن.

راسپاردەکان بۆ پارتی دادو گەشەپێدان: زاڵبوون بەسەر بەربەستو قۆرتەکاندا

وەك پێشتر باسمانکرد چەندین بەربەستو قۆرت لەبەردەم پارتی دادو گەشەپێندایە وەك مۆدێلێك بۆ پارتە ئیسلامییەکانو نا ئیسلامییەکانیش لە جیهانی عەرەبیدا کە پەیوەستە بە

ئەزموونە تایبەتەکەی تورکیای هاوچەرخ (لەنێویاندا ساڵانێك لە ئەزموونی دیموکراسیی، بازرگانیی بازاڕی ئازادو بە ئەندامبوونی تورکیا لە ڕێکخراوە ڕۆژئاواییەکاندا). دوورتر لەمەش، لە چەندین بواری تردا پێویستە پارتی دادو گەشەپێدان گرنگی پتری پێبدات ئەگەر دەیەوێت هاریکار بێت لە دروستکردنی مۆدێلێك بۆ پارتە ئیسلامییە عەرەبییەکان.

لەرووی هاندانی وەرچەرخان لە تورکیا لە سێکیۆلاریزمی تۆتالیتێرییەوە بۆ سێکیۆلاریزمی نێگەتیف، دەکرێت پارتی دادو گەشەپێدان شانازیی بکات بە دەسکەوتە زۆرو زەوەندەکانیەوە، - هێندێکی لە سەرێرا ئاماژەمان پێداوە - لەوانە دانانی سنوورێك بۆ جیاکاریی دژ بە دەرچووانی قوتابخانە دینییەکانو، بەرفراوانکردنی مافە یاساییەکانی دامەزراوەکانی جولەکەو مەسیحییەکانو گێڕانەوەی کەلوپەلەکانیانو هەڵگرتنی سزای سەپێنراو بەسەر فێربوونی قورئاندا لەسەر قوتابیانی خوار تەمەن ۱۲ ساڵ. لەگەڵ ئەمەشدا چەندین بواری تر هەنە کە پێویستە چاکسازیی تێدا بکرێت، قەدەغەکردنی بالاپۆشیی تا ئێستاش بەردەوامە لە کایەکانی ژیانی گشتیی تورکیادا، وێڕای ئەوەی چەندین زانکۆ ئەو سزای رەتکردۆتەوە بە حوکمی دیفاکتۆ. دەکرێت "دیانت" قەوارەیەکی سەربەخۆ بێت لەو بودجەیەی کە دامەزراوە دینییەکان دەیدەن، لەبریی ئەوەی حکومەت دەسگیرۆییان بکات. هەمدیسان دەکرێت کۆتایی بهێنرێت بەو بەرستو قۆرتانەی کە خراوەتە سەر سرووتی عەلەوییەکانو هێندێك دامەزراوەی مەسیحییو جولەکە، وەك قوتابخانەی "هالکی"ی ئەرسۆزۆکسیی یۆنانیی.

دەستووری تورکیای هاوچەرخ هەلێکە لەپێناو چارەسەرکردنی هێندێك لەو کێشانە، لە ساڵی ۲۰۱۱ هەر چوار پارتەکەی پارلەمان ڕێککەوتن لەسەر زەرورەتی دارشتنەوەی دەستووری نوێو پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت بە نووسینەوەی دەستووری نوێ. دوور لەو پرسانەی کە پەیوەستن بە سێکیۆلاریزمەوە، زۆر چینو توێژی سیاسییو کۆمەڵایەتیی چاوەڕوان دەکەن رەشنووسی دەستوورەکە چاکسازیی پەیوەندییەکانی مەدەنیی - سەربازیی لەخۆبگرێت لەگەڵ زامنکردنی مافە فەرهەنگییەکان کوردان. هەرچی پەیوەندیی هەیە بە پرسی سیاسەتی خاوەن مەرجەعییەتی دینیی، هێندێك چەندین پرسیار پێشنیار دەکەن سەبارەت بەوەی داخوا پارتی دادو گەشەپێدان دەتوانێت ئەخلاقو بەها ئیسلامییەکان لە پرسە گرنگەکاندا بەدیار بخات وەك بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییو مەحسوبیەتو، چەسپاندنی فەرهەنگی بەرپرسیارێتییو لێوەشاوەییو، چارەسەرکردنی ململانێی ئیتنیی، بۆ نمونە لە دۆخی پرسی کورددا[۳۷]. بوارێکی

تریش ماوە کە رەخنەی زۆری لێدەگیرێت ئەویش زامنکردنی ئازادیی گوتنو دامەزراندنی کۆمەڵەو رێکخراوەکانە. پارتی دادو گەشەپێدان تا ئێستا بڕینی رێگایەکی دوورو درێژی لەبەردەمە بەئامانجی چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە.

پارتی دادو گەشەپێدان بەدەست کەمیی تیۆریزەو راڤەکردنەوە دەناڵێنێت ئەویش بەهۆی دەگمەنیی کارە تیۆرییەکان لەسەر پارتەکەو تێڕوانینەکانی سەبارەت بە سێکیۆلاریزمو دەوڵەت. لەنێو ئەو فاکتەرانەشدا میراتیی هەشتا ساڵەی سێکیۆلاریزمی تۆتالیتێرییە لە تورکیادا، لەم رێگەیەوە گفتوگۆو بلاوکارەکانی تایبەت بە فیکری سیاسیی ئیسلامیی قەدەغەکران یاخود پەراوێزخران. لایەنە بکەرە مسوڵمانەکان لە تورکیا پتر تیشك دەخەنە سەر پراکتیك نەوەك تیۆر. هەمدیسان رێبەرایەتیی کاریزمیی ئەردۆگان رێگەی گرتووە لەوەی ئەندامانی پارتەکە بەشداریی فیکریی بکەنو بچنە نێو گفتوگۆ فیکرییەکانەوە. تا رادەیەك ئەو زێدەڕۆیی کردنە لە سەر کاریزمای رێبەری پارتەکە رێگەی گرتووە لە پارتەکەدا کەلتوری جمۆجۆڵی فیکرییو دینامیکیەت گەشەبکات.

بەئامانجی پێشکەشکردنی مۆدێلێکی فرە ئاشکراو سەرنجڕاکێش بۆ ئیسلامییەکانو نائیسلامییەکان لە جیهانی عەرەبیدا، پێویستە پارتی دادو گەشەپێدان لەسەر ئاستی فیکریی پتر ئاوێتە ببێت بە جمهوری عەرەبییەوە. ژمارەیەکی کەمی بەڵگەنامەکانی پارتەکە کە قووڵایی فیکریانەی هەیە بە زمانی تورکیی هەیە، نەخاسمە بە زمانی عەرەبیی. نێوەندی کۆڵینەوەکانی "سیتا SETA" لایەنگری پارتی دادو گەشەپێدان سەرچاوە زانیارییەکانە، بەمدوایە "سیتا" سەبارەت بە سیاسەتی عەرەبیی جمجۆڵی تێکەوتووە،"سیتا" گۆڤارە ئەکادیمییەکەی Insight Turkey بە زمانی عەرەبیی بلاو دەکاتەوە لەژێر نێوی "رؤیە ترکیە"، هەمدیسان هەڵدەستێت بە رێکخستنی کۆنگرەکان لە جیهانی عەرەبیدا.

راسپاردە کۆتاییەکان بۆ ئیسلامییەکان: قەناعەت پێکردنو ستراتیژ

لە ساڵی ١٩٢٣ مستەفا کەمال ئەتاتورك بوو بە سەرۆکی تورکیاو لەپاش یەك ساڵ سیاسەتی سێکیۆلاریزمی تۆتالیتێریی پێڕەوکرد. لە دەیەکانی دواتردا رێبەرانی سێکیۆلاریستی هاوشێوەی ئەوان لە ولاتێکدا کە زۆرینەکەی مسوڵمانە گەیشتن بەدەسەلات وەك شا موحەممەد رەزا پەهلەویی لە ئێران، محەممەد عەلی جەناح لە پاکستان، سۆکارنۆ لە ئەندۆنیسیا، جەمال

عەبدولناسر لە میسرو حەبیب بۆرقیبە لە تونس. لەپاش چەند دەیەیەك شۆڕشی ئێرانیی لەساڵی ١٩٧٩ هاتە پێشیٚو مژدەی هاتنی شەپۆلێکی نوێی لە کۆماری ئیسلامیی دا. وێڕای ئەوەی شەپۆلەکە چەند ولاتێکی کەمی گرتەوە بەلاّم ئیسلامییەکان بوون بە ئۆپۆزیسیۆنی سەرەکییو گرووپی فشار لە سەرتاسەری جیهانی عەرەبییو ئیسلامیدا. لە ئێستادا چارەسەرێکی نێوەند هاتۆتەئارا لەنێوان سێکیۆلاریزمی تۆتالیتێریی کە پایەدار بووە لە تورکیاو ئاوێتەبوونی دینو دەولّەت لە ئێرانی ئەمڕۆدا. بەمدواییە دەرکەوت کە لە هێندێك لە ولاّتانی ئەفەریقیدا وەك سەنیگالو، لە باشووری رۆژهەلاّتی ئاسیا وەك ئیندۆنیسیا دەگونجێت دیموکراسیەتو سێکیۆلاریزمی تۆتالیتێرییو جموجۆلّی سیاسیی ئیسلامیی پێکرابژین. لەرێگەی رێبەرایەتیی پارتی دادو گەشەپێدانەوە تورکیا بۆتە یەکەم مۆدێلی سەرکەوتوو بۆ ئەم پێکراژیانە لە رۆژهەلاّتی نێوەڕاستدا.

پارتی دادو گەشەپێدان مۆدێلێکی لە سیاسەتی خاوەن مەرجەعییەتی دینییو سێکیۆلاریزمی نێگەتیف پێشکەش بە پارتە عەرەبییە ئیسلامییەکانو نائیسلامییەکان کردووە، نموەك دەولّەتی ئیسلامیی. **ئەمەش مژدەی گفتوگۆی** رەخنەیی دەدات لەگەلّ دەولّەتانی **رۆژئاوادا. هەر سیٚ** رەگەزە سەرەکییەکی مۆدێلی پارتی دادو **گەشەپێدان** "پراگماتیزمو سیاسەتی خاوەن مەرجەعییەتی دینییو سێکیۆلاریزمی نێگەتیف" پێکراپەیوەستن. ئەو پراگماتیزمەی کە پارتەکە پێڕەویی لێدەکات هانی دەدات سیاسەتی پراکتیکیی بگرێتە بەر نەوەك سیاسەتی ئایدۆلۆجیی. لەهەمان کاتدا، پابەندبوونی پارتەکە بە بەها ئیسلامییەکانەوە زەمینە خۆش دەکات بۆ بەردەوامبوون لەسەر سیاسەتی خاوەن مەرجەعییەتی دینیی لە دەولّەتێکی سێکیۆلاردا.

شوێنکەوتووانی مۆدێلی پارتی دادو گەشەپێدان ئەم پارتە سیاسییە سەرەکییانەیە نەهزەی تونسییو پارتی دادو گەشەپێدانی مەغریبییو تارادەیەکیش پارتی ئازادییو دادپەروەریی میسریی. وێڕای مەیلی فیکرییان حساباتی ستراتیژیی ئەو پارتانە هان دەدات تاکو لایەنگیریی پارتی نێوبراو بکەن. وێڕای بەرخودانی سیاسییان لەگەلّ هەریەك لە سێکیۆلارەکانو سەلەفییەکان. دەکرێت ئەو پارتانە دوای مۆدێلی پارتی دادو گەشەپێدان بکەون بە ئامانجی چوونە نێو ململانیٚ لەگەلّ سێکیۆلاریستەکان کە تۆقیون لە شەریعەتو سەلەفییەکان (گەمە بەو تۆقینەوە دەکەن) کە هەولّ دەدەن راڤەی توندڕۆیی بەسەر شەریعەتی ئیسلامیدا بسەپێنن.

ریالیزمی گوتاری دیموکراسیی کە لە نێو پارتی دادو گەشەپێندایە زەمینە بۆ ئەو پارتانە خۆش دەکات لیبرالەکان دڵنیا بکەنەوەو رووبەرووی سەلەفییەکان ببنەوە لە رووی هێزەوە. ناکرێت گرووپە ئیسلامییەکان بکەونە ململانێوە لەگەڵ سەلەفییەکاندا لەسەر راڤەی توندڕۆیی لە شەریعەتدا. بەلاّم تاکە هومێدیان لەپێناو پەراوێزخستنی ئەو گرووپانە بریتییە لە پێشکەشکردنی گوتارێك کە پشت ببەستێت بە ئازادییە دیموکراسییەکان بەلاّم بەشێوەیەك زیان نەگەیەنێت بە بەها ئیسلامییەکان. ئەگەر گرووپە ئیسلامییە میانڕۆکان شکست بهێنن لە چەسپاندنی دەسەلاّتیان لەسەر ئەم بنەما نێوەندە ئەوا بێگومان پارتەکانی تری وەك پارتی میسری بەهێز کە سەرکردەی پێشووی کۆمەڵەی ئیخوان ئەلموسلیمین مونعیم ئەبولفتوح ڕێبەرایەتیی دەکات دەکەونە ململانێو کێشمەکێش لەگەڵیان.

لەنێو پارتە سەرەکییە ئیسلامییە عەرەبییەکاندا رەنگە نەهزەی تونسیی‌و پارتی دادو گەشەپێدانی مەغریبیی فرە نزیکتر بن لە مۆدێلی پارتی دادو گەشەپێدانی تورکیی. هیچ یەکێك لەو دوو پارتە داوای دانانی شەریعەتی ئیسلامیی ناکەن لە دەستووری ولاّتاکانیاندا. هەر لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە بانگەوازی پارتی دادو گەشەپێدانی مەغریبیی لەپێناو پیڕەوکردنی شەریعەتی ئیسلامیی کەمبۆتەوە.[٣٨] لەبریی ئەوە پارتی نێوبراو جەخت دەکاتەوە لەسەر بەگژداچوونەوەی گەندەڵیی‌و گرفتە کۆمەلاّیەتیی‌و ئابوورییەکان‌و پاراستنی شوناسی ئیسلامیی مەغریب لەبەرامبەر گلۆبالیزەیشندا.[٣٩] لە تونس لە گوتارێکدا کە پێشتر ڕێبەری پارتی نەهزە راشید ئەلغەنوشیی پێشکەشیکرد تێیدا دووپاتی کردەوە کە هیچ دژیەکییەکی بنجداکوتاو نییە لەنێوان ئیسلام‌و سێکیۆلاریزمدا، ئەو بەرگریکرد لە جۆرێك لە جیاکردنەوەی کاروباری سیاسیی‌و دینیی، گوتوویە: " لە ئێستادا ئەرکی دین نییە شێوازەکانی دەسەلاّت‌و چۆنێتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەتان فێربکات، عەقڵ راسپێردراوە بگات بە حەقیقەت لەرێگەی کەڵەکەبوونی ئەزموونەکانەوە". لەگەڵ ئەمەشدا دین "سیستەمی بەهاو پرەنسیپەکانمان پێدەبەخشێت کە دەگونجێت لەڕووی بیرکردنەوەو هەڵسوکەوت‌و سیستەمەکانی دەوڵەتەوە تەیارمان بکات کە هەوڵی بۆ دەدەین.[٤٠] هەرچەندە ئەو پارتانە ئێستا لە دەسەلاّتدان بەلاّم ئەو تەحەدییەی کە ئێستا رووبەڕووی پارتی دادو گەشەپێدانی مەغریبیی‌و نەهزەی تونسیی دەبێتەوە ئەوەیە چۆن ئەو فیکرانە تەرجەمە دەکات لە سیاسەتی رۆژنەدا.

هەردوو پارتی دادو گەشەپێدانی مەغریبیی‌و نەهزەی تونسیی ئاماژەیانداوە بە مۆدێلی پارتی دادو گەشەپێدانی تورکیی لانیکەم لەبەردەم جمهوری نێودەوڵەتیدا. لەساڵی ٢٠٠٦ وەختێك داواکرا لە سکرتێری گشتیی پارتی دادو گەشەپێدان سەعدوددین ئەلعوسمانیی کە "پارتەکەی پێشکەش بە جمهوری ئەمەریکیی بکات بەمشێوەیە وەڵامی داوەتەوە کە پارتەکەی "هاوشێوەی ریتمی پارتی دادو گشەپێدانی تورکییە".[٤١] بەهەمان شێوە راشید ئەلغەنوشیی چەندینجار بە ئەرێنیی ئاماژەیداوە بە پارتی دادو گەشەپێدانی تورکیی. تورکیای کردووە بە مۆدێلی تونسی هاوچەرخ.[٤٢] لەوەختێکدا ئەو لە لێدوانەکانی تریدا رایگەیاندووە کە فەزڵی بەشداریی فیکریی هەیە لە وەرچەرخانی پارتی دادو گەشەپێداندا.[٤٣]

لە بەرامبەردا، پارتی ئازادیی‌و دادپەروەریی لە میسر بەرگریی لە شەریعەت کردووە وەك سەرچاوەیەکی بنەڕەتیی لە یاسادا کە فرە دوورە لە مۆدێلی پارتی دادو گەشەپێدان. دەستووری نوێی میسر - کە دەستەیەك نوسیویەتیی‌و پارتی ئازادیی‌و دادپەروەریی رۆڵی سەرەکیی تێدا بینیوە - مەزنە زانایانی ئەزهەر رۆڵی راوێژکاریی تێدا دەبینن لە راڤەکردنی شەریعەتدا (ماددەی٤). لە دەستکارییەکی تردا کە بێهاوتایە بە راشکاویی جەختیکردۆتەوە لە مەزهەبەکانی ئەهلی سوننەو جەماعە لە روونکردنەوەی مانای شەریعەتدا (ماددەی ٢١٩). رەنگبێ رێبەرایەتیی پارتی ئازادیی‌و دادپەروەریی میسریی لەبەر ئەوە بەرگریی بکەن لە سیاستەکانیان کە پراگماتیانە وەڵامی خواستەکانی جەماوەرە کۆنسێرڤەتیستەکانیان دەداتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا چەندین گرفتی تر لە ئارادایە، دیموکراسیەتی نوێنەرایەتیی پێویستیی بە رێبەرایەتییەکە رای گشتیی قەناعەت پێبهێنن لە سیاسەتەکانیاندا کە لە سەرەتادا شەعبییەتی نییە، ئاستی جەمسەرگیریی نێوخۆیی لە میسردا بە ئاشکرا ئەوە دەردەخات کە پێویستە لەسەر پارتی ئازادیی‌و دادپەروەریی مل بدات بۆ گرنگی پێدانەکانی گرووپەکانی تر، وەك لیبراڵ‌و قیبتییەکان، نەوەك هەر بە تەنهاو بە ئاسانیی تیشك بخەنەسەر خواستی بازنەکانی هەڵبژاردنی پارتەکەیان. هەروەها بۆ ئەوەی ئیخوان ئەلموسلیمین پشتگیریی حکومەتە رۆژئاواییەکان بەدەست بهێنێت وەك "شەریکێکی بڕواپێکراو" دەبێت پێڕەویی لە میتۆدێکی زۆر واقیعیی بکات.

لە ئایندەدا، پارتە عەرەبییەکان سیستەمە دیموکراسییە تازە لەدایکبووەکانیان بەهێزدەکەن‌و نەخشەرێژیی دەکەن‌و زۆر پێشکەوتنخوازانە پەیوەندیی ئیسلام‌و دەوڵەت دیاریی دەکەن. وەختێك دێت باسی مۆدێلی نەهزەی تونسیی دەکەین پتر لەوەکەی پارتی دادو

گەشەپێدانو، مۆدێلێکی هاوبەشو گشتیی بێتەئارا، داخوا بزانین لە ئاکامدا هەردوو ئەزموونە تورکیی و عەرەبییەکە پێکرا کۆدەکرێتەوەو، وەسفی بکەین بەوەی "سیاسەتی خاوەن مەرجەعییەتی دینییە بەبێ دەوڵەتی ئیسلامیی" یاخود نا.

•••

پەراوێز

١) ئەم کۆڵینەوەیە لە بنەڕەتدا بە زمانی ئینگلیزیی نووسراوەو وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبیی.

٢) کۆڵەرێکی بەدیەنی تورکییە.

٣) ئەم کۆڵینەوەیە پشت دەبەستێت بە چاوپێکەوتنو گفتوگۆکانی نووسەر لە ئەستەنبوڵ لە ئۆگەستۆسی ٢٠١٢ هەروەها لە دەوحە لە ئۆکتۆبەرەوە بۆ دیسێمبەری ٢٠١٢و قاهیرە لە یەنایەری ٢٠١٣. زۆر سوپاسی "شادی حەمید، سەلمان شێخ، سەموێل بلامبلی، نادر هاشمیی، رۆبەرت هێفنەر، ناسان براون، سنان ئۆڵجن، حەسەن کۆسیپالابان، بێرنا تورام، حەقی تاس، ستیڤانۆ تۆریلی، زەینەب شاهین، فێرحا بێرکلی، بۆرهانتین دۆران، سەلیم شەفیق، مستەفا گۆککیك، رینات شایخۆتدینۆڤ قادر یەڵدرم، ئەحمەد یۆکلین، عید موحەممەدو تۆران کایاوجلۆ دەکەم بۆ کۆمێنتە سوودبەخشەکانیان.

٤) رئیس وزراء اردوغان، الحزب العدالة والتنهية ٤. النص الكامل في مؤتمر ، الحزب العدالة والتمنية ٣٠ سيبتمبر ٢٠١٢.

http .www.akpart.org

٥) طارق رمضان ، تركيا هي نموزج لجماعة الاخوان المسلمين في مصر ، وجهات جدية الربع السنوية ٢٨ العدد ٢، (الربيع ٢٠١١) ستيفن كوفمان/ تقول كلينتؤن يمكن ان تكون تركيا نوذجا الديمقراطيات الناشئة.

http.iipdigital.org

٦) الردود على الأسئلة : أذا تشبة النظام السياسى المصري ببلد من بلدان التالية ، فأي بلد تفضل ان تشتبة بها ؟.شبلي تحلمي ، الاستبيان السنوى للراي العالم العربية، جامعة ميريلاند.

http.newsdcsk.umd

٧) بڕوانە شادی حمید، الصعود الاسلامين السياسات والعكس ، فورين افرز، يونيو ٢٠١١، ٧ـ٤٠.

٨) في الحياة اليومية للمسلمين. دايل ايكلمان و بيسكاتورى و جيمس ، مسلم بولتكس (برينستون : مطبعه جامعة برينستون)، ١٩٩٦.

٩) أحمدت. كورو، صعود وسقوط الوصايا العسكرية في تركيا مخاوف من التيار الاسلامي ، الكردستانية و الشيوعية، انسايت تركيا ١٤، العدد ٢(٢٠١٢)٣-٤١.

١٠) أحمدت، كورو، العلمانية وسياسات الدولة، تجاه الدين، الولايات المتحدة وفرنسا وتركيا (نيويورك ، مطبعة جامعة كامبريدج، ٢٠٠٩) ٢٥٩. بەزمانی عەرەبیش چاپکراوە (بيروت :الشبكة العربية الأبحاث والنشر ٢٠١٢.

١١) عمر تاسبينار، الالتفات الغير متكافي، بين النموذج التركي والعالم العربي، ورقة تحليلية، العدد٥، بروكنجز مشروع السياسية الامريكية تجاه العالم الاسلامي /أغسطس،٧.

١٢) سنان اولجن، من الالهام الى الامال : تركيا في الشرق اوسط الجديد، كارنيجي بيرز، كارنيجى أوروبا، ديسمبر ٢٠١١، هەروەها بڕوانە عمر تاسبينا ، تركيا : نموذج جديد ، في الاسلاميون قادمون، من هم، طبع روبن رايت، (واشنطن : العاصمة: معهد الاسلام الامريكي ،٢٠١٢.

١٣) "پڵنگەکانی ئەنادۆڵ" ئاماژە بۆ شارە پیشەسازییەکان لە نێوەڕاستی توزکیا کە هەر لە ساڵی ١٩٨٠وە گەشەی ئابووریی لە وڵاتدا دروستکردووە، بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە جووڵانەوەکەی گولەن بڕوانە: هاكان يافور، وجون اسبوزيتو، محرران، الاسلام التركي والدولة العلمانية ،حركة جولن (مطبعة جامعة سيراكيوز ،٢٠٠٣) أحمدت كورو، العولمة وتنويع الحركات الاسلامية: ثلاث حالات تركية ، مجلة العلوم السياسية ١٢٠، العدد ٢(٢٠٠٥)٧٤-٢٥٣.

١٤) لەم کۆڵینەوەدا پتر تیشك دەخەینە سەر مۆدێلی پارتی دادو گەشەپێدانی تورکیی بەتایبەت پەیوەندییەکانیی بە پرسەکانی سێکیۆلاریزم و ئیسلام و هەروەها بەشێوەیەکی لاوەکیش پرسی دیموکراسیی و مافەکانی مرۆڤ.

١٥) رئيس الوزراو أردوغان، لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ (مني الشاذلي)، برنامج العاشرة مساء تلفزيون دريم، ١٥ سيبتمبر ٢٠١١.

١٦) ئیخوان ئەلموسلیمن لە میسر رەخنە لە ئەردۆگان دەگرێت کە بانگەوازی بۆ دەوڵەتی سێکیۆلار کردبوو، قناه العربيه، ١٤سبيتمبر ٢٠١١.

١٧) مسوڵمانان دەتوانن دەوڵەتێکی سێکیۆلاری مسوڵمان بەڕێوەبەرن،صباح ٢٠١١، "أردوغان فى ليبيا تصريحات الهامه" (الحريه).

١٨) ستيفانو ماريا توريلي ، أن نموذج الحزب النهضة في تونس ، من التقارب الى المنافسة ؟ انسايت تركيا ١٤ ، العدد ٣(٢٠١٢)٨-٧٧. بۆ رەخنەی وردتر بڕوانە فريحة بيريكلي ، تطبيق نموذج التركي في المغرب : حالة الحزب العدالة والتنمية ، انسايت تركيا ١٤، العدد ٣(٢٠١٢)٨٥-١٠٨.

١٩) كورو ، العلمانية وسياسات الدولية ، ٦ـ ٣٩.

٢٠) كورو، صعود وسقوط الوصايا العسكرية، ٢٠١١.

٢١) ستيفن ليفي تسكي لوكان واي، السلطوية التنافسية: الانظمة الهجينية بعد الحرب الباردة (نيورك، مطبعة جامعة كامبريدج٢٠١٠) ٥-٦.

٢٢) بروانه افريد ستيبيان، العلمانية المتعددة من الديمقراطيات الحديثة والانظمة الاستبداية ، في اعادة النظر في العلمانية، المحرران، كريج كالهون، جوجينسمير مارك وجوناثان فأن أنتويرب (نيورك :مطبعة جامعة اكسفورد،٢٠١١).

٢٣) كورو العلمانية وسياسات الدولة، ١١٠.

٢٤) بروانه أرغون اوربودن، أقتراحات العلمانية الثورات العربية، ستار لايت الرؤية،٢٣، ١ تتوبر ٢٠١١

٢٥) كورو العلمانية وسياسات الدولة،٦-٢٥٩.

٢٦) جوناثان فوكس، بعيدا عن التناغم الانفصال بين الاحكام الدستورية وتشريع الدولة على أساس الدين، مجلة الكندية العلوم السياسة ٤٤، العدد١، ٦٩.

٢٧) البير ديدى، الانتفاضات العربية: مناقشة النموذج التركي، أنسايت تركيا، ١٣،العدد ٢ (٢٠١١) ٢٧.

٢٨) استبيان: ag G and Milliyet ٣١ مايو ٢٠٠٣ ، على كاركوجلو وبيناز طوبراق.

٢٩) رۆژنامەی زەمان سەر بە جوولانەوەکەی فەتحوڵلا گولەنەو بەربڵاوترین رۆژنامەیە لە تورکیاد بروانه أوجور كوميكوجول، "الايدلوجية الاسلامية المؤقتة: ثلاث فرضيات للجيل"، زمان، ٧ أغسطس، ٢٠١٢.

٣٠) كورو ، العولمة وتنويع الحركات الاسلامية أحمدت كورو تغير وجهات النظر حول الاسلام والعلمانية في تركيا: حركة جولن وحزب العدالة والتنمية، في العالم الاسلامي في المرحلة الانتقالية، اسهامات حركة غولن، تحرير احسان يلماز (لندن: مطبعة جامعة ليدز ميتروبوليتان، ٢٠٠٧)، ٥١-١٤٠. احسان يلماز تأثير التعددية والمشاركة الانتخابية على التحول في تركيا مجلة البحوث الاقتصادية والاجتماعية ١٠ العدد ٢ (٢٠٠٨)، ٤٣-٦٥.

٣١) سلمان شيخ وشادي حميد، بين التدخل والمساعدة: سياسة الدعم الدولي في مصر وتونس وليبيا، ورقة بحثية منتدى أمريكا والعالم الإسلامي ٢٠١٢، مركز بروكنجز الدوحة ومشروع علاقات الولايات المتحدة مع العالم الإسلامي، نوفمبر ٢٠١٢.

٣٢ كورو، "صعود وسقوط الوصايا العسكرية ".

٣٣) يالجين اكدوجان، الديمقراطية المحافظة (انقرة: حزب العدالة والتنمية، ٢٠٠٣). ئەكدۆجان پتر پشتی بەستووە بە تێزی دکتۆراکەی بکیر بیراتنۆزبیك لەسەر تەوژمی کۆنسێرڤەتیزم.

٣٤) هەمان سەرچاوە.

٣٥) هيلين كوبر "و في تركيا كمثال، يرى البعض خريطة لمصر"، نيورك تايز، ٦ فبراير ٢٠١١ نيكولا بورجير براجماتيه أردوغان"، لوموند ٧ مايو ٢٠٠٣.

٣٦) رەخنەکانی ئەردۆگان دژ بە ئیسرائیل فاکتەرێك بوو بۆ زیادبوونی جەماوەری نێوبراو أحمد م .أبو حسين " تطور البلاغة للآخوان المسلمين فيما يتعلق بحزب العدالة والتنمية التركي"، جريدة زمان اليوم ٩أكتوبر ٢٠١٢.

٣٧) هەر لە دەستێوەردانە سەربازییەکانی ساڵی ١٩٩٧ەوە تا ئەمدواییەش دەرچووانی قوتابخانە دینییەکان ژمارەی وانەکانیان کەمترین رێژە بوو لەکاتی حسێبکردنی ژمارەکانیان لە تاقیکردنەوەی پێش چوونە زانکۆدا لەسەر ئاستی نیشتیمانیی.

٣٨) رەخنەگران لە پارتی دادو گەشەپێدان وەك رۆژنامەی تەرەفی لیبرالیی پێیوایە پارتی نێوبراو پتر لە پێویست نەتەوەییە سەبارەت بە کێشەی کورد، مامۆستای زانستە سیاسییەکان سینەر ئەکتورك پێیوایە چاکسازییەکانی پارتی دادو گەشەپێدان لەسەر "برایەتیی ئیسلامیی" پاریەداربووە لەنێوان تورك و کورددا، وێڕای نایدۆلۆجیای پارتەکە سەبارەت بە "بیرکردنەوەی نوێ بەرامبەر بە رۆشنبیریی فرە ئیتنیی"، سينر اكتورك" أنظمة العرق : تحليل مقارن لألمانيا والأتحاد السوفيتي / روسيا مابعد الأتحاد السوفيتي وتوركيا " ورلدبولتكس ٦٣، العدد ١ (٢٠١١) ،١٥١.

٣٩) بيرليكى، إمكانية تطبيق النموذج التركي على المغرب ، ١٠٠.

٤٠) هەمان سەرچاوە .

٤١) مركز دراسة الإسلام والديمقراطية (مداد)، محاضرة الأستاذ راشد الغلوشي حول العلمانية " ٢ مارس ٢٠١٢.

<http//www.esidonlineorg/arabic/index

٤٢) ناثان براون ، عنما لايكون النصر إختيارا: الحركات الإسلامية في السياسة العربية (أيثاكا، نيورك: مطبعة جامعة كورتيل ، ٢٠١٢)، ٣٤.

٤٣) النهضة تاخذ تركيا كنموذج للديمقراطية" حريات ديلي نيوز، اكتوبر٢٠١١